تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

کەلیموڵڵا تەوەحودی

کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێرانی

عەدنان بەرزنجی

کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان

بەرگی چوارەم

کەلیموڵڵا تەوەحودی

وەرگێڕ: عەدنان بەرزنجی

سلێمانی ۲۰۰۹

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٥٢٩)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

پێشکەش بە:

هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز. (وەرگێڕ)

ناوەرۆک

پێشەکی وەرگێڕ ١٣
پێشەکی نووسەری کتێب ١٥
کۆبوونەوەی دووەمی دادگا، سێشەمە ١٣ی جیمادی ئەوەڵ ١٧
کۆبوونەوەی سێهەمی دادگایی (٥شەممە ١٥ی جیمادیولئەوەڵ) ٢٣
چوارشەممەی٢١ی جیمادیولئەوەلی، کۆبوونەوەی٥ ٣٠
نۆینەرانی پارلەمانی نەتەوەیی سەبارەت بەحوکمی دادی ئەسیرەکانی با چیانلوو
نارەزاییان دەربڕی ٣٠
وتووێژەکانی سێ شەممە١٩ی جیمادیەسانی لە نیوان ١٣٢٥ نوێنەر لە پارلەماندا ٣٠
گوزارشتی لوتفعەلی خان لە شێوەی کاری یەکەمین دادگای مێژووی ئێرانەوە
سەبارەت بە ئەسیرانی باشکانلوو ٣٦
جوانترین ڕاپۆرت سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشکانلوو ٣٧
بیروڕای یەکەمین دادگای ئێران ٤٠
ڕاپۆتی وەزارەتی داد سەبارەت بە ئەسیرانی قووچان ٤٢
ڕەنگدانەوەی غەدرەکانی ئاسەفوددەولە و ئەسیرکردنی کچە کوردەکان لە وەزارەتی
دەرەوەی بەریتانیا ٤٦
بەند کردنی شوجاعوددەولە لە تاران ٤٨
شوجاعوددەولە و جەشنی نەورۆزی ١٣٢٥ کاتێ کە بۆ تاران دوورخرابووەوە ٥١
سەفەر، سەرگەردانی، سەیر، سەختی کار، سستی لەش، سکووت و بێ دەنگی ٥٣
پێوەندی و گیروکێشەی شوجاعوددەولە لەگەڵ ئەمینوززەرب و ڕەیسوتوججاردا ٦٤
شوجاعوددەولە و لوتف عەلی خان سێزدەبەدەر لە تارانن ٧٤
بێبایەخی کاروباری شوجاعوددەولە ٨٢
هاتنی هوزەبردیوان و مودیردیوان قووچانی بۆ تاران و حەکایەتی ئاغاعەلی ٨٣
پیرەمێردێک قووچانی کە مەنێک ڕۆنی خوارد و ئەو کوردە سەرحەدیە کە ئاگری خوارد ٨٩

ئەنجومەنی یەکیەتی خوراسانیەکانی تاران ٩٠
ناو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شوجاعوددەولە بۆ تاران دوور خرابوونەوە. ٢٥- ١٣٢٣ مانگی ٩٢
لێکۆڵینەوە لەسەر شکاتی دووبارەی کوردەکانی باشکانلوو لە پارلەمانی نەتەوایەتی ٩٤
یەکەمین پارێزگاری دادگوستەری ئێران بۆ دیلەکانی کورمانج باشکانلوو ١٠٢
بیرەوەری چەندکەسێک لەو دیلانە: ١٠٥
بیرەوەریەکانی ژنە دیلیە کرمانجێ ١٠٥
چالاکی ڕێکخراوەی جاسووسی ڕووس لە قووچان ١٠٩
شکایەتی خەڵکی قووچان لەکوڕەکەی ڕوکنوددەولە لە لای سوورئیسرافیلەوە ١١٤
شکایەتی خەڵکی سەبزەوار لە براکانی ڕوکنود دەولەی والی خوراسان ١١٥
باردۆخی کۆمەڵایەتی شیروان لەسەرەتای مەشرووتەدا ١١٧
فەرمانی ناسرەدین شا سەبارەت بە مووچەی غوڵامحوسەین خان دەرەگەزی ١١٩
فەرمانی موزەفەرەدین شا سەبارەت بە حێشمەتوڵلا خانی کوڕی مەنسوورولمەلیک دەرەگەزی ١٢٠
کاریگەری تریاک لەسەر دەسەڵاتدارانی قووچان و دەرەگەز ١٢٤
بەڵگەو ئەو حوکمانەی کە لە بارەی دەسەڵاتدارەکان و خەڵکی کەلاتی نادریەوە لە دەستدایە ١٢٦
فەرمانی بەخشینی پلەی خانی لە لایەنی ناسرەدین شاوە بۆ بێهبوودخان جەلایری حاکمی کەلات ١٢٧
ڕێز گرتن لەسەرتیپ بێهبوود خانی جەلایر دەسەڵاتداری کەلات، لە لایەن ڕوکنوددەولەوە ١٢٨
ڕیزی ناوی سوارەکانی کەلات کە سانیان داوە ١٣١
تیرەی کۆسانلووی کوردی ناوکەلات ١٣٢
دەرەوەی کەلات: ١٣٣
کوردەکانی سینانی: ١٣٤
بەڵگەکانی خەڵکی بجنوورد و بارودۆخی بجنوورد لە ڕۆژنامەکانی هەوەڵی مەشرووتە ١٣٥
نامەی موحەممەد عەلی شای دەرکراو لەبارەی شوجاعوددەولەی زەعفەرانلوو ١٣٧
لە سێر بارکێلیەوە بو سێرئێدوارد گێری ١٣٩
ڕیزی مالیەی قووچان ١٤٠

حوکمێک لە لایەن شوجاعوددەولەوە بۆ موحەممەد ئیبراهیم حاکمی سەرحەدداتی
قووچان و شیروان ١٤١
بەڵگە کانی بلوک گردشی شوجاعوددەولە لە ناوچە سنوورییەکانی بیچرانلوو و
جریستان و قووشخانە ١٤٦
نامەی شوجاعوددەولە لە ناوچەی سنووری قووشخانەوە بۆ موحەممەد ئیبراهیم خان
حوکمی شیروان ١٤٧
حکوومەت و موحەممەد ئیبراهیم خان لە شیرواندا ١٥٢
وەلامی شکایەتی مامۆستایانی شیروان لەلایەن والی خوراسانەوە ١٥٦
دایرەی برووسکەچاندنی دەولەتی مەزنی ئێران ١٥٧
مانەوەی موحەممەد ئیبراهیم خان لە حکوومەتی شیروان ١٥٨
برووسکەی مامۆستایان و تاجرەکانی شیروان کە پشتیوانی تاج محەممەدخان بوون
بۆ وەزارەتی ناوخۆ ١٥٩
برووسکەی تاقمێ لەخەڵکی شیروان بۆ تاران ١٦٠
برووسکەی وەزیری ناوخۆ بۆ شوجاعوددەولە سەبارەت بە مانەوەی موحەممەد
ئیبراهیم خان لە حکوومەتی شیروان ١٦١
برووسکەی وەزیری ناوخۆ لە وەلامی خەڵکی شیروان و هاتنی قەواموسەڵتەنە بۆ
خوراسان ١٦٢
وەلامی وەزیری ناو خۆ بە شکایەتی ئیلخانی شادلوو ١٦٣
درووست کردنی یەکەمین نانەوایی لە قووچان بە فەرمانی شوجاعوددەولە لەبەر وشکە
سالی لە ١٣٣٦دا ١٦٤
ئەو برووسکانەی کە لە سەر بەسەرهاتی سنووری باجگیران گەیشتە دەستی سولتان بەگ ١٦٧
پشتگیری سولتان بەگ کەیکانلوو لەهەتیوان و بێ دەسەلاتان ١٦٧
٢٠ی حەمەل ژمارەی ٢٩١موزەففەر(مۆری وەرگرتن)برووسکەخانەی باجگیران ١٧٢
گرتنی شوجاعوددەولە بە دەستووری قەوامولسەڵتەنە ١٨١
ناکۆکییەکانی مالی نێوان شوجاعوددەولە لەگەڵ ڕەئیسوتوججار ١٨٥
حوکمی بەهادوردیوانی وەلیخانی قەهرەمانلوو لەلایەن والی خوراسان ١٨٨
بارودۆخی قووچان و خێڵی زەعفەرانلوو دوای شوجاعوددەولە ١٨٩
دەخالەتی ڕووسەکان لە ڕووداوەکانی باجگیران و کوشتاری ئەوان بەدەسی کوردەکان ١٩٣

شۆڕشی کۆمێنیستی خەدووسەرداری کرمانج ١٩٧
خەدووسەردار بناسین ٢٠١
خەدوو ئەبێت بەسەردار ٢٠٤
دەس پێ کردنی دەورانی سیاسی خەدوو ٢٠٧
سەردەمی شۆڕشی خەدوو سەردار ٢١٠
بەڵگە گەلێک سەبارەت بە خەدوو سەردارو بارودۆخی خوراسان ٢١٣
دوابەشی هەواڵە ناوخۆییەکان ٢١٦
وڵامی تلگرافی قەواموسەلتەنە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە بۆنەی کەلەبچەکردنی دزەکانی سنووری ٢١٩
بەربەرەکانێ وەلیخان قارەمانلوو لەگەڵ خەدوسەردار لە ئەسفەراین ٢٢٠
دزرانی پۆستی دەوڵەتی بەدەستی خەدوو ٢٢٢
بارودۆخی خەدوو سەردار لە دەوڵەتی ئێران لە کاتی شۆڕشی کومۆونیستی ٢٢٤
دەوڵەت گەیشتووەتە ئەوقەناعەتەی خەدووی سەردار سەرکوت بکات ٢٢٥
داکۆکی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی خەدو ٢٢٥
دامەزرانی هێزەهیندییە ئینگلیزیەکان لە ناوچەبی سنووری باجگیراندا ٢٢٦
تەلگەرافێک سەبارەت بەپەنابەرە تورکە ڕووسیەکان بۆ خوراسان لە ترسی کومۆنیستەکاندا ٢٢٧
تەلگەرافیک سەبارەت بەجیابوونەوەی وەلیخانی قەرامانلوو لە خەدوو لەمەشهەدەوە بۆ تاران: ١٢٩٩/٧/١٥ ٢٢٨
قەوام، خەدووی پەناداوە ٢٢٨
شەڕی خەدو دژ بە قەواموسەلتەنەو خانەخوراسانیەکان ٢٢٩
ئاکامی کاری خەدوو و لەسێدارەدرانی لە لایەن کولونێل موحەممەد تەقی خانی بیسیانەوە ٢٣٦
وتووێژ لەگەڵ خالەجەهان بی بی بیچرانلووی ٩٥ساڵان سەبارەت بەخەدوو ٢٤٠
وتووێژێک لەگەڵ خاتوو سێفرگوڵ تووپکانلوو سەبارەت بەسەردار خەدوو ٢٤٣
ماڵ و دارایی خەدووسەردار ٢٤٥
ماڵ و دارایی ئەڵلاوێردی برای خەدووخانی سەردار ٢٤٦
سیاهای چەکی نۆکەرەکانی ئەڵلاوێردی سەردار ٢٤٧

ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی ئوردووغان لە موحەممەد سادق بەیگ مونشی خەدوو سەردار لە لای موزەفەروسەڵتەنەوە ٢٤٨
وشکە سالی سالی ١٣٣٦ی کۆچی و بارودۆخی سەردەمی خەدوو لەبەڵگەنامەکانی بجنوورد دا ٢٤٩
ناو بانگ دەرکردنی خەدوو سەردار ٢٥١
دەنگدانەوەی شۆڕشی خەدوو لە گۆڤاری کوردی هاوکاری تورکیە ٢٥٢
بارودۆخی کوردانی قەراچلوو پاش مردنی نادرشای ئەفشار ٢٥٣
قەراچورلووەکانی خوارو وەرامین ٢٦٤
بەڵگەکانی سەبارەت بەجەجوو ٢٦٦
شەڕی جەجوو و ڕووسەکان لە عەلی ئاوای قووچاندا ٢٦٧
سۆراب فەرهادی تۆپکانلوو سەبارەت بە جەجوو چی دەڵێ: ٢٦٩
قەڵەم شێرەژنی سنووورداری کورد ٢٧٠
حاجی باوای پالەوان گورجی ٢٧١
پالەوان سەفی نازکچەکوردی خەبات کاری کوردی تورکیە ٢٧٤
نامە گەیشتووەکان پاش چاپی بەشی سێهەمی ئەم کتێبە ٢٨٠
بەسەرهاتی ئەمام ویردی: ٢٩١
داستانی مەرجان ٢٩١
کتێبی جوگرافیای مێژووی شیروان بۆچی چاپ کرا ٣٧١
هەڵەکانی بەڕێز موقیمی ٣٧٢
بەشی وێنەکان و دەستنووسەکان ٣٧٥

پێشەکی وەرگێڕ:

هەمیسان کۆچ، دەمکۆچێنێ و بەرەو باکووری خوراسان دەمبات تا بەشێکیتر لە بەڵگەکانی کوردانی ئەو دەڤەرە بێنمەوە سەر زمانی کوردی. واتا ئەو زمانە هەژارەی کە بە پێچەوانەی بەربلاوی و پاراوییەوە کەوتووەتە بەر شالاوی نەهامەتی زلهێزەکانەوە و لە مێژووی سەرانسەر ماتەمینی کورددا وەک تاپۆیێکی ڕەش دیارە، هەر چەند زۆربەی کەسان لە ڕابردوودا هەوڵیان بەقەوەت بووە بۆ ڕزگاری زبانی کوردی، وەک: ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادری کۆیی، هەژار و... بەڵام نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام ئازاری زۆری داوین و ئێستا لە سایەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی باشوورەوە زبانەکەشمان لە ساڵی ٢٠٠٨ کە بە ساڵی زمانی زگماکی لە دنیادا ناسرا، کۆدی پێی درا و هەموان وەک زبانێکی زیندوو دەیناسن و هەمووومان گەشاینەوە.

خوێنەرانی ئازیز! پاش دەرچوونی بەرگی ١ و ٢ی «کۆچی مێژووی کورد بۆ خوراسان» بە چەند هۆوە بەرگەکانیتری کەوتە درەنگ و قەزا، کە بڕێکیان بریتی بوون لە:

١- کێشەی خۆم و سەرقاڵیم بە کارانێکیتر و کتێبانێکیترەوە کە دەرفەتێکی بۆ نەما بوو و ئەم کتێبەش زۆر بە حەجم بوو.

٢- وەرگێڕانی ئەم کتێبەم (بەرگی ٣ و ٤) وەکو ڕاهێنانێ دانا بۆ قوتابیەکانم لە بەشی کوردی زانستگای کوردستان و فێرگەی ڕاژە کە هەموان چاک دەزانن کاری قوتابی زۆر شپرزە و بەو بۆنەوە دووبارە لە سەرەتاوە بۆ دووەمین جار وەرمگێڕاوە کە هیوادارم ئێوەی خاون ڕا و ئەندێشە لێم ببوورن.

ئەم دوو بەرگە داگری زۆربەیەک بەڵگەیتری کوردەکانی خوراسانن لە سەردەمی قاجار و پالەویدا و هەروەها باسی سەفەرنامەی ئەو کەسانەی دەکات کە هاتوونەتە کوردستانی خوراسان و بیروڕای خۆیانیان سەبارەت بەو خەڵک و ئاو و

خاکە دەربڕیوە و هاوکات باسی بوومەلەرزەی قووچان و شەڕی کورد و تورکمان و ئاماژە بە پاڵەوانێتی تاقمێک لە کوردان وەک ئەڵلاوێردیخان، جەجووخان و... و ئاوڕدانەوە لە نامەی هەڤالانی نووسەر پاش چاپبوونی بەرگە پێشووکان کە تاقمێکیان بۆ خۆی بەڵگەیەگی گەورەیە لە ناساندنی فەرهەنگ و مێژووی ئەو دەڤەرە.

هیوادارم بتوانم لە کەمترین کاتدا بەرگەکانیتری ئەم کتێبە وەربگێڕمەوە سەر زبانی کوردی.

لە ئاکامدا لە هەمووی ئەو دۆستانەی یارمەتیان داوم بۆ چاپی ئەم کتێبە سپاس دەکەم کە بریتین لە: ڕەزا ئەسەدی، بێهزاد بەنەفشی، لەتیفە ئەحمەدی، ڕۆژیار مستەفاپوور، ئەدیبە مەهدەوی، سوەیلا ڕۆستەمی، سەباح سەلیمی، عێسمەت خەڵوەتی، خالید گەوێلی، چنوور ئینتزاری، ئەفراسیاب ئیبراهیمی، بێهناز بەنەفشی، ئیقباڵ فەتحی، مەعرووف موحەممەدی، عەلی ڕەسوولی، شەریفە سەلیمی. و هەروەها کاک ئاری عەبدی کە ئەرکی ڕازاندنەوەی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ بوو.

هیوام سەرکەوتنی هەر مرۆڤێکی تێکۆشەرە

بە سپاسەوە

عەدنان بەرزنجی - پاییزی ۲۰۰۸ سنە
Adnansanandaj@yahoo.com

پێشەکی «نووسەر»

به نام خداوند جان آفرین
حکیم سخن بر زبان آفرین

بە یارمەتی خوای دلۆڤان و هاریکاری هەڤالانێک کە تامەزرۆی سەروەری ئێرانن و زۆر وێنە و بەڵگە و نووسراوەیان بۆ ناردم. نووسەران و بلاڤۆگەکان هانیان دام تا بەرگی چوارەمی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان بێتە بازاڕ. سەبارەت بە بەڵگە و وێنە و... باس ناکەم چون سوور دەزانم خەڵکی ئەمەگناسی کورد خۆیان پێداویستەکانم بۆ دەنێرن. خوا ئەزانێ بۆ وەدەست هێنانی بەڵگەکان چەندە شار بە شار و دێ بە دێ گەڕاوم، ئاخۆ چەندین بەڵگەش ون بووبێ.

بەڵام سەد مخابن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی وتەی خۆیان هیچ یارمەتییێکم نادەن بۆ نووسین و بڵاو کردنەوە، هەر ڕۆژە نرخی کاغەز و چاپ و ڕازاندنەوە دەڕواتە سەرەوە و نرخی کتێبەکانیش هەر بەرەو ژوور دەڕوا و خوێنەری منیش لە هەژاران و نەدارانن و توانایی کڕینی کتێبیان بۆ نامێنێتەوە، دەوڵەمەندانیش هاتوو کتێبێکیان کڕی، تەنیا لە سەر تاقەکان یان لە کتێبخانەکانیان دایدەنێن و نایخوێننەوە و دەبێ زۆربەی کات چاوەڕێی پارەی کتێبەکانم بمێنم. ئێوە ئێستا پێم دەڵێن کاتێ ئەمە دەزانی بۆچی کاری وا دەکەی؟ شاریار وتەنی:

آمدي جانم به قوربانت ولي حالا چرا بي‌وفا،
حالا كه من افتاده‌ام از پا چرا؟

باوکی مەجنوون پیاوێکی ژیر بوو، دەستی کوڕەکەی گرت و بردی بۆ ماڵی خودا تاکوو لەیلی لە بیر بباتەوە و مەجنوون هاتە گوفتارا و گوتی:

چو بشنید این سخن مجنون فغان کرد به زاري
سر به سوي آسمان كرد
خدايا توبه كردم توبه اولي زهر
چيزي به غير از عشق ليلي

وایە ئەگەر دووری لە دێوانەیی، عەقڵ دەهێنێ، مەجنوون لە عەشق لەیلا و جەعفەر قولی لە عەشق ملواری تۆبەیان دەکرد.

بەم بۆنەوە لە یاران تکاکارم داوا لە من نەکەن کە دێوانە نەبم. هەروەها تکاشم لە بەرپرسانی دایرەی گشتی ئیرشاد ئەوەیە بە نەرمی لەگەڵمان تا بکەن و لێمان توورە نەبن. ئێمە جگە لە بەدبەختی و هەژاری چی ترمان نەبینیوە. ئێمە بە دوای پارەوە نین، بەڵام حەز دەکەین کتێبەکانمان زوو بفرۆشرێت تا بەرهەمی تازەمان بێتە بازاڕەوە. لە ئاکامدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم لە بەڕێز جەوادی مەنسووری و سەفایی لە لیتووگرافی ڕەزای مەشهەد، جەلال واقفی لە چاپخانە (مودیری چاپخانە) و براکانی و هەروەها خێزانەکەی خۆم و منداڵەکانم کە ئازاری زۆریان کێشاوە، ئەوپەڕی پێزانین و سپاسی خۆمیان ئاراستە بکەم؟

مەشهەد ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٧٢ هەتاوی

کەلیموڵڵا تەوەحودی (کانیماڵ)

ناونیشان: مەشهەد، کوی ئاووبەرق، شەقامی لالە، شەقامی ٣، پلاک ٤، تەوەحودی.

تێبینی: بەرگی پێنجەم کە باسی شۆڕشی موحەممەد تەقی‌خان پسیان و ئاکامی کاری ئەو بە دەستی کوردانی خوراسان هاوڕێ وێنە و بەڵگەی باوەڕپێکراوی بڵاو نەکراوە لە بەر دەست دایە و بەم زوانە دێتە بازاڕ.

کۆبوونەوەی دووەمی دادگا، سێشەمە ١٣ی جیمادی ئەوەڵ

وەزیر: قووچانیەکان ئامادە بکەن.

عەلی بەیگ و یووسف بەیگ هاتنە ناوەوەو دانیشتن.

وەزیر: بڕیار وا بوو ئاسەفوددەولەش زانیارییەکانی خۆی بخاتە ڕوو کە ئەمەخۆی بۆ ڕزگاربوونی ئەو پێویستە.

ئاسەف: شتێکی وام نەنووسیوە و ناشزانم، چون بەرپرس لە تارانەوە ڕۆیشتووە.

میرزا مەحمووی کتێب فرۆش: وادیارە حەقیقەت شتێکی دیکەیە.

وەزیر: ئێمە پێنج شەممە گوتمان ئاسەفوددەولە و سالار لەسەرەتای زانیاریانەوە بەهۆی هەرکارێکەوەکە کردوویانە چ بۆ وەزارەتی ناوەخۆ وچ بۆ وەزارەتی دەرەوە و چ بۆ حکوومەتی قووچان و بجنوورد و... دەبێ بەڵگەیان پێ ببێ.

ئاسەف: هەمووی لێکۆڵینەوەکان لە کابینەدا نووسراوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کەبەرپرس ڕاستەوخۆ لە تارانەوەهاتووە، ئیتر نازانم چ کارێکیان بەسەری منەوەیە.

وەزیر: وەزارەتی داد ئەبێ ئەم باسانەی تۆ بژنەوێت و بیخوێنێتەوە.

پرسیاری وەزیری داد: لەبەڕێزی ئەمیرتان داواکارین کەسەبارەت بە ئەسیرەکانی قووچان هەرچێ دەزانن بۆمانی ڕوون بکەنەوە وتکایە لە ناو ئەم بەرگەدا هەمووی بنووسن.

ئەمیر: هەروەک بە شەفایی لە خزمەت حاجی غولام حوسەینی ئەستەر ئاواییدا پێتانم ڕاگەیاند، ئەسیرەکانی قووچان بە دەستی سالار موفەخخەمەوە گیریان کردووە.

هەمیسان بزمار و کەوشیان لە لایەن سالارەوە برد بۆ دەوەچییەکان و چەند ڕۆژە داوای دەکەن تا ئیزنیان پێی بدرێ خۆیان بگەیەننە قووچان، تورکمانەکان بەپێی یاسای خۆیان ئیزن نادەن سوارکارێک لە ناویانەوە بڕوات، عەشایرەکانی ژوورو دەوەچییەکان لە ئیلخانی ئیزنیان وەرگرتووە، دەوەچییەکان دووسەدسوارن و تەنانەت لە گوندەکانی نزیکی بجنووردیشدا نەهار دەخۆن تاڕادەیەک ٧٠٠ سوارە

پێکەوە دەچن بۆ «ئەلئەمان»[1]، پاش گەڕانەوەیان هەرکامەیان بە ئەندازەی خۆی ئامێرو ماڵ و کەرستەی دزدی دەباتەوە و پاشان ئەسیرەکان بەیەکتر دەفرۆشنەوە و ئێستا ٢٢ کەسیان لە چەمپووری دەوەچی دایە، ئەسیرەکانیش هەرکامەیان چەندمنداڵیان لە تورکمانەکان هەیە و ئەوان بەم ڕاحەتیە لە دەستیان نادەن و بانیی ئەم کارەش سالار موفەخخەمە و ئیلخانیش یاریدەدەری دەکات ئەگەر ئیلخانی ڕەزای لەسەر ئەم کارە نەبێ دەوەچی ناتوانێ کاری وابکات.

یەکێ لە قووچانیەکان: ئەی خودا، ئەی موسڵمانەکان، ئەمە چ بارودۆخێکە، کچەکەمیان بەدیلی بردووە و ئێستا وا لە دەستی موراد مورگانی خەرتووتییەوە[2]، کەرایەتی ئەم سالارە ناپیاوەیە کە دەڵێ من تاوانبار نیم

سالار: ئەم پیاوەی کە ئەو دەڵێ گۆگانیە.

لێرەدا ئەو نامەی کە ئەمیر ئەعزەم لە مەفاخێرئەلمولکی وەرگرتووە بەم شێوەیە:

لە بەرواری ٢٥ی سەفەری١٣٢٥، بڕیارنامەی دەوڵەتی دەرکراو بڕیار وابوو ئەمیر ئەعزەمی والی ئەستەرئاباد هەمووی دیلیەکان ئازاد بکات.

ئەمیرئەعزم: بڕیار بێ هەموویان ئازاد بکرێن و ئەگەر کاری وام نەکردخوێنم حەڵاڵ بێت ئامادەی کوشتنم. «عەلی موحەممەد کوڕی ئاقاخان کەتوول».

پاش خوێندنەوەی ئەم بڕیارنامەیە، بڕیارنامەکەی سالار[3] خوێندرایەوە کە بەشێکی بەم شێوەیە:

١- دزی

٢- خەرتووت لەگوندە تورکمەنیەکانی با کووری ڕۆژ ئاوای بجنۆردە، نووسەر ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٧٠ی کۆچی هەتاوی سەردانێکی ئەوێ کردووە و بەدڵ بۆ ئەوکارەساتە دڵتەزێنەگریاوە. وای ئەو شوێنە چ شوێنێکی ترسناک و سەیر بوو، پیاوی ئاسایی ناتوانێ لە ناو هەموودارو دەوەری ئەوە سەر دەربهێنێ بەح بکات بەوەی کە ئەسیرێک لەوێوە بیەوێ دەرچێ.

٣- مەفاخێرئەلمولک بەهاوکاری ئەمیر سەعدۆلاخانی ئیلخانیەوە هاندەری تورکمانەکان بوون بڕوانە بۆ ڕاپۆرتی بالاوێز خانەئینگلیز لە ئێران، ڕەشت لە٢٨ی مارسی ١٩٠٨کتێبی موخابەراتی ئەستەرئاباد ب١ل٢٧

«دوو قسەم هەیە، ١- خاکی بجنوورد وەک رووسیە، قەڵای وای نیە و هەروەها چل فرسەخ لە خاکەکەشی دەور نەدراوەتەوە، بجنووردییەکان هەر ٦٠٠ سوارەن کە ٢٠٠سوارەیان هەمووکات سەربازن، بەهێرشی تورکمانەکانەوە ٢٠٠کەس چی پێ دەکرێ. دەبێ دەوڵەت بەرگیری لەم کارەبکات.

دووەمن: دەسەڵاتدارانی ئەستەرئاباد بۆ خەرجی سەربازەکانیان هەموو ساڵێ پارەیێکی زۆر لە عەشایرەکان وەردەگرن لە ترسی ئەوەی نەوەک یاغی بن، دەی ئەم دەوەچیانە کە یاخی بوون بۆ هیچیان پێی ناگوترێ؟ و دەبێ هەمیسان هەر ئێمە ببینە تاوانبار!؟

وەزیر: حاکمی ئەستەرئاباد بەرپرسی ئەم کارەیە، لەبەر ئەوەی تورکمەنەکان رەعیەتی ئەستەر ئاوان.

تەقی‌زادە: بە بڕوای من مەفاخیرولمولک تاوانبارترە لەبەر ئەوەی ئیل بەبێ ئیزنی ئەو هیچ کارێ ناکەن.

وەزیر: چلۆن دەکرێ ٧٠٠سوار لە شوێنێکەوە بەڕێ کەون و حاکم ئاگای لێی نەبێ، وابیربکەینەوە کاتی چوونی ئەوان پێیانی نەزانیبێ، بەڵام کاتی گەڕانەوەیان پێیانی زانیوە.

دەبوایە بە هێزی سەربازییەوە بەرنگاریان ببوایاتەوە و لانی کەم ١٠-٢٠ ئەسیری لێیان وەربگردبایاتەوە.

هەموویان تاوانبارن چ حاکمی بجنوورد و چ حاکمی ئەستەر ئاباد و چ ئیلخانیش.

وڵامی خالی /٥٢لەمەشهەدەوە بۆ بجنوورد. وڵامی بەڕێز حاجی میرزا حەسن: وشەی باشکانلوو دروستە، بۆ تاران و بجنوورد، تەلگرافم ناردووە بەو ناوەڕۆکەوە کە دەبێ ئەسیرەکان ئازاد بکرێن، هەروەها لە لایەن دەسەڵاتیشەوە حوکمی لەسەر دراوە و پێویستە ئێوە خۆتانیش بێن بۆ تاران کە گوتووتانە: بە پێچەوانەی تورکمان بوونیەوە لاینگری لە شادلوو کردووە و هەمووی وتەی قوچانیەکانم گەیاندەوەتاران.

«ئاسەفوددەوڵە».

لەم تەلگرافەدا ئاسەفوددەولە، فەرمانی داوە تا لـە دەسـتی سـالارەوە شـکایەت بکرێ.

ولامی ئاسەفوددەولـە بـۆ ڕایـەت و ژێردەسـت و فەرمانبـەردارەکانی قووچـان: «ولامی خالّی ژمارە/٣/لەمەشهەدەوە بۆ سەوزەوار: ولامی ڕایەتـەکانی باشـکانلوو بـە تەلگراف گەیشتە ئێـوە ئینتـزام دیوان ڕامیاریـەکانی خـۆی ڕووی کـردەوە. سـالار ورەشیدنزام بوونە بەرپرسی ئازاد کردنی ئەسیرەکان.

لەو لاشەوە دەسەلاتداری ئەستەر ئاباد بڕیاری داوە تورکمانە دزەکان بگەیەنێتـە تاوانیان.

«ئەسەفوددەولە ٢٧ی ڕەبیعولئەوەلی ١٣٢٤»

عەینوددەولە لەولامی خەلکی قووچاندا:

ولامی خالّ /٦ لە تارانەوە بۆ بجنوورد

عەشـیرەتی باشـکانلۆیی گوتوویانـە ماوەیـەک لـە بجنـوورد بوەسـتن سـالار موفەخخەم و ڕەشیدنزام ئامادە بکەن تا دەی ئەم مانگە بەڕێ بکەون بە هۆی ئەوەی حکوومەتی گووگلان بەشێکە لە خاکی ئەستەرئاباد، کە چی ئـەوان وەسـتاونەتەوە و بیستوومە دەبێ ڕەشیدنزام مالّ و کەلوپەلی ئێوە لە سالار وەربگرێتـەوە و لـە کاتـێ خۆیدا ئەسیرەکانیش ئازادبکات.

«سولّتان عەبدولمەجید ٢٢ی ڕەبیعولئەوەلی١٣٢٤»

وەزیر بە سالار دەلێ: سەبارەت بەم تەلگرافانە چیت کردووە؟

سالار کاتی ئەنجام دانی کـار،تـەلگرافێکم بـۆ هـات لـەنێوانیـدا نووسـرابوو کـە حکوومەتی گۆگلانت لێـی وەرگیردرایـەوە و زوو حـوکم بـدە بـە دەسـتی سـەردار ئەفخەمی لاریجانیەوە. بەسەد سوارەوە لەڕێ ناچارییەوە، منیش خێرا ڕۆیشتم، میرزا سەعدوللاخان بەهێزێکەوە هات و بەرنگاری من بووە. و ٢٤کات ژمێر شـەڕمان کـرد و ١٠ سەربازم لێی کوژرا و پاشان پاشەکشێم کرد و هاتمە دواوە.

عەدلوسسەلّتەنە: بۆچی بە دەولّەت ڕاتاننەگەیاند.

سالار: ڕامگەیاند، وەلامیان دایەوە بیانووەکەت قەبووڵ ناکرێ و دەڵێن دەبێ هەربڕۆی

وەزیر بە قووچانیەکان دەڵێ: ئێوە دەزانن؟ ڕاست ئەڵێ؟

عەلی بەیگ: بەڵێ کاتێ کە ڕەشید نزامی ئاسەفوددەولە لە بجنووردا بوو دوای داواکاری زۆری ئێمە، چەند سواری برد و پاش چەند ڕۆژ خەوتن و گەڕایەوە.

یووسف: من لە تارانەوە ڕەشید نزامم کردە بەرپرس، خۆی گەیاندە تورکمانەکان و لەویەوە ڕووی کردە بجنوورد و پاشان ٢٠دیلی هێناوەتەوە.

وەکیلوتوججار: ئاماژە بە خالێک بکەم، کاتی بردنی ئەسیرەکان سالار بەرپرسی گۆگلان بووە.

ئاسەفوددەولە: وەک لەسەرەتاوە گوتم ئەسیرەکان لە ماڵی سەعدوللا خان و عەلیموحەممەد خانی کەتوولی دان.

یووسف: نە، وان لە نێو چادرەکاندا

سەید مێهدی: من ئەڵێم ئەگەر مەفاخێرولمۆلک نەبوایە و ئەوی نەویستابا هەزار سواریش نەیدەتوانی کاری وابکات.

تلگرافەکانی وەزارەتی دەرەوە خوێندرانەوە کە سەبارەت بە دوو ئیش بوو: ١- دەبێ تورکمەنەکان پیاوەکانیان ڕاسپێری سالار بکەن.

٢- مالیەی ئەو خەلکە کەم بکرێتەوە.

سالار: تورکمەنەکان ناتوونەتە لای من.

یووسف: من خۆم بە چاوی خۆم دیویانم کە هاتوونەتە لای تۆ واتە ئەو کاتەی کە ڕەشیدنزام لەوێ بوو.

سالار: کاتێ کەڕەشیدنزام هات و لەبەر ئەوەی خۆی لەئیلی یەمووتە دووکەسی لەگەلابوو، ڕەشید نزام و دوو یارەکەی لە ماڵی مندا بوون و هیچ پێوەندێیکی بە منەوە نیە.

پاشان وەلامی نامەکەی دایەوە.

وەلامی نامەکەی قووچانیەکان: سەبارەت بە باسی ئەسیرەکان کار کراوە و

دەبێ ئێوەماڵیەکانتان بدەن.

ئاسەفوددەولە: من ئەم ماڵیەیەم وەرنەگرتووە.

یووسف: بڵێ داروودەستەی ئاسەفوددەولە وەریان گرتووە.

وەزیر: گوێ ڕاگرن باسێکی نوێم هەیە.

دەڵێ بەقووچانیەکان: ئێوە لە تاران لە کوێ دەژین؟

قووچانیەکان: لەکاروانسەرایەکی نزیکی تۆپخانە.

وەزیر: لەکەیەوە لە تارانن.

قووچانیەکان: ساڵی پار لەمانگی جۆزەردانەوە.

وەزیر: خەرجتان کێ دەیدا.

قووچانیەکان: تا کاتێ کەعەینوددەولە جێگری پاشا بوو ئەوخەرجی دەدا. پاش ئەو کەس خەرجی پێی نەداوین، ملکێمان بوو، فرۆشتمان و ماوەیەکیشە هیچمان نییە و بەسەختی ڕایدەوێرین.

وەزیر: دەبێ سالار هەر ڕۆژە یەک تمەنتان پێی بدات تاکارەکە تەواو دەبێتەوە و دەبێ ئەم مانگە سی تمەن پێشتر بدات.

موتیعوسسەڵتەنە: دەبی ئەمڕۆ ئەو پارە لە سالار بستێیننەوە ئەسیرەکانیش بەم زوانە ئازار دەکرێن، ئاسەفوددەولەش دەبێ پارەتان پێی بدات، بەڵام جارێ لە سالاری وەربگرن.

تەقیزادە: هەمووی دنیا ئەمڕۆ چاوی لەم حوکمەوەیە.

کۆبوونەوەی سێهەمی دادگایی (ڤشەممە ١٥ی جیمادیولئەوەڵ)

حازر بوانی کۆبوونەوە هەر ئەوانەی پێشوون، تەنیا سەردار موفەخخەم و ئەمیر حوسەین خانی حاکمی قووچان کە کوڕی ئاسەفوددەولەیە و هەروەها شوجاعوددەولەی قووچانی (عەبدورڕەزاخان کە لە نەبوونی دا لە قووچان ئەم نەهامەتیە رووی دا) و موعێززوددەولە، ئەمیرولمەلیک، مودیر دیوانی (ئەفشارقووچانی،) هوژبەر دیوان قووچانی (لە شوێنێکی تردا سەبارەت بە هاتنی مودیر دیوان و هوژەبر بۆ تاران باس دەکەین).

وەزیر: سەرەتا لەسەردار موفەخخەم دەپرسین: ئێوە لە کاتی رووداوەکەدا لەکۆی بوون.

سەردار ئەفخەم: گورگان، لەوێ حاکم بووم.

وەزیر: سەبارەت بە ئەسیرانی قووچانی چی دەزانی؟

ئەفخەم:... ئەم نەهامەتیانە وا لە ژێر سەر دووکەسدا کە خۆشیان دەسەلاتدارن. لە کاتی فەرمانڕەوایی مندا، کە تورکمانەکان چەند کەسێکیان بەدیلی گرتبوو و ئەمن چووم لێیانم وەرگرتەوە و تاوانبارەکانیشم زەنجیر کرد.

وەزیر: ناوەرۆکی باس چیە، ئەم هەواڵەتان پێی گەیشت یان نە

ئەفخەم: بەڵێ پێم گەیشت، پاش گەڕانەوەی ئەکرەمولمەلێک لەو دزییە، مەحموود ئاغای بەرێ کرد بۆلای من کە ئەو ساڵە لە موراد تەپەدا نوورموحەممەد قوربانلوو خۆی گەیاندە دووجەردەی بە ناو بانگ واتا شێخی وساتلووق و هاورێ لەگەڵ شادلوودا چوون و قووچانیان کاول کردو ئەسیری زۆریان گرت.

وەزیر: ئێوە بۆ لێکۆڵینەوە چووبوون، بەرهەمی کارەکەتان چی بوو.

ئەفخەم: کاتێ لەم کارەدا خۆمم تێکەڵ کرد تاقمێک ئەم کارەمیان بە دوژمنایەتی دەزانی و تاقمێکیتر دەیانگوت هاو دەستی سالار موفەخخەمی بجنووردییە.

وەزیر: سوارەکان لە کام رێوە هاتنە قووچانەوە؟

ئەفخەم: لەسەمەرقانەوە (سمڵغان لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوایی بجنووردەوەیە).

وەزیر: لەوێوە تا قووچان نێوانی چەندە؟

ئەفخەم: سێ مەنزڵەتا سەمەرقان و لەوێشەوە تا قووچان سێ مەنزڵ.

وەزیر: نان و ئاو و ناڵ و مێخ (بۆ ئەسپەکان) کێ دەیدا.

ئەفخەم[4]: تاقمێک دەیانگوت سالار و بڕێکیتر دەیانگوت دوژمن.

وەزیر: چویتە شوێنی ئەسیرەکان؟

ئەفخەم: نا،

وەزیر: لە ڕووی لێکولینەوەی ئێوەوە، لە بجنووردەوە سوارەکان ڕۆیشتوون؟

ئەفخەم: بەڵێ ژمارەشیان دووسەدکەس بوو

وەزیر: نان و پێخۆریان لەکوێوە هێناوە؟

ئەفخەم: نازانم.

وەزیر: بەزۆر پێخۆر و کەل و پەلیان پێی داون یان خۆیان ویستوویانە؟

ئەفخەم: زۆرم نەبیستووە.

وەزیر: مەڕوماڵیشیان بردووە؟

ئەفخەم: نا کەل و پەلیان بردووە.

وەزیر: ئەوانەی کە دەیانگوت سالار تاوانبارە زۆرتر بوون یان ئەوانەی کە دەیانگوت سالار تاوانبارنیە.

ئەفخەم: ئەوانەی کە سالاریان بە تاوانباردەزانی.

وەزیر ڕوولە ئەمیر ئەعزەم دەکات: زانیارییەکانتان لەم بارەیەوە چیە؟ تورکمانەکان خۆیان چوون یان شادلووەکان بردیانیان؟

ئەمیر ئەعزەم: دەوەچییەکانی مەفاخێرولمەلێک چوون و لە خاکی بجنوورد پەڕینەوە.

٤- سەردار ئەفخەم لە لایەنگرانی موحەممەدعەلیشا بوو و کاتێ کە موحەممەد عەلیشا مەجلیسی بەر تۆپ دا، ناو براو حاکمی گیلان بوو. (بیرەوەرییەکانی سیاسی فەرۆخ، ا،٥٤)

وەزیر: شادلۆکانیش بوون یانە؟

ئەمیر ئەعزەم: لە خاکی ئەستەرئابادا نەبوون بەڵام لە نیوەی ڕێ دا پێیان گەیشتوون.

وەزیر: کاتێ کە تۆ بووی بە بەرپرس چیت کرد؟

ئەمیر ئەعزەم: من کەوتمە بیری ئەوەی تا بچمە نێوانی تورکمانەکانەوە، حاجی میراخوڕ، ئادەم سالار تەلگەرافی بۆی کرد کە ناوبراو دەیەوێ بڕواتە ڕێزی تورکمانەکانەوە، سالار وڵامی دایەوە، بە هەر جۆرێک دەبێ بیهێننە بجنووردەوە، بەڵام من حەزم نەکرد، چوومە ئەوێ حاجی موحەممەد دەوەچی بۆ ئەوەی تێ بگات من چیم دەوێ هاتە پێشەوە و زانی من کارم چیە و بەرپرسەکانی کۆ کردەوە دەورم و هەموویان گوتیان سالار ناردوویە و ئێمەی دەعوەت کردووە و گوتیان لەبەر ئەوەی ئاسەفوددەولە، شوجاعوددەولەی بێدەسەڵات کردووە، نەیاندەویست تەلافی بکەنەوە.

ناوی ئەم بەرپرسانە: مووساخان، شیرخان، باباخان، قولدوڕخان کە گوتیان بە ڕێنوێنی سالارەوە ئێمە چوین و دزیمان کرد، لەوێوە چوینە کوێ؟ عەشیرەتەکان لە ماڵی قلیچ کە خۆی مامۆستای عەشیرەتەکەیە. دووشەو ئیزنی نەدا وەرگەڕینەوە و ئەویش ڕێنوینی سالاری پەسند کرد و گوتی سوارەکە کەوتە ڕێ، چووە نزیکی مانە (گوندێکی بجنووردە) و نزیکی بانگی بەیانی هێرشیان کردە سەر عەشیرەتی باشقانلوو.

وەزیر: کویخا حەسەنیش لەوێ بوو؟

یووسف: بەڵێ.

هەمیسان ڕەشید نزام دەستی کرد بەقسە کردن:

من لە ماڵی ئەو مەلایە مامەوە (ماڵی قلیچ ئیشان[٥]) ساتەلەق شیخی هات و

٥- تورکمانەکان بە مەلاکانیان دەڵێن «ئیشان». گوندی قلیچئیشان لە باکووری کەلالەوەیە لە نێوان شیوی قووڵ لە سەر ڕێی مراوەتەپەوە. ئەمیرجان موحەممەدخان قاجاڕ لە تەنیشتی قلیچئیشاندا ئوردووی دا و تاقمێ ماڵی گڕ دا.

وتی ئێمە ئامادەین، ئەگەر سالار ١٥ هەزار تمەنی کە لێمان وەرگرتووە بیداتەوە تا ئەسیرەکان ببەین و لێرە ڕەدیان بکەین، دوو ئەسیریشیان بۆ من هێنا، من گوتم بردنی دوو ئەسیر کارێکی باش نیە، ئەبێ ئەسیرەکان بگەڕێنەوە، کوڕی حاجی موحەممەد کە هاوڕێم بوو منی هێنا نزدیکی چادرەکەی حاجی موحەممەد و لەوێوە خۆم چوومە بجنوورد.

ڕەشید نزام: لەگەڵ سالار دانیشتن، سەرەتا من گلەییم کرد کە بۆچی چویتە ناو تورکمانەکان، گوتم سەرەڕای ئەمانە، ئەوەی کە دەبێ بیزانم زانیوومە، هەر چەندە هەوڵی دا بە پێچەوانەی زانیارییەکانم کاربکەم و نەمکرد، ڕووداوەکەم بۆ پاشا و سەدرئەعزەم تەلگەراف کرد، سالار گوتی نیوەی من دەیدەم و نیوەشی قووچانیەکان بیدەن، لەتارانەوە وەڵام هاتەوە کەپێوەندی بە خەڵکی قووچانەوە نیە، لە سالاری وەربگرن، بەبێ هیچ باسێ دەبێ یەک ساعەتە لێ وەربگرنەوە.

وەزیر ڕووی کردە سالارموفەخخەم: ڕەخنەیەکت لەم باسانە چیە؟

سالار: بۆعەینوددەولە تەلگەرافێ بنێرن و دەزانن کە ئەم باسانە کە کرا لەگەڵ وتەکانی ئەودا جیاوازی دەبێ.

ڕەشید نزام: من بە زۆر سالارم حازر کرد تا پارەیەک بدا بە شازادە عەینوددەولە (سەرۆک وەزیری ئەوکاتە) بەڵام شازادە ئەم داخوازییەی ڕەدکردەوە وگوتی دەبێ ئەسیرەکان بدرێنەوە.

«سێ شەممە کۆ بوونەوەی چوارەم ٢٠ی جیمادیولئەوەڵ»

وەزیر ڕووی کرد لە هوژەبردیوان: ئێوە ناوتان چیە؟

هوژەبر: حوسەین، نازناوی هوژەبر دیوان.

وەزیر: خەڵکی کوێی؟

هوژەبر: قووچانیم.

وەزیر: سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشاقانلوو چ زانیارێکت هەیە.

هوژەبر: من هاوڕێ مودیری دیوان بۆ وەرگرتنیماڵیە چوومە شیروان لەوێوە تا

ئووبەی باشکانلوو[٦] ١٢ فرسەخ ڕێگایە. پاش ٣ ڕۆژ دوای دزییەکە، چەند کەس، کوژراوەیەکی خۆیانیان هێنا و لەیەکێ لە گوندەکانی خۆیان لە ئیمام زاد دا کفن و دفنیان کرد، لەبەر ئەوەی نوێنەرەکەیان لە لای ئێمەوە بوو، کەسێک هات تا بە ئەو بڵێ گوتم پرسیاری لێ بکەن کە ئایا شۆڕشگێڕەکان لە تورکمانەکان بوون یان نە؟ پیاوانی ئێمە چووبوون و سێ کەس لە سوارەکان کوژرا بوون و سەری یەکیانیان بڕیبوو و ڕەوانەی قووچانیان کردبوو، ئیزنیان بەدوو کەسیان نەدابوو. لە کەریمخانیان پرسیبوو، گوتبووی وادیارە چل کەس شادلوو هاوڕێ کوێخا حەسەن لە گەڵیاندا بوون، شەوانە هێرشیان هێناوە و دزیەکەیان کردووە و دەرباز بوون. دوو ژن خۆیانیان نەجات دابوو و لە دەستی تورکمانەکان دەرچووبوون. مەلایەک هاوڕێ فەرەجوڵلا ئەو دووژنەیان کەلەبچەکردو دایانەوە دەستی تورکمانەکانەوە و ئەمەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە نێوانی زافەرانلوو و شادلووکاندا هەموو کاتێ دووژمنایەتی هەبووە.

ئەمە لێکۆلینەوەگەلێکە کە کەریم خان گوتوویە[٧].

وەکیلوتوجار: کوێخاحەسەن دەناسن؟

هوژەبر: بەلێ سەمەلقانیە.

وەکیل: سملقان لەکوێوەیە.

هوژەبر: لەئاشخانەدایە.

وەزیر: کوێخاحەسەن دوژمنتانە.

هوژەبر: بە شێوەی عەشیرەیی دوژمنی یەکن. ئەوەش لەسەردەمی ئەمیر حوسەین خانی شوجاعوودەولەوە هەربەردەوامە.

ئاغای سەیید مەهدی ڕووی کرد لە کوێخاعەلی: ئێوەش لەو دووکەسەی کە

٦- «ئووبە»یانێ گوند، ئاوایی و بەشوێنێک دەگوترێ کە چادری عەشایری کوردی تێیدا هەلدرابێ کە تورکمانەکان پێی دەلێن «یوورت».

٧- کەریم خان ڕەشوانلوو حاکمی قۆشنی لێ بوو کە یەکەمین کوردێکە کەوتە شوێنی ئەم زلمە تورکمانەکان دەسگیر بکات.

دەرباز بوون و لە لایەن ئەو مەلاوە دووبارەگیراون خەبەرتان هەیە؟

کوێخاعەلی: بەڵێ، ئەو دووژنە لە لاڕێکەوە خۆیانیان دزیەوە و مەلاو فەرەجولـلا گوتوویانـە لـە سـالار دەترسـین و دەبـێ بیاندەینـەوە، بـە پێچەوانـەی ئـەوان ئەسغەروەکێلی موورگان حەزی نەکردووە بەم کارەیان و بۆیـە ئیـزنی چوونیـان بـە ئەویش نەداوە.

میرزا مەحموود: هەمیسان لە ڕەشید نزام بپرسنەوە

وەزیر: دەتانەوێ چی لێ بپرسن؟

میرزا مەحموود: دووباس. سەرەتا دەبێ سالار ٥هەزار و پاشان ١٠ هـەزار ڕیاڵ بدات، دووهەم_ سالار گوتی دووتورکمان هـاوڕێ ڕەشـیدنزام هاتنـە ماڵـی منـەوە، پرسیم بۆچی ڕەشید نزام هێناویانی؟

سالار موفەخخەم: تەلگرافی ڕەشیدنیزام کە ئەو ڕۆژەی عەرزتانم کرد هێناومە.

تەلگەرافەکە دەخوێندرێتەوە:

«لە بجنووردەوە بۆ تاران. لە لایەن وەزیـر بـەڕێز نـزام سـەرداری کوللـەوە[٨] بـۆ خزمەتی والائەتابەک ئەعزەم، ئەوا من بۆ خۆم جارێکیـان لـە شـاهڕوودەوە چوومـە یەمووت، خودی یەمووتیەکان دەیانگوت ئێمە خۆمان ١٥٠ کـەس سـوار بـووین، لـە گووگلانەوە بەرەو خاکی ڕووسیە و خاکی شـادیلوو کـە ناسـراوە بـە گوڵـی داغـی و بوتری، چووین لەقەڵاکانی قووشخانە پەڕینەوەوە و ناوچـەی زەعفـەرانلوومان بـەجێ هێشت و ناوچەکانی ئەمیرئاوا وخەنجەر قەڵا، قازی،شاتەپە، ئـەزخان، باکـل شـێخی سـەروو قـەڵای چـەنکار ڕەشماڵـەکانمان ڕووت کـردەوە و چـل و دوو ئەسـیرمان وەدەست هانی، جگە لە ئەسیرگرتن شتێکی ترمان نەدزیوە.

قوربان! من خۆم لەو شوێنەوە ڕۆیشتم و چاوم بە سالاریش کەوت هەرچێ پێی دەڵێ لە ولامدا دەڵێ من نۆکـەری تـۆم و دەڵـێ هـەموو شـتێکم لـە خزمەتدایـە، ئەمڕۆکە ٢١ی مانگە، خاوەن ئەسیرەکان لە ماڵی ئێمەدا کۆ بوونەتەوە و سـەرۆکیش تەلگەرافێکی ناردووە، کە تەنیا ٤٢کەس ئەسیر کراون و هاوکات دەبـێ ١٠٠٠تمـەن

٨- خەزوورەی سالار موفەخخەمی بجنۆردی بوو.

لە شادیلوو و ١٠٠٠تمەنیش لـە زافـەرانلووەکان وەربگـیردرێ و بـدرێ بـە خـاوەن ئەسیرەکان، تا بچن ئەسیرەکانیان بکڕنەوە ئەم باسەشـم بـە ئاسەفوددەولـەی والی خوراسـان ڕاگەیانـدووە و وڵامێکـی نەداوەتـەوە و ئێـستا ئێـوە چـی دەفـەرمۆن تـا وابکەین...

ڕەشید نزام سێ شەممە ٢٠ی جیمادی ئەوەڵ.

وەزیر: ئەم تەلگرافە هەرچەندە لە مەڕ واتاکانی ڕەشید نزامدا نیە، بـەڵام لەگـەڵ وتەکانی سالاریش دا ناخوێنێ و بە مانای ڕزگار بوونی سالارنیە.

کوێخا یووسف: باشە سالار دەڵێ ئێمەیان تاڵان نەکردووە، ئەو کاتە تـۆ لـەکوێ بووی، تابزانی دزراوە یان نە.

سالار: ڕەشید نزام لە خۆیـانی بیـستووە و بـۆ مـن تەلگـەرافی لێـی داوە و بـە منیشی گوتووە و چون منیش نزیـک بـووم، خـۆم لەخەڵـکم بیـستووە کـە دزیـان نەکردووە.

وەزیر: ڕەشید نزام! بیرووڕات سەبارەت بەم تەلگەرافە چیە؟

ڕەشید نزام: خوادەزانێ من هیچم بۆ گوتن نییە... من کە خۆم تورکمانم بـەڵام تەلگرافی وام نەکردووە، بە ناو منەوە تەواوی دەکەن.

ئەمیر ئەعزەم: هەموان دەزانن کە عەینوددەولـە کەسـێک نـەبووە بـە خۆیـەوە حوکم بدات.

پاشان چەند پرسیارێک ئاراستەی سالار موفەخخـەم دەکـرێ ئـەویش وڵامیـان ناداتەوە و زیرەکانە لە ژێـری دەردەچـێ. پاشـان دەبـیری تایبـەت چەنـد ڕاپـۆرت دەخوێنێتـەوە کـە هـەمووی تیـشک دەخاتـە سـەر ئـەوەی کـە سـالار بـۆ خـۆی تورکمانەکانی بۆ ڕووتەوە کردنی زافەرانلووەکان دەعوەت کردووە و یارمـەتیانی داوە و وتراوە کە تاسالار نەبرێتە تاران و جورم نەکرێ. ئەسیرەکان نادرێنەوە.

«تەواو بوونی کۆ بوونەوە»

چوارشەممەی ٢١ی جیمادیولئەوەڵی، کۆبوونەوەی٥

لە وزارەتی داددا کۆ بوونەوەکە بەڕێوە چوو، سەبارەت بە ئەسیرەکانی قووچان لێدوانەکان گەیشتە ئاکام و بەرهەمی لێکۆڵینەوەکان لەچەند کۆ بوونەوەدا ڕوودەکرا و سالار بە تاونباردەرچوو، حوکم دراوە کە بەند بکرێ و هەر ئەو ڕۆژە کەلەبچە کرا، ڕۆژی دوایی کە دوو ژن لە ئەسیرەکان ڕزگارکران و ڕوون بووەوە کە خەڵکی بجنووردن و تەلگەراف کرا بۆ بنەماڵەکانیان.

کوڕێکی منداڵیشی کە ئەمیری ئەمیران هێنابووی ودابووی بە دەستی کوێخا عەلی و کوێخا یووسفەوە تا بیدەنەوە دەستی خاونی خۆیەوە.

نوێنەرانی پارلەمانی نەتەوەیی سەبارەت بە حوکمی دادی ئەسیرەکانی با چیانلوو نارەزاییان دەربڕی

پاش ماوەیێکی زۆر کە وەزارەتی ناوەخۆ و داد خۆیان بەدەستەوە نەدەدا تا ئاسەفوددەولە و سالار موفەخخەم شادلووی بجنوورد. دادگایی بکرێن پاشان بە هۆی هەوڵی زۆری میرزا حەسەنی شەبستەریەوە کە متمانەدارترین دڵخۆشی کوردان بوو، بۆ یەکەم جار لە ئێراندا دادگایی کردنی تاوانباران لە دادگا و جێ دادەکاندا کەوتە ڕێ، هەرچەندە لەبەر ئەوەی دەسەلاتداران پشتی یەکتریان خاڵی نەدەکرد و زۆرتر دادگاییێکی سووری بوو.

وەزیری دادیش دەبێ لێکۆڵینەوەکانی خۆی بخاتە بەردەستی پارلەمانتاران.

وتووێژەکانی سێ شەممە ١٩ی جیمادیە سانی لە نێوان ١٣٢٥ نوێنەر لە پارلەماندا

لە لایەن وەزارەتی دادەوە لایەحەی (ئی)سەبارەب بە قووچان و سالار موفەخخەم و ئەو کارانەی کە لە لایەن وەزارەتی دادەوە کرابوو خوێندرایەوە.

وەزیری داد (شازادەفەرمانفەرما): لەم بارەوە چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵ

خوێنەرەکاندا بووە و لێکۆڵینەوەی زۆریشمان کردووە و خودی وەزارەتی دادیش کاری زۆری لەسەر کردووە، بڕیارنامەیەک لەسەرتاوە لە لایەن جێ دادەوە درایە کومیسیۆنی تایبەت و لەوێشدا پەسند کراو کار بەم شێوە دەستی پێکرا و پاشان سالار کەلەبچەکرا و ناو براو، میرزا ئەحمەد خانی کرد بە وەکیلی خۆی تا لە مافی خوراوی بەرگری بکا. ئەم حوکمەم بردە ئەنجومەنی وەزیران و گوتم دەیخوێنمەوە و ئیزنی خوێندنەوەی درا و گوتیان دەبێ دووبارە ئاوڕی لەسەر بدرێتەوە و حوکمی چاوەدێری دادگای دەبێ لەسەر بێ.

دەنگی کومیسیۆنی داد لە لایەن سەید موحەممەدتەقیەوە خوێندرایەوە و ئەمەش دەقەکەی:

وەزیری داد: تا ئێستە نەماندیوە لەسەر حوکمێک ئەوەندە بە وردی کار کرابێ ئێستا هەمووی تاوانبارەکان ڕەخنەیان لەسەر حوکم هەیە و تاقمێکیان بەڵگەیان پێیە.

ئاغا میرزا مەحموود: سپاس بۆ خوا، تاوانی سالار بۆ هەموان ڕوونە، هەموان چاویان بەم دادگاییەوەیە و هەروەها لە ئورووپایشەوە چاوەڕوانی بڕیاری ئاکامن، دەکرێ کەسێ کە ٦٢ئەسیری دابێ بە دەستی تورکمانەکانەوە و هێشتا تاونبارنەبێ؟

ئاغا سەید حەسەنی تەقی زادە (کە خۆی وەک یەکێ لە چاوە دێرەکان چاوی بەهەمووشتێکەوەبوو): من گلەییەکی زۆرم لەم حوکمە هەیە هەموومان بینیمان کە سالار تەنانەت خەڵکیشی کوشتووە و قووچانیەکانیشی داوەتە ئەسارەت؛ بەڵام عەینوددەولە بەتەلگراف و بە پارەی ۲۰هەزار تمەنیەوە دەیەوێ ڕزگاری بکات، هەربڕیارێک لەم وڵاتەدا بەپارە دروست دەبێ دەی ئەگەر بە پارە دروستی بکەم، ئورووپاییەکان چیمان پێی دەڵێن.

بە بڕوای من کوشتنی سالار واجبە، لانی کەم ئەسیرەکانیش وەرگەڕێنینەوە؛ بەڵام پاشان گوتیان نابێ. هەمووی جەماوەر کەوتنە لەرزین و تا ئەوەی کە ٥ ساڵ زیندانیان بۆی بڕیەوە و لەهەموو کارەئیداریکیش دوورخرایەوە؛ بەڵام پاش١٥ی جیمادی سانی ساڵی پار و دوابەدوای ڕاپەڕینی مەشرووتەوە تۆڵە کردنەوەش

گەیشتە ئاکام، لەم وڵاتەدا (لەبەر ئەوەی موحەممەد عەلیشا خۆی لە زاڵمەگەورەکان بوو) هەمووی ڕۆژنامەکانی ئەم سا چاویان بەم بڕیارەوە بوو و هەموو بەو ڕایەن گەر تۆڵە کردنەوە نەبێ وڵات بۆ وێرانە چاکە.

ئاغای سەید موحەممەد جەعفەر: ئەگەر کارێکی بێدعەتی کرد بێ کافرە ودەبێ بکوژرێ

ئاغا سەید حەسەنی تەقی زادە: وەزارەتی داد هەمووی کارەکانی خراپە و بەبێ لێکۆڵینەوە کار دەکات.

حسام ئیسلام: پاش ئەم بڕیارەتان ئەوەش بنووسن کە حەرمەلە عەلی ئەسغەری کوڕی ئیمام حوسێنی گوشت.

وەزیری داد: من شتێکم وەرگرتووە؟

ئاغا سەید حەسەن: نازانین.

وەزیری داد: مەبەستم هەیە(؟)

ئاغا سەید حەسەن: ئەوەش نازانین.

ئاغا سەید جافر: دەبێ شەرع حوکمی لەسەر بدات

وەزیر: ٦کەس لە مەلا و وەکێڵ و شەش کەس لە وەزارەتخانە هەڵبژێرن تا حوکم بدەن.

ئاغا سەید حەسەن تەقی زادە: ئەم هەڵبژاردنەتان بۆچی وا کرد. ئەگەر ئێمەتان وەک چاوەدێر قەبووڵ کرد، ئەندامانی خۆتان چین.

ئاغا میرزا مەحموودی خانساری: هەر کاتێ لە خزمەتی مامۆستایاندا دووکەس شایەتیان دا حوکم کاری پێی دەکرێ دەی ئەوهەموو خەڵکەش شایەتیان داوە و پێویستی بەچی تر هەیە؟

ئاغا سەید حەسەن تەقی زادە: ئەم بڕیارەی وەزارەتخانەی داد بەپێی کام یاسا دراوە؟

ئاغا سەید حەسەن: بەو ئەرکەی کە خرایە ئەستۆی ڕەشید نزام و ئەویش بەو لێکۆڵینەوەی کە چادر بە چادر گەڕا و بەو هەموو تەلگەرافانەی کە عەینوددەولە

کردی و بەو کەل و پەلانەی کە تورکمانەکان دەیانویست باز جێ متمانە نیە.

شک لەچی سالار دەکەن کە تاوانبارنەبێ؟

وەزیر: من کە دەڵێم ئێوە بە من بڵێن چی بکەم.

ئاغا سەید حەسەن تەقی زادە: هەموو شتێک بۆ تاوانباری سالار هەیە من تاوانەکانیم کە لە ڕۆژ نامەیەکی ڕووسیدا نووسراوە وەرگێڕاوەتەوە و لە لای میرزا مەحموودەوەیە و وادیارە دەبێ ئەم کابرایە بدرێ لەدار.

حاجی میرزا عەلی ئاغا: گەیشتن بەو ئاکامەی کە شکایەتێکی زۆر لە وەزارەتی دادکراو ئەمەش کارێکی باش نیە و وادیارە خەتاکارەکان کەبریتین لە سالار موفەخخەم ئەمیر حسێن خانی کوڕی ئاسەفوددەولە و دەبێ بەپێی شەرع ئەم چوار کەسە ئەم حوکمەیان لەسەر بدرێ.

یەکەمیان کوشتن، دووهەمیان دەست برینەوە و پابڕینەوە سێهەمیان دوورخستنەوە و چوارەمیشیان سالێک دووربخرێتەوە لەکار.

میرزا مەحموود: من دەڵێم لەبەر ئەوەی ئەم کابرا ئەم زڵمە گەورەیە کردووە خوا ویستی بۆ هەموان ڕوونی بکاتەوە، پێویستی بە پارلەمانتارو مامۆستاکانیش نیە.

حێسام ئیسلام: لەوەی کە پیاو کوژراوە و ئەسیر براوە هیچ قسەیەک نیە و هەرکەس هەرکەسێتری کوشتبێ دەبێ ئەویش بکوژرێ.

میرزا مەحموود: بڕیاری میرزا حەسەن دروستە و داوای لێ بکەن بزانن ئەوچی دەڵێ.

سەید حەسەن تەقی زادە: دووپاتی دەکەمەوە دەبێ بکوژرێ بەڕێزمیرزا حەسەن خۆی هەمووشتێک دەزانی و دەزانێ چەند کەس چوونەتە لای و لەعەشیرەتی باشکانلوو داوای حوکمیان لێ کردووە.

ئاغا سەید جەعفەر: ئەگەر هێزوتوانایەک هەبێ حوکم دەبێ جێبەجێ بکرێ، براکەی عوسمان لە کۆفەدا شەرابی خوارد حەزرەت عەلی چێوی حەددی لێی دا، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا زڵم لەوڕادەیەدا کەس ئاوڕی لێ ناداتەوە.

میرزا حوسێن: ئەو بەڵگانە (ئاغای میرزا حەسەن سەبزەواری) بهێنن ببینن

حوکم هەرچێ بوو بەڕێوەی ببەن.

ئاغا سەید حەسەن تەقی زادە: من گوتم کە ڕشوە ئیزن بە بەڕێوە چوونی هیچ کارێ نادات؛ بەڵام ئێوە بێن و لەم کارەدا قۆڵی هیمەت هەڵماڵن بەڵام خەزوورەی[9] سالار هەر خەریکی ڕشوەیە و تەنانەت بیستوومە خۆشی خستووتە ماڵ سەرۆکی پەرلەمان ودووهەزار تمەن ڕشوەی داوە بە کەسێکیتر.

وەزیر:بەمنی داوە؟

سەید حەسەن: نازانم بۆ ئێوە؛ بەڵام بە ڕۆژنامەنووسێکی داوە.

بەرپرس: ئەوەی کە گوتتان هاتۆتە ماڵی من، نە وانیە وناتووە جارێکیان کوڕی وەزیرهات تا لە پارلەماندا چاوی بەمن بکەوێ وکەچی چاومان بەیەکتر نەکەوت، ئەگەر دەتانئەوێ تا بەڵگە بهێنین.

سەید حەسەن: بەجۆرێکیتریش دە کرێ، ئەوەش دەتوانن سەدوبیست نوێنەر هەڵبژێرن بۆ ئەم مەبەستە

بەرپرس: ئەمە خراپەیەکی هەیە، ئەوەش ئەوەیە کە نابێ ١٢٠کەس بەڵگەکان ببینن.

سەید حەسەن: بیست کەسیان هەڵدەبژێرین و کەسی تر هیچ نالێ

پاش باسێکی زۆر، بڕیار درا کە بەم شێوەیە لە بەربەیانی شەممەدا بەڕێوە بچێ.

«دیالۆگەکانی ڕۆژی پێنج شەممە٢١ی جیمادی ئەوەڵ شۆرای نەتەوەیی»

کورتەیەک لە باسی سێ شەممە ١٩یەم لە لایەن سەیدموحەممەدتەقیەوە خوێندرایەوە.

حاجی سەید عەبدولحوسەینی شەهشەهانی: ڕۆژی سێ شەممە پاش ئەو هەموو وت و وێژانە بڕیاردرا کە ڕۆژی شەممە سەبارەت بە سالار موفەخخەم باس بکرێ و من دەبێ بڵێم کە ئەم ئەرکە بۆ پارلەمان ناگونجێ.

٩- خەزوورەی سالار، وەزیر نزام واتا سەرۆکی ئیلی ئەفشار، خوالێخۆشبوو ئیلخانی کوڕی سەردار لەم ژنە ئەفشاریە بوو کە دوایی باسی لێی دەکرێ، وەک چلۆن خەسرەوخان شادلووی کوڕی سالار موفەخخەم گوتی، زێڕی زۆر درا بەڵکوو سالار نەکوژرێ.

حاجی میرزا عەلی ئاغاش کە دووڕۆژی پێش حوکمی کوشتنی و دەست و پابڕین و دووخستنەوەی تاوانبارانی دەدا ئەمڕۆ وتەکانی سەیدعەبدولحوسەینی پەسند دەکرد.

چەند کەس لە نوێنەرانیش هەر ئەمەیان گوت.

ئەوەی کە مرۆڤ دەخاتە گێجاوی خەیاڵەوە ئەوەیە کە ئەگەر نوێنەرانی پارلەمان یا وەزیرانی بەرپرس زۆر پیاو ماقوڵ بوون. ئەگەر ئاسەفوددەولە شەوی پێش بە زێڕوپارەوە نەدەچووە بەردەرگایان، قەت شتی وایان بە زماندا نەدەهات، کاتێ سەید حەسەن تەقی زادە ئەم وتانەی بیست، تووڕە بوو و گوتی «بەڕێزان دەڵێن ئەمە ئەرکی پارلەمان نییە، نازانم ئەی چۆن دووڕۆژی پێش ئەرکی پارلەمان بوو، پاش چوار مانگ هێنان و بردن ئێستا دەڵێن ئەرکی ئێمە نیە، بەڕاستی ئەم وتەیە یانێ ئاگرگرتنی قەلبی نەتەوەیەک نا دەبێ کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە پارلەمان بەڕێ خرێ و بەم کارەدا ڕابگەن.

وت و وێژە پووچەڵەکانی نوێنەرەکان بێ دەرئەنجام مایەوە، تەقیزادە ڕوونی کردەوە کە وەزیری عەدلیە لە دەرکردنی بڕیاری تاوانباری سالار و ئاسەفوددەولەدا غەدری کردووە و نوێنەرەکانیشی فریوو داوە. بۆیە تەقی زادە بڕیارەکەی وەزارەتی دادی پووچەڵ خوێندەوە.

لە کۆبوونەوەی شەممە٢٢ی جیمادیسانی سالی ١٣٢٥ شەهشەهانی ڕووی کرد لەوەزیر مالیە و گوتی: «سەبارەت بە جیاوازی وەگرتنی مالیەی قووچان نزدیکە ولات بشێوێ»

سەرۆکی پارلەمان گوتی: باس لەم بارەوە بێکەلکە دەبێ بینووسیت، ولامت لە ئێمە بوێ.

لە کۆبوونەوەی ٥شەممە ٢٨ی جیمادیسانی حاجی سەید میرزابابا نوێنەری قووچان کە وەک لال وابوو، دەستی دا بەقسە کردنەوە و ڕووی کرد لە وەزیری مالیە و سەبارەت بە قووچان گوتی:

«پێش لە وەرگرتنی مالیەیەک کە میرزا قاسم خان وەری گرت مالیەی

قووچان ٣٠ هـەزرا تمـەن بـوو کـە ئـەو کـردی بـە ٤٥ هـەزار تمـەن کـە خـودی ئاسەفوددەولە گوتوویە بڕیاروا بوو ٢٣ هەزار تمەن وەربگـیردرێ. بەرپرسـایەتی ئـەم باسانە لە ئەرکەکانی پارلەمان نییە.

بەڕێز شێخ حوسەین: ئەم بەڕێزانە ئەوەی کە ساڵی پێش بردیان وتیـان دەیکـە نیە، نابێ ئەمساڵ بکرێتە خەرجی دەردەبێ دەرمانەکانمان لەجیاتی دروست کـردنی پارک.

لە کۆبوونەوەی ٣٠ جیمادیسانیدا لە لایـەن حـاجی مەلاموحەممەدحوسـێنەوە کە لە مامۆستا کوردەکانی مازندران بوو سەبارەت بە ئەسیرانی قووچانی تەلگەرافێک هات کە گوتبووی ئەسیرێک لە تورکمانەکان هێنراوە و لە ماڵـی ئـەوان دایـە، داوای ڕێگەچاری کردبوو کە چی بکات، بڕیاردرا پارلەمان بە تەلگەراف ڕێزی بۆ بنێرێ.

گوزارشتی لوتفعەلی خان لە شێوەی کاری یەکەمین دادگای مێژووی ئێرانەوە سەبارەت بە ئەسیرانی باشکانلوو

لوتفعەلیخان سەرهەنگ کـوڕی ئەڵـلاهیارخانیسـەرتیپ دەرەگـەزی کەلـەم کاتـەدا عەبـدووڕڕەزاخانیشوجاعوددەولـە حـاکمی قووچـان بـۆ باسـی کچـە باشکانلوویەکان بۆ تاران بانگهێشت کرابوو و کەلەبچەیان کردبوو، لوتفعـەلیخـانیش هاوڕێیانی دەکرد کە لەم بارەوە وای گوتووە:

٠٠٠ ڕۆژی پێـنج شـەممە ١٥ی جیمـادی ئـەووەل ١٣٢٥ ئەمـڕۆ بـە هـۆی ئەسیرەکانی قووچانەوە تاقمێک لە پیـاوان بـۆ دادگـا بانگهێـشت کـراون و بـەڕێزان هوژەبردیوان و مودیردیوانیش لەو کۆڕەدا بوون، من -لوتفعەلی- بـۆ تـەفرێح لـەوێ بووم هێشتا وەزیر نەهاتبوو و لە دەوری ١٠٠کەس لـەژن و پیـاو لـەوێ بـوون، لـەم دیوانخانـەدا ١٠ژوور هەیـە کەهەرکامـەیان بـۆ کاروئیـشێکە، بەڵێ،ئاسەفوددەولـە وەزیری ناوەخۆی ئێستا و والی پێشووی خوراسان و ئەمیر حوسێن خان کـوڕی کـە ئەو کات حاکمی قووچـان بـوو و ئەمیرئـەلمولک و موعەزەزودەولـەی بـرای هاتنـە ژوورەوە.

ئەمیرخانی سەردار حاکمی پێشووی گورگان و سالار موفەخخەم ئیلخانی بجنوورد و شوجاعوددەولە ئیلخانی قووچانیش لەوێدا هەن. بارودۆخی ئەم دیوانخانەیە بە شێوەیەکە پاشا وگەدا وەکوو یەک وان؛ بەڵێ لە نزدیکی نیوەڕۆدا فەرمانفەرما هاتن پاشان دەست کرا بە باس لەسەر ئەسیرەکان.

سەردار یووسف خانی هەراتی[١٠] خاوەنی ڕۆژنامەی «فەوایدی عامە[١١]» و کوڕی خوالێخۆش بوو سەهامولمەلێک و چەند کەسێکی تری بینی و لە سێبەر دارێکدا دانیشتن و جگەرەکانیان ڕۆشن کرد، پاش نیوەڕۆ، پارلەمان شێوا و خەڵکەکەچوون، ئێمەش لەگەڵ دۆستان هاتینەوە و عەسریش چوین بۆ ماڵ شوجاعوددەولە و ئێوارە گەڕاینەوە.

جوانترین ڕاپۆرت سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشکانلوو

خوالێخۆش بوو لوتفعەلیخان دەرەگەزی کە لە کاتی دوورخستنەوەی عەبدوڕڕەزا خان شوجاعوددەولە دا بۆ تاران هاوڕێیی دەکرد و لەبیرەوەریەکانیدا نووسیوویە کە ئەمڕۆ ڕۆژنامەی ژمارەی ١١٩ی پارلەمان چاپ کرا کە باسی سالاروددەولەی کردبوو کە لە کرماشان وهەمەدانەوە چەند باسێکی نووسیبوو و لە لایەن پارلەمانەوە چەند باسێک سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشکانلوو نووسراوە و لە ژێر دێڕی مەکتووب شاری دا.

«مەکتووب شاری: بۆبەڕێز... ئاغا میرزا حەمەسادقی بەرپرسی هێژای ڕۆژنامەی پارلەمانی نەتەوەیی.

... من کە یەکێ لە خوێنەرانی ئێوەم کە گوتبووتان هەرکەس زانیارییێکی لە

١٠- سەبارەت بە سەردار یووسفخانی هەراتی لە بەرگی یەکەمدا باسمان کرد. بڕوانە بەرگی ١، ٢ و ٣.

١١- لوتفعەلیخان وا دیارە لێرەشدا بەرواری لێ تێکچووبێ و تەنیا نووسیویە (هەینی ٢٠) کە ١٦ دروستە. تەنانەت خۆشی لە شوێنێکیتردا سەبارەت بە نێوانی خراپەی خۆی و شوجاعوددەولە ٦ی جیمادیئەوەڵی نووسیوە.

ئەسیرانی باشکانلووی قووچانی هەیە بۆمانی بنێرێ بۆیە دەڵێم من سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشکانلووی قووچان هەمووزانیارییێکم هەیە؛ بەڵام لە بەر ئەوەی خەڵکی ئەوێم ناتوانم نووسراوەکانم ببەم تاخەڵک واژۆی بکەن بۆیە بەبێ واژۆ دەیڵێم و دەینووسم.

کاتێ کەعەینوددەولە بە هۆی هاندانیەوە لە لایەن غولامڕەزاخان ئاسەفوددەولەوە، شوجاعوددەولەی لە حکوومەتی قووچان دوورکردەوە و ئەمیر حوسێن خانی شەوکەتوسەڵتەنەی کوڕی ئاسەفوددەولەی کرد بەجێگری، شوجاعوددەولەش بەیارمەتی هاوشیرەکەی خۆیەوە کە ژنی شوجاعولمەمالیک بوو -برای سالار موفەخخەم- نامەیەکی بۆ سالار موفەخخەم نووسی و داوای لێی کرد تا تورکمانەکان هان بدات و بێن عەشیرەتی باشکانلوو غارەت بکەن.

سالار لەبەر ئەوەی لە فرەزانیەکانی ئاسەفوددەولە تووڕە بوو لەم کارە پێشوازی کرد و بەدزیەوە بانگی کرد لە دوردی خانی تورکەمان کەبەرپرسی تورکمانەکانی ئەمەند وئینچەی بجنوورد بوو و پێی گوت کە میرۆی موراد مەرگان کە لە مێژە کوردەکان بردوویانە و ئێستا لە گوگلانە و خێرا بڕۆ عەشیرەتی تورکمانەکانی ساتەڵق بهێنە و عەشیرەتی باشکانلوو ڕووت بکەنەوە و ژنەکانیان بدزن.

دوردی خان ئەوکارەی بەیارمەتی و هاندانی سالار بەڕێوەی برد، موراد مەردەگانی بینی و هاوڕێ سوارەکانی یەحووت و ئەمەند ڕووی کردە گوندی قەتلیش کە خاکی بجنووردە لە لای قووچانەوە و عەشیرەتی باشکانلوو کە لە چوار فرسەخی ئەویوەن و ڕەشماڵیان هەڵداوە. لە ناکاو هێرش دەکەنە سەریان و ئەوانیش لەبەر نەجاتی خۆیان دوژمنیان دەنێرنە ناو دێ قەتلیش واتە قەڵای قەتلیش و تا خەڵکی قەتلیش ئەمانیان بدەن، گوند لە ترسی سالار موفەخخەمدا نەیانوێرا یارمەتیان بدەن و تورکمانەکان ئەو دووژنەیان کەلەبچە کرد و بە زۆر بردیان، کۆیخا حەسەنی قەتلیشی کە ڕێنمای تورکمانەکان بوو پاشان گەڕایەوە و ڕاستیەکانی بۆ سالار گوتەوە.

دەوڵەت لەم ئاکارە خەبەری پەیدا کرد،عەینوددەولە پاش لێکۆڵینەوەکە زانی

ئەم کارە وا لە ژێر سەری سالار موفەخخەمدا، خۆی نامەی بۆ سالار نووسی: یان دەبێ ئەسیرەکان بهێنیتەوە یان بیت بۆ تاران، سالار هەر ئەمڕۆ و بەیانی کرد، تا ئەوەی کە عەینوددەولـە ڕەشید نیزامی نارد تا بڕوات و ئەسیرەکان لەسالار وەربگرێتەوە؛ بەڵام ئەو ئەم کارەی کرد کەچی نەیتوانی.

هەمیسان عەلیئەکبەرخان سەرهەنگ کرایە بەرپرسی ئەو کارە تا بڕوات بۆ بجنوورد و لەوێوە سالار موفەخخەم بهێنێ بۆ تاران ئەمە چوار مانگە سالار لە تارانە و بە هۆی ڕەشووەوە و هاوکات پشتگیری کردنی لە لایەن وەزیر نزامەوە کە خەزوورەی سالارە ئیتر کەس ئەسیری لە ئەو نەویست.

بۆ ئەم قسەیەم ئەگەر دەولەت، کوێخاحەسەن، دوردی خان، موراد مەرگان بهێنێتە تاران ڕاستی وتەکانی من ڕوون دەبێتەوە.

ئیتر بزانین پارلەمانی نەتەوەیی چی پێی دەکرێ[12] هەروەها لە لاپەڕەیەکیتری دادگادا نووسراوە[13]: خوالێخۆش بوو لوتفعەلی خان پاش بەڕێوە چوونی جێژنی ساڵیوەگەڕی مەشرووتە سەبارەت بە شایەعەی لەسێدارەدانی سەردار دەنووسێت کە شەوی ڕابردوو لە ماڵ شوجاعوددەولەدا بوین کە هوژەبردیوان و مودیردیوانیش لەوێ بوون.

هەواڵیان هێنا کە سەردار دەبێ بدرێ لەسێدارە و ئەمە بڕیاری پارلەمانە کە ئەمە بوو بە هۆی دڵنگەرانیمانەوە.

کارێکمان لە دەست نەدەهات جگە لەوەی لەخوا بپارێنەوە کەوا ئەبێ.

جەنابی عەبدوڕڕەزاخان شوجاعوددەولە: شەو تا نزیکی سێ سەعات لە دەرەوە بوون کە هاتەوە من گوتم ئەگەر بە خاتری من هاتویتەوە نامەوێ، تکایە بڕۆ.

گوتیان: دەچم؛ بەلام لێرەم بەلاوە خۆشترە،موحەممەد ڕەزاخانی کوڕی

١٢- ئاکامی «مەکتووب شاری» مەلا لوتفعەلی خان دەرەگەزی لە ڕۆژنامەی مەجلیسەوە هێنا بوویەوە، پاش ئەوە بەسەرهاتەکانی ڕۆژی هەینی ٩ی جیمادیئەوەڵ بووە، وەبزانم لە لایەن مودیری دیوانی ئەفشاریەوە نووسرابێ کە لە دوژمنانی ژێر پەردەی شوجاعوددەولە بوو

١٣- شەممە ٢٠جیمادی ئەوەڵ ١٣٢٥

موستەشاردەفتەریش بوو. ماوەیەک خەریکی نووسینی نامەنووسین بووم.

کاتژمێری ٤ی پاش نیوەشەوە و من خەریکی نووسین ڕۆژنامەم و حاجی موحەممەد ڕەزاخان ٦تاری هەیە.

ئاغا میرزا حەسەن و شوکروڵلا خەریکی کایەی تەختەن و خەریکی شەراب خواردنەوەشن و بوتڵێکیشیان دا بە من خواردم، عەلیخانی پێشخزمەتیش هەر لەسالار باسی دەکرد.

بڕیار درا دووبەیانی دووبارە سالار بهێننەوە بۆ دادگا چی بڵێم لەم کارەدا هەموان حەز ئەکەن سالار بدرێ لەدار، هەرچەند تاقمێکش بە دوای بشێوەوەن، هەموان سەریان بە کاری خۆیانەوە قاڵە.

بیروڕای یەکەمین دادگای ئێران

پاش ماوەیەک کە لێکۆڵینەوەکان بۆ وەدەست هێنانی قەناعەت لەم دادگاییە مێژووییەم ئەنجام دا، کتێبێکی بە نرخم کە پڕی بوو لە بەڵگەکانی ولەوێدا نووسرابوو: ئەم دادگاییە سەرەتای بەهاوارگەیشتن خەڵک بوو، ئەمەش دەقی ئەو دادگاییە:

وەزارەتی دادی بە نرخ: لەبەرواری ٢٠ی جیمادیولئەوەلی سالی ١٣٢٥دەنگی کومیسیونی داد سەبارەت بە باشقانلووەکان پاش بازوخواستە جۆراوجۆرەکان وکۆبوونەوە جیاجیاکان و بینینی زۆربەی نووسراوەکان بە حازربوونی پارلەمانتارەکان هەمووی داروەستەی دادگا سوێند دەدرێن.

یەکەم: لە بواری ئەسیرەکانەوە، سالار موفەخخەم تاوانبارە.

دووهەم: تاوانباری دووەم سەردار ئەفخەمە کە دەسەڵاتداری ئەو کاتەی ئەستەرئاباد بووە.

سێهەم: ئەمیر حوسەین خانی کوڕی ئاسەفوددەولەیە.

چوارەم: خودی ئاسەفوددەولەیە.

پێنجەم: مەفاخێرولمەلێک و ئەکرەمەلێک کە تا ئێستا بۆ بازوخواست حازر نەبوون.

کومیسیۆنی داد بۆ تۆڵە کردنەوە لەم تاقمە کەسانە بەم شێوەیە کاری کرد.

ژمارەی یەکەم: سالار موفەخخەم کە دەبێ لەهەموو کارێکی نیزامی دوور بخرێتەوە و دەبێ دەسەڵاتی بجنووردیشی لێ وەربگیردرێتەوە، دەبێ هەمووی کەل و پەلی ساڵێکی تەواوی بجنوورد باتەوە. دەستی دەوڵەت و هەروەها دەبێ ئەسیرەکانیش وەربگەڕێنێتەوە و ئەگەر هەر ئەسیرێکیش نەتوانی وەری‌بگەڕێنێتەوە دەبێ لە جیاتی ٣٠٠تمەن جەریمەبدات بە خاوەنەکانیان.

ژمارە٢: سەردار کە حاکمی ئەوکاتەی ئەستەر ئاوا بوو و دەبێ لەوکاتەدا هێزوهەڵمەت بنوێنێ و نەیکردووە و دەبێ پلەیەک لەپلەی نیزامی ئەوکەم بکرێتەوە و ٥هەزار تمەن جورمیش دەکرێ و ساڵێکی تەواویش هیچ کارێکی دەوڵەتی نابێ وەئەستۆبگرێ.

ژمارەی٣: ئەمیر حوسەین خان کوڕی ئاسەفوددەولەی قووچان دەبێ هەتا دوو ساڵ بەهیچ جۆری کاری دەوڵەتی پێی نەدرێ، لەبەر ئەوەی کە پاش بیستنی ئەم هەواڵە کاری خێرای نەکردووە و دەبێ ٣ هەزار تمەن جەریمە بدات.

ژمارەی٤: ئاسەفوددەولە بە هۆی تەلگەرافێکەوەیە کە عەینوددەولە بۆی ناردووە و لێکۆڵینەوەی دەرەوەی دادگا لەم کارە بوو بە هۆی پەرینوەی و ڕزگاری ناوبراو و دادگا تەنیا بەوە تاوانباری دەکات کە بۆچی بە نووسراوەکان و وتەکانی خۆی کاری نەکردووە بۆیە دەبێ دووهەزارتمەن جورم بکرێ.

ژمارەی٥: مەفاخێرولمەلێک و ئەکرەم مەلک؛ لەبەر ئەوەی خۆی لەوێ نەبوو و دادگایی بەبێ ئەو بەڕێوە چوو و دەوڵەت حوکمی لەسەر دەدات، کومیسیۆنی داد لەم بارەوە تا ئەم ڕادەیە تۆڵەکەی تەواوە.

مۆری مەحکەمەی سەرەتایی ماف

بەشەکانی کومیسیۆنی داد، مۆر، عەداڵەتوسەڵتەنە، فەتحعەلی، باباخان، ئێحتشامولمەمالێک، حوسێن عەبدورڕاجی حوسێن، موحسێن حوسێنی-ئێنتزاموسوڵتان

پارلەمانتارەکانی پارلەمان لەم کارەدا تەنیا چاوەدێر بوون.

تەقی زادە: بەڕێز ئاغا سەید حوسێن برووجردی، سەید مەهدی وکیل توجار، میرزا مەحموودی کتێب فرۆش، حاجی سەید بابا و نوێنەری قووچان.

لەم حوکمەدا ئاماژە بەوە کراوەکە دەبێ بانی ئەسیر کردنی باشکانلووەکان تۆڵەی لێ بکرێتەوە و هەمووی لێکۆڵینەوەکان لە لایەن٦ کەس لە نوێنەرانی پارلەمانەوە چاوەدێری بکردرایا و دیوانی دادیش حوکمی چەسپاوی پەسند کرد.

عەبدولحوسێن فەرمانفەرما- مۆری وەزارەتی داد- مۆری دیوانخانە[١٤]

ڕاپۆرتی وەزارەتی داد سەبارەت بە ئەسیرانی قووچان

نامەی وەزارەتی داد بۆ ئەتابەک سەبارەت بە ئاکامی دادگایی ئاسەفوددەولە و هاودەستەکانی.

بۆ بەڕێز و سەرۆکی پایەبەرز ئەتابەک ئەعزەمی وەزیری ناوەخۆ سەبارەت بەباسی وتوویژی ئەسیرانی قووچان کە بڕیار بوو لە وەزارەتی داد و بەحازربوونی نوێنەرانی پارلەمانەوە لە سەری کاربکرێ، بیروڕای کومیسیۆنی داد لەم بارەوە بە پێی ڕاڤەییەکە کە دەنووسرێ و بۆ بەڕێزتان بەڕێ دەکرێ.

مۆری وەزارەتی دادی لەسەرە

بەڵام باسی دادگایی کردنی ئەسیرە کوردەکان لێرەدا ناگاتە ئاکام. ناڕەزایی خەڵکی شیروان و بجنوورد و نوێنەرانی پارلەمان کار دەگەیەننە دادگایی و دووپات کردنەوەی حوکم.

تەلگەرافی خەڵکی شیروان بۆ پارلەمانی ڕاوێژکاری نەتەوەیی سەبارەت بە ئەسیرەکانی باشکانلوو

باسی ڕاگەیشتن بەکاروباری ئەسیرەکانی باشکانلوو لە پارلەماندا خەریک بوو لە بیر بچێتەوە، لەبەر ئەوەی پوول و دراو بەرگری دەکرد لە بەڕێوە چوونی دادپەروەری، هەمووی ناپیاوان و زاڵمان هەر لە سەرکردەو دەرباریی و مەلاوە و

١٤- بەڵگە نوێیەکان- بەڵگەی ٤٩ل ٢٤٢

خـودی موحەممەدعەیـشاوە تـەواوی بـیرو هـۆش و ئەندیـشەیان ئـەوە بـوو تـا ئاسەفوددەولە پای نەکێشێتە سەرکورسی مەحکەمە.

نوێنەرانێ وەکوو تەقی زادە و میرزا مەحموودی کتێب فرۆش کـە حـەزیان بـە خراپ کردنی مـافی خەڵـک نـەدەکرد لەهەموولایەکـەوە هەڕەشـەیان لـێ دەکـرا، خەڵکی باشکانلوو کە بۆ تەقدیمی شکایەت بانگهێشتی تاران کرابوون پـاش دووسـاڵ دەربەدەری و بێ پارەیی لەهەموو جێگایەکەوە ولامی ڕەدیان پێیان دایـەوە و لەبـەر ئەوە بوو کە جارێکی تر خەڵـکی بەشـەرف و بـە توانـای شـاری سـنووری شـیروان تەلگەرافێکی توندیان ڕەوانەی پارلەمان کرد کە دەقەکەیمان لە خوارەوە هێناوە.

کۆ بوونەوەی ڕۆژی سێ شەممە٣ی ڕەجەب تەلگەرافێکە لە شیروانەوە کـە لـە لایەن کوێخا و بەسالاچووەکانەوە گەیشت، سەید موحەممەد تەقی خوێندیەوە.

بۆ پێشگای پارلەمانتاران:

سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئەسیرانی باشکانلوو زۆرمان هاوار کرد گوێبیـستێکی بۆ پەیدا نـەبوو، دەی ئەگـەر کـەس گـوێبیـستمان نابـێ بـا خۆمـان بخەینـە ژێـر دەسەڵاتی ڕووسەکان،هەموومان لەتەلگەرافەخانەکاندا کۆبوینەتـەوە، تـا کارەکـەمان جێ بەجێ نەکرێ ناڕوینەوە، ئێوە بەرپرسن لەبەردەم دادگای خوا و پێغەمبەرەوە.

بەرپرس: ئەم باسە ڕۆژ نەڕۆژێک دەگات؛ بـەلام بـە هـۆی کارەکـەی ئورمیـە و هێرشی تورکانی عوسمانیەوە کەوتە درەنگ و دەبـێ ئەمـڕۆ دەنـگ بـدەین بـزانین دەبێ چی بکرێ.

میرزا فەزلعەلی ئاغا: هەمان دەنگ کە ئەو ڕۆژەکـەی دیکـە درا و لـە پارلەمانـدا هەر ئەوباسە ئاراستە بکرێ.

بەرپرس(سەنیعوددەولە): دەی ڕۆژێکی بۆ دیاری بکەن.

سەید حەسەن: سەبارەت بـە ئاسەفوددەولـەش هـیچ کـارێ نـەکراوە وادیـارە یەکسەرپایان بڕیوە و دەبێ سەرەتا ئەو دادگایی بکرێ.

بەرپرس: دەی خۆتان کۆکەنەوە تا وەزیری داد دێت.

سدیقی حەزرەت: وەزیر گۆڕاوە خۆ وەزارەتخانە لەسەر جێ خۆیە.

حاجی سەید عەبدولحسێن شەهشەهانی: لەم نامەی کە لە شیروانەوە گەیشتووە شکایەت لە دەستی ئاسەفوددەولەوە کراوە و ئێمە پێشتر سەبارەت بە سالارموفەخخەم باسمان کرد هەروەها ئاسەفوددەولەش لێرەدا نیە.

سەید موحەممەد تەقی: لەم تەلگرافەدا کە گەڕاندنەوەی ماڵ و دارایی خەڵکی باشکانلوویان ویستووە، دەبێ ئەم کارە لە لایەن مامۆستایانی ئایینیەوە شی بکرێتەوە.

باسەکانی سێ شەممە ٨ی شەعبانی ١٣٢٥:

لەم کاتەدا کە عوسمانیەکان هێرشیان کردۆتە سەر سنوورەکانی کوردستان و دەوروبەری خووی و سەلماس و کوڕی ڕەحیم خانی چەلەبیانلوو لە ئازەربایجان و کوڕی سپەهداری تونێکابونی لە ڕەشت خەریکی ئازاری خەلکی بوون و هەروەها بە هۆی تیرۆری ئەمینوسولتانەوە، موحەممەد عەلیشا[15] ڕقی زۆری لە مەشرووتە خوازەکان هەلگرت و بەم شێوە بوو کە سالار موفەخخەم هەر لە زینداندا بوو بە بێ ئەوەی حوکمێکی بۆ ببڕنەوە و ئاسەفوددەولەش لە دانیشتنی حوکمداندا نەبوو، لە وتوویژەکانی ئەم ڕۆژەدا سەید عەبدولڵا بەهبەهانی گوتی: سەبارەت بە سالارموفەخخەم گوتی: دەبێ بەم کارە نارەوایە ڕابگەین، ناوبراو گوتوویە کە من ئومێد ئەکەم بتوانم ئەسیرەکان وەرگەڕێنمەوە بۆیە مانەوەی ئەو قازانجی نیە.

تاقمێک گوتوویانە کە سالار موفەخخەم تاوانبارە و دەبێ تۆڵەی لێ بکرێتەوە.

بەڕێز سەید عەبدولڵا موجتەهید بەهبەهانی: تا وەرنەگەڕێتەوە ناتوانی ئەسیرەکان وەرگەڕێنێتەوە، بۆ ئەم کارە زەمان بگرن. پاشان بە تاوانەکانیش ڕادەگەین.[16]

١٥- موحەممەدعەلیشا هەر لە سەرەتای منداڵیەوە لە ناوگێجاو و بیری ڕووسیەی تیزاری لە ئازەربایجان گەورە بوو، ڕووسیە قەت حەزی بە حکوومەتی مەشرووتە لە ئێران نەدەکرد، بۆیە هەمووکات بۆبنەبڕ کردنی هەواڵیان داوە لە ڕاپۆرتی سایکس بالۆیزی ئینگلیز لەمەشهەدەوە بۆ تاران ناردوویە و لەوێوە ڕەوانەی لەندەنی کردووە، تاران ١٧ی ژووئیەی ١٩٠٨بەژمارەی ٢٢٧ەوە

١٦- ڕۆژنامەی وتووێژەکانی پارلەمان، خولی یەکەم، ل٣١٦

بەرپرس: وایە، ئەم کاغەزە لە لایەن ڕەحیمەوە نووسراوە و ئەمن بەوڕایە نیم کە لە کاریاندا دەخاڵەت بکەم، دەنگ هەر لە دەنگی پارلەمانە.

سەید حوسەین برووجردی: بۆ ماوەیەک سالار کەوتە بەر پرس و باس و خواست لەوەزارەتی داد و تۆڵە کردنەوەکەشی لەسەر کاغەزنووسراوە، خودی وەزیری داد هاتە پارلەمان و داوای دەنگی کومیسیۆنی پارلەمانی کرد وتاڕادەی ئەوتۆڵەی کە لەبەر چاوگیرا بوو هاوکاریان نەکرد، پارلەمانیش لەبەر ئەوەی تۆڵەکردنەوەی کەم بینی و بۆیە ویستی تا لەم بارەوە لێکۆڵینەوەیەک بکرێ.

دەبیری نامەکان: ئەگەر ناوبراو زەمان دابنێ دەتوانێ بڕوات و ئەسیرەکان ئازاد بکات.

سەدری نەتەنزی: بڕیار بوو کە ناوبراو تۆڵەی لێوە بکرێتەوە، ئەگەر تۆڵەی لێ بکردرایەتەوە دەبوا عیبرەتی کەسانی تر و هەمیسان ئەگەر تۆڵەی لێ نەکرێتەوە دەبێتە هۆی سەرکەشی کەسانی ترەوە.

میرزا مەحموودی خانساری: لە دەوری ١٠ مانگ دا کە لێرەدا هاوارو دادێک بوو بۆ وەرگەڕاندنەوەی ئەسیرەکان ئێمە ڕقمان لەکەس نیە گەر دەیەوێ ئەسیرەکان وەرگەڕێنێتەوە شایەت خەلک لە گوناحەکانی خۆش بوون، ئەوکاتە ڕزگاری دێت، بەڵام ئەگەر بیەوێ بڕوێ باوەڕ ناکەم خەلک و پارلەمان ئیزنی پێی بدەن.

شەهشەهانی: یەکێ لە گرینگ ترین خراپەکانی نەتەوەکەمان ئەوەیە کە تکاکارێکی زۆر دروست دەبێ بۆ ڕزگاری ئەو، وەک: ئاسەفوددەولە و کوڕەکانی و سالار و سەردار.

حاجی ئیمامی جومعە: ئەم کابرایە ٦٠کەس ژنی فرۆشتووە...بووەتە هۆی کوژرانی ١٢کەسەوە و کەسێ ئەگەر ببێتە هۆی کوشتنەوە دەبێ بۆ هەتاهەتایە لەزیندان بمێنێتەوە، ئێوە ئێستا دەتانئەوێ ڕزگاریان بکەن و ئەم هەموو ژنە بدەن بەگژی ئێمەدا.

ئاغا میرزا مەحمووی خانساری: وا ئەزانم ئەم کابرایە سالار موفەخخەم کە

دەڵێ دەچم ئەسیرەکان دەهێنمەوە، خۆی دانی ناوە بەوەی کە ئەوکچانە فرۆشراون.

لێرەش دا تاقمێک نوێنەر باس و وتوویژیان کرد

حاجی میرزا عەلی ئاغا: کەسانێ کە سەرۆکی شەڕاشۆکانن بریتین لەسالار موفەخخەم و ئاسەفوددەولە و کوڕەکەی و حوکمی ئەم ئاکارەش خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هێناویە.

سەرۆک: ئاکامەکەی بوو بەچی؟

حاجی سەید باقر: لەزیندان بابمێنێتەوە تا ئەسیرەکان ڕزگاریان دێت[17].

وتوویژەکانی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی شەعبانی ١٣٢٥:

لەم ڕۆژەدا باسی ئەسیرەکانی قووچان بەم جۆرە هاتە ئاراوە:

سەرۆک ئەنجومەن: باسێکی تر کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە بڕێک ماڵی یەمووت لە قووچان ماوەتەوە و قووچانیەکان تەلگەرافیان ناردووە تا ئەسیرەکان ڕزگارنەکرێن نایدەینەوە.

ئاغا میرزا سەید موحەممەد: بارمتەگرتن ناڕەوایە.

حاجی سەید باقر: هەمووی ئەم ئەسیرانەیان بەکڕین کڕیوویانە یان دزراون.

سەید نەسروڵلا: نا، دەبێ پیاوانە هەڵسوکەوت بکرێ و هاوکات هەم دەبێ ماڵی خەڵکی یەمووت بدرێتەوە و هەم ئەسیرەکانیش ڕزگاریان بێت[18]

ڕەنگدانەوەی غەدرەکانی ئاسەفوددەولە و ئەسیرکردنی کچە کوردەکان لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا

ئاسەفوددەولە لە ساڵی ١٩٠٤ بوو بە سەرۆکی خوراسان و هێشتا هەر ئەو ئەرکەی وەئەستۆیە. لە کاتی فەرمانڕواییەوە زلم و زۆری کردووە و ماڵیەی زۆری لە خەڵک وەردەگرت و هاوڕێ موشیروددەولە پیرنیا هاوبەشە. پارلەمانی ڕاوێژکاری

١٧- وت وویژەکانی پارلەمان، خولی یەکەم، ل٣٢٢

١٨- ڕۆژنامەی وتوویژەکانی ئەنجومەن، خولی یەکەم، ل ٣٣١

نەتەوەیی لە کۆبوونەوە سەرەتاییدکانیدا کارەکانی ئاسەفی داوەتە بەر لێکۆڵینەوەی خۆی[١٩].

ئێستا کورتەیەک لە ڕاپۆرتی یەکەمین پارلەمانی ڕاوێژکاری نەتەوەیی دووەمی ئاڤریلی ١٩٠٧ کە لە لایەن ئێسپرینگ ڕاسیەوە بۆ لەندەن نووسراوە.

«سێ شەممە ٢ی ئاڤریل ١٩٠٧»

پاشان وەزیری ناوەخۆ سەبارەت بە ئاسەفوددەولەی حاکمی پێشووی خوراسان کە تاوانباری هاوکاری لە فرۆشی کچانی قووچان بوو خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە و بەم جۆرە چەند بەڵگەش کەوتە دەست بۆ بەرگری لە تاوانباربوونی ئاسەفوددەولە و تاوانبار کردنی دەسەڵاتدارانی بجنوورد و قووچان کە یەکەمیان بیست هەزار و دووەمیان ١٥ هەزار تمەن جورم کران، لە لایەن وەزیری ناوەخۆ وە خوێندرایەوە.

لەم کاتەدا لە لایەن تاقمێک لە نوێنەرەکانەوە داوا کرا تاکوو بۆ ڕاگەیشتن بە سەر ئەم باسەدا دادگایەکی تایبەتی بخرێتە ڕێ، بەڕێز سەید عەبدوڵلا موجتەهید کە لەم کاتەدا هاتە ناوکۆبوونەوەکەوە لەوەی کە ئاسەفوددەولە لەوێ نەبوو زۆر سەرسام بوو و بە سەگی نەگبەت بیری لێ کردەوە.

وەزیری داد لەم کاتەدا بەسرتەوە شتێکی گوت بە موجتەهید و ناوبراو لەو وتەیە زۆر تووڕە بوو و لە ئاکامدا بەڕێز سەید موحەممەد تەباتەبایی موجتەهید بوو بە داوەری نێوانی ئەوان و ئەمەش کورتەیەک لەو کۆبوونەوە کە ٢٧ی ئاڤریل تا ٢١ی مەی ساڵی ١٩٠٧دا بۆ لەندەن نێردراوە.

٠٠٠ شەممە ٢٧ی ئاڤریل (گوڵانی ١٢٨٦)کۆ بوونەوە کە لەسەر فرۆشتنی ژنە ئێرانیەکان باسی کرد و گەیشتن بەو ئاکامەی کە دەبێ پارلەمان خۆی لەگەڵ وەزیری ناوەخۆدا قسە بکات و بەرگری لێوە بکات و ئەگەر ناوبراو کارێکی باش بەڕێوە نەبات دەبێ لەکار دوور ببێتەوە لە ناو وتووێژەکاندا چەند جار لەگەڵ

١٩- بەگوێرەی سەراپرینگ ڕایس وەزیر موختاری ئینگلیز لە ئێران کە لە ڕاپۆرتێکدا بۆ سرئەدواردەگەری وەزیری دەرەوەی بەریتانیای دەنێری لە بارەی ناساندنی پیاوە دەوڵەتیەکانی ئێرانیەوە لەڕەزبەری ١٢٨٥ تا بەفرانباری ١٢٨٥ نووسراوەی حەسەن مەعاسر، ل١٤١.

دەوڵەت بەشەڕهاتن و نامەیەکیان بۆ وەزیری ناوەخۆ نووسیوە و داوایان لێی کردووە تا لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا ئەوبەرپرسانەی کە لە فرۆشی ژنەکاندا دەستیان بووە دەبێ تۆڵەیان لێ بکرێتەوە و ژنەکانیش لە ماوەی ٤٥ ڕۆژدا دەبێ وەربگەڕێنەوە و ئێستا بەشێ لە ڕاپۆرتی ٢٠ی ژۆئێن تا ١٦ ژۆییەی ١٩٠٧ دوایین ڕۆژەکانی جۆزەردان تا دوایین ڕۆژەکانی پووشپەڕی ١٢٨٦ کەجیپیچرچیل لە تارانەوە ڕەوانەی لەندەنی کردووە.

دادگایی کردنی کەسانێ کە تاوانباربوون بەوەی کە ژنانی ئێرانیان فرۆشتووە تورکمەنەکان. ئەم دادگاییە وەک خۆی نەبووە لە ئێراندا و بە پێی یاسای نوێ بەڕێوە چووە کە لە لایەن خودی وەزیری دادەوە بەڕێوە چووە و تاوانباران بریتی بوون لە ئاسەفوددەولە و سالارموفەخخەم کە هەردووکیان زۆر دەوڵەمەند بوون و خزمیش بوون و بە پێی بڕیارێکەوە کە لەم موحاکەمەدا دراوە، سالار موفەخخەم دەبوا جورمێکی قورس بکرێ و ٥ ساڵ دەسبەسەریش کرا و حوکمەکە دەتوانرێ پێدا چوونەوەی هەبێ؛ بەڵام وەک چۆن کە دیت میرزا ئەحمەد خانی حەیدەری نوێنەری سالار موفەخخەم و تاقمێک تر لە نوێنەرەکان و کار بە دەستەکان بۆ ڕزگاری سالار هەوڵیان داوە.

بەند کردنی شوجاعوددەولە لە تاران

لوتفعەلی خان لەبیرەوەرییەکی خۆی لەبەرواری ٢٦ی جیمادی ئەوەڵ ساڵی ١٣٢٤ سەبارەت بە عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولە لە تاران و بە هۆی باسی بەندکرانی کچەکانی قووچان خەبەری داوە و دەڵێ تا مەیدانی تۆپخانە بە پیادە هاتم، بەڕاستی هیچ مالیک بێ خاوەن و هیچ نۆکەرێکیش بێ سەرکردە نەبوو هەر خۆیشی – شوجاعوددەولەی قووچان – و تاقمێکیش دەرباز بوون و تەنیا چەند کەسێکیان ماوە.

حاجیخان سەرتیپ قووچانی لەسەر کارەکانی شوجاعوددەولە ڕادەهات.

گوتی: ئەرێ بۆ کەل و پەلەکەمەکەی خۆم ڕوانیم هەموویم کۆ کردەوە و لە

تارەکەم پرسی [ئەم تارە لە پێش دا موشیروددیوان قووچانی باوکی خوالێخۆش بوو کامبووزیا زەعفەرانلوو کە ئەودەم لە تاران بوو و کاری مونیشگەری موشیروددیوانی بوو، دابووی بە لوتفعەلی خان]

گوتی: دوێنێ شەو جەنابی موشیروددیوان تارەکەی بە ئەمانەت لە حاجی خان وەرگرتووە لەم بارەوە زۆر تووڕە بووم و بە خۆمم گوت ئیتر موشکیلە تارەکەمان پێ بدەنەوە ئەوە بوو کەربەلایی حەسەنیان [یەکێ لە کۆنە نۆکەرەکانی شوجاعوددەولە] نارد کە لە ماڵی جەنابی موشیروددیوان تارەکە بهێنێ؛ وەلامی هێنا کە تارەکەیان بردووە بۆ شەمیرانات. زۆرتر تووڕە بووم. بەڵێ لەگەڵ حاجی‌خانا تا سێ سەعات لە ئەوێ ماینەوە و ئێوارەیش حاجیخان بەمنی گوت: بۆ خەرجی کومپانیا کە پارەمان کەمە ئەگەر پارەت هەیە دوو سێ ڕۆژێ پێ مان بدە. وتم بەڕاستی لە ئەم پارانە کە لەسەرۆکی ئێوە شەجاعوددەولە بە هۆی بڕیارێ کە لە خوراساندا دابووی بەمن گەیشتووە کە بۆ تاران و خوراسان خەرج کردووە و هێشتا هەر هەیە کە بە ئێوی بدەم. بەڵێ دوای بڕێ شۆخی بە هۆی ئەوەی کە پانزە تمەنم لە کەسێ قەرز کرد بوو. بەدەستەوە بوو، دوانزە تمەنم دا بە حاجیخان و دوو سەعاتی مابوو بۆ ئێوارە لەگەڵ ئاغای موحەممەدڕەزاخاندا بەدەم شۆخییەوە هاتین تا بەردرگای سەفارەتی[20] ئینگلیس کە هەمووی تاجرەکان و بازاڕیەکان و مامۆستایانی تاران لە سەفارەتدا پێک هاتبوون و خەلکەکە ئەوندە زۆر بوو کە نەتدەتوانی بڕویتە پێشەوە، ئەمنیش لەهەموو بابەتێکەوە ئالۆزبووم لە ئەوێوە لەگەڵ موحەممەد ڕەزاخان ماڵ ئاواییم کرد و یەکراست هاتم بۆ ماڵ خانم و ڕۆیشتمە ماڵەوە، دیتم خانم تەلعەتولسەڵتەنە تەشریفیان نیە لە ماڵەوە، چووم بۆ خزمەتی شووی خانم، لە نێو حەساردا دانیشتبوو خەریکی قسە کردن بووین کە دوو سەعات لە شەومان تێپەڕ

٢٠- شۆڕشی خەڵکی تاران لە ڕۆژ پەنج شەممە ٢٧پووشپەڕی ١٢٨٥ بەرانبەری٢٦جەمادی ئەوەڵ ١٣٢٤دەست پێی کراو پاشان دەستووری مەشرووتیەت لە ڕۆژی یەک شەممە ١٣ گەلاوێژ ١٢٨٥ بەرانبەری ١٤جەمادیسانی ١٣٢٤ لە لایان موزەفەرەدین شاوە درا. (مەشرووتەی ئێران، ئەحمەد کەسرەوی، ل١١٩)

کرد بوو، خانم بە فەیتون لە ماڵی حـەزرەتی ئەقـدس والا ئاغـای ئەتابـەک ئـەعزەم شـازادەی عەینوددەولـە تەشـریفیان هێنـاوە؛ بـەڵام چ ڕواڵـەتێ و چ هەیکەلـێک؟ پێنووس لە باسی ئەو عاجزە. هەربەو قەیافەوە هات و لەسـەر کورسـیەکە دانیـشت، من لە جێگەی خۆم دا هەستامە سەر پا و سڵاوم لێ کرد و بەخێرهاتنی پێی گوتم و دانیـشتین. ڕووناکـایی دم و چـاوی و ڕوونـاکی ئەنگوسـتیلەکەی و سـینەڕێزەکەی ئەڵماس خانم حەساری ڕوون کردەوە، سیگارێکی کێشا و ڕۆیشتە نێـو ژوورەکـەی و چارشێوێکی هەڵگرت و جلوبەرگەکەی گۆڕی وچەندە جوان و مەلـەنگ بـوو، خـودا خۆی شاهێدە ئەمن کە لە خیلقەتی ئەو خاتوونـە سـەرم سـوڕما بـوو، و هەرچەنـدە دەمەوێت باسی ڕواڵەتی ئەو خاتوونە بکەم و بیهێنمـە سـەر کاغـەز دەبیـنم نـاتوانم، کورت بڵێم خەریکی قسە کردن و عەیش بوین. تـا شـەش، حـەوت شـەو شـێومان خوارد و خەوتین.

لوتفعـەلی خـان لـە ڕووداوەکـانی ڕۆژی داهـاتوودا وادەنووسـێ: تـۆزێ خـانم ئەحواڵی ناخۆش بوو کە بڕێ دەرمان و دەوای خواردو ئێوارە حاڵی چـاک تـر بـوو و بەتەواوی ئاسوودەیە و بێ هیچ گیروگرفتێک لە خزمەت خانمـدا خـەریکی کنیـاک خواردن و تار لێ دان و قـسەی چـاک چـاک بـوین. هەرچەنـد کـە مێـردی خـانم پیاوێکی چاک و ساحێب ناو و نیشانە بەڵام خانم دەستێکی زۆری بە سـەری‌دا دەڕوا و هەرچێ خانم بیڵێت و حوکم بکات هەر ئەوەیە. بەڵێ کاتی نیوەڕۆ مێـردی خـانم ئاغای زیائیخان هاتنەوە، لە خزمەتیانـدا بـوین. خـانم فـەرموویان کـە دەبـێ پێـنج لوولەی خاڵی لە فتووگراف لە تاری لوتفعەلی خـان هـەر ئێستا بـۆ یادگـاری زەوت بکرێ، دەبێ فەرمانی خاتوون بـەڕێوە بچـێ، ئـەبێ هـەر جۆرێـک کـە ببـوای سـێ لوولەمان لە سێ دەستگای تار پڕ بکردبای و تا فەرمانی خـاتوون بـەڕێوە بچێ،خـانم زۆری پێی خۆش بوو، وتیان چاکتر بوو کە لولەیێکیش لە دەنگی خۆتان پڕکەن تا بـۆ یادگاری بمێنێ، وتم بە داخەوە کـە گـۆرانیم لانیـە، هەرچەنـد کـە گـۆرانی بـەیات ئیسفەهانی چاک دەزانم، کە چی خوێندم و لە فتوگرافەکەدا زەبتمان دەکرد. وتیان ئەوە چ شێعرێکە؟

وتم:

ئەگـەر تـۆ چـاوم لـێ دەکـەی کـاری مـن هـەرئاخ
هەڵکێـــــــــــــــــــــــــــــــــــشاندنە
ئـەی بـەقوربانی چـاوی تـۆ ئـەوە چ چـاو لـێ کردنـە
ئەڵـێی ئەگـەر تمـشای مـن لـە تـۆ چـاو لـێ کردنـە
تـا تـو لێـرەدابی کـاری مـن هـەر گونـاح کردنـە

خانم بە بزەیێکی جوانەوە گوتی: کەسێ بە ئێوەی نەوتووە کە تماشـای جـوانی مەکەن، تماشا کردنتان لە ڕووی هیچێکـەوە نیـە، وتم: نـازەنین هـەمووی نـازەنین دەبینێت.

بە کورتی: نەهاریان هێنا و خواردمـان، خـانم چـووە بـۆ دیوەکـەی و خـەوتن، ئەمنیش خۆمم خەریک بە لوولەکانی فتوگراف کرد، زۆرتر تاری میرزا عەبدوڵلا[٢١] کە بە گۆرانییێکی زۆر چاکەوە زەبت بوو چەند جار گوێم لێ گرت.

شوجاعوددەوڵە و جەشنی نەورۆزی ١٣٢٥ کاتێ کە بۆ تاران دوورخرابووەوە

شوجاعوددوەڵە بەبۆنەی گرتنی کچانی قووچانی لە تاران دا بەو پەری هـەژاری ونەدارییەوە ژیانێکی زۆر ناخۆشی بووە، دۆست و ڕەفیقـانی دەوروبـەری نۆکـەرەکان توانای ئەو ژیانە ناخۆشەیان نەبوو و هەر کامێکیان لە لایەکەوە هەڵدەهاتن. تەنانـەت چوارکەس لە نۆکـەرەکانی و لوتفعـەلی خـان کـوڕی ئـەڵاهیارخان دەرگـەزی کـە نووسەری ئەم بیرەوەریانەیە و لـە هـەموو کاتێکـدا لـە خۆشـی و ناخۆشـیدا لەگـەڵ شوجاعوددەولەدا بوون و نەیانهێشتووە تەنیا بێت کە لەم بـارەوە لـە ڕۆژی ئـاخری ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٥ مانگی ئاوا دەنووسێ:

٢١- لەسەردەمی ناسرەدین شادا کە بە ماوەی ٥٠ ساڵ بوو، سێ کەس لە تارژەنەکانی زۆر چـالاک لەدەرباری ئەودا هاتووچۆیان دەکرد کە بریتی بوون لە ئاغای عەلی ئەکبەر ئاغای غوڵام حوسـەین و میرزا عەبدوڵا تارژەن، سرگزشت موسیقی ایران، روح الله خالقی، ل٤٦

هێشتا کە دوو سەعاتی ماوە تا گەیشتنی ساڵی تازە، بە ڕاستی لە کاری ئەم دنیایەو لە کارەکانی خۆمان دا مات بووم و سەرم سوڕ مابوو و ئەم شەو کە شەوی جێژنە هەرکەسێ لە ماڵی خۆیدا لەگەڵ منداڵ و ژنی بەخەیاڵێکی ڕاحەتەوە دانیشتووە؛ بەڵام جەنابی شوجاعوددەولە و ئەمن لەگەڵ زۆربەییێکی‌تر غەریب و پەرێشان و سەرگەردان بوین و بە هیچ جۆرێ نەماندەزانی چیمان بەسەردێ و تاکەی دەبێ لە تاران بمێنینەوە و یان جارێکی تر دەتوانم بڕۆمەوە بۆ خوراسان یان نە؟ بەم جۆرە ئەمن و جەنابی شوجاعوددەولە لەبەر درگادا وکوو غەریب دانیشتبووین و سەیری ئەو خەڵکەمان دەکرد و تۆزێ باسی غەریبی خۆمان کرد و جارجارێک یەکترمان دڵداری ئەداوە تا کاتی مەغریب لەبەر درگای ماڵ کە لە ڕاستیدا دەم درگای دەوڵەتە دانیشتین و چایمان خوارد و لە هەمووشتێک باسمان کرد، ناردمان تۆزێ شیرینی لەبازار بهێنن، هێنایان و لەدیوەکەی خۆماندا دانیشتین و تەنیا هیوامان زاتی خودابوو، لە خزمەتیاندا گوتم لەبیرتان نەچێ ئەودەمانە کە وەکوو ئەمشەو کاتی جێژنە لە قووچاندا و چەندین کەس کە لە نێو قووچان و لە دەرەوەی قووچاندا لەبەر درگای دیواخانەکەدا هاتن بۆ خزمەتتان و تۆزێک ماتڵ بووبوون و ئەو هەمووە نۆکەر و حەشەمە لە خزمەتتاندا بوو کە ئێستا ئەمن و ئێوە لەم شارە غەریب و تەنیا و بێ ماڵ و هێلانە داکەوتوین.

ئەگەر بە هومێدی خودا جارێکی تر گەیشتنە ئەو پۆستانە نابێ ئەم دەسبەسەریە لەبیرببەنەوە و بە جۆرێک کە گوتوویانە:

«لە هەموو کاتێک دا ئەبێ شوکری خودا بەجێ بێرین» و هەروەها کە ئیمرۆ نەورۆزە، ماوەیکە کە لە خزمەتتدا بووم، جەنابی ئەمیر عەبدوڕڕەزاخان شوجاعوددەولەی کوڕی خوالێخۆش بوو ئەبولحەسەن خان لە تاران بوو و دوو بەرگ کتێبی ڕۆژنامەیەکەم نوسیوە و ئەمەسێهەمیەتی.[٢٢]

ئەم شەو شەوی جێژنە و هەرکەس خەیاڵی کڕین و دروس کردنی موبلی ماڵەکەیان و عەیش و عەشرەت دایە،ئێمەش لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە

٢٢- بە داخەوە تەواوی ئەو نووسراوانە جگە لە چەند لاپەڕەی هەمووی لەبەین چوون

دانیشتبوین و له خەیاڵی خۆماندا بوین و له دەریای خەم دا نـوقم بـووین و بـه ئـەم کـشتیه شـکاوەوه لـه قـوڕاوی تـاران دا ئومێـدی نـەجاتمان نـەبوو. جـار جارێـک هەڤاڵەکەم بەمن دڵداری ئەدا و جارێک ئەمن بەدڵی پڕ ئێش و دەردەوه بۆ دڵـداری دانەوەی ئەوان قسەم دەکرد. کورت باسی کەم غولام حـسێن خـان کۆنـه نۆکـەر و کەربەلایی نەقی میرئاخوڕ و دووکەسـی دیکـه کـه لـه ٥٠ نۆکـەرەکان مابوونـەوه و خۆیان بەوەفادار ناو ئـەبرد، لەگـەڵ تـەواوی کۆیلـەیی و برسـیەتی و چارەڕەشـی و غەریبی و چەند ساڵ دووری له ماڵ و منداڵ و شاری خۆیاندا ژیاون. له ئەوێ بـوون و لەحەوت سینی شەوی جەژنی نەورۆز باسمان کرد، وتم ئێمـەش حـەوت سـینی خۆمان مان هەیه:

سەفەر، سەرگەردانی، سەیر، سەختی کار، سستی لەش، سکووت و بێ دەنگی

بەڵێ، لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولـەدا، بەتـەواوی پەرێـشانی و بەدبەختیـەوه ڕۆیشتیم بۆ حەمام و هاتینه دەرەوه، لەو جیگاوه کـه هـیچ شـتێکمان نـەبوو، پـاش بیرێکی زۆر لەتێک کەل و پەلی ماڵ مابوو هەڵم گـرت و هـاتم بـۆ بـازاڕ، هەرچەنـد قیمەتی پێنج تمەن بوو بەلام بەهەر سەرافێکم دەدا کەبـەدوو تمـەن بیکـڕێت نـەی دەکڕی. لەشەقامی شەمسولعەمارەدا خالۆزاکەم بینی و باسی ئەمانم به تەواوی بـۆی کرد ئەویش به تەنباکۆ فرۆشێکی وت که دووتمەن بەمن قەرز بـدات. دووتمەنەکـەم وەرگرت و نزدیکی مەغریب هاتمەوه بۆ ماڵ، هەرچێکمان دەویست کڕیم و شەومان تێپەڕکرد.

ئەمرۆ که جەشنی نەورۆزه لەخەونی بێ خەبەری هەسـتاین و لەگـەڵ جـەنابی شوجاعوددەوڵه له نێوان باغچەدا تۆزێ گـەڕاین، جارجارێـک خۆمـان و جارجارێـک بەبێ وەفایی دنیا پێ دەکەنین، هاتینەوه بۆ ماڵ، چەندێک له پیاوانی دەولـەتی و... بەجلوبەرگی تەواو ڕەسمیەوه بەسلاو ناردنەوه ڕۆیشتن و بینیمان چۆن ئەمـرۆ ڕۆژی هەینییـە، وادیـاره زۆرتـری خەڵـکی تـاران بـۆ زیـارەتی حـەزرەتی عەبدولعـەزیم دەڕۆیشتن.

جەنابی شوجاعوددەولـە وتیـان: ئەگـەر ئێمـەش بمانتوانیبایـە بڕۆیـشتاین بـۆ حەزرەت عەبدولعەزیم، خراپ نەبوو عەرزم کرد: هەر چەند بـە ئـەم هـەموو خـەم و پەژارەوە نابێ لەسووچی دیوەکەمان بڕۆینە دەرێ. بەڵام لەبەر دوو شت ئەبێ بڕۆین. یەکەم ئەوەکە ڕوودەکەین لە درگای حەزرەت تا بەڵکوو بە هانامـان بگـات، دووهـەم سەرێکی خەڵکی ئەو ناوچە بدەین بەڵکوو دڵتەنگی لە دڵمان دەرچێ.

فەرموویان: بۆ خەرجی ڕێگە چی؟ دەبێ چی بکەین؟

عەرزم کرد: بەخەرجی شەوەوە ئەگەر بگەڕیتەوە ئاسودەین، دووسـێ تمـەنمان دەوێت، ئەویش ئەمن جۆری دەکەم؛ بەڵێ دووسێ تمەنم لەبرادەرێک قـەرز کـرد و فەیتونێکم لە نێو ڕێگادا دیت، سواری بووین لەفەیتوونچیەکەم پرسی چەندەمان لـێ دەستێنی تا ئێمە بەیتە حەزرەت عەبدولعەزیم؟

وتی: چون ئەمڕۆ جێژنە بە کەمتر لە دووتمەن نابێ.

ئەمن دیتم لەهەر بابەتێکەوە بەجەنابی شوجاعوددەولەم گوت: چاوڵی کـردن و سەیران و دانیشتن لە ماشین دا چـاکتر لەفەیتوونـە، قەبووڵـی کـرد و لەفەیتونەکـە دابەزین و ڕۆیشتین سواری ماشین بووین.

دوو ساعەت بە نیوەڕۆ مابوو گەیشتین حەزرەت عەبدولعەزیم و لە باخی سـەراج دا دابەزین و ئاسوەبوین بەڕاستی ئەمڕۆ ئەم باخە پڕ لـە حۆرییـە، نزیـک بـە پـەنجا، شەست خاتوون لە نێوان باخەکـەدا دەگـەڕان و قاقـای پێکـەنینیان وەکـوو دەنگـی کەوی دەشت گوێی پڕ دەکردەوە. لەگـەڵ جـەنابی شەجاعوددەولـە دەڕۆیـشتین، خاتوونێک بانگی لێ کـردم. چوومـە پێـشەوە ڕووبەندەکـەی هـەڵ داوە و چـاک و خۆشی لەگەڵم کرد، لەدیتن ڕووی وەکوو مانگی خانم شیت بووم، هەر ئەو خاتوونـە زۆر چاک بوو کە لەمەوپێش لەنێو ڕۆژنامـە دووهەمیەکـەدا باسـم لـێ کردبـوو دوای ئەوەکە تۆزێ قسەمان پێکەوە کرد، هاتمەوە بۆ خزمەتی جەنابی شوجاعوددەولە لـە ژێر دارێکدا دانیشتین، ئەو خاتوونەش لەگەڵ چوار خاتووندا هاتنە لێو حەوزەکەو لـە نزیکی ئێمەدا دانیشتن. باخەوانی باخەکەم بانگ کرد و دیـوێکم دەویـست ئـەویش درگای دیوێکی کردەوە و ئەمنیش پارەیێکم پێ دا و پێم وت کە بچێ کـەواومان بـۆ

بێنێ، خانمیش تۆزێ نوقڵی پێماندا؛ بەڵام کەم بوو جەنابی شوجاعوددەولە وتی: خانم ئێمە دووکەسین لە دیاری ئێوە غەریبین، ئەگەر دەکرێ تۆزێ زۆرترمان پێ بدە، خانم بانگی لێم کرد ڕۆیشتم، وتیان شوجاعوددەولە چی دەڵێ؟

وتم: جەناب و ئەمن دەڵێین ئێمە لەم شارەدا غەریبین و لەم مڵکەدا فەقیر و بەکەمەندی تۆ گرفتار و بەدوای تۆ دەربەند.

وتیان: ئێوە نە دەربەندن و نە فەقیر و نە کەسێ بۆ ئێوە داوی داناوە.

وتم: مەبەستم ئەوەیە کە تۆزێ نوقڵی زۆرترمان پێ بدە، لەم نێوانەدا لە خزمەتی خانمدا شووشەو ئیسکانم دیت.

وتم: خانم نوقڵ و مەی لەگەڵ یەکتردا خۆشە و هەڵبەت شێعرەکانی قائانیش خراب نیە کە دەڵێ: «کە واجبە نوقل و مەی بۆ مەی خۆر»

برێ لەم باسانەمان کرد و لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە دا هاتین بۆ دیوەکەی سەرۆی باخەکە کەبابەکەیان هێنا خواردمان خەریکی خواردنی چای بوین کە خانم هاتە سەر، لە دەم درگاکەدا ئیستکانێ چای خوارد و تۆزێ قسەی کرد، لەم ماوەیەدا جگە لەدووچاو و برۆی خانم شتێ دیار نەبوو.

هەڵبەت هەر جوانیێک کە بێت لە چاو دایە، چاکە کە ئەم چاو و برۆیە کە لە ئەسڵدا تیری موژگانی ئەم خانمە پیاو کوژەیە وەکوو شێعرێکی قائانی هەر لەم بارە وتوویەتی: «موژە مەڵێ کە تیروکەمانی کێشاوە»

بە ڕاستی لە هەوەڵ ئەم قەسیدەدا کە ئەڵێ: دوێنێ شەو ئەم سینەڕێزە شووشەییە و هەتا ئاخر. لەوەسفی ئەم خانمەدا بووە، بیستن کەی وەکوو دیتنەوەیە.

بەڵام لەم ماوەیەدا ئەسەدوڵلا کە لەنۆکەرەکانی خانم بوو وتی: فەیتوونەکە ئامادەیە. خانم وتی: فەیتوونەکە ببە لادەرەوەی باخەکە و لە نێو دەشتدا ڕای گرە، منیش پاشان دێم، وتم: خانم دەبێ پێکەوە بچین، وەکوو نۆکەرێک لە ئێرەوە تا دەم درگای فەیتوونەکە لە خزمەتی ئێوەدا دەبین؟

وتی: زۆرچاکە بەڵام ئێستە ئێوە تۆزێ لە پێشەوە بڕۆن تا لەشەقام و ئەم خەڵکە دوورەوکەون تا منیش بە ئێوە بگەم.

لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە ڕێی کەوتین و لە نێوان دەشتەکەدا ڕاوەستاین تا خانم وەکوو تاوسێکی مەست لەگەڵ دووژنیتردا هاتن.

وتم بەخانم کە شێخ سەعدی شتێکی گوتووە بۆ ئەم کاتە زۆر باشە. ئەگەر دەستوور دەفەرمووی تا بیلێم (ئاخر ئەم خانمە لەسەوادو خەت و زانستی شێعردا، بەناو بانگە) وتی: بیخوێنە.

وتم: ئەمە تۆی لەگەڵ مندا و هاواری ڕەقیبان بەدوایدا.

و ئەوە ئەمنم کە لەگەڵ تۆدا ڕێگەی دەشتم لە پێش دایە.

بە بەختی خۆم باوەڕم نیە کە تۆ میوانی منی.

ئەو دەمە ئیتر چادری سوڵتانی هی دەروێشە.

خانم تاریفی لێم کرد و وتی: بۆچی ئەو پارچەیەت نەخوێند کە دەڵێ:

چلون بە دەست هاتوویی ئەی لە تاقەت زۆرتر.[٢٣]

چی عەرز کەم کە بیستنی ئەو پارچە شێعرە لە زمانی خانمەوە چەندە شیرین بوو و چەندە کاریگر بوو، کورتتر باسی کەم بەدەم قسە کردنەوە لە نێو سەوزەلانیەکاندا هاتین تا نزیکی ڕێگە کە فەیتوونەکەی خانمیان ڕاگرتبوو. خانم ماڵئاوایی کرد و سواری فەیتوونەکە بوو و چوو بۆ شار.

٢٣- ئەم غەزەلەی سەعدی ئەوا دەست پێ دەکا:

هەر کەسێ هەوەسێکی لەسەردایەوکارێکی لە پێش
ئەمنی سیابەخت گرفتاری هەوای دڵی خۆمم
قەت لەوە بیرم نەکردووەتەوە کە تۆلەگەڵ من بی
چۆن بەدەست هاتوویی ئەی جوانی لەوەش کە دەمویست زۆرتر
ئەمە تۆیی لەگەڵ من و هەرای ڕەقیبان لە دوومدا
وئەمە ئەمنم لەگەڵ تۆ ڕێگای دەشتم لە پێشە
هەروا داخی جیایی تۆ جەرگم دەسووتێنێ
مەگەر وەکوو مەرهەمێک بنیتە سەردڵی لەت لەتم
ئەی کە وتت بەخەیاڵەوە دڵ مەدە و عەشق دامەنێ
ئەمن ئاوام وتۆ بڕۆبیرێک بۆ خۆت بکەرەوە

وتم: ڕۆیشت لە لای ئێمە. ئەوەی کە وەکوو بەلا بۆ گیان بوو

لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولـەدا بـە لەشـێکی پەرێـشان و دڵـێکی لەدەسـت ڕۆیشتوو ڕوومان کرد لە حەزرەت عەبدولعەزیم.

وتم: چیرۆکی ئەمڕۆی ئێمە هەر ئەو چیرۆکەیە کە نزامی دەڵێ:

شەهبازێ لەسەر دارێکی سەرودانیشت

کە تەزەروێک بۆ خۆی ڕاوکات

و هەتا ئاخر:

زۆرتری ئەم شێعرانە چاکترە کە ڕاوچییێکی تر، ڕاوچی ئەم ڕێگەیە

پام قەت نانمەوە لەم باخەدا

بەبیرهێنانەوەی ڕاو دڵم داخی دەکرد

بەم جۆرە لە شۆفێری ماشین ئیجازەی سوار بوونمان گـرت و سـواری ماشـین بووین و لەدەرگەی دەروازەی شاردا دابەزین و فەیتوونێکمان پەیدا کرد و سوار بـوین و هاتینەوە بۆ ماڵ.

ڕۆژی شەممە دووهەمی خاکەلێوە، گەورەکانی قووچانیش فەیتونێکیان گـرت و بۆ سـەیاحەت دەچـن بـۆ بەهجـەت ئـاوای تـاران، لـەو جێگـەوە کـە خـودا یـاری موحتاجەکانە، بەبێ پارە بەو ئاوارەییەوە کەرسـتەی عـەیش و نۆشـیان بـۆ دەگـات. لوتفعەلی خان بەم جۆرە هێناویەتی کە: لەبەر دەرکەی باخی بەهجەتئاوا دابـەزین، چەند نەفەرێک لەخەڵکی تاران لە ژێر دارێکدا خەریکی تارژەنـدن بـوون و گۆرانیـان دەوت. دەنگی تارەکە ئێمەی ڕاگرت، تۆزێ گوێمان بۆ دەنگـی سـازە کـە ڕاگـرت و تۆزێکیش ئەمن تارەکـەم هەڵـگرت و ژەنـدم هـەموان مـاق بـوون و دوو ئیـستکان چاییمـان خـوارد و بـەڕێکـەوتین لەگـەڵ جـەنابی شوجاعوددەولـە لـە قـەراخی ئیستەخرەکەوە دەڕۆیشتین، تۆزێ بۆ غەریبی ئەم سـەفەرەی خۆمـان دڵـتەنگیمان کرد و ئەمن دڵداریم داوە و وتم هیوا دارم کە هـەرچی زووتـر ئەسبابی ئـازادی ڕێ بکەوێت و حەزرەتی ئەجەل لە حکوومەتی قووچاندا ببینم.

لەم ماوەیەدا چوارکەس لە فەیتوونێک دابەزین و هاتن بـۆ ئیـستەخرەکە یـەکێ

لەم خانمانە زۆر جوانە و ئەوی‌تریان خراپ نیە و دوو نەفەری دیکـەیان قەرەواشـن، لە نێو فەیتوونەکە چەند شووشە لیمۆیان بۆ خانم هێنا، ئەمن وتم ئەم لیموانە ئەسـڵ نیـە،خانم بیـستی و وتی: ئەگـەر حـەز دەکـەی وەرە بیبـە. ئـەمنیش لـە خـودام دەویست، دەست بە جێگە ڕۆیشتم بۆ خزمەتی خانم. خانم شووشـەیێک لیمـۆی دا بـە مـن، وتم ئـەمن ڕەفیقیـشم هەیـە وتی: کێیـە؟ وتم: شوجاعوددەولـە. وتی: شوجاعوددەولەی قووچان هەر ئەم پیاوەیە؟

وتم: بەڵێ شووشەیێکی‌تریان پێم دا ئەوەندە مەحوی نیگای ئەم خانمـە بـووم کە لە لیمو بردن و لەڕۆیشتنەوە بۆ لای شوجاعوددەولە و یا دانیـشتن لـە خزمـەتی خانمدا هیچم بەبیر نەهاتەوە.

لیمو لە دەستمدا بوون و نزیکی نیووسەعات بـێ خـۆ وەسـتابووم کـە هـەرچی خانم دەیگوت بۆ کردنەوەی درگای شووشەکە پێچت هەیە؟ من ئەبەدەن گوێم نەی دەبیست چی دەڵێن، تەواوی دم و چـاوی خـانم وەکـوو هـەتاو دەگەشـاوە، خـودا شاهیدە جوانی و قسە کردنی ئەم خانمـە دوور لـەباس کـردن و تـاریف دانەوەیـە و نانووسرێ...

شوجاعوددەولە و لوتفعەلی خان شەو دەگەڕێنەوە بۆ شار و شـەو لەگـەڵ ئاغـا میرزا ئەسەدولّلا خەریکی خواردنی ئاوگۆشـتێک ئـەبن کـە دروستیان کـردووە و بـەیانی زوو ڕۆژی سـێهەمی خاکـەلێوە لـە خـەون هەڵدەسـتێن و هـەرکامێکیان بەلاییێکـدا دەچـوون. شوجاعوددەولــە کەوتـە دوای کـاری حکوومـەتی خـۆی. لوتفعەلی‌خانیش کە ئاوارە وبێ‌خەرجی بوو چاکتر وای دیت کە بۆ تێرکـردنی سـکی بڕوا بۆ ماڵ ڕەفێقە باوەفا و چاک و جوانەکەی خۆی (تەلعەتوسەڵتەنە) جۆرێـک کـە دەڵێ: ئەمنیش ماوێیک بوو کە لـە خـانم... خەبـەرێکم نـەبوو و زۆر پەکـەر بـووم، چارەیێکم جیا لەوە کە بچم بۆ ئەوێ نەبوو، زۆر پەکـەر بـووم ڕۆیـشتمە مـاڵ خـانم، دیتم چەند ژنی دیکەش لەوێ بوون و مەجلسێکیان هەیە و دەنگی پێکەنینەکـەیان تا نێوان شەقامەکەش دەچێ. خانم تەلعەتوسەڵتەنە ڕۆیشتنی منی زۆر پـێ خـۆش بوو و سەندەڵییێک لە دەرەوەی دیوەکەوە بوو، دای پـێم و دانیـشتین، سـەنتوورێکم

لەوێ دیت، پرسیارم کرد وتیان ساحێبەکەی لێرەیە و هەر کاتێک دەتەوێ دەنگی ببیستی وەرە نێو دیوەکەوە کە چوومە نێو دیوەکەوە دیتم خۆرئاوایە و شەرابێکی زۆریان داناوە، یەکێ لە خانمەکان شەرابێکی بۆ هێنام، وتم لێم ببوورە حاڵم زۆر چاک نیە، ئەوەش ئێستا کاتی خواردنی مەشرووب نیە.

یەکێ لە خانمەکان وتی: بەڕاست کە خەڵکی خوراسانی!

وتی: بۆ خواردنی مەشرووب بۆ بەڕێزتان هیچ کاتێک وەکوو ئێستا باش نیە ئەیزانی و ئێستا لێرەدا پێنج شەش خانم حازرە بۆ مەجلیسی مەشرووب و ساز و گۆرانی، واچاک ترە چۆن تاریکی چاک لەسووچی دیوودا هەیە و تۆش خۆت تارژەنێکی چاکی و لێرەدا هەیت، دووهەم ئەمە سەنتوور و سەنتوورژەن یانێ ژنێک زۆر جوان حازرە و گۆرانی بێژی چاوەڕەش کەهەیە، ئیتر بەم شتانەیشەوە دەڵێیت کاتی نیە؟ بەس دەبێ بڵێین خوراسانیت، ئەم خانمە کە ئەم قسانەی کرد لە خانمە زۆر ڕێکوپێکەکان بوو لە پێویستی بە تاریف نیە.

بەڵێ بەم جۆرەلوتفعەلی خان لە کەری شەیتان هاتە خوار و یا چاکتر بڵێین سواری کەری شەیتان بوو، تارەکەی هەڵ دەگرێ و بەساتێ عەیش بەرپا دەبێتەوە تا شەو لەوێ دەبێ بە جۆرێک کە خۆی دەڵێ و مەجلیس گەرم و نەرم بووە و خانمەکان بە بۆنەی کەیفی مەشرووب و دەنگی سیمی تار و سەنتوور کە پێکەوە کۆکیان کردبوو خەریکی هەڵپەڕین و خوێندن بوون. جوانی ئەم خانمانە کە پێنووس لە باس لێ کردنیان عاجیزە، لە بەیانیەوە هەتا خۆرئاوا کە تۆزە تۆزە، تیشکی مانگ لەسەر جەماڵی ئەم وەکوو مانگانە دەرکەوتووە...

تاشەش حەوت سەعاتێک لەشەو بە خۆشیەوە تێپەڕ بوو... بۆ بەیانی سێ ساعەت لە ڕۆژ ڕۆیشتبوو، هەستام لەخەو و هەر جۆرێک بوو خۆم لە دەست ئەو خانمانە خەلاس کرد و هاتمەوە بۆ ماڵ و لەگەڵ جەنابێ شوجاعوددەولە ڕۆیشتین بۆ دیتنی جەنابی میرزای بابای موشیروديوان قووچانی کە ئەوانیش خەڵکی قووچانن و یەکێ لە مونشیەکانی شوجاعوددەولە بوو و لە قووچانەوە هاتووە بۆ تاران

و ماوەیکـە لـە خزمـەت موشیروددەولـە[٢٤]دا خـەریکی کـار کردنـە و ئێستا کـە گەیشتوونەتە مەقامی سەرۆکایەتی ئێران، ئاغای میرزا باباش گەیشتوەتە مەقامێ کـە گەورەکانی دەوڵەت بۆ چاک کردنی کارەکانیان بێ شک و لەڕێ ناچاریـەوە دەچنـە دیداری موشیروددیوان، وەکوو ئەوە کە لە قووچاندا لەمەجلیسی شوجاعوددەولە بێ سەردانەواندن و بی ئیزن نەیدەتوانی دانیشێ و ئێستاش فـەرق[٢٥]و توافـەتێک هەیـە زۆر جار بیستوومە کە پارە دێنن، بەڵام پیان دەداتەوە، ئەگەر کەسێک بـۆ چارەسـەر کردنی کارێک بە دزیەوە شتێکی پێ بدەن وەری ناگرێ[٢٦].

بەڵی ڕۆژی دووشەممە دەهەمی ساڵی ١٣٢٥ کە بەرانبەر بـە چـوارەمی خاکـە لێوەیە، جارێکی تر لەماڵی تەلعەتوسەلتەنەوە دێن بە دوای لوتفعەلی خاندا کـە بـڕوا بۆ ئەوێ، ئەویش کە بۆ نیوەڕۆ نانی بۆ خواردن نیە،بۆیە باشترم وادیت بچـم بـۆ مـاڵ

٢٤- موشیرودەولە، میرزانەسروڵلاخان سەدر ئەعزەم ئێران لە کۆتایی دەسەڵاتی موزەففەرەدین شـا و سەرەتایی پادشایی موحەممەدعەلی شا دا، خەڵکی نائینی ئیسفەهان بـووە ئـەو لـەزەمانی مـیرزا عەلی ئەسغەر خانی ئەتابەکدا بووە بەوەزیری نـاوخۆ و پاشـان بـووە بـە وەزیـری دەرەوە و نازنـاوی مسباح ئەلمولووک بووە لە ساڵی ١٣٠٨ی مانگی دا نێـوی موشیرولمولـکیان پێـدا. دوای کوشـتنی ناسرەدین شا لە ساڵی ١٣١٣کە موحسێن خان موشیروددەولە لە پاریـسدا کـۆچی دوایـی دەکـات، ئەتابەک میرزا، نەسروڵلا خانی لەوەزارەتی شەڕەوە هێناوە و کردی بـەوەزیری دەرەوە و لـە سالـی ١٣١٧ بە موشیروددەولە ناوی دەر کردووە. موشیروددەولە لە ساڵی ١٣٢٤ بووە بە وەزیری یەکەم و لە شەعبانی هەر ئەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد. موعین، بەرگی ٦ لاپەڕەی ١٩٨٧

٢٥- لەم بارەوەیە کە شێخ سەعدی (ڕەحمەتی خودای لێ بـێ) فەرموویـەتی: هونەرمەنـد بـۆ هـەر جێگایێک بڕوا، قەدر دەبینێ و لەسەرەوە دادەنیشێ و لەبارەی حـاڵ و ڕۆژگـاری شوجاعوددەولـە و حاج میرزا بابا مونشی دەبن. جارێکی تر بەهونراوەی سەعدی ئیشارەبکەین کە دەڵی:

ئـەوەی لـە دێ لـە دایـک بـوو بـە زانـا   بـــوون بـــە وەزیـــری پادشـــا

کورەکـــانی وەزیـــری بـــێ عـــەقل   بـــۆ سواڵـــکەری چـــوون بـــۆ دێ

٢٦- بە داخەوە یەک لاپەڕە لە باسەکانی لوتفعەلیخان کە باسی موشیروددیوان زەعفـەرانلوو بـووە لێرە داکەوتووە و گوم بووە.

تەلعەتوسەڵتەنە. سپاس بۆ خودا خۆشمان ڕابورد و شەویش لەوێ بوین.

ڕۆژی سێ شەممە یازدەهەمی سەفەریش لە ماڵی خانم ماینەوە و زۆر خۆشمان ڕابوارد، ڕۆژی چوار شەممە شەشەمی خاکەلێوە کەسێ خەبەری هێنا کە دووسبحەینێ حەزرەتی ڕوکنوددەوڵە عەلینەقی میرزا برازای ناسرەدین شا ئەکەونە ڕێگە لەم خەبەرە زۆر دڵم گیرا. چون دەزانم جەنابی شوجاعوددەوڵە ئەگەر سێ چوار چەکی نەبێ، ناتوانن ڕێ بکەون و لەم دوورڕۆژەیشدا مەحاڵە، بەم جۆرە بیرم کردەوە کە ئەگەر جەنابی شوجاعوددەوڵە دوای ڕۆیشتنی حەزرەتی والا لەم شارە بمێننەوە هەموان پرێشان‌تر دەبن.

چۆن ئەوان لە مێژەوە چاوەڕوانی ئەم کاتەبوون بەڵکوو پارەیێک پەیدا ببێ، بەرنگاری چوونی دەبن و بەم جۆرە حاڵەتی من زۆر خراپە کەبە بۆنەی وجوودی ئەم پیاوەو لەهەموو جێگەیێک ماومەتەوە و ئەوانیش کە حاڵ و وەزعیان و شێوەی ڕەفتاریان دیارە.

هەر جۆرێک کە بوو بە حاڵەتی خەون و یاوەوە دووسەعات لەشەوڕۆیشتبوو، ڕێکەوتین بۆ ماڵی جەنابی ئاغای ئەعزەمولمولووک کە مونشی باشی و سەرۆکی درگای والا حەزرەتە، ڕوکنوددەوڵە ڕۆیشتن چۆن ماڵیان زۆر دوور بوو بە زەحمەتێکی زۆرەوە گەیشتنە ئەوێ، دام لە درگا یەکیان هات و وتی هێشتا لە ماڵ شازادە نەهاتووەتەوە زۆر حاڵم تێک چوو لە ژێر بەرهێوانەکەدا دانیشتم. و کاغەزێکم بۆ خزمەتیان نووسی و دام بە دەست نۆکەرەکەیانەوە و لەوێ هاتمەوە و لە شەقامی چراگا، دیتم جەنابی ئاغای ئەفزەلوددەوڵە بەسواری دێت، سلاوم لێ کرد، جوابی دامەوە و خێرا دابەزی دەستی یەکترمان گرت و ڕێگایێکی زۆر پێکەوە هاتین و ئەو شتانەی کە دەمەویست لە خزمەتیاندا عەرزم کرد و ڕامسپارد کەهەر بەو جۆرە دەبێ بە حەزرەتی والا شازادە ڕوکنوددەوڵە سەرۆکی نوێ خوراسانی ڕابگەیەنێ، ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ سەفەر ١٣٢٥ ڕێکەوتە لەگەڵ ٧ی خاکەلێوەی ١٢٨٦ کە موشیروددەوڵە دەمرێ، ڕێکەوتم و گەیشتمە ماڵ جەنابی ئەفزەلولمولک و ڕۆیشتمە خزمەتی، فەرموویان حەزرەتی والا مەرحەمەتیان فەرمووە و بە ئێوە ئیزنیان داوە

بێنە خزمەتی، دووسبحەینێ دووشەمەیە بچن بۆلای موبارەکیان. لەوێ هاتمەوە بۆ ماڵ خۆمان بۆ خزمەتی شوجاعوددەوڵە دوو شەوە کە من نەبووم و لە ماڵی خانم تەلعەتوسەڵتەنە بووم تۆزێ پەشێو بوو تا ئەوەی کە تۆزە تۆزە چاک بوومەوە.

گوتم پایەبەرز ڕوکنوددەوڵەی نۆهەم[27] ئەم مانگە کە پێنج ڕۆژی دیکەیە کەونە ڕێ و بەڕێزتان کە لە لایەن ئاسەفوددەوڵەوە بێ کار کراون و ئێستە کە ئاسەفوددەوڵە حکوومەتی خوراسانی لێ وەرگیراوەتەوە و دوو ڕۆژی پێش ڕەوانەی تاران کراوە و شازادەش تا چەند ڕۆژی داهاتوو دەچنە ئەوێ و من سوور دەزانم ئێوەش دەبێ بچنە تاران و قەت وەرناگەڕێنەوە.

بەڵێ ئەم باسانەی کە بۆ بەڕێزیانم گوت زۆر قازانجی هەبوو و تا دەوروبەری یەک سەعات بیری لێ کردەوە و حاڵی گۆڕا.[28] گوتم: لەم نیوەشەوەدا خەم و خەفەتی پێ ناوێ و لەم کاتا سەر خۆش بوون خۆشە؛ بەڵام بەیانی کاتی بەرلەبەیان دەبێ وەڕێ کەوین، بەڕێز حاجی ئەمینوززەرب و ڕەیسوتوججار و سەیید عەلیش دەبێ ببینم و پێیان بڵێم من دارو نەدارم هی ئێوەیە و بەهەر جۆرێک دەبێ بەڵکوو بە قسەم بکەن لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی خوراساندا بۆ قووچان بڕۆم.

بەڵێ بەهەر شێوەیەک بوو تۆزێ ڕامبوارد و هاوکات شەرابی گێلاسیشم دەخواردەوە و بەڵام بیرم هەر بە لای زێد و ولاتەوە بوو.

ڕۆژی هەینی ١٤ی سەفەری ١٣٢٥ بەرانبەر بە ٨ی خاکەلێوەی ١٢٨٦ سەعاتێ پاش ئەوەی تیشکی خۆر دەربێ، وەڕێ کەوتین، بەڕێز شێخوددەوڵە بەیانی زوو

٢٧- پێم وایە لوتفعەلی خان حاڵی لەسەر خۆ نەبوو بەروارەکەی بەهەڵە نووسیوە، ناوبراو ئەم وتانەی لە بەرواری سێزدەی سەفەردا گوتووە کە دەبێتە شەوی چواردەی مانگ، دەی بەم شێوە نۆزدەهەم دروستە.

٢٨- لەدانیشتنی ئەنجومەنی شۆرای نەتەوەییدا هەر لەبەرواری ١٣ی سەفەری ١٣٢٥ هەمیسان باسی دیلە قووچانیەکان لە لایەن سەید حەسەن تەقی زادەی نوێنەری ئەنجومەنی نەتەوەییەوە بەم شێوەیە خرایە بەردەست، سەبارەت بە دیلەکان دادگا تا ئێستا چی کردووە؟ ئەمە سێ ڕۆژە ئاسەفوددەوڵە لە خوراسانەوە هاتۆتەوە چی کردووە. (کۆچی مێژووی کورد بۆ خۆراسان، بەرگی ٣، ل٣٠٧)

خۆی گەیاندبووە ماڵی ڕەئیسووتتوجار...

ڕۆژی شەمەی ١٥ی سەفەر ڕێکەوت لەگەڵ ٩ی خاکە لێوەی ١٢٨٦ کاتی دەرهاتنی تیشکی خۆر لەخەو ڕاپەڕیم، بینیم هەموان نووستوون، لە بەر ئەوە لە لایەن ئەفزەلولمەلیکەوە بۆ خزمەتی شازادەی ڕوکنوددەولە دەعوەت کرابووم بەڕێ کەوتم و خۆم گەیاندە ماڵی بەڕێزیان و بەڕێز ئەفزەلولمەلیکیش هاتبوون و گەیشتنە خزمەت شازادە زۆربەخێر هاتنی منی فەرموو و نووسراوەیێکی نووسی و وەهای نوسیبوو:

«بەڕێز و پایە بەرز ئەفزەلولمەلیک مونشی باشی»

موعتەمیدوسولتان لوتفعەلی خان سەرتیپ لە پیاوە خۆشناوەکانی دەرەگەزە و لە ڕۆژگارانی دوورەوە خزمەتگوزاری کردووە و هونەرمەندێکی خۆش خەتتە و ئێمە زۆر خۆشمان ئەوێ یان لە دارولئینشا کارێکی بۆ بدۆزنەوە یان کارێکی لە شانی خۆی دا پێی بدەن تاکوو بێکار نەمێنێتەوە

منیش زۆر سپاس بەڕێزیانم کرد و هاتمەوە بۆ ماڵ لەبەر ئەوەی داوبسەتەکەی شوجاعوددەولە و ڕەیسوتتوججار ماوەیێکی زۆر بوو هەروا مابووەوە و هەر لایەک بە خەیاڵی خۆیان حەسێبێکیان دروست کرد بوو بە کاری ئەوی تریان نەدەهات و شوجاعوددەولەش چەندین جار سەبارەت بەم حەسێب و کتێبە لەگەڵ سەید عەلی قومیدا قسەی کرد بوو. منیش پێیانم ڕاگەیاند بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، داواتان لێ دەکەم بچین بۆ ماڵی ڕەیسوتوججار، بۆیە پێش ئەوەی ئێوارە بێت چوین بۆ ماڵی ڕەیسوتوججار و چایێکمان خوارد و خێرا گوتم جەنابی شوجاعوددەولە تەشریفیان هێناوە و دەبێ هیچ حەسێب و کتێبێکتان پێکەوە نەمێنێ.

بۆیە هەردوولایەن حەسێبی خۆیان دەرهانی و من هەرچێ کە ئەوان گوتیان نووسیمەوە و حەسێبیان لەدەوروبەری ١٣٠هەزار تمەندا بوو، بۆشەست هەزار تمەنی برێ لە خەڵکی قووچان دراو ڕەیسوتوججار ١٣ هەزار تمەنی بە شوجاعوددەولە بەخشی.

بۆ ٥٠ هەزار تمەنی دیکەش بڕیار درا بەیانی بەڵگەی بۆ بکەینەوە تاکوو قاسم

ئاوای قووچانی لە باتی پێی بدرێ، بە ماوەی ٣ ساڵ و دەبێ ڕەیسوتوججاریش ٣ هەزار تمەن بدات و بەڕێز شوجاعوددەولە لەگەڵ شازادەدا ڕەوانەی خوراسان بکات.

لەبەر ئەوەی هەمووی ئەمانەی کە گوتم من نووسیبووم لەم نامیکەیەدا نووسیم کە بڕیارمان لەگەڵ ڕەیسوتوججاردا ئەوە بوو شوجاعوددەولە لەگەڵ شازادەدا بڕوات بۆ خوراسان، ئەگەر وا نەبوای داوبسەتەکە هەڵدەوە شایەوە. هاتمەوە بۆ ماڵ پاش نیوەڕۆ لوتفعەلی خان و شوجاعوددەولە بۆ سەیران دەچن بۆ شەقامی عەلائوددەولە کە دەڵێ:

••• لەوێوە گەڕاینەوە بۆ ماڵی خۆمان، بەرپرسانی دیوانی تازە لە قووچانەوە گەڕانەوە، شوجاعوددەولە زۆر ڕیزی بۆیان دانا.

تازە سەعاتێ لە شەو تێپەڕیبوو، بەڕێز شوجاعوددەولە بەمنی ڕاگەیاند بەڕێ بکەوین و بچین بۆ ماڵی خانم... بۆ ڕابواردنی کات منیش گوتم ئێوە بچن با من تۆزێ تەنیا بمێنمەوە پێم وابوو لەوێ ناتوانم خۆش ڕایبوێرم کەچی پاش چوونی شوجاعوددەولە زانیم لەوێ دەخەوێ ونایتەوە منیش لەگەڵ غولامحوسەین خان و موحەممەدخان وسێ کەسی تر کە لە ماڵ بوین، سازو گۆرانی وشەراومان تەیار کرد.

پێوەندی و گیروکێشەی شوجاعوددەولە لەگەڵ ئەمینوززەرب و ڕەیسوتوججاردا

لە بەرگەکانی پێشوودا و لە لاپەڕەکانیتردا تا ڕادەیەک لەم بارەوە باسمان کردووە کە ئینگلیزییەکان بۆ لە ناو بردنی بنەماڵە بەناوبانگەکانی کورد لە خوراساندا واتا ئیلخانییەکانی زەعفەرانلوو لە قووچان و شادلووەکان لە بجنوورد.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە گەلاڵەی زۆریان بەدەستەوە بوو کە یەکەمینی لە ناو بردنی ڕەزاقولی خانی زەعفەرانلوو بوو کە لە شەڕی دژ بە نایبوسەڵتەنە لە ناوچوو، کوردەکانی خوراسان تووشی خەساری زۆرکران.

پاش کوژرانی سام خانی ئیلخانی زافەرانلوو، ڕەزاقولی خانی کوڕی کە ئالاهەڵگری هەرات بوو و پاشان هەر ئەم عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولەیە کە

خواوڕاستان پیاوێکی خوێڕی و بەرەڵا بوو، کەوتە دوای ئینگلیسیەکان. کوژرانی سەردار موعەززەز بجنووردی بە دەستی ڕەزاشای نۆکەری ئایرۆنسایدی ئینگلیزییەکان بۆ ڕاگرتنی ئیلخانیەکانی کورد لە خوراساندا بەرنامەی باشیان تەیار کرد و تەنانەت لە قووچانیشدا بە لێدانی نووسینگەی شەریکەی نەتەوە بۆ دوژمنی کوردەکان و هەروەها لەسەردەمی موحەممەد ناسرخانی شوجاعوددەولەشدا بارودۆخی کوردەکان لە لایەن ئەوانەوە ئاڵۆز کرا، ئەمینوززەرب و ڕەیسوتوججار کە هەردووکیان ئامۆزای یەکتر بوون لەبنەڕەتدا لە یەهەموودییەکانی ئێسفەهان بوون کە لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتی قاجاڕدا دەسەڵاتیان وەدەست هانی و لە باری ئابوورییەوە گەشەیان کرد و بەم شێوەیە خەریکی کڵاو بەسەرنانی پاشاو دەسەڵاتدارەکانیتری ئێران بوون، ڕەیسوتوججار لە خوراسان و ئەمینوززەرب لە تاران خەریکی فێڵە و مەکری خۆیان بوون. ئەم دووکەسە توانیان شوجاعوددەولە بێدەست بکەن و دەسەڵاتی قووچانی لێ وەربگرن و هەمیسان بۆ ماوەیێکیتر ڕەوانەی قووچانیان دەکردەوە و هەمیسان بێدەسەڵاتیان دەکردەوە.

ئێستاش لە دەوروبەری ٣ ساڵ دابوو شوجاعوددەولە لە تارندا لە ژێر چاوەدێری بوو، لەبەر ئەوەی دەوڵەت و ئەنجومەنی شۆرای نەتەوەیی و دادگا و سەدرئەعزەم و مەشرووتە و پادشا هەمووی خۆیان بوون.

بزانین لەم بارەوە لوتفعەلی خان چی نووسیوە: دەوڵەتێ کە خوداویە ؟؟

ڕۆژی یەکشەمەی ١٦ی سەفەری ١٣٢٥، پاش دەرهاتنی تیشکی خۆر چایم خوارد و بارانێکی خۆش لەسەر خۆ دەباری، دارچرۆی دەرکردبوو زۆر خۆشە! چووم بۆ ماڵی ئەمینوززەرب، ڕەیسوتوججار لەحەمام دابوو. سی کەس چاوەڕێی هاتن بوون، بەخێر هاتنی کردین، ئەم پیاوە، زۆر عاقڵ و زیرەک و زانایە و پیاوێکی پیاوانە و خاوەن ڕەحم و بەزەیە و هەروەها ماڵ و منداڵی زۆر و باشی هەیە.

بەڵێ هەرکەس ئەم هەموو گەورەییەی بێ دەتوانێ ماقووڵ بێ؛ بەڵام پیاوێکی خوێڕی وەکوو شوجاعوددوڵەش هەمووی ئەمانە بە با دەدات و بۆ ئەوەی بێ عەقڵ و بیرو ئەندیشەیە، حاجی ئەمین بەم گشتە ماڵ و پووڵ و پارە بەم هەموو منداڵ و

ژنی باشەوە لەگەڵ گەورەدا گەورە و لەگەڵ بچووکدا بچووکە، لە خوراساندا زۆرکەس هەن کە دەوڵەمەندیش نین، بەڵام زۆر لەخۆ بایین.

ڕەیسوتوججار لە حەمام هاتە دەرێ لە نێوانی باخچەدا تۆزێ پێکەوە قسەمان کرد و فەرموویان من دەچم بۆ خزمەتی ئاسەفوددەولە و زوو دەگەڕێمەوە و ئێوە لێرەدا ڕاوەستن تا دێمەوە. منیش لە خزمەت میرزا حوسەینی قەزوێنیدا پێکەوە دانیشتین و پاش دوو سەعات ڕەیسوتتوججار گەڕانەوە.

خزمەتەکانم لە نەبوونی شوجاعەدەولەدا کرد، وادابین کرا کەسێک نووسەر بێت و بەڵگەی ماڵەکەی شوجاعوددەولە ودانی ئەوبە ڕەیسوتوججار بنووسێت لە خزمەت ئەودا نەهارم خوارد و دوای نەهار زۆر ماندووبووم و گوتم: ئەگەر ئیزنم بدەن بڕۆم تا برێک بحەسێمەوە، گوتیان قەیدی نییە، ئێوە بڕۆن بۆ ماڵێ و ئەورۆ تا سبەینێ دەڵێم بەڵگەکان بنووسن و ئاگادارتان دەکەمەوە، لەو وەختەدا لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە وەرن بۆ خزمەتی یەکێک لە پیاوەکان و بڵێن واژۆی بکەن و بڕۆن.

خواحافزیمان کرد و لەگەڵ میرزا حوسێن خان گەیشتینە بەردەرگای نگارستان، باران شەستی دەکرد، چوینە نێو قاوەخانەیەکی گەورە و ئێستا بارانێکی زۆر دەبارێ. دوروشکەکان لە نگارستان کە لە پێش پارلمانی شۆرای نەتەوایەتی لە گەڕان دایە و منیش لەگەڵ کاک میرزا حوسێنخان دانشتبووم و چاییم دەخوارد و بیرەوەریەکانی خۆمم دەنووسی تا دوایی خوا چی دەکات. لەوێوە هاتمەوە بۆ ماڵێ، بەکورتی بە جەنابی شوجاعوددەولەم گوت.

دوای نەهار لە خزمەت ئەودا ڕۆیشتم بۆ ماڵی حاجی ئەمینوززەرب، گوتیان هەر دوو ئامووزاکە (ئەمینوززەرب و ڕەیسوتوججار) لە پارلمانی شۆرا بوون.

چوومە نێو چایخانەکەی عەلی ئاودارچی کە لاوێکی ژیربوو و لە زانستی ئاودارچی و قاوەچیگەری لە تاراندا بە ناوبانگە، چایی و سیگاریان هێنا و خواردمان، ئەو شتانەی کە دەبێ بۆ ئاودارخانە ببێت، لێرە هەیە و سەماوەری تازەی بەزێڕەوە ئاخنرا بوو، سەری قلیانەکان زێڕ و نوقرە بوون، نیو سەعاتێکی بە ئێوارە مابوو کە هاتینە نێو باخچەی ماڵی ئەمینەززەرب، تاوێ باران شەستی دەکرد و تاوێ خۆرەتاو

بوو و هەوا ڕەنگ و بۆنێکی پەیدا کردووە کە شێوەی پەیدا نابێ، بە تایبەت لەو باغچەیەدا کە داری کاج و شمشاد سەریان بەیەکەوە نابوو و ئەوندە سەوزە کە پیاو سەری سوڕ دەمێنێ و دەوروبەری شەقامەکان لە گوڵ و سونبوڵ و وەنەوشەگەلی جۆراوجۆر لە نێو باغچەکاندا لەهەر گوڵێکی فەرەنگی پڕ بووە و دارەکانی نارنج و پرتەقاڵەکانیان تازە لە گوڵخانە دەرهێنا بوو و فوارەی حەوزەکان ئاوی زۆری هەبوو، شەوگەڕەکان لە پڕێکدا هەڵکران و وێنەی شەوگەڕەکان لە نێو ئاوەکەدا دیار بوو و قەناریەکانی نێو قەفەس لەهەر لایەکەوە دەیانخوێند، لەو باغچەیەدا بۆ مرۆڤ جۆرێکی خۆش لە شەوێکی خۆش دا ڕادەوێرێ، بەڵام چۆن ئێمە لە هێڵی مرۆڤایەتی دوورین لەهەر جێیەک بین خەم و خەفەتمان زۆرتر دەبێت، هۆی ئەوەی کە حاڵی ئێمە ئاوایە: هەر ئەوەندە دەڵێم کە دوو هەزار دەردی بێ دەرمانمان هەیە کە هەر کامێکی بۆ کەسێک و جێیەکە بە تایبەت دەردێک کە ئێستا سەبارەت بە فەرمانی جەنابی ڕەیسوتوججار هەیە منیش لەو پازدە، شازدە[29] مانگەی لە خەم و خەفەتی جەنابی شوجاعوددەولە وەک هاوڕێ و شریکی بووم و بێجگە لە خۆم و خودا کەسی دیکە ئاگاداری نییە، خۆشی و شادی و خەم و دەردی خەڵک، شادی وخەمی خۆمە، بە کورتی، لە چوارمانگی پێش لەسەرماوەزی ١٢٨٥جەنابی شوجاعوددەولە بوو بە سەرۆکی وەزیران،[30] جەنابی ڕەیسوتوججار دەبێ لە خوراسان بانگ بکرێت و لە تاران پرس و ڕای بکەین و ڕوونی بکەینەوە کە هۆی گرتنی خواجە جەڕڕاح چی بووە.[31]

٢٩- ئێستا کە خاکەلێوەی ساڵی ١٢٨٦ە عەبدوڕەزاخان شوجاعوددەولە لە ئاخری خەزەڵوەر یان سەرەتای سەرماوەزی ١٢٨٤ بۆ تاران ڕۆیشتووە.

٣٠- سەرۆک لە سەردەمی خوالێخۆشبوو مشیروددەولە، نووسەری فەرمانی مەشرووتە بوو، دوای دەست پێ کردنی دەسەڵاتی عەینوددەولە سەرۆکی سەردەمی مەشرووتە پوستی سەرۆکایەتی وەدەست هانی و دوای ماوەیەک میرزا عەلی ئەسغەرخانی ئەتابەک بە دەعوەتی محەممەدعەلیشا بۆ ئێران گەڕایەوە و سەرۆکایەتی وەزیرانی گرت بەدەستەوە و مشیروددەولە بێدەسەڵات کرا بوو و لە شەعبانی ئەو ساڵەدا لە دنیا دەرچوو.

٣١- لە دەقی خاجەی جەڕاحدا هاتووە کە زەوین و گوندەکانی خاجەی جەڕڕاح لە نزیکی چنارانەوە

لەبەر پاڵپشتی موشیروددەولـە لـە جـەنابی شوجاعوددەولـە[٣٢] جـەنابی ڕەیسوتوججاریان بەپەلە بانگ کرد و دوای هاتنی و بە بێ وتوویژ و وەڵام و پرسیار و دیداری دوولا، جەنابی ڕەیسوتوججار بـەهۆی دەسـەڵاتێ کـە هـەبووی فـەرمانی گرتنی جەڕاحی نارد و برووسکەی بـۆ خوراسـان کـردو ئاکـامی کارەکـەی بەئـەوێ ڕاگەیانـد، چەنـد کۆبوونـەوەش بـۆ دیمانـەی دوولا دابـین کـرا جیـاوازییەکی بـۆ ڕەیسوتوججار نەبوو، قازانجێکیشی بۆ جەنابی شوجاعوددەولـە نـەبوو، وردە وردە لـە نێوان دوودەستەدا هاتوو چوون و وتوویژ داندرا، جـەنابی ڕەیـسوتوججار و جـەنابی شوجاعوددەولە بێ ئاگاداری من (لوتفعـەلی خـان) کەسـێکی دیکـەیان دانـابوو کـە شەست حەفتا هەزارتمەن لە زەوینەکانی قووچانیان کردبووە قەواڵە، دارودەسـتەی جەنابی ڕەیسوتوججار قەواڵەکەیان بەئەمانەت لە خزمەت کاک سەید عـەلی قـومی دابنێن، جەنابی ڕەیسوتوججار بەڵگەکانی زولفەقار و حاجی موعاونی ڕەت بکاتەوە و پێنج هەزار تمەنیش بدەن تا لـە کاتـێ گـۆڕانی دەسـەڵاتی ئەیالـەت لـە دڵـگیری شوجاعوددەولە کەم بکرێتەوە و لە تارانەوە ڕەوانەی خوراسان بکرێ و ئەوکاتە قەباڵـە ڕەت بکرێتەوەو بە ڕەیسوتوججاری بدەن.

ئاسەواری کاری بێ پرسیار و بێ ڕاوێژکاری بەم شرۆڤەی قەواڵەوە دیارە، ئەگـەر چی مونتەشێردیوان، میرزا غـولام ڕەزاخـان و حـاجی خـانی سـەرتیپ قووچـانی و ئەوانی دیکە لە جەنابی شوجاعوددەولە دڵیان ئێشا بوو و لەم ماڵە ڕۆیـشتن، بێجگـە لەم شتانە یەکتریان ئاگادار کردبوو و شەوێک چوونە خزمـەتیان و داوای پیاوتیمـان لێ کرد، ئەویش گوتی: ئەو مامەڵەیە و قیمەتێک کە لـە قەواڵـەکەدا دابـین کـراوە، بیست هەزارتمـەن لـە قیمـەتی ئـەو موڵـکانە، کـەم کراوەتـەوە، دوایـی تـا پـارەی بەڵگەکانیشیان لە جەنابی ڕەیسوتوججار نەگرتووە، نابێ قەواڵـەکە بـدەن. جـەنابی شوجاعوددەولە ڕای گەیاند کە من قەواڵەکەم بەکەسێک سپاردووە،تا ئـەو شـتانەی

بووە کە لە بەرگی یەکەمدا سەبارەت بە موحەممەد ناسرخانی شوجاعوددەولە باسمان کرد.

٣٢- ئەم هاوڕێیە لەگەڵ موشیردیوانی قووچانی باوکی خوالێخۆشبوو کامبووزیا کە پێشتر نێویمـان هێناوە ئەوسەردەمە مونشی موشیروددەولە بوو.

من دەمهەوێت نەیکات، قەواڵەکە بەڕەیسوتوجچار نەدەن؛ بەڵام دوای چەند ڕۆژ ئاگادار بووین که بێبەڵگەکان و بی حیسابەکان بە دانی پێنج هەزارتمەن پارەی نەخت (لە لایەن ڕیسوتوجچار بەشوجاعوددەولە و بەرێ کردنی شوجاعوددەولە لەگەڵ شازادە ڕوکنوددەولە بۆ خوراسان) جەنابی سەید عەلی خۆی قەواڵەکەی بردووە و ڕەیسوتوجچاریان داوە، کلاوێکی گەورە چووە سەر شوجاعوددەولەی ساویلکە کە بەمەلایەتی ئەو بڕوای بوو منیش کە شەو رۆژ لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە بووم و بەبڕوای خۆم هیچ کارێکی بێ ئاگاداری من نەدەکرد، لە نووسینی ئەو قەواڵەیەدا بە من هیچی نەگوتبوو و کاتێ بیستم، قەواڵەکە لە دەست چووبوو.

بەکورتی بڵێم، دوایی وردە وردە لەگەڵ جەنابی ڕەیسوتوجچار وتووێژمان کردو پێنج شەش جاریش بۆ خۆم ڕۆیشتم و وت وێژم لەگەڵ کرد و حیسابەکەم نووسی، دوایی لەو زەوینانە ٥٠هەزار تمەنی دیکە ماوە بۆ جەنابی رەیسوتوجچار کە بۆ ئەم ماوەیەش بۆ زەوینەکانی قاسم ئاوا (ئیسفراین) دەبوای پارەی چوار ساڵە بدەن.

بە ئەو مەرجە کە هەر پێنج هەزار تمەنەکەی دیکە پارەی ڕەیسوتوجچار بێ و لەگەڵ شازادە ڕەوکنوددەولەی حاکمی خوراسان لە تارانەوە بنێرن، ئیدی ئەوەی کە قەرزێکی وا جەنابی عەلی ئاغای حاجی ئەمینوززەرب لە جەنابی شوجاعوددەولە هەیەتی، لەو بابەتەوە ئەوان ئاسوودە بکەن کە کاتێ ڕۆیشتن بەرنگاریان نەبن، دوای ئەو هەموو سۆیند و وتووێژە کە لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە و بەنوێنەرایەتی جەنابی سەید عەلی قومی و کەسانی دیکە کرد بووی، هەر بەزۆری خودی جەنابی ڕەیسوتوجچار، منیش یەک دووجار چوومە ماڵی جەنابی ڕەیسوتوجچار و لەوێوە ڕۆیشتین و قسەمان کرد، چۆن جەنابی ڕەیسوتوجچار لە مێژەوە منی زۆر خۆش ئەویست و قەت قسە ڕاستەکانی خۆیان لەمن نەدەشاردەوە بەدزییەوە چوومە خزمەتی و گوتم چۆن دەزانم ئێوە منتان زۆر خۆش دەوێ بۆیە دەڵێم کە من لە لایەن جەنابی شوجاعوددەولەوە بۆ تەواو بوونی مامەڵەی زەوین قاسم ئاوا لەگەڵ

جەنابتان قسە دەکەم و جەنابی شوجاعوددەولـە بـەمنی وتـووە کـە ڕەیـسوتوججار دوای دانی قاسم ئاوا بەئـەو دەبـێ پێـنج هـەزار تمـەن بـەهۆی ڕۆیـشتنی مـن بـۆ خوراسان بدەن و مامەڵەی جەنابی حاجی ئەمینوززەرب بۆ خۆیان بڕیار بدەن کە بۆ من زەحمەت نەبێت تا دوایی تاوانی بدەم، ئێـستاش مـن داخـوازی دەکـەم ئەگـەر ئەوەتان بەدڵە، بەقسەم بکەن، منیش لە وتـوویژی ئەوێ خەبـەردار بکـەن تـا خـۆم بکێشمەوە چۆن مەبەستم لەم کارە چاکەیە؛ دەنا بـۆ دەبـێ بـەخاتری ئـەوە لـە لای جەنابی شوجاعوددەولە و ئێوە شەرمەزاربم.

فەرموویان: من لە خودی ئێوە شتێکم شاردۆتەوە، بەڵام بە ئێوە دەڵـێم کـەمن لە پێنج هەزارتمەن زیاتر نـاتوانم بـدەم و مامەڵـەی جـەنابی حـاجی ئـەمینوززەرب پێوەندی بەمنەوە نیە، لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولەدا چاک ئەم باسە دەزانن.

ئەوەبوو کە لە ڕاستیدا جەنابی ڕەیسوتوججار هەموو شتێکیان گـوت، زۆرباسـم کرد و هاتمەماڵێ و جۆرێک بـە جـەنابی شوجاعوددەولـە ڕام گەیانـد کـە بـۆ ئـەم مامەڵەیە چاکتر ئەوەیە بۆ خۆتان لەگەڵ جەنابی ڕیسوتوججاردا قسە بکـەن، بـڕیاری بڕێوەبردنی لە لایەن ئەمینوززەربیش بدەن و چۆن زۆر پەرێشان بـووە ئێـستاش لـە ماڵی ئەوانین.

هاتینە سەر باسەکە لە حاڵێکدا کە لـە نێـو باغچـەدا هـەنگاومان هـەڵ ئـەهێنا، هێشتا سەعاتێک لەشەو تێپەڕیوە، لەدوای نیوەڕۆدا لەگەڵ جـەنابی شوجاعوددەولـە هاتینە ئەم ماڵە و جەنابی ڕەیسوتوججار لە شۆرای نەتەوایەتیدایە، ئێمـەش جارێـک لە ژوورەکە و جارێک لە چایخانەین ئێستاش لە نێو باغچەدا کە بارانێکی زۆر دەبـارێ و هەوا ساردە دانیشتووین و چاوەڕێ ئەوانین و من حاڵەتێکم هەیە کە خـوا تووشـی کەسی نەکات.

پیاوانێکی گەورە کە ڕۆژنامە دەخوێنن بەڵام هـەر جـەنابی شوجاعوددەولـە بـاو وباپیری خاوەنی گەورەیی و سەربەخۆیی بوون و ئێستاش بە هۆی بارودۆخی ڕۆژگار و نـەزانین وسـن و سالـی کەمـەوە ماڵـەکەی وا دوای خواڵێخۆشـبوو محەممـەد ناسرخان شوجاعوددەولە و خواڵێخۆشبوو خەسرەوخان بـۆ ئـەم پیـاوە بـەجێ مـاوە،

چوارسەد تمەن دەبوو. بەڵێ شوجاعوددەولەی خوێڕی لەماوەی شەش مانگ سەرۆکایەتی خۆی دا ئەو وڵاتەی دووڕاند و بە ئەم چارەڕەشی و خوێڕیتی و بێ دەرەتانیە کەوتووە و ئەو ماڵ و زێڕانەش هەرکەسێک لە لایەکەوە بۆ خۆی دزی و بردی و زەوینەکانی قاسم ئاواوخاجەی جەڕاح ماوە؛ بەڵام سەدوسی هەزارتمەنیش قەرزدارە.

بە کورتی دەڵێم کە سەعاتێک لەشەو تێپەڕیبوو وجەنابی شوجاعوددەولە هیچیان لە ماڵێدا نەبوو، تەنانەت بەقەت قرانێک نەوتیان بۆچرا نەبوو[٣٣] سەعاتێکی بە ئێوارە مابوو، ئەویش لەگەڵ من لە ئەم باران و باو و هەورە تریشقەیە کە تا ئێستا ڕاوستاوین تا جەنابێ ڕەیسوتوججار ببینین و شایەد پێنج شەش تمەنێک بۆ خەرجی ئیمشەو بگرین و بڕۆین.

ئامانج ئەوەیە کەمن لە تاران لە خزمەت ئەم پیاوە بەڕێزەدا بووم وشتهایەکم دیوە و سەرم سوڕماوە کە ناکرێ لێکی بدەیەوە و سەیر لێرەدایە کە لە ئەم شتانە بە هیچ جۆرێک حاڵی نەدەبوو، و سەختی زۆرم کێشا کە بەقەت دەنکە جۆیەک قازانجی نەبووە و نیەتی. دووساعەت لە شەو تێپەڕیبوو کە جەنابی ڕەیسوتوججار لەگەڵ جەنابی ئەمینوززەرب لە شۆرای نەتەوایەتی هاتنەوە، ئێمەش چووینە پێشوازیان و سڵاویانمان کرد و ڕۆیشتینە ژوورەکە و زۆرێک دانیشتین و وتوێژمان کرد و ئەو کارانەی وامن تا ئێستا جۆرم کردبوو ئیمشەو ئەو دووگەورەیە تێکیان دا و جەنابی شوجاعوددەولە تۆرا و ڕۆیشت، منیش بەجەنابی ڕەیسوتوججارم گوت: ئیمشەو ئێوە دەبێ حەوت هەشت تمەن جۆ بدەن هەتا جارێکی تر کەدەگەڕمەوە خزمەتتان و ئەیدەمەوە پێتان، ئەویش سێ تمەنی داپێ وجەنابی شوجاعوددەولەڕانەوەستا شوێنم و زۆر بە پەلە بە نێو باران و قوڕو چڵپاو و تاریکیدا

٣٣- لەو سەردەمەدا نەوت بە کۆپێن نەدەدرا وەکو ئەمڕۆکە من لە ڕۆژی جومعە دەی بەفرانباری ١٣٦٧دەبێ لە ماڵێدا ئەم کارانەم لە ڕووی نووسراوە کۆنەکانی لوتفعەلیخان بنووسم، لەو سەرمایەدا دەست و پێم تەزیوە و ساڵەهای ساڵە بەم جۆرە بە کلۆڵی و چارەڕەشی ژیان بە سەر دەبەین، لە حاڵێکدا دڵمان بەوە خۆشە کە لە سەر چاڵی نەوت دانیشتووین.

ڕۆیشت[٣٤]، منیش لە ماڵی جەنابی ڕەیسوتوججار -کە وەکوو ڕۆژ لە نووری کارەباکان ڕۆشن بوو-[٣٥] هاتمە دەرێ و لە نێو کۆڵاندا چاوم نەی ئەبینی و سێ سەعات لەشەو تێپەری بوو و باران دەباری، نەفەرێکیش لە نێو بازارۆشەقامەکاندا نیە، لاقم لەهەر کوێ دادەنێم تا ئەژنۆم دەچێتە نێو قوڕەوە، چۆن بڵێم کەبەچ زەحمەتێک لە ماڵی حاجی ئەمینوززەرب، یانێ لە چوارڕێیانی موخبێرەددەولە کە فرسەخێکە تا شەقامی چراگاز کەماڵی ئێمەیە بەلارە لارە هاتم و پێنج شەش جار درام بەعەرزدا و تەواوی پانتۆڵەکەم قوڕاوی بوو و بنی پێلاوەکانم درابوو، کاتێک گەیشتمە ئەوێ پێلاوەکانم دەرهێنا و پڕ لە ئاو ببوون و گۆرەوێکانم دەرهێناو پانتۆڵەکەم داکەند.

قاپۆکەم بە دوای خۆدا ڕاکێشاو لە کونجێک دامنیا. لەو وەختەدا هەموو ڕۆیشتبوون، چەند هیلکەم ساز کرد. چ بڵێم و کام دەردی خۆم پێت بڵێم و بەهەر جۆرێک بوو شەو خەوتم.

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی سەفەر ١٣٢٥ بەرانبەری ١١ی خاکەلێوەی ١٢٨٦ بەیانی زوو بەڕێ کەوتم و سپاس خوام بەجێ هێنا و پیاڵەیەک چاییم خوارد و زۆربەکەسەلی جلە تەڕەکانی دوێنێ شەوم لەبەر کرد و چوومە ماڵی حاجی ئەمینوززەرَب، کە میرزا حەسەن خانی قەزوینی لەوێ بوو. دیسان لەگەڵ جەنابی ڕەیسوتوججار سەبارەت بە شوجاعوددەولە وتوویژمان کرد و پاڕامەوە و کاری ئەمڕۆ بەجێگەیەک گەیشت و لە خزمەت جەنابی ڕەیسوتوججار نەهارم خوارد و جەنابی ئەمینوززەرب کوڕێکی هەشت ساڵەی هەیە کەبەڕاستی لەژیری و زیرەکی ئەم منداڵە سەرم سوڕما[٣٦]،خوا بیپارێزێ دوای نەهار ماڵئاواییم کرد و هاتمەوە ماڵێ و بە

٣٤- قوڕبەسەری شوجاعوددەولە یانێ ترسنۆکەددەولە کە تایەفەیەکی پەنجا هەزار نەفەری لە پشت سەری ئامادە ڕاوەستاون بەڵام بەقسەی هەربێ کەس و کارێک گوێ دەدا و هیچ و پووچی و خوێڕێتی لەوە زیاتر و زۆرتر نیە تف لە تۆ ئەی ڕۆژگار.

٣٥- لەو سەردەمدا لە تاران تەنیا ماڵی پاشاو گەورەکان کارەبایان بوو و شەقامەکانی تاران بێ کارەبا بوون

٣٦- لەو کوڕەنابێ سەرت سوڕبمێنێ دەبێ لەو بابەیە سەرمان سوڕ بمێنێ کە ئەو کوڕەی ئاوا

کورتی قسەکانم بۆ شوجاعوددەولە لێکداوە ورێ وشوێنێکم بەهزرو فکری خۆم بۆی گوت، فەرموویان ئەم جۆرە کە ئێوە دەڵێن بە قازانجی من نیە و دەبێ فکرێکی دیکە بکەمەوە وتم چ هزرێکتان هەیە وتی، دەبێ بچم لەتەوێڵەی شاییدا دەست بەستە دانیشم[٣٧]، وتم: هۆی خراپەی ئێوە ئەوەیە کە هەر کەس بەچاکەی ئێوە وتارێک بڵێت، دژی ئەو وەستاون، ئێستاش ئازادن و بۆ خۆتان دەزانن بڕێک لە نێو باغچەدا بەرێگادا ڕۆیشتین و لە خزمەت ئەمان هاتمەوە و چوومە ماڵی خاتوو تەلعەتوسسەڵتەنە و تا ئێواری لەوێ بووم. هاتمەوە ماڵێ، ئیمشەویش وەکوو شەوەکانی دیکە تێپەڕیبوو...

ڕۆژی سێ شەممە ١٨ی سەفەر ١٣٢٥بەرانبەر بە ١٢ خاکەلێوەی ١٢٨٦، بەیانی زوو بەخۆشییەوە ڕێکاکەوتین و چاییمان خوارد و خاتوو تەلعەتوسسەڵتەنە بۆ سێ سەد تمەن کە بەڵگەی پێی بوو چوو بۆ ماڵی نایبوسسەڵتەنەی ئەمیری گەورە[٣٨]، دوای قسەکردن، قەواڵەکەی پیشان دا دوای ئەوە فەرمانیان فەرموو دوو نەفەر بڕۆن و ئەم پارەیە لە شوجاعوددەولە بستێنن بەخاتری ئەو ئیمڕۆ سێ تورکی تەورێز هاتن و گوتیان فەرمانی گەورەمانە کە ئەم پارەیە چۆن ئێوە بە ئاگاداری جەنابی موحتەشەموسسەڵتەنەوە[٣٩] وەرتان گرتووە و قەواڵەتان داوە، بێ پرسیارو ولام بیدەن، بە کورتی بڵێم تا نیوەڕۆ هەموو سوێندو قسەیەکیان کردووە، جارێک دەنگیان

پەروەردە کردووە هەموو مرۆڤێک لەبنەڕەتدا باشە ئەگەر باشیش پەروەردەبن دەتوانن ئاسمانی خودا بگرن، ئەگەر خراپ پەروەردەبن وەکوو شوجاعوددەولەیان لێ دێ

٣٧- هەر ئەوەمان لە مێژووی کوردان دا نەبوو کە ئەوەش کاک شوجاعوددەولە بەڕێوەی دەبات پیاوی خوێری کارەکەشی هەر خۆێریانەیە بە پێ بڕیارە پێشووەکەی خۆی لەگەڵ لوتفعەلی خان سواری ئەسب دەبێ تا لە نزیکی خاروورامین بە ئەوان بگەن و لە قووچان حاکم دەربکەن زەوین و ماڵەکەیان لە ڕەیسوتوججار و کەسانی دیکە بگرنەوە، عەشیرەتی خۆیان لە هیچ و پووچی ڕزگار بکەن، بەلام ئێستا دەڕوات تا لە تەویلەی شاهی لەگەڵ ئەسب و کەرەکان ڕۆژ بدات بەسەر؟!!؟

٣٨- ماڵی کامران میرزا کوڕی ناسرەدین شا.

٣٩- موحتەشەموسسەڵتەنە حاج حەسەن ئێسفەندیاری لە پیاوانی سیاسی سەردەمی مەشرووتە کە ماوەیێک سەرۆکی پارلمانی نەتەوایەتی بوو و لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی یانی ٣٧ ساڵ دوایی مرد.

دەردیَ و شەڕ دەکەن، جارێک ئاشتی و جارێک گژوهەڕەشە لە ئاردالّ سیَ ڕۆژ بەلێنی ویستووە و ئەوانیش لە خزمەت جەنابی شوجاعوددەولەدا چوونە مالّی میرزا بابای قووچانی کەبەرپرس بوو. لەویَ نەهارمان خواردو چۆن لە مالیَ هیچ شتێکمان نەبوو جەنابی شوجاعوددەولە لەگەلّ جەنابی سەید عەلی قومی زۆری کێشە و هەرا کرد و جەنابی سەید عەلی هەرشتێکی پیَ خۆش بوایە دەی گوت ئێمەش لەقسەناحەزەکانی ئەو بە جەنابی شوجاعوددەولە ماندوو بووین[40] دوای نیو ساعەت جەنابی شوجاعوددەولە بیَ هیچ هۆیەک لەگەلّ من کردیە کێشەو هەراو تەواوی قسەکانی جەنابی سەید عەلی بەمن گوتووە و زۆر قسەی قۆڕی کرد، هەر ئەوەندەم گوت: من لوتف عەلی خان کوڕی ئیلاهیار خان دەرەگەزی پیاوێکی زۆر خراپم چاتر ئەوەیە کە لێمگەڕێن تا بڕۆمەوە بۆ خوراسان، چۆن زیاتر لەوە ناتوانم لەگەلّ جەنابتان بم و گوێم لەوقسانە بێت ئەگەر لە بیرتان بێت سەد تمەنیش بۆ خۆم قەرزدارم و تا ئێستا قرانێکم لە ئێوە وەرنەگرتووە و سیَ سەد چوار سەد تمەنیش لەم یەک سالّ و نیوەدا خەرجی سەفەرەکانم بۆ تاران بووە و لە خوراسان بۆ خەرجی مالیَ قەرزدارم و ئێستاش هیچم لە ئێوە ناوێت، پیاوەتی هەر ئەوەیە وا ئێوە دەیکەن؟

باسە کە زۆرتر لەوەیە کە بیلێم... شەو و ڕۆژێک هەر لەویَ بوین.

شوجاعوددەولە و لوتف عەلی خان سێزدەبەدەر لە تاران

ڕۆژی چوارشەممە١٩ی سەفەر ١٣٢٥برانبەر بە ١٣ی خاکەلێوەی ١٢٨٦:

ئیمڕۆ سێزدەی جێژنی نەورۆزە. هەموو جێگایەک داخراوە و پیاو وژن ڕۆیشتن

٤٠- ئەوەش یەکیَ لەو شانازیانەی شوجاعوددەولەیە!! ئەوە سەید عەلی قومیە کە دوای مردنی ئەمیر حوسێن خان ئاسەفوددەولە خوشکی شوجاعوددەولە کە ژنی ئەو بوو لەو مندالّی نەبوو، مارەی کرد مالّ و سەروەتێکی زۆر لەو ژنە لە تاران مابوو، کەیەک دووسالّ پێش لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە دنیا دەرچوو، نەوەکانی شوجاعوددەولە لە قووچان ڕۆیشتن و بڕێک لەو سەروەتەیان بۆ خۆیان هەلّ گرت و حەق بە حەقدار گەیشت، ئەگەرچی ئەوانیش حەقدار نەبوون.

بۆ دەشت و سەیران، میرزا بابای بەرپرس بۆ نەهار لەماڵی خۆیان ئاشی جۆی لێی نابوو و من و جەنابی شوجاعوددەولە لەگەڵ (براکەی خۆی) بەرپرسی زەعفەرانلووقووچانی و کاک میرزا غولام ڕەزا و محەممەد ڕەزاخان سواری فەیتوون بوین و ڕۆیشتن و گەیشتین بە ماڵێک کە جێگای سەیرانی تەواوی ژنەکانی تارانە، بە خاتری ئەوەی کە سەوزایی وەها لە هیچ کوێ دیکەدا نیە، جێگای سەرسەوز و خۆشی هەیە، بەڵام ئەورۆ قەدەغەیە و ناهێڵن ژنەکان بێن بۆ دەرەوەی شار، بێجگە لە ئەو خاتوونانەی وا بە فەیتوون هاتوون و نۆکریشیان لەگەڵ دایە.

بە کورتی بڵێم چوینە ماڵێ، ئامرازی خۆشیان زۆر دانابوو و تارو سەنتوور و تەنبوور و ئاش داندرابوو... و ئاشی جۆیەکیان لێنابوو کە قەت ئاشی وام نەخواردبوو، زۆر خۆش ڕابورد ئەگەرچی ئەم چەند ڕۆژە بێجگە لە ناخۆشی و پەرێشانی هیچ شتێکی‌تری بۆ من نەبوو... بەڵام خراپ نەبوو و سەعاتێک خەریک بووم دوای نەهار لەو ماڵە هاتینە دەرەوە تا سەر خەندەقەکە بەرێگەدا ڕۆیشتین[٤١] ئەم دەوروبەرەیان جۆرێک ئاڵیوە کە لە هەموو جێگایەک خۆشترە، لەهەر هەنگاوێک دەستە دەستە ژن و پیاو دانیشتبوون و خەریکی چایی خواردن و قسە کردن بوون ئەوەندە ژن لێرانەبوو کە هەمووی ئەو دەشتە ڕەشی دەکردەوە، چۆن چارشێو و رووبەندەکەیان ڕەش بوو سەیرانێکی زۆرمان کردو لەگەڵ ئەو ژنانە قسەو پێکەنین و پرسیارو وڵامێکی زۆرمان کرد، برێک لە دۆست و ڕفیقەکانمان دیت و تا ئێوارێ لەوێ بوین و دوایی بەرەو ماڵێ هاتینەوە و فەیتوونچیەکە فەیتوونەکەی هێنا و ئەوەندەی عارەق خواردبوو مەستی کردبوو و ئاگای لە خۆ نەبوو.

لە نێو شەقامدا ئەسپەکان فەیتوونەکەیان لە نێوان خەڵکدا ڕاکێش کردبوو و بەجێی ئەوەی کە ئەسپەکە ڕاگرێت بۆ خۆی لەو سەرە کەوتبووە خوارێ ولاقی بریندار بوو.

٤١- پێشترو لە پشت دیوارەکان و بورجەکانی دەوری شار چاڵێکی گەورەیان هەڵ دەکەند و ئاوەڕۆکانیان تێدا ساز دەکرد و پێیان دەگوت خەندەق کە بەری هێرشی دوژمنی پێی دەگیرا تا بەرنگارەکان چاکتر بتوانن لە بورجی شار پارێزگاری بکەن.

باش بوو خەڵکەکە هەلابتوون وفەیتوونەکەیان ڕاگرتبوو دوای ئەوەی کە زانیمان کەس هیچی لێ نەهاتووە، جەنابی شوجاعوددەولە، جەنابی بەرپرسی دیوان و من سوار بوین و لەبەر دەرگای جەنابی بەرپرسی دیوان دا دابەزین، ویستمان شەوێ لە ماڵی ئەوان بین؛ بەلام دیتم حالی جەنابی بەرپرس زۆر لە ئێمە چاکترنیە.

چۆن دوای دەساڵ[42] خزمەت لە وەزارەتی دەرەوە، وردە وردە موشیروددەولە کە گەورەی ئەو بوو، بە سەرۆکایەتی ئێران گەیشت و هەروەها جەنابی بەرپرسیش بە هیوای خۆی گەیشت و پێشخزمەت و قاوەخانەی دانا و نەهار و شامێکی زۆری دەدا و خەریکی خزمەت بە ڕژیم و حوکوومەت بوو، ئەگەر دۆستان و رفیقەکانی پێیان دەگوت بۆ وا دەکەی ولامی دەداوە نێو چاکە دەرکردن چاکتر لە پارەیە، دوای یەک ساڵ دەتوانی هەمووشتێک بکەی؛ بەلام ڕاستیشی دەگوت، جەنابی بەرپرس دوای ئەو قەرزانەی پێشوو زیاتر قەرزدار بوو و ئێستا دەبێ کرێ ماڵ و خەرجی بیست کەس نۆکربدات، بێجگە لەو قەرزانەی وا بەلایەوەیە، دوێنێ شەو یەکێ لەو تاجرانەی شار کە چوار سەدتمەن لە جەنابی بەرپرس داواکار بوو. سەعاتێک لەشەو تێپەڕی بوو کە دەپازدە تورک هاتنە نێو هۆدەکە وتوویژێکی زۆریان کرد و هەرچی قسەبوو بەجەنابی بەرپرس دیوانیان گوت و ڕۆیشتن، ئەوە لە حالێکدا بوو کە جەنابی بەرپرس لەگەڵ دووسێ کەس میوان دانیشتبوو.

بە کورتی بڵێم بەو حاڵ و دووخەوە بە جوانم نەزانی کە شەوێ لەوێ بمێنمەوە، ئەوە بوو کە هاتمەوە بۆ ماڵێ، دیتم تاقمێک لەو داواکارانە چاوەڕێ ئێمەن، بە هەر جۆرێک بوو ولامم دانەوە و بەڕێم کردن و چوومە هۆدەکەو بەهەرخەم و خەفەتێ بوو شەوم گوزەراند.

ڕۆژی پێنج شەممە کە بە هۆی نەدارییەوە نەچوومە دەرێ

ڕۆژی جومعە ٢١ی سەفەر ١٣٢٥ بەرامبەر بە ١٥ی خاکەلێوە ١٢٨٦:

٤٢- کاک میرزا بابا، نووسەری بەناو بانگ لە ساڵی ١٣١٥ مانگی لەسەردەمی حوکوومەتی خوالێخۆشبوو محەممەد ناسرخان شوجاعوددەولە لە قووچانەوە بۆ تاران هات و لە دەزگای موشیروددەولەی پیرنیا لە ڕێبەرانی مەشرووتەخوازی بوو لەوێ ڕێزو حورمەتی زۆری بوو.

بەیانی زوو ڕۆیشتمە دەرێ، چۆن ئیمڕۆ تەواوی پیاو و ژنی ئەو شارە چوونەتە دەرێ بۆ زیارەتی عەبدولعەزیم هەرچی دووکانە داخراوە و تەواوی فەیتوونی ئەو شارە لە ڕێگای دەریاوە کاردەکات، بە کورتی لەم شارە گەورەدا بێجگە لە من (شوجاعوددەوڵە) کەسێک ئاوا دڵتەنگ نیە، بە خاتری ئەوە کە لە سواڵکەرەوە تا دەوڵەمەند هەر کەسێک کە دەیبینین ڕێگاوشوێنێکیان هەیە، و ڕێگەیان بۆ خویان ڕوونە بۆ وێنە ئەم چەند قووچانیەکە لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەوڵە دەگەڕێن ئەگەرچی غەریب و بێ کەسن بەڵام لە ئێمە خاتر جەم ترن، هیوادارم خوا کارەکانمان جۆر بکات.

وادیارە لەم ڕۆژانەدا جەنابی شوجاعوددەوڵە منی لە بیر چۆتەوە و ئەو کەسانەی وا ئێمەیان بە ئێرە گەیاند[٤٣] بوونەتە خاوەنی هەمووشتێک، بەڵام بەم جۆرەش هەر ڕازین کە بە ساغ و سلامەتی وەرگەڕینەوە بۆ خوراسان و منیش بڕۆمەوە بۆ لای ماڵ و منداڵ و هەر کەسێک کە دژ بە جەنابی شوجاعوددەوڵە خراپەی کردووە، ئەو خواڵێخۆش بووە بە هەموو جۆرێک هاوکاری دەگەڵ کردوون.

بەهەر جۆرێک کە دەڵێ لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەوڵە بیرمان کردەوە کە بچین بۆ شازادە عەبدولعەزیم دیمان کە جۆر نابێت و پارەنیە زۆر بە کەسەلی هاتمە دەرێ کە برووسکەیێکی لە قووچانەوە بوو هات.

سپاسی خودام کرد و ڕۆیشتم و بە جەنابی شوجاعوددەوڵەم گوت: فەرموویان چی بووە؟

گوتم: پارەتان بۆ هاتووە، برووسکەم هەڵ بچڕی و بۆمان ڕوون بووەوە کە سەڕافی ئوسکۆیی پێنسەدتمەنی بە ماوەی یازدەڕۆژ ناردووە.

فەرموویان: وڵامی برووسکە و زەحمەتەکەی لەسەر شانی ئێوەوەیە دەبێ پەنجاتمەن لەم پارەیە بۆ ماڵی ئێوە لە مەشهەد بنێردرێ... لەو گەرمای نیوەڕۆدا پارەم وەرگرتووە و بەزحمەتێکی زۆر ڕۆیشتم بۆ کاروانسەرا و لەوێوە هەر بۆ ئەو

٤٣- مەبەست مودیرودیوان و هوژەبر دیوانی قووچان بوو کە لەدەزگای باووباپیرانی شوجاعوددەوڵە گەورە بوون و بەجێگایەک گەیشتن، دوایی بوونە هۆی بەدی هێنانی چارە ڕەشی ئەم چارەڕەشە.

دوکانەچووم پارەم داوکاغەزێکم بۆ قەبووڵی نووسی و لەوێوە بۆ وڵامی برووسکە چووم بۆ برووسکەخانە و هاتمەوە، لە مەیدانی تۆپخانە هێزم نەمابوو، بیرم کردەوە بۆ ماندووی دەرکردن بچم بۆ ماڵی خاقان و بحەسێمەوە، پاشان بگەڕێمەوە، ئەوە بوو کە بە ماندووی و زەحمەتێکی زۆر، وردە وردە خۆم بە ئەوێ گەیاند و بێ ئەوەی کە ئاگام لە خۆ بێت، کەوتم.

خاتوو تەلعەتووسەڵتەنە زۆر بە شڵەژاوی هاتن لێمانیان پرسی گوتم: بێجگە لە نەکێشانی تریاک و ماندووی و هیلاکی هیچ ناخۆشیەکم نییە و داخوازیتان لێ دەکەم بە ماوەی نیو ساعەت قسەم لەگەڵ مەکەن تا بڕێک بحەسێمەوە، دوایی هەر شتێکی پێت خۆشە بیڵێ

(لوتف عەلی خان لە برسیەتی و نەداری و پەرێشانی بەم ڕۆژە کەوتووە)

بە کورتی بڵێم بەو حاڵەوە تێگەیشتم کە ئەم ژنە یەکسەر دەگریێ و دەڵێ: خوایە سزای شوجاعوددەولە بدە کە ئەم پیاوەی لە دایک و خوشک دابڕیەوە و بەم حاڵەی خستووە.

دیتم خاتوون بەم حاڵەوە نایەڵێ بخەوم، بە خاتری ئەوە لەوێ ڕۆیشتم و گوتم هیچ ڕووی نەداوە کە ئێوە ئاوا پەرێشان دەبن، من ئەوەندەم پەرێشانم بینیوە کە ڕاهاتووم، ئێستاش جێگەی باس نیە. چرای تریاکیان هێنا، بڕێکم کێشا و چەند پەیک شەرابم خوارد و نەهارێکی زۆر چاکیان ساز کرد، خواردم و خەوتم؛ دوو سەعاتێکی بە ئێوارێ مابوو، ویستم لەوێ بڕۆم ئەگەرچی ماندوویم نەمابوو و کەمێک حاڵم باش بوو بەڵام تەواوی گیانم تەزیبوو، خاتوون زۆری گوت کە نابێ بەم حاڵ و دۆخەوە بڕۆی و هەر لێرەبن.

ئەگەریش دەڕۆن چۆن سبەینێ کوڕەکەم –بەناندیوان– بە ماوەی یەک مانگ دەڕوا بۆ ڕاو، ئێوەش هەر لێرە بن، گوتم زۆر باشە. لەوێوە هاتمە خزمەتی جەنابی شوجاعوددەولە و دیتم هیچ شتێکی نیەو بۆ شامی شەویش ماوەتەوە.

فەرموویان: سی تمەن لە قووچانەوە دەنێرم بۆ ماڵتان بەو مەرجەی کە بە زوویی دە تمەنم بۆ جۆر بکەی.

گوتم: کەس متمانەی بە من نەماوە بەخاتری ئەوەیکە هەرچی لە خەڵکمان وەرگرتووە نەمان داوەتەوە؛ بەڵام لەهەر کوێیەک بێت قەرزی دەکەم. فەرموویان خەیاڵتان ڕاحەت بێت، تەواوی قەرزەکانی ئێوە دەدەم. بە کورتی بڵێم یەک دانە برووسکەی سی تمەنیان بۆ قووچان بۆ ژن و منداڵەکەم نارد منیش ڕۆیشتم و چووم بۆ ماڵی خاتووتەلعەتوسەڵتەنە و پرسیارم کرد کە چەندەیان پارە لە ماڵیدا هەیە؟ وڵامیان دامەوە کە شەش حەوت تمەنێک دەبێت، و خاتوو ڕۆیشت و حەوت تمەنی هێناو منیش ٥ تمەنیم لێ وەرگرت و خستمە نێو پاکەتەوە و ناردمە خزمەتی جەنابی شوجاعوددەوڵە، برووسکەی سی تمەنیشم نارد بۆ برووسکەخانە تا بینێرن، وردە وردە شەوهات و باران و هەورە تریشقەیەکە کە دەنگی ئاسمان دەلەرزێنێت.

نزیک بە دوو سەعات ونیو دەبوو کە لەشەو تێپەڕی بوو، لە خزمەت کاک بەنان دانیشتبووم و خاتوو لە کونجی هۆدەکەدا کەبابی سازدەکرد جەنابی شوجاعوددەوڵە وای بیر لێ کردبووە کە ئیمشەو لوتف عەلی خان خۆش ڕادەبوێرێ، چاک وایە لێی بشێوێنین.

مەشەدی حوسێن قاپچی پاکەتێکی لە ئەوەوە بۆ هێنام، دیتم نووسیبووی هەر ئێستا برووسکەیەک بە نێوی ئێوە لە خوراسانەوە هاتووە بە خاتری ئەوەیکە زانیم ئەو برووسکەیە دەبێتە هۆی شێواوی و پەرێشانی ودڵگیریتان نەمنارد؛ بەڵام بە کورتی دەنووسم زۆر زوو وەرێن. دوایی دیتم لە قەراخی لاپەڕەدا نووسیبووی: بەزمی دنیا هەروایە خودا بە ئێوە سلامەتی بدا، دوای دیتنی ئەم لاپەڕەیە زۆر پەرێشان بووم؛ بەڵام تا بڕێک جەنابی شوجاعوددەوڵەم دەناسی، زانیم کە هیچ ڕووی نەداوە، ئەگەریش برووسکەیەک بێت بۆ لە کاتێکدا بهێنن کەسێ سەعات لەشەو تێپەر بووە. وەڵام دراوە: ئەگەر فکرتان کردووە من لێرە بە خۆشی و کامەرانی ڕایدەبوێرم کە دەبێ بڵێم وا نیە. چۆن بۆ خۆت دەرگای خۆشیت لەمن بەستووە و قایمت کردووە و کلیلەکەشتان گوم کردووە. ئەگەر خودای نەخواستە کەسێک لە خوراسان مردووە کە ئیدی بە هاتنی من زیندوونابیەوە ئەگەر ئیمشەو دەتانەوێت لەگەڵ من قسە بکەن دەبێ بۆ خۆتان زۆر چاکتر بزانن کە لە سێ سەعاتی شەودا لە

تاران کەس نابێت هاتووچوو بکات و بارانیش دەبارێت و منیش زور ماندووم و لێرەش هەر شتێکی بمهەوێت هەیە و هەر قسەیەکیش کە پێم خۆش بێت دەڵێم و دەیبیسم هەزار نەفەریش بمرێت و زیندوو بێتەوە من لە جێگای خۆم جووڵە ناکەم عەقڵیش دەڵێ ئەوە دروست نیە کە سێ سەعات لەشەو ڕابوردووە و هەموو شتێک لێرە ئامادەیە بۆ خۆم ئاغا و کوێخای خۆمم، ئێوەش خۆش بن و هەر هەواڵێکی خراپ و چاکیش بە برووسکە بۆ من هاتووە. لێگەڕێن، تا دیکە ئەم ڕۆژنامەیەوە خەتێک دەنووسم کە چوار سەعات لەشەو تێپەڕیوە و ژنێک لەم ماڵەدا هەیە کە ناتوانم نێوی بێنم و لەبارەیەوە بنووسم.

خاتووتەلعەتوسەڵتەنە کە پێم وابێ زۆر دڵۆڤانە و میهری زۆرە چەند سێخ کەبابی ئامادە کردووە و شام ئامادەیە و خۆش ڕایدەبوێرین حەوت سەعات لەشەو تێپەڕیوە هەر کەس لە جێگای خۆی خەوتووە و منیش لە کونجێک خەوتم.

شەڕی نایبوسەڵتەنە لەگەڵ شوجاعوددەوڵە و بارمتەدانانی تفەنگ و کاپی زێو

شەممە ٢٢ سەفەری[٤٤] ١٣٢٥ بەرامبەری ١٦ خاکەلێوە ١٢٨٦: سەعاتێک لە ڕۆژ تێپەڕیبوو لە خەو هەستام و شوکری خودام کرد، چایمان خوارد و کاک بەنان دەیەوێت بروات بۆ ڕاو. دایکی خاتوو تەلعەتوسەڵتەنە ئەوەندە ئاگای لە کوڕەکەی بوو کە ناتوانێ بنووسی کە بەنان یەک مانگ لەگەڵ خزمەکانی لە خۆشیدایە و ڕاو دەکات، دیسان بیست تمەنی نارد کە نان و پێخۆر و میوە بهێنێت و ئەو شتانەی وا دەیەویست بۆی ئامادەی کرد و کاک بەنان ماڵاوایی کرد و ڕۆیشت، منیش دوای یەک سەعات لەوێ هاتمەوە بۆ ماڵی جەنابی شوجاعوددەوڵە، دیتم ئەو ڕۆیشتووە، من چوومە نێو چایخانەکەوە کە هیچی تێدا نەبوو دیتم کەریم خانی سەرهەنگ ماوەیەکە نایبوسەڵتەنە ناردوویە بۆ ئەو ناوچەیە تا سێ سەدتمەنی زیاخاقان مێردی خاتوو تەلعەتووسەلتەنە لە جەنابی شوجاعوددەوڵە وەربگرێتەوە و لەگەڵ دورئاردال دا دانیشتبوو. منیش ڕۆیشتم بەخێرهاتنم کرد و خەریکی قسە کردن بوین کە

٤٤- لە نێو دەقەکەدا ٢٢ ربیعولئەوەڵ نووسراوە.

دەنگ و هەرایەکم بیست، زانیم کوڕی کەریم خان هاتووتە بەردەرگا و لەگەڵ یەکێ لە نۆکەرانی جەنابی شوجاعوددەولە لەیەکتریان داوە. لەبەر خۆمەوە گوتم گوێ بدە لە باسی پشیلە و کەر[٤٥].!؟

کەریم خانیش کە کوڕەکەی خۆی ئاوا دیت، لەگەڵ ئاردالەکانی دارەکانیان بەدەستەوە گرت و ڕژانە نێو شەڕەکە و لەو لاوە نۆکەرانی جەنابی شوجاعوددەولە وەکوو هەمیشە دەستیان برد بۆ دار و شەڕیان داگیرساند و لەشەقام و نێو بازاڕیش خەڵکێکی زۆر هاتبوون و سەربازە پاسەوانەکانی حکوومەتی شا بەیارمەتی کەریم خان لەگەڵ سەرۆکەکەیان هاتنە پێش، چ بڵێم کە بێ هیچ هۆیەک قیامەتێکیان ساز کرد کە دوای یەک سەعاتیش ئەم خەڵکە تێک ڕژا بوون و نەیاندەزانی لەگەڵ کێ شەڕ دەکەن منیش کە لە چایخانەدا بە هیچ جۆرێک نەهاتمە دەرێ و سەیری نەزانی و کەرێتیم دەکرد. وردە وردە دوای بڕێک، ئاگری شەڕ کوژایەوە و ئاشت بوونەوە و خەڵک ڕۆیشتن، ئێمەش چایمان بەکەریم خان و سەرهەنگ دا و سێسەد تمەن قەرزی ئەوان کە لە لامان بوو و دووسەد تمەن حاجی ئەمینوززەربمان دایەوە و یەک سەد تمەنی تاجری ئوسکوییش درایەوە و پازدە تمەنیش بۆ خزمەت دامان بە ئاردالەکان و ڕۆیشتن، ئەگەر ئەم کارەیان دوێنێ یان پێرێ دەکرد، ئەم شەڕ و کێشەیەش ساز نەدەبوو، جەنابی کاک شوجاعوددەولە گلەیی دەکرد کە ئێوە بۆ لە هۆدەکە نەهاتنەدەرێ؟

گوتم: بە بۆنەی ئەوەیکە حەزم لە لێدان نەبوو و لەگەڵ کەسێکیش دوژمنایەتیم نیە و لە دنیا دا لەگەڵ کەس شەڕم نەکردووە ئەو دڵی لێم ئێشا بوو کە بۆچی دووسێ دار لە من نەدراوە بە دڵگیرییەوە ڕۆیشت بۆماڵی جەنابی کاک سەید عەلی قومی چۆن لە ئاخری شەڕەکەدا کاک زیاخاقان داواکار هاتبوو،منیش لەگەڵ ئەو چووم بۆ ماڵیان و خاتوون لە ماڵ نەبوو، نزیک بەیەک سەعات لە لای حەوزەکە دانیشتم و سیگارم کێشا، وردە وردە ڕۆژ ئاوا بوو و خاتوون هاتەوە. دوای هەواڵپرسی گوتم: لە کوێ بووی؟ گوتیان: لە ماڵی شوجاعوددەولە کە کەریم و

٤٥- داکۆکی دەکاتە سەر شێعرێکی عوبەید زاکانی.

دووکوڕەکەی لەگەڵ دووسێ کەس ئاردالْ هاتنە ماڵێ و کە دووسێ قووچانی بەفەرمانی شوجاعوددەولە لێیانیان داوە، نایبوسەڵتەنە لەشار نەبوو. تەلەفۆنیان کردبۆکامرانیەو وڵامیان داوە چەند کەس بڕۆن و لەو باسە بکۆڵنەوە، حاجی موقەوێم لەو نێوەدا هات بۆ ماڵی خاتوون بۆلای من، دانیشتبوین کە کەریم خان لەگەڵ بیست کەس ئاردالدا گوتیان: کاک زیاد دەبێ لەگەڵ ئێمە بێت، چۆن ئەو قووچانیانە دەناسێ، من و حاجی موقەوێم بە هەر جۆرێک بوو ئەوانمان رازی کرد کە جارێ سەعاتێک لەشەو تێپەڕیوە، ئەگەر بڕۆین دەبێتە شەڕێکی قورس و بڕێکیش دەکوژرێن، چاکتر ئەوەیە ئەو شەو بڕۆن و سبەینێ ئەگەر دیسان فەرمان ئەوە بوو، یەک دوو کەس دەچین و کاک شوجاعوددەولە دێنین. پوول وچاییمان دا بە ئاردالەکان و ڕۆیشتن.[٤٦]

بێبایەخی کاروباری شوجاعوددەولە

یەک شەممە ٢٣ سەفەر ١٣٢٥ بەرامبەری ١٧ی خاکەلێوەی ١٢٨٦: لە ماڵی خاتوون هاتمە دەرێ و چوومە ماڵی کاک شوجاعوددەولە دیم زۆر دلگیرە و لەگەڵ من قسە ناکات، منیش ڕاوەستام و ویستم لەگەڵی ئاشت بکەمەوە و لە خزمەتیدا دانیشتم و وردە وردە قسەمان کرد. گوتم لەو پانسەد تمەنەی کە برووسکەکەی من هێنام چوار مانگ تێدەپەڕێت و هیچمان بە هیچ نەکرد، داخوازیتان لێ دەکەم ئەو قەرزەی وا بۆ ئێوە کرد بووم بیدەنەوە، چۆن تفەنگ کاپی زێوم بەبارمتە داناوە، گوتی: بۆ ئەو قەرزەی وا کردووتە نابێ هیچ لەمن وەربگری.

گوتم: سی تمەن دەبێ بدەی و حەفتا تمەنی پارەی خۆیە و من ناتوانم بیدەم، ناڕەحەت بوو و گوتی: من پارەم نیە و تفەنگ و کاپم ناوێت. گوتم: تفەنگ وکاپی ئێوەیان ناوناوە شەست تمەن بە پەنجا تمەن دەیکرن ومن سەعاتێکی زێڕ و

٤٦- ئەلبەت کاری ئەو ئاردالانە هەر ئەوەبوو کە ئاگری شەڕگەشتر بکەن تا شتی زۆرتر دەستیان کەوێت. کاری ئەوان لە تاران هەر ئەوەیە و لەو ڕێگایەوە شت بەدەست دێنن، قاجارەکان بەوانە پوولێکی وانادەن.

ئەنگوستیلەیەکی فیرووزەم لە خاتوو تەلعەتوسەڵتەنە بە جێگای تفەنگ و کاپ وەرگرتووە و شەست تمەنم وەرگرتووە و دەتمەنیشی بۆ خۆم داومە و ئێستا بووەتە سەدتمەن و بەڵام خاوەنی ئەنگوستیلەو سەعاتەکە، شتەکانی خۆی دەوێت و سەڕافیش پارەکەی دەوێت و منیش خەتام نیە کە پارەی قەرزم هێناوە بۆ تۆ. فەرموویان نەپارەم هەیەو نە تفەنگ و کاپم دەوێت.

ئەوەبوو کە من ڕۆیشتم و تفەنگم بە پەنجا تمەن و کاپیشم بەدەتمەن فرۆشت و دام بە کابرا و بۆسی چل تمەنی دیکە ئەنگوستیلەو سەعاتم دانا. بە کورتی بڵێم بە ماوەی سێ ساڵ واتا هەرمانگێک بەرانبەربەساڵێک بە ناخۆشترین شێوە ڕامانبواردووە، ڕەخنە لەشوجاعوددەولە ناگیردرێ بەڵکوو تاوانبار منم کە تاوانیشم داوە.

بەهەر جۆرێک بوو سی تمەنی دا و بە برووسکەی ناردم کە لە قووچان بیدەن بەماڵێ، ئێستا ڕوون بوەتەوە کە بە دزیەوە برووسکەیان ناردووە کە نەیدەن[٤٧] بە منداڵەکانم. جەنابی شوجاعوددەولە لە نەبوونی مندا ئەو تارەی بە جەلالی دیوان داوە کە بەم زوانە لە قووچانەوە هاتووە و داوێتی، لە حاڵێکدا کاک جەلال لەگەڵ من دۆستە و هیچ شتێک لەمن ناشارێتەوە و ئەگەر ئەو تارە لە زێڕیش بێت و من بمهەوێت پێمی دەدات. بەڵام مەبەستم لەبارودۆخی جەنابی شوجاعوددەولەیە.

ئەمڕۆ و ئەمشەوم بە تەواوی بە پەرێشانی بردەسەر،بە تایبەت ئەمشەو لەپەرێشان حاڵی و ناڕەحەتی ڕۆحی تا خۆرهەڵاتن خەوم پیا نەکەوتووە و زۆر ناخۆش بەسەر چووە.

هاتنی هوژەبردیوان و مودیردیوان قووچانی بۆ تاران و حەکایەتی ئاغاعەلی

ڕۆژ چوارشەممە ٢٤ ڕەبیعولئەوەڵی ساڵی ١٣٢٥بەرانبەر بە مانگی گوڵانی ساڵی ١٢٨٦: جەنابی مودیردیوان، هوژەبردیوان و جەلال‌دیوان قووچانی کە دووسێ

٤٧- ئەوە پیسی عەبدوڕڕەزا دەگەیێنێ و کەسایەتی ئەو دەردەخات کە ڕوون دەبێتەوە پیاوی وا چۆن دەکرێ ئیلخانی کورد بێت.

ساڵ بەر لە ئێستا لەگەڵ جەماعەتێکدا چوو بوون بۆ تەلگەرافخانەی قووچان و بە هاندانی خەڵک بەرانبەر بە عەبدورڕەزاخان بوو بە هۆی لابردنی شوجاعوددەولە بەو هیوایە کە خۆیان بچنە سەر تەختی حکوومەتی قووچان، کوڕی جەنابی ئاسەفوددەولە والی خوراسان کە ئاغا ئەمیر حسەین خان - شەوکەتوسسەڵتەنەی ئێستا- لەمەشهەدەوە کرایەوە دەسەلاتداری قووچان، ئەمە بوو بە هۆی دیل بوون و فرۆشتنی کچە کوردە قووچانیەکان بە تورکمەنەکان کە پێشتر وتمان بە بۆنەی نەبوونی شوجاعوددەولە لەو جێگە ئەو کارە ڕووی دابوو.

ئەوەی کە جەنابی شوجاعوددەولە دوای لاچوونی جەنابی ئاسەفوددەولە لەحکوومەتی قووچان بە بۆنەی دیل بوونی کچە قووچانیەکان کە هەستیان ئەکرد دەولەت و خەڵکیش ئەوان ئەنێرن تەلگەراف لە لایەن موشیروددەولەوە بۆ حەزرەت ڕوکنوددەولەی والی خوراسان نێر دراوە کە ئەم سێ کەسە لە قووچانەوە هاتن بۆ مەشهەدو ماتڵی هاتنی ڕوکنوددەولە بوون ئەوانیش لە قووچانەوە کەوتبوونە ڕێ و لە ڕێگەی عێشق ئاباد- ڕووسیە- مازندەران حەسانەوە،لەبەر ئەوەی چەند ڕۆژ زووتر گەیشتبوونە تاران، بەڕاستی ئەم ناوبراوانە لە قووچاندا زۆر جێگەی ڕێزن، جەنابی شوجاعوددەولە ئاوایە کە هەر کەسێک لەهەر جێیەک تازە بچێتە ئەوێ، چ دۆس، چ دوژمن زۆر خۆشی ئەویست و مێوانیش هەر خێرا ئەبوو بە فەرمانبەرداری.

ئەمرۆ هاین لە خزمەتی جەنابی شوجاعوددەولە، ڕێزی زۆرمانی گرت، چەند کەڕەت گوتراوە: ئەو شتانەی کە ئەنووسرێن شکات نیە و حەکایەتە، مەبەست ئەوەیە کە خاس و خراپ و خیانەت و ناشیرین و جوان بۆ ئەم لاوە هیچ فەرقێک ناکات.

ئەمانەی کە ئەڵێم درۆ نیە و تاقیم کردووتەوە و سەرۆکیش بۆ ئەم وتەیەم شایەتی ئەدەن؛ بەلام یەکێ لە وانەی ئەوەیە کە ئەینووسم:

عەلی کە خشت ماڵیشیان پێ ئەوت لە قووچان کرێکاری ئەکرد و ماوەیەکیش غولامڕەزاخان کردبووی بە خزمەتکاری تایبەتی خۆیان و حوکمی کردبوو کە پێی بێژن ئاغاعەلیخان، دوای ماوەیەک عەلی ئاغا منداڵێکی تارانی هاورد بوو بۆ

مزگەوت و گورزی زۆری لێدابوو کە غەڵتان خوێنی کردبوو و لە لایەن شوجاعوددەولەوە هیچ جۆرەسەختگیری و تۆڵەکردنەوەیەک یان ئاڵوگۆڕێک سەبارەت بە ئاغا عەلی خان ڕووی نەدا تەنیا چەند ڕۆژێک لەگەڵیا قسەی نەکرد و پاشان هەمیسان دەبوای هەمووی کەسێ فەرمانبەرداری ئاغا عەلی خائین بن و هەموان خولتەیان پێی دەکرد کە نەوەک لە لای شوجاعوددەولەوە خراپەیان بلێ.

عەلی ئاغا خزمەتێکی کە ئەکرد ئەوەبوو بەجەنابی شوجاعوددەولەی ئەوت: لە حەزرەت عەبدولعەزیم ژن فلانوددەولەی بینیوە و تامەزرۆ بووە، کەسێکی نارد بوو بۆلای من، شوجاعوددەولەی لەمن گەرەک بوو و داوای کردووە تا ئیزنی چاوپێکەوتنی ئێوەی پێی بدەم، بەڵێ دوای چەند ڕۆژ کە هەواڵە درۆکانی لەکچی مەوهەوموددەولەوە نەبوو، کابرا فرەزانی دەکرد و بۆ هەر ژنێک بیست تمەنی لە شوجاعوددەولە وەردەگرت، ئەو کاتە ژنێک دەستێک جلی ڕازاوەی لەبەر ئەکرد و بڕێک وتاری فێرئەکرد و لەگەڵ دوو کلفەت ئەیهانیە ماڵەوە. ئەمەش بوو بە هۆی بەدناوی شوجاعوددەولەوە.

ئاغای عەلی خان بە هۆی ئەم خزمەتانەوە وردە وردە بوو بە خۆشەویستی بارەگا، هەوڵی دەدا تا پلەو پایەی میر پەنجەیی وەدەست بهێنێ، ئاغا عەلی بوو بە هەمەکارەو ئێمەش سەرمان بێ کڵاو مابۆوە.

ئاماژە کراوە کە ئاغا عەلی چووە و لە ماڵ یەکێ لە ژنەکان شووشەیەک ئارەقی ئەخوارد و لەوێشەوە ئەچوو بۆ قەحبەخانە کەسەد تمەن ئیمپریاڵ بگرێ و چوار پینج ئیمپریاڵ خەرج بکا و بیدا بە قەرز و بلیتێکیش بۆ قەزوین بگرێ و ڕوو بە دەروازەی قەزوین بچێت، ئاغای عەلی خان مەستە و لە کاروانسەرا لە سووچێک خەوتووە و دووسێ کەسیان نارد بەشوێنیا.

وا ڕێکەوت غولامحەسەین قووچانیش یەکڕاست بۆ ئەو کاروانسەرا ئەچوو ئەویشیان گرت و نەیان ویست شەلاخی بدەن، مەبەست ئەوەیە کە هیچ فەرقێک ناکات عەلی خان بە بۆنەی دزی تا پینج شەش ڕۆژ ڕێی لێی ناگیردرێت و بەس، دواییش ئەبوو بە عەلی خانەکەی پێشوو و لەگەڵ ئەوانیتر هیچ فەرقێکی نیە. بەلام

بە بۆنەی ئەو کارە ناشیرینەیەوە شانازی پێوە دەکرا.

له خزمەت جەنابی شوجاعوددەولە دوای خواردنی نانی ئێوارە خەوتین
ڕۆژ پینج شەممە ٢٥مانگی ڕەبیعەلئەوەڵ ١٣٢٥ ئەمڕۆ...

جێ و شوێنی شوجاعوددەولە دوورخراوەتەوە و باوردۆخی تاران له لاپەڕەکانی‌تر له ڕاپۆرتی لوتفعەلی خان دەرەگەزی سەبارەت بە ئاخری ڕەبیعوسسانی ١٣٢٥ئەواهاتووە:بەو جۆرە کە وتراوە ئەمڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ٢٨ مانگی ڕەبیعوسانیە...

دواییش خۆی ئەیژێت چونکە بیرو هۆشێکی ڕێک‌وپێکم نیە چاوپۆشی له نوقسانە ڕابردووەکانم بکەن، بەو بۆنەوە سێ سەعاتی بۆخۆرئاوا مابوو، جەنابی هوژەبردیوان و مودیردیوان و جەلال دیوان و ئاغا موحەممەد خان ڕۆیشتوون و لەشەقامی لالەزار دابەزین و هاتن بۆ ماڵ شوجاعوددەولە کە تەشریفیان لەماڵ نەبوو، هەر چەندە بۆ چایی و قلیان هاواریان کرد کەسێ وەلامی نەداوە، وتیان کە لە چل کەسێک کە لە قووچان لەگەڵ ئەم کەسانە چوونەتە دەرەوە یەکەیەکە گشتیان لە پارەیی مانەوە. تەنانەت کەربەلایی میرئاخوڕ و غولامحسەین شیروانی -کە لە منالیەوە خزمەتکار بووە و خزمایەتی لەگەڵ ئەوان بووە- دوو ڕۆژە بە ناچار لە دەستی قەرزار باریان کردووە و لە کردەوە و ڕەوشتی جەنابی شوجاعوددەولە یاس بوون و ڕۆیشتن و دووسێ کەسێک ماونەتەوە و ئەوانیش لەگەڵیان چوون بۆ بازاڕ.

نۆکەر مودیر دیوان چووە و لەقاوەخانەیێک چایی هاوردووە. نەختێ نانی ڕووسی خاسیشیان سەندبوو و بە چاییەکەوە خواردمان و ئەویشمان چاوپێکەوت، خواحافیزیمان کرد هاتین بۆ ماڵ ئاغای زیاخاقان، دیم کە غەیری تەلعەتوسەڵتەنە کەسێک‌تر نیە.

ڕۆژ چوارشەممە ٢٩ ڕەبیعوسانی ١٣٢٥، ئەمڕۆیش لوتفعەلی خان بە خۆشی و بەخواردنی کنیاک ڕای‌بواردووە، بەلام لە ئاکامدا کارەکەرەکە شووشەی کیناکی شکاندووە، خاتوونیش بۆ تولەکردنەوەی بە دارێکەوە ئەکەوێتە شوێنی و لوتفعەلی خان ناوجێ ئەکرد کە شووشەی عەینەکەکەی ئەو جۆرە کە خۆی ئەلێ کوترا بە

دەموچاوی خاتوون و خەتی تێ کەوت، بەم شێوە ئەو کچەی ڕزگار کرد و بەڵام بوو بە هۆی تریق بوونەوەیێک کە ڕادەی نەبوو؛ چونکە ئەبێ بۆچی دەموچاوێ کە ناسکتر لەبەرگی گوڵ بڕووخێت.

لوتفعەلی لەسەر باسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە ئەنووسێت کە: دووسەعات بۆ خۆرئاوای مابوو کەسێ چوارکەس لەخاتوونە بەڕێزەکان... هاتن بۆلای خاتوو تەلعەتوسەڵتەنە، خاتوون کەبابی دروست دەکرد و شووشەی ئارەقیش لە پیاڵەی پڕ سەهوڵ ئامادەیە.

سوپاس بۆ خوا زۆر خۆش ڕابورد و شوکر خوامان کرد لە لوتفەکانی خانمیش سپاسمان کرد، ئەو کاتەم بە دەرفەتێکی باش زانی بیرکردنەوە و خەفەت خواردنم نا لاوە و تارم هاورد و لێم دا: کاتێکمان بە خۆشی و ئاسوودەیی ڕابوارد و شەو دوایی هات.

ڕوژ پینج شەممە هەوەڵی مانگی جەمادیولئەوەڵ ١٣٢٥: لەڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە لوتفعەلی ئەڵێ: خاتوونێکی جوان و بەڕێز کە زمان توانای تاریفی جوانی و خۆش زمانی ئەوی نیە، هاتن بۆ لای خاتوون و بڕیاریان دا کە بۆ حەزرەت عەبدولعەزیم بچن و منیش بە خۆمم وت کە ئەوەی کە ئەبینم خوایە بە خەبەرم یان خەوە.

ڕۆژی هەینی دووی جەمادی ئەوەڵ: ئەمڕۆیش لوتفعەلی لە ماڵ خاتوون بوو و شەویشی لەویا ڕابوارد.

ڕۆژی شەممە سێ جەمادیئەوەڵ: ئەمڕۆیش لەم ماڵا بووم و بۆ هیچ کوێ نەچووم، چونکە بڕیارە ئەمشەو جەناب ئاغای ئەجلالەلمولک کە سەرۆکی کالسکەخانەی شایی بوو و سەرۆکایەتیان داوە بە بەنان کوڕی خاتوون، بۆیە هاتن بۆ دیتنی بەنان دیوان.

لەگەڵ ئەوەی کە خاتوون زۆر لەسەری چوو کە لوتفعەلی شەو لەوێ بمێنێت و ئەجلالەلمولک حەزی کردووە کە حەتمەن بیبینێت؛ بەڵام لوتفعەلی خان بە بیانوویێک لە ژێری دەرئەچێت و ئەچێت بۆ ماڵی شوجاعوددەولە و ئەبینێت کە

ئەویش نەخۆشە و لەسەرجێگە کەوتووە و یاو دایگرتووە، جەنابانی دیوانەکانی قووچانی لە لاین، ئەویش شەو لەوێ ئەمێنێتەوەو ...

ڕۆژی یەکشەممە چواری جەمادیولئەوەڵی ١٣٢٥ بەرانبەر بە جۆزەردانی ١٢٨٦: ڕۆژم لە ماڵ شوجاعوددەولە بەسەد ئێشەوە ڕابوارد و لەگەڵ جەنابی شوجاعوددەولە شەویش چوین بۆ ماڵی ئەوان کە لە دەروازەی قەزوین بوو. سوپاس بۆ خوا شەو بە خۆشی ڕابوارد.

ڕۆژی دووشەممە ٥جەمادیو لئەوەڵ: ئەمڕۆ نامەیەک لە لایەن وەزیری ماڵیەوە هات و لەو نامەیەدا هوژەبردیوان واژۆی کردبوو و منیش بەشەمەندەفەر بۆ ماڵ زیاخاقان هاتم، ڕوانیم خاتوو تەلعەتوسسەڵتەنە سفرەیەکی جوانی لە گەڵ شووشەی کنیاک ئامادە کردبوو و چێشتێکی ئورووپایی کە بە سۆپەی ئورووپایی کوڵاندبوو و بە تەنیا دانیشتبوو، وتیان زۆر بەکاتی خۆی هاتین، وتم زۆر خوش شانس بووم کە لە کاتێکی ئاوا گەیشتم بە حوزووری موبارەکی ئێوە، کاتی ئاوا زۆر بەنرخە...

عەسر بۆپیاسە کردن هاتم بۆ گۆڕەپانی تۆپخانە، موحەممەد عەلی شای قاجارمان کە لە دۆشان تەپەوە هاتبوو زیارەت کرد.

کەسێکیش سەییدی گلەیی بوو ئەو پاشای عادڵە سەییدی بانگ کردووە بۆلای خۆی و سەعاتێک گوێ بە گلەییەکانی داوە و بە تەواوی مێهرەبانی و موحەببەتەوە وەڵامی دانەوە.

کاتی ئێوارە چووم بۆ ماڵی زیاخاقان

ڕۆژی سێ شەممە ٦ی مانگی جەمادیولئەوەڵ: یەی سەعات بۆ خۆر ئاوای مابوو کە لە خاتوون خواحافیزیمان کرد و بۆ ماڵ هاتینەوە.

دوای بە خزمەت گەیشتن، خێرا گوتیان و منیش گوێچکەم دا و تامڵم کرد چونکە دوو ساڵە پێکەوە هاتوین بۆ تاران، منیش بەم قسە ناشیرینانە ڕاهاتبووم و لە ترس ئابڕۆی خۆم بێ دەنگ مابووم، ئێستاش قسەیەکی وام پێ نیە چونکە لەم دەم و لێوە شتێک غەیری خراپەم نەبیستووە، هیچێکم نەوت وردە وردە بە بیانوویيەک لە ماڵ هاتمە دەرو بەشەمەندەفەرهاتم بۆ دەروازەی قەزوین و هاتم بۆ ماڵ هوژەبر

ئەوەندە پەرێشان و بێ تاقەت بووم دانیشتوان بەم دڵگیریەمیان زانی و لێمیان پرسی منیش بەوردی باسم کرد، بەڵام تەنیا خوای گەورە دەیزانی چی بەسەر مندا هاتووە

پیرەمێرێک قووچانی کە مەنێک ڕۆنی خوارد و ئەو کوردە سەرحەدیە کە ئاگری خوارد

ڕۆژی چوارشەممە ٧: بەیانی زوو جەنابی هوژەبردیوان و مودیردیوان بۆ قۆچان نامە ئەنووسن و منیش ڕۆژنامەم ئەنووسی و ئاغای جەلال دیوان قسەیێک سەیری کرد، دوو ساڵ بەر لە ئێستا لە قووچانا پیرمێردێکی قووچانی باخەوان کە هەشتاد ساڵی تەمەنی بوو لە گەڵ شوجاعوددەولە و سەد کەسی تر گرەوی کردبوو کەمەنێک ڕۆن بە خاڵی بخوات، شوجاعوددەولەیش ئەمری کردبوو کە نەختێک زیاتر لەمەنێک ڕۆن ئامادە بکەن، مەنێک و چواردە سیر ڕۆنیان هاورد، کاتی هەوای گەرمی هاوین بوو، وتیان ڕۆنەکە تواوەتەوە، پرتەشتێک بوو، ئەو پیاوە لە ماوەی نیوسەعات تەواوی ڕۆنەکەی خوارد کە نزیک مەن و نیوێک بوو، منیش کە بە قسەی جەلال دیوان بڕوام نەکردبوو و دوایش جەنابی هوژەبردیوان و مودیردیوان شایەتیان دا وتیان کە ئێمە لەو کۆمەڵابوین کە ئەم کارەساتە ڕووی دا و جەنابی مودیر دیوان خەریک باسێکی تر بوو و گوتوویە کە من لە سەفەری سەرحەدی قووچان لە لای خواڵێخۆشبوو موحەممەد ناسرخان شوجاعوددەولە بووم کەیەکێ لەخەڵکی سەرحەدی قووچان گوتوویە کە ئاگر ئەخوات و ئاگرێکی زۆریان ئامادە کرد و نۆکەرێکیش ئاورە بەتینەکەی بەمەقاش هەڵئەگرت و لە دوای یەک ئەیخستە دەم ئەو کەسە و ئەویش ئەیخوارد.

لەبێ‌لەشی و پەرێشان‌حاڵی خۆم چەند پەرداخ شەراوم خوارد و نەختێک خەریکی تار و تەختە بووم و دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ نەختێک خەوتم و سێ سەعاتی بۆ خۆر ئاوا ما بوو، بەتوول خانم کە لە تاران ناو بانگی بۆ گۆرانی وتن زۆرە تەشریفیان هانی، لە هاتنیان هەموومان دڵخۆش بوین، پیاڵەیەک چاییم خوارد و

ورده ورده خەریکی گوێچکەدان بە گۆرانی بەتوول خانم بووین.

بەڕاستی دەنگێکی زۆر بەرزو سانای بوو و زۆر ئیشی لەسەر کردووە و لەگەڵ مۆسیقارە بە ناو بانگەکان گۆرانی گوتووە، بە بارودۆخی تاران جوان شارەزایە.

سەعاتێکی بۆ خۆرئاوا مابوو کە بەتوول خانم ڕۆیشت و بڕیاری دا کە ئەمشەو بۆ ئەوێ بچێت، ئێمەیش لەگەڵ ئەواندا چووینە دەر و سوار شەمەندەفەر بوین و گەیینە شەقامی لالەزار و دابەزین و چوینە ماڵی شوجاعوددەولە.

ناوبراوان گەرەکیان بوو هەواڵی بپرسن و هەرچەند وتیان بەمن کە لەگەڵیان بچم قەبووڵم نەکرد و لە دووکانی تەلا فرۆشی دانیشتم تا ئەوان چوون. شوجاعوددەولەیش ئاغا موحەممەدی ناردبوو بە شوێنما کەمنیش بچمە خزمەتیان، وتم وەختی چوون بۆ خزمەتیانم نیە و ئێستایش تاقەتی گوێگرتن بەقسەکانیانم نیە، جەنابی هوژەبردیوان و مودیر دیوان و جەنابی ئاسەفوددەولە بانگی کردبوون و ئەوانیش لە لای شوجاعوددەولە هاتنە دەر و چوون، منیش لەگەڵ جەلال دیوان و محەممەد خان سوار شەمەندەفەر بوین و هاتینەوە بۆ ماڵ، بەتوول خانمیش هات و ناوبراوان لە خزمەت جەنابی ئاسەفوددەولە هاتنەوە، ورده ورده بەزم و ڕەزم ئامادەبوو بەتوول‌خانمیش گۆراینە جوانەکەی وت و سوپاس بۆ خوا خۆش ڕامانبوارد و لە شەش سەعاتی شەودا هەر کەسێک لە جێگەیەی خەوت و بەتوول‌خانمیش قسەی خۆشی کرد و خەوتین.

ڕۆژی پێنج شەممە ٨ جەمادی ئەوەڵ ١٣٢٥: یەک سەعات لە نیوەڕۆ گوزەرا بوو هەڵساین و چاییمان خوارد و بەتوول خانمیش ورده ورده گۆرانی ئەوت و لەم کاتەدا تەلگەرافێک لە قووچان گەیشتە دەستی ئەوان و تا ڕادەیەیێک دڵیان ڕاحەت بوو.

ئەنجومەنی یەکیەتی خوراسانیەکانی تاران

ڕۆژی هەینی ٩ جەمادی ئەوەڵی ١٣٢٥: لوتفعەلی خان لە باسی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە ئەنووسێت:

چونکە ماوەیەکە پارلەمانی یەکیەتی خوراسانیەکان لە تاران پێکهاتووە و دوا

بەدوای ئیش و فەرمانی سەبارەت بەمەشرووتەخوازی تێکۆشانیان دەستی پێ کردووە.

ئەمڕۆ لەسەر دەعوەتێک کە کردبوویان وتووێژیان کرد و هەر کەسێک سەبارەت بە بارودۆخی خۆی قسەی ئەکرد و نامیلکەی کورتی لەسەر یاسای ئەو دانیشتنە نووسیبوو، هەموویان تەماشا کردووە و بە ڕاستیان زانیوە و مۆریان کردووە و سوێندیان خواردووە کە لەو کاتەوە بە دوا لەهەر جێگەیەک کە بن ئەو یاسا بەڕێوەبەن.

«هەر خێروباشەمان بۆ یەکتر گەرەک بێت»

بڕێک وتووێژیان کرد و لەوێوە ڕێکەوتن بۆ ماڵ، نانی نیوەڕۆیان خوارد و دەمێک حەسانەوە و عەسر ڕێکەوتن بۆ دەروازەی قەزوین.

ڕۆژی شەممە و یەک شەممەی جەمادی ئەوەڵ ١٣٢٥: لە ماڵەوە بووین و بۆ هیچ شوێنێ نەچوین هەر چوین بۆ حومام و گەڕاینەوە.

ڕۆژ دووشەممە ١٢: بەیانی زوو شوکر خوامان بەجێ هاورد و دووسێ خاتوون هاتنە ناو و دانەیەکیان زۆر جوان بوو دەنگیشی زۆر خۆش بوو ئەگەرچی ئەم ڕۆژگارە لەهەر سووچێک دڵی من بە هەزار جۆر بەزم و گۆرانی ئەچڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا بە گۆرانی و قسەی ئەم خاتوونە کە لە ڕۆژگار و خەفەتی ڕۆژگار بێخەبەر بووین و نانی نیوەڕۆم خوارد و هەر کەسێک لەسووچێکدا بە خەیاڵی خۆی ئەحەساوە و منیش خەم و خەفەت کە دوو هاوڕێمن و نزیک عەسر خاتوونەکان تەشریفیان برد و ئێمەیش لەگەڵ جەنابی هوژەبردیوان و مودیردیوان چوین بۆ بازاڕ و نەختێک گەڕاین و شەو گەڕاینەوە بۆ ماڵ و سوپاس بۆ خودا شەومان بە خۆشی ڕابوارد.

ڕۆژ سێ شەممە ١٣: ڕوودواێک تازەنەبوو

ڕۆژ چوارشەممە ١٤: بەیانی زوو ڕێکەوتین شوکر خوامان بەجێ هاورد، هەر چی بیرم کردەوە کە بە بۆنەی خەم و خەفەتێک کە دووسێ ڕۆژە تووشم بووە بچم بۆلای دوکتۆر. زانیم تاقەت ئەم هەمووەڕێگەمە نیە، لەماڵەوە لەگەڵ ناوبراوان دانیشتبووین کە نەسرەت خاتوون هاتەماڵەوە ئەم خاتوونە -کە تازە شووی کردبوو-

قسە خۆشەکانی ماندوویی لەبیر بردینەوە.

لە ماڵ بوین تاشەو و هەرچیمان گەرەک بوو ئەم خاتوونە لە لامان دانیشێت بە بۆنەی شووەکەیەوە نەیتوانی دانیشێت و تەشریفی برد.

وتم قوربان پیاوی ئاوابم کە ژنەکەی بۆ خەلک بەش کردووە، ڕۆژ بۆ هەموویە و شەویش خوا ئەزانێ سەعاتێک بە شووەکەی ڕابگات یا نە.

٢٥- ناو ئەو کەسانەی کە لەگەڵ شوجاعوددەوڵە بۆ تاران دوور خرابوونەوە. ١٣٢٣ مانگی

بە پێی نووسراوەکانی لوتفعەلی خان لە ماوەی سێ ساڵ دوور خستنەوەی عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەوڵە بۆ تاران ٤٠ کەس لە گەڵیا بوون، بەڵام ماوەی ئەم دوورخستنەوە کە لە ساڵی ١٣٢٣مانگی تا١٣٢٥ درێژەی بوو وردە وردە ئەوکەسانەی وا بێ وەفاتر بوون. تاقەتی سەختیەکانیان نەبوو و جێمیان هێشت، لە لایەکیشە شوجاعوددەوڵە بە هۆی فەقیری و پەرۆشی خۆی نەیتوانی خەرجییان بدات، بڕێکیان لە تاران بە ڕۆژا ئەگەڕان، بە دوای کرێکاری و بەدبەختیەوە بوون.

بارودۆخی شوجاعوددەوڵە و لوتفعەلی خان گەیشتە ئەو جێگەی کە ڕۆژێک بە هیوای قەرز کردن چوونە بەردەرگای ماڵ سەید عەلی قومی کە لە مامۆستا بە ناو بانگەکانی تاران بوو لە دوای ماوەیەک خوشکی شوجاعوددەوڵە بوو بە ژنی و تا شەو لای سەید عەلی ملیان لار کرد و ئاخریشی بە کۆلێک جوێن و قسەی ناشیرین توانیان یەک تمەنی لێ وەربگرن و نانی شەوی ماڵی پێ ئامادە کەن.

دنیا دەوران دەورانە ڕۆژیک های لە سەر و ڕۆژێک لە خوارەوەی بە هەر شێوەیەک ئەو کەسانەی تا ئاخر لەگەڵ شوجاعوددەوڵە مانەوە و بەدبەختی زۆریان تووش بوو ئەمانەن کە لە خوارەوەو ناویان ئەبەین:

١- لوتفعەلی خانی دەگەزی کوڕی ئەڵاهیار خان کەنووسەری بیرەوەریەکانە.

٢- لوتفعەلی خان خزمەتکاری شوجاعوددەوڵە کە جاران بە «عەلی بەنا» ناوی دەرکردبوو و نۆکەری میرزا غولامڕەزاخان ناوێک بووە.

۳- غولامحسەین خان خزمەتکاری شوجاعوددەولە.

٤- ئاغا میرزا سەید ئەسەدوللا.

٥- میرزا غولامڕەزاخانی قووچانی نووسەری شوجاعوددەولە.

٦- یاخشی خان لە نۆکەرەکانی شوجاعوددەولە

٧- حاجیخان

٨- ئاغا عەلی بەگ کە هەمیشە ئیددەعای سۆفیەتی و دەرۆیشی ئەکرد.

٩- کەربەلایی ئەکبەر فەڕاش

١٠- کەربەلایی فەقی سیرئاخۆڕ کە لە نەورۆزی سالی ١٣٢٥ هێشتا لە لای شوجاعوددەولە بوو.

١١- محەممەد خان بەگ دلخۆش

١٢- غولامحسەین خانی شروانی کە لە خزمە نزیکەکانی شوجاعوددەولە بوو.

١٣- سوبحان ویردی خان برای جەنابی دوکتۆر زەبەردەست خان کە لە کرماشانەوە هاتبوو و هەمیشە لە گەل شوجاعوددەولە بوو.

١٤- شێخ محەممەدی قووچانی کە تا ئاخری دوورخستنەوەکە تا سالی ١٣٢٥ لەگەل شوجاعوددەولە مابوو.[1]

٥- ئاغا محەممەدی خزمەتکاری شوجاعوددەولە

١٦- شوکروللا خان کە پالتاوێکی بە ئەو خەلات کرد.

١٧- میرزا محەممەد ڕەزا چایچی شوجاعوددەولە

١٨- کەربەلایی حەسەن

١٩- کەربەلایی عەلی

٢٠- میرزا محەممەد حەسەن خانی قووچانی

٢١- نایب حەسەن فەڕاش

٢٢- مەشهەدی حسەین قاپووچی

لێکۆڵینەوە لەسەر شکاتی دووبارەی کوردەکانی باشکانلوو لە پارلەمانی نەتەوایەتی

کوردەکانی باشکانلوو دوای هەوڵی زۆر و شکات کردن و وتنی ئەم باسە لە زۆربەی وتووێژەکانی پارلەمان چونکە بە ئاکامێک نەگەیشتن ولاینگرانی ئاسفوددەولە و سالار موفەخخەم لە پارلەمان و بارەگا لە ناو سەردار و یاخیەکانی ولات لە بەڕێوە چوونی حوکمی داد بەرگری کرد و ئەیانویست سالار موفەخخەم لەبەندیخانە ڕزگار کەن.

باشکانلووەکان لەم بابەتەدا شکاتیان بۆ ئەنجومەنی ناوەندی لە تاران نارد کە ئەنجومەنیش شکاتەکەی ئەوانی بۆ ڕاگەیشتنی زۆرتر بۆپارلەمانی نەتەوایەتی نارد.

ڕۆژی یەک شەممە ٢٧ی شەعبانی ١٣٢٥:

شکاتەکە خوێندرایەوە بەم ناوەڕۆکەوە:

بە خزمەتی ئەگەیەنم: ماوەی دووساڵە کوێخاعەلی و یۆسف ساحیب، بەندکراوەکانی قووچان لەگەڵ شەست و دوو کەس بەندکراو و ماڵەتالان کراوەکان لە تاران ماونەتەوە و ماتڵ بوین. بڕێک گەرەکیانە سالار موفەخخەم ڕزگار کەن کە مافی ئێمە لە ژێر پێی بنرێ، هەرکاتێکیش نائومید ئەبین ناچارین ڕووبکەینە ولاتی هەندەران، چونکە پێکهێنانی ئەنجومەنیەکان بۆسەندنەوەی مافی زوڵم لێکراوەکان، ئەوان بە خوا سوێند ئەدەین تا ئەو کەسانە وا ئاماژەیان پێکراوە ڕزگار بکرێن و سزا نەدرێن و مافی بەند کراوەکان بدەنەوە دەستیان.

ئاغا میرزا ئەبولحەسەن خان: ئەم شکاتە بۆ ئەنجومەنی وەزیران نووسرا بوو نە بۆ پارلەمان. وتیان ئێستا ئەنجومەن وەلامی دەوێ.

ئاغا میرزا مەحموود کتیب، فرۆش: چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا لەم بوارەدا وتووێژکراو و بڕیار درا لە لایەن پارلەمانەوە بۆ وەزارتی ناوخۆ بنووسرێت کە تا ئاخری مانگی ڕەمەزان بەند کراوەکان هەڵگەڕێنەوە، ئێستا لە لایەن پارلەمانەوە هەنگاو هەڵێنراو یان نە؟ ئەگەر هەڵێنراوە کە ئەبێ ئەوان ماتڵ بن تا کاتی خۆی بگەیێت.

سەرۆک! هێشتا لە لایەن پارلەمانەوە هەنگاوێک هەڵنەگیراوە لەم ڕۆژە ڕەشـەدا وەک تەواوی ڕۆژەکانی تر قسەو باسی دووپاتکراوی نۆینـەرەکان کـە تـەواوی کـاتی پارلەمانی پڕ کردبوو بێ ئاکام مایەوە، هەر چەند کە سەرۆک پارلـەمان لـە سـەرەتاوە وتی: تا ئەمڕۆ بە ئاکام نەگەیشتین لـە پارلـەمان ناچینەدەر؛بـەڵام لەگـەڵ ئـەوا کـە ٧٣کەس لە نۆینەرەکان کە بڕێکیان وەکوو تـەقی زادە و مـیرزا مـەحموود سـەرۆک چەند کەڕەت قسەکەیان دووپاتکردەوە خەریکی باس و وتووێژ بوون و بـە ئاکامێـک نەگەیشتن، ئێمەیش لە گوتنی ئەم قسەو باسە درێژە کـە خۆینـەران وەڕەز دەکـا و ئەبێ بە هۆی ئەوەی کە ئینسان لە خۆی قینی هەڵـسێت پـارێز ئەکـەین، دووپـایی ئەکەینەوە کە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٨ مانگی ڕەمەزانی ئەم ساڵە ئاسفوددەوڵـە لـە کابینەی ناسرەلمولک بە ناو وەزیری ناوخۆ بە پارلەمانی نەتەوایەتی ناسرا، ئێـستا کـە ئەبێ بە مافی بەند کراوەکان لە ڕێگەی وەزارەتی ناوخووە ڕابگەن، وەزیری ناوخۆیش کە خۆی بەند کراوەکانی فرۆشتووە، بارووداۆخی دەوڵەت و پارلەمان وکردەوەیـان دژ بە ڕەعیەتی زوڵم لێکراو بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە کە خۆی دەوڵـەتی مەشـرووتەیە و پارلەمانی مەشرووتەیش بەگەیشتن بە ئەم پلەو پایە شانازی ئەکرد.

پارلەمانیش ڕێگەی تری بۆ نەما بوو چون کە نە پارەی هەبوو نە هێـزی بـەڕێوە بردن، هێز کە وا لە ژێر دەست پادشادا و و پادشاش بۆ خۆی وێنەی زڵم و زۆرە.

چەند ڕۆژیک پاش بڕیاری وەزارەت، ئاسەفوددەوڵە سیاسەتی ڕەشی ئاشکرا بوو، تـەلگرافێک لـە شـاهروودەوە گەیـشتبوو و ڕۆژی ٢٣ ڕەمـەزان سـەرۆکی پارلـەمان خویندبوویەوە:

سوارەکانی تورکەمەنی هاتن لە قەزوین سێ هەزار مەڕیان برد و پەنجا کەسیان کوشت و چەند کەسی دیکەیشیان بەندکرد، ئەگەر چارەسەرێک نەبێت ئەبێ بچـین لە تورکەمەنەکان فەرمانبەری کەین تەلگرافێک نزیک بـەم ناوەڕۆکـەوە گەیـشت و خوێندرایەوە.

سەرۆک: چالاکییەکان لەم بابەتەوە کراوە.

ئەدیبوتوججار: کە ئەمەچالاکیەکانیە!

سەرۆک: سوارکارە خوراسانیەکان قیتاوقیـت و هێـزی شـاهروود و بەسـتامیش کۆئەبنەوە و هێزی مازندەرانیش هەروەها بە دوو ڕۆژ کۆ دەبنەوە.

ئاغا میرزا ئەبولحەسەن خان: ئەبێ متمانەپەیدا کەین کە سپەهداد ئێستا یـا بـۆ ئەستەرئاباد ئەچێت یا بۆ تونێکابۆن.

سەرۆک: ئەچن بۆ ڕەشت و لەوێوە ئەچن بۆ بەندەری گەز.

ئێستا کێ ئەبێ بەم ئاکارە ڕابگات، بەڕاستی کەسێک جگە لە ئاسەفوددەولە کـە وەزیری وڵاتە، نیە. ڕوون و ئاشکرایە کە ئاسەفوددەولە خـۆی لـەم ڕووداوە دسـت و هاندانێکی هەبووە تا ڕزگاریی سالار موفەخخەم پێک بهێنێت و باسی خـۆی و دیلـە قووچانیەکانی لەبیر بچێتەوە، تا لە تەواوی وڵات شەڕو ئـاژاوە بێتـە پێـشێ، نـەوەک لەمەشـرووتە ڕق هەڵـبگرن و دووبـارە حکومـەتی زڵـم و زۆر بێتـە سـەر دەور تـا ئاسەفەکان و سەردارەکان و سالارەکان بە ئاواتی خۆیان بگەن.

لە کۆبوونەوەی یەک شەممە ٢٧ ڕەمـەزان وەزیـری دەرەوەی وڵات سـەبارەت بە ئەستەرئاباد، وەڵامی نوێنەرانی پارلەمانی ئاوا دایەوە.

هەنگاوە پێویستەکان هەڵگیراوە و هەنگاوی تەواو ئەوەیە کە ئێمە دەبـێ بچـین بە کارێکی تردا ڕابگەین، دەبێ سالار موفەخخەم بڕوات.

لاپەڕەیەک کە لە لایەن نەسرەتوسەڵتەنەوە گەیشتبوو خوێندرایەوە: دەمـەوێ بچم بۆ ئەستەر ئابـاد، دسـت درێـژی تورکەمانـەکان لـە سـەر ڕێگـە لائەبـەم، ئـەم ئاکارەئەگەڕێتەوە بۆ بڕێک لەو هەنگاوانەی کە پارلەمان هەڵیئەگرێت. وەکوو ئـەوەی کە ئێستا لە ناو تورکمەنەکان جیاوازی مەزهەب بووە بە هـۆی ئـاژاوە، کەسـێک کـە ئەتوانێ تورکمەنەکان لەسەر ڕێگە لابات سوارە کوردە بجنووردیە شادلووەکانە، بـیرو بڕوای من ئەوەیە کە سالار موفەخخەم پارلەمان ڕزگاری بکات تا لەگەڵ من دا بێـت کە بەند کراوەکان بگەڕێنێتەوە و نەتەوەکەی لە خەتاکەی خۆش بن.

ئاغا میرزا مەحموود: لە ڕاستیدا ئەبێ زۆر لە سپەهدار سوپاسگوزار بن کە وڵاتی لە لەناوچوون پاراست، باشتر ئەوەیە بە هۆی ڕەحـیم خـان چـەلیبانلوو قەراجـەداغی ڕاسپێردراویەییکی پەیدا کردووە.

حەسەنعەلی خان: نەخشەی ئەم وڵاتە خراپ کێشراوە، پێنج مانگ لە دەست کەسێک -ئاسەفوددەولە- هاوار بکەیت تا ئەوەی ئەو لە وڵاتی خوراسان لابەن، دواییش بیکەن بە وەزیری ناوخۆ،شەش مانگە لە دەست کەسێکی تر هاوار ئەکەن تا ئاخری زەنجیر ئەخەنە ملی و دواییش بە پاڕانەوەی کەسێکی تر بەری ئەدەن، من ئیشم بەوە نیە... هەر ئەوەندە ئەڵێم ئێستا کەسزا لە ناوانیە لانی کەم مەهێڵن خراپە پەرەبەسێنێت.

سەیدولحوکەما: بەم شێوە کە سپەهدار نووسیویەتی خراپ نیە،سزای خراپکاری ئەو، پارەیەکە کە فەرامانفەرما لە کاتی وەزارەتی دا دابینی کردووە.

ئاغا سەید مێهری: ئەگەر سپەهدار بێپێشەکی ئەیگوت کە سالار موفەخخەم بدەن بە من بیبەم، چاکترە لەوەی کە پێشەکی دابمەزرێنن.

ئاغا میرزا تاهێر: ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە هەمووی ئەو چالاکیانە لە لایەن سالار موفەخخەم و ئەکرەمولمولک و مەفاخێرلمولک ئەستەر ئابادیەوە کە ئەم فرمانانە ئەکەن کە ئەو ڕزگار کەن.

ئاغا سەید حەسەن تەقی زادە: ئەگەر تەنیا باس باسی ئەستەرئابادە چونکە گرینگە باس بکرێت زەرەرێکی نیە ئەگینا باشتر ئەوەیە پارلەمان نەختێک خۆی ڕاگرێ، بیهێننەوە بیریان کە ئاغایانی نوێنەر ئەو حوکمە ئاخرەی وا پارلەمان دای تا ئاخری ڕەمەزان ئەگەر نەسڕایەوە ئەبێ سالار موفەخخەم سزا بدرێت. لە نوێنەرانی بە ناو بانگی پارلەمانی نەتەوایەتی ئاغا سەید عەبدوللا بێهبەهانی بوو کە لەم دواییانا لە بەر بڕێ شت زۆر دڵی بۆ سالار موفەخخەم ئەسووتا بەشێوەهایەکی جیاواز لە ڕزگاری ئەو باسی ئەکرد.

هەروەها کە لە کۆ بوونەوەی شەممە ۲ی زیقەعدە ئەیگوت: حەفتەی پێشوو دوو کەڕەت زانیارانی خوراسان ئێمەیان بانگ کردووە بۆ تەلەگرافخانە و ئێمەش لەبەر ڕێزگرتن لەوان ڕۆیشتین و گوتیان هەمووی پیاو ماقوڵانی خوراسان و زانیاران تەلەگرافیان ناردبوو گوتبوویان بە هۆی ئەوەی کە تورکمەن هیرشیان کردووەتەناوچەی سەبزەوار بۆیە ترسا بوون و داوای تفەنگ و چەک و گوللەیان کردووە.

دوای ئەوە کە ئەم بابەتە لە نێوان نوێنەراندا نرایە دەنگدان دووبارە ئاغای سەید عەبدوڵلای بێهبەهانی نەختێک وتووێژی سەبارەت بە شەهیدانی کەربەلا کردو پەڕینە سەرباسی سالار مەفەخخەم و لە ناو قسەکانیا گوتی: لەو باسە کە خوشکەکانی ئێمەیان دیل کردووە ئاسفوددەولە بە هۆی ئەم کارە لە حکوومەتی خوراسان لابرا و وەزارەتی ناوخۆیان پێدا و ئەودەستەکەی تریان ئامادە کرد و نەیانزانی چی بوو کە لە دادگا کە خەتاکەیان خستە ئەستۆی سالار موفەخخەم و ئێستاش حەوت مانگە کە دیل کراوە. پێش‌تریش شکاتی نووسیبوو، منیش ئەم‌گوت و ئەزانم بڕێک لە قسەکانی من لە نێوان من و ئەودا لە دەرەوە ئەکرێتەوە و بۆیە نابێت ببیسرێت؛ بەلام بە هۆی ئەو قسانەی کە گوتم: ئەبێ ببێژرێ، ئەو کەسەی دووبارە نامەی نووسیوە کە بوونی من لە بەندیخانە کەڵکی نیە و زەمان ئەدەم و پارە ئەدەم، ماڵ خۆم دادەنێم لەبەر ئەوەی کە بڕۆم بەندکراوەکان بهێنمەوە و ئەگەر وام نەکرد گوندەکانم ببەن بۆ خۆتان.

ئەگەر قسەکانی ئەو ڕاستە ئیتر چۆن ژیر ئەبێت و ئەوشتەی دەستی ئەکەوێ لە دەستی بدات.

نا،ئەبێ خۆمان پارە بدەین و بەند کراوەکان ئامادە کەین.

ئاغا سەید حسەین برووجردی: لەسەرەتای قسەکەوە چەند ڕۆژ لەسەر ئەم بابەتە باس کرا واتا دەبێ زامن بهێنێ کە ڕزگار بکرێت، قەبووڵیان نەکرد.

ئاغا سەید عەبدوڵلا موجتەهێد: لەبەرچی قەبووڵیان نەکرد؟

حاجی عەلی ئاغا: هۆکارەکە ئەڵێم، پێشتر گەڕانەوەی حەفتاد و دوو دیلیان ئەویست ئێستا بووەتە حەوسەدکەس، لەگەڵ بەند کراوەکانی ئەستەرئابادی کە تورکمەنەکان بە هاندانی سالار موفەخخەم براون.

ئاغا سەید حسەین: ئێستا کە لە بەندایە، بووەتە حەوسەد کەس کاتێک ڕزگار بکرێت ئەبێت بە حەفتا هەزار کەس لێرەدا دووکەس لە نوێنەران یەک لە دوای یەک وتیان ئێمە بە ڕۆیشتنی سالار موفەخخەم متمانەمان نیە کەبڕوات، چون ئیتر دەستمان ناکەوێتەوە، باشتر وایە کە پارە بە کەسانی تر بدات ئەوان بڕۆن

بەندکراوەکان ڕزگار کەن.

ئاغا سەید عەبدوڵلا موجتەهید بێهبەهانی: مانای زامن چییە مانای زامن ئەوەیە کە ئەگەر ئەو چوو و ئەو ئیشەی نەکرد ئەو بدەنە دەست ئێوەوە.

ئاغا میرزا مەحموود خانساری: کاتێ کە پارلەمان ونەتەوە لەم بابەتە متمانەیان هەیە چ پێویستێکی هەیە بە زامنەوە؛ بەڵام ئەگەر ئەو شێرە لەبەند دەرچوو ئیتر کێ ئەتوانێ دووبارە بیخڵەتێنێ و دیلی کات؟

تاقمێکی زۆر لە نوێنەرەکان و ئایەتوڵلا بێهبەهانی باسیان لەسەر کردووە کە بە شێوازێک سالار موفەخخەم ڕزگار بکرێت، بەڵام سەید حەسەن تەقی زادە خەیاڵی هەموانی ڕاحەت کردو گوتی: ئەوە باشترە کە سالار موفەخخەم لەبەندیخانە بپتورکێت و بمرێت و هەر کاتێک ئەم ئاکارە وەبیرم دێ لەسەر خۆم دەچم، خوزگا سالار موفەخخەم لە بەندا ئەمرد. بیر کەرەوە ئەوکەسانەی ئەیانویست بەزەییان بێت بە بەند کراوە و بەدبەختەکاندا یان خاون بەندکراوەکان هەموویان وێڵ و ئاوارەی شەقامەکانی تاران و زۆربەی ڕۆژەکان لێرەدا ئامادە بوون لە کۆڵان و بازار بەر ئێمەیان ئەگرت ئەناڵێنن و ئەڵێن ڕەحم کەن، بڕیار وایە مانگی شەواڵ -مانگی پاش- ئەگەر سالار موفەخخەم دیلەکانی نەداوە دەبێ سزا بدرێ، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە لە بیرمان چووەتەوە ئیتر،ئەویش ئێستا لە پارلەمان ڕای خۆی بەڕێوە نەبرد و هەروا لە بیرمان ئەچێتەوە بۆیە باشتر وایە کارێ بکەین تا زۆرتر لەوە شەرمەزارمانی نەکردووە هەر بەو شێوە لەبەند بمێنێت تا بمرێت.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی سێ شەممە چواری زیقەعدەش ئەم باسەکرایەوە و بڕیار درا سالار هەروەها لەبەند بمێنێت هەتا بەندکراوەکان ڕزگار بن، لە کۆ بوونەوەی سێ شەممە ٢٥ زیقەعدەی ١٣٢٥ کۆ بوونەوەی نەتەوایەتی، تەلگرافیک لەسپەهدار تونکابونی لە ئەستەر ئابادەوە هاتبوو کە لە پارلەمان خوێندرایەوە، بەو ناوە ڕۆکەوە:

بۆ دەربڕینی خزمەت ئیلخانیم ناردووە بۆ گۆگلان و هەڕەشە پێویستەکانم کردووە، لە سێ ڕۆژی پێشوودا ٢٠ دیلیان هێنا و ئیمڕۆ هەواڵنێر هات و ١٠ کەس ئافرەت و مناڵی دیلیان هێنا و نووسیبوویان ئەوانی دیکەش ئەدەینە دەستتان ئەگەر

هێــزە نیزامیــەکان بــێن و تــەواوی دیلــە پێــشووەکان و ماڵــەتالانکراوەکان پێیــان ئەدرێتەوە مووچەی ئەم لاوازانە کە هەن بدرێتە دەستی ئەنجوومەنی ئەستەر ئاباد تا پێیان بدەن.

سەرۆک: لەڕاستیدا خزمەتی زۆریان کردووە.

لە دانیشتنی ڕۆژی شەممە ٢٩ زیقەعدە، ســەرۆک تــەلگرافێک کــە لــە لایــەن سپەهدار بۆ وەزارەتی ولات نێردراوە، خوێندیەوە و دوێنی دووشەممە غولام شــاخان لە لایەن ئیلخانیەوە هاتووە بیست و یەک دیلــی هێنــاوە و خــاوەن دیلــەکان لــەوێ بوون لە نێو شین و گریانی هەر دوولا دیلەکان درانــە دەســتی خزمــەکانیان، چــەن کەسی تریش ئەهێنن کە هێشتا لە نێوان ڕێگەدان، ئەگەر یارمــەتی نــەبێت نــاتوانین بیانگەڕێنینەوە و هان لە دوایی ترین شوێنی خــاکی یــەمووت و ئەوپــەڕی ســنووری ئێران، مەبەست لەم تەلگرافە ئەمەیە کە تا پارلەمان بە باشــی لــە ئیلخــانی وبراکــەی ئاوڕبداتــەوە و هــەروەک خــەرجی‌یــەک بــۆ بەنــدکراوەکان دابــین بکرێــت، مــاتڵ و چاوەڕوانی وەلامم.

لــە وتووێژەکــانی ڕۆژی شــەممەی ٦ زی‌حەججــەی ١٣٢٥ وێنــە ڕاپــۆرتی ئەنجومەنی هەرێمی ئەستەرئاباد گەیشتبوو کە سپەهدار لەگەڵ ئێکرامولمەلێکدا ٣٧ کەس لە دیلەکانی گەڕاندوەتەوە و داوای ئەو پێداویستیانەی کردووە.

لە وتووێژەکانی ڕۆژی شەممە ١١ زیحەججە وەزیری نــاوخۆ داوای لەپارلــەمانی نەتەوەیی کردبوو کە لە باتی خزمەتی.

میرزا حاجی سەید باقر: داواکاریەکانی حوجەتولئیسلام بەڕێوە ئەچێت و بە ئــەو تەورە کە فەرمووتان کۆتایی پارلەمان درۆستە.

لە کۆ بوونەوەی سێ شەممەی ٢٢ موحەڕەمی ١٣٢٦ ســەرۆک پارلــەمان وتی: هەواڵێک لــە کومیــسونی داد خوێندرایــەوە کــە ســەردار موعــەزەز بوگەڕاندنــەوەی دیلەکانی قووچان هاتووە و گوتوویە: کە هەزار سوار خوراســانی بــەتانک و تۆپــەوە و بەدەهەزار تمەن بــۆ خــەرجی ســێ مانگــەی کەوتووەتــە ڕێ و مووچــە و خــەرجی هەرکەس لە کاتی شەڕدا لە مانگدا ٣٣ ڕیاڵ دابین کراوە کە دیلەکان بگەڕێنێتــەوە و

سالار موفەخخەم لە ژێر چاودێری دا بێـت تـا دیلـەکان ئەگەڕێتـەوە و دوای ئـەوە کاربەدەستان بە قازانج داری ئەزانن بەڕێوەی ببەن.

لە کۆ بوونەوەی سێ شەممە ٢٩ موحەڕڕەم ١٣٢٩ سەرۆک پارلەمان تەلەگرافی سەرداری سەبارەت بە شەڕ لەگەڵ تورکمانەکانی یەمووت لـە خۆرهـەلاتی گورگـان خوێندەوە کە لە نزدیکی تەپۆلکەی بەلغی خەریکی خۆ ئامادە کـردن بـوون و ئیلـی نەعلی ئامادەی گەمارۆدانی ئەوان بوون و گوتبوویان کـە بـەرەو کـەتوول و گـۆگلان ناچن و ناپیاوی خۆیان زۆرتر کردەوە، بۆیە ئەمـڕۆ ئوردووەکـە وەسـتا و سـەربازەکان هێرشیان کرد ومنیش لەگەڵ ئەواندا هێرشم کرد و پاشان سەرکەوتین و لـە دەوری ٢٠ کەسمان شەهید بوون و ئەسـپی زۆریـش لـەناوچوون و دەسـتارەکان هەوڵـێ زۆریان دا.

لەدەوری چل ڕۆژ لە تەلگرافی یەکەمی سپەهدار ڕابواردبوو کـە تـەلگرافێکی بـۆ پارلەمان ناردبوو و بڕێک لەدیلـەکانی لـە تورکمانـەکان وەرگیرانـەوە و تـەلگراف لـە کۆبوونەوەی پێنجەمی ڕەبیعولئەوەڵ کە سەرۆک خوێندیـەوە کـە بـریتنی بـوو لـە گەڕانـەوەی چـوار دیـل لـە تورکمانەزاڵـمەکان و تێکیـشکانی ئـەوان و گەڕانـەوەی دەکەس لە دیلە قووچانیەکان کە فرۆشرابوون.

سەرۆک: مزگێنیەکی گەورەبوو بۆ نەتەوە.

ئەحسەنوددەولە: باشتر وایە کە بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت بنووسـرێ کەبـەردە فرۆشی قەدەغە بکرێت.

سەرۆک: ئەبێ لەم بابەتەوە لایەحە بنووسرێ تا لە پارلەماندا بخوێندرێتەوە.

دواهەمین کۆبوونەوەی پارلەمانی نەتەوایەتی لە بـەرواری ٢٣ جمـادی ئەوەڵـی ١٣٢٦ دا بوو. دوای ئەمە پارلەمان بە ئەمری موحەممەدی عەلیشا درایە بەر تـۆپ و مەشرووتیەت هەڵپێچرا و نوێنەرەکانی نەتەوە بڕێکیان کوژران و بڕێکیان ڕایـان کـرد و بڕێکیان ئاوارەو دەربەدەر بوون و سالار موفەخخەمی بجنـووردی ڕزگـار بـوو و بـە ئەوپەڕی گەورەیی و ڕێز بۆ بجنوورد گەڕایەوە، عەبـدوڕڕەزاخان شوجاعوددەوڵـەیش بۆ قۆچـان گەڕایـەوە، ئاسەفوددەوڵـە هـەر وەکـوو جـاران لـەوەزارەت و پلـەو پایـە

باشەکاندا مایەوە و دیلەکانیش هەروەها لە نێو چارەڕەشی و چەرمەسەری ڕۆژگاریان بردە سەر تا لە دنیا دەرئەچوون.

یەکەمین پارێزگاری دادگوستەری ئێران بۆ دیلەکانی کورمانج باشکانلوو

لەیەکەمین خولی سەردەمی مەشرووتیەت کە سەرۆکی ڕۆژنامەی موحاکـەمات ئـەوەی بـە یەکـەمین دادگـای یاسـایی نـاو نـاوە و پێـشنیاری کـردووە کـە ڕۆژی پێکهێنـانی وەک جـەژنی نەتەوایـەتی بناسـرێ، یەکـەمین وەکیـلی داد هاتنـە گۆڕەپانەوە، میرزا ئەحمەد خانی حەیدەری لەم دادگایی کردنەوە بە نـاوی وەکیـلی سالار موفەخخەم ئەناسرێت و ئەم ڕۆژنامە نووسـیویەتی: لەبـەر ئـەوە ئـەم دادگاییـە یەکەمین دادگایی یاسایی بوو ئەبێ تا ئاخر یاسایی بێ و میرزا ئەحمەد خان کـە لـە کەسایەتیەیاساییەکانی وڵاتە، لە لایەن سالار موفەخخەمەوە بوو بـە پـارێزەری و لـە پارلەمانی پیاچوونەوەدا لە ئەو دیفاعی کرد، میرزا ئەحمەد خان بـە گـرتنی سـالار – ئەوکەسەی کە ئەم وەکیلیەتی نارەزایەتی- دەربڕیوە و بەیاننامەی نارەزایەتی خـۆی بە ناوی شازادە فەرانفەرماوە -یەکەمین وەزیری دادی ئێران- ناردوە کـە یەکـەمین بەند کراوی یاسایی گرتبوو، حەیدەری بەڵگەیەکی لـە بەیاننامەکەیـدا نووسـی و لـە ڕۆژنامەدا بە مەجدولئیسلام کە سەرۆکی ڕۆژنامەی موحاکەمات بوو و لە ژمـارەی ١١ لە ڕێکەوتی ١٢ جمادی سانی ١٣٢٥ لە چاپ دراو حەیـدەری لـە لایحـەی خـۆیدا ئەڵێت: مەبەستی من لە وەرگـرتنی ئـەم وەکالـەتە پـشتیوانی لەکەسـایەتی سـالار موفەخخەمە کە لەم ڕووداوەدا بە تاوانبار ناسراوە هیوا دارم زانست و ئینـساف و دادی ئێوە -فەرمانفەرما- ئەوکەسایەتیەکانی تریش دان بەو ڕاسـتیەدا بنـێن، کـە ئـەرکی وەکیل لە پێش دادوەری پرۆسە، ڕوون کردنەوەی ڕاستی ڕووداوە و پاراستنی مافـە؛ بەڵام لێکدانەوە و ناسینی ماف و جیا کردنەوەی تـاوان لـە ئەسـتۆی وەکـیل دانیـە؛ بەڵکوو بەهەستە دروونیەکانی دادوەر پێوەندی هەیە.

بەڵێ میرزا ئەحمـەد خـان یەکـەمین وەکیـلی داد نارەزایـەتی تێرۆتەسـەل و درێژی خۆی دژ بەڕاگرتنی سالار ئامادە کرد و پێشکەشی وەزیری دادکرا.

ئەمە جێگەی سەرنجە کە ئەم دادگایی کردنە زۆر بەربڵاو بوو ئەم چالاکیانە کە لەم دادگاییەدابوو لەسەر بنەمایەکی عەوامانە بوو و بەپێی دان پێدانانی وەکیل نەبوو و نیازی بەدرکاندنی ڕاستی و ناڕاستیەکان نیە و هەموو شتێک ئەگەڕێتەوە بۆ زانیاری و ئەزموونی ڕێکخەرەکان و لەم نێوا نەدا هەیە کە مافەتازەکانمان سەر هەڵ دەگرێت و هەروەها کە زۆر کەڕەت گوتمان و ئەیڵێلنەوە: ئەمانە بەشێکە لە ژێرپێ کردن و پێ شێل کردنی مافی خەڵکی ئاسایی حەیدەری لە لایحەی خۆیدا ئەڵێت بە پێ یاسا ئەتوانین کەسێک بەندکەین کە تاوانبارە و تاوانی لە دادگایی وڵاتدا پەسند بکرێت، بەم بۆنەوە بەر لە دەرکردنی حوکم ئەبێ ئەم جۆرەکەسایەتیانە بە ناوی تۆمەتباربناسرێن، دەعوەت کردنی تورکمانەکان بۆ تالان کردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە کە ئەگەر ڕاستیی ئەم شتە دەرکەوێت -بۆ ئێمە دیار و ڕوون نیە- دەی سزای یاسایی تاوانی ئەوان و ئاوا کەسێک کە حاکمە لە وڵاتماندا چییە؟ سەرچاوە و ڕێگە و ڕەوشتی ئەو یاسایە کە حوکم بەسزا ئەکات لە کوێدایە یاسای ئیمرۆ ناتوانێ بۆ شتێک کە لە مەوپێش ڕووی دا حوکم کات ئیتر چۆن داد ئەتوانێ کەسایەتییەکی بەڕێز کە لە سەرسنوورە پڕبایەخەکان بووە و چەندەها ساڵە باووباپیریان خزمەتی ئەم دەوڵەتە ئەکەن، خاوەنی شەرەف و حورمەت و ئابڕوون ئیستا ناکرێ کەلەبچەبکرێت و بخرێتە بەندیخانە جگە لەوە کە ئەم کەلەبچەکردنە پێچەوانەی ئینساف و داد و یاسایی تەواوی دنیا دەزانرێت بە تایبەت ئەم بێ حورمەتییە، بێ حورمەتییە بە زاتی پیرۆزی پادشا کە خاوەن پلەیەک نیزامییە، بەر لەوەی حوکمی ڕاستەقینە بگرن ئەگەر حوکمی وا نەگۆڕدرێت ئەبی خەڵک بەگشتی لە لایەن مافی مرۆڤی و شەرەف و حورمەتێ کە خۆیان لە ژێر سێبەری موبارەکی زاتی پیرۆزی پادشادا کە ناسراوە بە دادگەر، دڵ ساردونائومێد بکرێن.

بە بۆنەی ئەو هۆکارانەی کە گوترا گرتنی مەحامی لە وەزیری داد بە هەڵە ئەزانم و داواکارم ئەمە بکرێت و بڕیار بدرێت کە حوکمی گرتنی ئاماژەپێکراو کەبەپێچەوانەی یاسا دراوە هەڵبوەشێتەوە بەزمانەت لە گرتن ڕزگاری کەن تا حوکمی ڕاستەقینەی بۆ دابین بکرێت، وەکیلی سالار موفەخخەم میرزا ئەحمەد

لەبەرواری ٦ی جمادی ساڵی ١٣٢٥ ئاغای دامغـانی وەکیلـی داد لـەژێر ئـەم وتـارە هێناویـەتی، ئـەم دادگـایی کردنـە چ لـەبواری ڕواڵـەت و چ لـەبواری ناوەڕۆکـەوە لەژێرچەتری خاڵە سیاسیەکانی ئـەودەم بـووەو ئـەم ڕووداوانـە لەڕێکخـستنی و لـە دەنگـی زۆر پڕبایـەخ بـووە، مەشـرووتە خـوازان تێکۆشـاون کـە ئاسەفوددەوڵـە و سەرۆکانی سەردەمی زڵم بەگشتی بە ناوی نۆینەرایەتی حکوومەتی تاوانبـار بکـەن و خزمەکانی حکوومـەتی تێکۆشـاون ئـەوان لـەم داوە ڕزگـار بکـەن، لەڕاسـتیدا ئـەم دادگایی کردنە بەربەرکانییە کە لە نێوان زوڵـم و مەشـرووتەدا و هـەروەها سـەبارەت بەم دادگایی کردنە کەسرەوی و کەسانی دیکە نووسیوویانە کە: فەرامانفەرما وەزیری داد هەوڵی داوە کە ببێتە هۆی ئاسوودەیی ئاسەفوددەوڵە و موحەممەد عەلیـشاوە و هەروەها نووسەرانی ڕووداوەکانی مەشرووتە هەوڵیان داوە کە ئاکامی دادگـا کـە لـە لایەن پارلەمان و پارلەمانتارەکان کەڵکی خراپی وەرگرت ئەوانی زۆر تووڕەکرد بوو.

حسەین سەعادەت نووری لەو بارەدا ئەڵێ موحەممەد عەلیشا لـەم ڕووداوە زۆر ناڕازی و تووڕە بوو؛ تەنانـەت حەزیـشی ئـەکرد ئاسەفوددەوڵـە بـە شـاهێدی دان و سوێند خواردن و ڕاڤەی زۆر بۆ دادگا بیهێنن.

عەبدولحوسەین میرزا وەزیری داد بە ئاماژەی لە ئاسەفوددەوڵە پشتیوانی کرد و تێکوشا کە ئەو لە تاوانەکانی بەری کات، بەم هۆیەوەیە کە-تەقی زادە لە پارلەمان لـە وەزیری داد ناڕەزایەتی پیشان دا، بەڵام ڕێکخراوەی داد لەوکاتەدا لـەو ڕادەیانیـە کـە بتوانـێ دەنگـی بـەرزی سـەبارەت بـە تۆمـەت بارەکـان بـەڕێوە بـەن، بـەم بۆنـەوە ئاسەفوددەوڵە وەک تاوانبار ئەبینین کە لـە کابینـەی ناسرولمولـک قـەراگوزلوو کـە ڕۆژی ١٨ی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٢٥ بەپارلەمان ناسرا، بەڵگەی وەزارەتی نـاوخۆ دانـرا، هیچ کام لە نوێنەرانی پارلەمانیش بە بۆنەی ڕێزیەوە شتێک ناڵـێن، تـەنیا ڕۆژنامـەی ئادەمیـەت بەسـەر کردایـەتی مـیرزا عەبدوللـەتیف وتـارێکی تونـدوتیژی بـۆ ئاسەفوددەوڵە نووسی و تاوانەکانی ئەوی تێداهێنا مـسترمارلینگ وەزیـر موختـاری ئینگلیس لە تاران لە ڕاپۆرتێکدا ئـەم ڕووداوانیـە کـە بـۆ وەزیـری دەرەوەی بریتانیـا «سرادواردکری» بۆ لەندەن نارد. هەروەها کە گوتمان هـیچ هـەنگاوێکی گرنـگ بـۆ

ڕزگار کردنی دیلەکان هەڵنەگیرا، ئێمەش ئەم قسەیە لێرەدا ئەبڕینەوە، سەرنجی ئێوە ڕائەکێشین بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی مالیە کە بووە بە هۆی فرۆشتنی کچەکان.

بیرەوەری چەندکەسێک لە و دیلانە :

بیرەوەریەکانی ژنە دیلیە کرمانجێ

لەگەڵ بەتوپ بەستنی پارلەمانی یەکەم دەرباز بوونی نۆینەران و دەسپێکردنی زلمی دووبارە و دواهەمین هیواکانی خزم و کەس و کارەکانی دیلەکانی لە ناو بردو هەموان زۆرتر لە کاتی پێشوو چوونە ناو گێژاوی خەم و خەفەت کە دەست کەوتی ڕزگاری خوازەکان بوو بۆ ژیانی خەلکی ستەم لێ کراوە، ئیتر ئەوان نەئەیانتوانی بانگەوازی ڕزگاری خوازی و داد و کۆمەلایەتی لەبەرانبەرشا و ئاسەفوددەولەکان و سالارەکان هەلدەن، نە لە مافی لە دەس چووی خۆیان قسە بکەن.

باسی ڕاگەیشتن بە زلم و زۆرەکان لەبیر چووە و زۆربەی ژنان و کچان و منالان لە تورکمان سەحرا بەدیلی مابوون کە پیرە ژنێک لە کوردان لە ناوچەی مراوەتپە زیندوو بوون و نووسەر چەن کەڕەت ویستی کەبچێ بۆ چاوپێکەوتنی؛ بەلام بە بۆنەی نەبوونی ئامێری ڕا گویزان ئاواتەکەی بۆی بەدی نەهات تا دوایی ترین کەس لە دیلەکانیش لە دنیا چوو. ئاغای مەلەک موحەممەد و خێزانی زەینەب دەودانلوو کە زۆربەی تەمەنی خۆیان لەشوانی و چادرنشینی ڕابواردووە بۆ تورکمەن سەحرا هاتووچوویان دەکرد دەیانگووت ئەو پیرە ژنە گوتوویە:حەوت هەشت ساڵ بوو کە بەدیلی تورکمانەکان دەرهاتم، نارەحەتی و خەفەت و تالی زۆرم چەشت و چارەڕەشی زۆرم لەغەریبی و دیلیدا بینی دەردی دووری و جیایی لەدایک و باوک و خوشک و براو خزم و و کەس و کارم بەفرمێسکی چاو ئەسڕی، چەن کەڕەت ویستم ڕاکەمەوە و خۆم بکوژم کەسەرنەکەوتم تا ئەوەکە وردە وردە بەو ژیانە ڕاهاتم و منیان بۆ یەکێ لە لاوە تورکمانەکان مارە کرد.ئەم ژیانە هاوبەشییە وەکوو بیرەوریێکی تاڵ بوو کە ئەنجام و ئاکامی نەبوو و بیری دایک و باوک و ئازیزەکانم هەموو کات منی عەزیەت ئەکرد، فرمێسک لە چاوانم ئەهاتە خوارەوە هەنگاوم

وەکوو مێلۆرە هەڵئەگرت، لاوازو داماوی کرد بووم شەو تا بەیانی وەکوو مارپێچم دەخوارد، ڕێگەی ڕزگارییێک نەبوو، ئەبوای بێ هیچ هاوارو دادێ ژیانم بکردبایا ساڵەکانی خەم ئەهاتن و ئەچوون و من خاوەنی مناڵ بوو بووم. لەیەکێ لە ڕۆژەکانا لە ئاسۆی خۆرهەڵاتی دووری سارادا چەن تەپۆڵکەی ڕەشم بینی کە لە مەوپێش نەبوون. دڵم لەدیتنی ئەو تەپۆڵکانە داکەوت، ئەژنۆکانم بی هێز بوون و لەرزم لێ هات، بیرەوەریە ڕەشەکانی ڕابردوو لەبەر چاوم ئەهاتن و ئەچوون، فرمێسک لە چاوانم دا ئەڕژا، نەم ئەزانی بۆ وام لێ هاتووە تازە لەوبەری سنووری ئێرانەوە گەڕا بووینەوە بۆ مراوەتەبە، تورکمانەکان خەریک بوون چادرەکانیان هەڵ ئەکرد؛ بەلام من تا شەو بۆ ئەو تەپۆلکە ڕەشانە ئەمڕوانی، ئەو شەوەم هەر جۆر بوو تەواو کرد بەیانی ئەوکاتە پیاوەکانی هۆز چوون بە دوای ئیشە ڕۆژانەکەی خۆیاندا من خۆم خستە ناو ڕۆخانە تا تورکمانەکان من نەبینن و بەپەلە بۆ لای تەپۆڵکە ڕەشەکان ڕام کرد لە نێوان ڕێگەدا چاوم کەوت بە وشتر و مەڕەکان کە لەو نزیکییەوە خەریکی لەوەڕین بوون، ئەمە چوونمی بەهێزتر کرد کە ئەو تەپۆڵکە ڕەشانە چادرەکانی کوردن و ئیتر لە ڕۆخانە دەرچووم، کەڕەتێکیتر ڕوانیم بۆ ئەو تەپۆڵکانە، بەلام چیم دی دڵم لەدەر هاتن دا بوو، لەبەر ئەوە ئەوشتە ئەمدی باوڕم پێی نەئەکرد، ئەو تەپۆڵکە ڕەشانە چادرە ڕەشەکانی کورمانجیەکان بوو لە تەنیشت یەکەوە لەدووڕیز دابوون. بە پەلە بۆ لای ئەو دووکەلەی کە لە ناو ڕۆخانە هەڵ کرابوو ڕام کرد و ئافرەتان و کچە کوردەکانم بینی کە لەوێ ئاگریان کردبووەوە، لەسەر خۆم چووم، دوای سەعاتێک خۆمم لە ناو ژنان و کچە کورمانجیەکان کە جلوبەرگی جوانیان لەبەردا بوو و سەرمیان لەسەر ئەژنۆیان نابوو، ئاویان ئەکرد بەدەممەوە، چاوم کردەوە دەستم کرد بە گریان پاش سەعاتێک دڵخۆشی دانەوە بارودۆخم تۆزێ باشتر بوو، زمانی کوردیم لەبیر چوو بوو و زۆر بە ناڕەحەتی وشەکان ئاهاتە سەرزمانم، ئەوان چاوەڕوان بوون کە تێ بگەن من ژن تورکمەنێک بم، ئەلبەت ئەوان دەیانگوت: بۆچی بۆلای ئەوان ڕام کردووە و فرمێسکی خوێنین ئەڕێژم، ژنێک کە ئەگریجە و قژ و زولفەکانی سپی بوو و خەمی ڕوژگار لەپای خستبوو، زۆرتر لەوان بە من دا

بەزەیی ئەهاتەوەو فرمێسکی دا ئەڕژاند و هۆکاری ڕووداوەی لـەمن پرسـی، مـن بـە هەنسکەوە گوتم: دایە ئێوە دانیشتووی کام چادرن و ئەم چادرە خاوەنی کێیـە؟ ئـەو وتی: خاوەن ئەم چادرانە ئەخزە.

وتم: تا ئێستا تووشی هێرشی تورکمانەکان بوون؟

وتی: بەڵێ ڕۆڵەکەم زولفە سپیەکانم و باڵاچەماوەکـەم پیـشان دەری ئـەو ڕۆژە ڕەشانەیە.

گوتم: لەهۆزی ئێوە کەسێک بووە کە کچـی بـەدیلی ببـەن، هـاوارێکی کـرد و ڕوومەتی ڕنی، گوتی: کچە حەوت ساڵەکەمیان دزی و منالەلاوەکەمیان کوشت.

وتم: دایکە ناوی کچەکەتان چی بوو؟

گوتی: ئەو ئازیزەم کە نازانم چی بە سەرهات ناوی گوڵبوتە بوو، من خێرا خۆمم فڕی دا باوەشی و بانگم کرد: دایە دایە! فرەیەک گریام، هەمووی ژن و پیاوەکان کـە لەو کۆبوونەوەدا بوون ئەگریان و لە نێوان شین و گریانی ئەوان دا وتم: مـنم دایکـە! من گوڵبوتەی کچی تۆم، دایکم لەبیـستنی ئـەم هەواڵـە لـە هـۆش چـوو و کەوتـە سەرزەوی.

دوای ساڵەکانی دیلـی و خەفـەت و ئـاوارەیی و دەربـەدەری دایـک و بـاوک و خزمەکانم دۆزیبووەوە؛ بەڵام ئیتر درەنگ بوو بوو دووهێزی جیاواز لە دووناوەنـدی دژ بەیەک منیان بۆ لای خۆیان ڕا ئەکێـشا، مـن هەسـتم ئـەکرد لـەم کێـشاو کێـشەدا خەریکم ورد و خام ئەبم لەیەک لاوە دایک و باوکم و ئازیزانم و ڕەگەزم، لە لایـەکی دیکەشەوە منالەکانم لەو ڕۆژە ڕەشەدا وەکوو تەنافێک دەس و پێمیـان بـستبووەوە و منیان بەتورکمانەکانەوە لکاندبوو.

لەم ژنە چوار کوڕی تورکمـەن بـەجێما کەئێـستا لـە کـوردان و لـە بـاکووری مراوەتەپـە-هاوینـە هـەواری کوردەکـانی زەعفـەرانلوو- نیـشتەجێن و لەگـەڵ خەزمەکانی دایکیاندا هاتووچوویان هەیە. بەداخەوە بەو شـێوە کـە پێـشتر باسمـان کرد نووسەر بە بۆنەی ڕاگوێزانەوە نەمتوانیوە بڕۆمە ئەو شوێنەو ئەمە دواهـەمین ژنی زوڵم لێ کراوە کە سەردانی لێ کەم، لە خاکە لێـوەی ٦٤ هـەتاوی کـە ڕۆیـشتم بـۆ

ئەوێ ئەو داماوەکۆچی دوایی کردبوو و لە ژیان ڕزگاری بوو و ڕۆحی شاد بێ.

ئەمەش نامەیەک لەژنێکی دیلی کە ئێستا دوای هەفتا ساڵ لە تورکمەنستان نووسیویەتی کە باوکی، ئەو و خوشکەکەی بەهەشت کیلۆ جۆ فرۆشتبوویانی، گران فرۆشتوویانی یان هەرزان نازانم لەبەر ئەوە کاتێک بە سەدر ئەعزەمی ئێران -عەلی ئەسغەر ئەمینوسسوڵتان- نارەزایەتی پیشان دا کە خەڵکی ئێرانیان بە ئینگلیس هەرزان فرۆشتووە، گوتی: کە زۆر گرانیش فروشتوومە، لەبەر ئەوە هەر کچێک لە نیوقەران زیاتر ناشی، هەشت کیلۆ جۆ لەو کاتەدا قران و نیوێک بوو، ناوی ئەم ژنە ئەلیفەیە کە ئێستا ۸۰ ساڵیەتی، خوشکەکەشی زەریفەی ناو بووە. باوەپیارەی موحەممەد عەلی بەیگ کاتێ چووبۆ کەلات ئەو دوانەی بردووە بۆ سنووری چنگان تا بە تورکمانەکانی بفرۆشێ، ئەلیفەیان لە ئەو بەرسنوورەوە تورکمانەکان بەهەشت کیلۆ جۆ سەندوویانە و بردوویانە؛ بەلام کوردەکانی ڕەشوانلوو و چادرنشینەکانی کەلات زەریفەیان کڕیوە کە نازانین چەی بەسەر هاتووە. نامەکەی پێش نەورۆزی ۱۳۷۲ هاتووە و تەلەفۆنی ماڵیشی ۲۱۱٤٦٥ لە عێشق ئابادەوە نێردراوە و نامەکە برامان ئاغای غولامحوحسەین ئەفسەری هێنای بۆمان، بەڵگەی کوردەکانی جافاکانلوو وڕانلوو، بەروارەکەشی ۱۳۲٤ە،کەبە هۆی ئەمیر قولیخان سەرهەنگ دانلو گیراوە، میرزا ئەبولقاسم خان لە تاران ڕاسپێردراویەتی و هاتبوو بۆ قووچان، لەبەر ئەوەی کە کوردەکان شکاتیان کرد کە دەوڵەت ماڵیاتی زۆر لە ئێمە ئەگرن و خەڵک ناچار بوون منالەکانیان بفرۆشن و ماڵیاتی یەکێک وەکوو ئاسەفوددەولە - کەکچە قووچانیەکان بە دیلی ئەبا- پێک بێنن ئەم باسە لەپارلەماندا دەنگ و باسی گەورەی دروست کرد و لەبەر ئەوە میرزا ئەبولقاسم خانیان بۆ وەرگرتنی ماڵیە بۆ قووچان و ئەسفەرایین نارد، ئەو بەیارمەتی هوژەبر دیوان و کەسانی تر بەلایەکی وەهایان هێنایە سەر خەڵک کە ڕێگەی دەرچوونێک نەبوو لەم کارەدا دەتمەن لەم دوو هۆزە گیراوە. بەڵگەی ئاغای بلووریان

چالاکی ڕێکخراوەی جاسووسی ڕووس لە قووچان

گوتراوە لەبەر ئەوەی ئەوکاتە ڕووسەکان ئەیانویست تەواوی ناوچەی باکووری ئێران لەمەهاباد تا توربەت جام درگیر کەن دوای گرێبەندی ئاخاڵ ١٢٩٩ و داگیر کردنی باکوور چوونە پێشەوە و دەست درێژی زۆرتر بۆ ناوخاکی ئێران کرا کە هەواڵەکان و بەڵگەکانیان چووە دەرەوە، ئینگلیزیەکان پیانیان زانی، ئاکامی ئەمەش هاتنی لورد کەرزەن بۆ قووچان بوو تا بۆچوون و بیروڕای ئەمیر حسێن شوجاعوددەوڵە و هێزی بەرگری ئەو وەک لەمپەرێک ڕووسەکان تاقی بکاتەوە، لەوێدا بوو کە ئەمیر حوسێن خان ئەو ڕستە ناسراوەی خۆی وت کە ئێمە دۆ نین ڕووسەکان بمانخۆنەوە و ڕووسەکان ئەیانزانی ئەمیرحسێن‌خان نیسکێکی نالەبارە کە قووت دانی ئەو قوڕگیان ئەبڕێ، لەبەر ئەمە لەڕێگەی جاسووسیەوە چوونە بەرەوە، بە تایبەت دوای بوومەلەرزە لە دوای یەکەکان و مردنی ئەمیر حسێن خانیش هەلێکی باشی ڕەخساند، ئەوانیش خۆیان بە مەبەستی گەیاندنی یارمەتیەوە گەیاندە قووچان و خانی جوانی کورد نزیکیان بووەوە و بە بۆنەی گوێ نەدانی دەوڵەتی قاجاڕ بەکێشەی خەڵکی بۆمەلەرزە لێدراوی قووچانەوە لەم بوارەدا تاڕادەیەک بۆ بە دست هێنانی دڵەبریندار وشکاو و ڕووخاوەکانی قووچانیەکان سەر کەوتن، بڕێک کاروانسەرایان لە ڕێگەی قووچان دامەزراندو بەکڕینی کشمیش و فرۆشتنی قەن و چایی و نەوت خەریک بوون، لەبەر ئەوەی کە کاروانسەراکان جێگەی هاتوو چووی بازرگانەکان بوو، هەموو هەواڵی سیاسی و ئابووریان ئەتوانی بەباشترین شێوە لەوێ وەدەست بهێنن، بەم شێوازە سەرکەوتنێکی سەرسووڕهێنەریان بەدەس هێنا، بێ ئەوەی کە موحەممەد خان یا خەڵکی قووچان یا دەوڵەتی ئێران بەمەبەستە پیسەکانیان بزانن، ئەم جاسووسە ڕووسیانەزۆرتر لە ئەرمەنیەکان و بڕێک لە تورکەکانی دانیشتووی ڕووسیە بوون کەبە ناو کۆچەر هاتبوون بۆ ئێران و لەشارەکانی باکووری خوراسان نیشتەجێ بوون و لەهەموو شەوێنێ دا ئەبینران هەروەها بەقسەی شاکری ئەمان لەڕووداوی خەرمانان بە نوقڵ

کردن بەسەر سەربازە داگیرکەرکانی ڕووس لە قووچان و وتنی بژی لنین و بژی ئستالین دەروونی شاراوەی خۆیان دەرخست، ڕووس نەتەنیا لە قووچان بەڵکوو لەتەواوی ئێران تا سمنان و دامغان لەم کاروانسەرایانەی دامەزراندبوو و لە ئەفغانستان و هندوستانیش دا بەم ئیشە درێژەی دا.

باشتر وایە لێرە دا ئاماژە بکەینەسەر نووسراوەی بکۆف کە خۆی سەرۆکایەتی ڕێکخراوەی جاسووسی سۆڤیەتی لە خوراسان لە ئەستۆ گرتبوو، ئەو ئاکارە سەرهەنگ هووفمەن لە بیرجەند ڕوونی ئەکاتەوە کەبە ناوی نۆینەری ڕێکخراوەی تاجرانی پەشم بە ناوی دووەمی پان خەریکی چالاکی جاسووسی بوو و ڕاپۆرتەکانی بە ڕێکوپێکی لە ناوچەی بیرجەند و بلووچستان و سیستان بەو ئەدا ڕاسپێردراوێکیتری ژنرال ساموولوف لە دزئابی زاهیدان بووە کە تەواوی هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی لە ناوچەکانی نێوان سیستان و بلووچستان تا پاکستان و کەراچی لە ژێر چاوەدێریدا بووە و هەر ئەو بوو کە سەفەری ئەمیر ئەمانۆڵلا خانی پادشای ئەفغانستانی بۆ شەورەوی سازکرد و تەواوی هەڵسوکەوت و ئیشەکانی پاشای ئەفغانی بەڕووسیە ئەگەیاند، بکۆف ئەڵێ :ئیمەش یەک کەس ڕاسپیردراومان وەکوو پردی پێوەندی بوو کە ناوی «بلچین» بووکە لە ڕووسە سپیە کۆچەرەکان بوو. ئەم کەسە کاروباری ماشینی دزئاب و مەشهەد لە ژێر دەستیا بوو و ڕاپۆرتەکانی هومخن ساموئیلوفی لەمەشهەد بەئێمە ئەگەیاند، سەرۆکەکانی دەوڵەت لەخەودابوون، ڕاسپیردراوی ئێمە لە قووچان کەسێک بوو بە ناوی« میش گانیف» کە نوینەرایەتی سەندیکای نەتەوایەتی شەورەوی لە ئەستۆدابوو ساڵەهای ساڵ لەو شارەدا ژیابوو، ئەویش زانیاری بەربلاوی لە ناوچەی خۆی بە ئێمە ئەگەیاند کە بە تایبەت لە بواری جێگە وشوێنی کوردەکانی قووچان کە بۆ ئێمە گرینگ بوو، گانیف لەوێ چالاکیەکانی یەکێک لە ڕاسپێردراوە نهێنیەکانی ئینگلستان بە ناوی« ئارامائیش» کە لە قووچانەوە ئیشە جاسووسیەکانی لە سنوورەکانی شەورەوی سەرپەرەشتی ئەکرد، لە ژێر چاوەدێریدا بوو. یەکێک لە پەنابەرانی ڕووسمان بەناوی «کروکلف» بۆ ناوچەی بیرجەند ناردبوو کە تەنیا چالاکیەکانی تورکمانەکانی لەبەر

چاوبگرێ، دەوڵەتی شەورەوی بڕیاری دا کە ئەگەر خزمەتەکانی جێگەی ڕەزامەندی بوو لێی ببوورن وئیزنی نیشتە جێ بوونی پێ بدەن، من ئیتر بە پێویستی نازانم کە سەبارەت بە ڕاسپێردراوەکانمان بەگشتی قسەبکەم؛ بەڵام هەر ئەوەندە ئەبێ بزانرێ کە تەنیا لەهەرێمی خوراسان نزیکەی ٥٠ ڕاسپێردراوی نهێنیمان بوو کە ئەوەندە بەسەر بارودۆخدا ڕاهاتبووین کە تەنانەت نامەیەکی ئاسایی دەوڵەت تا گرنگترین بەڵگە سیاسیەکانی نوێنەرایەتی ئینگلیز لە بەر چاومان نەئەشاردرایەوە.

دوایی نکۆف ئاماژە ئەکاتە جاسووسی مودیری ڕۆژنامەی ئازاد- کە لەمەشهەد بڵاو ئەکرایەوە- بە ناوی عەبدولقادر ئازادی کە بەیارمەتی سوڵتانوسەڵتەنەی باخزری سەرۆکی عەشیرەتی هەزارە دەری دەکرد و ئەڵێ:

ئەو کاتە کە حێزبی موحافەزەکار لە ئینگلستان دەسەڵاتیان گرتە دەس نێوانی دەڵەتی شەورەوی و ئینگلستان ڕووبە خراپی ڕۆیشت، بە شوێن ئەوەدا هەر نامەیەک کە ئەگەییە دەستمان داکۆکی ئەکردە سەر ئەوە کە ئەبێ زووتر ڕێکخراوەکانی جاسووسی لە نێو خاکی هێندووستان دابمەزرێت و ڕێگە بە پێکهاتنی شۆڕش لەسنوورەکانی هیند بگرێ و تەنانەت لە ناو ڕۆژهەڵاتدا ئەگەر پێویست بوو دژ بە شەورەوی بوەستن، ئامادەبن.

بۆ ئەم ئیشە پێویستە کە لە ڕێگەی پارەدان بەسەرۆکە عەشایرە سنووریەکان و پێک هێنانی خەزانەی نهێنی چەک و تەقەمەنی و چەکدار کردنی خەڵکی کاربکەن ودەبێ بەپەلەهەنگاو هەڵ گیرێ.

لەسەرەتای ئەم ئاکارانەدا من بە هۆی تاجرێک بە ناوی موحەممەد لەگەڵ سوولەتوسسەڵتەنەی حاکمی شاری باخزر لە باشووری خۆرهەلاتی مەشهەد و نزیکی سنووری ئەفغانستان ناسراویمان داخست، جگە لە حکوومەتی شار سەرۆکایەتی ئیلی هەزارەیشی لە ئەستۆبوو، لەسنووردا بوو، سوولەتوسسەڵتەنە کە هێشتا لەتەمەنی لاوەتیدا بوو بە بۆنەی خۆش ڕابواردنی، زۆربەی ماڵی خۆی بە بادا و زۆر قەرزداربوو.

من دوایی توانیم لەگەڵ سوولەتوسسەڵتەنە ڕێک کەوین و ئەو بڕیاری دا کە

چەک و کەسەکانمان هەر چەنێک بن لەسنوور بپەڕێنێتەوە هەروەها بڕێک ڕفیق و هاوڕێ بەمن بناسێنێ تا بتوانین بە یارمەتی ئەوان کەسەکانمان و چەکەکانمان تا قەندەهار و لەوێوە بۆ بلووچستان و ئینگلستان بنێرم.

لە باسەکەمان دوورنەکەوینەوە بەکەرستەی جاسووسی سۆڤیەت لە قووچان و ناوچە سنووریەکانی خوراسان کۆتایی بێنین. یەکێک لە ئەرمەنیەکان لە ئووغاز باخێکی گەورە و کاروانسەرایەکی گەورەی پێک هێناوە و مسافرەکانی قووچان و باجگیران و عیشق ئابادی ئەگرتە خۆ،هەواڵ و بەڵگەکانی بۆ ڕووسیە ئەنارد لە ئەنجامدا ئووغاز بە دەستی موحەممەدحسێن گیرا وئەرمەنیەکە بەناشرینترین شێوە کوژرا و کاروانسەرا خراپ بوو و باخەکەی داگیر کرا. دەروازەی باخەکە هێشتا لەحەوشی موحەممەد حوسێنخاندا بوو.

عەبدورڕەزاخان شوجاعوددەولە حاکمی ئەو سەردەمەی قووچانش لەوشەوەدا لە ئۆغاز بوو، باخی ئەرمەنی لە ئۆغازیش هێشتا هەیە و ئیستا گۆڕی ئەرمەنیش لە ناوەڕاستی باخەکەدایە.

هەر لەم کاتەدا دووکەس لە تورکەکانی کۆنە ئۆغاز پەنابەریەتی ڕووسیان قەبوول کردووە، بە شوێنی ناوی خۆیاندا«ئوف» یان هێناوە و پێناسەی ڕووسیان وەرگرتریا، ئەم ئامادە کاریانە لەناوچەسنووریەکان لە لایەن جاسووسە ڕووسییەکانەوە بەڕێوە چووە.

ئەم دووکەسە کۆنە ئوغازیە کە حەسەن خانوف وعەلیخانوف بوون،موحەممەد حوسێنخان قوبادی سەرۆک ئیلی سیوکانلوو کە هاندەری جەجوو بوو و ئەبووتالب بەیگ ـخۆی بە ئەرمەنی کاروانسەرادار ناساند ـکەوتنە بەر پەلاماری ڕووسەکان وڕووسەکان بۆ گرتنی موحەممەدحوسێنخان چوونە ناو ئۆغاز و موحەممەد حوسێن خان بۆکەژوکێو ڕای کرد.

دوای چوونی ڕووسەکان، موحەممەد حوسێن بۆ ئۆغاز گەڕایەوە، حەسەن خان لە ترسا بۆ ئەسفەجیە ڕای کرد، بەڵام عەلی خان کەوتە دەس موحەممەد حوسێن خان و بەردار و شەلاخ کەوت. عەلی گوتی: من لە هێزی ڕووسم وتۆ مافی ئەوەت

نیە لەگەڵ شوێن کەوتووی ڕەوس ئاوابکەی، موحەممەد حوسێن خان بینی وایە گوتی: من ئێشم بەقنگتە. موحەممەد حوسێن خان گوتی: ئەبێ ئەوەندە دارت لێ بدرێ تا سووکایەتی مل نان بەشوێن کەوتووی ئەجنبەییەکان بەشیاو نەزانیت، بەم جۆرە موحەممەد حوسێن خان ئەوەندەی دارهاویشتە پشتی تا گیانی دەرچوو، ئەمە یەکێک بوو لە هاندانی ڕووسەکان لە ناوچە سنووریەکانی خوراسان، ئاغای شاکری نوسیوویە کە: هێشتا لە حکوومەتی عەبدورڕەزاخانی شوجاعوددەولە ماوەیەک نەڕۆیشتبوو کە هێزەکانی ڕووس چوونە ناو قووچانەوە، عەبدورڕەزا کەبەرگری لە هاتنە ناوەی ڕووسەکان بۆ سەر سنووری ئێران کرد بوو ڕووداوەکەی بۆ تاران تەلگراف کرد وەلام درایەوە بەرگری مەکەن، ڕووسەکان بە بۆنەی دوژمنی دەروونیان کە لەگەڵ عەبدورڕەزاخان بوو و دوای ئەوەش بە بۆنەی پەنادانی جەجوو خان کە لەگەڵ ڕووسەکاندا لە دەرەگەز شەڕی کردبوو، لەم کاتەدا بۆ قووچان پاشەکشەی کردبوو، ڕووسەکان بە شوێنیەوە بوون و ڕژانە ناو خانووی جێگرەکەی عەبدورڕەزخان و ئەویان بردو دوایی ڕوون کرایەوە کە بۆ تارانیان بردووە.

لە نەبوونی عەبدورڕەزاخان، ڕوکنوودەولەی قاجاڕ والی خوراسان، کوڕەکەی ـرەزاقولی میرزای ئەعدەلودەولەی ـبە حکوومەتی قووچان دانا و دوای سێ مانگ هاوکات لەگەڵ بەتوپ بەستنی پارلەمانی نەتەوەیی بڕێک لە خەڵکی قووچان چوونە تەلگرافخانە و عەبدورزاخانیان لە تاران بانگ کرد و بە بۆنەی داواکاریەکەی خەڵکەکە عەبدورڕەزاخان ڕۆیشتە ناو قووچان و تا کاتی حکوومەتی قەواموسسەلتەنەی مەشهەد حاکمی قووچان بوو.

لەوانەیە ئەتوانین بڵێین لە تەواوی ماوەی سەرۆکایەتی عەبدورڕەزاخان دا، باکووری خوراسان بە تایبەت قووچان لە ژێرڕکێفی ڕووسەکاندا بوو و ڕووسەکان کە چالاکی جاسووسەکانیان لە سەردەمی موحەممەد ناسرخان لەشاری نوێ قووچان دەستی پێ کردبوو لەسەردەمی عەبدورڕەزاخان دا داگیر کراوە. پاشان نوێنەرایەتی ئینگلیزیش هێزدە گرێ ولەگەڵ ئەم بارودۆخەدا ناتوانین بە هیچ شێوەیەک لاوازی و لێ نەهاتووی و باج دانی عەبدورزەاخان بەدەولەتی قاجارو زوڵم و زۆری لە خەڵک

بە هۆی گرتنیماڵیاتە قورسەکان لە بە ڕچاوەنەگرین و هێزە پێشمەرگەکانی خەڵک و هەستە نەتەوایەتیەکانی خەڵک لەبەرانبەر هاتنە ناوەوەی بێگانەکان کە لە ناوچەی قووچان پێکهات لەهەبوونی جەجووخانەکان و ناسرلەشکرەکان و وەلیخانەکان خەدووسەردارەکان و فەرهادەکان و... خۆی دەرخست و لە ئەم بەشە لە مێژووی کوردە کانی خوراسان مەگەر لە کاتی نادردا شتی وەها بینرابێ، ئەبێ بە ناوی بەهێزترین و پربایەخ ترین خاڵی سەرکەوتووی ئیلی زەعفەرانلوو کەڵک وەرگیردرێ کە جارێکیترجێگەی سستی خۆی لە میژوودا پتەو کرد، بەڵام بە بۆنەی ئەوەی کە زۆربەی تەمەنی عەبدوڕڕەزا بە تریاک کێشان ڕابوارد، مرۆڤە چەور زمانەکان و بێ عەقڵەکان لە دەوریا بوون ونەیتوانی لەم هێزە تێکۆشەرانە کە وەک ئەوان لەکەمتر شوێنێک لەملاولەولای وڵاتدا ئەدۆزاوە و بەقازانجی خۆی و نیشتمان کەڵک وەرگرێ تا ئەو شەوە کە خۆی وزۆربەی ئەم هێزانە دڵسارد و نائومید بوون و بێ دەسەڵات کەوتن و دەسەڵاتی ئیلی زەعفەرانلوو هەلپێچرا، قەواموسسەڵتەنە لەگەڵ چەن ژاندارمی گەورەدا سەرۆکی ئیلەکەیان لە ناوەرۆکی ئیلەوە گرتووە و لەبەندیخانە کوشتوویانە.

شکایەتی خەڵکی قووچان لە کوڕەکەی ڕوکنوددەوڵە لە لای سوورئیسرافیلەوە

وەک گوترا پاش لابردنی عەبدوڕزاخان، چەند کەس بە تایبەت ئەعدەلوددەوڵە برازای ناسرەدین شا دەسەڵاتی قووچانیان لە ئەستۆ بووە و هەرکامە بە جۆرێک ئەم شارەیان ڕووت کردووتەوە کەبە واتای لوتفعەلی خان دەبێ عەبدوڕڕەزاخان لە تاراندا ٥ هەزار تمەن بدات بە ڕوکنوددەوڵە تا هاورێ خۆی بیهێنێتەوە خوراسان، بەڵام نەیتوانی ئەم پارەیەش جۆربکات. ڕوکنوددەوڵەش لە خودایە کە ناوبراو نەیەت، بۆیە پاش گەیشتنی بە خوراسان کوڕەکەی خۆی کردە دەسەڵاتداری قووچان و بە واتای قووچانیەکان:

- جەنابی ڕوکنوددەوڵە پاش چوونی بۆ بنکەی سەرکردایەتی خۆی، ناوچەی خوراسانی لە نێوان کوڕوبراکانیدا دابەش کرد و ئێمەش ئاوارە و بێچارە بوین و چوینە

ژێردەسەڵاتی حێشمەتوسسوڵتان و هەر ڕۆژێ بە شێوەیەک زڵم و زۆرمان لێی دەکرا.

هەروەک ئەوەی کە کوردە لادێ نشین و کۆچ نیشنەکان لە جیاتی هەر بەرخێکەوە کە دەیانهانی تمەنێکی لەخەڵکی وەردەگرت و ئیتر بەرخی هەڵنەدەگرت[٤٨]،بەڵام چی بکەین پاش فرۆشتنی کچەکانمان دڵمان بەوان خۆش کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئەویش بە دادمان ڕانەگەیشت و ئەو ئەنجومەنەی کە ڕێکەوتبوو بۆ ڕاگەیشتنی بەدادی خەڵک لەیەکەمی موحەڕڕەمەوە داخرا و عەلی ئەسغەری قەزوینی کەوەزیری ناوبراوە و جەعفەرئاوای داگیر کردو ئەوەندەی خەڵکی ئەو ناوچەیە کوشت کە هەموویان ئاوارەی خوراسان بوون.

نوێنەری پارلەمانەکەشمان نە خاس و نە خراپ لەپارلەماندا هیچی نەگوتووە.

لە گۆڤاری خورشیدیش کە باسی خۆمانمان نووسی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو و لە نێوان نوێنەرانیشدا تا ئێستا کەس نەیپرسیوە کە قووچان چ کەس حاکمیەتی؟ بۆچی منداڵێک سەرۆکی حکوومەت بێت؟

دەبێ ڕابگەیەنین کە ئەگەر بە خێرایی بە فریاماندا ڕانەگەن هەموومان ڕوو لە وڵاتانی دیکە دەکەین.

ئەدەبولعولەما، تەقی عەبدولحوسەین مووسەوی[٤٩]

شکایەتی خەڵکی سەبزەوار لە براکانی ڕوکنود دەوڵەی والی خوراسان

... هەمیسان لەسەبزەوارەوە لەوسەردەمانەی کە تورکمانەکان بۆ جەردەگەری ئەم ناوچەیە دەهاتن ئەوەندەمان تەلگەراف نووسی تا بێن و ڕابگەن بەفریاماندا، بەڵام

٤٨- ئەمە یەکێ لەڕێ ورەوشەکانی خەڵکی کوردی خوراسان بوو کە کاتێ دەچوانە چاوپێکەوتنی سەرکردەکانیانەوە پاش هەواڵپرسی بەرخ و کەرەیان ئاراستە یان دەکرد، بەڵام لە کاتی چوونی هێزەنیزامیەکان بۆ ئەو شوێنە ئەم حەقەیان لەسەرکردە کوردەکان وەرگرتەوە و کەچی ناوبراو بۆ هەربەرخێک یەک تمەنی وەرگرتووە

٤٩- [illegible] ژمارە ٢٧٥- چوارشەممە ٢٧ی ڕەبیعولئەووەل ١٣٢٦.

کـەس نـەهات و نـەبینرا تـا ئـەوەی شـوجاعولمەلێک بجنـووردی تورکمانـەکانی تێکشکاند[٥٠].

پاش خەوف و ڕەجایەکی زۆر ٢٠٠ سەربازی سـوارەی تـەیمووریو خـەوافی و چەند سەربازی پیادە و دەزگایەک تۆپ هاتنە سـەبزەوارەوە. ڕەفعەتوددەولـە بـرای نەواب ڕوکنوددەولەی والی خوراسان برازای ناسرەدین شا ئەوانی هـاوڕێ خـۆی بـۆ وەرگرتنی مالّیە برد، خەلـکی بێچـارەی ئـەوێ کاتـێ ئاگـاداری تـۆپ و سـوارەکان بوونەوە لە ترسدا لەم قەلاوە بۆ ئەوقەلا دەرباز دەبـوون و سـوارەکانیش هەرکەسـیان کە دەگرت شەلاخیان دەدا و جورمیان دەکردن، تەنانەت ئەوانـەش کـە لـە قەناتـدا خۆیان شاردبووەوە درگای قەناتەکانیان گرەدا و ئەوانیش لە ترسـی گیانیانـدا خێـرا دەرئەهاتن و بە فەرمانی نـەواب هـەردووگوێیانیان دەبـڕی و دەخرانـە بەندیخانـە و مالّیەیان لێی وەردەگیردرا.

خەڵکی زۆرئاوای جوەین بە گـشتی لەبـەر دەروازەی شـاردا کۆبوونـەوە تـا لـە هاتنی ڕەفعەتوددەولـە بـۆ ئـەوێ بـەرگری بکـەن، شـازادەش لەتەلگەرافێکـدا بـە ڕوکنوددەولەی ڕاگەیاند کە ئەو تاقمە شۆڕشـیان کـردووە و ئـەویش فـەرمانی دا تـا هێرشیان بەسەربکرێ، بەهەموو جۆرە چـەک و تەقەمەنیێکـەوە. نـاوبراویش قـەلای زۆرئاوای یەک شەوە دابەر گولەو تـۆپ و لەوشـەوەیدا هـەمووی مەڕومالّەکەشـیانی دزی و بەرەو جوەین چوو و چەند کەس لەخەڵکی جوەین هـاتن و گوتیـان ئەگـەر خۆتان نەگەیەنن ئاگری شەڕ بەرپا دەبێ و بۆیە ئێمەش چەند کەس خێرا ڕۆیـشتین کە من بووم و میرزا عەلی موحەممەدی سەرۆکی ئەنجومەن و چەند کەسی دیکە و

٥٠- لەم سەردەمەدا سالار موفەخخەم لەزیندان بوو، تۆمەتباری هاوکاری تورکمانەکان و فرۆشـتنی کچە کوردەکان بەوان بوو. تورکمانەکان هێرشیان دەهێنا و سەبزەوارو مەیامی لەژێر ڕکێفیاندا بـوو، مەیامیان بە تەواوی خاپوورکردبوو کەس نەبوو کەبەدادیان ڕابگات لەبەر ئەوەی تەنیا هێزی بەقووەت لەوێ دا کوردەکانی شادیلوو لەبجنۆرد و زەعفەرانلووەکان لەقووچان بوون و لەبەر ئـەوەی سـەرۆکی ئەو عەشیرەتانە بێدەسەلات کرابوون هیمچیان پێ نەدەکرا و چەند سوار لە عەشیرەتی تـەیمووریش کە ئامادە بوون هیچ چەک وتەقەمەنێکیان نەبوو، لەڕۆژنامەی خورشیدی ئەو سـەردەمەدا ڕاڤـەکەی نووسراوە.

گەیشتینە ئەویَ، شازادە و خەڵکمان ئاشت داوە، بەڵام شازادە هەرچێکی کە ویست وەری‌گرت، ماڵیەی جوەین ۱۵۰۰ تمەنە و خەڵکی ئەویَ بۆ ئەوەی بزانن ماڵیەیان چەندە، ڕوویان کردووتە خوراسان، ڕوکنوددەولە و نەجدوسسەڵتەنە بڕیاریان دا کە دەبێ سێزدە هەزاروپانسەد تمەنی‌تریش بدەن تا ببێ بە پانزدە هەزار تمەن و بەڵام ڕەفعەتوددەولە لە وڵامدا گوتی: ڕوکنوددەولە بۆ منی وا نووسیوە کە ئێوە بەزۆر ئەو پارەتان لەوان وەرگرتووە. ناوبراو بەبێ ئەوەی لەکەس بترسێ و دوو هەزار تمەن ماڵیە و دەهەزار تمەن جورمی لێیان وەرگرتووە.

باردۆخی کۆمەڵایەتی شیروان لەسەرەتای مەشرووتەدا

... ئەمن بە پێویستم زانی چەند دێڕێک بنێرمەسەر بەرپرسی ڕۆژنامەکانەدا تا بینووسنەوە، بەڵکوو دەسەڵاتداران لە تاران و نوێنەرانی پارلەمانی چاویان پێ بکەوێ و بەزەیەکیان بە حاڵی ئێمەدا بێتەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە تاڕادەیەکی زۆر گرفتاری دەردی ئیعتیادن، تاڕادەیەک لەسەد کەس پێنج کەسی ساغ نیە و ئەژماریشیان لەزیاد بووندایە.

هەرکاتێ دەوڵەت توانیوویەتی بەرگری لە ئیعتیاد بکات توانیوویە سەربازگەلێکی بەهێز بۆ سپاکەی خۆی پێک بهێنێ، یەکێکی تر لەگرفتەکانمان نەبوونی پزیشکە، ئێستا کەزستانە، لە ڕۆژدا چەند کەس بە هۆی نەبوونی دەرمان و پزیشکەوە گیانیان دەدەن، زۆر کەسان بە هۆی ناخۆشییەکی سادەوە گیانی لەدەست داوە، ئێستا بزانن کاتی گەرمای هاوین چەند کەس دەمرێ.

چاک وایە دەوڵەت پزیشکێ ڕەوانەی ئەم دەڤەرە بکات، بۆ وێنە پاییزی ڕابردوو لەدەوری ۷۰۰ کەس تووشی ناخۆشی یاولەرزبوون و مردوون[٥١].

شیروانی قووچان: لەسەردەمێکەوە دەسەڵاتداری شیروان- فەرجوڵڵا- بەرکنار کرا و پیاوەکانی ئەویش لە ناوچەکەدا خەڵکیان هان دەدا تا دژ بە دەسەڵاتی تازە

٥١- شاری پێشووی شیروان کەسەرەتا لە سەردەمی شاعەبباس یەکەمەوە بە دەستی کوردەکانیان

بوەستن و جاروبار ئەم ئاگرە دەکوژێتەوە و کەچی دوێنێ شەو برێ کار لە مزگەوتی شاردا ڕووی داوە و چەندکۆبوونەوەش لە ماڵی میرزا فەرەجوڵلای دەسەڵاتداری پێشوو بەڕێوە چووە .[زوارم] کە ئەم شوێنە یەکێکە لەقەڵاکانی شیروان و مەکۆی پیاوانی فەرەجوڵلا خانە، ڕۆژی دوێنێ هاتبوونە تەلگەرافخانەوە و چەند سەربازیان کوتەک دابوو و لەڕێ قووچاندا بیست مەتر سیمی تەلگەرافیان خراپ کردبوو و چەند تیریان شکاندبوو خەڵکی زوارم زۆر تر لەتورکە قارشی قووزییەکانن کە لەسەردەمی نادردا گۆزراونەتەوە.

ئەو بەڵگانەی کە سەبارەت بە دەرگەزو خانەکانی دەبینرێ:

١- ئەو بەڵگانەی کە سەبارەت بە ئاڵو گۆڕکردنی وڵاتە سنووریەکانی ئێرانە، هەر لە فیرووزەوە هەتا لوتف ئاوای دەرەگەز کە هاوکات ناوچەکانی‌تری باکووری خوراسان لە ئێران جیادەکاتەوە، لەبەرگەکانی‌تردا« ١و٢و٣ »بەسەرهاتە نالەبارەکانی ڕۆژگاری قاجاڕ و ئاسەوارە نالەبارەکانی لەسەر خەڵکی ئێران و بە تایبەت ناوچەکانی باکووری خوراسان‌دا گوتمان بە پێی ئەم گرێبەندە یەک لایەنە غەیری‌قانووینەی ئاخاڵ لەلایەن ڕووسیەی خوێنمژەوە، ناوچەکانی نێوان ڕۆخانەی جەیحوون هەتا ماوەرای نەهر لە ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی هەتاوی لە ئێران جیا کرانەوە و لەم نێوانەدا شارەکانی خیوە، بۆ خارا، خوارەزم و عیشق ئاوا ونسای لەبەر دەگرت، پاشان کە ڕووسەکان تێگەیشتن دەبێ فیروزەش لە ئێران جیا بکرێتەوە، ناسرەدین شایان نایە ژێری گوشارێکی زۆر و ئەوێیشیان لێی وەرگرتەوە و قەڵای کۆنی لوتف ئاوا کە پێشتر بردبوویان دایانەوە و فیروزەیان داگیرد کرد، لەبەر ئەوەی فیرووزەوڵاتێکی ئاوەدان و خاوەنی زەوینی باش بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوو. بەبێ بەڵێنی قەڵای حەساریش هەرچەندە زەوینی باش و لەباری بوو بردیان و داگیریان کردەوە.

٢- بەڵگەیەکە، واتا ڕاپۆرتێکە سەبارەت بە ئاوی دەرگەز کە ڕووسیەکان بە هۆی گرێبەندی یەک لایەنەی خۆیانەوە لە ناوچەی دەرەگەزولایین و کەلات، هاوکات ئاوی چاوکەکانیان لە ناوەوەی ئێرانەوە گوێزایەوە بۆ ئەوبەری سنوورەکان و کەسیش حەقی هیچ قسەیەکی نەبوو و بەوتەی ناسرئەلمەلێکی حاکمی دەرگەز ئەمنیەت

زۆره و هەموان سپاسی موزەفەرەدین پاشا دەکەن.

ڕاپۆرتی دەرەجەز- ئەمنیەت ئاساییە و هەموان سپاسی بەڕێزت دەکەن، موحەممەد حوسێن میرزا وموهەندیس ئەکرەتی ڕووسی بۆ دابەش کردنی ئاو بەرەو قەلای میر بەڕێ کەوتن، لەبەر ئەوەی بەرپرسی ڕووسی لەقەلای میردا زۆر مابووەوە، سێ دەزگا ئالاچیقیان بۆ کارەکانیان هێنابوو

گەنم خەرواریَ حەفت تمەن و جۆ خەرواریَ سێ تمەن ونیو.

بەرواری ۱۳ی سەفەری ۱۳۱۵[٥٢]

فەرمانی ناسرەدین شا سەبارەت بە مووچەی غولامحوسەین خان دەرەگەزی

غولامحوسێن خانی سەرتیپ کوڕی موحەممەد عەلی مەنسوورولمەلیک بیگلەربەیگی دەرەگەز بوو کە بەپێی فەرمانی ژێرەوە لە لایەن ناسرەدین‌شاوە نووسراوە.

مۆری ناسرەدین شا لەسەرەوەی بەلگەوە

واژۆی ناسرەدین شا لە نێوان هێلی یەکەم و دووەم

مەبەست: توغرایی

هەرچەندە مووچەکە بریتی بووە لە پانسەد تمەن و دراوە بە موحەممەد عەلیخانی بیگلەربەیگی دەرەجەز بۆ بەڕێوە بردنی حکوومەتی دەرەجەز هەر ئەوەندەش ئەبرینەوە بۆ کوڕەکەی واتا غولامحوسێن خان سەرتیپ و بەلام بە پێی داوای خۆی لە ئەم بەرواره بە دواوە مووچەکەی جارێک دەگۆڕدریَ ودەکریَ بەشەشسەدوبیست و پێنج تمەن، ئەم فەرمانەدەبیَ لە لایەن نووسەرانی حکوومەتیەوە زەوت بکریَ.

لە مانگی ڕەبیعوسسانی سالی ۱۳۱۱ی کۆچی‌دا نووسراوە:

لە سووچی ڕاستی بەلگەکەوە ڕوکنوددەولەی برای ناسرەدین شای والی خوراسان بۆ وەزیری خوراسانی نووسیوە:

٥٢- خاتراتی وەحید، خاکەلیوەی ۱۳٥۱ژمارەی ٥، ل ٥۳۸.

وەزیری دەفتەر، لە ناو پەرتووکەکەدا بینووسەوە و بە ئەم ناوەوە بە ناوی مووچەی غولامحوسێن خانەوە دای‌بنە.

لەسووچێکی ترەوە وەزیری دەفتەر نووسیوویەتی:

بەپێی فەرمانی گەورەم ئەم بڕیارە لە ناو دەستووری ئەمساڵ دا ـیوونت ئـی- دا نووسرا

لە پشتی بەڵگەکەوە تاقمێکی زۆر مۆر و واژۆ هەیە کە مۆری سەدرئەعزەم وەزیر دەفتەر و موعانولمەلێک لەو تاقمەیە[٥٣].

فەرمانی موزەفەرەدین شا سەبارەت بە حێشمەتوڵلا خانی کوڕی مەنسوورولمەلیک دەرەگەزی

ئەم فەرمانە وادیارە کاتێ درابێ کە حێشمەتوڵلاخان منداڵ بووبێ

حوکم نووسرا، لەبەر ئەوەی چاکەرانی ئێمە زۆر بە باشی خزمەتگوزاریمان دەکەن و بە هۆی ئەو هەموو پیاوەتیەوە ئێمەش دەبێ بەپێی ئەو ئایەتە قورئانیەوە «السابقون السابقون اولئک المقربون »پاداشتیان بدەینەوە، و بەم پێیە بەڕێز خواڵێخۆش بوو سلێمان خان و بیگلەرخان و ئەڵڵا یارخانی دەرەگەز و ئەتەک بوون کە لە سەرەتای ئەم حکوومەتەوە ناوبراوان خزمەتگوزاریان کردووە وسنوورەکانیان بە باشترین شێوە پاراستووە و بۆیە ئێمەش پاش ئەو هەموو پیاوەتیەیان حێشمەتولمەلیکی سەرتیپی کوڕی ناوبراو بکەینە سەرۆکی حکوومەتی دەرەگەز و ئەتەک هەر لە ئێستەوە توانا و هێزی دەسەلاتداری تێیدا ڕەچاوە دەکرێ و دەبینرێ و هەر لە ئەم ساڵەوە ناوبراو سەرباشقەی عەشیرەتەو پاشان دەکرێ بەپێشخزمەتی خۆمان، هەر ئێستا تۆپێکی سەرداری تورمەی کشمیری پێی دەبەخشرێ، ئەم هەموو بەخشندەییەمان بە هۆی چاکەری باشی ئەوانەوەیە، بەو هیوایەی کە هەمووی پیاوانی دەوڵەتی وەکوو ئەوان بن، دەبێ نووسەرانی دەرباری لە پەرتووکی موبارەکدا بینووسنەوە.

مانگی زیقەعدەی ١٣١٨

٥٣- بەڵگە لە ئاغەی هووشەنگی پێمبوودی لە بنەماڵەی مەنسوورولمەلیکەوە گەیشتە دەستمان.

وەک گوترا لەسەردەمی مەنسوورەلمەلیکدا بارودۆخی دەرەگەز زۆر نالەبار بووە. زلم و جەوری ئاسەفوددەولەی خوراسان و ئەمیرحوسێنی کوڕی و پیاوانی تری دەولەتی ئازارەکانی زۆرتر کولاندووتەوە ڕۆژنامەی حەبلولمەتین بە جوانی ئاماژەی بەم کارەی دەرەگەز کردووە.

موحەممەد بەیگ حەساری کە خەلکی دەرەگەز بوو دەیگوت: نایبولحکوومەی ئەتەکی ئێران واتا مەنسوورئەلمەلیک حەوت کچی فرۆشتۆتە ڕووسیە و زۆر کەسیشی لە شوێنگەلی‌ترەوە بوو کە من نایانناسم و هاوکات لەدەرەگەز ٢٠ هەزار تمەن لە لایەن مەنسوورئەلمەلیکەوە وەرگیردراوە، سالی پێشوو_ ١٣٢٤ی کۆچی_ تاقمێک شکاتیان کردبوو، لە لایەن عەینوددەولەی سەدرئەعزەمەوەحوکمی لەکار دوورخستنەوەی حاکمی دەرەگەزدرا، ئاسەفوددەولە یەکێ لە میرزاکانی _عەینوددەولەی_ بۆ ڕاگەیشتن بەم کارانە ڕاسپێری دەرجەز کرد و هاوکات گەیاندی کە مەبەستی من ڕاگەیشتن بە شکایەتی خەلک نیە، بەلکوو بۆ قازانجی ئێوەیە، هەرچەندە دەبێ بزانی، بڕیارەودەبێ لە ژێرفەرمانی مەنسوورئەلمەلێکدا بمێنی.

بۆ مەنسوورمەلیکی نووسی: تا دەتوانی بەڕووی خۆشەوە لێی ببووری. هەروا بوو، ناوبراو ١٥٠٠ تمەن پارە و دووقاترودووئەسپی دا بە بەرپرسی ڕاگەیشتن و بێ سووچ و گوناحی خۆی سەلماند و ئەو خەلکەش کە شکاتیان کردبوو هەر لە سالی پارەوە لە شار نەگەڕابوونەوە و هەر لە تەقلەودەودا بوون.

ئاسفەفوددەولە، مەنسوورولمەلیک لە حکوومەتی دەرەگەز لانابا؛ بەلکوو بۆ زەماوەندی هاوشیرەی عەبدوڕڕەزاخانی حاکمی قووچان کە شووی کردبووە مەسعوود خانی کوڕی ناسرئەلمەلیک پانسەد لیرەی عوسمانی و شال و ئەلماس و پێشکەشی زۆری ڕەوانە کرد. ئەمیر حوسێن خانی کوڕی ئاسەفوددەولە کە سالی پێش پاش بێ دەسەلاتکردنی شوجاعوددەولەی زەعفەرانلوو بوو بە دەسەلاتداری قووچان و هاوکات بە مەکروپیلانی مامۆستایانی قووچانەوە کچە دەزوورانەکەی مەسعوود خان پەشیمان کرایەوە و دایان بە ئەمیر حوسێنخان و پێنج هەزار تمەن

دارایی مەنسوورمەلیک خورا و بۆیە ئاسەفوددەوڵە مەنسووری وەک حاکمی دەرەگەز دانا و قودرەتی لێ وەرنەگرتەوە تا لە کوڕەکەی شکایەت نەکات.

سەید عەلی خان عارز نووسیوویەتی:

... ئاسەفوددەوڵە کوڕەکەی ئەمیرحوسێن خان و جافر خان بە شێوەیەک کە لەم ڕۆژنامەی حەبلولمەتینەدا هاتووە زڵم و زۆریان زۆری گرت و پەرەی سەند و لە کەناری ڕیش و تەسبێح و مەزهەبدا بەڵای زۆریان هێنایە سەر خەڵکدا کە هەموان لە ماڵ و گیانی خۆیان شەکەت بووبوون و ئاوارەی کێو ودەر و دەشت بووبوون و بە چراموشیەوە دەگەڕانە شوێنی شوجاعوددەوڵە، ئەمیر حوسێنخان لە قووچان ئەوەندە زڵمی لەخەڵکی کرد کە خەڵکی لەڕێ ناچارییەوە چوونە تەلگەرافخانەکان و شکایەتی زۆریان بەرەو تاران ڕەوانە کرد، تاکوو میرزا ئەبولقاسم کەسەدبەرابەر لەکوڕەکەی ئاسەفوددەوڵە دزتر بوو هات و بوو بە بەرپرسی وەرگرتنی ماڵیە و هەمیسان جارێکی تر و لەوکاتەدا کە کچە قووچانیەکان درانە دەستی تورکمانەکانەوە، ئاسەفوددەوڵە لەڕێ ناچارییەوە حکوومەتی قووچانی لە کوڕەکەی خۆی وەرگرتەوە و هەمیسان دایە دەستی میرزا ئەبولقاسمەوە تا بتوانێ بەر شکایەتی خەڵکی بگرێ و لە هاتنیان بۆ تاران بەرگری بکات. حەبلولمەتین نووسیوویە: میرزا ئەبولقاسم لە بەرپرسایەتی وەرگرتنی ماڵیەی قووچان لابراوە و کراوەتە سەرۆکی حکوومەتی ئەو شارە و لەگەڵ شێخ حسێن شێخوڕڕەیس و میرزا گەورەی ئیمام جومعەی قووچان و مودیر دیوان و هوژەبردیوان کە لە ئەو کەسانەیە وا دژی عەبدوڕڕەزاخان بووە بوونەتە یەکێ و ماڵی خەڵک خراپ دەکەن و پێخۆریان کە خەرواری ٥ تمەنە بە ١٢ تمەن دەیدا پێیان.[٥٤] پاش ئەوەی ئاسەفوددەوڵە حەزی نەدەکرد حکوومەتی دەرەگەز لە مەنسوورولمەلیک وەربگرێتەوە، خەڵکی لە تاران شکاتیان کرد و هاوکات خەڵک کۆیان بەستە دەوری جەجووخان و جەجوو پاش شەڕێک مەنسووری دەستگیر کرد و خستیە بەندیخانەوە و پاشان لە دەرەگەز کردیە دەرەوە، ئاسەفوددەوڵەش بە هۆی شکاتی کوردەکانی باشکانلوو کە ژنەکانیان

٥٤- حەبلولمەتین، ژمارە ٤١، ل ١٦.

لە لایەن تورکەمەنەکانەوە لە قووچاندا دزرا بوون لە لایەن پارلەمانەوە لە حکوومەتی خوراسان دوورخرایەوە کە لەبەرگی سێهەم دا باسمان کرد. حکوومەتی نوێ بۆ ڕازی کردنی خەڵکی دەرەگەز، سەید عەلی خانی برای‌تری مەنسووری کردە سەرۆک حکوومەتی دەرەگەز زۆری نەخایاند کەسەید عەلی خانی حاکمی دەرەگەز لە لایەن سپاسالار بانگهێشت کرا تا بڕوات بۆ مەشهەد، خێرا موعاوەنوتوججار لە زمانی ئاسەفوددەوڵەوە پێنج نامەی بەڕێ کرد بۆی کەنەیەت بۆ مەشهەد تا ڕۆژی پێنجشەممە کە سپاسالار و هەڤاڵانی دەچنەوە بۆ تاران و تۆ دەتوانی ڕۆژێ پاش ئەوان بیتە مەشهەدەوە، سەید عەلی خانیش خێرا بەقسەیانی کرد و پاش ڕۆژی پێنج شەممە هاتە مەشهەد و ئاسەفوددەوڵە و هاوڕێکانی خێرا بە ئەو بیانوەی کە بۆچی قسەی سپاسالاری داوەتە عەرزا گرتیان و خستیانە بەندیخانەوە سی و چوار ئەسپی ئەویان برد و هاوکات هەرشەوە بۆ هەر سەرەئەسپێ یەک قەران و نیو پارەیان لێ وەردەگرت و وەعدیان پێ دەدا کاتێ لە زیندان ڕزگاری بوو ئەسپەکانی پێ دەدەنەوە پاش ڕزگار بوونی ٤٠٠ تمەن پارەی ئالفی ئەسپی دابوو بەڵام تەنانەت ئەسپێکیشیان پێی نەدایەوە و دوو جاریش جورم کرا کە جاری یەکەم ١٥٠٠ تمەن و جاری دووەم ١٢٠٠ تمەنیان لێ وەرگرت.

ئەمیر حوسەین خانی کوڕی ئاسەفوددەوڵە کە باوکی دیوانبەیگی بوو. زۆر ئازاری سەید عەلی دەکرد هەموو ڕۆژە جگە لە شەلاخدانی ١٠٠تا٢٠٠تمەن پارەی لێی وەردەگرت و سەید عەلیش لە ڕووی ناچاریەوە ویستی پەنابباتە بارەگای ئیمام ڕەزا لەمەشهەد کە چرولەوێش لە ئاسایشدانەبوو بەهەموو جۆرەزڵمی لێی دەکرا و جارێکی ڕژانەنێومالەکەی و ٤٠٠ تمەن پارەیان لێی بەزۆرگرت و هەمووی فەرشەکانی ماڵەکەشیان بەیەکجارە تالان کرد. ئەوکەسەش کەناردبوویان ماڵ و منداڵەکەی لەدەرەگەزەوە بهێنێتە مەشهەد دەیگوت: ئەمیر حوسێن خان منی کرد بووە بەرپرسی تاکوو ماڵەکەی تالان کەم و هەرشتێکی سەید عەلی کە لە شانی ئەمیر حوسێن خاندابێت وەری بگرم و بیبەم و بەم شێوەیە لە ماڵ و داراییەکەی سەید عەلی بە ئەندازەی ٦ هەزار تمەنم دزی و هاوکات هەمووی زێڕو قالیەکانیشی زەوت کران.

ماڵیەی جوەین ١٨ هەزار تمەن بوو، سپاسالار بەم زوانە ٤ هەزار تمەنی کەم کردبووەوە موعەزیز ولمەلیک ٨٠ هەزار تمەن ماڵیەی وەرگرت ئاسەفوددەولە ١٢٠ هەزار تمەنی وەک پێشکەشی قووچان لە میرزا ئەبولقاسم وەرگرت کە ٨٠ هەزار تمەن پێش ئەوەی دەسەڵاتی لێ وەربگرنەوە ساڵی ١٣٢٤ دا بە ئاسەفوددەولە و چل هەزار تمەنی دوایشی دوایی لێ وەرگرت تاقمێک لە ئەوکەسانەی کە مووچەخۆری دەوڵەت بوون حەزیان لێ بوو بچنە قووچان، لەبەر ئەوەی لەوێ دا لە پرسینەوە و بازو خواست گرێیان لینچ بوو و کەس نەیدەگوت ئەوەچی دەکەن و دەسەڵاتی قووچانیش کارهەندی زۆری دەویست ئەم کارمەندانە کەل و پەلیان بەخەرورا بەسێ قران دەکڕی و ئەم بۆ ئەوان زۆر بوو. حکوومەت خۆی خەرواری بە چواردە قران دەیکڕی و زۆر لەخەڵکی دەچوو پیاوێکی باش کەپارەی لە لای دەسەڵاتدارێکی قووچانیەوە بوو و بۆ وەرگرتنەوەی ڕەوانەی ئەوێ دەبێ و خۆی دەڵێ چوومە ماڵی یەکێ لە نزدیکەکانی عەبدورڕەزخان وادیارە مودیری دیوانی ئەفشار بوو بێ کە لە هەمووشتی عەبدورڕەزا ئاگادار بوو و لە نهێنی دا بە دوای تاقمێ بەڵگەوە بوو تا عەبدورڕەزاخان بێدەسەڵات بکا و لەوڵ زانیم کە ٤٦٤ هەزار تمەن لە من زڵم کراوە. ماڵیە بگیری ترشیزی ١٥ هەزار تمەنی دزی بوو.

مووچەی سوارە نیزامی خەواف دراوەتە دەستی ئەمیر بەهادورەوە و ئەمە بەشێکی کورت بوو[55] لەو زڵم و زۆرە ماڵیانە.

کاریگەری تریاک لەسەر دەسەڵاتدارانی قووچان و دەرەگەز

یەکێ لە ئامانجەنا لەبارەکانی ئینگلیزیەکان لە ئێران موعتاد کردنی عەشیرەتەکان و خەڵکی خوراسان بوو، دەیانزانی کە ئەگەر بیانەوێ دوو نۆکەری خۆیان واتا ئەفغانستان و هیندوستان بپارێزن دەبێ دەستی ئێرانیەکان کورت بکەن و بۆیە باشترین ڕێگەیان موعتاد کردنی خەڵکی ناوچەکە بوو، تا بەو شێوەیە هەر بە خۆیانەوە خەریک بن.

٥٥- حەبلولمەتین ساڵی ١٣٢٥ کۆچی، ژمارە ٤١، ل ١٧.

ئینگلیزیەکان زۆرتر لە هێزی سەربازی کوردەکانی خوراسان دەترسان و بۆیە لەسەر ئەم خەڵکە زۆرتر کاریان دەکرد و تەنانەت توانیان ئەمیر حوسێن خانی شوجاعوددەولەش موعتاد بکەن و باشترین شەراو و تەریاکیان بۆی حازردەکرد، ئەمیر خۆی زۆر بەهەیبەت بوو و تا خۆی بوو هەیبەتی کورد هەرمابوو، بەلام پاش کۆچی دوایی ئەو جێنشینەکانی زۆر نالایەق بوون و بە گوتەی خوالێخۆش بوو بامداد ئاسەوارێ لەوسەروەریە نەمایەوە، فەرمانڕەواکانی دەرەگەزیش هەر بەم دەردە دوچاربوون. وەک سەید عەلی خانی دەرەگەزی لەشێعرێکدا دەڵێ:

لە چاوم شەوڕۆژ بە تاو دەتکێ خوێن
لە دەستی ئەم بەختە گولەوە
بێگانە لەدەستی عەقڵی دوستانمەوە شێت بوون
ئەم چەرخە بێ وەفایە
دەزانی ئێمە بۆچی لە ناو چوین و نەماین
و لەسەفحەی ڕۆژگارپاک بووینەوە
تریاک، تریاک، تریاک
هەمدیسان تریاک[٥٦]

وایە تریاک ماڵوێرانکەرە، عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولەی کوڕەزای ئەمیر حسێن خان لەسەرەتای لاوەتیدا موعتاد بوو، لە نووسراوەیەکدا لە حەبلولمەتین سەبارەت بە وێرانی خوراسان و موعتاد بوونی خەڵکەکەی وەها نووسراوە: هۆی وێرانە بوونی شارەکانی بجنوورد و دەرەگەز و قووچان وشیروان و دەوروبەری ئەو ناوچە ئەوەیە کە هەمووی دانیشتوانی موعتادی تریاکن، خەڵکی ئەم ناوچە وای لێهاتووە کە دەسەلاتی هیچیان نەماوە و لەسەد کەس چوارکەسی سالم نیە. ئەم خەڵکە هەر ئەوانەی بوون کە نادرشای ئەفشاریان پەروەردە کرد و ناردیانە مەیدانی شەڕانخیزەوە و هیندیان بۆی گرت .ئەم خەڵکە لەبنەماڵەی ئەو سامخانە ئیلخانیەن کە توانی هەرات بگرێ، بەلام ئێستا ئەگەر یەک کەس وەک جەردە ڕوویان تێ

٥٦- ڕجال ئێران، بامداد، ب ٦، ل ١٢٣.

بکـات، هـەموویان ڕووت دەکاتـەوە وکەسـیان هێـزی هەسـتانەوەی تێیـدا نـەماوە ئەوەندەیان تریاک کێشاوە.

لەهـەمووی خـراپ تـر خـودی دەسـەلاتدارەکانی ئـەو دەڤـەرەش موعتـادن. جارێکیان ڕێگەم کەوتە شاری قووچـان و ڕووم کـردە ماڵـی حـاکمی ئەوشـارە کـە چوومە ژوورەکەی خەریکی تریاک بوو وەک قلیان دەیکێـشا و ئیـزنم لـێ گـرت تـا بچمە ژوورەکەوە و بەسەرواوڵامی داوە کەدەتگوت لـە حاڵـی خەودایـە، ئاماژەیـەکی پێم کردواتا فەرموو،نۆکەرێکی لەبـەر دەسـتی دابـوو، نەیـدەوێرا چـی بـڵێ، زوو زوو نووچی دەدا، لەم کاتەدا کەسێکیتریش تەقەی دا لە قاپی ژوورەکە و هاتە ماڵـەوە و خان ئاماژەی پێی دا تا لە گەڵی تریاک بکێشێ و هەر بە زۆر داینا تا تریـاکی لەگەڵـدا بکێشێ کەچی دوای ماوەیەک بیستم ئەویـشی فێرەتریـاک کـردووە و موعتـادبووە وەک خۆی خەڵکی ئەو دهڤەرەش کە زۆر هەژار و هیچ نەدار بـوون هـەر خـەریکی ڕەنج و تەقە لابوون کەهەموو مانگێ دەسەلاتداران دەچوان پـارەیێکی زۆریـان وەک ماڵیە لێیـان وەردەگـرت و هـەموو شـتانیان دەدزی و ئـەوانیش لـەڕێ ناچارییـەوە کارێگەری ڕووسیەیان گرتە باوەش و پەنایان بردە ئەوێ.[٥٧]

هەروایە ئەوە بارودۆخی سەرکدەیی وەک عەبدوڕڕەزاخانی ئیلخانی زافەرانلووبێ دەبێ حاڵی خەلکەکەی چی بێ...«الناس علی دین ملوکهم»

بەڵگەو ئەوحوکمانـەی کـە لـە بـارەی دەسـەلاتدارەکان و خەڵـکی کـەلاتی نادریەوە لە دەستدایە

دەسەلاتدارانی کەلاتی نادری لەسەردەمی دەسەلاتگرتنی نادرشاوە ناو بانگیـان دەرکرد کە بە ناو بانگترینیان تەهماسبقولی خانی جەلایری سەرداری بـە ئەمـەکی نادرشا، یەلەنگ تووش خان جەلایرن.

یەلەنگ تووش خان وەک لەبـەرگی سـێ دا گوتمـان لـە پیـاوە سیاسـیەکانی سەردەمی قاجاڕ بوو و لە کاتی ئاژاوەکەی سالار لەمەشهەد لە ساڵێ ١٢٦٥ی کـۆچی

٥٧- ڕۆژنامەی حەبلولمەتین سالی چوارەم، موحەڕڕەم ١٣٢٥ (١١ مارس١٩٠٧) ژمارە ٢٩، ل ٨.

کوژراوە و پاش خۆی بیهبوود خانی کوڕی دەسەڵاتی وەئەستۆ گرت.

عەشیرەتی تورکی جەلایر کە لە دەوری ٤٠٠ بنەماڵەدابوون لەسەردەمی سەفەویەکاندا هاوبکات لەگەڵ کوردەکاندا ڕەوانەی خوراسان کران. خەڵکی کەلات تێکەڵاوێکن لە تورک و کورد و عەرەب و فارس کە هیوادارم لە کتێبەکەی نادردا زۆرتر لەسەری باس بکەم.

ئێستاش تاقمێک لەبەڵگەکانی بنەماڵەی جەلایر و خەڵکی کەلات کە عەباس خان جەلایر و لە بنەماڵەی تەهماسبقولی و هەروەها کوڕەکەی ئەندازیار عەبدوللا جەلایر لەمەشهەد دایانەدەستمەوە.

فەرمانی بەخشینی پلەی خانی لە لایەنی ناسرەدین شاوە بۆ بێهبوودخان جەلایری حاکمی کەلات

لە بەرگی سێهەم دا سەبارەت بە کوژرانی یەلەنگ تووشی خانی جەلایری حاکمی کەلات بە فەرمانی سالار باسی زۆرمان کرد و بەڵگەیەک کە لە بێهبوود خانی کوڕیەوە جێ مابوو و گەیشتە دەستمان باسی لێوە کرا، لەو بەڵگەیەدا ناوبراو داوای کردبوو تا ئەو پلەی باوکی بدەن بە خۆیشی و لەم بارەوە نامەیەک سەبارەت بە چۆنیەتی کوژرانی باوکی کە واژۆی سەر کردە نیزامیەکانی پێوەیە دۆزرایەوە.

ناسرەدین شا لە نامەیەک دا وڵامی بێهبوودخانی داوەتەوە کە پاش ڕاوێژ لەگەڵ حەمزە میرزای حاکمی خوراسان نووسرابوو:

مۆری ناسرەدین شا لە لای ژووری فەرمانەکەوەیە:

بە ناوی خوا

فەرمانی پاشایەتی لەبەر ئەوەی خوالێخۆش بوو یەلەنگ تووش خان کۆچی دوایی کرد و هەر لە مێژە خزمەتگوزاری ئێمە بووە و لە کاتی هاتنی پاشا بۆ ئەو ناوچەیە هەموو کات لە خزمەتیدابووە، بۆیە ئێمەش بێهبوود ئاغا خانی کوڕی ڕێز دەگرین و نازناوی خانی پێی دەبەخشین و لەم ساڵەدا کە ساڵی مامرە بڕیارە هەموو ساڵە ٣٠٠ تمەن پارە و ٢٠ خەروار کەلوپەلی پێویست بۆ ماڵ، بە ئەو بدرێ کە

دەبێ هەموو ساڵە لەماڵیەی خوراسان دابین بکرێ. هاوکات پاشا فەرمانی دا تا ئەسعەدی کامکاری مامۆی خەبەردار بکەن کە کاری وامان کردووە بڕیارەکەش دەبێ لە ناو بەڵگە مێژووییە دەربازیەکاندا بنووسرێت

مانگی شەعبان ١٢٦٥

[ئەم بڕیارە لە سەردەمی دەسەڵاتداریێتی میرزا تەقی خانی ئەمیر کەبیردا نووسراوە.]

ڕێز گرتن لە سەرتیپ بێهبوود خانی جەلایر دەسەڵاتداری کەلات، لە لایەن ڕوکنوددەولەوە

فەرمانی دەربڕینی مەقامی سەرتیپی بێهبوود خان لەبەردەستمدا نییە و نازانم لەچ کاتێک و بەپێشنیاری چ کەسێک بووەتە سەرتیپ. دەڵێن کە نێزامووددەولە حاکمی ولاتی خوراسان لەگەڵ ئەودا بەبنیایەتی خۆشی بووە، دوای نێزامووددەولە موحەممەد ناسر خانی زەهیروددەولەی قاجار لە ساڵی ١٢٩٢ تا ١٢٩٣ حاکمی ولاتی خوراسان بوو کە لەم ساڵەدا فەوتی کرد و موحەممەدتەقی میرزای ڕوکنوددەولە برای ناسرئەدین‌شا دەبێتە دەسەڵاتداری خوراسان و تا ساڵی ١٩٢٨ هەر بەردەوام دەمێنێ.

بێگومان بە داخوازی ڕوکنوددەولە، ناسرئەدین شا بێهبوودخانی تا ڕادەی سەرتیپی گەیاندووە.

ئێستا نامەیەک دەخوێنن کە ڕوکنوددەولە بۆ بێهبود خانی جەلایر لە ساڵی ١٢٩٧دا ناردبووی:

ڕاپۆرت و باسی سێ سەری بڕاوی تورکەمەنەکانی تالانکەر و قراخان سەرداری تورکمان کە دیل کراوە و بۆ مەشهەد نادراون دەکات. مۆری ڕوکنوددەولە لە ژێر دێڕی هەوەڵدا بیندراوە.

«هوو ئەڵڵاهوتەعالا»

مۆری ڕوکنوددەولە لە لای ڕاستی بە لگە

موقەرێبولخاقان بێهبوودخان سەرتیپی دەسەڵاتداری کەلاتی موعەزێز بزانێ نووسراوەی موقەرێبولخاقان بیندرا[58]. خزمەت و گەورەیی ئێوە کەناردنی قراخان سەرداری تورکمان و سێ سەری بەنێزەکراوەوە، بوو حاکمی زۆر خۆشحال کرد. زۆر لە وشیاری موقەریبولخاقان لەسەر حەددی کەلات خۆشحال ورازیم؛ چوونکە لە خزمەت و زەحمەت هیچ کەمتەرخەمێان نەکردووە. قراخانیش بە جەزای خۆی گەیشت و ڕەعیەتەکان و دانیشتوانی سەرحەد ئاسوودە بوون. بڕینەوە[59] و گەیاندنی مواجۆی هێزو سەربازەکانیش بڕاوە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کاروبارانەی کە داوای کردبوو، هاتبوو بۆ ئەرزی ئەقدەس، هەرچی زووتر بگەڕێتەوە.

غەڕڕەی جەمادیئەووەڵ

ڕوکنوددەوڵە دوای بینینی ئەم نامە کە بەردەستەکەی نووسیبووی لە نێوان دێڕی هەوەڵ و دووهەمدا دەنووسێ[60]:

بێهبوودخان، دوای هاتنی زەینولعابدین بۆ مەشهەد و دوای ئەوەی کە مووچە و پوول بە سەربازان درا و ڕێکوپێک کران و لەبابەت سەرحەدداتی کەلات و قەڕاوڵخانە بێخەم بووی، دەبێ هەرچی زووتر بێی بۆ ئەرزی ئەقدەس کاروبارەکان جێبەجێ کەیت و بگەڕێتەوە[61].

«فەرمانی نەیروددەوەڵە والی خوراسان بۆ دەسەڵاتداری کەلات سەبارەت بە لەوەڕیمەڕەکان لە خاکی ڕووسیە»

دوای ئەوە کە ڕووسیە باکووری خوراسانی لەساڵی ١٢٩٩ی مانگی بە زۆر داگیر کرد و لە ئێرانی جیا کردەوە مەڕدارەکان و خێڵەکییەکانی کوردی خوراسان مەجبوور بوون مەڕەکانیان بوەن بۆ خاکی ڕووسییە و پارەکەشی بەدەوڵەتی ئەوان بدەن.

٥٨- دەڵێن بێهبوودخان داوای کردبوو کەبچێتە لای ڕوکنوددەوڵە ویستەکانی پێی بڵێ.

٥٩- چەند وشەیێک نەخوێندراوەتەوە.

٦٠- نووسراوەکە زۆر ورد و خراپ نووسرابوو، ئەگەر دروستم خۆیندبێ، شاکارم کردووە.

٦١- بەڵگەیئاغای عەباس خانی جەلایرە.

شازادە سوڵتان‌حوسێن میرزا نەیرووددەوڵە کە گەورەیەکی زاڵم بوو و لە ساڵی ١٣١٨ی مانگی دا، پاش مردنی ڕوکنوددەوڵە ببوە گەورەی خوراسان و تا ساڵی ١٣٢٣ هەر بەردەوام بوو. لەم ساڵەدا خەڵک کەبەئەستۆ هاتبوون لایان‌برد.[٦٢] عەلی نەقی میرزا ڕوکنوددەوڵە کوڕی میرزا تەقی لە جێگای ئەو دانیشت.

لەم دەستوورە دا دەردەکەوێ کە بنە ماڵەی جەلایر تا ساڵی ١٣٢٠ی مانگی دەسەڵاتدار نەبوون و فەتحعەلی خان واتە فەتحولمەلێکی دوایی کوڕی بێهبوود خانی نایبولحکوومە و موحەممەدڕەزاخانی‌شوجاعولمەلێکی هەزارەیی باوکی سەولەتولسەڵتەنەی دوایی کە لە بەرگی شەشەم باسی لێدەکرێ، دەسەڵاتداری کەلات بووە، ئەمەیش نامەکە:

هو

(لە سووچی ڕاستەوە مۆری نەیرووددەوڵە دەبیندرێ)

ئەمیرولئومەرا موحەممەد ڕەزاخانی شوجاعولمەلێک دەسەڵاتداری کەلات بە پێی بڕیارنامەی تازە کە بە دایرەی گومرک گەیشتووە، هەرکەس مەڕەکانی بۆ لەوەڕ بۆ خاکی ڕووسییە بەرێت لەبۆ هەر مەڕێک دەبێ قرانێک لە لای پیاوی گومرک دابنێ کە دوای گەڕانەوە وەریدەگرێتەوە؛ بەڵام پیاوی گومرک لە خاکستەرەوە[٦٣] ڕایگەیاندووە کە دەوڵەت هاوڕێیی نەکردوین. جا بۆیە بەم جۆرە لە لایەن ئەمیرولئومەراوە دەنووسین کە تا دەتوانن هاوکاریمان بکەن و هەرکەس مەڕێکی لەسەرحەددی خاکستەرەوە بۆ خاکی ڕووس برد، پووڵی دیاری‌کراو بدات. ئەگەر نەیتوانی پووڵەکە بدات شتێکی‌تر بە بارمتە دادەنێ، هەتا حەیوانەکان دەگەڕێنێتەوە کە ئەگەر نەیگەڕاندەوە بەرپرسە[٦٤]. کەوابوو موقەڕێبولخاقانی

٦٢- تاریخ رجال ایران، مهدی بامداد. ب٢، ل٨٧

٦٣- خاکستەر دێهاتێکی ئاوەدان و قەرەباخی نێوان کەلات و لایینە. خەڵکەکەی زیاتر لە کوردەکانی شادلوون ، جاران مالوتیجارەی ئێران بۆ ڕووسیە لەوێوە دەڕویشت، گومرک و کاروانسەرای زۆری بوو کە ئەمڕۆکە وێران بووە.

٦٤- نرخی مەڕو مالات لە ڕووسییە گرانتر بوو.جا بۆیە مەڕەکانیان لەوێ دەفرۆشت و لە گەڕانەوەدا لە کاتی بەهار دەیانوت کە مەڕەکانیان مردوون یان گورگ خواردوونی. بۆ بەرگری کردن لەم

فەتحعەلی خان نایبولحکوومەی کەلات [وشەیەک نەخوێندراوەتەوە] حوکمی گەورە بەڕێوە دەبات. (زیقەعدەی ١٣٢٠)

ئەسپە پێشکەشیەکانی ئەمیرەکانی خوراسان بۆ دەرباری تاران[٦٥]

ئەو جۆرەی کە ببوە عادەت، ئەمیرەکان دەبوایە خۆیان ئەسپ بکڕن یان تەنخواکەی عەینەددەولە بدەن تا لەوێ ئامادەبکرێ.

کەوابوو دوو سەر حەیوان نرخی دووسەر ئەسپ ڕوومییە ودوو ئەسپ نرخی دوو دەست جلوبەرگە.

ئەوەی ماوەتەوە:

ئەسەدوولڵا بەگ نایبی گەوڕ چووەتە دەر.

دەرەجەز دووسەرحەیوان، بجنووردسێ سەر حەیوان، قووچان سێ سەر حەیوان. (لەپەڕاوێزی بەڵگەدا نووسراوە.)

جەنابی موستەشارولسەڵتەنە، هەرواکە عادەت و ڕەسمە بۆ هەر قەبزێ ئالفی ئەسپەکانی گەوڕ بدات...

ڕیزی ناوی سوارەکانی کەلات کە سانیان داوە

نوورموحەممەد بەگ کوڕی خانموحەممەد بەگ ئەسپی تێزێلی هەشت ساڵە، حەسەن بەگ کوڕی ئیسماعیل بەگ ئەسپی قەڕەی قاوەیی هەشت ساڵ، عەلیئەکبەر کوڕی حاجی موحەممەدحەسەن ئەسپی قزڵ سوور چوار ساڵە، بەدەڵبەگ کوڕی میرزا خان بەگ ئەسپی قزڵ سوور سێ ساڵە، تەمرخان کوڕی

کارەساتە دەوڵەت خۆی تێکەڵی کرد؛ بەڵام ئەویش بەکەڵک نەهات، تەنانەت ڕێگایەک بووکە پیاوی گومرک پووڵیان وەدەست دەکەوت هەرکەسێک ئەوەی کە پێویست بوو، دەی دا و هەر جۆرەکارێک کەپێی خۆش بوو، بەڕێوەی دەبرد.

٦٥- بەڵگەی ئاغای عەبباس خانی جەلایرە. کاتی بەڵگە دیار نییە، ڕەنگە هی سەردەمی سەدارەتی عەینوددەولە و پێش لە مەشرووتییەت وکاتی موزە ففەرەدین شا و ساڵی ١٣٢٤ی مانگی بێت.

سالار بەگ ئەسپی قزڵسوور شەش ساڵە، جان موحەممەد کوڕی موحەممەد قولی ئەسپی بێ تەمەن و ڕەنگ، ئیسماعیل بەگ کوڕی ئیبراهیم بەگ ئەسپی قزڵ سوور حەوت ساڵە، حەجی موحەممەد بەگ کوڕی نوورموحەممەدبەگ ئەسپی کەرەند سێ ساڵە، ئیسماعیل خان کوڕی ئیبراهیم خان ئەسپی قاوەیی شەش ساڵە، خان موحەممەد کوڕی موحەممەد قولی ئەسپی قزڵسوور سێ ساڵە،

تیرەی کۆسانلووی کوردی ناوکەلات

مێهراب بەگ کوڕی حەیدەرقولی بەگ ئەسپی قاوەیی شەش ساڵە، حەیدەر قولی بەگ کوڕی مێهراب بەگ باوکی مێهراب بەگی پێشوو ئەسپی بێ تەمەن و ڕەنگ،جەعفەر بەگ کوڕی حاجی موحەممەد قولی ئەسپی قزڵسوور حەوت ساڵە، سەعادەتعەلی بەگ کوڕی حاجی مورشێد ئەسپی قاوەیی سێ ساڵە، نەجەفقولی بەگ کوڕی حاجی ئیسماعیل ئەسپی قاوەیی دووپێ سپی پێنج ساڵە

کەبوود گونبەد: عەبباس بەگ کوڕی[هیچی تر نەنووسراوە]، میرزا موحەممەد عەلی کوڕی مەلاجەعفەر ئەسپی سەمەند سێ ساڵە، ڕەزاقولی بەگ کوڕی ئیمان بەگ ئەسپی قاوەیی شەش ساڵ، ئەحمەد کوڕی کەربەلایی حوسێن خان ئەسپی قاوەیی هەشت ساڵ، کەربەلایی ڕەحمانقولی کوڕی کوڕەکەی زەینەلی دووهەم ئەسپی قاوەیی دووپێ‌سپی پێنج ساڵە، سولەیمان بەگ کوڕی نییەتی

گەرۆ: عاشوور قولی بەگ کوڕی کەربەلایی عەبباس ئەسپی قاوەیی شەش ساڵە، بێهبوود کوڕی موحەممەد حەسەن بەگ ئەسپی قاوەیی حەوت ساڵە.

تیرەی کوردی ئەردەڵان: ئیبراهیم بەگ کوڕی حوسێنقولی‌بەگ ئەسپی سەمەند چوار ساڵە، حوسێن‌خان‌بەگ کوڕی تەمرخان ئەسپی قزڵسوور هەشت ساڵە، بەرات کوڕی موحەممەد عەلی ئەسپی قزڵسوور حەوت ساڵە، غولامڕەزا کوڕی عەوەز عەلی ئەسپی کۆرەند سێ ساڵە.

تیرەی جات قەڵەزوو: غولامعەلی بەگ کوڕی کەربەلایی بە دەڵ ئەسپی کۆرەند سێ ساڵ کەرەڵایی ڕەمەزان کوڕی کەربەلایی ئیسماعیل ئەسپی قرەکەهەر

هەشت ساڵ جەعفەر بەگ کوڕی کەربەلایی موحەممەد ئەسپی کۆرەند سێ ساڵە.

تیرەی یەنگی جەقەلەزوو: حوسێنقولی کوڕی حەزرەتقولی ئەسپی نییە،وەلیخان کوڕی نادرخان ئەسپی قاوەیی پینج ساڵە.

یەنگی ئاقداش: وەلیخان بەگ کوڕی چەقوربەهادور ئەسپی قاوەیی هەشت ساڵە. مورادخان بەگ کوڕی ئاغا عەلی کەیخوا ئەسپی قزڵ شەش ساڵە،ئەڵڵانەزەر کوڕی تەهماسب کەیخوا ئەسپی قزڵ شەش ساڵە،موحەممەد بەهادور کوڕی ڕەمەزان بەهادور ئەسپی کۆرەند حەوت ساڵە.

ئاقداش: دۆڵخان کوڕی وەلیخان ئەسپی سەمەند پێنج ساڵە، ئیبراهیم کوڕی خانگەڵدی ئەسپی قاوەیی شەش ساڵە.

تەفتە: حاجی بەگ دوردی بەگ کوڕی بەهادور ئەسپی قزڵ پێنج ساڵە.

دەرەوەی کەلات:

لایین: ئەحمەد خان بەگ کوڕی حاجی ئەکبەر خان بەگ سۆفیانلوو نایبی لایین ئەسپی قزڵ هەشت ساڵە، ڕەحمەتوڵلابەگ کوڕی حاجی ئاغا گولی بەگ سۆفیانلوو ئەسپی ملە چوار ساڵە،حاجی دەمەرخان کوڕی موحەممەد خان ئەسپی قاوەیی چوار ساڵە، سولەیمان بەگ کوڕی باقری کەیخوا ئەسپی کۆرەند هەشت ساڵە، حوسێنقولی کوڕی عەسکەری کەیخوا ئەسپی کۆرەند هەشت ساڵە.

سەرکان: ئاغا جان بەگ کوڕی ئیسماعیل بەکی سەرکانی ئەسپی قاوەیی چوار ساڵە، حەیدەر بەگ کوڕی بابا خان بەگ ئەسپی قرەکهر سێ ساڵە، ئایدینە قولی کوڕی حاجی عیسا خان ئەسپی مەلە سێ ساڵە.

ئیگدەلیگ(ئیدەلوو): عیساکوڕی کەربەلایی حەیدەر ئەسپی کەرەند پێنج ساڵە، موحەممەد حەسەن مەرگان کوڕی قوربانعەلی کەیخوا ئەسپی قاوەیی چوار ساڵە، موحەممەد تاهیرکوڕی کەربەلایی ئیسماعیل ئەسپی مەلەچوار ساڵە.

ئەرچەنگان: بیگلەر کوڕی موحەممەد ئیبراهیم بەگ ئەسپی قەرەکەهەر شەش ساڵ، عەباسقولی بەگی کوڕی موحەممەد باقر ئەسپی قەرەکەهەر سێ ساڵە.

کوردەکانی سینانی:

غوڵامڕەزا کوڕی موحەممەد خان ئەسپی قزڵ سوور چوار ساڵە، قوربانعەلی کوڕی سارخان مەرگان ئەسپی کۆرەند پێنج ساڵە، ڕەحیم کوڕی خانگەڵدی ئەسپی قاوەیی سێ ساڵە، حوسێن کوڕی ئیسماعیل کەیخوا ئەسپی مەلە چوار ساڵە، موحەممەد خان کوڕی موراد خان ئەسپی قزڵ سوور چوار ساڵە.

چەرەم (کوردەکانی بادلانلوو): عەلی کوڕی کەرەبەلایی ڕەمەزان ئەسپی مەلە حەوت ساڵە، کەرەم کەیخوا کوڕی کەربەلایی قوربان ئەسپی قزڵ حەوت ساڵە، کەربەلایی ئەسغەر کوڕی کەربەلایی ڕەمەزان ئەسپی قاوەیی سێ ساڵە، بەرات کەیخوا کوڕی عەزیز خان ئەسپی قاوەیی پێنج ساڵە.

جێرف(ژێرف): عەباس کوڕی موحەممەد عەلی کەیخوا ئەسپی قزڵ پێنج ساڵە،

ردە: موحەممەد بەگ کوڕی حاجی دروستعەلی ئەسپی قاوەیی چوار ساڵە، کەربەلایی عەبدولکەریم کوڕی ئیسماعیل کەیخوا ئەسپی قزڵ سێ ساڵە،ڕەحمان کوڕی مووسا ئەسپی قزڵ سوور هەشت ساڵە.

قەلعەنوێ (کوردەکانی شێخوانلوو): موحەممەد کەیخوا کوڕی حاجی مۆئمن ئەسپی کۆرەند سێ ساڵە، سەلیم خان کوڕی موحەممەد عەلی ئەسپی قزڵ سوور پێنج ساڵە، ڕەمەزان کوڕی حەزرەتقولی ئەسپی قاوەیی هەشت ساڵ، موحەممەد سادق کوڕی حاجی تەمرخان ئەسپی مەلە چوار ساڵ.

سەرڕووود: موحەممەد عەلی کوڕی کەربەلایی حوسێن ئەسپی مەلە چوار ساڵە

قراتیکان: کەربەلایی غوڵامعەلی کوڕی ئاغا موحەممەد بەگ ئەسپی قاوەیی هەشت ساڵە، عەبدوڕڕەحمان بەگ کوڕی سوڵتانعەلی ئەسپی قزڵ سوور حەوت ساڵە، حەسەن بەگ کوڕی ئیبراهیم بەگ ئەسپی قزڵ سوور چوار ساڵە، پۆلا بەگ کوڕی سالار ئەسپی قاوەیی چوار ساڵە.

زووی خواروو: خودا وێردی بەگ کوڕی ئاغا حەسەنعەلی ئەسپی قزڵ سوور چوار ساڵە، سوڵتان موحەممەد کوڕی ئیمام ویردی بەگ ئەسپی مەلە چوار ساڵە،

حەسەن کوڕی عەلی ئەحمەد بەگ ئەسپی قاوەیی حەوت ساڵە، نادرحوسێن بەگ کوڕی ئاغا حەسەنعەلی ئەسپی مەلەحەوت ساڵە.

زووی ژووروو: ئیسحاق کویخا کوڕی کەربەلایی ئیسماعیل ئەسپی قزڵ شەش ساڵە، ئاتا کویخا کوڕی حەسەن خان ئەسپی قاوەیی پێنج ساڵە،

چنار هیزانلوو(کوردی هیزولانلو): موحەممەد عەلی یووزباشی کوڕی ئەحمەد خانی یووزباشی ئەسپی قزڵ شەشە ساڵە.

خەروو: غولامڕەزا ئاغا کوڕی ئاغا چووپان ئەسپی قاوەیی، ڕەمەزان کوڕی نەورۆز عەلی ئەسپی قاوەیی، حەسەن کوڕی کازم بەگ ئەسپی قاوەیی، فەزلولا کوڕی حەسەن خان ئەسپی کەهەر پێنج ساڵە، ڕەمەزان کوڕی قوربانعەلی ئەسپی کرەی قاوەیی، غولامحوسێن کوڕی غولامعەباس ئەسپی مەلە سێ ساڵە، قاسمعەلی بەگ کوڕی نییەتی موحەممەد ڕەزاخان قزڵ حەوت ساڵە، مەلیک کوڕی غولامڕەزا کەرەند سێ ساڵە، کەربەلایی غولامعەلی کوڕی زێنەڵ ئەسپی قاوەیی هەشت ساڵە،

بەڵگەکانی خەڵکی بجنوورد و بارودۆخی بجنوورد لە ڕۆژنامەکانی هەوەڵی مەشرووتە

بەداخەوە خەڵکی بجنوورد هێشتا وەکوو بێنجسەد ساڵ لەمەوبەر دەژین و لەدەستە ی یاغییەکانن، ئەگەرچی خەڵکی هەموو دێهاتێکی ئێران بە مەشرووتییەت خۆشحاڵن و هاتن ئەنجومەنی نە تەوەییان درووست کردووە و دەیانهەوێ کاروبارەکانیان بەرنە پێش.خەڵکی بجنوورد هەر خۆیان دەبینن و شتی‌تریان پێ هەڵەیە. لە دوای ئەم هەمووە هەراوهووریا ئێستە تازە دەیانهەوێ ئەنجومەنێک درووست بکەن و نوێنەر دەنێرن بۆپارلەمان. جا بۆیە دوو ڕۆژ لەمەوپێش کۆبوونەوەیەکیان بوو تا چەند کەس لە نێوانی خۆیان هەڵبژێرن.

شێخ موحەممەد عەلی مودیری ڕۆژنامەی بەشارەت ل٤ ژمارە ٢٧ساڵی ١٣٢٥ لە درێژەی باسی بجنوورد دەڵێن :«تاقمێکیش گوتوویانە کە ئەبێ ئێمە هەلبژێرن بۆ وێنە حاجی‌جەعفەرقولی عەتتار کۆبوونەوەیێکی لە ماڵی خۆیدا

ڕێکخستبوو و جەماعەتێکی داوەت کردبوو کە ئەو هەڵبژێرن.

لەهەوە ڵدا میوانەکان لەسەر ئەوەی کە لەسەرەوە دانیشتن یا لە خوارەوە، دەمەتەقەیان بوو ولەدواییدا کەربەلایی‌عەلی‌ئەکبەری نامی وتی: ئێوە وەختێ هەڵدەبژێردرێن کەزۆربەی دەنگ بێنن. کۆبۆنەوەکە بەشڵەژایی گوزەرا .سبەینیەکەی هەمووی خەڵک هاتبوون دووکانەکانیان بەست و لە مزگەوتی حاجی میرزا بابا ـکە مامۆستاییکی بەڵەدبوو ـکۆبوونەوە، دوای قسە و باسێکی زۆر جەنابی ئاغایان لە لایەن مامۆستاکان و فەقێکانەوە هەڵبژارد و حاجی عەلی‌ئەکبەر جاجووری و حاجی مەهدی لە لایەن سەوداگەران و کەربەلایی مورتەزا لە لایەن کاسبکارەکان و ئاغا حەبیب و حاجی موحەممەد لە لایەن زەویندارەکان و جووتیارەکانەوە هەڵبژێردران؛ بەلام لەبەر ئەوەی کەهەمووی خەڵکی بجنوورد تووشی خۆباییبوون ببوون دانانی ئەنجوومەن کۆسپی زۆری تێدایە، چوونکە دوو نەفەری هاودڵ و هاوڕێ نابیندرێ و بەم جۆرە و لە بۆدوژمنایەتی کردن لەگەڵ یەک بەتوورکەمەنەکان دەڵێن: وەرن ئەڵئەمانی بکەن.

لەم چەند ڕۆژەدا پەرتەوازەیی و دوولایەنی خەڵک بوو بەهۆی کوژرانی شەش کەس لەدیهاتیەکانی موحەممەد ئاوا و ڕاز کەچوار فرسەخ لێک دوورن. بەدەستی سی سواری تورکمەن لە ڕۆژی ڕووناکدا و هیچ کەسێک لەسوارەکانی قەلعە دوورونزیکەکان بەشوێن ئەم سوارانەدا نەچوون .نازانم ئەم شەجەرەپیسەی دوژمنی و دوولایەنیە کەی لە ناو دڵی ئێمەدا دەپسێ ؟تاکەی دەبێ تورکەمەنەکان بۆ ڕشتنی خۆینی برای دینی و بەدیل گرتنی ژنان داوەت بکەین و لەدواییشدا بڵێن خەتای دەوڵەتە. خاک بەسەری ئەم خەڵکە بێ‌غیرەتە کە لەبەر دوژمنایەتی نێو خۆ، نامووسی خۆیان بە دەست بێگانە دەدەن و ئەوجار ئەڵێن دەوڵەت بێدەسەلا تە.

دوورنەچین، دوای تەواو بوونی کۆ بوونەوە، حاجی جەعفەری‌قولی کە ناومان برد، کاتێ کە ناوی خۆی لە نێو هەڵبژێردراوەکاندا نەدی، ڕقی لە کەربەلایی‌عەلی‌ئەکبەر هەڵگرت و لەگەڵ خزم وتیرەی خۆی کەوتنە گیانی و وتیان بۆ چی دوێنی وتت کە هەڵبژاردنی تۆ بە زۆربەی دەنگ دەکرێ؟

دەبینن! ئا بەم بارودۆخەوە دەمانەوێ پێش کەوین. هەیهات، هەیهات!!! حەیف!! هەزار حەیف. ئیمزا مەحفووز(نەهێنی)»[٦٦]

مەکتووبی بجنوورد-

.... ئیستا کە سەردەمی عاشوورا و پرسەی حەزرەتی حسێنە، دەوڵەتیش هەلی بۆ هەڵکەوتبوو ومەجلیسی ڕەوزە خۆیندنی دانابوو، گەرچی جاران وای‌نەئەکرد، نان و چێشتیان دەدا، شتیان دەبەخشی وکۆمەکیان بە فەقیر ونەدار دەکرد و هەمووشەوێ چایی وشەربەت ویەک قران پوولیان بە فەقیرەکان دەدا وجلوبەرگیان بە ڕەوزە خوێنەکان دەدا ولە ڕۆژی عاشوورایش دیاری وپوولیان بە تیخزەنەکان دەدا.

چەند ساڵ بووکە دەوڵەت بەم جۆرە لە بجنوورد پرسە ی‌نەدەگرت. هەروەها ئاکاری دەوڵەت سەبارەت بەخەڵک بە تەواوەتی گۆڕابوو. زۆر بە نەرمی و مێهرەبانییەوە لەگەڵ خەڵک دەجووڵانەوە.[٦٧]

نامەی موحەممەد عەلی شای دەرکراو لەبارەی شوجاعوددەولەی زەعفەرانلوو

موحەممەد عەلی شای قاجار کە لە ٢٧ی جەمادیوسسانی ١٣٢٧ی مانگی تاج و تەختی لێ‌سەندراوە و هەڵات بۆ رووسیە، دوای ماوەیێک بۆ وەدەست هێنانی دووبارەی تاج و تەخت لە ڕێگەی مازندەران هاتە نێو ئێران و تورکەمەنەکانی غەراوی قەرابی و راسائی کە لەو تیرە هەرە گرینگانە بوون کە یارمەتی موحەممەدعەلی شایان دا. موحەممەد عەلی شا لە یەکێک لە نامە نەهێنییەکاندا بۆ لایەنگرێکی خۆی دەنووسێ:

بە پێویستم زانی کە ئەم دووباسە خێرا بنووسم .هەوەڵ دیارە کە ڕاسائیەکان لە تیرەکانی تورکەمەن بە یارمەتی دۆستی بەڕێزی ئێمە کە لە گونبەدە لەگەڵ

٦٦- ڕۆژنامەی بەشارەت ، لاپەڕەی ٤ ژمارەی٢٨ دەورەی هەوەڵ، ساڵی١٣٢٥ی مانگی.

٦٧- ڕۆژنامە خورشید ، لاپەڕەی ٧ نومرەی ٢ ساڵی ١٣٢٥ی مانگی.

تورکەمەنەکانی حەسەنخانی غەرایی[٦٨] لەبەیندابووە و کارەکەی ڕێکوپێک کردووە و خۆیشی سبەینی دەگاتە بەرەوە،ئەگەر ئاوابێ نێعمەتی خودایە چوونکە کاری ئێمە لە شاهرووود باشتر دەچێتە پێشەوە تا ئەوکاتەی کەحەسەنخان دەگاتەبەرەوە، ئەم باسە هەروا نەهێنی بمێنێت.

دووهەم ئینگلیزیەکان لەجووڵانەوەی ئەو داوای لێبوردنیان کردووە. سێهەم ئیستا برووسکەی شێخ ئیسماعیل[٦٩] بە دەست گەیشت شوجاعوددەولەی قووچانی قووچان و دەرەجەزی گرتووە .

واژۆی کورتی موحەممەد عەلی شا[٧٠]

بێگومان نامەی سەرەوە بۆ ترساندنی هێزی بەرهەڵست وە بەدەست هێنانی دڵی لایەنگران بۆ دەسەڵاتدارێک نووسراوە و تەنیا بۆ خۆ هەڵکیشان بووە، چونکە شوجاعوددەوڵە و کوردەکانی زەعفەرانلوو بەرانبەر بە هاتنی ڕووسەکان بۆ ئێران ڕاوەستابوون و کاتی بۆمباران کردنی حەرەم جەجووخان و هاوڕێکانی تا ئاخرین کات لە ناو حەرەمدا شەڕیان کرد. بۆمبارانی ڕووسەکان لەمەشهەد و بێحورمەتی بە بارگای ئیمامی هەشتوم نە تەنیا خەڵکی قووچان بەڵکوو هەموو خەڵکی خوراسان و ئێرانی لە ڕامیاری ڕووس و ئینگلیس بێزار کرد. جا بۆیە لەوە نەئەچوو کە خەڵکی خوراسان یارمەتی بدەن. لە لایەکی دیکەوە شوجاعوددەولە لە هیچ کاتێکدا بۆ داگیر کردنی دەرەگەز هەوڵی نەدابوو.

شالیاری موختاری ئینگلیس لە ئێرانەوە برووسکەیێکی بۆ لەندەن نارد کە تێدا نووسراوە موحەممەد عەلیشا بۆ نێو تورکەمەنەکان گەڕاوەتەوە و بۆ ڕابەرانی خێڵاتی کورد و تورکەمەن نامەی نووسیووە و داوای پشتیوانی لێ‌کردوون. بۆ وێنە بۆ سەردار موعەزێزی ئیلخانی بجنوورد کە لەبەندیخانەی مەشرووتەخوازان رزگار ببوو

٦٨- حەسەنخان لە تورکەمەنەکانی غەرایی کە بە قەرابی و غەروایش ناوبانگیان هەیە، لقێک لە یەموون.

٦٩- لە مەلاکانی قووچان.

٧٠- نامە مێژووییەکانی سەردەمی قاجارییە، ئیبراهیمی سەفایی، ل ١٤٢.

و گەڕابووموە بۆ بجنوورد. ئەمەیش برووسکەکە: لە تاران بۆ لەندەن ٢٨ ژوئییە ١٩١١ بەرامبەر بە سێی پووشپەڕی ١٢٩٠

لە سێر بارکێلیەوە بۆ سێرئێدوارد گێری

موحەممەد عەلی شا بۆ ئێران گەڕاوەتـەوە و بەچوارسـەد کەسـەوە شـاهروودی گرتووە، بەرەو تاران و گەورەی خوراسـان و هـەروەها گـەورەی بجنـوورد_ سـەردار موعـەزیزی شـادلوو_ برووسـکەی نـاردووە و هەڵـەکانی پێـشووی ئـەوانی پێیـان بەخشیوە، وادەی داوە کە مەجلیس بەڕێوە بەرێت.[٧١]

لە برووسکەی نومرەی ٣٠٦ بەرانبەری ٢٥ی ئووتی ١٩١١ خەبەری بـە لەنـدەن داوە کە: خێلاتی تورکەمەن تا ٢٥ میلی ئارادان[٧٢] لەڕێی مەشهەدەوە چوونەتە پێش .هەڵبەتە ناردنی ئەم برووسـکانە و کارەسـاتەکانی موحەممەدعـەلی شـا لـە نێـوان مەلاکانی مەشهەد جیاوازی درووست کرد و بڕێک لەوان وەکوو تالیبولحەق لایـەنی موحەممەد عەلی شایان گرت ؛بەلام لە نێوان کوردەکانی خوراسان کەسێک بەڵێنی بە موحەممەد عەلیشا نەدا و دژ بە مەشرووتە نەوەستان لەبەر ئـەوەی کـە سـەردار موعەزیزی ئیلخانی بجنوورد و هەروەها شوجاعوددەولەی ئیلخانی قووچان کەچەنـد ساڵ لە تاران لە بەندیخانە دا بوون و لە ژێر چاوەدێری مەشرووتەخوازاندا، پـشتیوانی ئینگلسیەکانیان لەمەشرووتەخوازان بەچاو دیبوو و دەیـانزانی کـە لایـەنگرانی ڕووس لەم کایە ڕامیاریەدا ئەیدۆڕێنن.

بەڵگەکانی خەڵکی قووچان لەهەوڵی مەشرووتەوە کە میرزا ئەبولقاسم خان بـە دوای لابردنی ئەمیرحوسێن خان کوڕی ئاسـەفوددەولـە بـە حکوومـەت گەیـشت و چەند بەرابەر مالیەی لەخەلک وەردەگرت و زولمی زۆری کرد.

٧١- کتێبی ئاوی ٣٩٠، ل ٦٨٤.

٧٢- ڕەنگە ڕادکان بووبێ.

ڕیزی ماڵیەی قووچان

کەلاتە زمۆ	٥تمەن
بەگ نەزەر	٧تمەن
لەعل ئاباد	١٧تمەن
شۆرجە	٢٤تمەن
یساقی	٦تمەن و دوو ڕیاڵ و نیو
خەلانلوو	٥تمەن
جافکانلوو	١٥٠تمەن
مەشکانلوو	٢٠٠تمەن
وێرانلوو	٢٠٠تمەن
...؟	١٥تمەن
دۆغایی	١٥تمەن
هەوەدانلوو(هیوەدانلوو)	؟
کەلاتەدولو (هۆدانلوو)	١٤تمەن
نەورۆزی	٣٠تمەن

بەدەست موحەممەد عەزیم خان گەیشت ١٥٠ تمەن و... لە پشت لاپەڕەکە چەند جۆر ڕەقەم و تەحویل و تەحەول نووسراوە .ڕەقەمە دراوەکان بە دەست خەتی سیاتە، و خوالێخۆشبوو غولامحوسێن ڕەحیمیان هەڵبژاردەی پێشووی قووچان خوێندیەوە.

ریزی دراوه کانی نێوان وڵایەت			
ئەرکەند	٦تمەن	جەعفەر ئاوا	١٩تمەن
دوین	٢٠تمەن	باشکانلووی تەکمەران	١٥تمەن
باشکانلووی حەسار	٧تمەن	یام تێکانلوو	١٥تمەن
بۆرزێل ئاوا	٦تمەن	نەجەف ئاوا	٤تمەن و ٥قران
موحەممەد ئاوا فارووج	٣تمەن	فارووج	٢٥تمەن
قەلعە سەفدەر	٠٠٠؟	شێرەژن با ئینچە	٠٠٠؟
سوککەلاّئاوا	٢٦تمەن	یوسف ئاوا	٦تمەن
فیلاب	٣ قران	شورک حاجی	١٢قران و نیو
فرخانەکان	٠٠٠؟	ئوتر ئاوا	
قەلعەی حاجی تەقی	٧تمەن		

حوکمێک لە لایەن شوجاعوددەولەوە بۆ موحەممەد ئیبراهیم حاکمی سەرحەدداتی قووچان و شیروان

برای مێهرەبان موحەممەد ئیبراهیم خانی نایبولحکوومە هەمووی سەرحەددات و تیرەکانی کەبنیکلو[٧٣] و میلانلوو[٧٤] دەنووسێت. تیرەکانی سەرحەد دات: میلانلوو و... قۆشخانە، بیچرانلوو، سیوکانلوو، میرانلوو[٧٥] کخبنیکلوو، بلووکی جلیان[٧٦] و پەهلوانلوو، کەمکیلانلوو، گیفائی خواروو... جریستان، دێهاتی رۆبات. دەمێکە کاروباری رایەتەکانی سەرحەدداتی قووچان بەڕێوە ناچێت وکارمەندەکانیش تەنیا لە بیری خۆیان دان و ناتوانن خزمەت بکەن، بۆیە هەر رایەتێکیش بە ویستی خۆی

٧٣- کوهبنیکلوو، یان قۆخیبنیکلوو کە ئەسپەچیر ناوەندی بووە. ئەم بەڵگەیە هەر ئاوا لە لاپەڕەی ٤٧٦ بەرگی سێهەمدا هاتووە.

٧٤- مەبەست میلانلووی ئەسفەراینە.

٧٥- مەبەست میلانلووی سەرحەددە.

٧٦- گلیان ناوەندی دوایی خەدوسەرداره.

کاردەکات و نەزم و دامەتەرتیب نەماوە کە واتە لەسەر داخوازی موبارەکی گەورەکانی دەوڵەتی لە کاتی وادا پێویستە نەزم و ڕێکوپێکی لەسەرحەدداتا پێک بێنم.[٧٧] جا بۆیە ئێستا کە سالی مەیموونە «پیچی ئیل»[٧٨] بە چاکی دەزانین لە لایەن دەوڵەتەوە ئیزنمان داوە کەهەر کام لەکارمەندەکان ئەگەر سەربەخۆجوولانەوە، لابیردرێن و کەسی تر بە جێگەیان دانیشێ، چل کەس قەزاقیشمان[٧٩] داناوە کەدێن بۆسەرحەددات، هەروەها کارمەند و بەگزادەکان نابێ لەقسەی موحەممەد ئیبراهیم خان دەرچن. (موحەڕڕەمی ١٣٢٧[٨٠])

دوابەدوای ئەوەی کە ئیبراهیم خانی ڕۆشەنی لەنەزم و ڕێکوپێکی سەرحەددات، کارزانی لە خۆی نیشاندا. عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولەی ئیلخانی زەعفەرانلوو قەبزەیێک شمشێری بۆ ڕێزگرتنی نارد. عەبدوڕەزاخان بە دەست نووسی خۆی لەم بارەوە نووسیوویەتی: موحەممەد ئیبراهیم خان نایبۆلحکوومەی سەرحەددات و ناوچەسێیانیەکان بەویستی حەق لە کارزانی و یەکڕەنگی ئێوەکەئێوە لەهەموو بابەتێکەوە کارزان و لێهاتوو بوون و یەکڕەنگیم تێتانداڕەچاوکردووە. جا بۆیە بۆ دەبڕینی خۆشەویستی و هەستی خۆم لەم کاتەدا کەهەموو سەرحەددات و نایبولحکوومەتیم بە ئێوە داوە، بۆدەربڕینی هەستم، یەک قەبزە شمشێری پامیلەنگی تەلا بە موعتەمێدوسولتان شوجاع نیزامدا بۆتانم ناردووە کە هەروا بەردەوام و ئۆمێدوار بە خزمەتە بێڕیاکان شانازی دەکەم.

موحەڕڕەمی ١٣٢٧ لە پشتی بەلگەکەوە، مۆری بەیزی شوجاعوددەولەهەیە.

نامەیێکە لە شوجاعوددەولەوە بۆ موحەممەد ئیبراهیم خان حاکمی سەرحەدداتی سەلاسەی قووچان کە نیشان دەدا پیتاکی بە باسی وەرگرتووە ولامی

٧٧- لەمەبەدواوە، لەوەدەچێ کە دەست خەتتی عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولە بێ.

٧٨- پیچی ئیل= سالی مەیموون.

٧٩- هێزە دەوڵەتییەکان کە لەسەردەمی ڕەزاخاندا بوون بەئەرتەش .

٨٠- موحەڕمی سالی ١٣٢٧ .پشتی بەلگە مۆری پێوەیە.« ئەمیرعەبدوڕڕەزاخان شوجاعوددەولە ١٣٢١ »یانێ مۆر لە سالی ١٣٢١ی مانگی دروست بووەکە سالی دەست پێکردنی حکوومەتی عەبدوڕڕەزاخان بوو.

سەردار موفەخخەمی بجنوورد وسەردار موعەزەزی زۆر بە باشـی داوەتـەوە. تیبـێنی یەکی بەرچاو لەم بەلگەدا ئەوەیەکە جریستان لەوکاتـەدا جێگـەیـسیقە وخـاوەنی گومریک بووە. ئێستا لەناو نامەکەی ئـەودا ــجـەنابی موحـەممـەد ئیـبراهیم خـان جێگری حکوومەتی سنوورەکان ــ بەقەد هەزار تمەن کەهەشتسەد تمەنی بە بۆنـەی مالیات و دووسەدتمەنیشی بـە بۆنـەی پاشمـاوەی پارەکـە کـە بـە جەلالـەدیوانـدا ناردبووتان گەییشت؛[81] بەلام ئەشێ تـا دەتـوانن تەقالابکـەن بـۆ وەرگـرتن و نـاردنی سەرانە و خزمەت بکەن و ئەو نامەیە کەنووسیبووتان بۆ جەنابیسەرداری بەڕێز، زۆرم پێخۆش بوو.

لە راستیدا مەسەلەکە هەر ئەوە بوو کـە نووسـیبووتان. سـەرەڕای ئـەوەی کـە تاکوو ئێستە بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و هێمنایەتی لە ناو رەعیەتەکانـدا دەگـەڕان وبـە سەرۆکی گومرێک پانزدە تفەنگچی دەدەن کە کاروبـاری گومرێکیـان بـەڕێوە ببـات ولێیاننەپرسێتەوە و ئەمانوللا بەیگ تفەنگچیم لەگەڵ دووکەس تفەنگچی دیکە کـە هاتبوون ناردم بۆ لاتان.

سەفەری ١٣٢٧ مۆری شجاعوددەولە لەپشتی حوکمەکەدایە.

لەنێو ناوەرۆکی دەقەکەدا کرداری پێخۆشبوونی شوجاعوددەولە بەو بۆنەوە بـوو کە محەممەد ئیبراهیم خـان ولامێکـی دەمقووچێنـەری بـە سـەردار موفـەخـەمی شادلووی ئیلخـانی و حـاکمی بجنـوورد دابـووەوە، چونکـە سـەردار موفەخـەم دایم تێدەکۆشا گوندەکانی زەعفـەرانلوو کەهاوسـنووربوو لەگـەڵ شـادیلوودا بخاتـە سـەر

٨١- وەرگرتن و ناردنی یەک هەزار تمەن مالیات لە جریستانەوە لەکەمترین ماوەدا ئیشێکی سـاکار نەبووە وەئەوەدەگەیەنێ کە مەبەستی ئەسلی حاکمەکانی ئەوسـەردەمە گـرتنی مالـیات لەخەلـکی بەقازانجی دەولەت بووە؛ نەک بەرقەراری ڕێک و پێکی هێمنانەتر لەو هەرێمـەدا هـەروەها خەلـکی جەریستانیش بەهۆی هاوسنوور بوون لەگەڵ شەورەویدا بارودۆخێکی مالی باشیان بوو. غولامحسێن ڕەحیمیان بۆ نووسەر گێڕاندیەوە کەخان و بەگەکاتی جریـستان لـە نێـو تـەواوی پیاوەگـەورەکان و خانەکانی قووچان و سەرسنووردا بەرچاو بوون .ئەوان پالتاوە ماهووتیە ئوتوکێشراوەکانیان لەبـەرە و کلاوی پێستی بوخارایی لەسەریانا وچەکمەی مل درێژیـان لـە پـێ بـوو و کـاتێکیش دەهاتنـە نێـو باجگیرانەوە، سەرنجی هەموانیان بۆ خۆیان ڕادەکێشا.

خاکی خۆی، بەو بۆنەوە زۆربەی کات سوارەکانی خۆی کە لە ناوچـەکانی کێخـان و قووشـخانە و گونـدەکانی ڕۆژئـاوای شـیرواندا بـوون مـەجبووردەکرد بـەتالانکردن و غارەت.حاجی دەوڵەتی نامانلوو بۆ نووسەر [تەوەحودی]زۆرشتی گێڕاوەتـەوە کـە بـۆ ئەوەی کەگوتارەکەمان زۆر درێژەی نەبێت باسی ناکەین .هەروەها کە لەو بەڵـگانەی کە پێوەندی بە خەدوویش هاتووە، سەردار موفەخەم لەگەڵ دەوڵەتدا مەرجی کـرد کە ئەگەر حکوومەتی شیروان بخەنە ژێر دەستی ئیلی شـادلوو خـەدوو دەسـتگیر و کەلەبچـە دەکـرێ. لەبابـەتی وەرگـرتنی ماڵـیاتی خێـڵی سـیوکانلوو لـە موحەممەدحـسێن خـانی ئووغـازی سـەرۆکخێـڵی سـیووکانلوو ماڵـیاتی بـە شوجاعوددەولە نەیەدا و لەسـەر ئـەو بـڕوا بووکـە چونکـە سـنووری ئێـران و رووس بەسـراوەو ڕادەی گـشتی هاتووەتـە خـوارەوە و ناوچـەی ئووغـازیش کوێـستانییە و بۆکشت و کاڵ نالوێ، خەڵکی توانایی هەدانیماڵیاتیان نیە. ئەگـەر لـەدانی ماڵـیاتی خەڵکی ئووغاز لەگەڵ خەڵکی جلگەی چناران یـا جـلگەی شـیروان و ئەسـفەرایەن وەک ئەوان، جیاوازییەک نـەبێت و لـە دانی ماڵـیات ڕزگـار نـەکرێن. ناعەداڵـەتی و زوڵمێکە دەرحەق بە ئووغازییەکان دەکرێ. بەو بۆنەوە چەنـدەهـا جـار بـەرپرسـانی وەرگرتنی ماڵیات لە ئووغاز هیوابڕاو گەڕانەوە دواوە، چونکە موحەممەدحسەین خـان شاخە ڕووت و بەرزەکانی ناوچەی سیووکانلوویان پیان نیشان ئـەدا و دەیگـوت کـە بڕۆن لەم شاخانە ماڵیات وەربگرن.

خەڵکی جگە لەم کێوە ڕووتانە شتێکیتریان نیە کە بەجێی ماڵیات بیـدەن بـە ئێوە. بەم بۆنـەوە چـەن جـار موحەممەدحـسەینخانیـان دەسـتگیرکرد و لـە ژێـر چاوەدێریدا بردیان بۆ قووچان؛ بـەڵام چونکـە ئـەو پیـاوێکی ڕۆشـنبیرو زمانتیـژ و قسەزان و خوشگوفتار بوو، دەسـتی بەقـسە کـردن دەکـرد شوجاعوددەوڵـەی ڕازی دەکرد. بەو بۆنەوە هەرکات هێزەکانی بانگ دەکرد بۆ قووچان وبەسوارەکانی خـۆیی دەگوت کە لە پشتی منـەوە بـێن بەرێـدا نەوەکووسـوارەکانی شوجاعوددەولـە مـن بکوژن و نەیەڵن لەگەڵ شوجاعوددەولەدا ڕووبەڕووببمەوە.چونکە هەرکات لەگەڵـیدا ڕووبـەڕوو بم دڵـنیام کـە ڕزگـار دەبم وهـەروەهایش بـوو. بەوبۆنـەوە بـەو نازنـاوی

«شەیخولخەوانین» یان دابوو.

لە ئاکامدا عەبدورڕەزاخان لەم تەفرە چوونەی موحەممەدحسەین خان عاسی بوو و لەگەڵ خانەکانی قووچاندا بەرەو قووچان ڕۆیشتن و بەجێگەی ئەوەی کە بچن بۆ مەنزلی موحەممەد حسەین خان ڕۆیشتن بۆ مەنزلی یەکێک لە ڕەعیەتەکان بەناو کەربەلایی حەبیبەڵلا موحەممەددووست و دەستووری دا کە موحەممەد حسەین خان بگرن وبیبەسن بە کۆڵەکەی حەوشەوە و بە لێدانی دار بە حەسابی بگەن و هۆشیان بێ کە بەر لە بەداربەستنی لەگەڵ ئەودا ڕووبەڕووی نەکەن. چونکە هەروەک جاران بەزمانلووسی خۆی ئەو ڕەزا دەکات. هەروەهایان کرد ولە پاش ئەوەی کە لێدوانێکی باشیان کرد، مەجبوورکرا بە دانی دووهەزار تمەن و سەرۆکایەتیخێڵی سیووکانلووی لێ وەرگیردرایەوە ونیعمەتووڵلا بەگ یەکێ لەقەومەکانی تری کرایە جێگری ئەو. هەر لەوسەردەمەی نیعمەتوڵلابەگ بوو کە بەرپرسەکانی بەبۆنەی وەرگرتنی دووهەزار تمەن لە قەومەکانی ژنەکەی (تووبی پوولی) وەرگیرا و بوون بە هۆی دووبەرەکایەتی خەڵکی ئووغاز و ئابڕووچوونی خەڵک و دەستەیەکیش گیانیان لە دەست دا وەکوو: یووسفی خاڵۆم (نووسەر) کەلە بەندیخانەدا گیانی دا .بیگلەر و عیسوویش لە کوژراوەکانی ئەم ڕووداوە بوون.

ئیستە کە زانیمان بەم ڕووداوەی وەرگرتنیماڵیات و ئاکام و ئاسەوارەکەی، سەرنج بدەینە ئەم بەڵگەی شوجاعوددەوڵە و موحەممەدحسەین خان:

ماوەتەوە بیست و چوار تمەن لە... هەشت تمەن

لەئەلاشلوودا... لە شاهگدییەکان[٨٢] لەبوانلوو ماوەتەوە لە بوانلوو دووسەد و سی و چوار تمەن.

هەرکاتێ قسەیەکتان بوو بەڵگەکانی ئێوەی هەڵگرتووە و هاتووە ڕوون ببێتەوە، ئەگینا بەڵگەیان نیە بۆ ئەمانەی ماوەتەوە[٨٣].

...نووسراوێکە بە دەست و خەتی عەبدورڕەزاخان شوجاعوددەوڵە بۆ

٨٢- خێڵێک لە سیوکانلووەکانی ئووغازی تازە .شاگلدی

٨٣- جێگەی خاڵەکان مەعلووم نیە.

موحەممــەد ئیـبراهیم خــانی ڕۆشــنی نایبولحکوومــەی شــیروان. نایبولحکوومــەی شیروان لەم ڕێککەوتەوە کارێزەکانیم دا بە ئێـوە کـە ئـاوەدانی بکەنــەوە .ئاوەکـەی بەقەد پانزدە جووت هەڵبگۆزن، دوای ئاوەدان بوونەوە کە فەرەجیش لەگەڵــتانە لــەو کەتــەدا نیــوەی مــلکەکە هــینی ئێوەیــە ونیــوەی هــینی مــن دەبێــت. (نــۆزدەی جەمادیولئەوەڵی ساڵی ١٣٣٠ شوجاعوددەولە.)

بەڵگە کانی بلوک گردشی شوجاعوددەوڵە لە ناوچە سنوورییەکانی بیچرانلوو و جریستان و قووشخانە

ئەمیر عەبدوڕڕەزاخان شوجاعوددەولەی ئیلخانی زەعفەرانلوو و حاکمی قووچان لەو سەردانەی بۆ ئیلەکان و کۆچەرەکان و گوندە سنوورییەکانی ســەرووی قووچــان لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٣٠ی مانگیدا بووی لە نامەیەکدا کە لە ناوچــەی قووشــخانەوە هەناردبووی بۆ موحەممــەد ئیـبراهیم خــانی ڕەوشــەنی نایبولحکوومــەتی شــیروان نووسیویەتی: ناڕەزایەتی ودڵڕەنجاوی خۆی لەخانەکانی بیچرانلــوو ئــا بــەم چەشــنە دەربڕیووە:

سەبارەت بە نەفامی و بێ عەقلی و نەزانی حەسەن خان[٨٤] کــوڕی خوالێخۆشــبوو حەیدەرخان خودا دەزانێت بەڕادەیەک نەفام و بێ تەربیەت و بێ عەقڵ و نەزانی کــە خزمەتەکەت نایەتە نووسین .بۆ وێنە ئێستە بەیەک وشە بە درۆ بەئێوەیان گوتــووە و دەستبەجێ هەڵخلەتاون وبەڵێن بێت کە ڕێویبازی و فریووکاری منداڵــەکانی ئــەوان بۆ خۆیشتان ڕوون دەبێتەوە ئیستە سەرەڕای ئەمانە من بە لەبەرچاوگرتنی نامەکــەی ئێوە لەهەڵەو کۆتاییەکەی ئەوان خۆش دەبم. بەڵام بە گیانی ئێوە دەوڵەت ویستن

٨٤- حەســەن خــان کــە بــە دەســتی ڕووســتوو کــوژرا و پاشــان خــەدوو ســەردار بــە دەســتووری شوجاعوددەولــە کــەوتــە شــوێنی ڕوســتوو و قــەلای ســیفکانلووی نێــوان دەوربــادام و حــەمزکانلوو سەربەناوچەی ئووغار کە ڕوستوو لەوێدا نیشتەجێ بووبوو دەوری گرت وئەوێ وێران کــرد. لــە دوای حەسەن خان، کەریم خان بوو بە حاکمی بیچرانلوو کە ئەویش بە دەستی عەلی کوڕی حەسەن خان کوژرا و عەلیش بە دەستی عەلیخان بەگ برای کەریم خان لە ساڵی ١٣٠١ی هەتاویدا کوژرا.

ئەوەیە کە ئێوە یەک تۆزقاڵیش بەبێ ویستی من هەڵسوکەوت نەکەن. ویستی من ئەوەیە کە ڕەعیەت لە چنگی ئەم گورگە برسییانە یانێ منداڵەکانی ئاغاجانبەیگ ڕزگار بکەم. ئێوەش هەمیسان خێڵەکە بە ئەوان دەسپێرن. (بەڵێ دلۆڤانی لەگەڵ پڵنگی تێر ستەمێکەو زوڵمێک لەسەر مەڕەکان)

دوای گوتارەکە ڕوو بەڕوو بە خۆتانی دەڵێم کەمن لە توولەسەگی خودادادی شەیتان سفەت چ شتانێک لە دڵمایە .با زۆڵێکی وەکوو ئەو جارێکی تر لە سەر سنووردا بەسەر نەبات.

ڕیزی سیورساتیشمان هەنارد لەسەر ئەم بڕیارە ئەبێ ئامادەبن شوجاعوددەولە ڕەزاخانیش لە نەبوونی ئێوەدا لە کاتی هاتنی من بۆ شیروان لە ١٨ڕۆژ لەمەوپێش یانێ لە دەهومی ڕەشەمەدا مێواندارییەکی باشی بەجێ هاورد .بەڕاستی کە کوڕی باوکیەتی مەنزڵەکەی منیش کە لە تەنیشتی مەنزڵی کاک یۆسفە.

نامەی شوجاعوددەولە لە ناوچەی سنووری قووشخانەوە بۆ موحەممەد ئیبراهیم خان حوکمی شیروان

زۆربەی سەرۆکە گەورەکان

نامەیەک کە بۆ جەنابی مودیردیوان پێشکار نووسیبووتتان باش لێی تێنەگەیشتم. ئەگەر خودا بیەوێت لەگەڕاندنەوەکەمان بەرەو شیروان بەڵێنی هەموو ئیشەکانی ئێوە ئەدەین. هەرچیەکم هەیە هینی ئێوەیە. بەڕۆحی خواڵێخۆشبوو[85] کە لە بابەتی ئێوەوە ئەگەر لەملکی دنیادا غەدرێکم کردبێت نامەردیم کردووە وئەگەر ئێوە ش خەیاڵێک بکەن نائینسانیتان کردووە.

بەڵێ بە پەلە هاتین بۆ ئەم سەفەرە، بڕێک شتی پیویستیان لەبیرچووە. هاوڕێکان بەو بۆنەوە و بەپێی ئەو ریزەی کە لەدڵیان دایە کەڵو پەلی پێویست

٨٥- نازانم مەبەستی خواڵێخۆشبوو ئەمیر حسەین خانی ئیلخانی یا خواڵێخۆشبوو موحەممەد ناسرخانی ئیلخانی بووبێ.

ئامادەبکەن و بەسوارەکانی بدەن تاکوو دەستبەجێ لەقەڵای قازیدا[٨٦] بیگەیەنن بە ئێمە هەر بابەتێک نوێ بێت لەقووچان و شوێنەکانی دیکەوە ڕاپیگەیەنن.

شەوی ١٧ی مانگی ڕەبیعەلئەوەڵ لەسەنجەدی[٨٧] خوارەوەوە نووسراوە.

دوێنێ هەواڵ گەیی کەچەند کەس سواری تورک بۆ تاڵان و کوشتن و بڕین هاتوون. دەستبەجێ شەوانە لەوکاتەدا کەبەفر وەکوو کارەبا لە بێژنگی ئاسمانەوە دەڕژاو بەلام لەسایەی خواوەوە زانیبوویان‌ئێمەلەوێین دەستبەجێ بەبێ ئەوەی بەمەبەست گەیشتبێتن هەڵهاتبوون. چەند کەسمان بەشوێنیاندا هەناردبوو کە هێشتا نەگەڕاونەتەوە.

لەبابەتی براکەت برادەر قوربان[٨٨] و باوکیەوە دوای هاتنم بۆ شیروان دەنێرم بیانهێنن و لەبەرانبەری خۆتانەوە مەبەستی خۆیان بهێننەوە بۆ هەڵەکەیان و بۆ خۆیشتان ڕوون ببێتەوە جاخۆمان دێین بۆ شیروان .خودا دەزانێ مودیری دیوانیش زیاتر لە ئێوە بۆ رزگاری ئەوان‌تێدەکۆشێ .بەیانی دەچین بۆ قەڵای قازی دووشەو لە وێدا دەمێنیەوە و ئەگەر خودا بیەوێت لە ئەوێوە دەچێن بۆ گیخان دووشەویش لە گیخان دەمێنینەوە و بەتەواوەتی سنوورەکان ڕێک‌وپێک دەکەین و قەرەوڵ لەسەر هەموو شوێنی دادەنین و دەگەڕینەوە بۆ شیروان. شەویک میوانی ئێوەین و ئەگەر خودا مەیلی لەسەر بێت بۆ شەوی جەژن لە قووچان دەبین. زۆر سەرتان نەیشێنم.

شوجاعوددەولە

٨٦- قەڵای قازی هالەسەر ڕێگای قرق بە قتلیش و ڕێگای گیفان لەسەرووی بونجووردەوە کەلەو سەردەمدا بەشێک لە خاکی زەعفەرانلوو بون ئەمە جگە لە قەڵای قازییەکە لە قەراخی جادەی بونجورد نزیکی قووش قەڵایە

٨٧- درووستر لەو سنجقە سنجق یا سنجاق لە زومرەی ناوەکانی دابەشکردن لە وڵاتی عوسمانیدایە بەهەر ناوچەیەک یەک سنجق گوتراوە کوردەکانی ئێمە کە لەوێوە بەرەو خوراسان کۆچیان کردووە ئەم ناوانەیان لە دڵدا بەکار بردووە نووسەر لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٤١دا یەک شەو میوانی خەڵکی باش و میوانداری سنجق بووم جل و بەرگی ئەوان کوردییە بەلام خۆیان زۆرتریە تورکی وت وێژ دەکەن تا بە کوردی یانێ تورکی بووە بە زمانی یەکەمی ئەوان

٨٨- برات کە نەناسراو

له سواره‌کانی بیچرانلوو ٤٥ که‌س نه‌هاتوون ئه‌مه ئاکامی ئه‌و دڵۆڤایه‌تیه‌یه که به‌حه‌سه‌ن و ره‌مه‌زان کردوومانه که به هۆی عورزه‌و شه‌هامتی ئه‌وانه‌وه نیوه‌ی سواره‌کان نه‌هاتوون. ئه‌گه‌ر خودا بیه‌وێت ده‌گه‌ین به خزمه‌تیان. خودی جه‌عفه‌رخان له‌گه‌ڵ ره‌مه‌زانیش هێشتا نه‌هاتوون.

نامه‌یه‌کی تره له عه‌بدوڕه‌زاخانی شوجاعودده‌وله بۆ موحه‌ممه‌د ئیبراهیم خانی رۆشنی له بابه‌تی چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ سه‌ردار موعزه‌ز شادلووی ئیلخانی بوجنوورد له سنووری نێوان دووئیاله‌تی قووچان و بوجنوورد :

له‌گه‌ڵ ته‌لگرافێکی ئاڵمان که‌به راستی موژده‌ی‌ده‌ویست، گه‌یشت.

زۆر زۆر پیم خۆش بوو ئه‌وه مه‌به‌ستی منیشه که ئێوه خۆتان نووسیبووتان به‌ڵام هه‌مووی ڕاست و به‌جێگه نیه. ئیشه‌ڵلا ئه‌مڕۆ که جومعه‌یه ده‌چین بۆ گیخان[89] ده‌مێنینه‌وه وله ئه‌وێوه دێین بۆ شیروان. یه‌ک شه‌و میوانی ئێوه ده‌بین. چاوه‌ڕوانیی من له‌قه‌ڵای قازیدا[90] به هۆی ته‌شریف هاوردنی جه‌نابی سه‌ردار موعه‌زه‌زه[91] که‌بڕیاری داوه بۆ چاوپێکه‌وتن و وتووێژ له بابه‌تی نیزامی سنووره‌کانه‌وه کۆ بوونه‌وه‌یه‌کان ببێت و وه‌ها ئه‌م کاره رێک بخه‌ین که ئیشه‌ڵلا تێکچوونێک پێش نه‌یه‌ته‌وه. ئه‌م چاوپێکه‌وتنه قازانجێکی گشتی بۆ ته‌واوی میلله‌ت و خێڵه‌کانی

٨٩- گیخان له گونده‌کانی باکووری رۆژئاوای خاکی زه‌عفه‌رانلووی قووچانه که لکاوه به سنووری خاکی شادلووی بوجنورده‌وه که‌له‌گه‌ڵ شه‌وره‌ویش هاوسنووره و ئیسته‌ش به‌شێک له‌بجنوورده.

٩٠- سالاری به‌ڕێزی ئیلخانی بوجنوورد له پاش ئه‌وه‌ی که له به‌ندیخانه‌ی مه‌شرووته خوازی له‌به‌سه‌ر هاتی دیلکرانی کچه‌کانی باشکانلوو به ده‌ستووری موحه‌ممه‌د عه‌لیشا ئازاد کرا، گه‌یيشت به ناز ناوی سه‌ردار موعه‌زه‌ز و گه‌ڕایه‌وه بۆ بوجنوورد ئه‌وه‌یش که عه‌لی ئازه‌ری له کتێبی کولونێل موحه‌ممه‌د ته‌قیخانی پسیان نووسیوویه‌تی که ئه‌م نازناوه‌ی قه‌واموسه‌ڵته‌نه به بۆنه‌ی کوشتنی کولونێل به ئه‌وی داوه. قسه‌یه‌ک لاژگانه و بێ جێیه .سه‌ره‌ڕای ئه‌م به‌ڵگه ناوبراوه قه‌واڵه‌یه‌کی‌تریش که هینی یساوڵباشییه له ده‌ستدایه که له‌وێدایش پێش له‌ڕووداوی کوشتنی کولونێل بووه. سه‌ردار بجنووردی ناز ناوی سه‌ردار موعه‌زه‌زی بوو.

٩١- با وه‌کوو حه‌وت ساڵ له‌مه‌وپێش لێنه بێت که تورکه‌کان بێن و ژن و کچه‌کورده‌کان له‌و ناوچه‌وه به دیلی ببه‌ن.

زەعفەرانلوو وشادلوودەبێت .

سەدوبیست ساڵ لەگەڵ یەکدا خۆش بین[٩٢]

مەبەست لە زەحمەت ئەوەیە کە ئەمڕۆ بۆ عەلی بەگم[٩٣] نووسیبوو ئەم نامەیەی ئێوە کەگەیی ئەمڕۆی تێکدا. ئەسەدوڵڵا بەگی پێشەنگمان نارد قەدەغەی بکەن لە وێ بمێنن وقەد نەجوولێن[٩٤] [لەخودی شیرواندا بمێننەوە]منیش بەیانی دێم بۆ شیروان.

شتێکی تر ئەوەکە سەرەڕای ئەوەی کە خستبوومە ئەستۆیان کە ژێری ئاوی حەوزەکە بکاتەوە تا ئاوەکە بڕوات وبگۆڕدرێت، لە دوای خۆشۆردن بینیم کە ئاویان نەگۆڕیبوو. ڕووبەڕووی ئێوە شتێکم نەگوت ئەوەتە کە ئێستە ئەڵبەت وەکوو ئەو جارە خۆشۆردنە بە درۆنەڵێن ئاوی حەوزەکەمان گۆڕی و نەیگۆڕن. ئێوە خۆتان بنێرن تا ببینن تەواوی ئاویان بگۆڕن و ئاوەکە خاوێن بکەن کە ئیشەڵلا ببێ بە هۆی دەرچوونی ماندوویەتی بیست ڕۆژەی سەفەرەکە.[٩٥] بۆ ئاگاداری ئێوە دەنووسم کە دووشەو میوانی ئێوەم. یەک شەویش میوانی گلیان.[٩٦] لەوێیشەوە بۆئەڵلا ئاوا[٩٧] لەوێوە بە یارمەتی خودا بەبێ‌وەی دەڕۆین بۆ شار[٩٨]

٩٢- بە داخەوە تەنیا ڕۆژێ دەوامی بوو هەروەها کەلە بەڵگەی داهاتوودا دەبینرێت و ١١ مانگ دوای ئەمە بۆ وەلیخانی قومانلوو نووسیویەتی کەئەبێ موحەممەد ئیبراهیم خانی سپڵەی سفرە دڕ لەگەڵ خێڵ و تایەفە و لایەنگرەکانی سەرکوت بکەن.

٩٣- لەوانەیە هەر ئەو عەلی ئاغا یا هەر ئەو عەلی تارانیە بێت.

٩٤- مەبەست لە حەرە مسەراکەی شوجاعودەڵەیە کە لە گەڵ ئەودا هاتبوون بۆ شیروان.

٩٥- لە دەقی نامەکەی شوجاعوددەولەدا دەردەکەوێت کە لە دەوری دەهۆمی ڕەشەمەی ساڵی ١٢٩٠ی‌هەتاویدا لە شیروانەوە بۆ ناوچەی سنووری بیچرانلووی‌جیرستان و سنوورەکانی قۆشخانە ڕویشتووە و لەو کاتەدا ئەم ناوچە کوێستانیە ساردانەی بۆچی هەڵبژرادووە. ئاخۆ هۆیەکی بووە کە ئێمە لێی بێ ئاگاین؟ چونکوو پیاوی ژیر لەزستان‌دا بەرەو ئەم ناوچانە سەفەر ناکا.

٩٦- گلیان هەر ئەو گوندەیە کەلە باشووری ڕۆژاوای شیرواندایەو لەدواییدا بوو بە پێگەی خەدوو سەردار.

٩٧- ئەڵلائاوا لە سەرووی ڕێگای شیروان بۆ قووچان لە داوێنی خوارووی کێوی کاردایە کە بە دەستی ئەڵلاوێردی خان برای ئەمیرحەسەن خانی شوجاعوددەولە -باوەگەورەی ئەم

شەوی شەممە ٢٦ مانگی رەبیعولئەوەڵ، نیشانی شێرو هەتاو

قووچـان، ١٥ی مـانگی سـەفەری ١٣٣١نامـەیـەک بۆحـەزرەت وەلیخـان دەنووسرێت:

گوتەکەی ئێوەم لەگەڵ گوتـەی رەعیەتـەکانی[٩٩] میلانلـوو بـینی، دوێنـێ کـە ١٤ی‌مانگی سەفەر بوو، بیست کەس تفەنگچی هەڵبژاردە بەسـەرۆکایەتی پایـەبـەرز مەجیدەت لەگەڵ حەسەن خان نـارد[١٠٠](م)ئەڵـبەت بـوون بـە هـاوڕێی ئێـوە. ٤٠ سواری‌ترمان لە جیرستان و بیچرانلوودا ناردووە کە ئەوانیش دەستبەجی هـاتوون تـا بە ئێوە بگەن تا ئێستا یا هاتوون یا دێن. بێ خەیاڵ بـن کـاتی خزمـەتی ئێوەیـە تـا گەورەییتان مەعلووم بێت. دەستووره‌پێویـستەکانیش نێـردراوە بـۆ خێـڵی میلانلـوو، ناردم کـە ئەگـەر لـە قـسەی ئێـوە لایـان دا[١٠١] بـەرەو بوجنـوورد یـان بـەرەو لای موحەممەد ئیبراهیم خانی سفرەدڕی سپـڵە بـرۆن و تـەواوی ماڵـەکەیان بکـوتن و بیسووتێنن. رەمەزان بەگم لەگەڵ نوسرەتوڵلابەگدا هەنارد.

مۆری هیلکەیی ڕەنگی شوجاعوددەولە[١٠٢]

هەروەها کە گوترا، موحەممەد ئیبراهیم خانی ڕۆشنی کە تا ئێستا هەمـەکارە و ئازیز ونووری چاوی شوجاعوددەوڵە بوو ئێستا گیرووەدەی تووڕەیی ئەو بـووەو بووەبـە

شوجاعوددەولە- دروست کرا.

٩٨- ئەو سەردەمە بە قووچان شار دەگوترا.

٩٩- مەبەست لە ڕەعیەتەکانی میلانلوو، خەڵکی ئەسفەرایەنە کە کوردەکانی میلانلوون و لەمەوپێش لە ژێر چاوەدێری ئیبراهیم خاندا بوون.

١٠٠- لەوانەیە حەسەنخانی شارکی بێت.

١٠١- گۆیا خەڵکی میلانلوو کە هەر ئەو ئەسفەراینیانە بن لەگەڵ سەردار موعەزەزی ئیلخانی شادلوو و حاکمی بوجنوورد بڕیاری دۆستانەیان دابووکە لە قووچـان جودابنـەوە و بلکـێن بـە بجنـووردەوە. چونکوو عەبدوڕەزاخان مەجبوور بوو سەرانەیەک زۆرتر لەخەڵکی بسێنێت و لەباتی قەرزەکانی خۆی بیداتەوە بە دەوڵەتیەکانی قاجاڕ، بۆ ئەوەی کە خۆی لە حکوومەتی قووچاندا بهێـڵێتەوە. ژیـانی لـە خەڵکی تاڵ کردبوو و ئەوانیش لێیان تاڵ‌تربوون.

١٠٢- ئەم بەڵـگەیەش لەسـەر بەڵـگەکانی ئەرشیـڤی خوالێخۆشـبوو موحەممـەد ئیـبراهیم خـانی ڕۆشنییە.

سفرەدرۆوسپڵە. هەر بەو بۆنەوە وەلیخانی بۆ سەرۆکایەتی سوپای خێڵی زەعفەرانلوو ڕاسپارد و موحەممەد ئیبراهیم خانی لەهەموو شت بێ بەش کردووە. وەلیخانی بۆشەڕدژی ئەو نارد بۆ ئەسفەرایەن کەلە شوێنی خۆیدا دەگوترێت.

هەروەها دەستنووسێکی تریش هەیە بەڕێکەوتی ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٣٦لە شوجاعوددەولەوە بۆ وەلیخان کە دەقی ئەم بەڵگەیە لەبەرگی سێهەمدا چاپ کراوە.

حکوومەت و موحەممەد ئیبراهیم خان لە شیرواندا

لە دوای ئەوەی کە کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان شوجاعوددەولە و ئیبراهیم خان بەشەڕو هەڵشاخان کێشرا. کوردەکانی زەعفەرانلوو لە قووچاندا شۆڕشیان کرد کە ناوەندی ئەم شۆڕشانە ئەسفەرایەن لە خوارووی ئووغاروە بوو و تا جیابوونەوەی خاکی زەعفەرانلوو و لکاندنی بە شادلوو چووە پێشەوە. بەو بۆنەوە دەوڵەت جارێکیتر شوجاعوددەولەی بێکار کرد و بانگی کرد بۆ تاران. جارێکی تر شوجاعوددەولە لە دوای ماوەیەک دەربەدەری ناعیلاج لە ڕێگای ئەسفەرایەن و دەستگرتن بە ئیبراهیم خانەوە گەڕایەوە بۆ قووچان و بە یارمەتی موحەممەد ئیبراهیم خان دووبارە دەسەڵاتی گرت. کەبە لەبەرچاو گرتنی یامەتییەکانی موحەممەد ئیبراهیم خان جارێکی تر حکوومەتی شیروانی دا بە دە ستیەوە کە دەیبینین.

نیشانی شێر و هەتاو..............

خوراسان و سیستان.ناوچەی قووچان. ژمارە ٣٢٩ ڕێکەوتی ١٧ی موحەڕەمی ١٣٣٤

زانایان، سەییدەکان، تاجیران، کاسبکاران و تەواوی خەڵکی شیروان و لای خوارووی ناوچە بزانن کەوەکوو هەمیشە ئاسایش و هێمنایەتی تەواوی خەڵکی زەعفەرانلوو بە تایبەت لاخوارووی ئەوناوچەیە لە پێش چاو بووە و مەبەستێک بێجگە هێمنایەتی و پشوو و ئاسودەیی ئێوەمان نیە. بۆیە دە بێ سەرۆکێکی خۆش ڕەفتار و ڕووخۆش بۆ شیروان هەڵبژێرین، بەو بۆنەوە موحەممەد ئیبراهیم خان کە هەمە

جۆره تاقیکردنەوەی خۆی له خۆشڕوویی لەگەڵ ڕەعیەت پیشان داوه. باش وایه ئەو ببێ به سەرۆکتان ئەبێ ناوبراو له ڕاوێژی ئێوه نەچووبێته دەرەوه و له هەر بابەتێکەوه به تەواوەتی ئاسووده و راحەت بن.

عەبدورڕەزای زەعفەرانلوو ئیمزاو مۆری کردووه

شوجاعوددەوڵه[١٠٣] شیروانی بەدەستەوه بووه. سەرەرای ئەوه حکوومەتی سنوورەکانی قووچان به تایبەت کووخ و بنیکلوو و میلانلووی ئەسفەراینیش ساڵەها به ئەستۆی ئەوەوه بووه. [ئەو حوکمانەی که به نێوی ئەوەوه نووسراوه له بەردەستی نووسەردایه.]

تەلیگرافێکه له شوجاعوددەوڵەوه بۆ موحەممەد ئیبراهیم خان حاکمی شیروان

لەم کاتەدا که تەشریف دێنن پێوسته خۆم بۆ پێشوازی تا سەبزەوار بڕۆم. لەنەبوونی من‌دا ئەوکەسەی که متمانەی هەیه تۆیت ؛که ئەبێ به پەله بکەویته ڕێ و بێیت بۆ قووچان. هێمنایەتی ئەم ناوچانەم سپارد بەتۆ و خۆم دەستبەجێ دەکەومه ڕێ. هەر بۆ ئەم وتووێژه خۆم ئێستا له تەلگرافخانەدام چاوەڕێی وەڵامی ئێوەم که بیروڕای خۆتان بێژن تا بڕیاری راسته قینەمان بۆ حاسڵ بێت. خۆتان بەیانی زوو به پەله بێن. (شوجاعوددەوڵه)

بێدەسەلاتکردنی شوجاعوددەوڵه بۆ چەندمین جار

هەروا که ئەزانین عەبدورەزاخان که پیاوێکی بێدەسەلات بوو، له ساڵەکانی ١٣٢٠تا ١٣٣٨ کۆچی مانگی پاش ڕشوەیێکی زۆرکه دای حاکمی قووچان بوو.

لوتف عەلی خانی دەرەگەزی له رۆژنامەی بیرەوەری خۆی دا له شاری مەشهەد له ساڵی ١٣٣٤ کۆچی مانگی دەنووسێ: ٠٠٠٠ شەوی ڕابردوو له ماڵی محەممەد مێهدی خان برای فەتحولمەلێک جەلایر بە خۆشی تێپەرمان کرد... ئەمشەو که شەوی شەشەمی مانگی زیقەعدەیه بۆ دیتنی شوجاعوددەوڵه که له قووچان بێدەسەلات کراو و ئێستا هاتبوو و رۆیشتین بۆ دیداری. لەوەی که له

١٠٣- موحەممەد ئیبراهیم خانی ڕۆشنی له ماوەی ١٤ ساڵ لەقۆناغەکانی جیاوازلەیەک حکوومەتی ئابەم چەشنەبووه.

ماوەی حکوومەتی لە قووچان بۆ بینینمان نەهاتبوو داوای لێبوردنی کرد. وتم لە لێقەومانیش دا دەتوانیٚ قەرەبووی ڕابردوو بکەی. بەسەرنج بەوەی کە لوتف عەلی خان لەم ڕۆژانەدا وەکوو جاران لە ئەو پەڕی نەداری و سەختی و بێ پووڵی ژیان دەباتە سەرو ئەو تۆزە پارەیە کە لە دایرەی عەدلیە دەیگریٚ بەشی هیچی ناکات. شەو لە خزمەتیان بووم و دوای شام ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵ.

لەشوێنێکی دیکە بە دوای چەند ڕۆژێک چۆن کاتی دەقیقی بێدەسەلاتکردنی شوجاعوددەولەی لەبیرنەمابوو دووپاتی دەکاتەوە و دەنووسیٚ لەدەوروبەری حەوت و هەشتی مانگی زیقەعدە ی ساڵی ١٣٣٤ شوجاعوددەولە ئەمیرعەبدوڕەزاخان لە قووچان بێدەسەلات و بۆ مەشهەد هاتبوو و لە ماڵی تازەی مودیر لەشکەر کە لە پاڵی باخی کۆمەڵایەتی بوو جێگر بوون.[١٠٤]

ئەوەندە بە دڵ خۆشم دەویٚ کە لە دە ساڵی پێش لە قووچان و مەشهەد و سەفەرە درێژەکەی تاران لە ساڵی ١٣٢٣تا ١٣٣٦ کە لەگەڵ یەکدا بووین و چ ڕۆژگارێکمان بە چاو بینیوە، لە ڕۆژنامەکانی خۆم دا لە خۆم خواردۆتەوە و نووسیوومە ئێستاش دەنووسم کە ئەمساڵ لەسەردەمی حکوومەتی شاهزادە نەیرودەولە[١٠٥] ڕۆیشت.

ساڵی ١٣٣٢ بوو منیش ڕەفێقی ڕۆژانی بێدەسەلاتی شەو و ڕۆژ لەگەڵیا بووم جارێکی کە هەمیسان بە حکوومەتی قووچان گەیشت و بە دەست خەتی خۆی نووسی:

١٠٤- ئەم مودیرلەشکەرە لەو گەورە بێ لەشکەر و بێ سەربازانەبووە، چۆن لەو کاتەدا لە خوراسان هیچ لەشکەریٚ نەبووە تا پێویستی بە مودیرلەشکەربێت.

١٠٥- شاهزادە سولتان حوسەین میرزا نەیرودەولەی قاجاڕ سیٚ جار بە حکوومەتی خوراسان گەیشیت و زلم و ستەمێکی زۆری کرد و زەوین و باخاتی نەیشابووری بە زۆر بۆ خۆی لەخەڵک وەرگرت لە باسی حەجووخان لەبەرگی سێهەم دا وتمان کەلە بۆنی هەر ئەو ناپیاویانەوە خەڵکی نەیشابوور بۆ بەرگیری لەزۆلم و زۆرە لەجەجوو داوای یارمەتیان کرد. جەجوو بۆ نیشابوور هات و نەیرودەولەی موجازات کرد و لە خوراسان دەری کرد ئاخرجاریش لە ساڵی ١٣٣٠تا ١٣٣٤ کۆچی مانگی حکوومەتی کرد و لە ساڵی ١٣٣٤ بوو کە بێدەسەلاتیان کرد و ناسرەدین میرزای قاجاڕ کوڕی مۆزەفەردین شا کە لاوێک بوو بە حکوومەتی خوراسان گەیشت.

دوای ڕۆیشتنم بۆ قووچان هەرمانگ لە لوتف عەلی خان سەر ئەدەم. بەیانی ئەو ڕۆژە تەشریفی برد بۆ قووچان و لەو ماوەدا تەنیا شتێ کە وا لەبیری نەما لوتف عەلی خان بوو. دووبار کاغەزم بۆ نووسی؛ بەلام وەلامی نەداوە، تا ئەوەی کە شاهزادە نەیرودەولە بێ دەسەلات کرا و شاهزادە ناسرەدین میرزا بوو بەجێگری موشاروسسەلتەنە و شوجاعوددەولە[١٠٦] وەکوو هەمیشە بۆ پێشوازی بۆ سەبزەوار ڕۆیشت[١٠٧] و چۆن هەرگێز یەک نەفەر ڕەفێق وەزیری ژیروکارزانی نەبوو پارەیێکی زۆری پێشکەش شاهزادە کرد و دووبارە حکوومەتی قووچانی وەئەستۆگرت.[١٠٨] بەلام پاش دوومانگ دەولەتی ناوەندی کەوتە بیری بێدەسەلاتکردنی ئەعدەلودەولەی‌برای ڕوکنوددەولە.[١٠٩] دەسەلاتی قووچانی وەبەرکەوت و شوجاعوددەولە لەگەڵ تاقمێک ژن و پیاو دەرباری خۆی بۆ مەشهەد ڕۆیی و من لە خزمەتیان دا بووم.

مەبەست ئەوەیە کە دوای چەند ڕۆژ دووبارە شوجاعوددەولە لەئەرگ زیندان کرا و کەس نەیزانی لەبەرچی دوای ماوەیەک ڕزگار بوو. لەم حاڵ و ئەحواڵەدا ناسرەدین میرزا کە ماوەیێکی کەم دەسەلاتی خوراسانی لە ئەستۆ بوو لە لایەن دەسەلاتی ناوەندییەوە بێدەسەلات کرا واتا بەرواری[١١٠] بێدەسەلات بوونی. ئەگەرچی وتراوە سوالکەر و سوڵتانی پێکەوە نابن؛ بەلام وادیارە شاهزادە وەزیرێکی زانا و کارزانی

١٠٦- پێم وایە موستەشاروسەلتەنە بێت.

١٠٧- لەبەڵگەی پێش بە موحەممەد ئیبراهیم خان ئاماژە نەکرابوو.

١٠٨- ئیلخانەکانی پێشووی کورد بە هێزی شمشێر دەسەلاتیان دەگرت و بەلام ئەمجارە ئەمیان ئەبێ هەمووڕۆژ پارە بدات تا چەند ڕۆژێک حکوومەت بکات.

١٠٩- ئەعدەولودەولە برای عەلی‌نەقی میرزای ڕۆکنودەولە و کوڕی موحەممەد تەقی میرزای ڕوکنوددەولە برای ناسرەدین شای قاجاڕبوو.خوراسانیش ماوەیێکی زۆرە کە بووە بە جێگەی لەوەڕی ئەم ڕوکنوددەولانە و نەیرووددەولە و ئاسفوددەولانە، لەبەر هەبوونی ئەم دەعبایانە زەرەرێکی زۆری دیوە.

١١٠- لوتفعەلی‌خان کاتی بێدەست کردنی ناسرەددین میرزای لەبیر چوو بوو و جێگاکەی هەروا خالی هێشت. واتا سالی ١٣٣٥ی کۆچی مانگی.

نەبووە و خۆشی یەکەم حکوومەتی بووە و کەسی لە خوراساندا نەئەناسی. بۆیە وردوردە وڵاتەکەی شێوا و لە تارانەوە برووسکەیەک سەبارەت بەروێشتنی ئەو و هاتنی نایبوسەڵتەنە ـئەمیر کەبیری ـ[111] پێ گەیشت لەهەر شوێنێ لەم جیهانەدا هەر کەسێک لە حکوومەتی ناوەندی و دەسەڵاتی ورددا ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی کارزان و عاقل ڕاوێژبکات کارەکانی پێش ئەکەوێ.

وەڵامی شکایەتی مامۆستایانی شیروان لە لایەن والی خوراسانەوە

نیشانی شێروخۆر دایرەی برووسکەی دەوڵەتی بەرزی ئێران

لەمەشهەد بۆ شیروان ژمارەی بەڵگە ٨١- ژمارەی برووسکە ٣٤.وەڵام مامۆستایانی شیروان. کاتی گەیشتن بەیانی ١٧ی حەمەل ـخاکەلێوەی ـ ساڵی ١٣٣٦مانگی. گیرەندەی برووسکە ئێتلاعولمەلک

مامۆستایان و خەڵکی شیروان. گەورەی مامۆستایان موحەممەد ئیبراهیم خان حاکمی شیروان![112] برووسکەی شکایەتی ئێوە سەبارەت بە ئەوەی کە شوجاعوددەولە موحەممەد ئیبراهیم خانی بێدەسەڵات کرد و تاج محەممەد خانی بۆ حکوومەتی ئەوێ هەڵبژرادووە گەیشت. چۆن ئەم کارە پێش هاتنی حاکمی خوراسان و سیستان و بێ ئیزنی دەوڵەتی گەورە دراوە بەم بۆنەیە برووسکەیەکمان بۆ حکوومەتی قووچان نارد تا گەیشتنی حکوومەتی گەورە[113] موحەممەد ئیبراهیم

١١١- مەبەست کامران میرزا نایبوسەڵتەنەی کوڕی سێهەمی ناسرەدین شایە کە ماوەیێک وەزیری شەڕ، ماوەیێک ئەمیر کەبیرو ماوەیێک حاکمی تاران بووە. لە ئاخری ساڵی ١٣٣٥ی مانگی بەرانبەر ١٢٩٤ی هەتاوی بە جێ ناسرەدین میرزا بە حکوومەتی خوراسان گەیشت و لەسەرەتای ساڵی ١٣٣٧دا بێدەسەڵات کرا و بۆ تاران بانگیان کرد کە لە سەرەتای ساڵی ١٣٣٨ی مانگی بە جێگەی ئەو قەواموسەڵتەنە حکوومەتی خوراسانی وەئەستۆ گرت تا بە توانا و سیاسەتی تایبەتی خۆی حکوومەت بگرێتە دەست. لەم جێبەجێ کردنانەدا نزدیک بە یەکساڵ خوراسان بێ حاکم بوو. (وەقایعی مێژوویی خاوەران، سەیید عەلی میرنیا، ل ١٩٦)

١١٢- چۆن عەبدوڕەزاخان شوجاعوددەولە جارێکی تر بە حکوومەتی قووچان گەیشت

١١٣- مەبەست لە ئیالەتی گەورە، ئەحمەد قەواموسەڵتەنەیە.

خان خۆی حاکم بزانێ. ١٧ی حەمەل ژمارەی ٢١٦ مۆزەفەری مۆری گەیشتن برووسکەخانەی شیروان لە محەممەد ئیبراهیم خان ترسی بوو کەنەوەک لە لایەن والی خوراسانەوە ببێ بە ئیلخلانی عەشیرەتی زافەرانلوو بۆیە حکوومەتی شیروانی لێ ئەستاند. لاینگرانی موحەممەد ئیبراهیم خان شکایەتگەلێکیان بۆ والی خوراسان ناردبوو که موحەممەد ئیبراهیم خان لەحکوومەتی شیروان بمێنێتەوە و لە هاتنی تاج موحەممەدخانی بادلوو حاکمی تازە کە لە لایەن شوجاعوددەولەوە بۆ حکوومەتی شیروان هەڵبژێردرابوو بەرگیری بکات. لاینگرانی تاج موحەممەد خان و هێزەکانی شوجاعوددەولەیش لە شیروان بروسکەیەکیان بۆ تاران و مەشهەد نووسی و داوای بەرکناری موحەممەد ئیبراهیم خان و جێگربوونی تاج محەممەد خانیان کرد. بەڵام خوداوێردی سەردار کە سەرۆکی سوارانی پێشووی موحەممەد ئیبراهیم خان لە شیروان بوو و زۆریان خۆش دەویست و بۆیە لە هاتنی تاج محەممەد خان بەرگیری کرد. نەسرولڵاخانی برای فەرەجولڵاخانی شیروانی شووی خۆشکی تاج موحەممەدخان دژ بە دووسەردار هەڵسا و باروددۆخی شیروان ڕۆژلەگەڵ ڕوژ خراپ تربوو.

دایرەی برووسکە چاندنی دەوڵەتی مەزنی ئێران

لەمەشهەد بۆ شیروان ژمارەی بەڵگە ٩٣ .ژمارەی برووسکە ٤٠.ڕادەی وشەکان ١٠٠.کاتی ناردن ١٨ حەمەڵ.

وەڵامی خەڵکی شیروان: کاتی گەیشتن ١٨ حەمەڵ سالی ١٣٣٦ .ناوی وەرگیری برووسکە :مامۆستایانی شیروان.

برووسکەجۆراوجۆرەکانی ئێوە هەرگیز دەوڵەتی لە کاری خۆی پەشیمان نەکردەوە. لەم حالەدا نابێ ئێوەیش بێدەسەلات بن و واژۆی خۆتان بە قازانج یان زەرەری عەمر وزەید لە رووی بێدەرتانیەوە بدەن ئەگەر بروسکەیەک بنێرن و دەوڵەت بزانێ لەڕێ ناچارییەوە بووە ڕەدی ئەکاتەوە. ئێستا کە موحەممەد ئیبراهیم خان جێگری حکوومەتی و تا هاتنی سەرۆکی بروسکەخانە لەسەر پەرەشتی

شیروانە. دوای هاتنی قەواموسەڵتەنەی حاکمی خوراسان و سیستان بارودۆخی ئـەو ناوچەیە چاک دەبێت. (ش- حەمەل- ژمارەی ٢٤٤ ی موزەفەری. مۆری گەیـشتن بە برووسکەخانەی شیروان[١١٤])

مانەوەی موحەممەد ئیبراهیم خان لە حکوومەتی شیروان

لەمەشـهەد بـۆ شـیروان. ژمـارەی بەڵـگە ٢٦٢ .ژمـارەی برووسـکە ٥. ڕادەی وشەکان ١٤٠.کاتی ناردن ١٨ ی‌حەمەڵ. کاتی گەیـشتن ١٩ ی‌حەمـەل. گیرەنـدە ئیتلاعولمەلێک سەرۆکی برووسکەخانی شیروان.

برووسکەکانی مامۆستایان جێگەی سەر سـووڕمانە. ئەگـەر مامۆسـتایان بـە زۆر ئەتوانن واژۆ بدەن دەربڕینی ناڕەزایەتی یان ڕەزای خۆیان لەکەسـێک. دەوڵـەت لـە کویێ بزانێ زۆر کردن لە لایەن شوجاعوددەولەو حکوومەتی قووچانە یـان لـە لایـەن موحەممەد ئیبراهیم خان جێگری حکوومەتە یان لە لایەن کەسێکی دیکـەوە. هـەر بەو بۆنەوە کە دەوڵەت بـە واژۆی ئێـوە بایـەخ نـادات و چـۆن حکوومـەتی قووچـان سەربەخۆیە، موحەممەد ئیبراهیم خانیـان لابـردووە. دەوڵـەت بـەم کـارە ناڕازییـە. موحەممەد ئیبراهیم خان دەسەڵاتداری شیروانە ؛تـا هـاتنی حـاکم هـەرچێ ئەڵـێ ئەبێ بەڕێوە بچێت.

لە کاتی نەبوونی محەممەد ئیبراهیم خان‌دا ئێوە بەڕێوەبەری کارەکـان بـن؛ تـا خۆی دێتەوە تاج موحەممەد خـان یـان نەسرولـڵاخانیش ئەگەربیانئـەوێ دژایـەتی بکەن بەرپرسی ئاژاوەکە خۆیان دەبن. خۆتان ئەم برووسکەیە بنێرن بـۆ حکوومـەتی قووچان. ١٨حەمەل ـخاکەلێوەـ ژمارە ٢٦٥موزەفەری[١١٥].

١١٤- بەڵگەکان لەئەرشیڤی موحەممەد ئیبراهیم خان گیراوە.

١١٥- بەڵگەی ئەرشیڤی موحەممەد ئیبراهیم.

برووسکەی مامۆستایان و تاجرەکانی شیروان کە پشتیوانی تاج محەممەدخان بوون بۆ وەزارەتی ناوخۆ

برووسکە لە مامۆستایان و تاجرانی شیروان کە بە پشتیوانی لە تاج موحەممەد خان و دژایەتی لەگەڵ موحەممەد ئیبراهیم خان بۆ وەزارەتی ناوخۆنووسیان و داواکاری ئەوەن کە تاج موحەممەد خان لە حکوومەتی شیروان بمێنێتەوە. ئەڵبەت نەبۆڕەزای خوا و خزمەت بە خەڵکی بێدەسەلات؛ بەڵکوو بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان. چۆن لەوەی کە موحەممەد ئیبراهیمخان پیاوێکی خواناس و ڕێکوپێک بووە جێ متمانەیە. لەم کاتەدا بڕێک لە خەڵکی کۆچەر لە خوراساندا مانەوە و بوون بە خاوەنی ماڵ و پارە و مەقام و لە ساویلکەیی کوردان بۆگەیشتن بە ئامانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرت و خانەکانیان دا بە گژی یەکدا تا ئەوان خۆیان بە دەستی خۆیان لاواز بن و لە ناوبچن. تاج موحەممەدخانیان کردە دوژمن موحەممەد ئیبراهیم خان و وەلیخانیان کردە دوژمەنی حبیبوڵلاخان ناسرلەشکەر. خانەکانی بیچرانلوو لە بەرانبەر خانەکانی سیوکانلوو و عەشیرەتی شادلوو لە بەرانبەر عەشیرەتی زەعفەرانلوووە ستانە وە. ئەم کایە لە سەردەمی موحەممەد ناسرخان شوجاعوددەولە -دامەزرێنەری قووچان- دەستی پێ کرد کە لە بەرگی سێهەم و چوارەمدا باسی کراوە کە ئێستاش باسی دەکەین بە تایبەت لەسەردەمی دەسەلاتی ڕەزاشا، بەکرێ گیراوەکانی ئینگلیس ئەم کارەیانە درێژەدا و لە ڕۆژ نامەکان و گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژانە پیشان درا و خانە کوردەکانیان دابەگژی یەکدا تا گەیشتنە ئامانجەکەیان و کوردەکان یان بە دەستی خۆیان لەناو چوون یان دەسەلات لە داریانی دا یا لە زینداناکوژراون. ئێستا کە لاوانی کورد فێری خوێندەواری بوون و مێژوو چۆنیەتی پێشل کردنی مافی خەڵکی کورد دەهێنێتە بیریان، زەمان وەلامدەری ئەوانە.

برووسکەی تاڵقمێ لەخەڵکی شیروان بۆ تاران

خەڵکی شیروان ئەم سەردەمە لەبەر پڕووپاگەندەی پشتیوانانی موحەممەد ئیبراهیم خان و خەدووسەردار لەیەک لاوە و هەروەها پشتیوانانی تاج موحەممەد خان و شوجاعودەولە لە لایێکی دیکەوە بڕێک برووسکەی نالەبار و نارێکیان نووسی و ئیعتباری خۆیان کەم کردەوە ئەم برووسکەیە ئەمەیە:

نیشانی شێروخۆر

دایرەی برووسکەی دەوڵەتی بەرزی ئێران

لە شیروان بۆ تاران. ژمارەی برووسکە ٧ .ژمارەی وشەکان ٣٨٩. کاتی گەیشتن ٢٤ ی حەمەڵ خاکەلێوە ی ساڵی ١٣٣٥[116]

وەزیری پایەبەرزی ناوخۆ

چەند مانگێکە کە حکوومەتی شیروان لە لایەن شوجاعوددەولەوە گەیشتوە بە دەستی موحەممەدئیبراهیم خان و لەم کاتەدا خەدوو بوو بە نایبولحوکوومەی موحەممەد ئیبراهیم خان و لە هیچ زلم و زۆر و بێناموسییێک دژ بە خەڵک و دزی پووڵ و پارەی ژێردەستەی ڕەش و ڕووت کۆتایی کردووە. سوێند بە هەموو گەوران و شێخان تەنانەت یەک کەس نییە کە لە دەست ئەم هەموو زوڵم و زۆرە پێداویستی بە نانی شەوی نەبێت.[117] ئەگەر موفەتشێک بنێرن ڕوون دەبێتەوە کە زوڵم کردن بەڕەعیەت چەند زۆرە و ئێستا لەچ حالێکدان.

تا ئەوەی کە شوجاعوددەولە بە چاکی بارودۆخی ئەم خەڵکە دەزانێ و موحەممەد ئیبراهیم خانی لابرد و تاج موحەممەد خان کوڕیخوالێخۆش بووی وەلیخانی میرپەنچە کە یەکێ لە خانەکانی بەڕێز و لە بنەماڵەیێکی بەنرخ دەسەلاتی

١١٦- ساڵی ١٣٣٦دروستترە. کاتێ ١٣٣٥ لەسەر نامەکانی ئەم ساڵە بە چاپ گەیشتووە و بۆ ساڵانی داهاتوویش کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

١١٧- وادیارە کە خەدوو یا موحەممەد ئیبراهیم خان بووبە هۆی چارەرەشی خەڵک و ئێستا تاجموحەممەد خان و پشتیوانەکانی دەیانهەوێ خەڵکی خۆش بەخت بکەن .ئەم قسانە زۆرتر وەکوو پڕووپاگەندەی بێ دەسەلاتی نوێنەرانی پارلەمانە.

پێی درا. پێش لە هاتنی ئەو، خەدوو بە پەنجا شەست کەس لە سوارەکانی کە لە شیروان بوون یەک دوودانە برووسکەی بە زۆر لە لایەن ئاقاڵی وەک نوێنەری خوراسان و حکوومەتی قووچان ڕەوانە کرا. حکوومەتی پایەبەرز چۆنکیّ لەم کارانە خەبەرێکی نەبوو و وەڵامی نەداوە بەڵام نۆینەر کە هەواڵی لەم کارانە نەبوو برووسکەییێکی نارد بەو شێوەی کە تا هاتنی حاکم حکوومەتی شیروان بە دەستی موحەممەد ئیبراهیم خانەوە بێت. بۆیە تکاتان لێ دەکەین ئەگەر تاج موحەممەد خان لە شیروانە. بکەوێتە ڕێ وئەگەر دووبارە حکوومەت بە دەستی موحەممەد ئیبراهیم‌خانەوە بێت، ئیتر نابینە خاوەنی گیان و نامووسی خۆمان و ئەبێ دەست لە وڵاتمان هەڵبگرین و بەرەو شوێنێکی دیکە بڕۆین. لەبەر ڕەزای خوا و ئەم خەڵکە چارەڕەشانە و بێدەسەڵاتانە کە بە هەزار جۆر لە دەست خەدیوو ڕزگاریمان بوو هەمیسان خەدوو مەکەن بەتووشمانەوە.

حاجی میرزا موحەممەد موجتەهێد، حاجی قەواموسادات، شێخ عەبدولغەفوور موجتەهێد، حاج عەبدولغەفوور موجتەهێد، حاج عەبدوڕڕەسووڵ بەرنوێژیکەر، وەکیلوروعایا، حاج موختار، حاج قەنبەر، حاج عەلی ڕەزا، حاج موحەممەد، حاج حوسەین عەلی، سادق، کاک سلێمان تاجر، حاج حوسەین عەلی، عەلی دەربان، حاج گوڵ موحەممەد، ڕەجەب عەلی، کاک عەلی تاجر، کاک تەقی ئەسکەندەر، حاجی موحەممەد ئیسماعیل، حاج ئیبراهیم، حاجی مەهدی، حاجی عەلی، موحەممەد حەبیب عەتار.[١١٨]

برووسکەی وەزیری ناوخۆ بۆ شوجاعوددەوڵە سەبارەت بە مانەوەی موحەممەد ئیبراهیم خان لە حکوومەتی شیروان

دەوڵەتی بەرزی ئێران نیشانی شێروخۆر وەزارەتی ناوخۆ!

برووسکە لە تاران بۆ قووچان. ٢ ی ڕەجەب ٢٤ حەمەل ١٣٣٦ ژمارەی ٤ ژمارەی نووسراوە٢٧٥.

بەڕێز شوجاعوددەوڵە حاکمی قووچان!

١١٨- بەڵگەکانی ناوەندی بەڵگەی ئێران.

برووسکە بە ڕەمزی ژمارەی ٣ەوە گەیشت هەروا دوو وشـەی نـەخوێنراوە. ئـەم برووسکەیە پیشاندەری گەورەیتیانە کەچەند ڕۆژە ڕێ کـەوتووە و بـەم زوانـە ئەگاتـە خوراسان. پێویستە بچنە لای خـۆی .هـەر جـۆرێ بـە چـاکی بزانـێ کـار دەکـات. واژۆی وەزیری ناوخۆ[119]

برووسکەی وەزیری ناوخۆ لە وەڵامی خەڵکی شیروان و هاتنی قەواموسەڵتەنە بۆ خوراسان

دەوڵەتی پایەبەرزی ئێران نیشانی شێروخۆر

برووسکە لە وەزارەتی نـاوخۆ تـاران بـۆ شـیروان، ٢٧ی حەمـەل ـخاکـەلێوەـ ٥ی ڕەجەب ١٣٣٦.ژمارەی نووسراوە ٢٨١-١٥٥٦کارتین ٦ دۆسیە وەڵامی ژمارە٧

برووسکەی ئێوە گەیشت و ئەوڕاقەیە کەسەبارەت بە دەسەڵاتداری شـیروان بـوو نووسیتان. ئاگادار بوینەوە بەرێز قەوام سەڵتەنەی حاکمی خوراسان بـەم زوانـە دێتـە سەبزەوار. پێویستە ئەم هەواڵەی پێ بدەن، خۆی کاری خـۆی بـە چـاکی دەزانـێ. واژۆی وەزیری ناوخۆ[120]

برووسکەی گەورەپیاوی بجنوورد عەزیزوڵلاخانی شادلووی ئیلخـانی و حـاکمی بجنوورد بۆ وەزارەتی ناوخۆ سەبارەت بە گێچەڵی سنووری لەگەڵ شوجاعوددەولەی ئیلخانی قووچان.

نشانەی شێروخۆر

دایـرەی برووسـکەی دەوڵـەتی بـەرزی ئێـران .٤٠ ی جـۆزردان ١٢٩٦هـەتاوی برووسکە لە بجنوورد بۆ تاران. ژمـارەی بەڵـگە٤٣. ژمـارەی برووسـکە ٤ ئـەژمارەی وشـەکان ١٨٤.کـاتی نـاردنی برووسـکەخانەی بجنـوورد شـەوی ٤ جـەوزا. ناوی گیرەندە غولامڕەزا.

سەرۆکی پایەبەرزی وەزارەتی ناخۆ: سـەبارەت بـە کـوژرانی کەربـەلایی عـەلی

١١٩- بەڵگەی ناوەندی بەڵگەکانی نەتەوەیی ئێران

١٢٠- بەڵگەکانی ناوەندی بەڵگەکانی نەتەوەی ئێران.

موحەممەد بەیگ سەرۆکی سوارەی کەیکانلوو سەربڕینی...... وشەیێک نەخوێنراوە. دەکەس لە سواران لەگەڵ ناوبراو ـخەڵکی کەلاتەـ لە ژمارەی ٨١ و ژمارەی ٢٠٢کە بە سەرۆکایەتی کەریم خان نوێنەری قووشخانە لە کاتی سەیرانی شوجاعوددەولەدا ڕووی دا ئەو وەزارەتخانەمان ئاگادار کرد چۆن لە شەڕاشۆیی ئەوان بەرگیریان نەکردووە و بێ ترس خەریکی دزی و تالانی قەلاکانی بجنووردن. هەر ئەوکەریم خانە ناسراو بە عەلی بەیگ کوڕی حەیدەرخان سەرۆکی عەشیرەتی بیچرانلوو قەلاکانی سنووری خەتاب و سەردار ئاوایان بە تەواوی تالان کرد و نزیک بە دوو هەزار مەڕ لەخەتاب و چوارشوێنی وەلاتانی دیکەیشیان تالان کردووە. ئەم هەواڵەمان گەیاندە گوێ حکوومەت تا مافی ئەم خەڵکە هەژار و بەش خوراوە لە ناو نەچێ. (ژمارەی ٣٧ عەزیزوللا)

وەڵامی وەزیری ناوخۆ بە شکایەتی ئیلخانی شادلوو

دەوڵەتی بەرزی ئێران .نیشانی شێروخۆر .وەزارەتی ناوخۆ برووسکە لە تاران بۆمەشهەد .کات ٩ ی جۆزەدان ١٩٠. ی شەعبان ١٣٣٦ مانگی بەرانبەر بە ١٢٩٦هەتاوی. ئەیالەتی خوراسان و سیستان ماوەیەک لەمەوپێش کەربەلایی عەلی موحەممەدی[١٢١] شادلوو بۆ شکایەت بۆ تاران ڕۆیشت. کاتی بۆ سەیران ڕۆیشتنی شوجاعوددەولە، باوکی ناوبراو کە لە لایەن سەردار موعەزەزەوە سەرۆکی دەکەس بوو لەگەڵ سوارەکان خۆی بۆ پاراستنی ڕێ بۆ کەلاتەی قتلیش ڕۆیشت بوو، لە گەڕانەوەی کەریم خان[١٢٢] لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕی و هەروەها شوجاعوددەولە بەرەو ئەوان لە کەلاتەی قتلیش[١٢٣] و بێ ئەوەی کەس بزانێ تیریان تەقاند و باوکیان کوشتوە و ٨ سەر ئەسب ودە تفەنگ و دانەی پێنج تیرو چوار دانە ورندلی بەرزی

١٢١- عەلی موحەممەد کەیکانلوو کە لە عەشیرەتی زەعفەرانلوو بووچووە دەستەی شادلووەکان.

١٢٢- کەریم خان سەرۆکی عەشیرەتی ڕەشوانلوو لە قووشخانە.

١٢٣- قتلیش لە دێهاتەکانی زەعفەرانلوو هاوسنوورەلەگەڵ شادلوو. سەرداری گەورەی ئیلخانی شادلوو دەیەویست بیکا بە خاکی بجنوورد و هەر بەم بۆنەوە شەڕوئاژاوە پێش هات.

سوارەکانیان بردووە و ماڵ و دارایی خەڵکی کەلاتەیان تالان کرد. بۆیە داوا کرا لە شوجاعوددەولە تا کوو کەریمخان ڕەوانەی مەشهەد بکات ولە دادگادا دادگایی بکرێت.

ڕاڤەیەکیش لە نامەی ژمارە ٥١٠١ سەرۆک حکوومەتی خوراسان نووسراوە. ....چەند وشەی ناخوێنراوە کە دوای هاتنی هەر دوولا بۆ دادگایان بنێرن. ئێستاش برووسکەیەک لەسەرداری گەورە کە دەقەکەی پێشکەس کرا و چەند وشەی نەخوێنراوە سەرەتا سەبارەت بە کوژران. هەر واکە ئێستا کەریم خان بۆدادگا نەهاتووە فەرمان بدەن لەمەشهەد زوو لەگەڵ بنەماڵەی عەلی موحەممەبەیگ بێت بۆ دادگاه و لەوێ هەر حوکمێ درا بەڕێوە بچێ. پاشان سەبارەت بە دزی و تالانێ کە سەردار موعەزەز ئەڵێ تازە رووی داوە و ئەگەر پێش هاتووە ماڵە دزییەکان هەڵگرێت و بیباتەوە بۆ خاوەنەکانیان و ئاکامی کارەکە ڕابگەیەنن بە وزارەتی ناوخۆ واژۆی وەزیری ناوخۆ لە ژێرەوەی نووسراوەکانی سەرەوە کە وادیارە بەختەتی وەزیری ناوخۆ نووسراوە وئەوە دەسەلمێنێ مەبەست ئاگادار کردنەوەی قەواموسەلتەنەیە. ئەم نووسراوانە لە لایەن وەزیری ناوخۆ و بە زمانێکی زۆر چاک و بە ڕێز و حورمەتەوە و هەروەها بایەخ بە خۆنەدانی وەزیری ناوخۆ بۆ والی خوراسان نووسراوە و پیشاندەری پلەو پایە و هێز و قودرەتی قەواموسەلتەنەیە کە پێش تر خۆی وەزیری ناوخۆ بووە.

دروست کردنی یەکەمین نانەوایی لە قووچان بە فەرمانی شوجاعوددەولە لەبەر وشکە ساڵی لە ١٣٣٦دا

ساڵی ١٣٢٠دەبێ بۆ خەڵکی خوراسان چاوان پڕ لە گریان بن. لەسەردەمی حکوومەتی قاجارەکان لە ئێراندا کەلەبەر نالایەقی پاشا و دەربارییەکان هەموو کات خەڵکی لە ئەو پەڕی چارەڕەشی دا ئەژین، بێجگەئەوەش لەبەر نەبارینی باران کولە و وشکە ساڵی ناوچەی وەبەرگرت و زۆربەی خەڵکی لەبرسان مردن. کەلەو وشکە ساڵیانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە ساڵی ١٣٨٨ مانگی و ١٣٢٠مانگی و ١٣٢٦و ١٣٣٨

مانگی. دەڵێن لە وشکەساڵیەدواییەکەدا گـەنم دانـەی قـەرانێ کـە ئـەزانین یـەک قەرانی ئەو سـەردەمە هەزارتمـەنی ئێـستا بـووە. خەڵـک لەبـەر ئـەم وشکەساڵـیە شێعرێکیان وتووە:

ئەی ساڵ یاخوا نەیتەوە تا سەد ساڵیتر
پیاوت لە پیاوەتی خست و ژنەکاند شڵەژاند
ئەی ساڵ یا خوانەیتەوە

....

لەگەڵ هاتنی قەواموسەڵتەنە بۆ خوراسان وشکەساڵـیێکی قاقڕ ئـەم وەڵاتـەی داگیر کردبوو بە جۆرێ کە لە قووچان وخوراسـان نـان بـۆ هـەمووی خەڵـک دەس نەئەکەوت و هەژاران و ئەوانەی کە فەلانەبوون لەسـەختی و بـێچـارەییدا ئـەژیان. ئەوکاتە هەرکەس کە هەژار نەبوو لەسەر خەرمان دا گەنم و جـۆی پێویـستی خـۆی جۆردەکرد. لەهەموویماڵەکاندا تەنوورێک بوو تا ژنـەکان لـە ماڵـەوە نـان درۆسـت کەن و بەو بۆنەوە وشکە ساڵی زۆری بۆیان نەئـەهانی. بـەڵام زۆربـەی خەڵـکی بـێ دەسەڵات و کەم دەس نەیانئەتوانی شتێ ساز کەن هەر بەم بۆنەوە عەبـدوڕڕەزاخان شوجاعوددەوڵە کەوتە بیروراوێژ و فەرمانی دا تا نانواخانەیێک لەقووچاندا درۆست کرا و هەرچێ ڕۆژە نانی بۆ خەڵـک درۆسـت دەکـرد و دەفرۆشـرا. شوجاعوددەوڵـە بـۆ وەدەست هێنانی گەنم و ئاردی نانواخانە خۆی ئەڕۆشتە دێهاتـەکان و ئەوانـەی کـە گەنمی زۆرتریان لە ماڵەوە بوو مەجبووریانی ئـەکرد کـە گەنمـە زیادییـەکانیان بـە خەڵک بفرۆشن. بەم جۆرە ئاردوگەنمی بۆ قووچان ئەنارد و توانی جـەماوەرێکی زۆر لەمەرگ ڕزگار بکات .شوجاعوددەوڵـە هـەر بـەم بۆنـەوە لـە ناوچـەکانی بـیرک و باشمەحەلەبوو کە برووسکەیەک لەقەواموسەڵتەنەی والی نوێ شاهروود گەیشت کە لـە شوجاعوددەوڵـە داخـوازی کردبـوو بـۆ پێـشوازی بڕواتـە سـەبزەوار؛ بـەڵام شوجاعوددەوڵە خەریکی بەدەس هێنانی نان و خواردەمەنی بـۆ خەڵـک بـوو لەبـەر ئەوەی نەیئەتوانی بۆ پێشوازی بڕوات و برووسکەکەی قەوامی وەڵام دایەوە و گـوتی لەبەر ئەم گرفتانە ناتوانم بێم بۆ سەبزەوار و لە مەشهەد دەگەمە خزمەتتان. هەر ئـەم

برووسکەیە بەهانەی دا بەدەس ڕییسوتوججارەوە تا دژ بە شوجاعوددەوڵە بووەستێ تا قەوام لێ توورە بێت و ببێ بە هۆی لە ناوچوونی شوجاعوددەولـە.[سەبارەت بە دژایەتی ماڵی ڕەئیسوتوجار و شوجاعوددەوڵە پێشتر باسی کرا.] بەڵگەیەک هەیە لە عەبدوڕڕزەاخانی شوجاعوددەوڵە بۆ وەلی قەهرەمانلوو کە لەم سەردەمەدا تەنیا کەسێک بوو کە شوجاعوددەوڵە متمانەی پێی بوو.[سەبارەت بە وەلی خان لە بەرگی داهاتوودا زۆرتر باسی لەسەر ئەکرێت کە پیاوێکی دلێری سەردەمی خۆی بوو].

هۆ[١٢٤]

ئێوە ڕۆیشتن پەنجا تمەن بنێرن هەمووی بڕیارەکانی ئێوە بەم جۆرەیە نازانم بۆچی خەڵکی سەرحەد[١٢٥] وەهان. بەڵگە بەپارە نازانن، بڕیار ئەدەن و لە بڕیاردا بێ وەفایی ئەکەن. بێ هیچ بەهانەیەک پەنجا تمەنمان بۆ بنێرن ئەبێ بدرێتەوە.

٢٩ ڕەبیعولئەوەڵ ١٣٣٦ عەبدوڕڕەزای زەعفەرانلوو

١٢٤- لەسەردەمی موحەممەد ناسرخان شوجاعوددەوڵە مەسلەکی دەروێشانی زەهیر سوڵتانی لە نێوان کوردەکانی قووچان باو بووە و هەر بەم بۆنەوە لەسەر هەمووی نامەکانی و حوکمی خانەکانی قووچان وشەی« هۆ» دەبینرێ.

١٢٥- نازانم بۆچی وەلیغانیان بەسەر حەدی زانیوە لە حاڵێکدا کە ناوچەی وەلیخان کۆساری شاهیجان و کێوە باکوورییەکانی ئەوێیە کەلە بەشی ناوەندی قووچانە ئەگەر پێمان وابێ کە حکوومەتی وەلیغان تا خومارتاش ڕۆیشتووە، هەمیسان ناتوانین پێ بڵێن سەرحەدی ناوچەی قووچان لەباکوورەوە تاباشوور سێ بەشە شاهبهانی جولگەیی سەرحەدی شاهبهانی قەرامانلوو بوون، جولگەلووکان فەقیر و هەژار بوون کە قودرەتێکی ڕەزمیان بووە ئاژەڵداریش نەبوون و تۆزێ کشت و کاڵیان بووە هەژارانەیان بەڵام سەرحەدیەکان واتا عەشیرەی کەیکانلوو کەسەرانسەر ناوچە سنووریەکانی قووچان و خوارەزمی ڕووسیەی ئێستای داگیر کردبوو و لە دلێرترین و بەهێزترین کوردانی خوراسان بوون کە هەربەم بۆنەوە لەسنووردا جێگربوون و بەسەرحەدی ناوبانگیان دەرکردووە.

ئەو برووسکانەی کە لە سەر بەسەرهاتی سنووری باجگیران گەیشتە دەستی سوڵتان بەگ

ساڵی ١٣٣٦ ی مانگی بەرانبەر بە١٢٩٦ و١٢٩٧ ی هەتاوی لەگەڵ هاتنی قەواموسەڵتەنە بۆ خوراسان ساڵێکی زۆر سەخت بوو بۆ شوجاعوددەولە و سوڵتان بەگ. ڕووسەکانیش لە باجگیران شۆڕشیان دەکرد. سوڵتان بەگ بێ گومان پیاوێکی دلێرو وەتەن پەرەستی کرمانجە کە لە دژایەتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکان و شاموحەممەدی نوێنەردا بە جوانی خۆی پیشاندا. ڕێز و سوپاسی شوجاعوددەولە و قەواموسەڵتەنەی سەرۆک وەزیری ئەوکاتە و بەرپرسانی تر لە ئەو پیشاندەری دلێری و توانایی ئەوە. بە وتەی موحەممەد ئیبراهیمخان رەوشەنی موزەفەروسەڵتەنە لەشەڕی کوردەکانی قووچان لەگەڵ کلۆنێل موحەممەد تەقی پسیان دا ئەگەر خودی سوڵتان بەگ نەبوایێ بێ شک کوردەکان شکەستیان ئەخوارد. تەنانەت لە دوایین چرکەکاندا وەلیخانی قەرامانلوو کە لە دلێری و بێ باکیدا ناوێکی بەرزی بوو ویستی پاشەکشێ بکات [لە بەرگی پێنجەم دا باسی دەکرێت] ئێستا بڕێک لەو برووسکانە کە لە بەسەرهاتی باجگیران لە ساڵی ١٢٩٦و١٢٩٧ هەتاوی واتا کاتێ کە ڕووسەکان لەباجیگرانەوە هێرشیان هێنابوو و شاموحەممەد یان کردبووە بەردی بەرپەڵ و هەروەها کارەساتێکی دیکەی ناوچەکە بۆ خوێنەرانی بەڕێز باسی ئەکرێت.

پشتگیری سوڵتان بەگ کەیکانلوو لە هەتیوان و بێ دەسەڵاتان

هەروا کەسوڵتان بەگ کەیکانلوو لەشەڕدا سەربازێکی تووڕە و دلێرە هەربەو ڕادەیە لەگەڵ هەتیوان و بێدەسەڵاتانیش‌دا بەڕەحم و بەزە بوو. هەمووی ئەوکەسانە کە سوڵتان بەگیان بینیوە بەچاکی ناویان بردووە لەو ساڵانە کە وشکە ساڵی زۆربەی خەڵکی تا دەمی مەرگ بردبوو سوڵتان بەگ لەباجگیراندا یەکێ لەماڵەکانی وەقفی خەڵکی برسی و هەژار بوو. هەر لە نێوان هەژارەکاندا کێبەرکێ ڕێ ئەخست وەکوو زۆران و ڕاکردن و پەڕین وهەروەها هەڵپەڕکێ و گۆرانی و مۆسیقا. هەموو کەسیش

لەپیرو جوان وشـەل و کـوێر دەبـوای بەشـداری بکردبـای و هەرکـەس دەیـبردەوە جلوبەرگ و خواردەمەنی پێ ئەدرا. سولتان بەگ جومعە دەچوو بۆ قورئان خوێندن و دوعـا و ڕۆژەکانیـشی بەهەڵـپەڕکێ و فەرتەنـەو گـۆرانی و زۆران تێپـەر ئـەکرد. دەوڵەمەندانی باجگیری کۆ ئەکردەوە و بـۆ پـشتیوانی لـە هـەژاران داوای یارمـەتی لێیان ئەکرد. سولتان بەیگ هەم لە ناو خەلکی بێدەسەلات و هەژار و هـەم لـە نـاو دەوڵەمەندەکاندا خۆشەویست بـوو. هەمیـشە دەسـەلاتدارەکانی بـۆ پـشتیوانی لـە هەژاران هان ئەدا و درگای مالی بۆ هەمووی خەلک ئـاوەلا بـوو. بـەدوای دەسـتگیر بوونی شوجاعوددەولە خۆشەویستی سولتان بەیگ لەناو خەلک، دەولەتی ترسـاند و هەر لەبەر ئەوە داوایان لێ کرد تـاکوو هێـرش نەباتـە سـەر ئـەنبارەکانی دەولـەت و گومرۆکی باجگیران و بە جێگای ئەو دەولەت بڕیاری دا کـە هـەر سـال ١٢ خـەروار گەنم و تاج موحەممەد خان بەرپرسی دەسەلاتی قووچان ٧ خەروار گـەنم بـۆ ئـەو چێشتخانەیە بنێرن. سولتان بـەیگ دواتـر بـۆ قووچـان هـات و لـەوێ نانەواخانـەی درۆسـت کـرد و لـە هـەژاران سەرپەرەسـتی ئـەکرد و تـا دوا هەناسـەی لەگـەڵ فەرمانداری و شارەوانی و شێروخۆری ئەو سـەردەمەدا ئـەم کـارە چاکەیـە درێـژەدا بەجێیە ئەگەر شارەوانی قووچان لەبەر ڕێزو حورمەت بۆ ئەو هـەموو کـارە چاکـە لـە سولتان بەیگ ناوی ئەو نانەواخانەیە کە سولتان بەگ بنیاتی نابوو بـە نـاوی سولـتان بەگەوە بێت.

لە قووچان بۆ باجگیران

ژمـارەی ١٢- ژمـارەی وشـەکان ٨٥ کـات ١٣ی مـانگی حەمـەل[١٢٦] (خاکەلێوە)یونت ئیل سالی ١٣٣٨ موعتەمێدولحەزرەت سولتان بەیگ.

سوارەکانی تاج موحەممەد خان بەهادوری دوورن و بـەم زوانـە دەس ناکـەون. برووسکەمان نارد بۆ موحەممەد حوسێن خـان[١٢٧] و ئەلـلانەزەروداراب خـان و عـەلی

١٢٦- خاکەلێوەی ١٢٩٦

١٢٧- موحەممەد حوسێن خانی ئووغـازی و ئەلـلانەزەری جریـستانی و دوونەفـەری دیکـەش کـە

خان تا لەگەڵ سوارەکانیان بێن و دژ بە تورکمانەکان بووەستن[١٢٨] وشۆڕشیەکان ٥٠٠تیری ئەنباری و عوسمانیان بۆتان ناردووە تا بە ئەو پەڕی هێزەوە دژی شۆڕشیەکان ببنەوە و ئاگاداری دایرەکان بن و هەروەها ئەو تورکمانانەی کە گرتووتانە خێرا ڕەوانەی قووچانیان بکەن حەمل ژمارەی ١٧ شوجاعوددەولە

****

ژمارەی ٨ی دەولەتی ١٣٣وشە بورجی حەمەلی[١٢٩] یونت ئیلی ١٣٣٦

سوڵتان موحەممەد بەیگ نایبولحوکوومەی باجگیران

بە ئەو و هەواڵەی کە گەیشتووتە دەستمان شاموحەممەد[١٣٠] و تاقمێک لە تورکەکانی قەرەداخ لە ناکاو هاتوونەتە باجگیران و لەگەڵ ئێوە وسوارەکانتان خەریکی شەڕکردنن و ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئێوە و سوارەکانتان بە ئەو پەڕی پاڵەوانی و گورج و گۆڵیەوە وەدووی شەڕاشۆکان کەوتوون و بوونە هۆی هەڵاتنی ئەوان.برووسکەمان هەنارد بۆ حکوومەت تاخێرایارمەتیتان بکەن؛بە تایبەت ئەوا دەنووسم کەهەنگاوەکانتان زۆر جێگای ڕێزگرتن و پیرۆز بایی هەیە و بە ئەو پەڕی هێزەوە شەڕاشۆکانتان هەڵکەندووە و دڵنیابن و بزانن کە خزمەتەکانتان لە لای ناوچەوە پۆشراونیە ودەگەیندرێتە گوێ کاربە دەستانی گەورەی دەوڵەت و خزمەتەکانی ئێوە لەبیر نابەن بەداکۆکیەوە بەرهەمی کارەکانی خۆتانیش بەبێ وەستان بۆمان بنێرن.

****

١٣ی حەمەل –ژمارەی ١٢٨– موزەففەری.[١٣١]

خەڵکی جریستانن.

١٢٨– تورکمانەکان لە قووشخانە و جریستانەوە هێرشیان ئەکردە باجگیران.

١٢٩– بەرانبەر بە نەورۆزی ١٢٩٨سالی ئەسپ یان بەرانبەر بە خاکەلێوەی ١٢٩٨ سالی ئەسپ.

١٣٠– مەبەست هەر ئەو شاموحەممەدەی کوڕی کەربەلایی تەیموورەیە کە ناسراو بەشامۆ.

١٣١– موزەففەری سەرپەلی لەشکەری خوراسان بوو. هەرچەن کەلەم لەشکەرە لە ئەم ناوچەدا ناوونیشانێک نەبوو. بەڵام سەرپەلێکی بوو کە برووسکەکان و فەرمانەکان بەر لە هاتنی قەواموسەڵتەنە بۆ خوراسان بە ئیمزای ئەو دەگەیشت.

لەمەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران

حوزووریە ١٥ی بورجی حەمەلی یونت ئیلی ساڵی ١٣٣٦[١٣٢] (١٣٣٨درۆسە)

باجگیران: مۆعتەمێدوسوڵتان، سوڵتان بەیگی نایبولحوکوومەی باجگیران.

لە پیاوەتی و پاڵەوانی ئێوە هەموومان شادین. ئافەرین بۆ ئێوە بەڕاستی کە دەوڵەت بە پاڵەوانەکانی وەکوو ئێوە شانازی دەکات. خزمەتەکانی ئێوە بە گەورەکانی دەوڵەت گەیشتووە و دەگەیندرێت. چاوەڕوانم کەبە ئەوپەڕی هێزەوە شاموحەمەدیش لە ناوبەن. ئاغەی کاربەڕێوەبەریش تەشریفی هاوردووە. وشەیەک نەماوە پێویست بۆ بەرگری لە تورکەکان هەنگاو هەڵگرن. گەورەکانی ناوچەکان لە تاقمێک لەبرووسکەکاندا باس لە زەرەرەکانی گومرۆک دەکەن؛ بەڵام شوکر بۆ خوا لە برووسکەی ئێوەدا نەبوو زۆر دڵوەدوام. بە تەواوی ئاگاداریان کەن.

چاوەڕوانم بەهەر چەشنێک بەم ڕووداوانە دوایی بێنن. شوکر بۆ خوا عێشقئاوایش نزیکە. ئاغەی کاربەڕێوەبەریش لە دەوڵەتخواهیدا زۆر بە ناوبانگە. هەموو جۆرەکارێک بۆ بەرگری لە هاوڕێی تورکەکان دەکات. لەگەڵ ئاغەی شوجاعوددەولەیش بە یەک گەیشتنی تەواومان بوو. هەموو جۆرێک لە گەڵتان هاوکاری دەکات. سەبارەت بە تۆپ کە ویستبووتان بەڕاستی نازانم پێویست هەیە یان نە، ئاواتەخوازم تا ئەم ڕادە پێویستی نەبێ.

مۆری وەرگرتن بروسکەخانەی باجگیران

****

لەمەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران

١٦ی بورجی حەمەلی[١٣٣]یونت ئیل، ساڵی ١٣٣٦ (١٣٣٨درۆسە)

نایبولحکوومە دووپاتی دەکاتەوە. کارەکانی ئێوە هۆی ڕێزلێنانن. داکۆکی دەکەم بیپارێزن. تەواوی زەرەرەکان قەرەبووی دەکرێت و ڕێزی لێدەگرێت. ئەو پێشنیارانەی کە پێویست بوو بە پەلە بە دارودەستەی دەوڵەت گەیشت. هەر بە

١٣٢- بەرانبەر بە ١٥ی خاکەلێوەی ١٢٩٨ساڵی ئەسپ.

١٣٣- بەرانبەر بە ١٦ی خاکەلێوەی ١٢٩٨ساڵی ئەسپ.

گەیشتنی ولامەکە کار دەس پێ دەکرێت. بـۆ ئێـوە پێوەنـدیتان لەگـەڵ بەڕێوەبـەر نەبڕن و هەمووکات ئەو ئاگادارکەن. ئێستا چۆن کات درەنگە لـە گەڵـتان ماڵـئاوایی دەکەم و چاوەڕێی پاراسـتنی زۆر زۆرم. هـەر ئـەوە بـزانن کەلەئـەم بـەرنگارییـەدادا سەربەرزیەکی گەورەتان وەدەس هێناوە.

موزەففەری

****

لەمەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ١٢ دەوڵەتیە ٩٠وشە ١٨ی بورجی حەمەلی یونـت ئیلـی سالـی ١٣٣٦ (١٣٣٨)

موعتەمێدولحەزرەتی سولتانی نایبولحوکوومە

برووسکەی هەواڵـدانی ئێـوە سـەبارەت بـە کوشـتنی ڕۆسـەم[١٣٤] و دەرچـوونی شەڕاشـۆکان و بەدواکـەوتنی سـووارەکەتان ئەوپـەڕی ڕەزامەندیـە.ئـەوەی ڕوون و ئاشکرایە لە چارەسەرکردن و لەبن دەرهاوردنی ناکۆکیدا ئەوپەڕی هێزو تێکۆشـانتان بە کار دێنن. ئاشکرایە تێکۆشان و خزمەتەکانی بـەهێزی ئێـوە بـەرچاو دەبـێ و لـە بەرچاوی ئیالەتدا ون نابێ و بۆقەرەبووی خزمەتەکانی ئێـوە پلەوپایـە یـەک بـەدەس دێنن.[١٣٥]

****

١٦ی حەمەڵ موزەففەری (مۆری وەرگرتن) برووسکەخانەی باجگیران

لە مەشهەدی موقەددەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ١٤ی دەوڵەتی ١٥٥وشە ٢٠ی بورجی حەمەل[١٣٦]

موعتەمێدی حەزرەتی سولتانی نایبولحوکوومە

هەواڵی برووسکەی ئێوەمان دی هیچ کات گەورەکانی دەوڵـەت لەتێکۆشـان و گیانبازی ئێوە و ڕاسپاردەکانی سنوور کەمتەرخەمی ناکەن و بە تایبەت پلەو پایـەی

١٣٤- ڕۆسەم سفکانلوویی کەبەدەس خەدوو کوژرا.

١٣٥-وا دیارە لە ئەم بەشەدا وشە یان ڕستەیەک ون بووبێت.

١٣٦- ٢٠ی خاکەلێوەی ١٢٩٨

گیــان فیــدایی و خزمەتــەکانی فەرمانــڕەوای قووچــانم ـشوجاعوددەولــە عەبدولڕەزاخان ـ بەدەوڵەت گەیاندووە. بە ئیدارەی مالیشی ڕاگەیاندرا کـە هـەرچی زووترە مووچـەبگـەیێنن تـاکوو بـدرێ بـە مووچـەخـواران. سەرخۆشـی لەتـەواوی بنەماڵەی کوژراوەکان دەکەم و بە ئەوان پیرۆزبایی بڵێن کەسـەربەرزیی مێژوویيـتـان بۆ خۆتان داناوە.[١٣٧] لەڕێگای پاراستنی وەتەن و خاکدا کەمتەرخـەمیتان نـەکردووە. لە لایـەن منـەوە هەواڵپرسـی برینـدارەکان بکـەن. بـە ئومێـدی خـودا بـەم زوانـە برینەکانیان چاک بێتەوە و دوای ئەمەش بەسەربەرزیەوە بەوەتەنی خۆتـان خزمـەت دەکەن. دەبێ بەچەشنێک دەس دڕێژەکان شکـست بـدەن. بـە دڵـنیاییەوە بـزانن تاکوو یەک کەس لە ئێوە مابێ ئەوان ناتوانن ئاوی باجگیران بخۆنەوە.

****

٢٠ی حەمەل ژمارەی ٢٩١موزەففەر(مۆری وەرگرتن)بروسکەخانەی باجگیران

لە مەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران

وەڵامی حوزووری ٢٥ی بورجی حەمەلی[١٣٨] یونت ئیلی ساڵی ١٣٣٦ی (مانگی) قسەکانی هەموو گەورەکان بێ هەڵەیە و بڕوام پێیە و تـا ئێـستا کەمتەرخـەمی نەکراوە. هەروەها کە دەزانن بۆ ئەم ئەرکانە مەخارێجی دەوێ و دەبێ زووتر دەوڵەت قوبوولی کردبێت. هەر بەم بۆنەوە بۆ پەلـەیی کارەکـە چاوەڕێی وڵام نـەبووگم ولـە سەرئەرکی خۆم بە ئەندازەی دوو هـەزار تمـەنم داوە. بەپەلـە هەواڵـەکە لـە لایـەن کاربەدەســتی مالــیەوە نێــردرا. کــە بــۆ گــشت ژێردەســتانی سولــتان بــەگ و سەرکەردەکانی مووچەبنێرن.

١٣٧- ئاشکرانیە کە دەوڵەتەکان و حوکوومەتەکانی ئێران چ کاتێ ڕێـزی ئـەم گیـان فیدایانـەیان گرتووە و گیـان فیـدایی کوردەکـان خوراسـان لـە ڕێ سـەربەخـۆیی ئێـران چـەن بـەرچاو بـووە. دەوڵەتەکان تا ئەو کاتەی کەجگە لە کوردەکان یارمەتیـدەرێکیان نـەبووە بەقـسەی خـاو ئەوانـەیان دەکرد بە ئامرازی دەستی خۆیان. و ئەو کاتەی کە دەرفەتی ستەم بە ئەوانیان بـە دەس دەهێنـا لـە هیچ جەنایەتێک لەدەرحەق ئەوان کۆتاییان نـەکردووە کەبـە تایبـەت وێنـەی ئەمـەی بـە تـەواوی لەسەردەمی حکوومەتی رەزا شادا ئاشکرایە.

١٣٨- ٢٥ی خاکەلێوەی ١٢٩٨ساڵی ئەسپ. بەرانبەر بە ١٣٣٨ی کۆچی درۆسە.

زۆر مەمنوونین بۆ تێکۆشان و خزمەتەکانی و خۆنیشان دانی سولتان بەگ و هەمووتان ولە ڕاستی دا حەقی گەورەتان بەسەر ئیدارەکانی دەولەتی و خەلکی باجگیرانەوە هەیە. ئافەرین بۆ پالەوانی و پیاوەتی ئەم ئینسانە ئازایە. هەر چاوەڕێین کە دواتر کاری خۆت ـوشەیەک نەخوێندرایەوە، زۆر لە پێشتر دەولەتتان لە خۆتان ڕەزامەندتر کردووە. سەبارەت بە کەلوپەلیش وایە کە کاربەدەستی مالی بەپەلە لە شیروان پرسیارکات. ئەگەر کەل و پەل بێت هەربەزوویی حەوالەدەکەین هەر ئەوە بزانن کە لە لایەن دەولەتەوە کەمتەرخەمی ناکرێت. هۆی درەنگ بوونی ئەم چەند ڕۆژە خراپ بوونی سیمی تاران بوو. ئاشکرایە دوای وەرگرتنی ئەندازەی ئەم ئێعتبارە باس لەسەر بەش بە بەش مەخاریجەکە بەڕێک وپێکی دەکرێت و قوبوول و حەوالە دەکرێت. چاوەڕێین موعتەمێدوسولتان ـسولتان بەگ ـلە وەلامی ئەوانەی وا لە بروسکەخانەدان دلنیایی بدات تا هەموومان دلنیابین و هەنگاو هەلگرین.

موزەففەری سەرۆکی لەشکەر، خولاموحەسین کار بە دەستی مالی لە لایەن کار بە دەست خولامرەزا خەبیر خان یان موعتەمێدولوزەرا، دلگەرد مورتەزا سەرۆکی گۆمرۆک و مۆرێ وەرگرتن

****

لە قووچانەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٣٢ ڕەقەمی وشەکان ٦٦بە بەرواری ٣٠ی بورجی حەمەلی[١٣٩] یونت ئیلی سالی ١٣٣٨ کۆچی

موعتەمێدولخاقانی سولتان بەگ

١٣٩- بەرانبەر بە ٣٠ی خاکەلێوەی ١٢٩٨ بەرواری ئەم برووسکەیە ١٣٣٨ی کۆچیە . بە بێ شەک ئەم تاریخە لەسەرناوی لاپەڕەکانی دەولەتی کەلەم سالە لە چاپ دراون وتاچەن سالێکیدواییش بە کار هێنراوە، دادەنرا. بۆ ئەوەی کە لەبەر لوئی ئیل یانێ سالی گاماسی و لەبەر ئیلان ئیلیشی یانێ سالی مار و نویت ئیلیش یانێ سالی ئەسپ، ڕەقەمی ١٣٣٦لە چاپ دراوە و ئەم ڕەقەمەش بۆ هەرسێ سال بەکار هاتووە. دوایی ئەگەر ١٣٣٨ بۆ گاماسی و ٣٧ بۆمارو ٣٨ بۆ ئەسپ بە کار بێنن بێ هەلەیە. تەرتیبی سالەکانی تورکی ئاوا بووە: مشک، گا، پەلەنگ، کەروێشک، گاماسی، مار، ئەسپ و پەز، مامر، سەگ، خووک و کەر.

ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ ٥٠ سواری ئازا لەگەڵ ٤٠٠دانە گوللەم بۆتان نارد ئاواتـە خـوازم بە ئومێدی خودا تا خۆرئاوا ئێوە بە ئەوپەڕی دڵنیای و هێزەوە خەریکی پاراستن بـن و هەواڵی ڕووداوەکانیش بدەن. ئاواتەخوازم تێکۆشینەکانتان بەرهەمی باشـی بۆتـان بووبێت و ببێتە هۆی سەرکەوتنی داهاتووی ئێوە.

شوجاعوددەولە مۆر برووسکەی باجگیران.

****

لە تارانەوە بۆ باجگیران

ژمـارەی ١ی دەولـەتی ٢٦وشـە بـە بـەرواری ١٢ی بـورجی سـەوری[١٤٠] لـوئی ئیل١٣٣٦ کۆچی .ئاغەکان وگەورەکانی ئیداراتی دەولـەتی برووسـکەکە گەیـشت و سەبارەت بەگوللە، بروسکەیەک بۆ نایبولئەیالەیخوراساننێردرا.

٩ی ڕەجەب ژمارەی ١٤٤ وەزارەتی ناوخۆ مۆری وەرگرتن

****

برووسکەخانەی باجگیران

لەمەشهەدی موقەددەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٢ی دەوڵەتی، ٤٥وشە ٣ی بورجی سەوری[١٤١] لوئی ئیلی ١٣٣٦.

نایبولحکوومە. برووسکە سەبارەت بـە پێویـستی گوللەوگـەنم گەیـشت. باسـی گوللە بۆ ئیدارەی لەشکەری و باسی گەنم بۆ ئیدارەی ماڵی نووسرا. ئاکامی بـە ئێـوە ڕادەگەیندرێت. ژمارەی ٥٢٣ی موحەققێقوددەولە.

(مۆری وەرگرتن) برووسکەخانەی باجگیران

لەمەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران، ئیدارەی برووسکەی دەوڵەتی ئێران

ژمارەی ٣ی دەوڵەتی ٦٣وشە بەبـەرواری ٣ی بـورجی سـەوری[١٤٢] لـوئی ئیلـی ١٣٣٦(کۆچی)

نایبۆلحوکوومەی باجگیران بۆجێبەجێ کردنی دووخەروارچـەک وکـەلوپـەلی

١٤٠- ٢ی گولانی ١٢٩٦.

١٤١- ٣ی گولانی ١٢٩٧سالی گاماسی.

١٤٢- ٣ی گولانی ١٢٩٧سالی گاماسی.

شەڕهەوڵ بدە. بە گورج و گۆڵـی کاربکرێـت. بـە حوکوومـەتی قووچـان ڕابگـەینن سوارە بۆ یارمەتی ئێوە بنێرێت. ئەیوەیش تاقمێک هاوڕێیان بکـەن تـا بـە یارمـەتی سوارەکانی قووچان بگەینە مەبەست.

٢ی سەور ژمارەی٥٥٥موحەققێقوددەولە[١٤٣]

نایبولحوکوومـەی خوراسـان و سیـستان لەقووچانـەوە بـۆ بـاجگیران. ژمـارەی ١١٧٢٣/٢ڕەقەمی وشەکان ٤٣ ڕۆژی ٤ی سەرەتای ساڵی[١٤٤]١٣٣٦ کۆچی

موقەڕیبولخاقانی سوڵتان بەیگ موباشیری باجگیران

ئاغەی ئیسپنلا بەیانی لە قووچانەوە دەڕوات بۆ باجگیران، پێنج سوار بنێـرن بـۆ ئیمام قولی تاکوو لەگەڵ ئەوبن. سەبارەت بە مووچە ی قەڕاسوورانیش[١٤٥]لەگەڵ ئەو وتوویژبکەن و پێتان دەڵێت.

١٤ی ڕەمەزانی ١٣٣٣هوژەبرولمەلێک[١٤٦] قلیجی

****

لە شیروانەوە بۆ باجگیران

ژمـارەی ٦٥١/٢.ڕەقـەمی وشـەکان ٣١.ڕۆژی ١٧ی سـەرەتان ساڵی1336[147]کۆچی

نایبولحوکوومە

جافرخان برازاگی داراب[١٤٨]دوێنیٚشـەو دەرچـوو، داراب ڕابگـرن وریـابن ئەگـەر

١٤٣- بڕووسکەی ناوبراو دیارە سەبارەت بە شوێنە گرینگەکانی ڕێگەی نێوان مەشـهەد -قووچـان و قووچان- باجگیرانە کە دەبێ سوارەکان بیپارێزن. یەکێ ئەم شوێنانەدا بوو کە دوایی خەدوو سەردار شەش هەزار تمەنی ڕفاند.

١٤٤-١٤ی پووشپەڕی ١٢٩٧.

١٤٥- قەڕاسووران پۆلیسی ڕێگای نێوان باجگیران و قووچان کە بە ئەسـتۆی حەبیبولـلاخانی ناسر لەشکر هیوەدانلوو بوو.

١٤٦- هوژ برولمەلێک مونشی و هەمووکارەی شوجاعوددەولە بوو.

١٤٧- ١٧ پووشپەڕی١٢٩٧.

١٤٨- نەناسران

جافریش هات بۆ ئەو دەوروبەرە بیگرن. (تاج موحەممەد[١٤٩])

****

لە قووچانەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٢٨ ڕەقەمی وشەکان ٣٠.بە بەرواری ٢٨ی بورجی دەلووئیان ئیلی ساڵی مار٣٨ی ڕێبەندانی ١٢٩٧ی هەتاوی .ساڵی ١٣٣٦ کە ١٣٣٧ کۆچی درۆستە.

موعتەمێدوحەزرەتی سوڵتان بەگ موباشێری باجگیران

ئەگەر شاموحەممەد[١٥٠] بگرن خزمەتی گەورەتان بەمن و دەوڵەت کردووە. سوارە ش بۆ یارمەتی ئێوە نێردرا. (شوجاعوددەولە مۆری برووسکەخانەی باجگیران)

****

لەمەشهەدی موقەددەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٣٦ ڕەقەمی وشەکان٣٤.یەکەمی حووتی ئیلان ئیلی ساڵی ١٣٣٦ (حووتی١٣٣٧درۆستە)

موعتەمیدولحەزرەتی سوڵتان بەگی موباشێری باجگیران

زۆر بۆ پاراستنی ئیداراتی دەوڵەتی بە تایبەتماڵی وریابن ئەگەر زەرەرێک یان تاڵان کردنێک لەهەر کام لە ناوچەکان ڕووبدات، ئێوە بەرپرسن. ٣٠[١٥١]ی دەلوو ژمارەی ٣١٧٨

****

لە قووچانەوە بۆ باجگیران

١٤٩- تاج موحەممەدخانی بادلانلوو، کە ئەم ڕۆژانە حاکمی شیروان بوو.

١٥٠- هۆی مەترسی شوجاعوددەولە و دەوڵەتی ئێران لەشاموحەممەد ئەوە بوو کە ئەوان لە دەسەلاتێ کە لەولاتی کومونیستی ڕووسیە ساڵێ لەمەوبەر ١٩١٧ بە سەرۆکایەتی لنین هاتبووە سەرکار دەترسان. بۆ ئەوەی کە ئەگەر شاموحەممەد دەیتوانی لە لایەن ژێردەسەکانی سنوورنشینی کە هەموویان کورد بوون خۆشەویستی بە دەس بهێنێ گیروگرفتی زۆرتر لە ناوچە درۆست دەبوو. هەروا کە دووساڵی دواتر ئەم باسە لە ڕاپەڕینی کومونیستی خەدوسەردار بەدی هات.

١٥١- شوجاعوددەولە برووسکەکەی ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ئیمزا کردووە و ڕۆژی دوایی یانێ یەکەمی ڕەشەمە هەزار دراوە.

ژمارەی ۳۷ ڕەقەمی وشەکان ۸۸ .یەکەمی بورجی حووتی[152] ئیلان ئیلی سالی مار سالی ۱۳۳٦بەرانبەر بە ۱۲۹۷/۱۲/۱ی هەتاوی.

موعتەمێدولحەزرەتی سولتان بەگ موباشێری باجگیران

سوارم بۆ یارمەتی ئێوە هەنارد، بۆ حەسەن خانی بەیگیشم شارەکیم نووسی کە ئەمشەو لە شارەک [گوندێکەلە نێوان باجگیران و قووچان] بە سوارەکانیەوە بێت بۆ یارمەتی ئێوە. شاموحەممەدیشم لەڕۆستەم ویستووە[153] و هەنگاوی باشی بۆ گرتنی ئەو هەلگرتووە. ئێوەش هەنگاوی قورسی خۆتان هەلگرن بەلکوو ئەم دڕکە لە چاوی موسەلمانەکان دەربێت. هەرکەستان بتوانێ بە ئەسیر یان کوژراوبیهێنێ پانسەد تمەن نەقدی پێ دەدرێت و[154] هەموو جۆرێک ڕیزی لێ دەگیردرێت.

ژمارەی ۳۱۷٤.شوجاعوددەولە، ۳۰ی دەلوو، ڕێبەندانی ۱۲۹۷ی هەتاوی.

****

لەقووچانەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ۸ ڕەقەمی وشەکان ۱۱۳بەرواری بورجی حووتی ئیلان ئیلی سالی ۱۳۳٦، سێهەمی ڕەشەمەی ۱۳۳۷ سالی مار، بەرانبەر بە ۱۲۹۷/۱۲/۳

موعتەمێدولحەزرەتی سولتان بەگ ئاغەی مەشهەدی عەلی ئەسغەری ئۆف لە لایەن کومیتەی قەفقازییەی عێشق ئاواوە هاتووتە باجگیران و داوای شایی[155] کردووە. ولام دراوە، بەڕاستی دەیبینن و بە ئێوەش ڕادەگەیندرێ چەن

۱۵۲- یەکەمی ڕەشەمە، وەرگرتنی برووسکە لەباجگیران.

۱۵۳- ڕۆسەمی سفکانلوو

۱۵٤- لە ئەم برووسکەی عەبدورەزاخانی شوجاعوددەولەی حاکمی قووچان بۆ سولتان بەگ دەرئەکەوێ کە شاموحەممەد بە ڕاستی بۆ خەلکی سنوور و دەزگای دەولەتی کێشەی گەورەی خولقاندووە کە بۆ ئەو پانسەد تمەن خەلات دابین کراوە کە نرخی زۆرتر بووە لە هەزار سەر.

۱۵۵- وشەی موحەممەد بە شوێنیدا داکەوتووە، مەبەست شاموحەممەدە کە کومونیستەکان بۆ ڕزگاربوونی لە زیندانی سولتان کەوتوونەتە جوولان. ڕوون نیە سولتان چلۆن ئەوانی گرتووە و هەروەها ئاشکرانیە شوجاعوددەولە بۆئەیگوت بۆ کوژرانی و یان ئەسیرکردنی ئەو پانسەد تمەن دەدەم. ئێستە بۆچی بێدەنگ بووە و هیچ نالێ؟ وادیارە چێشتی ڕووسەکان زۆر چەورتر بووە.

کەس لە دارو دەستەی شاموحەممەد کە گرتووتانە بەزمانەتی عەلی ئەسغەر خۆی ئازادیان کەن یان ئەوان بنێرن بۆ قووچان کە لێرە ئازاد بکرێن. چەن ڕۆژێکیش بە شاموحەممەد دەرفەت بدەن تاکوو موحەممەد ئۆف دڵنیا بکات و بیهێنێ بۆ قووچان کەببێتە هۆی هێمن بوونی باجگیران و ئەگەر نەهات و ملە پێچکێ کرد تاوانەکەی بڵێن بە موحەممەد کە هاتووە بۆ باجگیران. (٢ی حووت ژمارەی ٣١٩٣شوجاعوددەولە.)

****

لە مەشهەدی موقەددەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ١٥ ڕەقەمی وشەکان ٦٩بەرواری ٤ی بورجی حووتی ئیلان ئیلی ساڵی ١٣٣٦. ٤ ی ڕەشەمەی ١٣٣٧ساڵی مار.[١٢٩٧/١٢/٤دروستە]

نایبولحوکوومەی باجگیران ـسولتان بەگـ

پێرەشەو مادی ناوێک کوڕی کەربەلایی جەوادی چەرم فرۆش سەری حەبیب ناوێکی بڕیوە و هەزار مەنات هەزار مەناتی ڕووسی، [ئەگەر هەزار مەناتی دووهەم دووپات نەکرابێت یەک میلیون مەنات] پارەی ئەوی بردووە و چووە بۆ بوخارا بەناو نیشانەی ئەوەی کەلاوێکی ١٨ ساڵەی چاوبرۆ ڕەشە و ڕیشی نیە. مێزەرەی قاوەیی کەمکۆڵی هەیە. بڵێن ئەگەر لە ئەو سنوورەوە تێپەڕی، بیگرن .

ئیوارەی ئیاڵەتی ٣ی حووت، ژمارەی ٩٧٨٤موزەففەری مۆری وەرگرتن برووسکەخانەی باجگیران.

وادیارە کە ئەم برووسکەیەی بە تەواوی گەورەکان و سنوورەکان ڕاگەیاندووە کە لە دەرچوونی ئەم دزە لە ئێران بەرگری کەن و بۆ گرتنی ئەو هەنگاو هەڵێنن .جێگای ڕوودانی ئەم تاوانباریە مەشهەد بووە.

****

لە قووچانەوە بۆ باجگیران

وەلامی ژمارەی ١٣ ڕەقەمی وشەکان ٦٥ بە بەرواری٧ی بورجی حووتی ئیلان ئیلی ساڵی ١٣٣٦ حەوتەمی ڕەشەمەی ١٣٣٧ی کۆچی بەرانبەر بە ١٢٩٧/١٢/٧ی هەتاوی دروستە.

وەڵام لە لایەن ئاغەی حاجی یەحیا وە بە تاریخی ٧ی ١٣٣٦.
موعتەمێدولحەزرەتی سوڵتان بەگ موباشێری باجگیران!
هەر بە گرتنی ئەم برووسکە سێ کەس سواری بەهێز هاوڕێ لەگەڵ ئاغەی نازرو بنەماڵەکانیان بنێرن بۆ قووچان. لەڕێگا ئەوپەڕی پاراستن بە کار بێنن. ڕوسەیش[١٥٦]ها لە شەمخاڵ. زوو وەڕێ کەون و بڕۆن کاری تەواو کەن.
****

لە مەشهەدی موقەدەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٤٨ی دەوڵەتی ٥٧وشە١٢ی بورجی حووتی ئیلان ئیلی ١٣٣٧ی

١٥٦- لەبرووسکەی یەکەمی ڕەشەمە کە تێپەڕی شوجاعوددەولە برووسکەی کردبوو بۆ سوڵتان بەگ کەبەم بۆنە ڕۆستەمی کردبوو بە بەرپرسی گرتنی شاموحەممەد بەڵام ڕۆستەم کە سەرۆکایەتی ڕەگەزی سێفکانلووی بە ئەستۆ گرتبوو ئەو کارەی نەکرد. دوایی لە برووسکەی ١٦ی خاکەلێوە موزەففەری سەرپەلی لەشکەر لەمەشهەدەوە پیرۆزبایی کوشتنی ڕۆستەمی بۆ سوڵتان بەگ هەنارد بوو.
هەر بەم بۆنەوە جاری دیکە شوجاعوددەولە برووسکەی هەنارد بوو بۆ سوڵتان بەگ کە بڕوات و کاری ڕۆستەمی نالەبار تەواو بکات یانێ ئەو بکوژێت. بۆ ئەوەی کە ڕۆستەم دەبێ بە تاوانی خوێنی حەسەن خان بکوژرایە. وادیارە سوڵتان بەگ ئەم کارەناکات و بڕوای وایە هەواڵێک دەنێرێ بۆ ڕۆستەم لە شەمخاڵ کە دوڵێکە لە باجگیراندا و جێگای قشلاخی کوردەکان بوو، تا بڕوات بۆ جێگایەک لە گوندی سیفکانلوو نێوان گوندەکانی شەیخکانلوو و حەمزەکانلوو لەسێ فەرسەخی خاوەری ئووغاز و دوایی هەروەها کە دێت خەدووسەردار دەبێتە بەرپرسی سەرکوتکردنی ڕۆستەم. خەدوو لە گلیان دێت و دەڕوات بۆ ئووغاز کە لەوێشەوە دەڕوات بۆ سیفکانلوو. سەعادەتقولی خان کوڕی موحەممەد حوسەین خانی ئووغازی ئەم کاتە لەگەڵ سوارەکانی سیوکانلوو بە دەستووری شوجاعوددەولە بۆ سەرکوت کردنی موحەممەد زوشکی ڕێگری بە ناو بانگ ڕۆیشتبوو. موحەممەدی زوشکی لە نزیکی مەشهەدەوە ڕێبوارەکان و ئەوانەی کە دەچوون بۆ زیارەت یان دەیانیکوشت یان تالانیانی دەکرد. خەدوو ئەو کاتەی کە گەیشتە ئووغاز موحەممەد حوسەین خان نەیهێشت بێ بۆ ناو قەلا و خۆی لەگەڵ چەن نەوکەرێکدا چوونە بان قەلاکە و ئامادەی خۆپاراستن بوون بۆ ئەوەی کە مەترسی ئەوەیان بوو کە خەدوو بیری خراپی بۆیان بێت. خەدوو کە ئەمەی دی لە ڕێگای ترەوە چوو بۆ ئووغاز کۆنە و لەوێشەوە چوو بۆ حەمزەکانلوو ڕۆژی دوایی قەلای سیفکانلوو وێران بوو و ڕۆستەمیش کوژرا. کەلاوەکانی ئەم گوندە هێشتا ماوە. پاشماوەی سیفکانلووەکان بە دەوروبەردا بلاویان کرد و تاقمێکیان لە ئووغاز نیشتەجێ بوون کە بنەماڵەی قەیخا بیگلەر لەو ڕەگەزەن.

کۆچی، بەرانبەر بە ١٢٩٧/١٢/٤ی هەتاوی.

نایبولحوکوومەی باجگیران بە هەواڵێکی برووسکە دەڵێت شاموحەممەد[157] و ڕۆستەم کە دەرچووگن سەری ڕێگایان گرتووە و دوو ئەسپی تاج موحەممەد خانی بەهادوری و هەژدە بار ئاردی باجگیرانیەکان دەبەن. وریا بن کە ڕووداوی خراپ یان دزی ڕوونەدات و ئاکامی ئەم کارە و بەرانبەر بوونی سوارەکانی حوکوومەت لەگەڵ شەڕاوشووەکان ڕابگەینن.ژمارەی ٩٣٧٨موزەففەری

****

لە قووچانەوە بۆ باجگیران

ژمارە ٣٣ ڕەقەمی وشەکان ٨٩ بەرواری١٤ی حووتی ئیلان ئیلی ساڵی مار ساڵی ١٣٣٦ کۆچی بەرانبەر بە ١٢٩٧/١٢/١٤درۆستە موعتەمێدولحەزرەتی سوڵتان بەیگ

برووسکەکە گەیشت بەڵام خوداویردی ـخەدوو سەردارـ برووسکەی هەناردووە کە ئێوە کاتی هاتنی ئەو بۆ باجگیران بەرگریتان کردووە و پێشوازی ئەوتان نەکردووە. دەزانن کە زۆربەی ئەم کارانەی دژ بە ئێوەئەکرێت شاموحەممەدە دەیکات. لەمە بە دواوە دەبێ هەموو چەشنە یارمەتییێکی هێزەکانی بکەن و کاتی دواکەوتنی شەڕاوشووەکان ئێوەش سواری ئازا بنێرن. بۆ کەم وکوڕی کە بوو برووسکە کرا. خوداوێردی سەردار لە باجگیرانەوە کەوتووەتە ڕێ. بڕۆن بۆ شەمخاڵە ئێوە زۆر پارێزەری هێمنی وئیدارەکان بپارێزن. ١٤ی حووت، ژمارەی٣٢٧٦ شوجاعوددەولە.[158]

****

١٥٧- وادیارە کە دوای ئەوەی شاموحەممەد بە داخوازی عەلی ئەسغەری موحەممەد ئۆف نوێنەری کومیتەی کومونیستی قەفقاز لە زیندانی سوڵتان بەگ ئازاد کراوە تاکوو بیبەن بۆ قووچان ڕووسەکان بە جێ ئەوەی کە بیبەن بۆ قووچان دەیبەن بۆ ڕووسیە و وابلاوی دەکەنەوە کە دەرچووە.

١٥٨- شوجاعوددەولە داخوازی گرتنی ڕوستەمی لەئەبووتالیبی کەلاتە کرد؛ بەڵام ئەو بە خۆڕاگرتن بەرانبەر بە لێدانی هەزار شەلاق و زیندان و ئەشکەنجە ئامادە نەبوو کە بڕیاری شوجاعوددەولە بەڕێوە ببات کە دوایی خەدوو بووە بەرپرسی کوشتنی ڕۆستەم.

لە مەشهەدی موقەددەسەوە بۆ باجگیران

ژمارەی ٦٩ی دەوڵەتی ٥٩وشە ٣١ی بورجی[١٥٩] حووتی ئیلان ئیلی (ساڵی مار١٢٩٧ی هەتاوی) ١٣٣٦کۆچی. سولتان بەیگ برووسکەی ئێوە بینرا بە تایبەت بۆ دۆلیجەز دەرگەز بە داکۆکیەوە برووسکە کرا کە هەرکات ڕۆستەم و هاوڕێیەکانی بیانەوێ بچنە ناو ئەو خاکە، حوکوومەت بیان گرێ.[١٦٠] سەبارەت بەکەم و کۆڕی مەخارج، سواری نێردراوە بۆ حکوومەتی قووچان و بە پێویست ڕاگەیێندرا کە چاوەدێری ئاسایشی حالتان بن. ١٤ی حووت ژمارەی ٩٤٥٨مو زەففەری.[١٦١]

گرتنی شوجاعوددەوڵە بە دەستووری قەواموسەڵتەنە

هەروەها کە وترا عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەوڵە تا ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی لە قووچان بە شێوەیەکی نالەبار و بەهەڵە حوکوومەتی دەکرد ئەو جگە لەوەی کە ئازایی و لێهاتوویی باوک و باپیرانی خۆی نەبوو لەبابەتی کاری سیاسی و ئابووریشەوە بۆ ڕێبەری و سەرۆکایەتی ناوچەی ژێر دەستی خۆی لێهاتوویی پێویستی نەبوو. لەدەوروبەریدا خەڵکێکی خولتەکەر و هەروەها خۆبەزل زان و ملهوڕ بوون کە لەسەر ئەوە بوون بۆ دەسەڵاتی خۆیان شوجاعوددەوڵە لە کارەکانی سیاسی دوور کەنەوە و

١٥٩- بەبڕوام دەبێ ١٣ی بورجی حووت دروست بێت نە٣١ی حووت بۆ ئەوەی کە تاریخی ئیمزای موزەففەری ١٤ی حووتە یانێ ١٤ی ڕەشمەی ١٢٩٧ی هەتاوی.

١٦٠- ڕۆستەم بەجێ ئەوەی کەلە شەمخاڵەوە لە نێوان باجگیران و دەرەگەز بڕوات بۆ دەرگەز یانێ هەروەها کەوترا گەڕاوە بۆ نیشتمانی خۆی یانێ بۆقەڵای سیفکانلوو و دوایی خەدوو گەمارۆی دا.

١٦١- بە سوپاسەوە لە ئاغای سوڵتانی ڕۆڵەزای سوڵتانبەگ کە ئەم برووسکانەی ناوەتە بەر دەست نووسەر، بە داخەوە یەکێ لەم بەڵگانە کە بە خەتی قەواموسولتەنە سەرۆکی ئەو کاتە لە ناو لاپەڕەیەکی چاپاری چکۆلە لە سێ خەتدا بۆ سوڵتانبەگ نوسرابوو لەم نێوانەدا ون بووە. من ئەم بەڵگەمە کاتی وەرگرتنی دی و خوێندمەوە؛ بەلام ئاغەی سوڵتانی بە منی نەدا، ئێستا دەڵێ کە بە منی داوە و من لە بیرم نایێ کە ئەو بەڵگەمە وەرگرتووە بە هەر جۆرێ بێت ئێستا ئەم بەڵگە لەم نێوانەدا ون بووە و ئاواتەخوازم بدۆزرێتەوە و ئێمە قەرەبووی کەین. ئەم بەڵگە بە خەت و ئیمزای قەواموسسەڵتەنە بوو کە دوای پارێزگاری خوراسان لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی بوو بە سەرۆک وەزیر، ئەو لەم بەڵگەدا بۆ سوڵتان بەگی نوسیبوو ئاگای لە والی خوراسان بێ.

ئەو بەکارەکانی دیکە خەریک کەن. عەبدورڕەزاخان کە لەسەردەمی لاویەتیەوە بەسەرۆکایەتی گەیشت، پێویست بە ئەوە بوو کە کاربەڕێوەبەران و کەسانی لێهاتوو بۆ چارەسەر کردنی چەڵەمەکان ئەویان ڕێنموونی و ڕێبەرایەتی کردایە ؛بەلام نەبوونی وەها کەسانێکی باش بووە هۆی ئەوەی کە کەسانێک بەم دەرفەتە بتوانن بە شێوەکانی جۆراوجۆر بیروڕای ئەو بۆ خۆیان ڕابکێشن و ئەویان لە ئەوکارانەی کە دەبوایە بیکردایە دووربخەنەوە هەروەها کە لە کەڵک وەرگرتنی لەبارودۆخی زەمان لەفەزای سیاسی ئێران وەدوورکەوت.

لە کەندوکۆسپەکانی دەورانی حوکوومەتی شوجاعوددەولە دەتوانین ئاخەرین ڕاپەڕینی کوردەکانی فیرووزە و عێشق ئاوا بەرانبەر بە ڕژیمی دوولایەنەی ڕووسیەو خۆڕاگرتنی بەرانبەری بڕیارنامەیداسەپێندراو و یەک لایەنەی ڕووسیە سەبارەت بە فیرووزە وداگیر کردنی قووچان لە لایەن ئەو ولاتەوە و کوژرانی جەجووخانی دەرەگەزی و هێرشی شەوانەی تورکمانەکان بەسەر هۆزی کوردی باشکانلوو و ڕاپەڕینی خەدووسەردار و دامەزراندنی چریکەکانی خۆماڵی لە لایەن ئینگلیزەوە و دەسەلاتی سیاسی دووهێزی گەورەی ئیستێعمارگەری دونیا ناوبەین. قەواموسسەڵتەنە[١٦٢] کاتی هاتنی خۆی بۆ خوراسان لەشارووددەوە لە ساڵی ١٢٩٧ی هەتاوی بە برووسکە دەستووری دا کە گەورەکان و حاکمەکانی خوراسان لە سەبزەوار پێشوازی ئەوبکەن کەببووە پارێزگاری خوراسان. بۆ بەڕێوە بردنی ئەم دەستوورە کە لە ڕووی خۆ بە زل زانینەوە بوو تەواوی گەورەکان و حاکمەکانی خوراسان جگە لەشوجاعوددەولە کە لەجێگای دیاری کراودا لە ئەوپێشوازی و ڕێزگرتن و کڕنۆش کردنیان کرد، شوجاعوددەولە کە لە فیزو ملهوڕی قەوام زۆر

١٦٢- ئەحمەدی قەواموسسەڵتەنە برای وسووقوددەولە کوڕی میرزا ئیبراهیمی موعتەمێدوسسەڵتەنە و ڕۆڵەزای میرزا موحەممەدی قەواموددەولە هۆی سەرکەوتنی لەشکەریەکانی خوراسان بەرانبەری تورکمانەکانی سەروە کە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی سەر شۆڕییەکی لەمێژووی ئێرانداخولقاند، با پیران و بنەماڵەی قەواموسەڵتەنە و خۆشی هۆی بەڕێوە بەری ئیستیماری ئینگلیس لە ئێران بوون و خزمەتی زۆریان بە گەورەکانی خۆیان کرد.

تووڕە بوو و ئەوکارەی ئەوی بە سووکایە تیبەخۆی و خەڵکی خوراسان دەزانی و لەچوون بۆ پێشوازی قەوام دووری گرت. دەوروبەری ئەو بە برووسکە وەڵامی قەوامیان دا کەبە هۆی نەبوون ئارامشەوە نەڕۆیشتنی شوجاعوددەولە لە قووچانەوە پێویستە. قەوام کە دەیەویست بە ڕووخاندنی گرینگ ترین کەسی خوراسان هێزی خۆی بەخەڵکی ناهێمنی ئەو دەڤەرەڕابگەینێ .بە برووسکەیەکی دیکە دەستووری دا کە شوجاعوددەولە لەمەشهەدەوە بێ بۆ پێشوازی ئەو. شوجاعوددەولە کە قەوامی بە نوێنەری ئینگلیسیەکان دەزانی، دیتنی ئەم برووسکە بووە هۆی تووڕە بوونی زۆرتر و دوو دڵی ئەو بەرانبەر بە قەوام و لەچوون بۆ پێشوازی ئەو خۆی دزیەوە، ئاغەی سەفاپوور سەرهەنگی خانوونشین و گرووبان سێهەمی ئەورۆ کەیەکێ لەسێ بە ڕپرسانی پاراستنی قەوام و تەماشاکەری ئەم ڕووداوە بوون لەم بابەتەوە وای گەیاند:

ئێمە سێ نەفەر ئەفسەر و گرووبان و ژاندارم بووین کە قواموسەڵتنەمان لە تارانەوە بۆ خوراسان دەپاراست. قەوام ویستی لەسەرەتاییترین ڕۆژی هاتنی خۆی خوراسانیەکانی نائارام بترسێنێت. هەربەم بۆنەوە بروسکەی زۆری لەشاڕوودەوە بۆ گەورەکانی خوراسان هەنارد و ئەوانی بۆ پێشوازی لە خۆی بانگ کرد تا بە هەراو هووریا و سەربەرزی تایبەتەوە بێتە ناو مەشهەد. گەورەکان و حاکمەکان جگە لە شوجاعوددەولە لەسەبزەوار بەیەک گەیشتن و ئەوانەی کەبەهەر هۆیەکەوە نەیانتوانی بێن و لەوێ بەخزمەتی بگەن دووپات بە برووسکە دەستوور درا کە لەنزیکی مەشهەدەوە پێشوازی لێ بکەن. لە گوندی تۆرووق گەورەکانی دیکەی خوراسان بۆ پێشوازی هاتبوون؛ بەڵام ئەو کەچاوەڕێی دیتنی عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولە کە لە گەورەترین حاکمەکانی خوراسان و حاکمی قووچان بوو، جێگەی ئەوی خالی بینی.

نەبوونی شوجاعوددەولە کە گەورەترین سووکایە تی بۆ قەوام بوو ئەوی زۆر تووڕە کردو هاواری کرد: ئەوە شوجاعوددەولە کە کۆیە؟ مەهدەوی ڕەئیسوتوججاری مەشهەدی کە دیار بوو لەگەڵ شوجاعوددەولە ناکۆکی پێشتریان هەبووە چووە پێشەوە و خەریکی خراپە وتنی بووە و شوجاعوددەولەی ملهوڕو سەرپێچی کەر

ناساندووه و هەستی قەرەبوو کردنی قەوامی بەرانبەر بە ئەو داگیرساند. دوایی گەیشتن بە مەشهەد قەوام ویستی شوجاعوددەوڵە بگرێت و سەرکوتی کات؛ بەڵام بۆ بەڕێوە بردنی ئەم کارە شەڕ جێگای نەبوو و ئەو فێڵەیەکی بەکار هێناو ستوان شەیبانی[١٦٣] و ئاسپیران[١٦٤] یەحیا خان و منی کە گرووبان سێهەم بووم لەگەڵ سێ نەفەر ژاندارما نێونەری بەڕێوە بردنی ئەم کارەکران و دەستوورگەلێکیشی بۆ گەورەکانی ناوچەکە هەنارد. ئێمە بە ناوی هاوکاری لەگەڵ گەورەی ماڵی دارایی قووچان بۆ وەرگرتنی ماڵیاتەکانی دواکەوتوو و تایبەتمەندی کردنی سنووری تریاک وەکوو سازمانی دووخانیاتی ئێستا چوین بۆ ئەوشارەوله کاروانسەرایەک لەشەقامی عێشق ئاوا بەرانبەر بەباخی نەتەوەیی ئێستە جێگر بوین. دوای بیست ڕۆژ مانەوە سەرۆکی ئێمە بە دارشتنی نەخشەیەک بە ئەوکاری گەورەکانی دارایی و شارەبانی[١٦٥] شوجاعوددەوڵەیان بۆ بەڕێوە بردنی جەژنی دانی خەڵات بە خوێندکارانی هەڵکەوتووی قوتابخانەی قووچان بە ناوی شوجاعوددەوڵە یان مێهردادی پێشوو بانگ کرد، بەڵام هەر بە ئەوەی کە شوجاعوددەوڵە گەیشتە ناو دەفتەری سەرۆکی قوتابخانە گەورەکانی ژاندارمری و شارەبانی لە پشتی سەرەوە چەکەکانیان نا بان سەروشانی ئەو و کارێکیان کرد کە ڕای گرن .شوجاعوددەوڵە کەسەری لێشێوا بوو چاوی گێڕا بە قوتابخانە و دەوروبەرو بانەکان و چۆن هەموو جێگایەکی لەدەست ئەوانەوە بینی و بە ئومێدی ئەوەی کە کاری خراپی نەکردووە نەیویست کە پیاوەکانی خۆی لەگەڵ ژاندارمەکان شە ڕبکە ن و بە دەوروبەرەکانی خۆی دەستووری دا کە هیچ کارێک لە لایەن ئەوان یان خەڵکی شارەوە نەکرێت.[١٦٦] ئەو کاتە سواری گارییەکە بوو و لەگەڵ عەبدوڵلاخانی گرووبان و

١٦٣- ئەمە هەر ئەو سەرلەشکەر شەیبانەیە کە دوایی ناسراوە بە ئەمیرشەیبانی کە لە شەڕی لوڕستان بەرانبەر بە لوڕەکان لەزەمانی ڕەزاشا بەشدار بوو.

١٦٤- پلەی ئاسپیرانی بەرانبەر بە ستوان سێهەمی ئەمڕۆ بووە.

١٦٥- ستوان دووهەم خولام حوسەین خان سەرۆکی نەزمیە بوو.

١٦٦- و ئەمە لاوازی شوجاعوددەوڵە دەگەیێنێ بۆ ئەوەی کە ئەو بە ئاماژەیەک دەیتوانی فەرمان بدات کە سوارەکان و تیرئەنازەکانی هۆزی زەعفرانلوو لەپشتەوە هێزەکانی قەوام گەمارۆ بدەن و

دەکەسی دیکەی ژاندارم بۆ مەشهەد ڕوویی. دوای ئەوە ژاندارمەکان بە پێی نەخشەیەک کە زووتر دابین کرابوو، نزیکەی دووسەد کەسیان لە پارێزەرەکان و سوارەکان و خزمەکانی شوجاعوددەولە گرت و چەکەکانیان لێ ستاند و زیندانیان کرد و دوایی بۆ ماڵی شوجاعوددەولە هورووژمیان برد و بە بیانووی ماڵیاتەکانی دواکەوتوو تەواوی ماڵ و کەل و پەل و پارە و جەواهێرەکان و هەرشتێک کە دەیانتوانی بیبەن تالانیان کرد و بردیان بۆ دادگاییەکەی من کە وەکوو سەرۆکی قەراوڵەکان لە ئۆتاغی میرئاخوڕی شوجاعوددەولە نیشتە جێ بووم دەنگی شوجاعوددەوڵەم دەبیست کە دەیگوت ئێوە نوێنەری دەوڵەتین یان تالانکەر؟ ئەگەر شوجاعوددەولە تاوانبارە بنەماڵەکەی کە تاوانبارنیە بەڵام کەس گوێ بەقسەکانی نەدا و هەرکەسێ لەبیری تالانی زۆرتردا بوو. لە ئۆتاغی میرئاخوڕیش دووکیسە پارەی نوقرە دۆزراوە هەرکیسەیەک ۲۵۰تمەن پارەی نوقرەی تێدابوو. خودا دەزانێ چەشتانێکی بە نرخ و بایەخدار و چە ئەسلەحە و موهێماتێک و چە پارە و جەواهێرێک لەماڵی شوجاعوددەولە تالان کرا و دەرنەکەوت کەچی بەسەریاندا هاتووە.[١٦٧]

گەڕینەوە بۆ سەرباس و هۆی ناکۆکی نێوان ڕەئیسوتوججار لەگەڵ شوجاعوددەولە کەبووە هۆی ئەم کارەساتە.

ناکۆکییەکانی ماڵی نێوان شوجاعوددەولە لەگەڵ ڕەئیسوتوججار

ئەحمەد شای قاجاڕ کە وەکوو باوباپیرانی خۆی لەبیری سەیران و سەرخۆشی لەگەڵ مەعشووقەکانی فەرەنگی و سەیران لە ئورووپا بوو وەکوو جاران گمێزی کەفی کرد و کەوتە بیری سەفەری فەرەنگ. چۆن خەزانەی وڵات چۆڵ بوو و

ئەسلەحەکانیان بگرن و هەموویان زیندانی کەن و بەسەر بەرزییەوە بەرانبەر بە قەوام ڕاوەستن و بە ئەو بسەلمێنێ کەلەگەڵ چەکەسێ دەرکەوتووە. بەداخەوە کە شوجاعوددەولە بێ دەسەلات بوو.

١٦٧- سەرهەنگ سەفاپوور گوتوویە: دوای گرتنی شوجاعوددەولە، قەواموسسەلتەنە، شوجاعوسولتانی کرد بە سەرۆکی گەورەی قووچان.

هەموو سەرچاوەمالییەکانی نەتەوایەتی لەڕابردوودا پێش فرۆش کرابوو، هەربەم بۆنەوە دەبوا ئەرکی ئەم سەفەرە لە گیرفانی ژێردەستەکانی فەقیرو تێکۆشەر کۆ بکرایە، ئەو کەسانەی کە ئەرکی هاتوچوونی شایان بۆ ئوروپا ڕێک دەخست بۆ دەسخۆشی ئەم کارە کە لە لایەن شا و سەدرئەعزەمەوە فەرمان دەدرا جگە لەوی کەسەرۆکایەتی گەورەیان بەدەس دەهێنا، دە ستیشیان بەسەرماڵ و نامووس و گیانی خەلکدا درێژ بوو و کەس نەیدەتوانی لەگەڵ ویستی ئەوان ناحەزی بکات.

یەکێ لەم دەلالانە مەهدەوی رەئیسوتوججار لە مووساییەکانی ئێسفەهانی دانیشتووی مەشهەد بوو کە لوتفعەلی خان لەهەواڵەکانی پێشووی خۆی بارودۆخی ئەو و ئامۆزاگەکەی ئەمینوززەربی لەتاران بۆ ئێمە تاڕادەیەک درکاند. ئابووری وڵات لەم کاتەدا بە دەستی ئەم جۆرە کەسانەوە بوو کەئەو بۆبەڕێک خستنی ئەرکی سەفەری شا بۆ فەرەنگ ویستی کە عەبدوڕڕەزاخانی شوجاعوددەولە لەسەرۆکایەتی قووچان لاچێت و بۆ تاران بانگ کرێت. ویستی ئەو بەڕێوە چوو و شوجاعوددەولە بانگ کرا. ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو کە شوجاعوددەولە بێ بۆ تاران مەهدەوی لەسەر ڕێگای ئەو لە ناویەکێ لەباخەکانی سەوزوخۆش‌دا بەزمی خۆش و سەرخۆشی دانا، دوای ئەوە لە کاتێکدا کەشوجاعوددەولە ماندوو بوو و تەپ و تۆزی ڕێگا لەسەروڕوویدا نیشتبوو خۆی بەرانبەر بە ئەم بەزمە بینی و پێشوازی مەهدەوی بەرانبەر بە خۆی دی .مەهدەوی بە فێڵەوە لەوەی کە دەرفەتێک بۆ خزمەت کردنی گەورەی هۆزی زەعفەرانلوو و گەورەکانی خوراسانی بە دەس هێناوە زۆردەس خۆشی لە خان کرد کە ئەم شانازییەی بۆ ئەو داناوە.

دوایی کە مەشرووب و تریاک هێنرا، مەهدەوی هۆی ناکۆکی و مەبەستی لەسەفەری شوجاعوددەولەی لەو ویست. شوجاعوددەولە کە زۆر بێ خەبەر بوو گوتی نازانم؛ بەڵام بازنامێهرەبانییە.

مەهدەوی وتی من ژیانی خۆم لە ڕێگای تۆدا فیدا ئەکەم و هیچ کاتێ ئیزنیان پێ نادەم کەبێ عیدالەتی ئاوا لە حەققی تۆدا بکەن و خۆم دەسەلات و حکوومەت وەرئەگرم و ئەیهێرمە خزمەتتان. دووهەمین بەشی شانۆ بەباشی بەسەر برا. ڕۆژێکی

تر خۆی وانواند که پاش رەنج و مەینەتی زۆر بە دانی شەست هەزار تمەن بۆ ماڵیاتەدواکەوتووەکانی باپیران لە لایەن شوجاعوددەولە وە حکوومەتی قووچانی بۆ بەدەس بێنێتەوە. شوجاعوددەولە کە فریوی ئەم یەهوودیزادەی خوارد بوو پاش پێزانین و سپاسێکی زۆر لەو تکای کرد کە لە جیاتی پارە بەڵگەیێکی لێ وەربگرێ تا پاش گەیشن بە قووچان پارەی ناوبراو پێک بێت و بنێردرێ. شوجاعوددەولە بە پێی دەسنووسێ، خاوەنداری چەند دێهاتی شیروانی کە شوێنی کاری هەزار جووت گا بوو دای بەمەهدەوی و ئەم یەهوودیزادە بەبۆنەی گەیشتن بەو سامانە ئەم هەموو پیشەکییەی چنی بوو. شوجاعودەولە دوای گەڕاننەوە بۆ قووچان نیوەی پارە ناوبردووەکە خۆی پێکی هێنا و نیوەیێکی تری لە ئاغاکانی خێڵ و عەشایر و خەڵکی قووچان بەزۆری شەلاخ وەرگرتبوو. چەن کەسیش وەکوو محەممەدحسەین‌خانی ئووغازی شەیخولخەوانینی بەند کرد و پاش لێدانی زۆر دووهەزارتمەنی بەزۆر لێیان وەرگرت. لەم لەشکرکێشانەی شوجاعوددەولە بۆ ئووغاز ئاغاکانی قووچان وەکو وەلیخانی قەهرەمانلوو تاج‌محەممەد خانی بەهادوری، فەرهاد خانی تووپکانلوو، حەبیبوڵلاخان ناسرلەشکەر و چەن کەس تریش ئەویان هاوڕێی کرد. لەم کاتەدا شوجاعوددەولە کەلەبچەکردنی ڕۆستەمی لە ئەبوو تالب بەگی بیچەرانلوو داواکرد و چون ئەو حازر بە ئەنجامی نەبوو یەکسەد هەزار زەربەی شەلاخی لێی دا. دواجار شوجاعودەولە ئەوی کەتبەست کرد و بە پای پیادە ناردی بۆ قووچان و خستیە بەندیخانەوە. لە دانیشتنی داهاتوودا سەبارەت بە ئەبوو تالب بە چرووپری باس دەکرێ. لە ئاکام دا برێ پارە لە خێڵ و عەشایری دێهاتەکانی قووچان وەرگیرا کە شوجاعوددەولە مەجبوور بوو برێک لەوە بە والیەکانی خوراسان وەکوو ڕوکنەدەولە و ناسرەدین میرزا کوڕی موزەفەرەدین شا و کامەران میرزا کوڕی ناسرەدین شا و برێکی تر لە زالووەکان و دەرباریەکان بدات و برێکیش لەبابەتی قەرزەکانی خۆی بە ڕەئیسوتوجار بداتەوە چون ئەو تا ئەم کاتە زۆرتر لە ۱۵۰ هەزار تمەن لە شوجاعوددەولە داواکار بوو و شوجاعودەلە بەڵگەکانی ٦٠ دێهاتی خۆی بەو دابوو. پاش ماوەیەک کەمەهدەوی ڕەئیسووتوجار هاتبوو بۆ مەشهەد و بە دەعوەتی

شوجاعوددەوڵـــە بـــۆ قووچـــانیش هـــات شوجاعوددەوڵـــە دوای میوانـــداری و ڕاگەییشتنێکی زۆر و درێـژەداری شـەوانە بـڕێکی تـر لـە پووڵـەکەی پێـدا و چەنـد بەڵگەی خۆی لێ وەرگرتەوە. لە ئاکامی بەزمی شەوانە کەشوجاعودەڵـە سـەرخۆش بوو دیسان ڕەئیسووتوجار لـەبارودۆخ کەڵـکی وەرگـرت و دەسنووسـەکانی لـە ژێـر دۆشەکەی شوجاعوددەوڵە دەرهێنا و هـەر ئـەو شـەوە بـە سـواری ئەسـپ لەگـەڵ هاوڕێکانی خۆی ڕێی مەشهەدیان گرتەبـەر. ڕۆژی دوایـی کـە شوجاعوددەوڵـە لـە خـــووی مەســـی هاتـــە ســـەرخۆ زانی کـــە دەسنووســـەکانیان بـــردووە. پێـــشوێنی ڕەئیسووتووجاری گرت.. وتیان شەوی ڕابردوو چوو بۆ مەشهەد. شوجاعوددەوڵە کە تازە زانیبووی چ دەسەگوڵێکی داوە بە ئاوا لەتەشـقی تـووڕەیی و غـەزەب مـشتێکی دابەســەر خۆیـا و قیڕانـدی: بێـژن بـەوەلیخانی قـەهرەمانلوو بێـت بـۆ ئێـرە. خێـرا سەعاتێکیتر وەلیخان بەخزمەت گەییشت و شوجاعوددەوڵـە دەسـتووری گەڕانـەوە وکەلەبچە کردنی ڕەئیسوتوجاری دا بەڵام مریشک لەقەفەس هـەڵاتبوو وەلیخـان تـا نزدیک چناران ڕۆیشت بەڵام بـە ڕەئیـسوتوجار نەگەیـشت و هـەروا ناکـام گـەڕاوە. مەهدەویش دوای گەڕانەوە دەسی کرد بە پیلان گێڕان و لـە لای قەواموسەڵـتەنەی والی خوراسان شکاتی کرد کە شوجاعوددەوڵە نەتەنیا قەرزەکـەی ناداتـەوە بەڵـکوو دەیـــەوێ بیکـــوژێتیش دوای ئـــەوە قـــەوام و ڕەئیـــسووتوجار بـــۆ لەبـــەین بـــردنی شوجاعوددەوڵە دەستی برایەتیان داو توانیان لە ناوی ببەن.

حوکمی بە هادوردیوانی وەلیخانی قەهرەمانلوو لە لایەن والی خوراسان

قەواموسەڵـــتەنە والی خوراســـان دوای کەلەبچـــە کـــردنی شوجاعوددەوڵـــە بـــۆ وەدەست هێنانی دڵی خانەکانی کوردی خوراسان دەس بە کار بـوو تـا لەیـەکێیتی ئەوان دژ بە خۆی بەرگیری بکات. حـوکمی نـاوبراویش لـەم بـارەوە نێـردراوە. ئـەم حوکمە بوو بە هۆی ئەوەی کە وەلی خان لەخەدوو سەردار جیا ببێتـەوە و ڕووبکاتـە ئوردووی دەوڵەتی. نیشانەی حوکم: دەوڵەتی گەورەی ئێران ٩٧١٣ بـەرواری ١٦ی بەفرانبار ١٢٩٩ لەبەر ئەوەی کە توانا و هێز و خزمەت کردنی وەلیخانی قـەهرەمانلوو

بۆمان ڕوونە و شیاوی بەخشینی ڕەحمەتە بە بۆنەی ئەم حوکمە ناوبراو بە نازناوی بەهادوردیوان دەناسرێ و هیوادارین کە ئەم خەڵاتی دەوڵەتە ببێتە هۆی کار ئامەیی و توانایی زۆرتری و زۆرتر لە ڕابردوو بە کۆڕی خزمەت کردن و گیان بازی بۆ دەوڵەت و خەبات و شۆڕشی ڕووبهێنێت.[۱۶۸]

بارودۆخی قووچان و خێڵی زەعفەرانلوو دوای شوجاعوددەوڵە

هەبوونی عەبدوڕەزاخانی شوجاعوددەوڵە بە ئەوپەڕی ناتوانییەوە دیسان بوو بە هۆی دڵگەرمی و یەکێتی خەڵکی قووچان و هەرچێی بوو باشتر لە بێگانەکان بوو کەمەبەستێکیان جگە لە داگیر کردن و دزی نەبوو. ئەو ئاخرین یادگاری زنجیرەی گەورە و پیری مێژووساز بوو ئەو ئاخرین چڵی داری قەڵەو وپڕلە شاخ و گەڵایێک بوو کە ساڵەهای ساڵ لەبەرانبەر بەڵا و تۆفان و بۆرانی ڕۆژگاردا وێستا بوو بەڵام ئەمەی کەبۆچی ئاغاکانی کورد بۆ ڕزگاری شوجاعوددەوڵە هیچ کارێکیان نەکرد ئەبێ بەو شتانەی کە ئاماژەی پێی دەکەین سەرنج بدەین:

۱. دڵخۆش نەبوونی زۆرتری ئاغاکانی کورد لە کاری شوجاعوددەوڵە.

۲. نەیاری ئاغاکانی کورد لەگەڵ یەکتر و نەبوونی یەکێتی لەنێوانی ئەواندا.

۳. نەبوونی بیروڕای فەرهەنگی و ڕامیاری پێویست. نەیانئەزانی دوای لە ناو بردنی شوجاعوددەوڵە نۆبەی خۆیان ئەگات و دوژمن زۆرتر چاوەڕێی لاواز کردنی ئەم بنەماڵەو بەژێر چەپۆک کێشانی کوردەکان ببوەوبەوان بەزەی نایەت و نەئەهێڵن محەممەد ئیبراهیم خان بەسەر کۆشکی حکوومەت ڕابمێنێ و نەئەهێڵن سەردار بجنووردی و نە تاجمحەممەد خان و نە خەدووسەردار و نە وەلیخان و نە فەرەجوڵلاخان بیچرانلوو و نە کەسی تریان. مەبەستی داگیرکەرانی ئینگلیس و

۱۶۸- ئەم بەڵگەیە و چەن بەڵگەی تر کە هی کاک وەلیخانی قەهرەمانلووە ونەوە و نەبیرەکانی وەلیخانی قەهرەمانلووی بەهادوردیوان فتۆکۆپیان کردبوو و لەمەشهەدا بوو، لە لەناوچوونی بەرگری کرا. ئەسڵی ئەم بەڵگەیە لەگەڵ زۆربەی بەڵگە گەورەکانی خێڵی زەعفەرانلوو لە لافاوی وێرانکەری ساڵی ۱۳٥٤ی قووچان لەناو چوو.

ڕووس ڕۆشنە لاواز کردن و لە ناو بردنی خێڵی کورد کەلە سەرووی دەسەڵاتی حکوومەت و قودرەتدا ڕاوێستاون. وێران کردنی لەسەرەوەی دەسەڵاتدا بەرەبەرە هەمووی دەسەڵات وێران ئەبێت. گای ڕەش هەر ئەو ڕۆژەی شێر کوشتی کە گای زەردو سپی کوژران. قەواموسەڵتەنە بەکرێگیراوی ئینگلیس لە خوراسان دا نەیتوانی تەنانەت بیری گرتن و زیندانی کردنی شوجاعوددەولەش بکاتەوە کە ئاوا بێ دەنگوباس توانی ئەو کارەی کرد. ئەو دوای بەڕێوە بردنی پیلانی ناپیاوانە و زیرەکانەی خۆی هەرکام لە ئاغاکانی بەجۆرێ سەرگەرم و هیوادار کرد و بۆ بڕێکیان شمشێر و خەڵاتی نارد. محەممەد ئیبراهیم خان ڕۆشنی بەسەرپەرشتی خێڵی زەعفەرانلوو جێگری حکوومەتی قووچان دەستنیشان بوو و زۆریش لەقەواموسەڵتەنە سپاسی کرد. حکوومەتی قووچان کەوتە دەست غەیری کوردەکان. یەکێ لە ئاغاکانی توربەتی حەیدەریە بە ناو محەممەد میرزای قارەمان ناسراو بە شوجاعوسوڵتان دەستی دا بە فێڵەبازییەوە. دوای ئەوەی کە محەممەد ئیبراهیم خانی لە قووچان کردە دەرەوە خۆی لە جێگای ئەو دانیشت.

وەلیخان و فەراد خان و باقیەکەشیان وایان بە چاک زانی کە بچنە پێ وشوێنی مەڕومالدا وخۆیان لەدڵی کەژ و کێوا نوقم بکەن؛ بەڵام ئەمەی کە ئەڵێن ئەمان لەگەڵ مەڕ و بەرخەکانیاندا ڕەفیق و هاوڕێ بن ئەبێ ببینین داهاتوو چی ئەڵێ. شوجاعوددەولە زەلیل و نەخۆش بوو. نەیتوانی لەبەندیخانە دەوام بێرێت یا ئەو جۆرە ئەیگێڕنەوە نەیانهێشت بەرنگاری ژیانی زیندان بێتەوە. قەوام وڕەئیسوتوجار بەیارمەتی قاوەی قەجەری لەشەڕی ژین ڕاحەتی کرد و لە ١٦ی سەفەری سالی ١٣٣٧ غەریبانە بەبێ تەشیع تەرم بەخاک سپێردرا.[١٦٩]

ئیستا مەهدەوی رەئیسوتوجار بێ هیچ ڕەقیبێ ئەیتوانی تەواوی موڵکی شوجاعوددەولە لە قووچان و شیروان و ئەسفەرایەن وەدەست بێنێت بەڵام کەسێکی دلێر و نەترس و بێ باک پێویست بوو کە پیلانی ئەو بەڕێوە ببات و پارێزەری قازانجەکانی ئەو بێت. لە مێژەوە گوتووبانە کرمی دار هەر لە خۆیەتی. ئایا کەسێ

١٦٩- جوغرافیای مێژووی قووچان، شاکری، لاپەڕەی٣ ٦٨

غەیری کورد ئەیتوانی ئەم کارە گرنگە بەڕێوە بـەرێت؟ مەهـدەوی دانـە دانـەی ئـەو کوردانەی وابەکار ئەهاتن دایە ژێرنەزەر و کەوتە ناو فکـر و ئـەمجارە گـوتی: پەیـدام کرد ئایا باشتر لەوەلیخانی قـەهرەمانلوو کەسـێ پەیـدا ئـەبێ هـەرگیز. وەلیخـانی قەهرەمانلوو لە لایەن ڕەئیسووتووجار فەرمانی بـەڕێوە بـردنی کـاری پێـی درابـوو و لەگەڵ چەن کەس لەنۆکەرەکانی خۆی و بەکرێ گـرتنی چـەن کـەس لـە کـوردە بێوارەکان کە لە خۆی بێ باک تر بوون بەهەڵ گرتنی حوکمی ڕەئیسوتوجار کـاری خۆیان دەس پێکرد و تەواوی دێهاتەکانیان داگیر کرد کەبرێ لـەم دێهاتانـە بـریتین لە:

١- حسەیناوای شیروان
٢- بێگان شوێنی کارخانەی ئیمڕۆیی قەنی شیروان
٣-توودە
٤- سیاگای شیروان
٥- نەجەفاوا
٦- مەش تەقی
٧- ئەڵلاڵئاوای شیروان
٨- بەشێ لە ئەملاکی قەڵای شیروان
٩- تەناسوانی شیروان و ١٢ دێهاتی تـر کـە لـە دەهـەنی شـوور لـە خـۆراوای نەیشابوور تا ئەسفەرایەندرێژە.

بەڵام وەلیخان لە وەرگرتنەوەی پرتان و قاسماوای ئەسـفەرایەن لـە محەممـەد ئیبراهیم خانی ڕۆشنی و دەهانەی شوور لەفەرادخانی تووپکـانلوو بـرێ بـەلاو ئـاژاوە هاتە سەر ڕێگای؛ بەڵام پاداشـی وەلیخـان چـی بـوو؟ بـە ئـەمری ڕەئیـسوتوجار بـە دەستی پولیسی ڕەزاشا لەماڵی ڕەئیـسوتوجار لـە تـاران و لەسـەر سـفرەی نانـەوە قۆڵبەست کرا و چەن ساڵ لە زیندان مایەوە و دوای ئـەویش درا لەسـێدارە کـە لـە بەرگی شەشم دا زۆرتر لەم بارەوە بـاس دەکـەین. بـەڵام لـە ڕووداوەکـانی دیکـەی قووچان لەسەردەمی شوجاعوسوڵتان قۆڵبەست کـردن و کوشـتنی تـەیموور خـانی

جریستانی بوو کە کارەکانی زۆر ناشیرین و ناحەز بوو. جەزاییکی باشتر لەمەی ناتوانی ببێت. ئەو بەهاوڕێی میسرخانی جریستانی میلانلوو ناسراو بە پیرانی وەیسە قۆڵبەست و بە جەزای خۆی گەییشت. تەموو لەگەڵ برای خۆی عەلیخان لەشەڕانیەکانی جریستان بوون. عەلیخان هەر ئەو کەسەی بوو وا پەری کاوانلوو ئەو کچە جوان و قارەمانەی کوردی، لەناو خێڵ دزی؛ بەلام هەرگیز بەخاتری لەسەر خۆکردنەوەی پەری کە چەقۆیێکی بەدەستەوە بوو و ئەوی ئەترسان کە ئەگەر بەو نزیکەوە بێت خۆی ئەکوژێ، نەیتوانی دەسی پێ پەیا کات. تا ئەوەیکە عەلیخان‌بەگی بیچرانلوو و سوارەکانی کاویانلوو ئەویان تاقیب ئەکرد و دوای هەشت مانگ لە ناو خاکی شەوڕەوی حەشار درا وکوشتیان و پەری‌یان نەجات دا.

گۆرانی بەناوبانگی پەری گیان کە کاک محەممەدیووسف‌زادە بە یارمەتی سازی کاک عەلی ئاوشووری خوێندوویەتی کە بە بیرهێنانە وەی ئەم بەرنگاری قارەمانانەی پەریەیە کە لە کتێبی فەلسەفەی گۆرانیەکان و مووسیقا کرمانجیەکان زۆرتر لەسەری ئەڕۆین. لە ڕووداوەکانی دیکەی سالی ١٣٣٧ ی مانگی، شەڕو ئاژاوەی شامۆ و سوڵتانبەگ لەباجگیران و دەخالەتی ڕووسەکان لەوێدایە. بە دوای ئەم ڕووداوانە مەسەلەی خەدووسەردار لە دەستووری کاری بەکرێ گیراوەکانی ئینگلیس‌دا هاتە ئاراوە. چون خەدوو لەسەردەمی حکوومەتی شوجاعوددەولە ئەو جۆرەی کەدێت هاوڕێی محەممەدخان بۆ شیروان بووە. تاج محەممەد خان خەدووی بە گەورە ترین لەمپەری ڕێ و دوژمنی خۆی ئەزانی. بەم بۆنەوە بۆ لەناو بردنی ئەو دەسی دا بە هەندێ کارەوە. خەدوو بۆ ئەوەی کە خۆی لەم ئاژاوەی ناوچەییە بکێشێتەوە بۆ هیلاکی دەرکردن بە ماوەیێکی کەم سەرێکی دا لە عیشقاوای ڕووس کە لەم سەردەمەدا ناوەندی کار کردنی کۆمێنیستەکانی شەورەوی بەشی سەرۆی خەزەر بوو و لەوێ‌دابوو کەبۆ تۆڵە سەندنەوە لە تاج محەممەد خان و قەواموسەلّتەنە و تێکەلی کومونیستەکان بوو و گەڕایەوە بۆ شیروان و گیلیانی بۆ بنکە هەڵبژارد.

دەخاڵەتی ڕووسەکان لە ڕووداوەکانی باجگیران و کوشتاری ئەوان بەدەستی کوردەکان

گوتمان کە دوای کەلەبچە کردنی عەبدورڕەزاخان شوجاعوددەولـەی ئیلخـانی زەعفـەرانلوو بەبۆنـەی قەواموسەڵـتەنەی والی خوراسـان لـە ساڵـی ۱۲۹۷ هـەتاوی شوجاعوسوڵـتانی قارەمـان لـە ئاغاکـانی توربـەتی حەیدەریـە کەلـە باوکیـەوە بـە محەممەدخانی قەرایی و لە دایکیەوە بە قارەمان میرزا کوڕی نایبوسەڵتەنەی قاجـار ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداری قووچان هەڵبژیردرا و محەممەد ئیبراهیم خان ڕۆشـنی زەعفەرانلوو لە ئامۆزاکانی شوجاعوددەولە کەلەم کاتەدا لە نێوانی ئـەوانا پێکـدادانێکی گەورە بەدی هاتبوو، بوو بەجێگری ئەو. لە کاری ئیدارەکردنی خێڵی زەعفەرانلوو لـە گرنگترین ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەی قووچان ئەتوانین بە ئـاژاوە و شـەڕو شـۆڕی نێوان شامحەممەد کوڕی کەربـەلایی تـەیموور کـەم کـەیلانلوو ناسـراو بـە شـامۆ و سوڵتانبەگ باجگیری بوو کـە ئەمـەش هـەردوو بـەرەکێکـی تـر بـوو و لـەم شـارە سنوورییەدا پێکیان هێنـابوو. ئاماژەبکـەین حکوومـەتی بـاجگیران لـەم سـەردەمەدا لەسەر شانی محەممەد حسێن خانی سیوکانلووی ئووغازی بوو. لەم ئاژاوانە کەبۆ بـە دەست گرتنی هێزو دەسەڵات لە نێوان دووکەس لەخەڵکی سیوکانلوو دەسـتی پـێ کردبوو بەبیروڕاو چارەی محەممەدحسین خان چارەسەر نەکرا و چون ڕووسـەکان و ئینگلیسیەکان هەردووکیان لەم شوێنە سنوورییەدا قازانجی خۆیـان لـەوێ ئـەوینی، ئاوری شەڕو ئاژاوەیان تیژتـر کـرد. ئـەم شـەڕانەکە لەسـەردەمی عەبـدوڕەزا خـانی شوجاعوددەولەدا دەستی پێ کردبوو ئیستا بە ئەوپەڕی خۆی گەیشتبوو. لە ئاکام دا شامۆ نەیتوانی لەبەرانبەر سوڵـتان بـەگ کەلـە لایـەنی محەممـەد حـسینخانـەوە پشتیوانی ئەکرا خۆی بگرێ. بەم بۆنەوە هەڵات بۆ ئەودیوی سنوور. دوای ماوەیـەک وەرگرتنەوەی باجگیران لەگەڵ یەک گورهان لەساڵداتەکانی ڕووسیە هێرشی کـردە سەرباجگیران. هێزێکی ٤٧کەسەکەبریتین لە ئەفسەران و سـەربازەکانی ڕرووس لـە کاتی دەمەوبەیان لەگەڵ هاتنی کازیوەدا شاریان حەشار دا و ماڵی سوڵتان بـەیگیان

وەبەرگوللەدا. سولتان بەیگ خەریکی نوێژی بەیانی بوو کە گوللەکان بەشوێن یەکا لە پەنجەرەیماڵەوە چوونە ناو دیوەکەی.

سوڵتانبەیگ لە هیچ ڕووداوێکا و تەنانەت ئەگەر مەترسی کوشتنی ببوایا، نوێژی خۆی نابڕی. بەم بۆنەوە ژنی سوڵتانبەگ چەکی مازووری هەڵگرت و لە پشت پەنجەرەوە سەنگەری گرتبوو و تیری دەهاویشت بۆ ڕۆسەکان و بە کوشتنی چەن کەس لەوان لەمپەری ڕێ ئەوان بوو. لەم ئاژاوەدا گوللەیێ درا لە دەستی ڕاستی ژنی سوڵتانبەگ و چەک لە دەستی کەوتە خوار و هێزی لێ بڕا و دەستی بەسەر لاشیا شکا.

ئەم ژنە فرزو بێ باکە کە مێردەکەی خەریکی نوێژ خوێندن بوو دیسان خۆی گەیاندە چەکەکەی و بە دەستی چەپی تیر هاویشتنی دەست پێ کرد تا ئەوەیکە سوڵتانبەگ نوێژەکەی تەواو کرد و بەیارمەتی ئەوەوە هات و بەسەروێنەکەی دەستە شکاوەکەی ژنەکەی بەست بە ملیەوە و گوتی زووکە پەیکێ بۆ گوندی بەردەر بنێرە و ئەبووتالببەگی بیچرانلوو لەم ڕووداوە ئاگاداربکە. ژنی سوڵتانبەگ بە یارمەتی ژنانی هاوسێ ئەم پەیامەی بەپەیکێکی نادیار بۆ بەردەرنارد. نێوانی بەردەر لە باجگیرانەوە نزیک بەیەک فرسەخ و نیو بە ڕێگای کوێستانیە. سوڵتانبەگ لەگەڵ شامۆ و ڕووسەکاندا خەریکی شەڕ بوو. تیشکی هەتاو لە پشتی کێوەکانەوە بە ئەسپایی هاتە نێو ئاسمان. ئەبووتالب بەیگ ئەو شاسەواری گۆڕەپانی دلێرییە و قارەمانی نەبەزی ڕووداوەکانی دوایی وەکوو هەڵۆیێکی تێژباڵ بەسەر شامۆ و ڕووسەکاندا هاتە خوارو و لە پاش سەریانەوە ئەوانی حەشاردا ووە بەر ڕەگباری گوللەیانی دا و وەکوو گەڵای پاییزی بەسەر عەرزدا ڕژان. هێشتا هەتاو نەهاتبووە نێوانی ئاسمان کەبە کوشتنی سیوسێ کەس لە ڕووسەکان و١١ بریندار و نیوەگیان شەڕ تەواو بوو، بەڵام شامۆ لەگەڵ سێ کەس لە ڕووسەکان توانیان لە هەوراز و نشێوی کێوەکانەوە هەڵێن و خۆیان بگەیننە ئەو دیوی سنوور. تا خۆراوای ئەو ڕۆژە ٧کەس تر لە بریندارەکانی ڕووسیش کوژران. ٤ کەسی دیکە کە کەمتر بریندار بوون بە دەستووری سوڵتانبەیگ تیمار کران و بۆ ڕۆژی دوایی درانەوە بە

سنوورەوانانی ڕووسیە. چەن مانگێ لەم ڕووداوە بەسەر نەچووبوو کە دیسان شامۆ لە ڕووسیە گەڕاوە بۆ باجگیران و دیسان شەڕو ئاژاوە لەنوێوە دەسی پێ کرد. کەم ڕۆژ بوو کە لەم شارە سنووریەدا نێوانی هاوڕێیانی ئەوان شەڕ هەڵنەگرێ. بە لاواز بوونی هێزی ئەو دوانە قەواموسەڵتەنە کە بە دوای دەرفەتێکی ئاواوە بوو بڕێ لە ژاندارمەکانی خۆی لەمەشهەدەوە بۆ باجگیران نارد. هەردووکەسەکەی کەلەبچەکرد و هێنایانی بۆ مەشهەد و لەشوێنی ئیستەی هوتێل ستارە زیندانیانی کرد. لەو سەردەمەدا ئێرە کاروانسەرایێک بوو کە بە دەستی ژاندارمێریەوە بوو و هەر لێرەدا بوو کە ١٢ساڵیتریش خەدووسەردار لەوێدا زیندانی بوو. ئێستا ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی بوو. هیوایێک بۆ رزگاری شامۆ و سوڵتانبەگ نەبوو، بەڵام محەممەد حسێن خان ئووغازی ئیل بەگی کەیکانلوو ڕۆیی بۆ مەشهەد و شامۆ و سوڵتانبەگی لەبەندیخانە ئاشتی داوە و هۆی هەڵاتنی ئەوانی لەبەندیخانەی قەواموسەڵتەنە پێک هێنا. لە شەوێکی جومعەدا کە ژاندارمەکان بۆ داربڕین و کەسب چووبوونە ناو بازاڕەوە، محەممەد حسێن خان عەلی بەلووچ ژاندارم پاسەوانی بەندیخانەی لەگەڵ خۆیا هاوقسە کرد و زیندانیەکانی ئازاد کرد و لەگەڵ ژاندارمێکی ترچوونە ئێستەبلی مەهدەوی ڕەئیسووتوجار و پێنج سەر ئەسپی چاوکیان هێنا دەرە وە و سوار بوون و بەرەو قووچان هەڵاتن. هێشتا خۆرهەڵنەهاتبوو گەییشتنە چناران و سیمەکانی برووسکەی بەینی ڕێیان قرتاند تا بە ئەو شوێنە ڕاپۆت نەدرێت. لە نزیکایی چناران دا ئەسپی عەلی بەلووچی سکەندەری، عەلی دا بە عەرزو عەلی لەژێر ئەسپەکە دا گیانی دەرچوو و پاشماوەیان چوون بۆ باجگیران. ئەم ڕووداوانە خوا لێخۆش بوو سەرهەنگ سەخاپوور کە خۆی هەر لەو ژاندارمە نێردراوانە بۆ باجگیران بوو بۆمی گێراوەتەوە. قەواموسەڵتەنەی خوراسان کە لە هەڵاتنی زیندانیەکان ئاگادار بوو، محەممەد حسێن میرزای جیهانبانی زاوای براکەی کە سەرۆک ژاندارمی خوراسان بوو لەگەڵ سەد کەس لە ژاندارمەکاندا کردەبەرپرسی کەلەبچە کردنی ئەوانەی وا هەڵاتبوون. محەممەد حسێن خان لە باجگیران چوو بۆ ئووغاز. شامۆ هەڵات بۆ ڕووسیە و سوڵتان لەباجگیران خۆی بەدەستەوە دا. هۆی دوژمنایەتی

قەواموسەڵتەنە لەگەڵ سوڵتانبەگ و محەممەد حسێن خان ئووغازی ئەمە بوو کە دوای کەلەبچە کردن و دیل کردنی عەبدوڕەزاخانی شوجاعوددەولە ئاغاکانی کورد هەر کامێکیان سەربە خۆ کاریان ئەکرد. ئەم دووکەسە ناوبراوە لە حیزبی دیمۆکرات کە لەو سەردەمەدا لەمەشهەد دامەزرابوو پشتیوانیان ئەکرد و هیوادار بوون پەلی حیزبەکەیان لە قووچان و باجگیران پەرەی پێبدەن. ڕێگەی ئەم حیزبە سەر هێلی یاسای مەشرووتە و ڕاگرتنی سەربەخۆیی ئێران و ئازادی و بەرابەری دابوو و لەگەڵ گرێبەندی سەرشۆڕی ۱۹۱۹زایینی وسووقودەولەی برای قەواموسەڵتەنە کە ئێرانیان بە ئینگلیسەکان فرۆشت بوو دژایەتی ئەکرد و خەڵکی باجگیران و ڕێبەرەکەیان محەممەد حسێن خان ئووغازی ڕۆشن بیرو پێشکەوتوویی خواز بوون. سەرهەنگ سەفاپوور لە ژاندارمەکانی ئەو ڕۆژە بەرپرسی کەلەبچەکردنی سوڵتانبەیگ گوتی: من و ئاسپران یەحیا خان بەجیهانبانی پێشنیارمان دا کە چۆن بە هۆی کوێستانی بوونی ناوچەکەوە ناتوانین موحەممەد حسەین خان قۆڵبەست بکەین، باشتر ئەوەیەکە بەوبۆنەوە بچین کە فەرمانی دەسەڵاتداری باجیگرانمان بۆ هێناوە و ئەو فریوو ئەدەین تا لە ئووغازەوە باجگیرانی بێنین و دوا بە دوای هاتنی بۆشار کەلەبچەی ئەکەین ئەم پێشنیارەچەسپا و محەممەد حسێن خان بۆ باجگیران دەعوەت بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەو پیاوێکی زیرەک بوو بەجێی ئەوەیکە هەوەڵ خۆی بچێتە ناو باجگیران بەر لە خۆرهەڵاتن لە ڕێگاییێکی دەرەوەی زیلانەوە کە ئووغاز و باجگیرانی بەیەکەوە ئەگەیاندەوە بە یەک سوارەکانی خۆی پۆل پۆل ناردبۆ باجگیران. بەڕۆیشتنی هەوەڵین دەسەی سوارەکان بۆ باجگیران ئەو ژاندارمانەی وا لەسەر تەپۆڵکەی خوارووی باجگیران لەسەر ڕێگای ئووغازدا سەنگەریان گرتبوو بە هیوای ئەوەیکە محەممەد حسێن خان هاتەوە بۆ ناو شار و ئەوان گەمارۆیان داوە هاتنە دەر و گوللەیان هاویشت و بە دوای ئەوە سنگەرەکانی تری دەورووبەری شاریش ئەم هەڵەیانە کرد و محەممەد حسین خان کە هێشتا بە چای ئاوەکانی باجگیران نەگەیشتبوو بەبیستنی دەنگی تیرهاوشتین لەم فێڵە تێگەییشت و لەگەڵ سوارەکانی هاوڕێ بەرەولای کوێستانی زیلان و ئووغاز هەلات

و هەروەکوو مریشک لەهێلانەهەلات. لەم شەڕو ئاژاوەدا دووکەس لە سوارەکانی محەممەد حسین خان بریندار و پاشماوەیان هەلاتن. لە ئاکام دا سولتانبەگی نارد بۆ مەشهەد. ماوەیێک لەبەندیخانەی قەواموسەلتەنەدا بوو.محەممەد حسێن خانیش دوای ماوەییەکی تر هات بۆ مەشهەد و بە زوانەچەورەکەی قەواموسەلتەنەی ڕام کرد و گەڕاوە بۆ باجگیران و بە حکوومەتی خۆی لەوێدا دوایی هێنا.[۱۷۰]

شۆڕشی کۆمێنیستی خەدووسە ڕداری کرمانج

شۆڕشی کومونیستی دیکتاتۆری شەورەوی کە لە سالی ۱۹۱۷ زایینی بە ڕێبەری لێنین و بەیارمەتی ولاتە ڕۆژئاواییەکان کەلە هێزی نیزامی نیکێلا دیکتاتۆری زالم و خوێنڕێژی ڕووسیە ترسا بوون دەسەلاتیان وەدەست هانی ولە لایەنگرانی بیری کومونیستیەوە پێک هاتبوو وکاریگەری لەسەر تەواوی سیاسەتەکانی جیهانی ئەو ڕۆژە دانابوو کە ئێرانیش یەکێ لەوانەبوو. بە بۆنەی ئەوەیکە ئێران هەر لە مێژەوە سەرنج ڕاکێشی ڕووسەکان بوو بە جۆرێ کە دەیانئەویست دەسەلات بدەن بە ئێران. کومونیستەکانیش هەر ئەو ڕێ و ڕەوشتی

۱۷۰- ئەم وتووێژە لە سالی ۱۳۵۷ لەمەشهەدا لە مالی سەرکار سەفاپوور بەڕێوە چوو. جارێکی تر لە نێوانی ئێمە وتووێژ پێک هات، چەن سالیتر لە تاران لە کاک عەباسی ئارمین [سەروان عەباسی] لە هاوڕێیانی دوکتور موسەدیق و بەرەی نەتەوەیی کە تا پای داریش ڕۆیی بیستم کەسەرهەنگ سەفاپوور مردووە. بۆ ئەوەیکە کوڕەکەی سەر لەشکەر سەفاپوور لەهاودەورەکانی کاک ئووغازی بووە بۆ سەرەخۆشی ئەو چووبوو.خوالێخۆشبوو سەفاپوور کتێبێکی دەس نووسی لەگەل برێ وێنەی بەرچاو لە ئاغاکانی کوردی خوراسان و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە نووسی بوو دوای سەرکەوتوویی شۆڕش بڕیار بوو ئەوانە بنێتە ئیختیارم کە لێکۆلینەوەی بکەم و لە چاپی بدەم. هەرچەن ئەم کتێبە لەفشەو ئیراد خالی نەبوو بەلام برِی شتی بەرچاوی تێدا بوو چون ناوبراو خۆی لە تەواوی ڕووداوەکانی سالیانی داهاتوو یانێ لە ۱۲۹۷ی هەتاوی کەلەگەل قەواموسەلتەنە هاتبوو بۆ خوراسان و لەگەل تەواوی ئاغاکانا هاتووچووی بوو و بە جۆرێک لەگەلیانە نێوانی بوو. من وەکوو نووسەری مێژووی خوراسان لەبنەمالەی ئەو خوالێخۆش بووە ئاگام نییە. داواکارم بە جۆرێ کە خۆشە ڕەنجی نووسینی ئەو بەڕەحمەت چووە لە ناو نەچێت و با بەشێ لە مێژووی ولاتمان لە ناو نەچێت. ئەو نووسراوانە یا خۆیان لە چاپی بدەن یا لە ئیختیاری مندا دایبنێن کە بە ناوی خۆیانەوە چاپی بکەین.

پێشکەوتن خوازیەی حکوومەتی تەزاریان وەبەرگرت و کەوتنە بیری پێک هێنانی شەڕوشۆڕش لە ناوچەسنووریەکانی ئێران و تاقمێ شۆڕشیان لە ئازەربایجان و گیلان و خوراسان دا بەرپا کرد. شۆڕشی خوراسان خوداوێردی سەرداری کوردەکانی خوراسان دایگیرساند. لەهەوەڵین کونگرەی کومونیستەکان کەلە باکوو[١٧١] پێک هات. گەورەترین بەشدارەکان لەوێدا ئێرانیەکان بوون کەلەدواییدا شوێنی لە ئازەربایجان[١٧٢] و گیلانیش دەرکەوت کە لەخوراسانیش جگە لەوەیکە مەسافەتێکی دوورودرێژی لەگەڵ باکوودا بوو. محەممەد سادق بەیگی ئەسفەراییني نوێنەری خەدووسەردار لەوێدا بەشداری کرد کە ئەو جۆرە حاج سلێمان خانی ڕۆشنی زەعفەرانلوو دەڵێ تاقمێکی زۆر لە جاڕنامەکانی لە چاپ دا و لەم کۆنگرە لەگەڵ خۆیا بۆ خوراسان هێنابووی و تا دوای جۆزەردانی ١٣٢٠ تاقمێ لەوانە لە ماڵی ئەوا ئەپارێزرا. کومونیستەکان لەم کۆبوونەوە بڕیاریان بە بەشدار بوان دا کە ئەگەر وەکوو شۆڕشی کومونیستی ڕووسیە لە وڵاتی خۆیانا پێک بێنن هەموو جۆریارمەتی و کەرستە و ئامراز لە ئیختیاری ئەوانا دادەنێ. بەم جۆرە ڕووسەکان لە باخی سەوز و بەدەعوەت کراوەکان بڕیاری زۆریان‌دا و ئاوری شۆڕشی ئەوانیان تیژتر کرد بەلام

١٧١- باکوو هاوکێشی ماکوو لەناوە کوردیەکانە. شارێکە لەوبەری سنوورەوەیەو ئێمڕۆ ناوەندی کۆماری ئازەربایجانە و هۆی ناونانی ئەوە بەمانای بادکووبە یانی شارێکە لە بەر ڕێگای با وتۆفاندایە. لە کوردیدا پیتی د لەباد لا ئەبرێ و پیتی ب لە کووب وەرئەگێردرێتەوە و ئەبێت بە باکوو ناوی ئەم کۆمارەش کە کومونیستەکان بە بیانووی سیاسی بۆ بەش کردنی ئێران ئەم ناوەیان لێنا کە لە ڕابردوودا ناوێکی ئێرانی کوردی بوو و **ئاران** بوو کە دەستێوەرداوی **ئاروانە** یانێ نیگابانی ئاور. ئار ئاریان .ئێر ئێران تەواویان لێکدراو لەوشە کرمانجیەکانی ئار یانی ئاور.

١٧٢- شۆڕشی ئازەربایجان بەڕێبەری شێخ محەممەدی خیابانی باپیری مووساخیابانی لەسەرکردەکانی موجاهیدانی خەلق کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی لە تاران دا کوژرا بوو کە مەبەستی ئەو جیا کردنەوەی ئازەربایجان بوو. هەر بەم بۆنەوە ئازەبایجانیان ناونا ئازادستان. شۆڕشی گیلانیش بە ڕێبەری میرزا کووچەک خان دەسی پێ کرد و چون کومونیستەکان بەڕێبەری حەیدەرخانی عەمووئوغلی تیرۆریستی ناوداری تورک لەوێدا ڕەخنەیان کرد شکستی خوارد.

دوای ئەوەی ئەم نوێنەرانە لە ناوچـەکانی خۆیانـا شۆڕشـێکیان پێـک هێنـا[١٧٣] هـیچ یارمەتییێک نەکران و ڕووسەکان بە بڕیاری خۆیـان وەفایـان نـەکرد و ئـەم شۆڕشـانە یەک لە دوای یەک لە ئازەربایجـان و گـیلان و خوراسـان دا شکـستیان خـوارد. بـۆ ئەوەیکە وەکوو وەلاتە ڕۆژئاواییەکان نەبوو. ئـەم شۆڕشـە لەسـنوورەکانی سۆڤـیەت ئەولاتر بچێ ئە بێ بەهۆی ئەمە لەگەڵ دژایەتی ئینگلیسـیەکان ڕووبـەڕوو ببـێ. بی بی ڕابێعە نووسەری بەناو بانگی ڕووسی سەبارەت بە ئەم شۆڕشانە نووسـیویەتی:«لـە ئاوریلی سالی ١٩٢٠ لەتەبرێزدا شۆڕشـێ بـە ڕێبـەری شـێخ محەممـەدی خیابـانی دەستی پێ کرد. شۆڕشی بەرپانی ڕزگـاریخوازی نەتەوایـەتی خوراسانیـشی گرتـە بەر. لە سالـی ١٩١٧ هاوکـات لەگـەڵ شۆڕشـی سوڤـیەت لـە ناوچـەی شـیروانی خوراسان شۆڕشی فەقیرو هەژارەکانی کورد بەڕێبـەری خـەدوو دەسـتی پێکـرد.[١٧٤] ژۆرژ لەنچاغێـسکی لــەم بــارەوە هێناویــەتی: خوراســان لــە سالــی ١٩٢٠ بەرانبەربە١٢٩٩ی هەتاوی مەکۆی شەڕو پێکدادانێکی زۆربوو. بیلـشوویکەکان هـۆی پێک هێنانی ئەوە بوون .داگیر کردنی عیـشقاوا لەگـەلاڕێزانی سالـی ١٩١٩ دوا بـە دوای ئەو داگیر کردنە سەرتانسەری ناوچەکانی ماوەرای خەزەر بوو بـە هـۆی هاتنـە ئـەم دیـوی کوموونیـستەکانەوە. گـەرچی کـە ئەرتەشـی سۆڤـیەت بـێ هـیچ شـەڕوپیدانێکەوە لـە خوراسـاندا خۆیـان پیـشاندا ؛بـەلام هەوڵـیان ئـەدا کـە دەسەلاتدارێکی دەس نیشاندەی سۆڤیەت لەوێدا بێننـە سـەرکار. قـسمەت بـە نـاو خـوداوێردی خـانی سـەردار دەرهـات کـە لـە لایـەن سۆڤـیەتەوە بەرپرسـایەتی داگرساندنی شۆڕش لەناوچەکەداکەوتە ئەستۆی وبڕیار وابوو کـە ئەگـەر لـەو پیلانـە

١٧٣- یەکێ لەهۆکارەکانی زۆر بوونی نوێنەرانی ئێرانی لە کۆنگرەی باکوو، بـوونی کومونیـستە زانـا ئێرانیەکان وەکوو ئەبولقاسمی لاهووتی لە کوردەکانی کرماشان بوو کـە لـە دوایـی دا بەگـەورەترین پلەو پایە لە سۆڤیەت دا دەستی پەیدا کرد و بوو بە سەرۆک کۆماری تاجیکستان و بە هـۆی ئەمـەی کە دوای ماوەیێک بە پووچ بوونی دروشمـە کومونیـستەکانی زانی لەوێـدا هـەلات و دای لـە ئـاوی جەیحوون و ڕۆیی بۆ ئەفغانستان. سەرنج بدەنـە کتـێبی **ژیـان و چۆنیـەتی وشـەرحی حالـی مـن** نووسراوەی ئەبولقاسمی لاهووتی.

١٧٤- تورکمەنەکانی ئێران بی بی ڕابێعە، لوگاشوا، لاپەڕەی ١٣٨

سەرکەوتوو وپیرۆز بێت لەئەرتەشی سوور یارمەتی وەربگرێت. ڕووسەکان بۆ ئەوەی‌کە خوداوێردی‌خان هان بدەن تاکوو سەربەخۆیی خۆی لە ئێران ڕابگەیەنێت تا ڕادەیێکی زۆر چەک و تەقەمەنیان لەسنوورەکانی باکووری ئێران بۆ خوراسان ناردبوو[175] و ئەم شۆڕشە بێ‌یارمەتی ڕووسەکان نەیتوانی سەرکەوتووبێت و تەنیا کارێک کەشۆڕشگێڕەکان دەیتوانی ئازار گەیاندن بە گەورەکانی حکوومەتی خوراسان یان بە بەستنی ڕێ وبان داگیر کردنی دێهاتەکان بوو پیلانێکی ئاوا بەرزەفڕانە بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی[176] ئەو شوێنانە لەبارودۆخێکی ئاساییدا باوەڕی پێ نەدەکرا. پاش ساڵی ١٩٢١ بەڕێوە بەرانی ئەم شۆڕشە شکستیان وەخۆوە دەبینی.[177] بلوو ڕۆژهەلاتناسێکی‌تری ڕووس سەبارەت بەشۆڕشی خەدوو ئاوا ئەڵێ: لە ژوئەنی ١٩٢٠ی زایینی لە ناوچەی شیروان و قووچان شۆڕشێ بەڕێبەری خودایی [خەدوو] کە هەر لە مێژەوە لە لای ئاغاکانی کوردی خێڵی زەعفەرانلووە بە کاری شوانی سەرگەرم بوو لە ئەوپەڕی هەژاریدا هەڵسا و ئەم شۆڕشەی دژ بە داگیرکەرانی ناوەکی و داگیر کەرانی ئەرتەشی ئینگلیس هەڵگیرساند.

ئەرتەشی ئێران بە ئەوپەڕی ڕەنجەوە بەیارمەتی چریکەکانی ژێر فەرمانی فەرماندە بە کرێ گیراوەکان لە سپتامبری ١٩٢٠دا توانی ئەم شۆڕشەکە بخەوێنێ.[178]

١٧٥- هەر ئەم ڕەوشتە لەبارەی ئەستەراوا لە خۆرئاوای خوراسانیش بەکار براو تاقمێکی زۆر ئەسلەحەیان بۆ تورکمەنەکان نارد تا کۆماری سەربەخۆی تورکمەن لە گورگان پێک بێرن.

١٧٦- مەبەست کۆماری سەربەخۆی کوردستانی خوراسان بوو.

١٧٧- سی ساڵ کێ بەرکێی خورئاوا و سۆڤیەت لە ئێران ، ژورژ لەنچافسکی. وەرگێڕاوەی حوور یاوەری، ل٨٦

١٧٨- مێژووی ئێران ل.ک. بلوا. وەرگێڕاوەی کەیخوسرەو کشاوەرزی ، ل٤٤

خەدوو سەردار بناسین

سەردەمی منداڵی و تازەلاوی خەدوو: خوداویردی کـە کوردەکـانی خوراسـان بەپێی ڕێزمانی خۆیان لە ڕواڵەتی جۆراوجۆری بکەری و بـەرکاری و پێوەنـدی دراو و بشنۆیی و بزری دا بە چەن جۆری خود- خۆدی- خودە- خودۆ بـانگی ئەکـەن لـە کوردە پاڵەوانەکانی دێهاتی تکمـەرانی شـیروان لەبنەماڵـەیێکی هـەژار و نـەدار لـە دایک بوو. هەروایە لـەم جـۆرە بنەماڵانەیـە کـەپیاوێکی گەورە،گـەورە دەبـێ و بـێ پشتیوانی خەڵک لەسەر پای خۆیانا دەوەستن و مێژووی جیهان تێکئەدەن. دایـک و باوکی خەدوویش لە ماڵدنیا شـتێکیان نـەبوو.ئـەمـەی کـە بـڕێک ئەڵـێن هـۆی شۆڕشی خەدوو ئەمەبوو کە عەبدوڕەزاخانی شوجاعوددەولەی ئیلخـانی زەعفـەرانلوو گاو بەرخی باوکی خەدووی بە زۆر لێ وەرگرتبوو؛ بۆیە خەدوو شۆڕشی کرد درۆیـە و مەبەستی ئەوان بچووک کردنەوەی شوجاعوددەولەیە.

لەم بنەماڵە فەقیر و هەژارە چەن منداڵی چکۆلـە و برسـی لـە نـاو خۆڵاخۆیـان تلاوتل ئەدا کـە مێـژوو نـاوی تـاقمێکی لـەوانی بـە ئێمـە ناسـاندووە: ١- قلـیج٢- خوداوێردی ٣-ئەڵلاوێردی٤- حسێن و کچێک بە ناوی گوڵـشەن. ڕۆژێ یـەکێ لـە پیاوانی ڕووناکبیری کورد لە گوندی عەلیاوای بجنوورد ڕێی کەوتە لای مـاڵ بـاوکی خەدوو کە ئاشـنای زووی بـوو و بـەباروداۆخێکی چەوسـاوە و بـەمنالانێکی برسـی و ڕەشوڕووتەوە هەوڵ و پەرێشان بینی، تۆزێکی پـێ چـوو ئـەم کـە مێهـری خـەدوو چووە دڵی و لەگەڵ ئـەم منداڵـە پێـنج شـەش ساڵـە کـە چـەن بـرینی لەسـەری ئەومنداڵەشەوە دەبینی شۆخی دەکرد. خـەدوو کەچەڵـیش بـوو وای هـات بەدڵـدا لەبەر ئەوەی خۆی منداڵی نـەبوو، بەڵـکوو بـاوکی خـەدوو، خـەدووی پێـی بـدات و بەباشترین شێوە پەروەرشتی بکات. بەڵێ بە باوکی خەدووی گوت و ئەویش لـەڕێی بێ دەرەتانیەوە ئەم پیشنیارەی قەبووڵ کرد، چون ئـەیزانی کـە لانی کـەم خـەدوو لەمەبەدوا سکێکی تێر لەنانی گەنم یاجۆ ئەخوات و پێخوەرێ کـە ئـەو هـەچی ڕۆژە ئەیخوات خۆشک و براکانیشی پڕ لـە فرمێـسک و دڵـێکی خـەمبار جـێ هێـشت و

خەدوو ڕێی غوربەتی گرتەبەرو لەقەڵای عەلیاوا لە باکووری بجنوورد کە تا توکور نزیک بە ٤٠کیلۆمیتر بوو مایەوە و ئەم نێوانە دوورە بوو بە هۆی ئەوەی کە خەدوو نەتوانێ ساڵیانی ساڵ دایک وباوک و براکانی ببینێ. خەدوو لەماڵی تازەدا لە خۆراک و جل و بەرگێکی باش کەڵکی وەردەگرت؛ بەڵام هەر کاتێ ئەکەوتە بیری برا و خۆشک و هاوکایەبرسی و ڕووتەکانی خۆی لە دێهاتی توکوور دووکەڵ لە لووتی هەڵئەسا وبەهەناسەیێکی سارد و دڵێکی خەمبار بێئیختیار ئەچووە سووچێکەوە دەستی بەگریان دەکرد بەڵام ئیلکان دایکی تازەی ئەو کە ژنێکی دڵۆڤان و دڵسۆز و خوێنگەرم و خۆش زوان بوو و خەدووی زۆرتر لە گیانی خۆش دەویست، زوو بەرەولای خەدوو ئەچوو و فرمێسەکانی بە دەستە دڵۆڤانەکانی دەسڕی و دڵداری ئەدایەوە.

خەدوو بە هیوای ئەو ڕۆژانەی براوخوشکەکانی ببینێ ڕۆژشمێری ئەکرد تا ئەوەیکە بەهاری ساڵێکیتر ئیلکان و شووەکەی خەدوویان بۆ سەردان لە خۆشەویستەکانی بۆ توکوو برد و چەن ڕۆژی لەوێ مانەوە و برێ گەنم و ڕۆنیان بە ناو پێشکەشی بۆ دایک و باوکی خەدوو برد. ئەم جارە کە خەدوو لەتوکور ئەگەڕایەوە ئەیتر خەم و پەژارەی پێشوی نەبوو و بەدڵگەرمی و دڵخۆشی و خاتر جەمیێکی زۆرتر بە دوای گا و بەرخەوە بوو و جارجارێ بۆیارمەتی دایکی ئافتاوەیێکی حەڵەبی هەڵئەگرت و ئەڕۆیی بۆسەر کانی بۆغانلوو و پڕی ئەکرد لەئاو و ئەگەڕایەوە، جارجاریش لەگەڵ منالانی جەسوور و بێ باکی بوغانلوو دەس بەیەخە ئەبوو و بە ئافتاوەی خالی ئەگەڕایەوە. خەڵکی عەلیاوا لەعەشیرەتی چالاک و بێ باکی بوغانلوو لەخێلی شادلوون. منالانی ئەم عەشیرە هەر ڕۆژ لەکووچە و کۆلان ڕێی یەکترینیان ئەگرد و بەچکۆلەترین بیانوو بەشەڕدەهاتن و تەنانەت دەبوو بە هۆی بەشەڕهاتنی گەورەکانیش بەم بۆنەوە هەر عەشیرەتێ لەسەر تەپۆڵکەیەکەوە بوو جێکیان بۆ پاراستنی خۆیان سازدەکرد کە تا ئێستایش ئەم بورج و کووچە و کۆلانە تەنگانە بیرەوەریێکە لەم شەڕو پێکدانانی منالان. هەر تایفەیێک دەکۆشان بدەن لە منالانی عەشیرەیێکی تر.لە وەها جێگەیەکدا خەدوویش ئەبێ بارودۆخی خۆی

بناسێ. تەواوی مندالانی قـەلا لێـی دەترسـان. مـاوەیێکی زۆری نـەبرد کەخـەدوو توانی سکرتێری یەکێ لە کۆلانەکان بگرێتە ئەستۆ. خەدوو کە شـەوانە ئەگـەڕاوە بـۆ ماڵ یا پشتوێنە پەشمیەکەی دڕابوو یا درزی چۆخەکەی یـا سـەر و گوێچکـەی لـە خوێنا شەلال بوو.

بەلام ئیلکان ئەوژنە ئازا دلۆڤانە نەتەنیا خەدووی لەم شەڕو شـۆڕانە دوور نـاکرد، تەنانەت هانی زۆرتری ئەدا و ئەیگوت ئەگەرچی تـۆ لێـرەدا غـەریبی بـەلام لـەبیرت نەچێ تۆ لەخێلی پالەوانانی، ئەبێ پشت و پووزەی تەواوی مندالانی بوغـانلوو بـدەی بەعەرزا. تەواو مندالانی خێلەکان ئەبێ لەتۆ فرمان بەرێن. ئیلکـان بـۆ ئەوەیکـە ئـەم بەچکە پالەوانە هەموو کات پیرۆز وسەرکەوتووبێت. ئەو ڕۆژانە کە ئاوگۆشتی درووس ئەکرد. کەوچکێ چکۆلە چـەوری ئـەکرد بەسـەر ئاوگۆشـتەکەی خـەدوودا و بەشـە گۆشتەکەی خۆی ئـەدا بەخـەدوو و پێـی ئـەوت: زۆر بخـۆ تـاهێز بگـری و بتـوانی بەربەرەکانی باش بکەری بەیانیانیش بەدزی مێردەکەیـەوە کـەوچکێ ڕۆنی زەرد یـا چەن دانە قاورمەی لەگەڵ ناشتایی دا بەخەدوو ئەم کەلەشێرە جەنگیەی خۆی ئـەدا و بەم جۆرە کەلەشێری جەنگی ئیلکان کەخەدووی ناو بـوو لـە مـاوەیێکی کـورتدا سـەرکەردەیی تـەواوی تـازە لاوانی عـەلیاوا و دەسـەلاتداری گـەورەی کووچـە و کۆلانەکانی وەدەست هانی. لە دواییدا لاوێکی ئازا و بێ بـاک و تیرهـاوێژ و شمـشێر وەدەست و پالەوانێکی تەواو وکارامەی لـێ دەرهـات کـە خەلـکی بۆغـانلوو ئـەویان بەپالەوانی ئیلکان دەناسی. دیارە کەسێ‌کە لە ناو عەلیاواییەکان دا سەرچاوکەبێت لە هیچ کەسێ باکی نابێت جگە خەدوو کەسێ نەبوو کەبـە دوای گـا وبـەرخ و کـەرەوە بڕوات و هەر لە بەیانی تا ئێـوارە زەوی و زار بکێـلێ و بـەفروباران و سـەرما و گـەرما لەکۆڵ بگرێت تا سەدمەن گەنم بۆ نانێکی بژی ونەمیر ئەویش ئەگەر ئافەت و کوللـە لێی نەدات، دایکیشی ئیلکان گەرەکی نەبوو کەلەشێرە جەنگیەکـەی بـە دوای ئـەم کارانەوە بڕوات بۆ ئەوەی مێردەکەی دوای تەمەنێ بەشـوێن ئـەم کارانـەوە گـوێرەی خۆی چ قوڕێکی کرد بەسەر خۆیـا و چ ناووسـەربەرزیێکی پێـکهێنـابوو کـە ئێـستا خەدوو بیکات. بەم بۆنەوە ڕێی خەدوو ڕێ‌ییێکی تر بـوو. ڕۆژێ خـەدوو نۆکـەرەکانی

سەردار بجنووردی دی کەسوار بەسەر تاقمێ ئەسپی چاوک و شمشێر بەکەمەر و چەک بەشان و قەتارێ فیشەکیان پێ بوو و بە ئەو پەڕی شکۆ هاتنە ناوقەلا و خەڵکیش لەبەر ئەوانا سەری ڕێزیان دانەواند و هەر کام لەوان هەوڵی ئەدا تا زووتر خۆی بەهەوساری سوارێگەیێنێت و ئەو بۆ ماڵ خۆی بباتەوە تاسەربەرزی بەدەست بێنێت. خەدوویش بۆ ئەوەی خۆی بەیەکێ لەسوارەکان بگەیێنێت چوە پێشەوە و لە دەوری دانەیێ لە سوارەکان هاتوچووی بوو. بەلام بەتانەو تەشەری سوار بەرەو ڕووبوو، ناچار ئەویی وێڵ کرد خەدوو لەو ساتەبەدواوە عەزمی کرد کارێ بکات کە وەکوو ئەم سوارانە خەڵکی عەلیاوا ڕێز و حورمەتی بۆ دانێن و پێشوازی لێ بکەن بەلام چلۆن؟؟. خەدوو بە دوای ڕێگەیەکەوە بوو تا بە ئەو ئامانجەی بگات.

خەدوو ئەبێت بە سەردار

ساڵ کە دوای ساڵ ڕابورد خەدوو لاوێکی بەهێز و بەهەیبەتی لێ دەرهات. باوکیشی لەپەنای پشتیوانی ئیلکان ئەسپێکی بۆی کڕی بوو. خەدوو هەموو ڕۆژی بەسواری ئەسپە ئەچووە سەرکانی و کچانی جوانی بوغانلوو کە بەجلوبەرگێکی ڕەنگامە و جوانەوە وەکوو تاوسێکی سەرمەست لەپەنای ئەو تەختەبەردە گەورە و لەسەرکانی کۆ ئەبوونەوە دەستی ئەکرد بەشۆخی و دزەی نیگای بۆکچان بوو. خەدوو زۆر ئاواتی بوو کە دانەیی لەم تاوسە جوانانە سوار ئەسپی خۆی بکا و هەڵێ، بەلام لەترس دایک و باوکی نەئەوێرا. لەیەکێ لە ڕۆژان کە خەدوو بەشکۆ و عەزەمەتێکی زۆر سوار ئەسپەکەی بوو و بۆ بینینی دایک و باوک و براکانی خۆی چووبوو بۆ توکور، بیستی کەمحەممەد ئیبراهیم خان ڕۆشنی دەسەلاتداری شیروان بۆ گەڕان هاتووە بۆ توکور. خەدوو ڕۆژێکیتر سوار بەسەر ئەسپ خۆی بەمحەممەد ئیبراهیم خان و سوارەکانی گەیاندو سپاس وڕێزی بەجێ هێنا و لە ئەسپەکەی هاتە خوار و دیسان بە ئاماژەی ئاغاسوار ئەسپەکەی بوو. محەممەد ئیبراهیم خان لەڕێ و ڕەوشت و ڕەفتارو زبروزیرەکی خەدوو خۆشی هات و لەباردۆخ و ڕۆژگار و دایکوباوکی پرسیاری کرد و لەدوایی دا پێشنیاری کرد کە ئەگەر پێخۆش بێت

ئەتوانیٚ لەگەڵ ئەو بۆشیروان بگەڕێتەوە و خەدوو بە بیستنی ئەم قسانە بزە هاتە سەرلێوی و ئەمەی وەکوو ئاواتێک ئەزانی وا لەخۆیا هەستی خۆشی ئەکرد کە واتئەزانی سوار لەسەر ئەسپ لە ناو هەورو ئاسماندا ئەسپ سواری ئەکات، بەم بۆنەوە لە ئاغا سپاسی کرد و ئیزینی داوا کرد کە بۆ عەلیاوا بگەڕێتەوا و لە دایک و باوکی ڕوخسەت بگرێت و لە شیروان دا بە خزمەتی بگەیێت.

ئاغایش لەگەڵ پێشنیاری خەدوو هاوڕێی کرد. خەدوو سوار بوو و کەژوکێو و دەرودەشتی بڕی و هەر نەیزانی چلۆن ئەم ڕێگا دوورودرێژەی تەواو کردووە تا کە ئەسپەکەی لەبەر دەروازەی قەڵای عەلیاوا سمی کوتا بەعەرزا. خەدوو دەروازەبانی ترسان و چووە ناو قەڵاوە، ئەسپەکەی پەلەپەل لەبەر گەوڕدا بەستەوە و بۆ خزمەتی دایک و باوکی ڕۆیشت. ئیلکان خۆشییکی ئێجگارزۆری لە ناو چاو خەدوودا خوێندەوە و پرسیاری کرد. خەدوو ئەوشتەی وا پێش هاتبوو گێڕاویەوە؛ بەڵام هەرچی خەدوو خۆشحاڵ تر ئەبوو ئیلکان پەژارەی زۆر ئەبوو. بۆ ئەوەیکە ئەو ڕۆژانەی ئەهێنا بەرچاو کە شایەت کەڵەشێرە جەنگیەکەی لەو دووربێت. باوکی وتی لەمن ئەبیسی بە دوای ئاغاکانەوە مەڕۆ. تیکەیێک نانی فەقیرانە بخۆ و خۆت تووشی چەڵەمە مەکە. تەواو ئاغاکان ونۆکەرەکانی وەفاو بەقایان نیە. ئەوان هەموو شتێک فیدای قازانجی خۆیان ئەکەن و لە ئاکامیشدا تۆ بە کوشتن ئەدەن.

لە مێژەوە گوتوویانە نانی ئاغا مەستی هێنەرە، دیارە مەستیش ئاکامێکی باشی نیە. ئیلکان کەدی مێردەکەی زۆر دەوری بۆی هەڵگرتووە وتی: نە، کوڕی من باکت نەبێت پیاوانی گەورە لە کاری گەورەوە بە شوێنی گەورە گەیشتوون. کەسیٚ کەڵەسەختی و ڕەنج و مەینەتی پڕ لەمەترسی نەترسیٚ بە شوێنێکی گەورە ئەگەیێت و لە ناو هاوتەمەن وساڵەکانی خۆیدا سەربەرز و ناودار ئەبێت.

ژیان یانی چی؟ ژیان یانیٚ ناوبانگ دەرکردن، ژیان یانیٚ سەرفەرازی، ژیان یانیٚ سەردانەواندنی خەڵکی لەبەرانبەر تۆ. ژیان یانی دوژمنانت لە تۆ بترسن و دوستانت بەگەورەت بزانن. یەک ڕۆژ مرۆڤ بەگەورەیی ژیان باتەسەرو بمریٚ چاکترە لەسەد ساڵ ڕایەتی بکات و بیٚ ناو و نیشان گیان بدات. زۆرتر شەک بۆ کوشتن و قوربانی

کردن چاکترە. تۆ وەکوو شەکی. من لە ڕۆژی هەوەڵەوە دیم کە تۆ شـەکێ گـەورە ئەبی. ئێستا کە خوداوەند بۆ تۆ ئاوا چارە نووسێکی پێکهێناوە پشتەپای لـێ مـەدە. سبەینی سواری ئەسپەکەت ببە و بەرەو شیروان غار بکە وهیچ شتێ بـۆت مەترسـی دار نەبێ. تۆ پیاوێکی گەورە ئـەبی نـە ڕایـەتێ کـە لـە شـوێن قنگـی کـەرەوە بـێ. هەرچەن جیایی و دووری تۆ بۆم مەحاڵە، بەڵام من سەرفەرازی تۆم ئەوێ. بڕۆ، بـڕۆ، تۆ پیاوێکی گەورە ئەبی. من بۆ تۆ ئەپاڕێمـەوە و ئـەبینم کـە زەحمەتـەکانی چـەن ساڵەم بەبار نیشتوون. شوی ئیلکان کەکش ومات چاوی بەدەمی ژنەکەیەوە بوو، بـێ ئەوەی کەوتارێ لەدەمیەوە دەربـێ، خزیـا ناوجێگەخەوەکـەی و لێفەجاجمیەکـەی کێشا بەسەریا و تاوێک دواتر کەوتە پرخەپرخ کردن. بەڵام ئیلکان ئەوشەوە نەخەوت کەمێ ئاردی لە نێو کەنوەکە هاورد و بەزەردێنەی هیلکەوە ڕۆن و چزلی و زەردەچۆ و پونیەی وشکی لە ناویەکدا قاتی کردو لەگەڵ ئاوی گەرم هەویری ساز کرد و پـێش ئەوەی هەوا ڕوشن بکـات چـەن فـەتیرەی کـڵفت و بامـەزەی برژانـد و نیایـە نێـو توورەکەکەی و دەستێکی هاورد بەسەر و گوێچکەی ئەسپەکەی خەدوو و وتی:

ئەی ئەسپی لە دوای خوا، خەدووم بە تۆ ئەسپێرم ئەو ساغ بێریتەوە بۆ لای من. ئەو کاتە فرمێسکی لە چاوانی کەوتە بان زەوی. کە خەدوو دەرگای ماڵی کردەوە و بەرەولای دایەی هات و سلاوی لێ کرد ئیلکان دەستی بەسەری منالـەکەیا کێـشا و فرمێسەکانی لەخەدوو شاردەوە. خەدوویچ کە تووشی دڵبـڕان و جیـایی کریـا بـوو دەستی ئیلکانی ماچەوکرد ووتی: دایە من ببەخشە لە بـاری زەحمەتەکانتـەوە مـن هیچ کات تۆ لە بیر نابەمەوە. جا هەر دوو بێ دەسەڵات سەریان وەبان شـانی یـەک نیا و گریان. خـەدوو پـێش هـەتاو هەڵـهاتن لـە حالـێ کـە بابەودایەوچـەن کـەس لەدۆستانیئەویان ڕەوانە ئەکرد.لەعەلیئاوا چووە دەر وبەرەو ڕۆژهەڵات بەئەسـپەکەی غاری کرد. هێشتا هەتاو تا بانی کێوەکە بەقەد کڵفتی تـەنافێ جیـایی بـوو کـە لـە دەروازەی شارهاتە ناو شیروان و یەکسەرە بەرەو مەحکەمە چوو.

میرئاخورخان ئەو شەو هاتنی خەدووی بە موحەممەد ئیبراهیم خان ڕاگەیانـد و تایبەتمەندی بە ئەو وتی کە ئەم کابرا کە تازە هـاتووە سـوارێ قابـل ئـەبێت و ئـەبێ لەتەربیەتیدا بکۆشی.

دەس پێ کردنی دەورانی سیاسی خەدوو

خوداویردی لە شیروان بۆ هەوەڵین جار هاتنە نێو گرووپی ڕەنجبەران و چەک بەدەستانی حەمە ئیبراهیم خان زەعفەرانلوو. حەممە ئیبراهیم خان هەروا کە وترا لەبنە ئامۆزاکانی شوجاعودەوڵەی ئیلخانی زەعفەرانلوو لە حاکمەکانی قووچان بوو حکوومەتی دوروبەری باکووری خوراسان لە کاتی هاتنی کوردەکان بۆ ئەم سەرزەوینە بە ئەستۆی ئەم خانانە بووە کە هیچ کات لە دارو دەستەی ئەمیر شێخلوو نەبوون. شێخ ئەمیرلووله ئیلەکانی بە ناو بانگی کوردە کە ئێستا لە دێ زیارەتی شیروان کە پێشتر فغان ئاوای ناوبوو نیشتەجێن و ئەوانی دیکە یان لە قووچ قەڵا لە ڕۆژ ئاوای شیروان و لە شیروان و دوو دێهاتی شێخ ئەمیرلووی خوا رۆژوور لە نزیکی نووری و هەروەها لە قووچان و ئەسفەراین و ئەسفجیر و قوردانلووی بجنوورد و لە باغچە نیشتەجێ بوون.

حەمە ئیبراهیم خان حاکمێ عادڵ و خێرخوازو دمۆکراتی پێشە و هوشیار بوو. گەرەکی بوو بێ باس ودەرگیری لەگەڵ خەلکیا ژیان باتەسەر ئەو ساڵهای ساڵ حکوومەتی دەوروبەری سەلاسەی شیروان و ئەسفەراین و سەرحەداتی قووچان لە ئەستۆیا بوو خەلکیش لێ ڕەزامەند بوون. بەڵام دوایی شوجاعوددەوڵە بێ سەبەب لێ ڕەنجیاو کاریان بەجیاوازی کێشیا.

خەدوو لە دەزگای حەمە ئیبراهیمخان ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ بەرزەو ئەبوو، تا ئەوجێگە کە لەنزیکی ساڵەکانی ١٣٣٥ مانگی کرا بەسەرۆکی سوارەکانی زەعفەرانلووی شیروان. هەرکاروباری گرینگ و مەترسیدار کە لە لایەن حەمە ئیبراهیم خان یان شوجاعودەوڵە بە ئەو ئەسپێررا، بەچاکە لە ئەستۆی کاروبارەکەی خۆی دەرئەهات، کەیەکێ لەو کارانە دواکەوتن و لەبین بردنی ڕۆستەم سەفکانی[١٧٩] سیفکانلوویی بوو، کە چون لەگەڵ بەربەرەکانێ و قەڵاداری ڕۆستەم ڕووبەڕووبوو، بەینی قەڵای سەیفکانلوو کەلەبەینی ئووغازو دووربادەم لە چەمی حەمزەکانلووی

---

saf kanlo-١٧٩

ژوورەوە لەسەر کێوێکی چکولە دروست کرابوو دەورو بەریان گـرت و لـە ئاکامـدا بـە وێـران کـردنی قـەڵا ڕوسـتەمی لەبـەین[۱۸۰] بـرد، کەلەتلگرافـەکانی شوجاعوددەوڵـە بەسوڵتان بەگی باجگیرانی بەم کارەساتە ئامازەکراوە.

لە نزیکی ساڵی ۱۳۳۷ مانگییـەوە، شـازادە نەیرەدەوڵـە والی خوراسـان کـە لـە دەس شوجاعوددەولەوە زیز ببوو، ئەم تەکبیرە کەوتە بیری کەپلەی ئیلخانیگەری لە شوجاعوددەوڵە بستێنێ. حەممە ئیبراهیم خان لە جێگای ئەودا دانرێت. وادیارە ئەم کارەساتە بەجۆرێکی شاراوە بە حەمە ئیبراهیم خان گوترابوو، بەڵام ئـەم ڕازە کەوتـە دەرەوە و شوجاعوددەولە لەمەبەستی والی و حاکمێ کە خـۆی دای نـابوو ئاگـاداری پەیدا کرد و بێ ماتـڵی حەمـە ئیـبراهیم خـانی لابـرد و تـاج حەمـەخانی بـادلانلوو (سـتووتو لمەلـەکی دوایـی) بووبـەسـەرۆکی حکوومـەتی شـیروان. لـەم ماوەیـەدا نەیرودەوڵەیش لە حـاکمی حکوومـەتی خوراسـان لابـرا و هێنـرا بـۆ تـاران. حەمـە ئیبراهیم خان و خەڵکی شیروان، تاج حەمەخانیان ڕێگەنەدا و خـەدوو سـەرداریش سەرۆکی سوارەکانی شیروان لە هاتنی تاج حەممەخان بۆشیروان بەرگری کردو کـە تلگرافەکانی ئەوکات کەلەبەینی تاران و مەشهەد و شیرواندا جێ بەجێ بوو داکـۆکی ئەم ڕاستییەیە.

ئا لەم کاتـە تەنگـەدا بـوو کـە دەوڵـەتی ئەحمەدقـەوام بـرای وسووقوددەوڵـە سەرۆک وەزیری وەختی بە حاکمی خوراسان دانا و بەئەختیاراتی زۆر ڕوانەی کرد تـا ئەم کاروبارەڕێک بخا.

حەمە ئیبراهیم خان لە ئاکامدا شیروانی وێڵ کرد و بەرەو ئەسفەراین چوو. لـەو جێگادا عیلاقەو ئاو و ملکی بوو. خـەدوویش ماوەیێـک هێـزی شـیروانی بـێ ئـەوە حوکمی ببێ لەدەستیا بوو، لە ئاکامدا بە بۆنەی دەست تێـدا بـوونی فەرەجولـڵاخان زەعیمولقەلەکی دوایی لەبنەئامۆزاکانی شوجاعوددەوڵـە کـە شـووی تـووران بی بی خوشکی تاج حەمەخان بوو، بارودۆخی شیروان بـەقازانجی تـاج حەمـەدخان دوایـی

۱۸۰- کەوتنەشوێنی ڕوستەم بەهۆی ئەوەبوو کە ڕۆستەم ناسـراو بـە ڕۆسـەم لـە نزیکـی بـاجگیران حەسەن خان سەرۆکی دارودەستەی بیچرانلووی کوشت بوو.

هات و خەدوویش لە شیروان دەرکرا.

خەدوو بۆ ئەوە کە ناڕاحەتی لە شوجاعوددەوڵە لابات، تەنیا سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو قووچان هات و لە شوجاعوددەوڵە عوزرخوازی خەتاکانی خۆی بوو.

شوجاعوددەوڵە کەبە لەرزان بوونی پایەکانی حکوومەتی زانی دەگەڵ خەدوو بە چاکە کرداری کرد و گونای سەرکەشی و بەقسەنەکردنی وی بەخشی. وادیارە کاتێ کەخەدوو دڵنیا بوو کە شوجاعوددەوڵە ئەوی بەخشیوە، لە بەرانبەریدا سەری دانەواند و تا دەرگای حەوشەکە هاوڕێی کرد، لە حاڵێکدا کە ئەمیر حەسەن خان منداڵی ٥-٦ ساڵەی شوجاعوددەوڵە لەکن باوکیەوە بوو.

خەدوو دەستی ئیلخانی ماچ کرد و سواری ئەسپەکەی بوو دەستی بە ناو تۆرەکەی تەرکبەنەکەی خۆی برد و کەمێ پارەی ئەوکاتەی لە تۆرەکەکەی دەرهێناو ڕژاندی بەسەری کوڕی ئیلخانی و ڕژاندیە نێو شەقامەکە کەهەژارو فەقیرەکان هێرشیان کرد و بۆ وەدەست هێنانی پارەکان یەکتریان لەژێر دەست و پێ ئەکرد.

خەدوویش لە حاڵێکدا سوار ئەسپەکەی بوو شەلاخێکی بەبۆنەی ئیحترام لەبەرانبەری شوجاعوددەوڵەتەکان ئەداو، تون لە ئەسپەکەی داو بەرەو شەقامە بەرد فەرشەکە غاری کردو دوورکەوتەوە.

ماوەیێک لەم کاروبارە تێنەپەڕیبوو کە قەواموسەڵتەنە هەروا کە وترا بەمەکروفریو،شوجاعوددەوڵەی کەلەبچە کرد و لە مەشهەددا خستیە بەندیخانە و خەدوویش کە لەکینەی تاج حەمەخان ئەترسا ماوەیێ لەئەسفەراین و زەمانێ لە دەوربەری سەرحەددەگەڵ سوارەکانی خۆی ژیانیان تێپەڕکرد و لەبەین عەشق‌ئاوای ڕووسیەو خوراسان هات و چووی ئەکرد.

سەردەمی شۆڕشی خەدوو سەردار

خوداویردی لەعەشق ئاوا بە دەستی یەکێ لەتورکە کۆچەریەکانی ئەوناوچەیە کە لە گەڵیا هات‌وچووی بوو، بە سەرۆکەکانی کومونیستی عەشق ئاوا ناسێندرا.

ڕووسەکانیش کە لە پێشینەی شەڕاشوویی و بێ باکی خەدوو ئاگادار بوون، بەچاکە چوونە پێشوازییەو و لەگەڵیا قەوڵ و قەراریان بەست کە ئەگەر بتوانێ حکوومەتێکی کومونیستی لەباکووری خوراسان دابنێ،پاڵپشتی لێ ئەکەن.

ئەم کات کە شوجاعوددەوڵە لەمەشهەدا لەبەندیخانەی قەوام دا بوو، کۆچی دوایی کرد. ئیتر لەباری ویژدانییەوە خەدوو بەرگرێکی بۆخۆی نەئەدی کە هێرشی خۆی دەس پێ بکات. چون ئەویش لە تاج حەمەخان کە لە ئەم کاتەدا جێگری حکوومەتی قووچان بوو زۆر دڵگیر و ناراحت بوو هەروەها فەرەجوڵڵاخانی شیروانی کە ئەوی بە شیروان ڕێ نەئەدا، ڕقی لێ هەڵسا، بەم چەشنە ناوەندی حکوومەتی خۆی بەقەڵاگلیان لەباکووری ڕۆژهەڵاتی شیروان گوێزایەوە و هێرشی کومونیستی خۆی دەست پێ کرد.

کومونیستەکان بە هۆی قەوڵ و قەراری خۆیان،لە پلەکانی هەوەڵین‌دا یاریدەری خەدوویان کرد. و بەهۆی قەولی عەلی بەگ کورد بورزانلوو دووسەد فیشەک و ٥٠–٦٠سنوق تەلاو و پارەی زێوی ئێران ونزیک بەیەک هەزار چەک کەبریتی بوو لە چەکەئینگلیسی و موسەلسەل بەخەدوویان دا کەبۆ گلیان گوێزایانەوە. خەدوو بەر لەوە کەشۆڕش بکات؛ دووجار بەیارمەتی کوڕی ڕەئیسوتوججار لەگەڵ قەوام دیداری کردبوو[181]

خەدوو لەم کاتەدا بنکەی حکوومەتی خۆی لەدێ گلیان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شیروان دانابوو.

چاوپێکەوتنی خەدوو لەگەڵ زینوویەف[182]،ئەوی بە بڕیاری ڕووسیە

١٨١– قەوام بەیاری سەرۆک تاجرو دەستەیێکی دیکە مەبەستیان وابوو خوراسان لە ئێران جیا بکەنەوە و بە ئەوسەربەخۆیی بدەن، وادیارە وت و ویژی قەوام و خەدوو لەم بارەوە بووە، بەڵام قانوون و یاسایان لە باتی جەهان‌بینیەوە فەرقی بووە. قەوام لایەنگەری خوراسانی جیا نزیک بە سیاسەتی بریتانیایی بوو، بەڵام خەدوو وای ئەویست حکوومەتی کومونیستی سۆڤیەت لەوێدا بێنێتە سەرکار. بەم بۆنەوە مەبەستیان جیاواز بوو. ئەگەر خەدوو لەگەڵ قەوام هاودەس ئەبوو شایەد مێژووی خوراسان بە جۆرێکی دیکە لاپەڕەی بخواردبای.

١٨٢– زینوویف لە دوای مەرگی لنین لەگەڵ ستالین کێبەرکێ کردو لە ئاکامدا بەفەرمانی ستالین

کومونیستیەکان هیوادار کردبوو. بە تایبەت ڕووسەکان بەحەیدەرخانی ماموغڵی کە لەم کاتەدا لە مەشهەد خەریکی کاروباری کمونیستی بوو ئەمریان پێ کردبوو کە خەدوو یاری بکات. حەیدەر خان ماموغڵی بەرەو گڵیان چوو. قەڵا و بورجەکانی خەدووی چاو پێکەوت و لەوێدا لە ناوەندی ئەو بورجانە کەدەوراودەوری قەڵا دانرابوون خەتی پەیوەندی کێشا تا ئەگەر جەنگ دەستی پێ کرد خەدوو فەرمانەکانی ڕاستەوخۆ بە هەواڵەکان بڵێ. بێگومان جگە لە حەیدەر خان،ڕێکخراوەی جاسووسی شەورەوی لە قووچان لەگەڵ خەدوو پەیوەندیان بوو. ئەم کاروبارە لە ناوەندی وتوویژەکانی ئاقابکووف بەچاکە ڕوونە[١٨٣].

ئاقا بکووف لەم کاتەدا ڕاپۆرت دەرانی زیرەکی لە ڕۆژئاوای ئیران دانابوو.

کارئیشی خەدوو لەنزیکی شیروان، ترسی خستە نێو دڵی فەرەجوڵلاخان شیخ ئەمیرلوو حاکمی ئەو کاتەی شیروان و ئەویش لەگەڵ خەدوو دوژمنی هەبوو، حەمەڕەزا میرزا خان ناسراو بە شوجاعولسوڵتەنە کە لە دوای کەلەبچەکردنی شوجاعوددەولە کە بە حکوومەتی قووچان دانرا بوو زۆرپێچی هاورد تا لەگەڵ خەدوو شەڕ بکات و ئەم شێرە لەناخەوە بخنکێنێ[١٨٤].

کەلەبچەکرا و لەسێدارە درا. فەرهەنگی مەساحب، ب ١، ل١٢٠٢. بۆ ئاگاداری زۆرتر لە ئاکامی زینوویف و دیکەی ڕەقیبانی کە ستالین لەناویانی برد ، لەکتێبی بیرەوەریەکانی باژانوف وەرگێڕاوی دوکتور عەنایەتوڵلا ڕەزا کەڵک وەربگرن.

١٨٣- ئاغەی قودرەتوڵلای ڕەوشەنی زافەرانلوو منداڵی موزەفەروسسەڵتەنە کە خۆی لە نووسەران و وەرگێڕانی ئێرانە، لە کورتە بیرەوەرییەکدا کە لەناوەندی فیشەکانیدا بوو، وای نووسیوە: نامەیێکە لە تاران ولەلایەن نوێنەرایەتی بریتانیا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، لەناویدا لە بوونی خوداوێردی ڕاپۆرت ئەدات کە لەلای بلشویکەکان سۆڤیەتەوە پالپشتی ئەکەن و پێکەوە بوونی ئەولەگەڵ بلشویکەکانی گیلان و مازەندەران و ئازەربایجان ئەگەیەنێ. کەوابوو ئەگەر بەڵگەکانی پارێزگاری خوراسان و نوێنەرایەتی بریتانیا و ڕووس و مەشهەدیان لەناو نەئەبرد جێگەگەلێکی تاریکی زۆرمان لە مێژووی ئەو سەردەمە بۆ ڕوون دەبووە.

١٨٤- ئاغەی شاکری لەکتێبی جوغرافیای مێژوویی قووچان، حاکمی ئەم کاتەی قووچانی ئەمیر تەیموور کەلالی لە خانەکانی هەزارەی ڕۆژهەلاتی خوراسان نوێنەرایەتی پێشووی پارلمانی ئەنجومەنی نەتەوەیی ئێران ناوبردووە. خوالێخۆش‌بوو عەلی بەگ بورزانلوو خوالێخۆش‌بوو سەرهەنگ

حاکمی قووچانیش کارەساتی بەقەواموسسەڵتەنە ڕاپورت دا. قەوام یەک دانە شمشێر و حوکمی سەرۆکی سوارەکانی ڕێگەکانی بجنووردـ شیروان، قووچان ـ باجگیرانی بۆخەدوو هەنارد تا بۆ مەبەستەکانی دانەهاتووی خۆی قازانجی لێ وەربگرێ، بەڵام خەدوو قەبووڵی نەکرد .چونکە هەروا کە گوزەرا مەبەستەکانی قەواموسسەڵتەنە لەگەڵ خەدوو لەباری سەربەخۆیی خوراسان جیاواز بوون. ئەو هەواداری بریتانیایەکان و ئەمیش هەواداری ڕووسەکان بوو.

ئاغەی شاکری لەزمانی خوالێخۆشبوو حاجی عەباسی قووچانی وای هاوردووە:

وتارێ بڵاوبووەوە کە ڕووسەکان لەگەڵ خەدوودا پەیوەندیان بوو.نهێنی بۆ ڕووسیە هاتوچووی بوو. بە چەکەکانی زۆر کە لەڕووسیە هاوردبووی مەبەستی وابوو بەپاڵپشتی هەموو خانەکوردەکان هێرش بکاتە سەرقووچان و مەشهەد و هەروەها ئێران.

لەم کاتەدا حسەین خان هوژەبەرولمەلێک پێشکاری پێشینی شوجاعوددەولە کارەساتەکەی بۆقەوام تلگراف دەکات کە ئەگەر ئیزنی تەواوت هەیە،خانەکانی کوردی ناوچە سنووریەکان لە خەدوو جیا کەیتەوە(لەم کارەساتە خەدوو بەرزئەبێتەوە چون چەکەکانی ڕووسی بوو نەیانئەتوانی لەبەینی ببەن) قەواموسسەڵتەنە چارەی وابوو جگە لەکەلک وەرگرتن لە هێزەکانی ئەمنیەی خوراسان بەکەلک وەرگرتن لەخانەکانی قووچان و بجنوورد و شاهروود و هەروەها لە خانەکانی شارەکانی دیکەی خوراسان بە ماوەی سێ مانگ لە ناوچەی شیروان لەگەڵ خەدوو بەربەرەکانێ بکات. لە ئاکامدا چواردەوری خەدووی گرتووە و ڕووسەکانیش دەستیان لە پاڵپشتی ئەوکێشا. خەدوویش بۆ ڕووسیە دەربازبوو و کارەساتی خەدوو تەواو دەبێت.[۱۸۵]

بەڵام کارەساتی خەدوو بەم ساکاریە تەواو نەبوو بەڵگەگەلێ کەلەم بارەوە بە دوادا دێن، جێگاو کارەکانی خەدووی تا ڕادەیێ ڕوون دەکاتەوە.

سەفاپووریش ئەو بڕوایانە پەسەن کرد. وادیارە ئەمیرتەیموور لە دوای شوجاعوسوڵتان بووە.

۱۸۵- جوغرافیای مێژوویی قووچان، شاکری ل٦٨.

بەڵگەگەلێک سەبارەت بە خەدوو سەردارو بارودۆخی خوراسان

وەزارەتی ناوخۆیی دایرەی کابینە تلگرافی شوجاعوددەوڵە لە قووچان. ڕێکەوتی ڕەجەبی ۱۳۳٦ ژمارە ۱۰ بەرانبەری ۲۱ ی خاکەلێوەی ۱۲۹٦

مەقامی گەورەی وەزارەتی نێوخۆیی

بە هۆی بایەخێ کە دەوڵەت بە خوداوێردی داویە، ناو بانگی دەرکرد و ڕێگەبڕلەئاودەرهات ماوەیێکە کە کەسێ کاری نەبووبەسەریەوە، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە تاوێ ئاسوودە دەمێنن وهەمیسان گیر دەکەون. ئەگەر ئیزنی لە ناو بردنی ناوبرا نەدەن بەتەواوی لاپەڕەکانی خوراسان خراپ دەکات و ئەبێتە هۆی زەحمەتی حاکمانی دەوڵەت. لەهەمان کاتدا خەرجەکانی سوار و فیشەکیش ئەبێ دەوڵەت بیدا ئەگەر وانەبێ ئا بەم حاڵەدا کە هیچ شت نیە و ئیش وکار زۆر سەختە. ژمارەی سێ ڕەنجبەری شوجاعوددەوڵە.

فەرمانی وەزیری ناوخۆ لە لەپەراوێزەوە بەم شێوەهاتووە.

دایرەی ڕۆژهەلات ولام دەنەوە قەواموسەڵتەنە بەڕێ کەوتووە و وەزارەتی ناوخۆیش یاری ئەکات. ژمارەی؟ ڕەجەب[186]

لە تاران بۆ خوراسان

ژمارەی نووسین ۲۷٦ بە ڕێکەوتی ۲۲ یخاکەلێوەی ۱۲۹٦بەرانبەری ۲ ی ڕەجەبی ۱۳۳٦.

پارێزەری ڕێزداری خوراسان وسیستان

هەروا کە ئازیزتان دەزانن خوداوێردی ناو بانگی دەرکرد و ماوەیێک بوولە دەوروبەری قووچان و شیروان یاخیە و ئەبێتە هۆی زەحمەت، بەرگری لە ناو براو لە ئەستۆی گەورە ئیلخانی بجنووردە. ئەبێ بفەرمووون ئەگەر کە شیروان بێتە بەشێ

۱۸٦- ئەم بەڵگە، بەڵگەی ئارشیوی ناوەندی بەڵگەکانی نەتەوەییە. هەروا کە ئەبیندرێ ڕۆژی پێشوو وەزیری ناوخۆ ئەم تلگرافە لە سەبزەوارەوە بۆ والی خوراسانی نارد، تا خەدوو کەلەبچەبکرێ.

لەبجنوورد هەزار و پانسەد تمەنیش لە باتی مووچەی دووسەد نەفەر سوارە بدەن. ناوبراو ئامادەیە خەدوو لەناو ببات.

وەزارەتی ناوخۆ شیروانی کردوەتە بەشێ لەبجنوورد و مافی سوارەکانیش هەروا کە بەرپرسانی دەوڵەت بەرقەرار و ئیزنی دانی پارە کەیان داوە و ناو براو وادیارە بەر لە ماڵیەگوتوویە ئەگەر ناوبراو نەیتوانی خەدوو کەلەبچەبکات و لەبەینی ببات لە ساڵی ڕابردووی شوجاعوددەولە ئیلخانی قووچان بۆی دابین ئەکرێت کە ئەگەر بەدانی خەدوو یاخیگەری تەرک بکات وبەڕاستی خزمەت بکات زۆرباشە. وەزارەتی ناوخۆیش وڵامی داوە کەهەر کات ناوبراو چەکەکانی لێ بستێنێتەوە وئەو دزیانە کە لە خەڵکی کردوویە بیداتەوە وزەمانەت بدات کە ئەم کاروبارە دەست پێ نەکاتەوە. کە پەنا ئەدرێت. شوجاعوددەولە ئەم ڕێگانەی بەدی نەکرد وجگە لەوە یارمەتیشیداوە.

یەک وشە ناخوێندرێ تلگراف نهێنی لەناو براو شوجاعوددەولە هاتووە کە سەواد ئەو لە گەڵیا ئەهێنرێ چون بەم جورە...ئەرکە... لەسەرتەوە پەس لە دوای دیتنی هەرجۆر باشە و بەچاکی دەزانن دەست بەکار بن و وزارتیش لە ئاکامی کار ئاگا کەنەوە. (ئیمزای وەزیری کاروباری ناوخۆ)

****

لە تاران بۆ مەشهەد: ڕێکەوتی دووشەممە گەلاوێژی ١٢٩٦ ١٧ی زیقەعدەی ١٣٣٦. ژمارەی نووسینگە١٥٩٠

پارێزەری ڕێزداری خوراسان وسیستان

بە هۆی ڕاپۆرتی شیروان نەسروئەڵلاخان زافەرانلوو جێگری حکوومەت لەگەڵ سوارەکان لە شیروان کەوتوونە ڕێگا خەڵکی زۆرتر لە تلگرافخانە کۆ بوونەتەوە و کاروبار لەشاردانیە. چی بکەین فەرمان بەن کە هەر ئیشێ لە باری ئاسایشی خەڵکی بکرێ، وزارەتی ناوخۆئیش لە کاروبار ئاگادار کەنەوە.

****

هەواڵەکانی تلگرافی ناوخۆیی مەشهەد

بەشوکری خوا شار بە تەواوی وا لە ئاسایشدا. خوداوێردی زافەرانلوو کە

کاروباری پێویستی بەگوتن نیە و لە هیچ کام لە والیەکانی خوراسان سەری دانەنەواندبوو بە فەرمانی پارێزەر ئەمشەو دێتە مەشهەد. خوراسان لەوجوودی شەڕاشوەکان خاوێنە ویاخی و چەتە نەماوە.

٢٧ عەقرەوی١٣٣٦ی مانگی، ڕێکەوتی ٢٧ی گەلاڕێزانی ١٢٩٦ کەبڕیار بووە قەوام وخوداوێردی چاویان بەیەک بکەوێ.

****

هەواڵی ڕووداوەکانی شیروان

ڕۆژنامەی ڕووداوەکانی شیروان لەم بارەدا بەم چەشنە هاوردوویە:

دوابەشی هەواڵەکانی ناوخۆی شیروان (١٣سەرماوەزی ١٣٣٧ی مانگی)

ئاسایش پێکهاتووە و بە هۆی بارینی زۆری باران خەلکی خوشحالن. ١٢ کەس لە دزەکانی قۆشخانەو[١٨٧] بێبەهرە[١٨٨] (یەک وشەی نەخوێندراوە)بە هۆی نەبوونی سەرپەرشت و جێگر یا قەزاق[١٨٩]لە دەوروبەری سنووورداخەریکی دزیوچەتەیین. بە خاکی شیروانیش دەستدرێژیان کردووە و ڕێگای سەرحەدی قۆشخانەیان گرتووە چەن کەسیان ڕووتەوە کردووە، دوێنێ لەسێ فرسەخی شیروان لەگەڵ سێ کەس لە پیاوەکانی نەسروڵلاخانی برای زەغیمولمەلکی دوایی ڕووبەڕووبەرەو دەگەلیان بەربەرەکانێ کردووە، نوورمحەممەد ناوێ بریندار ئەسپ وچەکی ئەوی گرتووە، دوێنێ بریندارەکەیان بۆ شیروان هاوردوە، خەریکی سارێش کردنی زامەکانیەنن. حکوومەت مەبەستی وایە کەمێ لە سوارە نیزامەکان لەگەڵ چەن کەس لە

١٨٧- قوشخانە یەکێ لە لادیەکانی سنووری قووچانە. کەوابوولە باکووری شیروانەوە لەگەڵ ڕووسیە هاوسنوورە. ئەم لادێیە پاشتر هاتە سەرشاری شیروان.

١٨٨- بێبەهرە یا بێوارە یەکێ لە لادیەکانی دێهاتی سنووری سیوکانلوو لەسەر ڕێگای شیروان_ئووغازە.

١٨٩- لەم کاتەدا شیروان بێ حاکم مابوو. شوجاعوددەولەی ئیلخانی زەعفەرانلوو حاکمی قووچان، حەمە ئیبراهیم خان ڕۆشنی لە حکوومەتی شیروان لابرد و تاج حەمەخانی بادلانلوو قووچانیش بۆ حکوومەت نەهاتبووە نێو شیروان. ئەم سەرلێشێوانە بەردەوام بوو. هێزەکانی قەزاق کەبە هێزەکانی حکوومەتیان ئەگوت، بەڕاستی دەستیان لەهەموو کارێ بڕا بوو.

سوارەکانی خوداوێردی[١٩٠] بە شوێن شەڕاشوەکاندا بنێرێ. جێگەی سنووری خوار[١٩١] هەمووی لە قووچان و سەر حەددا بێ خاوەنن. (١٣ قەوس (سەرماوەزە)، غولامرەزا[١٩٢])

****

دوابەشی هەواڵەکانی ناوخۆیی شیروان

لەسوارە وەلیخان تا ئێستا هیچ هەواڵێ نەهاتووە. خوداوێردی و سوارەکانی ماتڵی ئەوانن. دوێنێ ماژۆر واکس و ماژۆر کاس ڕوو بەبجنوورد ڕێ کەوتوون. لە قەراری ناو براو تا دەڕۆژی دیکە دێنەوە. بە هۆی هاتنی خوداوێردی بەرەو شیروان شەڕاشوەکان لە خاکی شیروان جیا بوونەتەوە.

دوێنێ ئێوارە زەمان خان ساحێب لەگەڵ سی کەس سوارەنیزام هاتوون. چون سوارەکان ئەبێ لە دەرەوەی خاکی شیروان بکەوێتە شوێنی شەڕاشوەکان و کەلەبچەیان بکات، حکوومەت بەشەرحی تلگراف زووبەزوو لە قووچان ئیزنی وەرگرتووە.

١٨قەوس (سەرماوەز)ی ١٣٣٦. غولامرەزا

فەرمانێ کە وزارەتی ناوخۆ بۆ دایرەی ڕۆژ هەڵات هەناردوویە، ١٥ی ڕەبیعوسسانییە.

****

دوابەشی هەواڵە ناوخۆییەکان

شیروان- ڕێکەوتی ٢٨سونبلە ٢٨ی گەلاوێژی١٣٣٦مانگی خوداوێردی ووەلیخان قەرامانلوو لەگەڵ حەفتا کەس سوارە بۆ دوەین لەدووفرسەخی باشووری

١٩٠- خوداوێردی سەردار ئا لەم کاتەدا لە لایەن حەمە ئیبراهیم خانەوە سەرۆکایەتی سوارەکانی حکوومەتی شیروانی لەئەستۆ بووە، بەلام حەمە ئیبراهیم خان شاری بەجێ هێشتووە و بەرەو ئەسفەراین چووە.

١٩١- مەبەست لە خوارناوچە، شاری شیروان و ناوچەکانی باشووری ئەوە.

١٩٢- غولامرەزا تلگرافچی شیروان بووە و کارەساتی ناوچەی بۆ ناوەند هەناردووە.

ڕۆژ هەڵاتی شیروان چوون و شێست کەس لەخەڵکی گیراون و حکوومەت خەریکی کۆکردنی کاروبارە. عەلی ئەکبەر لە نامەیێکدا کە بە بۆنەی کاروباری سەرەوە لە وزارەتی ناوخۆوە بۆ پارێزەری خوراسانی ناردووە. بە بۆنەی ڕاستیەوە هێنراوە و لە ڕێکەوتی ٢٤ زیقەعدەی ١٣٣٦بەرانبەر بە ٨ی میزانی مانگی ڕەزبەری ١٢٩٦ و ژمارەی نامە١٩٢٤ بووە کە بەم تەرزە هاتووە:

پارێزەری ڕێزداری خوراسان وسیستان

بەپێی ئاگاداریێکەوە کە هاتووە خوداوێردی وەلیخان لەگەڵ هەفتا کەس سوار بە دوویەن لە دووفرسەخی شیروان چووە وشەس کەس لەخەڵکی ئەوێ کەلەبچە کردووە و حاجی ئەسەدوڵلای موجتەهێد دەرچووە بۆ قووچان ئەمر بفەرموون کەهەر کارەساتێ کە ڕوو بدا وەزارەتی ناوخۆیش ئاگادارکەنەوە.

ئیمزای وەزارەتی ناوخۆیی، ژمارەی ١٩٢٤ڕێکەوتی ١٦ی میزانی ١٢٩٧(٢ی مانگی)موحەرەمی ١٣٣٧

****

ڕاپۆرت

سەرۆکی ڕێزداری وەزیران

چەن ڕۆژ پێش بەهۆی ڕاپۆرتی تلگرافی شیروان لەباری شەڕاشوویی خوداوێردی بە ئاگاداری پارێزگاری ڕێزداری خوراسان گەیشت، ئێستا تلگرافی وڵامەکەی ڕێزداریان:

چونکە خوداوێردی یەکێ لەشەڕاشوە ناو بانگ دەرکردووەکانی خوراسانە و زۆر زیانی لە دەوڵەت داوە و دزی زۆریشی کردووە. ئێستا لە ڕێگەی بێ‌عیلاجیەوە خەریکی کاروبارە بە ڕاستی کە لە دوای حەرەکەتی قەوام دووپات لە خۆبایی بووە.

پەس داوادەکەم کەبفەرموون پارێزگاری ڕێزداری خوراسان خەدوو لەژێر فەرمانی خۆیانە ڕووبە ناوەند بنێرن تا لێرەدا بە کاروباری ئەو بگەین و بەرگری بکرێ لەشەڕاشویەکانی.[١٩٣] تلگراف لە قووچان بۆ تاران، ڕێکەوتی ٢٠ی ساڵی ١٣٣٧.

١٩٣- بەڵگە بەڵگەی ناوەندی بەڵگەکانی نەتەوەیی ئێرانە، ئەم ڕاپۆرتە کاتێ لە لایەن وەزیری

****

بە درۆ پەخش کراوەتەوە، حەمە ئیبراهیم خان، خوداوێردی لە فورتاندا کەلەبچەکردووە ولەگەڵ سی کەس سوار بردوویە بۆ مەشهەد، ڕاستی و دروستی ئەم کارەساتە نازانرێ. تەقی هەروا کە ئەبیندرێ ڕێکەوتی مانگی ئەم تلگرافە ناوبراوە نادیارە بەڵام لەقەراری ژێرەوە دەرئەکەوێ کە ۲۰میزان ڕەزبەری ۱۲۹۷بووە لە ڕاپورتی ژێرەوە ئاماژە کراوە کە لە وزارەتی ناوخۆیی ڕاپورتی بە وزارەتی کاروباری دەرەوە لە باری کارەکانی شیروانەوە هێنراوەکە نازانرێ چی بووە.

****

لەڕێکەوتی دەی ڕەبیعولئەوەڵی ۱۳۳۷

ژمارەی نووسین ۲۵۷هێنراوە لە ۲۲ قەوس سەرماوەز

وزارەتی ڕێزداری کاروباری دەرەوە، سواد ڕاپۆرتی تلگرافی بۆ دیتنی سەروکەکانی ئەو وزارەتخانە لەگەڵیا ئەهێنرێ.

بیرەوەریەکە لە وزارەتی ناوخۆیی بۆ پارێزگاری خوراسان بەم تەرزە نووسراوە:

لە دایرەی ڕۆژهەلاتی ناوخۆیی لە ڕێکەوتی ۲۷ میزانی ۱۳۳۷ بۆ پارێزگاری ڕێزداری خوراسان وسیستان لەقەراری ڕاپۆرتێ کەهاتووە خەدوو بەدەستی حەمە ئیبراهیم خان لە فورتان کەلەبچە کراوە و هێنراوە بۆ مەشهەد، باشتر وایە کە ڕاستی و دروستی ئەم کارەساتە بڵێن. (۲۷ میزان ژمارە ۲۰۳۶)

تلگرافێکی دیکەیش لەم بارەوە بۆ پارێزگاری خوراسان لە وزارەتی ناوخۆیی هێنراوە کەلە کاروباری کەلەبچە کردنی خەدوو، حەمەئیبراهیمخان ئاگداربکەنەوە ولە هاوردنی ئەو بۆ مەشهەد وزارەتی ناخۆیی ئاگداربکەنەوە. ژمارەی نووسین ۲۰۳۶بەڕێکەوتی ۲۷ میزان بەرانبەر لەگەڵ ۱۳ موحەڕەمی ۱۳۳۷

ناوخۆیی بە سەرۆک وەزیری ئەوکات چووە کە خەدوو لەگەڵ قەوام ئاشتیان کردووە و قەوام بۆی یەکدانە شمشێر و حوکمی سەرۆک سوارانی ناوچەی شیروان و قووچانی بۆ هەناردووە چون وەزیری ناو خۆیی لەخەدوو ترساوە، لە سەرۆک وەزیرداوا کاربووە کە ئیزن بدا، خەدوو بۆ تاران ببەن ولەوێدا جەزرووداخی بکەن تا نە وەک قەوام لەگەڵ ئەودا قەوڵ و قەرارێکی دانا بێ؛ بەڵام وسووق برای قەوام کەسەرۆک وەزیر بووە وادیارە گوێ بەم ڕاپۆرتەی وەزیری ناوخۆ نەداوە.

دەوڵەتی ئێران

ئارمی شیرو هەتاو

وزارەتی ناوخۆ تاران –مەشهەد بەڕێکەوتی ٤٦ ڕەبیعولئەوەڵی ١٣٣٧(١٨قەوس)

ژمارەی ٢٥١٩ کارتۆن ٦ بەشی نووسینگەی ڕۆژهەڵات ١٨ قەوس

پارێزگاری ڕێزداری خوراسان وسیستان

بە هۆی ڕاپۆرتی تلگرافی لە شیروان ١٢ کەس لە دزەکانی قووشخانەو بێ بەهرەو کەمەر بە هۆی نەبوونی سەرپەرشت، زۆرتر لە ناوچەسنووریەکان دەس بەدزی و ڕێگەبڕی دەدەن و بە خاکی شیروانیش دەستدرێژیان کردووە و چەن کەسیان ڕووتەوە کردوە و نوورمەحەممەدناوێکیشیان بریندار و ئەسپ و چەکەکەی ئەویان بردووە.

بفەرموون دزە ناوبراوەکان کەلەبچە و ئاسایشی ئەو ناوچەیە ساز بکرێت و لەقازانجەکەی ئاگادارمان بکەنەوە.

****

وەڵامی تلگرافی قەوامسەلتەنە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە بۆنەی کەلەبچەکردنی دزەکانی سنووری

لە مەشهەد بۆ تاران. ژمارە ٥٤٤٧ ژمارەی تەلگراف ١٥٣ژمارەی وشەکان ٦٨.

ڕێکەوتی ٢٥ ی‌قەوسی ١٣٣٧مانگی

وزارەتی ڕێزداری ناوخۆ

تەلگرافی ژمارەی ٢٥١٩گەیشت. ئاگاداربووم ئیشێ ڕووی داوە. پەنجا کەسمان بۆ کەلەبچەکردنی دزەکان هەنارد دەستەیێکیانیان کەلەبچەکرد وبەدوای پاشماوەکەیانەوەن .لەم ناوچەیە تەنیا ئەم دەستە لەم شەڕاشوانە بەجێ ماون. کەوابوو ئەوانیش بەئیزنی خوای گەورە لە قازانجی کاروبارێ کە کراوە کەلەبچە ئەکرێن. ٢٤ی قەوس، ژمارە ١٠٥٦٤. قەوام.

بەربەرەکانێ وەلیخان قارەمانلوو لەگەڵ خەدوسەردار لە ئەسفەراین

لە دوای ئەوە کە شوجاعوددەولە، حەمەئیبراهیم خانی ڕەوشنی لە حکوومەتی شیروان لابرد، ناوبراو چووەتەوە بۆلای ملک و ماڵەکەی خۆی لە ئەسفەراین ولە کاروباری سیاسی کناری گرت، بەڵام عەبدوڕڕەزا شوجاعوددەولە کە بە هۆی ئەوە هێشتا دڵنیا بوو، فەرمانی قەتڵی ئەوی بە وەلیخان قارەمانلوو دا؛ بەڵام وەلیخان حەزی لە کوشتنی حەمەئیبراهیم خان نەدەکرد، چون مەبەستی وابوو کەلەبچەی بکات.

وەلیخان لەگەڵ هاوڕێیانی ڕووبەئەسفەراین چوو؛ بەڵام پێش چوونی ئەم هەواڵە لە نێو دەزگای شوجاعوددەولە بڵاوەوە ببوو. حەمە ئیبراهیم خان، خەدووی بەسەر ڕێگای وەلیخان کە وایدەزانی لەچەمی میانلوو و یا ئەردووغان لەباکووری ئەسفەراین هێرش دەکات هەناردی. خەدوو چەن ڕۆژ لەو جێگادا ماتلی وەلیخان بوو. وەلیخان کە بە هۆی ڕاپۆرتدەرانی خۆی بەم نەخشە پەیبردبوو، ڕێگای خۆی گوێزایەوە، لە لایەن دەهەنەی ئوجاقخانەوە هێرشی کرد.

پەیکێ سوارەکە لەلایەن حەمە ئیبراهیم خان گەیشتە خەدوو ئەوی لە کاروبار ئاگادار کردەوە خەدوو بێدرەنگ بەرەو ئەسفەراین چوو لەگەڵ وەلیخان ڕووبەڕوو بوو. هێزەکان ئەگەرچی کەمبوون؛ بەڵام ڕێکوپێک و بە مووزیکی نیزامی، وبە دەوڵ و سورنای مەسعوودخان دەرەگەزی کە بە داخوازی حەمە ئیبراهیم خان بۆ یارمەتی ئەو لەڕێگای تەخت میرزا و ڕوویینقەلاوە هاتبوون. هاتنە نێو ئەسفەراین و بووە هۆی قوەتی ڕۆحی هێزەکانی ئەسفراین. لەم شەڕەدا کە خۆشبەختانە کوشتەو برینداری نەبوو، مەهدەوی سەرۆک تاجریش کە ماڵ وملکی شوجاعوددەولەی بردبوو لەگەڵ هێزەکانی یاریدەری وەلیخان بوون و دۆستی وەلیخان و سەرۆک تاجر بەناچاری بەتەرکی بەربەرەکانێ و پاشەکشێ دەستی پێ کرد، چون زانی کە ئەگەر لە ئەنجامی فەرمانی شوجاعوددەولە بەتەرزێ ڕاستەقینە بەربەرەکانێ دوایی بێت و بێگومان هەندێ زۆر لەهەر دوولا ئەکوژرێن و ئەمەیش بە قازانجی هیچ کەس نیە.

بەڵام وەلیخان لە ڕێگای گەڕانەوە خۆی بەباخەکان و دەشتی وێنجەکانی میانلوو زیانی گەیاندو ئەسپەکانی خۆی بە ناو ئەواندا وێڵ کردو بە شکاندنی گۆزەکانی شیرەی هەنگووری باخدارەکان و کەلک وەرگرتن لە شیرە لە جێگای ئاو بە قوڕ بۆ ئەسپی سوارەکانی ئاخوڕی دروست کرد. پاش ماوەیێک کە وەلیخان ناراحەتبوو و بە ئەمری ڕەزاشا بە شوێنیاندا چوون، خواڵیخۆشبوو کەربەلایی ڕەمەزان میانلوو وتی کە ئێمە بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەم کارە گۆزەکانی ڕۆنی زەردی وەلیخانمان شکاند و ڕۆنەکەیشی بەجێ جۆ ڕژاندمانده نێو ئاخوڕی ئەسپەکانمان. وەلیخان لە نامەیێک کەبە ڕێکەوتی ١٧ی زیقەعدەی ساڵی ١٣٤٦ مانگی بەرانبەری ١٣٠٦ هەتاوی یانێ چەن ساڵی دواتر بۆ حەمە ئیبراهیم خان نووسیویە، لەگیروگرفتەکانی کەشوجاعوددەولە بۆ حەمەئیبراهیم خانی پێکهێنابوو، بەم جۆرە نووسراوە:

بەفیدات بم، دوای بەجێ هێنانی فرمانەکانت، ڕاستی وابوو کە ماوەیێک بوو لە سلامەتی ئێوەی ئازیز ئاگادار نەبوین، تا ئەمە کە نووسراوەیێک کە بۆ ئاغەی وەکیڵ زادە نووسیبووتان گەیشتە لای ئێمە. لە سلامەتی بەڕێز زۆر زۆر شادبووم.

لەبارەی نووسراوەکانی خواڵێخۆشبوو شوجاعوددەولە کە بۆ ئێوە هەناردبووی هەموو تەرزبۆ ئازاری گیانی ئیوە لەوێ ئامادەبوون. لەو کاتە بەندەیشیان بەسەر پەرشتی سواری زەعفەرانلوو[١٩٤] بۆ کەلەبچە کردنی ئێوە هەناردبوو. نووسراوەی زۆر لەدەستم دان؛ بەڵام لەنێو قەلادان.[١٩٥] بەندە چوار پەنج ڕۆژ لەشاری قووچان ئیشێکی گرینگم هەیە. دوای ئەنجامی ئیشەکە بۆقەلا دەڕۆم و عەینی خەتی خواڵێخۆشبوو شوجاعوددەولە و نووسراوەکان بۆ ئیوە ئەنێر م، دڵنیابن.

لە گۆشەی ژووری نامەکەوە سلاو و پەیامێ بە ئاغەی هوژەبرولمەلک قووچانی دراوە. (ئیمزای وەلی قارەمانلوو مۆری ئەویش لە پشتی نامەکەوە.)

١٩٤- ئەمیری سوارەکانی زەعفەرانلوو یانی سەرۆکی سپای کوردەکانی ژێرفەرمانی ئیلخانی قووچان، کە تا ئێستا بەکەمتر کەسێ دراوە.

١٩٥- بەڵگەلەبەڵگەکانی خواڵیخۆشبوو حەمە ئیبراهیم خانە.

دزرانی پۆستی دەوڵەتی بەدەستی خەدوو

یەکێ دیکە لەوزەربانەی کەخەدوو بە پەیکەری حاکمی قووچان و والی خوراسان دای، دزینی پوستی دەوڵەتی بوو کەبایەخێ زۆری بوو پارەی زۆری تێیدا هەبوو. خەدوو بە وەدەست هێنانی ئەم پارە ماوەیێک بەکاروباری خۆی و سوارەکانی سەروسامانی دا وچەن دەشت باخە هەنگوور و زەوینی لەباشووری ڕۆژهەلاتی شیروان کڕی. ئەم کارەساتە وادیارە ئەبێ لە ئاخری ساڵی ١٢٩٩ هەتاوی کرابێ.چون لەنامەیێکدا کە خوالێخۆشبوو حەمە ئیبراهیم خان لەولامی نامەی ڕێکەوتی ١٥ جۆزای ساڵی ١٣٠٢ خوالێخۆشبوو میرزا سلێمان خان خوسرەوی سەرپەرشتی ڕۆژنامەی هەتاوی تاران نووسراوە وادیارە نەهێنراوە یان پاک نووسەکەی هێنراوە بەم کاروبارە ئاماژە کراوە و توویەکە:

لە دوازدە ساڵ پێش کەبۆ شەڕی ملکی قاسم ئاوا، لەملکەکانی خۆم کەشوجاعوددەولە بەسەرۆکی تاجرەکانی خوراسان فروشتبووی، لەمەشهەد بووم خوداوێردی شەش هەزار تمەن پارەی دەوڵەتی لەنێوانی خاکی قووچان- بجنوورد دزی بووی. دەوڵەت تاوانی ئەودزیەی لەحاکمەکانی ئەو ناوچەیە گەرەک بوو. ئەوان یانێ والی خوراسان و حاکمەکانی قووچان و شیروان و بجنوورد بە ناوی ئەمەیکە خوداوێردی ماوەیێک نەوکەری من بوو کلاوێکیان بۆ بەندەدروست کردووە کە ئەم کلاوە بووەتە جەنگێ کە کەوتە دەستی سەرۆکی تاجران کە درێژەی هەیە...[١٩٦]

هەروا کە دیارە، خەدوو لەم کاتەدا بەتەواوی یاخی بووە. بەتێپەڕ کردنی ڕۆژگاری خۆی لە کێوەکانی باکووری خوراسان بەشۆڕشی خۆی دوایی ئەبەخشێ و هەرکات دەرفەتی وەدەستی ئەکەوێ دەسرێژئەکاتە سەر هێزەکان و حاکمەکانی دەوڵەتی.

دزینی شەش هەزار تمەن لەوکاتەدا کەم نەبووە، بە ئەم پارە ئەکرا ١٥-٢٠هەزار

١٩٦- ئەم نامە کە بە دەسنووسی خوالێخۆشبوو حەمە ئیبراهیم خان موزەفەروسەڵتەنە زەعفەرانلووە شتهایی تیایە کە سرنج دانی زۆر چاکە کەلەبەرگی شەشم لەجێگای خۆی دێن.

دانه پەز بکڕیایە یان سەدان هێکتار زەوین و باخ .

****

بەڵگەکانی دیکە لە بواری خەدوو سەردار لە دوای بەجێ هێشتنی شیروان ٢٤ ئەسەد، مانگی پووشپە، وادیارە ١٢٩٩

ئێستا کە پێش نیوەڕووە نەسروڵلاخان جێگری گشتی شیروان لەگەڵ سوارەکانی لە شیروانەوە حەرەکەتی کردووە و بۆ قەڵەندەر ئاوا چووە.[١٩٧] سوارنەگات منیش حەرەکەت دەکەم. هەرکارەساتی کە پێش بێت کێ وڵام ئەداتەوە. خەڵکیش هاتوونە تلگرافخانە، تلگرافیان بۆ قووچان کردووە. تلگرافەکەی سەرۆکی ئەمنیەتیش نووسراوە:

عەلی ئەکبەر لە لای حەزرەتی حاکمی قووچان لەگەڵ تەواوی سوارەکان لە شارەوە کەوتوونەڕێ و کەس نیە تا ئێوارە سوارنەگات منیش حەرەکەت دەکەم. خوداوێردیش لە ڕەززموغان دایە. (سەرۆکی ئەمنیە)

ئەم تلگرافە وادیارە بۆ تاران هێنراوە و ئەم باسە حەکایەت دەکات کەنەسروڵلاخان برای فەرەجوڵلاخان زەغیمەلمەلەکی دوایی کە جێگری حکوومەتی شیروان بووە، لە ترسی خەدوو سەردار کەلە لادێ ڕەزموغانی شیروان نیشتە جێ بووە، بەلادێ قەلەندەرئاوا کە مولکی بابی نەسروڵلاخان لە باکووری شیروان بوو، چووە و شاری شیروانیش بێ ساحێب ماوەتەوە. کەسەرۆکی ئەمنیەی شیروان لە ئاوا تلگرافێ هەڕەشەی کردووە. ئەگەر سواری یاریدەر لە قووچان بە شیروان نەگات، ئەویش شار بەجێ دێلی.

لە ژێری تلگرافەوە وزارەتی ناوخۆیی نووسراوەکە:

١٩٧- نەسروڵلاخان برای فەرەجوڵلاخان زەعفەرانلوو لەبنەئامۆزاکانی حەمەئیبراهیم خان ڕۆشنی و شوجاعوددەولە بووە. قەڵەندەرئاوایش بە ناو قەڵەندەربەگ بابی وی لە لادێکانی ئەوێ بوو. نەسروڵلاخان و براکەی فەرەجوڵلاخان دوایی چوونە نێو دەوڵەت و ڕەزاخانیان یاری کرد و کاتێ ڕەزاخان بەپاوشایی گەیشت و ئیسکۆرتی ویست بگرێ . بۆیە نەسروئەڵلاخان بە نوێنەرایەتی ئیلی زەعفەرانلوو بۆ تاران چوو لەگەڵ ڕەزاشا بوو کە لە جێگای خۆی بە ئەو ئاماژە ئەکرێ و بەڵگەکانی لەو بارەوە دێن.

دایرەی ڕۆژهەلات بگات بە خوراسان و دەست بە جێ بەرگری لە... بکات.

١٦ زیقەعدە[١٩٨]

****

بارودۆخی خەدوو سەردار لە دەوڵەتی ئێران لە کاتی شۆڕشی کوموونیستی

دەوڵەتی ئیران. شێروهەتاو. وزارەتی ناوخۆ. نووسینگەی ڕۆژهەلات. تاران- مەشهەد. لە ڕێکەوتی ٩ سەرەتان. گەلاوێژ ١٢٩٩. شەوال ١٣٣٨

پارێزگاری ڕێزداری خوراسان وسیستان قەواموسسەلتەنە!

کارداری بجنوورد ئاگادار دەکاتەوە کە خوداوێردی خەدوو نەوەد کەس لەشەڕاشوەکان کە لە ناو ئەواندا شەش کەس قەفقازیش[١٩٩]هەن، لە لای خۆی کۆی کردووەتەوە. هەشتسەد دانە چەک و سێ دانە تۆپی شەست تیر لە بلشوویکەکانی کڕیبوو. خەیاڵی هێرشی بەشیروانی بوو. هەروەها باوڕی هەبوو کە ئەگەر بە زوویی هێزەکانی لەمەشهەد بۆ سەرکوت کردنی ئەوان نەنێرێ دەوروبەرەکانی خوداوێردی هەروا کە خۆیان وتوویانە دەستە دەستە ئەبنەوە. گەرچی تا ئێستا تەواوی کارەسات نەنووسراوە بەلام لە بەڕێزتاندا بەتەواوی دیارە کە کاروبارێ کە ئێستا هەیە زووتر تەواو بەسەر پێچی ئەوان نەدرا بێ وخوداوێردی ئەزیەت نەبێ. کەم کەم دیکەی شەڕاشوەکان بەوان هێرش دەکەن و شەڕێ هەرەگەورە دەست پێ دەکات، بەسەرۆکی دەسەلاتدارەکە کە لەئەم کاتەدا لەلایەن ئەو ڕێزدارەوە بە هۆی ئەمنیەت و نەزمیەی گشتیئەو لاپەڕەکان نووسراوە. لەم کاتەدا دەوڵەت ماتڵە و بۆسەرکوت کردنی خوداوێردی دەسووڕا .[٢٠٠]

****

«مەبەستی ڕاستەقینەی دەوڵەت بۆ سەرکوت کردنی خەدووسەردار»

١٩٨- بەلگەلەئارشیڤی دایرەی بەلگەکانی نەتەوەیی ئێران وەرگیراوە.

١٩٩- بەلام ڕاپۆرتی کارداری بجنۆرد بۆ وەزارەتی ناوخۆیی بە بۆنەی هەواڵە دروەکان بووە مەگەرنەهیچ قەفقازیێ بەو جۆرە تا ئێستا لەسپای خەدوودا نەبووە، چونکە تەواوی هاوڕێیانی خەدوو لە کوردەکانی ناوچەی شیروان بوون.

٢٠٠- بەلگە لە دایرەی بەلگەکانی نەتەوەیی ئێران وەرگیراوە.

لەمەشهەد بۆ تاران. تلگرافی ڕەمزی ژمارەی ١٠٦ بەڕێکەوتی ١٦ی سەرەتان. گەلاوێژی ١٢٩٩ بەرانبەری ٢٠ی شەوالی ١٣٣٨پارێزگاری ڕێزداری خوراسان و سیستان!

لە شوێنی تلگرافێ کەبۆ سەروک وەزیران هێنراوە، زەحمەت زۆر دەبێ کە: دەبێ خەدوو سەرکوت بکرێ.

****

دەوڵەت گەیشتووەتە ئەوقەناعەتەی خەدووی سەردار سەرکوت بکات

لە تارانەوە بۆ مەشهەد .ژمارە و بەرواری تەلگەراف ١٦ی گەلاوێژی ١٢٩٩هەتاوی

ئەیالەتەکانی خوراسان و سیستان:

پاش هاتنی تەلگەرافێ بۆ سەرۆکی وەزیران[٢٠١] ڕاگەیەندراوە: دەوڵەت گەیشتووتە ئەوقەناعەتەی تا بەرنگاری خوداوێردی و داورودەستەکەی ببێتەوە، بۆیە ئێوەش دەبێ بە باشترین شێوە یارمەتیدەربن سەبارەت بە بلشوویکەکانیش کە دەوڵەت پاش دووڕۆژی دیکە دەگات بە قەناعەتێکی باش بە شێوەی ڕەفری ڕای دەگەیەنم پێتان. (واژۆی وەزیری ناوخۆ)

داکۆکی دەوڵەت بۆ سەرکوتکردنی خەدو

لە تارانەوە بۆ مەشهەد خێرایی ژمارە تەلگراف ١٢٩٩/٥/١٧

ئەیالەتەکانی خوراسان و سیستان:

٢٠١- سەرۆک وەزیرانی ئەودەم حەسەن موشیردەولەبوو کە ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٢٩٩ هەتاوی و پاش ڕۆخانی کابینەی وسوقوددەولەی برای قەواموسەلتەنە دەسەلاتی گرت و ٣ی خەزەلوەر دەسەلاتی لێ وەرگیردرایەوە و فەتحوللاخانی سپەهدار ئەعزەم لەبەرواری ٢٣ی خەزەلوەردا چووە خزمەتی ئەحمەد شا و تا ١٢٩٩/١٢/٢٩ واتا کۆدتای ڕەزاخان دەسەلاتی بوو، پاشان سەیدزیاتەباتەبایی دەسەلاتی گرتە دەست و کەوابوو شۆڕشی خەدوو لە سەردەمی چەند سەرۆک وەزیردابووە.

تەلگرافی ژمارە ١٢٩١ سەبارەت بە خوداویردی خان و بارودۆخی خوراسان گەیشت،دەوڵەت بە هۆی هێزوتوانای لە زۆری ئێوەوە تكای هەیە تا دوایی بهێنن بەم ئاكارە ناڕەوایە.

تەلگرافێكی تر گەیشتووە، وەک خۆتان دەزانن دەوڵەت گەیشتووتە ئەوقەناعەتەی هەمووی شۆڕشگێڕەكان لە ناو ببات و بۆیە بیروڕای بەڕێزتیان بۆمان گرینگە[٢٠٢]

****

هەمیسان تەلگرافێک ڕەمزی سەبارەت بەشەڕێک لە نێوان خەدوو هێزەئینگلیزییەكان دا لەباجگیران.

ئەیالەتی خوراسان و سیستان

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی كەبە دەستمان گەیشتوون وادیارە لە شیروان ڕەیسوتوجار لە وتووێژەكانی لەگەڵ خەدوو نەگەیشتووتە ئاكارێكی باش و نائومێد گەڕاوەتە مەشهەد و لە جەریستانی سیووكانلوو و بیچرانلوودا سەربازێكی ئینگلیزی بە دەستی هێزەكانی خەدوو كوژراوە و مەترسی ئەوە هەیە كە ئەودوو هێزە لەیەک بدەن.

لەبەر ئەوەی هەموو ڕاپۆرتێک جێ متمانە نیە، تكایە خۆتان هەمووی هەواڵەكانی ئەو دەڤەرە بۆ دەوڵەت ڕەوانە بكەن. (واژۆی وەزیری ناو خۆ)

دامەزرانی هێزەهیندییە ئینگلیزیەكان لە ناوچەبی سنووری باجگیراندا

لەوەزارەتی ناوخۆ لە تاران بۆ:

ئەیالەتی خوراسان و سیستان: ١٢٩٩/٥/٢٠

بە گوێرەی ڕاپۆرتی تەلگەرافی قووچان بەم زوانە ١٢٠٠كەس لەسەربازەهیندییەكان بە٢٠دەستگا تۆپ و كەرستەی شەڕەوە خۆیان گەیاندوەتە ئەوێ كە ٢٠٠كەسیان بەرەو باجگیران ڕۆیین و پاشماوەكەشیان هەر لەوێ ماونەتەوە. هەروەها دوو ڕۆژی پێش ئێزن دراوە كەقەدەغەی بكەن. هاتن بۆ ئەم

٢٠٢- وادیارە والی خوراسان كەقەواموسەڵتەنە بوو سات بە سات هاتووە و خەدووی گەیاندووتەتاران

دەڤەرە و وەزارەتی ناوەخۆش لەم بارەوە سەرحەسێب کراوە و دەبێ هاوکات سەبارەت بە بارودۆخەکەش زۆرتر سەرحەسێب بکرێ[۲۰۳]

تەلگەرافێک سەبارەت بە پەنابەرە تورکە ڕووسیەکان بۆ خوراسان لە ترسی کۆمۆنیستەکاندا

ئەم پەنابەرانەی کە لە سنوورەکانی باجگیران و دەرەگەزەوە هاتبوونە خوراسان هەموویان لەتورکەکانی ئازەربایجان بوون کە ڕوویان کردبووە عێشق ئاوا و لەوێ خەریکی کاری تیجارەت بوون، لەبەر ئەوەی حکوومەتی تزاری ڕووسیە لە ناو چوو و

۲۰۳- خوالێخۆشبوو حاجی دەوڵەت نامانلوو سەبارەت بەسەقامگیری هێزەئینگلیزیەکان لەسنووری باجگیران هەواڵی داوە و هاوکات گوتی: ڕووسەکان کەهەمووکات ویستوویانە خۆیان بگەیەننە ناوچە باکوورییەکانی خوراسان و هاوکات ئینگلیزییەکانیش بۆ بەرگری لەوان، هێزێکی گەورەی هێندیان لە باجگیران دانا بەلام ڕاستەخۆ ڕەوانەی مەیدانی شەڕیانیان نەدەکرد. سەرەتا هێزەچریکییەکوردەکانیان دەدا بەگژی ڕووسیەکاندا و کاتێ کە ڕووسیەکان گلەیان دەکرد، ئینگلیزدەینا مل کوردەکان. ئینگلیزییەکان لەم کاتەدا لەسەردار خەدوو زۆرتر دەترسان کە نەوەک هاوکاری ڕووسەکان بێت و دەبێ بڵێین لە ناو هێزەهێندییە سەربەئینگلیزییەکاندا چەندین کوردیش دەبینران وەک مامۆم مەلاڕەمەزان و خالۆکانم: یووسف و غۆلامڕەزا و حەیدەرو عەلی کوڕی شاولات و ئیبراهیم و ئیسماعیل کوڕی ئەسەدوللا و جەعفەرقولی و کوێخاسادق و ڕەمەزانی کوڕی غولام حسێن و حسێن کوڕی ئەللاوێردی ڕەنگڕەز و ئەبولموعجەن برای پێغەمبەر قولی ئیبراهیم پیر عەلی و... کەهەموویان مردوون و ناویان لەبیری سەکینەی دایکم چووتەوە و وادیارە کە ئینگلیزییەکان سەرکەوتوون کە لە ناو کوردەکاندا جێ خۆیان بکەنەوە.
دایکم دەڵێ سەرۆکی ئەم هێزانە کەسێ بە ناوی موولی خان بووە کە لە زەماوەنی خالۆ یووسفم دا بەشداری کردووە و ڕەمەزان غولام کە عاشقی کچێ بە ناوی خانگوڵ بوو هەڵدەپەڕی و بەکازەعاشقی دەگوت

کازۆتو لیخ ئەزبلیزم	ئەزنۆکەرێ ئینگلیزم
لە دەفتەرێ ناف نویسم	ئوزنۆکەرێ ئینگلیزم

حکوومەتی کomoونیستی پای گرت ئـەو کەسـانەی کـە مـاڵ و پارەیـان زۆر خـۆش دەویست هەڕایان کردە ئەم بەری سنوورەوە کـە پاشـان لەسـەردەمی ڕەزاشـادا لـە ئوردووی دەرەگەزدا مانەوە و پاشان ڕوویان کـردە شـارە باکوورییـەکانی خوراسـان. ئەمەیش دەقی تەلگەرافەکە:

لە تارانەوە بۆ مەشهەد: ١٢٩٩/٦/٢٩ی هەتاوی

ئەیالاتی خوراسان و سیستان:

بەپێی تەلگەرافی گەیشتوو پەنابەرە ئێرانیەکان کە دەچنە سنووری خوراسـانەوە هەموویان نیگەرانن و ژیانیان لە ئاستێکی نالەبار دایە و ئاگارێکی زۆرپیس و خراپیـان هەیە. باش وایە وەک چـون لەقـەزوێن و تارانـدا یارمـەتی کـۆ دەکرێتـەوە لـەوێش کۆبکرێتەوە.

تەلگەرافێک سەبارەت بە جیابوونەوەی وەلیخانی قەرامانلوو لە خەدوو لەمەشهەدەوە بۆ تاران: ١٢٩٩/٧/١٥

وەزارەتی ناوەخۆ

لەوەڵامی تەلگەرافی ژمارەی ١٩٢٤ سـەبارەت بـە هـاتنی خـوداوێردی خـان و وەلیخان قەرامانلوو[٢٠٤] بۆ گونـدی دوێـنی شـیروان و کەلەبچـەکردنی ٦٠کـەس لـە دانیشتوانی ئەوێ، چەند سەربازی‌تریش نێردران بۆ بـەڕێوەبردنی کـارانی‌تـر. پاشـان وەلیخان پەنای هێنایەوە مەشهەد. خوداوێردیش ڕەوانەی گلیـان کـراو بـڕیاری داوە ئیتر کاری خراپە نەکات.

قەوام، خەدووی پەنداوە

لەمەشهەدەوە بۆ تاران ١٢٩٩/٨/٦

لەبەر ئەوەی خوداوێردی بڕیاری داوە تووشی کاری خراپ نـەبێ پـەنامان داوە و

٢٠٤- وەلیخان قەرامانلوو بە ئامۆژگاری مەهدی ڕەیـسوتوججارەوە لەخـەدوو جیـا بـۆوەو گەیـشتە خزمەتی قەواموسەڵتەنەو ڕیزیان لێی گرت.

ئەگەردووپاتی بکاتەوە سزای دەدرێ
لەژێری دەقی تەلگەرافەکەدا نووسراوە
دایرەی ڕۆژهەلات ڕاپۆرتی کەگەیشتە دەستی سەرۆکی وەزیران ئەمەش دەقی نووسراوەکەی لەبەر دەستی بەڕێزتاندابێت.

شەڕی خەدو دژ بە قەواموسەڵتەنەو خانە خوراسانیەکان

قەوام زۆر سادە نەیتوانی لەو شەڕەی خەدوو سەرکەوێ. عەلی بەیگ برزانلوو لەهەڤالانی تاج موحەممەد خانی بادانلوو کە خۆی لەمەیدانی شەڕانخێزدابووە و دژ بە خەدوو وەستاوە و ئێستا ٩٠ساڵی تەمەنە لەم بارەوە دەڵێت[٢٠٥]

ئەمیر تەیمووری کەلالی دەسەلاتداری قووچان بووە، هاوڕێ تاج موحەممەد خان و سوارە زافەرانلووکان و سەربازەکانی قوام گەیشتنە گلیان، وەلی خان قەرامانلووش چووە ڕیزیان. موحەممەدحوسێن خانی ئووغازی و خانە سنوورنشینەکانی بیچرانلوو و قۆشخانەو هەروەها زۆربەی خەڵکی خوراسان و قەواییەکان لە توربەتی حەیدەرییە و شەوکەتولمەلێک عەلەم لەبیرجەند و سەردار موعەزەزی بجنووردی ئیلخانی شادلوو لە بجنوورد و خانەکانی سەبزەوار و نەیشابوور هاتنە ناو هێزی شیروانەوە و بەم شێوەیە ١٥ هەزار هێزی چەکدار لە دەوری خەدوو کۆ بوونەوە و گەمارۆی خەدوویاندا، خەدوو کەچەکی زۆری بوو هەموویانی ڕاو نا، هەرکەس دەچووەپێشەوە هاتنە دوای زۆر سەخت بوو، هێزە دەوڵەتیەکان زیانی زۆریان کرد. قەوام لەڕێ ناچارییەوە لەگلیانەوە بۆ شیروان پاشەکشێ کرد و ئەم شەڕە چەند مانگی خایاند.

ڕۆژێکیان سەید حەیدەری بەربەڕی ناسراو بە شا کە نۆینەری قەوام بوو،بڕیاری دا بوو کە هێرش دەکاتە گلیان و خەدوو کەلەبچە دەکات و دەیهێنێتە خزمەت قەوام. ڕۆژی دوایی سەیدحەیدەر هاوڕێ بەربەرییەکان هێرشی کردە گلیان و خەدوو ئیزنی دا بە ئەوان کە تانزدیکی بورجەکان بێنە پێشەوە و پاشان تۆپی خستە

٢٠٥- ئەم وتووێژە ساڵی ١٣٦٤ کراوەکە بە داخەوە دوای ماوەیەک عەلی بەیگ کۆچی دوایی کرد.

کـــار لێیـــان و هـــەموویانی ڕاونـــا. زۆرکەســـیان کـــوژران و تەنانـــەت ئـــامۆزای سەیدحەیدەریش کوژرا. خودی سەیدحەیدەر بـەهۆی ئەسـپەچالاکەکەیەوە دەربـاز بوو و ڕووی کردە شیروان و جگە لە کەنینێکی پڕمانا بۆ قەوام هیچ نەمایەوە و سـەید حەیدەر لە ڕووی هەڵنەدەهات لە لایانەوە دانیشێ و بۆیە لەوێش فیراری کـرد و لـە شیروان و لە ماڵێکی شیرواندا خۆی شاردەوە[٢٠٦]

ڕۆژی دوایی و بە فـەرمانی قەواموسەڵـتەنە هێزێکـی بەسـەرۆکایەتی سـەروان حـەکیمیـیـەوە و بـە هاوکـاری سـتوان ئیـزەدی و سـتوان ڕەفعـەت و سـەرهەنگ جەلائودەولە ڕازاندەوە و ئەوانیش خێرا هێرشیان کردە گوندی ورگ و قەڵای گلیـان و هێزی ژێرفەرمانی ستوان ئیزەدی بەهێزی تۆپەوە سەرەتا هێرشـیان دەسـت پـێ کرد.

خەدوو لەم کاتەدا لە شادبورج کەیەکێ لە گرینگ تـرین قـەڵاکانی گلیـان بـوو هێزەکانی خۆی ڕێنوێنی دەکرد و ئیزنی نـەدا کـەس تـیر بهـاوێژێ و هـەتا هێـزە دەوڵەتیەکان نزدیکتر بوونەوە، هێـزی جندرمـە کـە وایـان دەزانی داو ودەسـتەی شۆڕشگێڕدەربازبوون، بەخێراییەوە چوونە پێـشەوە. کاتـێ نزدیـک بوونـەوە خـەدوو فەرمانی دا وجندرمەکان و زۆربەیان کوژران و ئەگەرکەسیان دەیەویست دەربازبێـت خودی خەدوو بەتیرخەلاسیانی دەکرد و هاوکات ئەم شێعرەی دەخوێندەوە.

ژاندارم بێوە دووسەد هەزار   مینا دەپان دەکەم قەتار
جگە تاقمێکی کەم هەمووی هێزەکان کوژران

سەرتاسەری ئەو شەوە خەدوو و یارانی بەژن و مێرد و گـەورە و بچووکـەوە لـە خۆیان دیفاعیان کرد و هاوکات دەیانگوت: هاقوڵی هاقوڵی[٢٠٧]

٢٠٦- سەید حەیدەر بەربەڕی لەڕووداوەکانی دوایـی و بـە تایبـەت لـە ڕووداوی کولـنل پـسیان دا دەستی بووە. پاشان ساڵی ١٣١٥بۆزەنجان دوورخرایەوە و لەوێ مرد. ئەم ساڵە بـە سالـی شۆڕشـی بەربەڕیەکان ناو بانگی دەرکرد.

٢٠٧- هاقوڵی وشەیەکی کوردییە وەک جوێن وایە. کورد کاتێ خووک ڕاو دەنـێ دەیهێنێتـە سـەر زار.

هێزی دەوڵەت هەتا گوندی ورگ کە ناوەندی فەرماندەییان بوو ڕاونـران. پـاش دوو شەو ویەک ڕۆژ شەڕ، هێزو سپای ئێران تێک‌شکا. خـەدوو چـووە سـەر تـەرمی کوژراوەکان و بە کوڵ بۆیان گریا و گوتی من حەزم لێ نەبوو بەسەرهاتی وەها پێش بێت، خۆیان کاری وایان کرد و پاشـان فـەرمانی بـەخاک سـپاردنیانی دا، لـە کـاتی ناشتنیاندا دوژمن وەک بـاران تـیری دەبارانـد سـەرهەنگ جەلاپوورکـە لـەو تاقمـە کەسانەی بوو زیندوو مابوو پاش ٣٦ ساڵ دوای ئەو بەسەرهاتە و کاتـێ کـە دەیـزانی ئیتر خەدوو زیندوو نابێتەوە لەبـەرواری سـەرماوەزی ساڵـی ١٣٣٦ و لـە ڕۆژنامـەی ئافتاب شەرق لە مەشهەد دا نووسیوویە کە هێزەکـانی دەوڵـەت زۆر بـە هێزبـوون؛ بەڵام کوردەکان وەک چوار پا وا بوون و هەرکەسیان کە دەگرت بـەخراپترین شـێوە ئەشکەنجەیان دەکرد. لەهەمان کاتـدا ئێمـە دەزانـین کـوردان حـەزیان لـە ئـازار و ئەشـکەنجە نـەبووە، کوردەکـان پیاوانـە هاتوونەتـە مەیـدانی شـەڕانخێزو پیاوانـە دەیانکوشت و پیاوانە دەمردن.

ناوبراو جگە لەوەی زۆر خراپەی بەکورد و خەدوو گوتووە هاوکات لەشوێنێکی دا نووسیوویە:

ئەسیران بەفەرمانی خەدوو چەکیان لێ وەردەگیردرا و لە نێو خەڵکی گلیـان دا دابەش دەبوون و هاوکات خەدوو فەرمانی دەدا کە نەوەک کەس بێ حورمەتی بـەم ئەسیرانەبکات و دەبێ وەک کەس و کارەی خۆتان لەگەڵیان هەڵـسوکەوت بکـرێ، تەنیا ئەوەی نەبێ کە بغاولە پایان بکرێ و دوان دوان بیانبەسـتن بەیەکـەوە نـەوەک دەربازبن.

جارێکیان یەکێ لەو گلیانیانـەی کەبراکـەی لـە لایـەن هێزەکـانی دەوڵـەتەوە کوژرابوو ویستی یەکێ لە ئەسیرەکان بکـوژێ و کـەچی غولامـڕەزاخانی سـەرداری برازای خەدوو پێی زانی و زۆر لێ تووڕە دەبێ و هاوکات خەدوو بەخەڵکی گوت تۆڵە کردنەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا دەکرێ نەک کاتی ئەسیرکردن.

ڕۆژی دووەم پاش نیوەڕۆ، ستوان ڕەفعەتی سەرۆکی گوردانی چوارەم بە ئـاگری تۆپ و تانکەوە هێرشی کرد و هەمیسان ئەوانیش دەرباز بوون.

ڕۆژ سێهەم خەدوو هەمووی هێزەکانی خۆی کۆ کردەوە ویستی هێرش بکاتە سەر شیروان بە مەبەستی کەلەبچە کردنی قەواموسەلتەنە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دووگرۆپ لە هێزەکانی خۆی بەسەرۆکایەتی ئەلّلاوێردی و حوسێنی برایەوە ڕوانەی شیروان کرد. هەر گرۆپێ سەد سەرباز بوون کە خۆیان دابەش ببوون بەچەند گرۆپی ترەوە و هێرشیان کرد. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە سێ دەزگا تۆپ و چەکی پێنج تیر و یازدە تیر بوون.

سەرهەنگ سەفاپوور دەڵێ هۆی شکستی هێزەکانی دەوڵەت پاڵپشتی کوردەکانی شادلوو و بەرپەرپەکان لەهێزەکانی خەدوو دەزانێ.

پاشان سەبارەت بە دەرباز بوونی سەربازانی دەوڵەتی دەڵێ:

دوژمن بە ئەو پەڕی هێزیەوەهێرشی کردەسەر هێزەکانی دەوڵەت و هێزەکانی دەوڵەت ئاگرێکی دەوڵەت ئاگرێکی گەورەیان بەچەک و تیر باران بۆ دوژمن پێک هێنا بەڵام دوژمن سەرکەوت و هێزەکانی دەوڵەت زۆربەیان دەرباز بوون .ئەلّلاوێردی و حسێنی برای خەدوو بەباشترین شێوە پاڵپشتیان دەهانی. پاش ماوەیەک تاقمێکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بەڵام بەداخەوە هێزی دەوڵەت گوللەی لێ بڕاوە و لەڕێ ناچارییەوە دەربازبوون.

سەدچەکدار لەعەشیرەتی هەزارە وسەدکەس لە عەشیرەتی شادلوو دەربازبوون و ئەمە بوو بە هۆی تێکشکانی ئێمەوە و دوژمن بەسەرۆکایەتی خەدوو وەک گورگ و پڵنگی هار هێرشیان هانی.

پاش دەرباز بوونی تاقمێکی تر لەزافەرانلووەکان، پاشماوەی هێزە دەوڵەتیەکانیش دەرباز بوون.

هێزە سەربازییەکانی دەوڵەت ئیتر بەقسەی سەر کردەکانی خۆیانیان نەدەکرد[٢٠٨]

سەرهەنگ سەفاپوور لەڕووی هەڵنەهاتووە ڕاستیەکەی بدرکێنێ و بڵێ کە بەچ

٢٠٨- ڕۆژنامەی ئافتاب شەرقی، سەرهەنگ سەفاپوور، بە سەردێری سەرداران قولابی بەرواری ١٣٣٦/١٠/٦، ل ٢.

شێوەیەک ناوەندی سەرکردایەتی هێزەکانی دەوڵەت لە گوندی ورگ دا وێران بوو و هەمووسەرباز و سەرکردەکان بەچ شێوەیەک دەرباز بوون و خەدوو بە چ شێوەیەک ئەسیرانی ئەوانی وەک قەتارەی وشتر دەبەست بەیەکەوە و دەیانی برد بۆ گلیان.[۲۰۹]

یان برا وەک شێرەکانی خەدوو بەچ شێوەیەک توانیان ژاندارمری هەتا پشتی دەروازەکانی شیروان ڕاو بنێن.

ئەم ئاکارە بۆ قەواموسەڵتەنە زۆر گران تەواو بوو و ناوبراو بۆ بەرگری لەخەدوو تانەیەتە ناو شاری شیروانەوە بورجەکانی شاری قەوی کردەوە و بە ڕاوێژی خانە کوردەکانەوە گوندەکانی دەوروبەری گلیانیان گرتەوە تا بەم شێوەیە ئیزن نەدەن کەس یارمەتی بدات بە تاقمی خەدوو و ئەم گەمارۆدانە ئابوورییە بوو بە هۆی ئەوەی تا خەدوو هەمووشتێ جیرەبەندی بکات.

هێزەکانی خەدوو بەشەودا هێرشیان دەکردە سەردوژمن و زۆریان لێیان دەکوشت و پاشان دەگەڕانەوە.

هەرچەندە بە هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە کاری خەدوو تووش تر بوو.

بەلام هێزەکانی دەوڵەت بەبینینی خەدوو و هێزەکەی دەبوای تەنیا دەربازبن.[۲۱۰]

۲۰۹- لەکتێبی نەزەری بە جونبش کارگری و کومونیستی ئیران. نووسراوەی عەبدوسەمەد کامبەخش لەسەر کردەکانی حیزبی توودە، لە خەدوو ناوبراوە.

۲۱۰- یەکێ لەو ڕاوێژانە ئەوە بوو کەچەند سوار بچنە ئێسفەراین و موحەممەد ئیبراهیم خان ڕەوشەنی بهێنن بۆ شیروان بەلام مەبەستی ئەوان ئەوە بوو موحەممەد ئیبراهیم بدزن و بیهێننە شیروان، لەبەر ئەوە ناوبراو نەدەهات، لەبەر ئەوەی کە دەیانزانی خەدوو تەنیا بە قسەیی ئەودەکات، پێنج کەس ڕەوانەی ئێسفەراین بوون و ماڵی موحەممەد ئیبراهیم خانی موزەففەروسەڵتەنەیان گەمارۆدا کەلە گوندی پەرتان بوو، بەیانی ئەو ڕۆژە خان هاوڕێ نۆکەرێکی بۆ حەمام چوو بۆ ناو شاری ئێسفەراین، لەم کاتەدا ئەوپێنج کەسە هاتنە ناو حەمام و خانیان ڕازی کرد کە بڕوات و کەسیش حەقی نەبێ لەگەڵ خان بڕوات، تەنیا هەر ئەوەند کەسێ ئەسپەسپیەکەی خان بهێنێ. پاش دوو ڕۆژخان گەیشتە بجنۆرد و لەوێ پێشوازی لێ کرا و هاوکات سەردار موعەزەز لە تەلگەرافێکدا

قەوام کە ئەمەی بیست لەگەڵ سەرۆکی ئیلەکاندا کەوتە ڕاوێـژ و ئـەمجارە تـاج موحەممەد خانی بادلانلوو کە دوژمنی سەرسەختی خەدوو بوو پێشنیارێکی کرد کە هەموان پەسندیان کرد.

عەلی بەیگ بزانلوو کەلە یارانی تاجموحەممەدخان بوو و هاوکات لەم شەڕەشـدا بەشدار بوو سەبارەت بە فێڵی پێشنیاری تاج موحەممەد گوتی:

تاج موحەممەد خان سوارەیەکی ناردە گوندی ڕەزمغان و حاجی تاتـاری بانـگ کردە شیروان. حاجی سێ کوڕی لاوی هەبوو و هەرسێکیان هاوڕەزمی خەدوو بوون و خەدووش حاجی تاتاری زۆر خۆش دەویست و پێی دەگوت بابا.

تاج موحەممەد و قەوام کلاویان نایە سەر ئەم پیاوە پیرە و گوتیان حـاجی ئاغـا ئێمە تۆپێکمان هێناوە کەلە ئاسمانـەوە دەفـڕێ و بـۆ هـەرکوێ بنێـرین دەڕوات و لەهەرکوێ بدات بە عەرزا ئـەو شـوێنە یەکـسەر خـراپ دەکـات ئێمـەش نامانـەوێ هەمووی دانیشتوانی گلیان بکوژرێن و بۆیە حاجیان ڕەوانەی گلیـان کـردو جـەجوو هاتە پێشوازییەوە و گوتی:

حاجیگیان چی خەوەرە بەخێرهاتی.

حاجی ڕاستیەکەی گوت بە خەدوو. خەدووش بایـەخی بەقـسەکەدا و پێکـەوە ڕاوێژیان کرد.

خەدوو کە سەرکەوتبوو کلاوی بەسەر چوو گلیانی بەجێ هێـشت و بـەم شـێوە ڕۆژی دوایی هەواڵ گەیشت کەشەڕ تەواو بوو و خەدوو دەرباز بـووە لەهـەمان کاتـدا کەس نەیدەتوانی بەئەم هەواڵە بڕوابکات لەبەر ئەوەی هەموان چاوەڕێ بوون خـەدوو هێرش بهێنێ.

قەوام خێرا خۆی گەیاندە گلیان و پڕ هۆمـارێ چـەک و تەقەمـەنی دۆزیـەوە و خێرا ڕەوانەی مەشهەدی کرد و ئێمەی بە سەرۆکایەتی تاجموحەممەد خانەوە نـارد بە دوای خەدوو دا. خەدوو بەرەو سنوور ڕۆیشت و هەمووی چەکەکانی خـۆی فـڕێ

ڕایگەیاند کەشەڕ گەیشتووتە ئاکام و دەتوانێ خان بڕواتە شاری شیروانەوە.

دابوو. [٢١١] نەمانئەوێرا نزیکی بکەوین، هەمووکات فرسەخێ نێوانمان بوو ئەو چووە ڕووسیە و ئێمەش گەڕاینەوە. پاش ماوەیەک کولوونێل موحەممەد تەقی خان پسیان کە بوو بە فەرماندەی ژاندارمری خوراسان و هەواڵی پێی گەیشت کە:

خەدوو لە ڕووسیەوە بەچەکێکی زۆرەوە گەڕاوەتەوە. ئەم هەواڵەبوو بە هۆی دڵنگەرانی تاج موحەممەدخانەوە کە تازە لە لایەن پسیانەوە پلەی ئەفسەری پێی درابوو و خێرا بارودۆخەکەی بۆ کولونێل ڕوون کردەوە.

کولونێل چەند کەسی لە پادگانی قووچانەوە ڕەوانە کرد تا بە یارمەتی تاج موحەممەد، خەدوو کەلەبچە بکرێ. ئێمەش بەسەرۆکایەتی تاجموحەممەدخانەوە لە قووچان چوینە دەرەوە و گەیشتینە حەسارئەندف و خەڵکی گوتیان خەدوو دوێنێ لێرەوە ڕووی کردە بەرزلئاوا ئێمەش لە سمسارەوە ڕوومان کردە بەرزلئاوا. خەدوو زانی و خێرا ڕووی کردە دومن و پاشان چووە سەرچەشمە و لەوێوە چووە گلیان. لە ڕاستیدا کەس نەیدەوێرا بکەویە توخنی.

لەم کاتەدا زانیمان کە ڕووسەکان یارمەتییێکی وەهای خەدوویان نەداوە ئەوچەکانەش کە بە دەستی گەیشتبوون ڕەوانەی گلیانی کردبوو و لە ناو ڕێ دا خانە بیچرانلوو‌ییەکان دەستیان بەسەری داگرتبوو و خەدوو هیچی بە دەستەوە نەمابوو و ئێمەش بەم بۆنەوە ڕوومان کردە گلیان. خەدوو گلیانی بەجێ هێشت و ڕووی کردە بجنوورد و پەنای بردە سەردار بجنووردی.

حسەینی مەکی لەبەرواری ٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٠٠ی هەتاوی لەم بارەوە نووسیوویە: ٢٤ی خاکە لێوە تەلگەرافێ گەیشتە دەوڵەت سەید زیا کە نووسرابوو خوداوێردی و هاوڕێکانی کەلە خوراسان شۆڕشیان کردبوو بە دەستی هێزەکانی کولونیل موحەممەد تەقی خانی پسیان تێکشکان و خوداوێردی دەرباز بوو و چووە

بجنوورد و پەنای بردە حاکمی ئەوێ.[٢١٢]

ئاکامی کاری خەدوو و لە سێدارەدرانی لە لایەن کولونێل موحەممەد تەقی خانی پیسیانەوە

شۆڕشی کومۆنیستی خەدوو کە لـە نیـوەی دووەمـی سالـی ١٢٩٨ی هـەتاوی ڕووی دا و لە ئاکـامی سالـی ١٢٩٩ی هـەتاوی بەلـە سـێدارەدانی خـەدوو لـە ٧ی پووشپەڕی ١٣٠٠ی هەتاوی گەیشتە ئاکام هۆی تێکشکانی خەدوو چەنـد خالـێکی گرینگ بوو وەک:

١- تاقمی کورد کە هەموویان سنوورنشینن بە هیچ جۆرێ حـەزیان لـێ نـەبوو بچنە ژێر حوکمی کومونیستەوە.

٢- کومۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤـیەت زۆر مـەکرباز و درۆبێژبـوون وەک چـۆن بڕیاری یارمەتیان دا بە خەدوو؛ بـەڵام لـە نێـوەی ڕێدا پـشتیان خالـی کـرد. بـڕێ گوتوویانـە حـەیـدەرخـان عـەموغـلی کومۆنیـستێکی گـەرم بـوو ڕاپـۆرتی داوە بـە ڕووسیەکان کە سـەرکردەکوردەکانی خوراسـان گـوێ بیـستی خـەدوونابن و هـیچ قازانجێکی نابێ بۆتان لە ئێراندا.[٢١٣]

٣- سێهەم ئەوەی کە هەبوونی کەسایەتییێکی سیاسەتمەدار وەکوو ئـەنلگووفیل و دیکتاتۆرێکی وەکوو قەواموسەڵتەنە لە وڵاتێکی وەکـوو خوراسـاندا دەبـووە هـۆی هـەرجۆرە هەڵـسوکەوتێکی ڕووسـەکانەوە لـەو وڵاتـەدا وە هـەروەها کـە دەزگـای جاسووسی یەکیەتی سۆڤیەت لەو ناوچەیەدا هەموو جۆرە ئامێرێکی پێشڕەوانەی ئـەو

٢١٢- تاریخ ٢٠سالەی ئیران، حسێن مەکی، ب١، ل٣٣٤

٢١٣- ئەم وتە، وتەی حاجی سلێمانی ڕۆشنیە و ئەویش لە زمانی ...

سەردەمەی بوو. هاوکات ئینگلیزییەکانیش پاڵپشتی قەواموسەڵتەنەیان دەکرد و ئیزنیان نەئەدا تاکوو کۆماری کۆمۆنیستی کوردستانی خوراسان پابگرێ.

٤- ساویلکەیی و نەزانکاری خەدوو لەشەڕی دژی قەواموسەڵتەنەدا گرینگ‌ترین هۆی شکستی ئەو بوو، بە تایبەت بەو پیلانەی قەوام بڕوای نەبوو و گلیانی بەجێ هێشت و ڕەوانەی ڕووسیە بوو.

بەهەر شێوەیەک بوو خەدوو پەنای بردە ڕووسیەو لەوێش گەڕایەوە و تاج موحەممەد بادانلوو بەهەموو هێزێکی خۆی و دەوڵەتەوە لە دوای کەوتبوو و لە ڕێ ناچاریەوە پەنای بردە سەرداری بجنووردی و هاوکات ئەویش نا پیاوانە دای بە دەستی جندرمەوە.

تاج موحەممەدخان و هێزی سەربازی هاوڕێ نەیانوێرا لە ناوچەی شیروان بەرەو بجنوورد هەنگاوێک بەرەو پێش بچن، لەبەر ئەوەی زۆر لە سەرداری بجنووردی دەترسان. بۆیە ڕاپۆرتێکیان سەبارەت بە خەدوو و بەسەرهاتەکەی ئاراستەی کولونێل موحەممەدتەقی‌خانی پسیان کرد کەلەو کاتەدا سەرکردەی هێزی جندرمەی خوراسان بوو. کولونێل کە لەم سەردەمدا سەرۆکی خوراسان بوو. لەنامەیەک دا داوای کرد لە سەردار موعەزەزی بجنووردی کە یان خۆی خەدوو بدات بەدەستەوە؛ یان ئیزن بدەن هێزی سەربازی دەوڵەت بێتە ناو شارەوە و کەلەبچەی بکەن. دەبێ ڕابگەیەندرێت لەم چاخەدا سەردار موعەزەز لەبجنوورد دەسەلاتدارێکی خۆگەڕ بوو و هێزەکانی دەوڵەت بەبێ ئیزنی ئەو نەیانئەوێرا بچنە بجنووردەوە. تاج موحەممەد خان و هاوڕێکانی چوونە شاری بجنوورد، عەلی بەیگ بورزلانلوو و سەرهەنگ سەفاپوور لەم کارەدا بەشداریان کردووە و نووسەر خۆی لەگەڵ هەموویان و هەروەها مەلاڕەمەزانعەلی مامۆی و کۆیخا سادق ئووغازی کەلە کاتی کەلەبچە کردنی خەدوو لەبجنوورد دابوون وتوویژی کردووە:

عەلی بەیگ دەیگوت:

دوایین ڕۆژەکانی ڕەشەمە کە چووینە بجنووردەوە تاج موحەممەد خان و میرزامەحموودخانی دەرەگەزی سارمولمەمالیک دوایی و ئەفسەرێکی ژاندارمری

هاتبوونە چاوپێکەوتنی سەرداری بجنووردییەوە.

پاش چاوپێکەوتن سەردار بە بیانووی نەچیر لەشار چووە دەرەوە و یەک فرسەخ لە شار دوورکەوتەوە خەدوو وبراکانی لەیەکێ لە کاروانسەراکاندا لە نزدیکی بورجی سەردارەوە جێیان گرتبوو و نەیاندەزانی چی ڕادەبرێ و بڕوایان نەبوو کەس بتوانێ کەلەبچەیان بکات چون سەردار پەنایانی داوە لەم کاتەدا ئێمە هێرشمان کردە سەر کاروانسەراکە و گەمارۆی ئەوێی دا. بجنووردییەکان بەرنگارمان بوونەوە بەڵام تاج موحەممەد خان زۆر خێرا تر لەو باسانە بوو، توانی زۆربەی بجنووردییەکان بکوژێ و خەدوو و براکانی کە زانیان بارودۆخەکە ئاڵۆزە هاتنە دەرەوە و دەستیان برد بۆ چەک و بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بوو.

حسێن برای خەدوو هێرشی کردەسەر جندرمەیەک و چەکەکەی لێ وەرگرت و بەڵام میرزا مەحموودخانی دەرەگەزی دەرفەتی نەدا و خێرا بریندراری کرد. هاواری حسێن، خەدووی دێوانە کرد و هاوکات کە خراپەی دەگوت بە تاج موحەممەد خان، زانی ئێمە دەست بە ستەین و خێڵی دەرەگەزی دەیانئەوێ بمانکوژن، ئێمە بدەن بە دەستی سوراە قووچانیەکانەوە.

بە فەرمانی تاج موحەممەد خان ئێمەی سوارەی قووچانی کە قلیچ قازمەیی و حەمە لونگیشمان لەگەڵدا بوو؛ خوداوێردی خان و ئەڵلاوێردی خانی برایمان سوار کردو پێش هێرشی بجنووردییەکان بەرەو شیروان بە ڕێ کەوتین و تاج موحەممەدخانیش لە دوامانەوە وەک پاراستنی ئێمەی لەهێرشی بجنووردییەکان دەپاراست. پاشان گەیشتین بە شاری شیروان و چوینە ماڵی فەرەجوڵاخانی شیروانی و ئەڵلاوێردی خانی برای خەدوو کە زۆر بریندار بوو هەر دەیناڵاند.

سەرهەنگ سەفاپووریش لەم بارەوە گوتی:

خەدوو کە پارەی لەلا نەبوو، سەعاتەکەی لە دەستی کردەوە و بەمنی داو گوتی کە ئێمە نانی دەستی ئەم ناپیاوانە ناخوێن. بڕۆ ئەم ساعەتە بفرۆشەو نان و پێخۆرمان بۆ بهێنە، من خێرا چووم نان و قلیانم بۆیان حازر کرد و تا بەیانی لە

ناڕەحەتیدا هەر قلیانیان دەکێشا و خەدوو زۆر بە دەستی سەرداری بجنووردییەوە نیگەران بوو.

لەفاروو‌جدا خەدوو درایە دەستی ژاندارمەکانەوە و ئەوانیش ڕەوانەی مەشهەدیان کرد و لەوێ خرانە بەندیخانەوە.

ناوبراوان لە مەشهەد لەشەقامی سەروو لە کاروانسەرای کووچەی ئاومیرزادا زیندانی بوون.

خەدوو ڕۆژی چواری گولان کەلەبچە کرا و هاتەشاری مەشهەد. خەڵکی شار هاتبوونە تەماشا و پاش ٦٥ڕۆژ تیرەباران کرا. پسیان تەنانەت ئیزنی بەخەدوو نەدا لەگەڵ ژن و منداڵەکەیدا دیداری هەبێ و لە نێو شەوێکی تاریکدا لەگەڵ براکەی لەسێدارەیانی دا.

خەدوو بەکولونێلی گوتبوو: تۆمن مەکوژە دەزانم ڕۆژێک ئەتۆش گیر دەکەی وخانە کوردەکان لە ناوت دەبەن. مەمکوژە پێکەوە دەتوانین کاری باش بکەین، بەڵام کولونێل لەخۆبایی بوو و کوشتی. بەڵام کاتێ خۆی لە قووچان گیری کرد کەوتە بیری قسەکەی خەدوو و ئیتر بێ قازانج بوو و کولونیلیش هەر بەو دەردەوە چوو .کونسوولی ئینگلیز لەبارەی خەدوو دەڵێ: خوداوێردی خان و ئەڵلاوێردی خانی برای هاوڕێ ۱۹کەس لە هەڤالانی لە بەرواری ٤ی گولانی ۱۳۰۰ی هەتاوی ڕەوانەی مەشهەد کران. ئەم دووبرایە حوکمی لە سێدارەدانیان بۆ دەبڕێنەوە.

هەمیسان کونسوولی ئینگلیز لە ڕاپۆرتێکی‌دا بۆ مەشهەد پاش، باس لەسەر بەسەرهاتی حەفتەی پێش تر لە ٧ی جۆزەردانی ۱۳۰۰ی کۆچی هەتاوی سەبارەت بە باس‌وخواستی کولونێل لەخەدوو دەڵێ:

باس و خواست لە خوداوێردی خان بەم زوانە تەواو دەبێت بیستوومە کە خودا وێردی لەباس و خواستەکانیدا گوتوویە: یەکێ لە نۆکەرەکانی ڕەئیسوتتوجار پێش لە ئاخرین هەڵاتنی خەدوو بۆ ڕووسیە داوای لێی کردووە تا کوو لە ناوچەکانی سنووری قووچان و شیرواندا دەست بدات بە شۆڕشەوە وکاتێ ڕەئیسوتتوجار کەئەو کاتە نوێنەری پارلەمان بووە ویستوویە بڕوات بۆ تاران و لە تاران بڵێ کە نۆکەرەکەم بە

داوای قەواموسەڵتەنە و حاجی شێخ جافر[٢١٤] کشمیری و موقبیلوسەڵتەنە ناردووتەخزمەتی خەدوو.[٢١٥]

لەڕاپۆرتی حەفتەی پێش ٢ی ژووئیەی ١٩٢١ی زایینیدانووسیویە: خوداوێردی و ئەڵڵاوێردی دووبرای جەردە لەکاتژمێری یەکی نیوەشەوی ڕۆژی ٢٨ی ژوەندا ١٣٠٠/٤/٧ی هەتاوی تیر باران کران.

وتوویژ لەگەڵ خالە جەهان بی بی بیچرانلووی ٩٥ساڵان سەبارەت بە خەدوو

پێش وتوویژ، واباشترە لەگەڵ خالەجەهان بی بی دا ئاشنایەتێک پەیدا بکەین. ناوبراوکچی موحەممەدقولیبەیگ و منداڵی یەعقووب بەیگەو لە عەشیرەتی شاملووی بیچرانلووە. زمستانی ١٣٦٨ی هەتاوی لەمەشهەد گەیشتمە خزمەتیان. لە ماڵی بەڕێز خالقی کوڕیاندا ژنێکی ئارام و لەسەر خۆ و ژیرە و زۆر ژنێکی بەدینە.

لە گوندی قەڵابەیگ هاتووتە دنیا و ئێستا ٩٥ ساڵانە، بەڵام وا ئەزانیێ ٦٠ساڵی تەمەنە. باڵای بەرزو ڕێکوپێکی هەرنەچەماوەتەوە، پێستی ڕوومەتی سەوزە و دەست و مەچەکی دروشتە و برۆکانی پڕ و لووتێکی درێژی هەیە.

لەهەمووی بەسەرهاتەکانی سنووری بریتی لەعەشیرەتەکانی سیووکانلوو، بیچرانلوو، میلانلوو و جریستان و قۆشخانە ئاشنایەتی هەیە و جوانیان دەناسیێ. لەسەردەمی منداڵی و دەزووورانداری ناوبراوپرسیم.

گوتی: لەتەمەنی ٩ساڵەییمەوە نوێژم نەفەوتاوە. لەبیرمە کە حەسەنقولی هاتە داوامەوە پاش وتوویژە سەرەتاییەکان کە بەڕێوە چوو و هەردوولا ڕازی بوین. باوکم ئیزنی لەمن گرت و منیش ئیزنم داوگوتم ئیزنم لە دەستی ئێوەدایە.

بەم شێوە ئێمە بوین بە دەزووران. ئەو کاتە سەرەتا مارەیان نەدەبڕی و بڕیارێ کە دەدرا حوکمی مارەبڕینی دەکرد. لە کاتی زەماوەندا کە پاش سێ یا چوار ساڵ ڕووی ئەدا مەلایان دەهانی بۆ مارەبڕین.

٢١٤- حاجی شێخ جەعفەر کشمیری سکرتێری پارتی دیمۆکراتی مەشهەدبوو

٢١٥- هەمان سەرچاوە، ل ٥٩ و ٦٩.

پرسیم: مارەیی ئێوە چەند بوو؟

گوتی: ئەودەم مارەیی کچ گەدا و دەوڵەمەند ١٠تمەن و بێوەژنیش ٥تمەن بوو.

پرسیم لەسەردەمی دەزووراندارییتان بۆمان قسە بکەن.

گوتی: وەک دەزانن سەردەمی دەزوورانبازی بۆ کچ و کوڕی کورد زۆر سەخت بوو. ئەگەر لەدەزوورانبازیدا کەس بیزانییباوکوڕەکەی بگردبا ئەوە ئیتر دەبووە هۆی ئابڕووچوونی کوڕوکچ و کوڕەش کوتەکێکی خراپی دەخوارد.

شەوێکیان حەسەنقولی خان ویستبووی بێت بۆ دەزوورانبازی و بۆیە چوو بوو لە تەوێڵەکانی ئێمەدا خۆی شاردبووە و چاوەڕێ بوو تا چراکانی ماڵەکەمان بکوژێنەوە و باوک و براکانم بنوون و خۆی بگەیەنێتە من.

حەسەنقولی وایدەزانی ئیتر باوکم شەو ناڕوات سەری گاو ئەسپەکان بدات؛بەڵام باوکم ئاخری شەو بەچرامۆشێیکەوە ڕووی کردە تەوێڵە تا سەر مەڕوماڵەکان بدات و حەسەنقولیخان بەبینینی باوکم لە ناو ئاخوڕەکەدا خۆی ڕاکێشا بوو و بەڵام باوکم بینی بووی و حەسەنقولی خان خێرا دەرباز بووبوو.

باوکم هاتە ماڵەوە و هاوکات غەرقی کەنین بوو و گوتی:

حەسەن قولیخان هاتبوو مانگاکەی بباتەوە و ئەم داستانە بڵاو بووە و بەیانی هەرکەس بەحەسەنقولی دەگەیشت دەیگوت مانگا کەت هێنایەوە.... پاشان داوام کرد سەبارەت بە زانیارییەکانی لەبارەی خەدووە بۆم بدوێ. گوتی: مێردەکەم لەو سوارانەی بوو کە چووبووە مەیدانی شەڕی خەدووە. خەدوو خەڵکی توکوور بوو و برایەکی بوو بە ناوی قلیچ. قلیچ بە درەختێک تفەنگێکی دروست کردبوو کەجەردەگەری دەکرد و زۆرتر لە نزیکی گوندی لووجەلی تەکمەرانی شیرواندا خەریکی ئەم کارە بوو و هەرچێکی دەدزی لەو نەزدیکانەدا دەیشاردەوە و پاش ماوەیەک ڕازەکەی بەرمەلا بوو. لە ڕۆژێکی بەهاریدا، ژنە لووجەییەکان بۆ کۆکردنەوەی سەوزی و گیا دەچنە دەرو هەراوەکان. ژنێک لە دوورەوە دووکەڵێک دەبینێ و ڕووی تێ دەکات و دەبینێ کە لە ناو کەلەکێکی بچووکەوە دووکەڵ دێتە دەرەوە. ئەو ژنەش دەڕواتە پێشەوە و دەچێتە ناوکەڵەکەکە و دەبینێ کە لەسەر

وەجاخەکەوە پڵاویان لێ ناوە و کەسیش لەوێ نیە. و پڵاوەکـە دادەگـرێ و تێروپـڕ دەخوات و چاوی بە زێڕ و نوقرەیەکی زۆر دەکەوێ و پارە و پارچەش دەبینێ. پـارە و پارچەکە هەڵدەگرێ و دەڕوات و دەڕواتەوە بۆ لووجەیی و پاش چەند ڕۆژ پارچەکە دەدوورێنێ و دەڕواتە ناو دێ. هاوکات حەیدەرخانی بیچرانلوو لە لووجەیی دەبێ.

قلیچیش بە شۆین شتە دزراوەکاندا دەگـەڕا و بـە شـوێن دزەکەیـدا وێـڵ بـوو. ڕۆژێکیان قلیچ چوو بۆ لای حەیدەرخانی بیچرانلوو و چاوی بە ئەو ژنە دەکەوێ کـە پارچەکەی کردبووە جلو بەرگ و پارەکە دەناسێتەوە و بانگ دەکا:

دزەکەم ئەو ژنەیە بیگرن.

حەیدەرخان ئاکارەکەی لێ دەپرسـێ و هەمووشـتێ ڕوون دەبێتـەوە و هـەموو شتێ لەو ژنە وەردەگرنەوە و دەیدەنەوە بە قلیچ .تۆپە پارچەیەک بـەدیاری خـەڵات کرد بەحەیدەرخان.

ئەم داستانە خێرا دەنگی دایەوە و دەوڵەت زانی، جندرمە لە شیروانەوە هـاتن و قلیجیان کەلەبچە کرد و بردیان.

لەشیرواندا بەهەر شێوەیەک بوو قلیجیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشت.

حسێن قولی خانێکی خەڵکی شوورەکی شـیروان ڕاپـۆرتی قلیجـی دابـوو کـە دوایی بە دەستی خەدوو کوژرا.

مێحراب بەیگ بیچرانلوو پاش ئەوەی خەدووگیلانەکی بـەجێ هێـشت بەسـەد سوارەی بیچرانلـوو ڕوانـەی ئـەوێ بـوو. لـەو سـەردەمەدا بـەم سـوارە چەکدارانـە دەیانگوت قەرەنۆکەر کە مووچەیان وەردەگـرت و نۆکـەرەکان مووچـەگیر نـەبوون. هەشت قەرەنۆکەر خەڵکی گوندی ئێمە بوون و لەبورجـەکانی خـەدوودا دەمانـەوە و ماوەی ٤٥ڕۆژ لەوێ بوون.

لەوێ بوو کە حەسەنقولی خان مێردم ١٦ قەبزەچەکی دۆزیەوە کە خـەدوو وەک غەنیمەت لە دەوڵەتی وەرگرتبوو. ئەم چەکانەدوایی درانەوە دەستی ژاندامری شیروان. چەک وتەقەمەنی لە ڕێگەی سنوورەکانی جریستان و بیچرانلـوو لـە لایـەن یەکیـەتی سۆڤیەتەوە ڕەوانەی خەدوو دەکرا و دەگەیشتە دەستی میسرخانی بیچرانلوو.

ژنێکی خەدوو لە کۆنەقووچاندا خۆی کوشت. خۆی خستە ژێر چەرخی گـاری. خەدوو تەنیا کچێکی لێ بەجێ ما، لەو کاتەدا ئەم شێعرە وێردی سەرزاری خەڵـکی بوو:

گێلانـــــــەکێ وەدار گـــــــوییزە

گولەدەکــــــە ویــــــزە ویــــــزە

ژەخــــــودێ مایێکــــــە قێــــزە

یان لە شێعرێکی فارسیدا دەیانگوت:

سدبار گوفتم پلـو نخـور خـودا ویـردی

ســـــــــــــــــــــەردار

بـە دور بجنــورد تــاونخور خــوداوێردی

ســـــــــــــــــــــەردار[٢١٦]

لێرەدا وتەکانی خالەجەهان بی بی سەبارەت بەخەدوو دوایی هـات. سـەبارەت بە بەسەرهاتەکانیتریش قسەی کرد کە لە شوێنی خۆی دا ئاماژەی پێـی دەدەیـن. پاشان لە حاڵەتی نوێژدا بە سفارشی خۆی وێنەیەکی لێ هەڵگیرا.

وتووێژێک لەگەڵ خاتوو سێفرگوڵ تووپکانلوو سەبارەت بەسەردار خەدوو

جگە لە خالەجەهان بی بی، سێوگەڵی ئامۆزامان کچی عەلی موحەممەد خـانی کوڕی فەرهان خانی ئیلبەیگی تووپکانلووش سەبارەت بە خەدوو بـڕێ زانیـاری نایـە بەر دەستمان.

باوک و باوەگەورەی سـێو لـەم شـەڕی خـەدوودا بەشـدار بـوون. سـێوگوڵ ژنی ئەفراسیاوی ئاموزای بوو و ژنێکی زۆر بە توانا و لە هونەرمەندە بە ناوبانگەکانی گۆرەوێ، پلاس، جاجیم، قالی بافی بوو کە ماڵەکەی خۆی بەو هونەرانە ئاراستە کردبوو.

٢١٦- دەوڵەتابادی لەکتێبی کەلیدەر کەسەبارەت بە گولموحەممەد کەلمیشی بـاس دەکـات ئـەم شێعرەی هێناوە لەبەرگی حەوتەم دا سەبارەت بەکەلمیشی باس دەکەین.

پاش وتوویژ لەگەڵ ئەم ژنە پیاو سەرئەفراز دەبێ، بە بۆنەی ئەوەی کە دەبینی لە ناو کورددا ژنێکی ئاوەها بە غیرەت هەڵدەکەوێ. کورد وتەنی: «**ژمسەری نینکان زێردەڕژێ**»

ئەم وتوویژە زانیارییکی باشی لە مەڕ مێژووی سەد ساڵەی خوراسانی باشوور بە دەستمانەوە دا. هەروەک خالەجەهان زانیارییکی پوختی لە مێژووی خوراسانی باکوورەوە نایە بەر دەستمان.

ناو براو لە بارەی خەدوو گوتی: باوەگەورەم فەرهاد خان لەگەڵ ڕووسیەکان و کومونیستەکاندا زۆر دوژمنایەتییێکی قووڵی هەبوو و بەو خاترە چووە شەڕی دژ بە خەدوو.

بەڵام وەک دەزانن پاش ٦ مانگ کاتێ کەشەڕی کوردان و کولونێل موحەممەد تەقیخان داگیرسا لەقووچاندا ئەو بەشداری نەکرد.

فەرهادخان هاوڕێ ٧٠سوارەوە کە زۆربەیان پیاوی شەڕانخێز و بێوێنە بوون ڕووی کردە قووچان و پاشان چوو بۆ شیروان. لە ناوڕێ دا هەڵۆیێک لە ڕووی سەریانەوە فڕی. فەرهاد خان گۆتی بە عەلی موحەممەد خانی کوڕی: ئەگەر ئەم هەڵۆیە پێکی لەشەڕی خەدوودا سەردەکەوین. فەرهاد خان دەستەوسان هەڵۆی پێکا و ئەوە بوو بە هەواڵی خۆش بۆ سەرکەوتنیان. فەرهاد خان کاتێ گلیانی گەمارۆدا پەیامی ناردەسەر خەدوو پێی گوت من دەزانم خەدوو تۆ لەم شەڕەدا سەرناکەوی و باش وایە بەر لە کوژرانی سەربازانت زوو خۆت دەرباز کەی بەرەوسۆڤیەت.

بەڵام خەدوو پیاوێکی وەها نەبوو کە خێراخۆی دەرباز بکات و پیاوانە شەڕی کرد و تا پای سێدارەش ڕۆیشت.

باوکم فەرهادخان دەیگوت: پاش کوژرانی خەدوو حەفت خەروار قەن و ٢٠٠کیلۆ ڕۆن و پارە وچەک و هەمارێ پڕ لە فیشەک لێ بە جێ ما کە قەوام لەگەڵ خۆی بردیە مەشهەد.

قەوام لەو شەڕەدا شمشێرێکی زێڕی بە هۆی ئازایەتی فەرهادخانەوە وەک

خەڵاتی پێی دا کە پاش مەرگی کەوتە دەستی ئەسەدوڵلاخانی مامـەم و دوایـی ون بوو. هەروەها کاتێ فەرهاد خانی بابم، غولامعەلی لوڕی کوشت، قەوام خەنجـەرێکی زێڕی پێی خەڵات کرد.

فەرهاد خانی بابم دەیگوت: کاتێ کولوونێل خەدووی مەحکووم کرد بە مـەرگ پێی گوت هەر ئەمشەوت بە دنیاوە ماوە هـەرچێ وەسـیەتت هەیـە بیـڵێ. خـەدوو گۆتی من هیچ وەسیەتێکم نیە و تەنیا قـسەیەکم هەیـە بـۆت و ئـەوەش بـە هـۆی زیندوو بوونی خۆمەوە نایڵێم و لە لاویی و بێ ئەزموونیت ئەیڵیم. من دەمەوێ بـڵێم تۆ من مەکوژە و لـە ئەزموونـەکانی مـن کەڵـک وەرگـرە و ئـەم ئاکـارەی کەخانـە کوردەکان بەسەرمندا هێنایان بەسەر تۆشدا دەیهێـنن. کولونێـل کـەنینێکی کـرد و گۆتی من پێداویستێکم بە یارمەتی تۆ نیە. پاشان فـەرمانی دا خـەدوویان بـرد و لـە پشتی کێوی بەردینەوە لەگەڵ ئەڵلاوێردی برای دا تیرەبارانیان کرد.

پاش چەند مانگ کولوونێل لە قووچان کەوتـە نـاو گـەمارۆی خانـەکوردەکان و کەوتەوە بیری وتەکەی خەدوو و بەڵام ئیتر دێر بوو.

ماڵ و دارایی خەدووسەردار

لەپاکەتێکـدا مـاڵ و دارایـی خـەدوو هـاوڕێ وەرەقەیـەک شـکایەتی خەڵـکی ئوردووغـانی ئیـسفەراین نووسـرابوو و دۆزرایـەوە کـە خوالێخـۆش بـوو موزەفەروسەڵتەنەی ڕەوشەنی بە خەتی خۆی لەسەر پاکەتەکەوە نووسیبووی:

بەڵگەیە و پشتی پاکەتەکەش بەخەتی خوالێخۆش بوو حوسێن هوژەبردیوانـەوە بەخـەتی جـوانی خـۆی لـە ژێـر دێـڕی موزەفەروسەڵـتەنەی نایبولحکوکوومـەدا نووسیبووی و ناردبووی. ئەمەش دەقی بەڵگەکە:

لەگلیاندا: زەوینێک لە نزدیکی دێ دا کە لـە کوردیـدا پێـی دەگـوترێ مەفەتـە و نووسەریش هەرواى نوسـیوە لـە وەرگ دا جفتـێ مـلک و تەختەیـەک بـاخی تـرێ. لەڕەزەمقاندا کەیەکێ لە گوندەکانی شیروانە عەمارەتێک و٥ تەختە باخی تـرێ و سـێ هەزار وێنجە و لە پیرشەهیدی شیروانیشدا چوارتەختە بـاخی تـرێ و ٤رای مـلک لـە زیارەت ئەفغان ئاوای شیروان، جووتێ ملک و دوو تەختە باخی مێو و دوو تەختە وێنجە.

لەتەکمەران کە هەراوێکی گەورەی شیروانە پێنج جووت ملکی دەیمی و هەروەها مافی ٧ شەو ورۆژکەڵک وەرگرتن لە ئاوی گوندی بیک هەیە.

ئەمە سەرجەمی ماڵ و دارایی خەدوو خان بوو.

خوالێخۆش بوو موحەممەد ئیبراهیم خانی ڕەوشەنیموزەفەروسەڵتەنەی حاکمی قووچان و سەرۆکی عەشیرەتی زافەرانلوو و بەخەتی خۆی لە سووچێکی ئەم حەسێبەدا نووسیویە:

لەگلیاندا زەوینێک بەبایەخی سەد تمەن لە ورگدا جووتێ ملک و باخ بە بایەخی هەزارتمەن.

لە زەرموغان چوار تەختە باخ و سێ تەختە وێنجە و عەمارەتێک و تەختە باخێک و عەمارەتێکی تازە و تەختە وینجەیەک بایی ٥٠٠تمەن و دوو تەختەی داگیر کراو لە حاجی عەزیز و تەختە باخێکی حەوالە کراو بایی ٥٠٠تمەن، سێ تەختە باخ و دووتەختە وێنجەی سپیدال زار وزەوینی عەمارەتی خەدوو بایی ٧٠٠تمەن و تەختە باخێک لە پیرشەهید بایی ١٢٠تمەن. لە زیارەت تەختە باخێک بایی٣هەزار تمەن. لەتەکمەران ٥ جووت وێنجە و نۆتەختە باخی لونگ بایی ٥٠٠تمەن داگیر کراوە.[٢١٧]

ماڵ و دارایی ئەڵلاوێردی برای خەدووخانی سەردار

ئەم بەڵگەیە لە ناو بەڵگەکانی خوالێخۆش بوو موزەفەروسەڵتەنەی ڕەوشەنی دۆزرایەوە. ژنەکەی ئەڵلاوێردی خەڵکی قەڵاشوور بوو و ئەم بەڵگەیە کە مۆری ئەڵلاوێردی خانی پێوەیە و ساڵی ١٣٣٧ واتا سێ ساڵ پێش کوژرانیان ئامادە کراوە و دوایی بۆ خوالێخۆش بوو موزەفەروسەڵتەنەی حاکمی ئەو دەمی قووچان نێردراوە و بەم ڕاڤەی ژێرەوەیە:

چارشەوێکی ئاورێشمی و کۆتێکی ئەتلەسی ژنانە و نیمە تۆپێ پارچەی

٢١٧- ئەم بەڵگانە لە ناو بەڵگە ئارشیڤیەکانی موحەممەد ئیبراهیم خانی ڕەوشەنی موزەفەروسەڵتەنە دایە و باش وایە کچەکەی خەدوو لەم بەڵگانە کەڵک وەرگرێ بۆ وەرگرتنەوەی میراتەکەی خۆی.

ئەلاجە(؟)قەوارەیەک ئەتلەسی سەوز و سفرەیەکی شین و جووتێ تورکبەنی ئەتلەسێ و مەجومعەیەکی ئەتلەسی و جووتێ ڕوومەجومعەی ئاورێشمی گولداری سپی، قەوارەیەک ڕووپووشی ئاورێشمی و شالێکی سووری پیاوانە، کراسێکی ئەتلەسی سپی، قەوارەیەک ئەتلەسی سپی و زەرد و چارشەوێکی شەوانەی ساف و جووتی نیزامی تەنگ و پێنج دانە دەستماڵی ئاورێشمی پیاوانە وبیست دانە کراسی سوور، قەوارەیەکی سپی شواڵی ژنانەی کوردی و کراسێک، جووتێ گۆرەوێ ئاورێشمی سپی و کراسێکی سوور و زۆر شتی دیکە لەهەر دووپات کراوەتەوە. (مۆری ئەڵلاوێردی سەردار)

هەروەها لە پشتی بەڵگەکەوە نووسراوە: ئاورێشم دوومەن، لێفی چیت ١٠دانە، جواڵەی ئاش ٣دانە. ١٠٠تمەن پارە و چوار دانە سینەبەند و...کە هەمووی لەگەڵ ماڵ و داراییەکەی خەدوودا لە ماڵی نەنەخانم دایە

سیاهای چەکی نۆکەرەکانی ئەڵلاوێردی سەردار

بابا موحەممەد، چەکی ڕووسی، موزر ڕووسی قاسم، چەکی عوسمانلوو و فیشەک ٤٥ دانە. نەسروڵلا چەک سێ تیخ و شەست و سێ دانە فیشەک، مەرساقولی چەکی ڕووسی و ١٥٠دانە گوللە، حەسەن بوزئابادی تفەنگێ ڕووسی ١٠٠دانە گوللە. موئمێنی عەلی چەکی ئاڵمانی و ٣٥ دانە گوللە. غولامڕەزا چەکی سێ تیخ و ٣٥ دانە گوللە. عەلی موحەممەد چەکی ڕووسی ١١٠دانە گوللە. سەید حوسێن، چەکی ڕووسی و ٣٢ دانە گوللە. باواقولی چەکی ڕووسی و ٥٠دانە گوللە. ئادینە موحەممەد چەکی عوسمانی و ٥٠دانە گوللە.

لە پشتی ئەم وەرەقەشەوە سەید جەلال ناوێک مۆری لەسەری کردووە و نووسیویە زۆر ئاشکرایە کە چەکێکی سێ تیر تایبەت بە ئەڵلاوێردی سەردار و ١١ دانە تیر لە لای من (سەی جەلال) وەیە و هەر کاتێ بیانەوێ دەیدەمەوە. (لەبەرواری ١٥ی زیقەعدەی ١٣٣٧ جەلال حسێن)

ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی ئوردووخان لە موحەممەد سادق بەیگ مونشی خەدوو سەردار لە لای موزەفەروسەڵتەنەوە

ئەم شکایەتنامەیە مۆروواژۆ نەکراوە، تەنیا لە ئاکامیدا هاتووە:

باسێ موحەممەد کازم: هەروەک گوتمان خوالێخۆش بوو موزەفەروسەڵتەنە لەسەر پاکەتەکەوە نووسیویە: سەبارەت بەخەدوو جورم و جەنایەتەکانی هەرشکایەتێ گەیشتۆتە دەستمان ڕاستە.

بین بە فیدات: باسی ئێمە کەچەندکەس دانیشتووی ئوردوخانین ئەوەیەکە موحەممەد سادق بەیک و خەدوو غەدری زۆرمان لێ دەکەن و چەند سەرمەڕومالمانیان دزیوە و لە بەیگ موحەممەدیش ١٥٠تمەن وەرگیردراوە و سادق خان لە فەیزوڵلا سەدتمەن و لەکەربەلایی ئەکبەر و کوڕەکانی ئیسحاق ٧٠تمەن و لەکازمی نووسەری ئەم شکایەتنامەش ١٢ تمەن .لە عەلی چراق ١٢ تمەن و کاوڕێک لەجەهانگیر و مەڕێکی بەراتی کوڕی ئیسحاق و مەڕ یکی مەلاموحەممەد باقر و دانەی کەربەلایی ئەکبەر و دانەی منداڵەکانی فەیزوڵلایان بردووە و کوڕەکەی سەلمانیشیان دایە بەرگوللە. هیوادارین بگەن بەفریامانەوە.

ئەم بەڵگەیە بەرواری لەسەر دانەنراوە و هوژەبەرولمەلیک لە پشتەکەیەوە نووسیوویە ٥ی سەفەری ١٣٤٢ی کۆچی ؛بەلام لەبەر ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە چوار سالی پێشوو، وادیاری دەدات کە سالی ١٣٤٢ی کۆچی بەرانبەر بە ١٣٠١ی هەتاوی ئەو کاتەی موحەممەد ئیبراهیم خانی ڕەوشەنی حاکمی قووچان بوو و هوژە برولمەلیک ئەم شکایەتەی ناوەتە ناو پاکەتێک و مۆری کردبێ و دابێتی بە دەستی موزەفەروسەڵتەنەوە کە موحەممەد سادق بەیگی مونشی چی بەسەر خەڵکی ئوردووخان دا دەرهانیوە و ئەمە دەی دەچێتەوە سالی ١٢٩٨ی هەتاوی.

وشـــکە سالّـــی سالّـــی ١٣٣٦ی کـــۆچی و بـــارودۆخی ســـەردەمی خـــەدوو لەبەڵگەنامەکانی بجنوورد دا

بجنوورد و گوندەکانی مەکۆی ئەوین و فەرهەنگ و کولتووربووە و زۆر پەرتووک و کتێب سەبارەت بەم خەلک و دەڤەرە نووسراوە. هەڤالی خۆشەویستم بەرێز عـەلی رەحمــەتی قوردانلــوو کــە لەبەرگــەکانی‌تــردا ناویمــان هــانی. زۆر نووســراوەی کــۆ کردۆتەوە و زۆرشتمان بۆدەردەخەن کەلەو باسانەی وەک ســیحر و فــاڵ گرتنــەوە و پێداهەلگرتن و شیعری فارسی و کوردی و تورکی و ڕاڤــەی ژیــانی خــەدووی تێیــدا نووسراوە و بە تایبەت لەوێدا لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە، باس کراوە.

١- کوژرانی نادرشای ئەفشار لە قووچان و لە سالی ١١٦٠.

٢- کۆچی دوایی ئاغا موحەممەد خان قاجار ١٢١١.

٣- هاتنی ئیسماعیل تەلایی ١٢٣٩پێم وایە مەبەست ئیــسماعیل خــانی قاجــار کەچووە شەری دژی ڕەزاقولی خانی ئیلخانی زافەرانلوو. بێت

٤- کۆچی دوایی ڕەزاقولی خان ئیلخانی زافەرانلوو ١٢٤٨.

٥- کۆچی دوایی جەعفەر قولی خانی ئیلخانی شادلوو ١٢٧٤.

٦- وێران‌بوونی بجنوورد بە دەستی ئەمیری ماکۆیی ١٢٦٤.

٧- وشــکە سالــی مــەنێ چوارهــەزار سالــی ١٢٨٨ هــەر لــەم سالــەدایە کەجەعفەرقولی خانی شاعیر وموناجاتنامەی بەرزی نووســی و لــەو سالــەدا زۆربــەی خەلکی خوراسان لەناوچوون.

٨- گرتنــەوەی ولاتــانی ئێــران بــە تایبــەت مــەهین بــە دەســتی کــوردان لەتورکمەنەکان ١٢٨٩ .

٩- حکوومەتی یارموحەممەد خانی ئیلخانی شادلوو ١٢٨٩.

١٠- هاتنی ناسرەدین شا لەسەردەمی حەیدەر قولی خانی ئیلخانی ١٢٨٤.

١١- هاتنی ناسرەدین شا بۆ جاری دووهەم لەسەردەمی یــار موحەممــەد خــان ١٣٠٠.

١٢- دەست بەسەرگرتنی ڕووسیە لەسەر گۆگ تەپە ١٢٩٨لەباکووری بجنووردا کە ئێستا سەر بە کۆماری تورکمەنستانە.
١٣- بوومەلەرزەی کۆنی قووچان ١٣١١و١٣١٢.
١٤- کوژرانی ڕەمەزان خان و میرزا نەجەفقولی ١٣١٢.
١٥- کۆچی دوایی ناسرەدین شا ١٣١٣.
١٦- گیر کردنی سلێمان خان بە دەستی باوکیەوە یارموحەممەدخان ١٣١٤.
١٧- کۆچی دوایی ئەمیر موحەممەد خان ١٣١٦.
١٨- ناخۆشی وەبا کە بوو بە هۆی کۆچی دوایی خوالێخۆش بوو سەید موحەممەد ڕەزاشەوە ١٣١٠.
١٩- هێرشی کولە بۆ بجنوورد ساڵی ١٣٢١و١٣٢٢.
٢٠- هاتنی لافاوی وێرانکەری بجنوورد ساڵی ١٣١٩.
٢١- وێرانبوونی ئەتەک لە سنووری بجنوورد و تورکستاندا ١٢٩٨.
٢٢- هێرشی ناخۆشی تاعوونە ١٣٠٩.
٢٣- هاتنە دنیای موزەفەرەدین شا ١٢٦٩.
٢٤- بە دنیا هاتنی زیلوسوڵتانی کوڕی ناسرەدین شا ١٢٦٦.
٢٥- ساڵی هێرشی تاعوونەی دووەم ١٣٢٠.
٢٦- تاج بەسەرنانی موزەفەرەدین شا ١٣١٤.
٢٧- تاج بەسەرنانی موحەممەد عەلیشا ١٣٢٤.
٢٨- شەڕی نێوان دەوڵەت و نەتەوە ١٣٢٤.
٢٩- کۆچی دوایی یارموحەممەدخان ١١ی شەوالی ١٣٢١.
٣٠- شەڕی نێوان ئەڵمەنیا و ڕووسیە ١٣٠٢ شەڕی جیهانی یەکەم.
٣١- ڕووسیە گومەزی ئیمام ڕەزا دەداتە بەر تۆپ ١٣٣٠.
٣٢- ساڵێ کەگەنم کیلۆی بایی٢١٥ڕیاڵ بوو.

ئەو ساڵە هەرنەباران و نە بەفرنەباری و مەلاعەلی کە دەرسی بە منداڵان دەگوت مووچەی پێی نەدرا و پاش ٨ مانگ منداڵەکانی بەجێ هێشت و زۆربەی

کەسان لەبرسیەتیدا مردن و مەڕومالات مردار بوونەوە خەڵکی ناوچەکانی سەبزەوار، نەیشابوور لە ڕێگەی بیرجەند و کەلاتی نادری و دەرەگەز و نزدیکی قووچان و شیروان و جوەینەوە هاتنە نزدیکی مانە و سمڵقان و بجنوورد چون ئەم ناوچانە دەوڵەمەندتر بوو.

و پاش نەورۆزی ئەو ساڵە خەڵکی برسی دەستیان کرد بە گیا و سەوزە خواردن کە بوو بە هۆی ئەوەی تووشی ناخۆشیەکانی وەبا و تاعوون ببن. زۆرکەس لەسەر دارتووەکان دادەکەوتن و دەمردن. [دەچوان تووی کاڵ بخۆن]

لەم ساڵەدا عەبدورڕەزاخان شوجاعوددەولە بۆ ڕزگار کردنی خەڵک لەبرسیەتی لە قووچاندا نانەواخانەی دایر کردووە.[218]

گەنم مەنێ ١٢قران.جۆمەنێ ٨قران. بارێ کا ٨تمەن.

ئەرزەن ٢تمەن.ڕۆنی زەرد ٥تمەن.

برنج ٢تمەن. ڕۆنی خاشخاش ١٢قران.

کونجی تمەنێ. ڕۆنی خاشخاش ١٢قران.

ماش ٦قران. لۆکە تمەنێ.

لوبیا ٦قران.

ناو بانگ دەرکردنی خەدوو سەردار

حکوومەتی ڕووس هەمووشتی وەک تەلیفۆن و قوورخانەی داوەتە خەدوو. ئەویش لە گلیان، قەلایەکی گەورەی دروست کرد بەمەنارەی زۆر بەرزەوە و هەمیشەش پانسەد کارگەر لەبەر دەستیدا کاریان دەکرد. ویستی لەسەردەمی ئەحمەد شای قاجارِ دژ بە دەسەلاتی ئێران بووەستێ و دەسەلاتدارانی قووچانیش نەیانتوانی نەیارمەتی بدەن و نەبەرنگاری ببنەوە و بۆیە ڕاپۆرتیان دایە دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتیش خێرا قەواموسەڵتەنەی نارد بۆ سەرکوت کردنی و ئەویش هاوڕێ خانەکانی

٢١٨- شاعیرێکی کوردیش باسی کردووە کەلەبەشی سێهەمی مێژووی ئەدەبی کوردی چاپ دەبێ.

بجنوورد و شیروان گەمارۆی گلیانیان دا و خوداوێردی یەک مانگ لەو گەمارۆدا بوو.

بەڵام هەمیسان نەیانتوانی کارێکی باش بکەن و سەربازەکانی حکوومەت هێرشیان کرد. بەو هیوایەی بتوانن شابورج داگیر بکەن. لەم لاشەوە خەدوو تۆپی لێیان بەست و زۆربەیانی لەناو برد. سەرداری بجنووردی کە ئەم ئاکارەی بینی خەدووی هاندا تا گلیان چۆڵ بکات وڕوو بکاتە ڕووسیە و خەدووش ئەو شوێنەی بەجێ هێشت و چووە ڕووسیە و دەوڵەتیشی بە یارمەتی سەردار بجنووردی دەستی گرت بەسەر ماڵ و منداڵ و ژینیدا.

دەنگدانەوەی شۆڕشی خەدوو لە گۆڤاری کوردی هاوکاری تورکیە

لە گۆڤاری کوردی زمانی هاوکاری ژمارە ١٩٩/٨/٢/١٩٩٠ی زایینی کەلە کوردستانی تورکیەدا دەردەچوو، بەڕێز کەمال مەزهەر لە نووسراوەیەکدا سەبارەت بە باسی خەدوو سەردار لە خوراسان دانووسیویە:

شۆڕشەکەی خەدوو لە لایەن خانە کوردەکانی خوراسان کە نوێنەری ئینگلیز و قەوام بوون سەرکوت کرا.

کەمال مەزهەر ئاماژەی بە ئەوەنە داوە کەلەچ سەر چاوەیەک کەلکی وەرگرتووە نووسراوەیەکی باشە با بەڵام زۆربەی ناوەکان بە هەڵە نووسراوە لە جیاتی خوداوێردی خەدوو خان وێردی نووسراوە تاج موحەممەد خان بادلانلوو و موحەممەد ئیبراهیم خان ڕەوشەنی بەیەک کەس داناوە و سەردار موعەزەزی بنجۆردی بەسەردار موعەزم خان ناردەبات و بەوەلیخان قەرامانلووی گوتووە وەلی خانی کرمانلی و بە حسێن خانی ئووغازی گوتووە مەمیز باجگیری و بەکەریم خانی ڕەشوانلووی گوتووە کەریم بەیگ و بەقەڵای گلیانی گوتووە گلین بە تایبەت سەبارەت بە سەیدەورتەزا و سەید حەیدەر بەڕبەڕی نووسیوە کە ناو براوان هاوڕێ قەوام دژ بە خەدوو شەریان کردووە. و ساڵی ١٩٢٠گلیان گەمارۆ دراوە.

ئەم نووسراوەیە لە لایەن بەڕێز ڕێکار ئەحمەد لە کوردانی بارزانی و بەرپرسی گۆڤاری پێشەنگ گەیشتە دەستم.

منیش نووسراوەیەکم نارد تا لە گوڤاری هاوکارییدا چاپ بکرێ بەڵام بە هۆی هێرشی عێراق بۆ سەر کوردان نازانم ئەم نووسراوە چاپ کرایان نە.

سەبارەت بە شۆڕشی خەدوو لە گوڤارەکانی کاریگەری و کومۆنیستی ئەو سەردەمدا چاپ بوو کە بە داخەوە هیچیان نەگەیشتوونەتە دەستم.

بارودۆخی کوردانی قەراچلوو پاش مردنی نادرشای ئەفشار

عەرەب دەڵێ: الامور مرهونه باوقاتها

فارس دەڵێ: نەهەنگ لە دەریا گەورە دەبێ

کورد دەڵێ: فلانی ئاڤ ناوینی ئاژنێ کە ئاو ناوینە ئاژنێ کە ئەم سێ و تەیە ناوەڕۆکەکەی ئاماژە بەو ەدەکەن کە کات و شوێنی پەروەردە کردنی کەسایەتیە قارەمانە نەتەوەییەکان لەسەر خودی کەسایەتیەکەیان کاریگەری زۆری هەبوو.ە ڕاستە کە کوردان قارەمانی لە ناو خوێنیاندایە بەڵام دەبێ ئەم هێزو هەڵمەتانەی ئەوان پەروەردەکرێ.

لە سەردەمی نادرشای هەوشاردا کوردەکانی قەراچورلوو زۆرتر لەهەر عەشیرەتێکی تر توانیان خۆ بنوێنن بەڵام عەشیرەتی شادلوو بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە ئەلکول و شەرابەوە ناو و نیشانی خۆیان لە دەست دا.

پاش مردنی نادرشای ئەفشار بە تایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی شاڕوخ لە مەشهەدا و دەوڵی خانی شادلوو لە بنجۆرد ئەم بارودۆخە بە شێوەی گشتی گۆڕا، واتا عەشیرەتی قەراچورلوو لەبیر چوونەوە و عەشیرەتی شادلوو ناو و ناوبانگی دەرکرد و ناوەندی دەسەڵاتەکەشیان بوو بە بنجۆرد، بە تایبەت پاش شەڕی ڕەزاقولیخانی ئیلخانی و عەباس میرزای نایبوسسەڵتەنە لە قووچاندا گەلی کورد لە خوراسان بوو بە دوو ئیلخانی شادلوو و زافەرانلوو و هاوکات شادلوو هەمیسان ناو و نیشانی خۆی پەیدا کرد عەشیرەتی قەراچورلوو لەبنەماوە سەر بە عەشیرەتی زافەرانلوویە و دانیشتووی ڕۆژ ئاوای بنجۆردن و پاشان بوون بە ژێر دەستەی عەشیرەتی شادلوو، پاش ژن و ژنخوازی ئەم دوو عەشیرەتە لەیەکتر هەردوو

عەشیرەتەکە بوون بەیەکێ، هەتا سەردەمی سەردار موعەزەزی ئیلخانی شادلوو و پاش خەرمانانی ۱۳۲۰و لە سەردەمی ئەردەشێر خانی شادلوو، بارودۆخ هەر بەم شێوە بوو، بەڵام دوایی بە هاتنەوەی خانلەرخانی قەراچلوو ئیلخانی شادلوو بۆ ناوەرۆکی سیاسەت بەڕێز خانلەرخان کە سەبارەت بە جوغرافیا و مێژوو و کولتووری شاری بنجۆرد و تورکمان سەحرا زۆری دەزانی و زانیاریێکی زۆری هەبوو و چوار خولیشی نوێنەری خەڵکی بنجۆرد بوو لە پارلەمانی نەتەوەیی ئێراندا و داوام کرد لە بەڕێزیان تا سەبارەت بەکەم هێز بوونی عەشیرەتی قەراچورلووی پاش نادردا بۆمان باس بکات و ناوبراویش گۆتی: پاشماوەی کوردەکانی قەراچورلوو لە ڕۆژ هەڵاتی دەریاچەی واندان و تاقمێکی تریان لە ئازەربایجان و لە باشووری ئەرەسەوەل کە لە شوێنێکی دیکەدا باسی دەکەین.

بەڕێز قەراچورلوو سەبارەت بە عەشیرەتەکەی خۆی نووسیوویەتی:

پەسمام[219]گیان! وەک خۆتان باشتری دەزانن، کوردەکانی قەراچورلوو پاش چەند ساڵ شەڕوپێکدان لە ناو هێزو سوپای نادردا پاش مەرگی نادر لە س یاسەت دوورخرانەوە و ئەوانیش کەلە شەڕماندوو بوو بوون دەبێ بەوڕاستیەش دادان بنرێ کە زۆر ک.ڕەشێری ئەم عەشیرەتە لەشەڕەجۆراجۆرەکاندا کوژراون.

هەر چەندە ئێستا ناوەندی ئەم عەشیرەیە لە ڕۆژ ئاوای بنجۆرد دایە بەڵام زۆر بەشیان لە دەرەگەز و خوارو وەرامین ودەماوەندا دەژین زووتریش لە کاتی کۆچ کردنیان بۆ خوراسان تاقمێک لە کوردەکان لە دەماوەند مانەوە کەبە گاوستیانلوو ناو بانگیان دەرکرد، واتا ئەوانەی واگاکانیان ماندوو بوون بەڵام نادرشاش تاقمێکی لەسەر بازانی قەراچورلووی دووبارە بۆ وەرامین دوورخستەوە و ئێستا لەوێ دەژین و دەورێکی گرینگ دەگێڕن و مووسا کوردی قەراچورلوو لەم بارەوە کتێبێکی نووسیوە و هاوکات دەستەیەکیان لە ئیسفەرانیدامانەوە کە مەسعوود خان سەرپەرشتیانی دەکرد. بەڵام هەروەک گوتمان، زۆربەی قەراچۆرلووەکان لە ڕۆژ ئاوای بنجۆرد و لە

۲۱۹- ئامۆزا

سملّقان و شۆغاندا مانەوە و گوندی کەڕەک[٢٢٠] بوو بەمەکۆی ئەم عەشیرەیەو هاوکات بۆ شۆغان و کێوی ئالاداغ لە هاتوچوودا بوون.

ورده ورده وازیان له چادرنشینی هێن و دەستیان دا کاری فەلایی و کشت و کاڵەوە. و ناوبراوان دووریان گرت لە شەڕەناوەخۆییەکانەوە، بەڵام پاش مردنی نادرشای[٢٢١] ئەفشار و جێگرەکانی شەڕوپێکدادانەکان لە نێوان عەشیرەتەکاندا گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و ئەرتەشی ئێرانیش کە هەر ئەو ئێل و عەشایرانە بوون بە تەواوی شێوا و هیچ کەس گوێبیستی قسەی سەرۆکی عەشیرەتەکان نەدەبوو و تورکمانەکان بە هەمە چەشنە هێرشیان دەهێنا و خەریکی جەردەگەری بوون.

تەنیا جێگەی ئومێدوهیوا ئەوەی بوو کە تاقمێک لە دارودەستەی عەشیرەتی شادلوو هەستانەوە و عەشیرەتە پرژوبلاوەکانیان کۆ کردەوە و هاوکات لەگەڵ بنەماڵەی نادریش دا نێوانێکی وەهایان نەبوو لەسەردەمی ئاغا موحەممەد خانی قاجاڕدا کە هێرشی کردە مەشهەد و ئیبراهیم خانی شادلوو کە سەرۆکایەتی عەشیرەتەکانی بنجۆردی وە ئەستۆ بوو، بوو بە شەڕیان و ئاغا موحەممەد خان دەسەڵاتی لێ وەرگرتەوە و ماڵ و دارایییەکەش بە زۆر لێ ئەستاند. بەڵام زۆر کەسان لە دەسەڵاتی سەرۆکی عەشیرەتەکان پاڵپشتیان کرد و سەردارە قاجاڕەکانی شلەڕێ ناچارییەوە هەمیسان وەک خەڵکی مەجبوور بوون پاڵپشتیان لێوە بکەن.

بەڵام تورکمانەکان جاروبار هێرشیان دەهانی و سەروماڵ ناوچەکانی سملّقان و بنجۆردیان بەغارەت دەبرد و زۆر کەسانیشیان دیل دەکرد شەڕێکی خراپ لە نێوان تورکمانەکان و کوردەکانی ماميانلووی قەراچورلوودا ڕووی دا و زۆرکەس لە ئەو

٢٢٠- لەسەردەمی قاجاڕ دا بنیات نراوە و ناوەندی دەسەڵاتداریّتی بووە

٢٢١- لە جوغرافیای مێژوویی توربەتی حەیدەریەدا کە نووسراوەی موحەممەد ڕەزای خەسرەوییە لە لاپەڕەی ٥٨دا نووسراوە: ناکۆکی نێوان منداڵەکانی شاهرۆخی ئەفشاردا زۆری گرت و نەسروڵلامیرزا پەنای هێنایە کوردەکان و موحەممەد ئەمین خان قەراچورلوو و جەعفەرخانی زەعفەرانلوو بە ٦هەزار سەربازەوە چوونە یارمەتیەوە بەڵام چۆن لە تورکمانەکان ژنی خواست کوردەکان دەستیان لە یارمەتی ئەوهەڵگرت

ناوچەیەدا لەسەرماڕق هەڵاتن و مردن و گۆڕەکانیان هێشتا لەوێ هەرماوە.

موحەممەد قولیخان شادلوو کەلەو شەردەمدا سەرۆکایەتی عەشیرەتی لە ئەستۆ بوو و لە دەستی تورکمانەکانەوە شکستی خوارد و لە کاتی دەرباز بووندا لەهەرگاوەکانی هەزار چەشمەدا لە سملقان داگیری کرد و نازناوی پالچق سەرداری پێی درا. (١٢٨٩ کۆچی)

بە داخەوە لەم کاتەدا شەڕوپێکدادانەکان لە نێوان خانەکاندا پەرەی سەند و پاش مەرگی حەیدەر قولیخان شادلوو ناوچەکە زۆر شێوا و لەبەر ئەوەی عەشیرەتەکان لەشەڕو ئاژاوەی تورکمانەکان زۆر تووڕە بوون، شکایەتنامەیەگیان ئاراستەی بارگای قاجاڕی کرد و یارموحەممەدخانی یەزدانقولی، برازای حەیدەرقولیخان کە زۆر ئازاو کارامە بوو و سەرۆکایەتی عەشیرەتی شادلووی کەوتە ئەستۆ یارموحەممەد خانی شادلوو کە پیاوێکی دلێرو ئازابوو بوو بەسەرداری عەشیرەتەکانی بنجۆردە ئێسفەراین، جوەین، سەبزەوار، فەردێن، جاجەرم، گۆگلان، و ئەستەر ئاوا لەم بارودۆخەدا عەشیرەتەکانی ناوچەکە لە هێرشی تورکمانەکان لە ئازار و ئەزیەتدا بوون و لەنامەیەکدا کە بۆ یارموحەممەدی سەرکردەیان نووسی داوایان کرد تا سەبزعەلی خان کە زۆر کارامە بووبێ بەسەر کردەی عەشیرەتی قەراچورلوو بەڵام بە داخەوە شەڕەکانی نێوان ئامۆزاکانی سەردار یارموحەممەد شادلوو باڵادەگرێ و شەڕەکان گەیشتە ئەو پەڕی خۆی بەڵام پاش حازر بوونی سەرۆکی عەشیرەتەکان شەڕەکان، ئارام دەبێتەوە سەبزعەلی خان دەبێتە سەرۆک حکوومەتی سملقان، شووقان و بەشێکی گووگلان.

سەبز عەلی کە پیاوێکی کارامە بوو پاش چەند هێرشی بۆ سەر تورکمانەکان، تێکیانی شکاند و کارێکی وەهای بەسەریاندا دەرهانی کە ئیتر کوردەکان بە دەستی هێرشی تورکمانەکان ڕزگاریان هات.

بەڵام ڕەزاقولی و بیگلەر یارم ئاغا و دارو دەستەکەیان ڕاهەت نەبوون لەم کاتەدا سەبز عەلی خانی حاکمی ناوچەکە و یارموحەممەد خانی شادلوو و سەردار موفەخخەم و موحەممەد ئەعلەم خانی مستەوفی کە خۆی بۆ ڕاگەیشتن بە

کێشەکەدا هاتبووە ناوچەکە و بە تایبەت هاتە سمـڵقان ڕەزاقولیخـان یـارم ئاقـا کـە خۆی بریندار بوو بوو، نۆکەرێکی خۆی هان دا تا ئەڵلاقولیخان جێگری سـەبز عـەلی خان بکوژێ ڕۆیکیان کە موحەممەد ئەعلەم خانی مـستەوفی سـەردار و ئەڵـلاقولی خان بۆ هەڵگرتنی خەرمانەکانی قەڵای نەجـەف و قـەڵای موسەڵـلابرۆن و کـابرای قاتڵ هێرشی کردووە و لە نیوەی ڕێگەدا دووکـەس لـە نۆکـەرەکانی ئەڵـلاقولیخانی کوشتووە و هاوکات ئەم هەواڵەیان پێی دەکات.

نزدیکانی پێشنیار دەکـەن کـە قـاتڵ ویـستوویە ئێـوە بکـوژێ و کـەچی ئێـوە چەکتان نیەودمیێ دەرباز بین، بەڵام ناوبراو دەرباز نابێت هەمیسان پێـشنیار دەکـەن تا لە ژێری خەرمانەکاندا بیشارنەوە و ئەم کارە بۆخان زۆر گران دەبێت و مل بـە ئـەم کارەداناکات لە ناکاو قاتڵەکەپەیدا دەبێت و خـان دەکـوژێ قاتـڵەکەش لـەو تـەنگی غریوەدا دەرباز دەبێ. پاش چەند ڕۆژی ڕەزاقولیخان یـارم ئاغـا شـکایەتێکی تیرۆتـە سەلی لە لایەن یارموحەممەد خانی شـادلوو و سـەبز عـەلی خـانی قـەراچۆرلووی سەرۆکی عەشیرەتەوە بەهەمان قاتڵدا ڕاسپێری تاران کرد و ناوبراویش شکایەتەکەی بردە دەرباری قاجاڕی و خۆیشی دژی ئەو کەسـانەی ئـەو کارەیـان کـردووە وەسـتا نامەیەک لە لایەن دەربارەوە ڕەوانەی حکوومـەتی خوراسـان کـرا و سـەبارەت بـەم ئاکارە لە یار موحەممەد خان پرسیار کرا. یارموحەممەد ڕاڤەیەکی لەوڵامدا بۆ دەربـار نووسی و داکۆکی کرد کە قاتڵ کەسی کوشتووە و ئەگەر بەسزای کاری خۆی نەگات ناوچەکە دەشێوێت یارموحەممەد خانی شادلوو کە دەرباریش زۆر خۆشی دەویـست چەند کەسی لە دەوڵەت ویست تابۆ چارەسەری کێشە کەڕەوانـەی مەشـهەد بـن و لەوێوە ڕەوانەی بنجۆردبن تـا قاتـڵەکەبدەنە دەسـتی سـەبز عـەلی خـانی سـەرۆک حکوومەتی مسلقان و ئەوی شقاتڵەکە بدەنە دەستی سـەبز عـەلی خـانی سـەرۆک حکوومەتی سملقان و ئەویش قاتڵەکەی ئەڵلاقولیخان دەکوژێ و تـا ماوەیـەکی زۆر ئاشۆ و شەڕو شۆڕی ناوچەکە درێژەی دەبێ بەڵام پـاش ماوەیـەک ژیـانێکی ئـارام و لەسـەر خـۆ هاتـە سـەر خەڵـکی ناوچەکـە. و عەشـیرەتی قـەراچورلوو بـوون بـە فەرمانبەرداری شادلووەکان بەڵام سەبز عـەلی کەبـەرگری دەکـرد لەشـەر و ئاشـۆو

ناکۆکی ناوچەکە کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەشی بۆ نەجەف گۆزرایەوە و لەتەنشتی گۆڕەکەی جەعفەر قولیخانی ئیلخانی شادلووە بە خاک سپێردرا.

لەبەر ئەوەی سەبز عەلیخان کوڕی نەبووە بۆیە موحەممەد قولیخان کوڕی شاحوسێن خانی برازای تری دەبێتە جێگری.

هەواڵی کۆچی دوایی سەبز عەلی خان گەیشتە گۆی تورکمانەکان و بۆیە دوو هەزار سوارەی تورکمانی یە مووت هێرشیان کردە ناوچەکە و بەفرەمانی سەردار یارموحەممەد خان تاقمێکی زۆری ئەو تورکمانانە کوژران و تاقمێکیشیان کەلەبچە کران و ماڵەدزراوەکانیش درانەوە خاونەکانیان.

سەردار یار موحەممەد خان بۆ سپاس و ڕێزلێنانی هێزو هەیبەتی کوردەکان تا شائاوای سملقان هاتە پێشوازیانەوە...

حکوومەتی موحەممەد قولیخان زۆری نەخایاند کە کۆچی دوایی کرد و سەرۆکایەتی ناوچەی سملقان و شۆقان و بەشێکی لە گۆگلان درایە دەستی حوسێن قولیخانی قەراچلوویی کوڕی گەورەی موحەممەد قولیخانەوە گۆڕی خواڵێخۆشبوو موحەممەد قولیخان قەراچورلوو لە دووکیلۆمەتری گوندی کریک وەیە.

حسێن قولیخان کە پیاوێکی ئازاو دلێر و عادڵ و باسەواد بوو لە ناوچەکدا ناونیشانێکی زۆری وەدەست هانی و توانی نێوانی دوو عەشیرەتی قەراچورلوو و شادلوو زۆر خۆش بکات.

حسێن قولیخان کە زاوای سەردار موفەخخەم بوو خوشکی سەردار موعەزەز شادلۆش بوو خوشکەکەی خۆیشی مارە کرد بۆیەکێ لە براکانی سەردار موعەزەز شاهرۆخ شادلوو بەیەکگرتنەوەی ئەم دوو عەشیرەتە کاری حکوومەتیشی لەو ناوچەیەدا زۆر ئاسان بووە و هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی تا عەشیرەتە ڕەشماڵنشینەکان، سەقامگیربین و گوندەکانی ئاوەدان بکەنەوە و لەم کاتەدا هەراوەکانی ئاڵا داغ لە لایەن حوسێن قولیخانەوە دەفرۆشی بە ئەم عەشیرەتانە

لەم کاتەدا کە کوردەکان یەکجانشین بوونەتەوە و حکوومەتی تزاری ڕووسیەش

بۆ سەرکوت کردنی تورکمانەکان هێرش دەکات و لە کۆک تەپەدا بـە خـراپ تـرین شـێوە تێکیـان دەشـکێنێ و تاقمێـک لەسـەردارەکانیان وەک ئـاراز سـەردار و توخمەسەردار لە ڕێگـەی جەرگەلانـەوە پەنادەبەنەحـسێن قولیخـانی قـەراچورلوو و ئـەویش ئەیانداتـە دەسـتی سـەردار موعـەزەزەوە و دەسـتەیەکی تریـشیان لـە تورکمانـەکان دەربـاز دەبنـە ناوچـەکانی بنجـۆرد و دە هـەزار کەسـێکی تـر لـە تورکمانەکان ڕوودەکەنە خوراسان و ناوچەکە سەقامگیرتر دەبێتەوە بەڵام پەنا بـردنی تورکمانەکان بۆ بنجۆرد و تێکەڵ بوونیان لەگـەڵ تورکمانـەکانی دانیـشتووی ئـەوێ کێشەیان بۆ ناوچەکە دروست کرد و چەند شەڕی پیسیان هەڵـخڕاند بـەڵام هـەموو کاتی لەشەڕەکاندا شکستیان دەخوارد، بە تایبەت لەشەڕێکی گرینگدا کەلـە نەریـنـدا رووی دا و ئادینە موحەممەد بەیگ قەراچورلوو و غولامڕەزا بەیگ بـادلانلوو و چەنـد کەسی دیکەش کوژران کەلە بەرگی سێهەم دا ئاماژەی پێی کرا.

بەڵام لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سـەردار موعـەزەز بـە باشـترین شـێوە عەشیرەتە کوردو تورکمانەکان دەلکنی بەیەکەوە.

سەرۆکی عەشیرەتەکانی گووگلان بـە تایبـەت دەولـەت گـلای خـانی بـاوکی دوردی خان و سەرۆکی عەشیرەتی تەقتـەمش و هـەروەها شـادی خـان هـەر لـەو عەشیرەیەو عەلی موحەممەد خان و جانی خان لە عەشیرەتی قارنـاس گـولی داغ و هەروەها شێخی خـان و سـاتە لـەق خـان لـە عەشـیرەتی یـەمووتی تورکمانـەکان بانگهێشت دەکرێن بۆ کریکی ناوەندی حکوومەتی حسێنقولیخان و کۆ بوونەوەیەکی ڕاوێژکاری دەست پێ دەکات.

لـەم کـۆ بوونـەوەدا بـڕیار درا کـورد و تورکمـان هێـرش نەکەنـە سـەریەکتر و لەوەڕەکانیشیان ببێ بەشەریک و هاوکات پارەش لەو ئاژەلـداره بیانیانـەی کەلـەوێن وەربگیردرێ کە حسێن قولیخان بوو بە بەرپرسی ئەو کـارە و سـەردار موعـەزەزیش بوو بە بەرپرسی ڕاگرتنی ئارامش و ئاسایشی ناوچەکە

خەڵکی بە گشتی حورمەتێکی زۆریان بوو بۆ حسێن قولیخان و چەند شـوێنیان بـۆ پاراسـتنی مەڕومالـی خەلـک دروسـت کردبـوو و هاوکـات حـسێنقولی خـانی

یووزباشی بوو بە بەرپرسی پاراستنی ئەو مەڕوماڵاتە کە خۆی لە عەشیرەتی گوودری تورکمان بوو کوڕێکی بوو بە ناوی سلێمان کە لە دەشتی شاخلوو دا بە دەستی تورکمانەکان دەکوژری و هاوکات کەربەلایی عەلی ئەکبەریش بە دەستی تورکمانەکان دەکوژرێ پاشان تاقمێک لەو قاتلانە دەسگیر دەکرێن و لەسەر گۆڕەکەی کەربەلاییەوە تیرە باران دەکرێن و پاشماوەکەیان دەدرێ بە دەستی موحەممەد بەهادر خانی ناسراو بە مەمۆوە و هەمیسان ناوچەکە ئارام دەبێتەوە

حسینقولی خان ڕیزی زۆری دەگیردرێ و بنەماڵەکەشیان هەر ئێستەش ئەو حورمەتەیان ماوە بەڵام بیری ئیستیعمار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەسەڵاتە ناوچەییەکانی بەرتەسک تر دەکردەوە و دەسەڵاتی لە دەسەڵاتدارانی ناوچەوە ردەگرتەوە و کەسانی تری لە شوێنەکانی ترەوە دەهانی و دەیانکردە دەسەڵاتدار بە تایبەت پاش هاتنە رووکاری ڕەزاشای پالەوی پاش ئەوەی بیروباوەڕی کومۆنیستی لە یەکیەتی شۆڤیەتەوە پادەگرێ وردە دەسەڵاتەکانی ئێرانیش دەگەنە ئاکامی خۆیان لەبەر ئەوەی هاوکات بۆیان دەست نادات کەلەگەڵ هەمووی سەرکردەکاندا باس بکەن و بۆ مەبەستەکانی خۆیان سەریان دانەوێنن و هەر ئەوەندە کە بتوانن پادشا ڕازی بکەن بۆ کارەکانیان کاریان دروستە بۆیە دەستیان دا بە شێواندنی نێوانی خەڵک و سەر کردەکان و ئاویان کردە ژێری ئەو سەرکردانەو بارودۆخیانیان شێواند و بوون بە هۆی ئەوەی تا سەر کردەکان یەک لە دوای یەک لە کارو دەسەڵاتی خۆیان بینەوە، بە تایبەت یەکێ لەو سەردارانە سەردار موعەزەزی شادلوو بوو کەلەبەر ئەوەی نەیانتوانی بە فێڵەو مەکرەوە بێ دەسەڵاتی بکەن و بۆیە بانگی دەکەنە تاران و دەیانئەوێ بە تەڵێ بڕوات و کەچی لە نیوەی ڕێکەدا داروودەستەکەی خەبەر دار دەبن و هەزار سوارە ناو ڕێگە دەگرن و هەر بە بۆنەی ئەوەی سەردار زۆر نەترس بوو خۆی داوا دەکات تا بچنە دواوە و ئەو تا تاران دەڕوات و دەگەڕێتەوە و سوارەکانیش بە فەرمانی حوسێن قولیخان گەمارۆ کە دەشکێنن و واز لەو گەمارۆیە دەهێنن.

سەردار لە سەنخاستەوە بەرەو جاجەرم و شارۆد و لەوێوە بۆ تاران دەبرێ هەتا دەیبەنە خزمەتی سەردار سپە ئەویش شمشێرێکی خەڵات دەکات و هەمیسان

دەگەڕێتەوە ناوچەکەی ئەم کارە دەبێتە هۆی مەترسی سەرداری سپاوە کە مەلەکوششوعەرای بەهاریش لە کتێبی ئەحزاب سیاسیدا ئاماژەی پێی داوە.

بەلام لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتی شتێکی دیکە بوو نەتەنیا سەردار موعەزەز بەلکوو هیچ سەر کردە کوردێک سەقامگیر نابن. کاتێ کە سەردار موعەزەز لە خوراسان نابێ، سەردار سپا سپایەک بەسەرۆکایەتی مەهدیخان دەڕازێنێتەوە ڕەوانەی بنجۆردیان دەکات و هێرش دەکەنە سەر کورد و تورکمانەکان و دەیانەوێ وابکەن کە خەلک بگەن بەوقەناعەتەی کەسەردار موعەزەز هیچ توانا و هێزێکی نەماوە و دەبێ دەولەت ئەم ناوچانە ئەهوەن بکاتەوە بەلام هێزی دەولەت لەگولی داغی دا واشکستێک دەخۆن کە جگە لە دەرباز بوون هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

حسێنقولیخان قەراچورلوو و موحەممەد بەهادر خان ناسراو بە مەمۆ دەبنە بەرپرسی کۆ کردنەوەی کەرەستە و غەنیمەکان و دەیدەنە دەستی دەسەلاتی دەولەتەوە بەلام ئەم پیاوەیتە بەنا پیاوی ولامی دەدرێتەوە و دوو هەزار سوار هێرش دەهێنن و هەمووی مەڕو مالاتی ئەو ناوچەیە دەدزن سەردار موعەزەز هاوڕێ براکانی و حوسێن قولی خان و سپاکەیانەوە لە ئینچەی ژوور و قەرەقواخدا بەرنگاریان دەبن بەلام بە هۆی سەرمارو کڕێوەوە عەشیرەتی شادلوو تێک دەشکێ پاش ماوەیەک دەگوترێ کە تورکمەنەکان لە لایەن بنکە نیزامیەکانی ئێرانەوە ساپۆرت دەکرێن و هەروەها شایعە دەکرێ کەتیری دەستەی سەردار موعەزەز هەمووی فەساد بۆتەوە.

لە ئاکامدا دوژمنانی سەردار موعەزەز بەسەرۆکایەتی عەبدولحوسەین خانی تەیموورتاشی نەردێنی سەر بە سەردار موفەخخەم کە کینەیەکی زۆری لەگەلی کورد بوو کەلەو کاتەدا سەرداری سپابوو و پاشانیش بوو بە وەزیری دەرباری پالەوی و هاتە سەر ئەو هەلویستەی تا سەر کردەکانی عەشیرەتی شادلوو لە ناو ببا پاشان باسی دەکرێ.

پاش ماوەیەک عەزیز وللاخان سەردار موعەزەز، عەبدوللاخان، ئەسەدوللاخان شاڕۆخ خان، یووسف خان، ئەفراسیاو خان، برای سەردار و حسێنقولیخان حاکمی

سمڵقان و سەر کردەی عەشیرەتی قەراچورلوو و موحەممەد ڕەزاخان کەیکانلوو میرئاخوڕ و جەعفەر قولیخان حەمزە کانلوو سەر کردەی قەزاق و گاردی سەردار موعەزەز و موحەممەد بەهادور خان قەراچورلووی سەر کردەی سوارەکانی کورد بانگهێشت کرانە مەشهەد و بە فێڵەی چەند کەس لە دوژمنان و دروست کردنی نامەی جەعلی لە لایەن سەردارەوە بۆ دەعوت کردنی ئەحمەد شا بۆ شۆڕشی دژ بە سەردار سپا دەبنە هۆی ئەوەی هێرش بکردرێتە سەریان عەشیرەتی شادلوو تورکمانەکانی گووگڵانیش بەسەرۆکایەتی ئەسفەری برای موحەممەد بەهادور هێرشیان کردە سەر بنجۆرد و هێزی دەوڵەت بە سەرۆکایەتی سەرهەنگ ئەنساری باوکی وەزیری ناوخۆی سەردەمی دەسەلاتی موحەممەد ڕەزاشای پالەوی گەمارۆدران.

سەرهەنگ ئەنساری سەر کردەی نیزامی هاوڕێ چەند سەربازی کوژران بەلام ئەم جارە هێزی خوراسان بەیارمەتی خانەکانی قووچانی و شیروانی و بەبۆمباکردنی شاری بنجۆرد گەمارۆکەیان شکاندو کوردەکان و تورکمەنەکان نائومێد گەڕانەوە ولاتەکانی خۆیان.

سەردار عەزیز وڵلاخان عەبدوڵلاخان، ئەسەدوڵلاخان شادلوو و حوسێنقولی و موحەممەد بەهادور قەراچورلوو و موحەممەد ڕەزاخانی کەیکانلوو و جەعفەر خان حەمزەکانلوو بەبێ لێپرسی لەسێدارەدران و پاشماوەکەیان زیندانی کران و تاقمێ لەسە کردەو فەرماندەکان دەست دەدەن بە چەپاوڵ کردنی ماڵ و کەرستەی خەڵکەوە و تاقمی کورد رووت دەکەنەوە و دەیبەنە مەشهەد و هەمووی کەل و پەلەکەیان دەفرۆشن جان موحەممەد خان ئەمیر لەشکری ڕۆژهەلات پاش چوونی بۆ بنجۆرد لە سمڵقاندا گوندی کرک مورتزای قولیخان جێگری حسێنقولی خان دەداتە بەرشەلاخ و هەمووی ماڵ وزێڕ و داراییەکەمان دەدزی و هاوکات چەند کەسیش لە قەسری قەجەر و بەدرانلوو و ئاشنانە دا دەدا لەسێدارە و حکوومەتی چوار سەد ساڵەی کوردانی باکووری خوراسان دەگاتە ئاکام.

هەر چەند بۆ سارێژ کردنی ئازارەکان حوکمی ئیلخانی گەری درێتە

یارموحەممەد خانی دووەمی کوڕی عەزیز ولـلاخان و بۆسەقامگیری ناوچەکە یەحیاخان کوڕی موحەممەد بەهادور خانی دەکری بەسەرۆری سملّقان و سەر کردەیی عەشیرەتی قەراچورلووش دەدرێ بە دەستی حاجی موحەممەد[٢٢٢] خانوە.

بەلام هیچ کاتێ ئەم فەرمانە جێ بەجێ نەکراو ئەم حوکمانە هیچ نەبوون ماڵەکەی حسینقولیخان کرایە شارەوانی و ماڵەکانی کریک بوون بە دایرەی دەوڵەتی و زێروپارەکەشیان خورا.

هەمووی قەلاکانی کریک و ناوچەی دەوروبەری وێران دەکرێن پارەی ئیلخی سەردار دەدرێتە دەستی ئەسغەر ئیلخیەوە کەلە گوندی جۆری ئەسپەکان بوون دەدرێنە دەوڵەت جەنگەڵەکانی ئالاداغ چاوکەی خان و مەرجان لە دەستی کوردان دەرهات و ئەیوانی ئەرمەنی بوو بە خاوندارى و لەبەرانبەریەوە پارەیەکی زۆرکەمی دەدا پێیان.

پاش ماوەیەک ڕەزاشای پالەوی هەمووی ماڵ و داراییەکەی بە قازانجی خۆی لە ژێر دەست گرت و ماڵی خانە کوردەکانی لە بنجۆرد و سملّقان دا کە زۆر ڕازاوە بوون بۆ خۆی داگیریانی کرد هەموو زەوینی کشت و کالّیشیان داگیر دەکرێ سەرهەنگ ڕەخشا سەر کردەی ماڵ و دارایی پالەوی لە بنجۆرد دەبێتە بەرپرسی ماڵەکەی سەردار موعەزەز و وردە وردە بنەماڵەی شادلوو لەوێ دەگرێنە دەرەوە و هاتە تەنانەت بەوەیشەوە ئەو سەردار ڕەخشایە وازناهێنێ و ڕاپۆرت دەدات تا خانەکان لە بنجۆرد دابن کەس بە گۆی سەر کردەکانی دەوڵەت ناکاو بۆیە داخوازی دوورخستنەوەی خانەکان دەبێت.

و بۆیە دەوڵەت داخوازییەکەیان دەپەزێرێ و خانە کوردەکان دوور دەخرێنەوە

٢٢٢- حاجی موحەممەد خان قەراچورلوو پاش چەند ساڵ و لەسەردەمی دەسەلاتی ڕەزاشادا دەیەوێ لەخەلکی ناوچەکە تریاک بکرێ، بۆیە داوەری وەزیری دارایی دەرواتە بنجۆرد و بانگهێشتی کرینی تریاک دەکات بەلام خەلکی نەیانوێرا تریاکەکانی خۆیان بهێنێن و خوالێخۆشبوو دادەریش لە حاجی داوا دەکات تا بە خەلکی متمانە بدات هیچ پلانێکی بە دەستەوە نیە و بۆیە حاجیش لە خەلکی داوادەکات تریاکەکانی خۆیان بهێنێن و ئەوانیش بێ قەولی ناکەن.

بۆ ئیسفەهان و تاقمێک سەرکردەی لوڕ لە لوڕستانەوە دەهێندرێ.

سەرۆکی عەشیرەتە لوڕەکان کە بریتی بوون لە میدرنبووس خان میرنە سروڵلاخان میر موحەممەد خان، ئەمیر خان لە شائاباد قازی، و ئینچەی ژووروودا نیشتە جێ کران پاش ماوەیەک میردنبووش تیرۆر کرا. دەستەی بەرپرسی کۆ کردنەوەی مالیەکە تا خەرمانانی ١٣٢٠بارودۆخ هەروەعا دەچواپێشەوە، بەلام پاش لە ناو چوونی ڕەزاشا، لوڕەکان دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان و دوور خراوە کوردەکانیش دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان لە نیوەی ڕێگەی گەڕانەوەی لوڕەکاندا ڕووسیەکان ڕووتیان دەکەنەوە و هیچ بە دەستیانەوە ناهێڵن

قەراچورلووەکانی خوارو وەرامین

با بزانین کوردەکانی خواروەرامین کە نادرشابۆ پاراستنی تاران ڕەوانەی ئەو شوێنەیانی کردبوو لەچ حالێکدان:

پاش خوێندنەوەی کتێبی نیشب و فراز نووسراوەی مووسا قەراچورلوو سەر کردەکانی کوردی خوارو وەرامینم ناسیەوە و هاوکات چاوم بە شێعریک کەوت کە دەڵێ:

ڕەگەزم کوردیە و لە تیرەی قەراچورلووم و خەریکی کاری کشت و کالم و دانیشتووی داوود ئاوای وەرامینم، لەبەرواری ١٢٨٧/٦/٢٠ی هەتاوی هاتوومەتە دنیاوە باوکم ناوی حەسەن خان کورد قەراچورلوو بوو کەلە سەردەمی قاجارەکاندا پلەی سەرتیپی پێی درابوو و دەسەلاتی ناوچەکانی دەوروبەری تارانی بە دەستەوە بووە و باوگەورەم شێخ عەلیخانە لە مێژدا لە ئازەرئابادگانی ڕۆژ ئاوا دا دەژیانین لەسەردەمی سەفەویەکاندا چەند تیرە لە قەراچورلووەکان و کەیوانلووەکان و زافەرانلووەکان کە ناسراو بوون بەچامەشکەزک بەفەرمانی شاعەباس ڕەوانەی بنجۆرد و دەرەگەز شیروان، قووچان ئیسفەراین دەکرێن و لەسەردەمی نادرشایش دا کوردەکان زۆری یارمەتی دەدەن و پاش دەسەلات پەیدا کردنی نادر دەستەیەک لە خێلی قەراچورلوو بوو لە دەوروبەری تاران لە وەرامین و گەرمساردا دەمێننەوە و

خەریکی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری دەبن.

باب و کاڵی من هەر لەسەردەمی نادرەوە تا ئەمڕۆ سەرۆک و سەر کردەی ئەم عەشیرەتە بوون.

لێکۆڵینەوەیەک لەسەربەردی گۆڕخانەی ئیمام لەنگەری بنجۆرد

زگورستان گذر کردم
صباحي
شنيدم نالة وافغان و
آهي
شنيدم كله اي با خاك
مي‌گفت
كه اين دنيا نمي ارزد
به كاهي

بەردی گۆڕ یاکێلی گۆڕەکان لەو شایەتانەن کە بایەخیان پێی نادرێت بەڵام لە بواری مرۆڤ ناسیەوە زۆر ڕێکوپێکە

پووشپەری ١٣٦٨ی هەتاوی کە هاوڕێ هەڤاڵم حاجی قەنبەر قوردانلوو و براکەی واتا عەلی ڕەحمەتی و عەلیجانی کوڕی لەبنجۆردەوە ڕەوانەی گوندی لەنگەر بو ین، لەکەناری ڕێدا گەیشتینە گۆڕخانەی ئیمام لەنگەر و خەریکی خوێندنەوەی نووسراوەی سەکێلەکان بوین.

١- کێلی لەتیف بەگ بوغانلوو باغچی لەسەرهەنگەکانی دەزگای یار موحەممەد خان شادلوو ئیلخانی بجنوورد ناوبراو هەر ئەوکەسەیە کە کەماتێکدایار موحەممەد خان سلێمان خانی کوڕی دەکوژێ پێی دەڵێ تا ئەو کورەکەی بۆ بکوژێ و ئەویش دەڵێ من کاری واناکەم و تۆمن بکوژە.

بەرواری سەرکێلەکە ١٣٣٨ی کۆچیە سەردەمی سەردار موعەزەز

٢- عەلیخان بەگ بوغانلووی کوڕی لەتیف بەگ کەلەشەڕی دژی تورکمانەکاندا جوانە مەرگ کرا ١٣٢٢ی کۆچی

٣- عەلی قولی خان کوڕی موحەممەد کەلە نووسەرەکانی تایبەتی

یارموحەممەد خان بوو و کوڕەکەشی بوو بەسەردار موعەزەز ١٣٣٦کۆچی

٤- گۆڕی حاجی شێر موحەممەدی خەندەقلوو ١٣٤٩کۆچی

٥- گۆڕی سوڵتان قولیخان سەرتیپ و لـە کـوردانی هیزانلـوو ١٣١٨ی کـۆچی هیزانلوو و عەلەمیەکان لەنەتەوەی ئەون

٦- گۆڕی ڕەحمان قولیخان سەرهەنگ ١٣٠١ی کۆچی

٧- گۆڕی ئاغارەزامەرگان باغچفی ١٣٤٩/٢/١٠کۆچی

بەڵام بۆچی گۆڕی ئەم هەموو گەورانە لەوێ کۆبۆتەوە؟

لەبەر ئەوەیە کە لەوێدا ئیمامزادەیەکی تێیدا هەیە و ناسراوە بـە ئیمـام لەنگـەر: ئیمام لەنگەر لە بنەماڵەی ئیمام مووسـای کـازم بـووە و ئـەو ئیمامـە منداڵـی زۆری هەبووە و لەهەر کۆی دەبینی لەبنەماڵەی ئەو هەیە و گومەزوبارگای بۆسـاز کـراوە و ئیتر نازانم ئەم درۆیە چەندەی ڕاست بێت.

ئەم گۆمەزوبارگا تایبەتەبە سوڵـتان موحەممـەد ڕەزای کـوڕی ئیمـام مووسـا و ئەمگومەزە لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی خودا بەندەدا ساز کراوە

لەبەرواری ٨٧٦ی کۆچی و هەمیسان سالی ١٣٧٠ی کۆچی دەستی لێ دراوە.

بەڕێز عەلی ئەسغەر قورکانلوو لە گۆندی بیدەکەوە هاتبوو و ٨٥ساڵی تەمەن بوو پرسیارم کرد لە بارەی ئەم بارگاوە و ئەویش گوتی مـن گرانیەکـەی سالـی ١٣٣٦ی کۆچیم لەبیرە و سەردەمی گەنم مەنێ تمەنێکم لەبیرە

ناوبراوگوتی کچێکیان دەدا بە لەتەنانێ ساڵاگەنم وەقەران ژەکەچکێ قـەرەمانان ناوبراو هەناسەیەکی هەڵکێشەو گۆتی دەنەی وەقەران دەنەی وەقەران

بەڵگەکانی سەبارەت بەجەجوو

لەبەرگی سێهەم دا لەم بارەوە باسی زۆرمان نووسی پاش چاپی بەرگی سـێهەم بـراێ ئـەدیب و شـاعیری کـوردی زەنگلانلـوو لـە گۆنـدی خریجـەوە سـێعرێکی مەلاڕەمەزانی بۆ ناردم کەلە بارەی شەڕەقارەمانانەکانی جەجۆوە بـوو. ئـەم شـێعرانە هەمووی بە زمانی تورکی نووسراون.

شەڕی جەجوو و ڕووسەکان لە عەلی ئاوای قووچاندا

داستانی شەڕی جەجوو کەلەبەرگی سێهەمدا چاپ کرا گەیشتبووە عەلی ئاوا و پاشان لەگەڵ حاجی قوربانی سلێمانی دا ئاشنا بوومەوە لەبەر ئەوەی باوەگەورەی دەلاک بوو، ناز ناوی سلێمانیان پێی درابوو خەڵکی عەلی ئاوا تورکن لەبەر ئەوەی ئەمان شێعەن و تورکمانەکان و ئوزبەکەکان سوننی بوون خو ێنیان حەڵاڵ کرابوو و زۆربەی زۆریان بە دەستی ئوزبەکەکان دەکوژران و بۆیە ڕەزاقولیخان ئیلخانی گەورەی کورد هاتە مەزرای عەلی ئاوا و لەوێ مایەوە لەبەر عەشقی ڕەزاقولیخان بە حەزرەت عەلی ئەو گوندەی ناو نا عەلی ئاوا عەلی ئاوا ئێستا کە لە گوندە خۆش و دڵنشینەکانی قووچانەوە و لەسەرەتای شیوی دیزادیز و گووگلان دایە حاجی سلیمانی لە زمانی باوکیەوە گێرایەوە کەربەلایی ڕەمەزان ٨٣ساڵ تەمەنی کرد و لە ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی دا کۆچی دوایی کرد:

ڕۆژێکیان جەجووخان هاوڕی ٧٥سوارەی زۆرپڕ توانا و هێزی دا هاتنە عەلی ئاوا و بەپێی بڕیاری پێشوو کە لەگەڵ حاجیدا بڕیبوویان چوونە ماڵی ئەوانەوە پاش خواردنی نانی نیوە ڕۆ داروودەستەکەی پرژ و بڵاو بوونەوە ناو گوندەکەدا عەسری ئەو ڕۆژە جەجو و بانگی لە ئێمە کرد و گۆتی: کەربەلایی داواکارم کە تۆزی ئەم ڕیش و قەژەمان هەڵپاچە.

منیش فەرمانەکەیم جێ بە جێ کرد. بە فەرمانی جەجوو سەرەتا سەروریشی سوارەکانم تاشی و ڕۆژی دوایی کەوتە نەوبەتی جەجۆوە، کە زۆر خۆش قسەو شۆخ بوو و لە ئاکامدا دراویشی دامێ و لەم کاتەدا هاوڕێکانی بانگیان کرد کە وادیارە کەسیک بە بایسیکڵەوە لە قووچانەوە ڕووی کردووتە عەلی ئاوا هەروا بوو چەرخ سوارەکە کە زانی جەجوو لە عەلی ئاوادایە خێراگەڕایەوە.

جەجوو گوتی: ئەوە بەکرێ گیراوی ڕووسیەکان بوو، هەر ئێستا دەزانم لە قووچانەوە هێرش دەکەنە سەرمان.

جەجوو و سوارەکانی عەسری ئەو ڕۆژە سوارەکانی خۆی تەیار کردو

ڕووسیەکانیش گەمارۆی گوندەکەیان دا و جەجوو گۆتی نابێ ئیزنیان بدەین کە تۆپە کانیان دامەزرێنن و بۆیە سوارەکان لەسەربان ماڵەکانەوە دەستیان کرد بە تیرهاویشتن.

جەجوو گۆتی: کەهەوالێڵ بوو ڕووسیەکان توانای شەڕیان نامێنێ هەروەها بوو لە دڵی شەودا گەمارۆکەشکاو ڕووسیەکان لەسێ شوێنەوە کۆ بوونەوە و خەریکی شلێو خواردن بوون و جەجووش هەرمێرا دیواری سێ حەوشی کوناکرد و خۆی سوارەکانی لەوێوە بەرەو ناوەخ بەڕێ کەوتن.

جەجوو بە خەڵکی گوندەکەی گوت: بۆ ئەوەی ئازار نەدرێن، و ئەم ڕووسیانە نەتانخەنە ئازارو کێشەوە ئاڵف و ئاوی ئەسپەکانیان بدەن بەیانی سپای ڕووس هەر خەریکی تۆپ باران کردنی گوند بوون و خەڵکی گوندەکەش بە یامیان نارد بۆیان کە دوژمن لەوێ نەماوە ڕووسیەکان هاتنە گوندەکەوە و زۆر ئازاری خەڵکیان داو ٢٥لاویان کەلەبچە کرد. و ڕەوانەی قووچان کران ئەم لاوانە بە دەستی تاجرێکی تورک ئازاد کران پێش ئەوەی بگەنە قووچان.

لەو شەڕەدا ژنێکی عەلی ئاوایی بریندار بوو و پیاوێکی سیاقیش کوژرا ڕووسیەکان کەوتنە شوێنی جەجوو کە جەجوو بەرەو دیزادیز چوو بوو و جەجۆش کە دەیزانی بە دوایەوەن لە شیوودۆڵەکانی گوندی خەلێکانلوو و کوچێلانلوودا ڕووسیەکانی گەمارۆدا و لەو ٧٠٠کەسە ڕووسیەدا نەیەگیان گیانی سالمی دەرنەکرد پاش چەند ڕۆژ تەرمی ڕووسیەکان لەوێ دەفن کران جەجوو دەیگۆت: ئەگەر ئێمە خۆمان پیاوبین دوژمن چلۆن دەتوانێ بەرنگاری ئێمە ببێتەوە و ئاوەها سووکایەتیشمان پێ بکات ئێمە دەسەڵاتێکی ئازاو دلێرمان نیە:

جەجوو خانوو تۆسیاروی سەلات هاتیە دەوی داوی

جەجوو لە زمانی حسێن بەراتی خەڕیجیەوە

حسێن بەراتی لە عەشیرەتی شێخکانلوو کە شێعریشی دەگۆت و سەبارەت بەجەعفەرقولیخان زەنگەلیش ناوبراو یارمەتی زۆری داین و هاوکات سەبارەت بەجەجووش گۆتی: دایە گەورەم دەیگێڕایەوە کە:

ئێمە منداڵ بووین و لەوکاتەدا خەریکی کاری ئاژەڵداری بووین و ئەوێ ئارگامان[٢٢٣] بوو و لە ناکاو ڕووسیەکان هاتنە ئەوێ و گوتیان: جەجوو قەڕەپێشی.

واتا جەجووی کتکە ڕەش لە کوێ دایە؟

عەلیخان کە تۆز قالێ ڕووس دەزانی لە چادرەکەی چووە دەرێ و گوتی جەجوو چەندین ساڵە لێرەنەماوە و ڕوسەکان تۆزێک ئازاری پیاوەکانیان داو ڕۆیشتن جەجووش لەوبەری عەمارەتەوە دەهاتەوە و حەیدەر سویریش وەرگرێ ڕووسیەکان بوو و هاوکات جاسووسیشی دەکرد بۆیان و لەو سەریشەوە هەواڵی ڕووسەکانیشی دەدا بە جەجوو و لەهەردوولا پارەی وەردەگرت و ڕووسیەکان پارەی زۆرتریان پێی دابوو و بۆیە چوو جەجوو بدات بەدەستەوە.

حەیدەر لەگەڵ جەجوو بەڕێگەدا دەڕویشتن کەلە ناکاو جەجوو بۆنی سیگاری ڕووسیەکان پهات بە لووتی دا و زانی ئاکارەکەچیە و خێرا حەیدەری کوشت و خۆی بەرەو کێوەکانی هەزار مەسجدی دەرباز بوو.

سۆراب فەرهادی تۆپکانلوو سەبارەت بە جەجوو چی دەڵێ:

ناوبراو لەبەرواری ١٣٦٨/١/١٢دا لە نامەیەکدا نووسیووی سلاو بۆ عێوەز و ڕۆحی جەجوو لە ناو ئارامش دابێ و کەلیم زیندوو بمێنی برانگی کەلیم: تەوەتەلاشی شەڤانەڕۆ،تاریخ وفەرهەنگی مەکورمانجیان وەگیان هانیی ژەخادێ دخازم هەمێشە وەگیان بەویی، تاخەلک ژەکارێ تەپڕتربەهرەمەند بەوی ناوبراو لەو نامەیەدا گووتوویە جەجووی سەرۆکی ڕۆژ هەلات پێش ئەوەی دەست بدات بە شۆڕشەوە و کاتێ کەبەرپرسی ناوچەکانی کەپکان و دۆلێ میانکێوی دەرەگەز بوو لەگەڵ ئەسەدوللای شوورەکیدا هەڤاڵ بوو و ناوبراو توانای داوابکات لە خوالێخۆش بوو عەبدوڕەزاخانی شوجاعودەولەی ئیلخانی زافەرانلووی حاکمی قووچان هەتا دەسەلاتی گوندەکانی باکووری ئەترەک بداتە دەستی ئەسەدوللاخانەوە.

ئەسەدوللاخان خۆی لە توورکانی شورەک بوو، لەقووچاندا ناسراوە

٢٢٣- ئاگرگا

بەئەسەدوڵلای خەڵکی پشت کێو ئەم ئەسەدوڵلایە لەهەمـوو شـوێنێکدا هـاوڕێ جەجوو بووە لەسـەرەتای شۆڕشـەوە نێـوانی جـەجوو شوجاعودەوڵـە چـاک بـوو و شوجاعودەوڵە چەک و تەقەمەنیـشی دەدا بـە جـەجوو و هـانی دەدا تـاکوو دژ بـە ڕووسیەکان بووەستێ. خەڵک لەزمانی ئـەو ئەسەدوڵـلا خانـەوە گێڕاویانەتـەوە کـە جەجوو پیاوێکی کورتەباڵا و چوار شانەو چاوگـەورەو ڕەش بـووەو برۆکـانی پێکـەوە لکابوون لووتی درێژ و گوێچکەکانی گەورەو سمێڵێکی زل و دەنگێکی زلی هەبووە و نـاوبراو زۆر پیـاوێکی پیاوانـەو مـاقووڵ بـووە و قورئـان و شـانامەی زۆر جـوان دەخوێندەوەحاجی عەزیز دەیگوت باوکم گوتوویە شەوێک جەجوو و ئەسەدوڵـلاخان هاتنە قووچان و لەگەڵ شوجاعودەوڵەدا وتـووێژێکی کـردو پاشـان ڕەوانـەی شـەڕی کۆماسی دژ بە ڕووسیەکان بوو لەکاتێکدا ڕووسیەکان بارەگای ئیمام ڕەزایان تۆپباران کرد جەجوو زۆری لەوان کوشـت بـەڵام بەداخـەوە تـیری پێـی نـەماو دەربـاز بـوو، لەماڵێکدا شاردیانەوە جەجوو بڕیاری دایـە هاوڕێکـانی وەرگەڕێنـەوە بـۆ دەرەگـەزو شەوی دوایی لەگـەڵ هاوڕێکـانی گەڕایـەوە بـۆ دەرەگـەز و دژایـەتی خـۆی دژ بـە دەسەڵاتی قاجاڕی و ڕووسیەکان ڕاگەیاند.

لەئاکامدا ڕووسیەکان چەند سەرکردەی کـوردی وەکـوو موحەممـەد ئیـبراهیم خـان ڕەوشـەنی و فەرەجولـلاخان شـیروانیان دا بـە گـژی جـەجوودا جـەجوو تـا دواچرکەپیاوانە دژ بە دوژمن وەستاو بوو بە هۆی شانازی گەلانی ئێرانەوە.

پاش کوژرانی جەجوو و هاوڕێکانی ئەسەدوڵلابەگ تـەنیا کـەوت و ڕووی کـردە گوندی گورجی.

قەڵەم شێرەژنی سنووردارێ کورد

قەڵەم یەکێک لەو شێرەژنانەی بووەکەبۆ هەتاهەتایە ناوی لەدڵی مێژووی کـورد دا دەمێنێتـەوە نـاوبراو لەشـەڕی تورکمانـەکانی دژ بـە کوردەکانـدا زۆرکەسـی لـە تورکمانەکان کەلەبچە کردووە و لەبەر ئەوەی دەربـاز نـەین هـەردووپایانی بەتـەوەر کەی خۆی قەڵەم کردووە.

هاوکـات پیـاوە گـەورەکانی کـورد لـە هـەموو دانیـشتنەکانیدا قەڵەمیـشیان کۆدەکردەوە و لە ئەندێشە و بیرەکانی کەڵکیان وەردەگرت

حاجی باوای پاڵەوان گورجی

حاجی بابای پاڵەوان بۆ سەید موحەممەدی هاشمی گێڕابووەکە:

نەمدەزانی زۆر پرهێزم تا تەمـەنی چـل ساڵان ئـەو سـەردەمە چـووم بـۆ کـار تەجارەت و یانزەقەتارە وشترم بوو لە ناکاروشترێکم کەوتـەناو چاڵـەیەک و خـەریک بوو نجنکێ کەچوومەژێر زکی و ڕزگاریم کرد و ئەوسـاش زانـیم کەچەنـدە پـڕزۆر و هێزم.

لـە گورانـک وشـترم وەرگـرت و لـە غاوەکـەیم گـرت و بۆسەرهەڵـم کێـشا وشترەکەش تەکانێکی وەبـەر خـۆدا و مـنی دڵـنیا کـرد کـە ساغەودەس و قـاچی نەشکاوە. باری وشترەکەش کە هەمووی جواڵەی مەویژ بوو، بازم کـرد و جواڵـەکانم هەروەکوو ئەهروم لە ژێر ئەژنۆی وشترەکەداناو هەیێکم لێ کـرد، وشـترەکە لەسـەر جواڵەکان هەستا سەرپێ وڕاوستا. بە دوای ویـدا خـۆم هاویـشتە پـشتی وشـترەکەو لەوێیـەوە لـە نـاوبیرە ئاوەکـەدا خـۆم فـڕێ دا دەرەوە. کاروانچییـەکان هـەموویان نووستبوون و منیش نەمویست هیچ کامیان لە خەو هەستێنم و ببمە هۆی زحمـەت بۆ ئەوان. گورێسەکەم دوولۆنە کرد و بەستمە ژێـر سـینگ و کەمـەری وشـترەکە و دوو سەری گورێسەکەم لەسەر شانم دانا و بە هەمووی هێزمەوە کەوتمە ڕێگەو هـەر چەند لەبەرانبەر ئەودا وەکوو بەرخێک بووم وشترەکەم لە نـاو بـیرە ئاوەکـەدا کێـشا دەرەوە و دوای پێراگەیشتن و چـاک بوونـەوەی وشـترەکە چـووم و لـە تەنیـشت ئەوانی دیکە نووستم. بەیانی زوو منیان لە خەو هەسـتاند و وتیـان: خێـرا لـە خـەو هەستە چونکە فریشتەی ئاسمـانی هـاتووە و وشـترەکەی لـە بیرەئاوەکـە کێـشاوە دەرێ!!!بەم جۆرە توانیم بەسەر هێزێکی شاراوەدا کە لـە جەسـتەی منـابوو زاڵ بم بەڵام هێشتا لەگەڵ کەسا دەست بە یەخە نەبووم و زۆرانم نەگرتبوو تـا ئـەوەی کـە سەفەری تاران هاتە پێش و کاتێ کە لە قووچـان مـەویژمان بـۆ مازەنـدەران ئـەبردو

برێنجمان ئەهێنایەوە بۆتاران. لە کاروانسەرای کەماڵی ئێمەش لەوێ بوو، ژوورێکی هەنبانەی جیا بە دەستی ئێمەوە بوو کەجل و بەرگو، کەرەستەکانمان لەوێ دائەنا. لە یەکێ لەم سەفەرانە کاتێ هاتمە ناو کاروانسەراکە کەسێکم بینی کە لە ژووری هەنبانەکەی ئێمەدا خەریکی حەسانەوەیە. لە خاوەنی کاروانسەرا کە هۆکاری ئەمەم پرسی و وتی: ئەوە پاڵەوانی شاهڕوودییە و خاوەنی کاروانێکە کە بریتییە لەدەقەتار وشتر، ئەویش کلیلی ژووری هەنبانەکەی لە ئێمە ویست ئێمەش پێمان نەدا و ئەویش قوڵف و زەنجیرەکەی دەرهێنا و هەموو کەل و پەلەکانی خۆی بردە ئەوێ. لێرەدا بوو کە بە پێویستم زانی تۆڵەیەکی باش لە پاڵەوانی شاڕوودی بسێمنەوە. منیش یەکێ لە لۆکەکانیم لەسەر دەس بەرز کردەوە و لە پلەکانی هێوان بردە سەر و بۆ لای پاڵەوان کەوتمە ڕێگە وتم: لە جێگەی خۆت هەڵسەو ژوورەکەم بۆ چۆڵ کە ئەگینا لوکەکە دەکوتمە سەر تا؟

پاڵەوان کە لەد یتنی ئەم کارەساتە خۆی وەکوو دۆڕاوێک ئەوینێ، بە بێ دەنگ هاتە دەرەوە و داوای لێبووردنی لێکرد و فەرمانی دا کە دەبێ ژوورەکە چۆڵ بکرێت. منیش لوکم بردە ناوەڕاستی کاروانسەرا و دامنا. خەڵکەکە هەموویان کۆ بوونەوە پاڵەوانی شاهڕوودی پێشنیاری دا کە بۆ ئاشتی کردن لەگەڵ یەک و بە بۆنەیەکەوە ناسراوی یەکن. تەواوی وشتروانەکان و جەماوەری هەردوو کاروانی قووچان و شاهڕوودی بۆ نانی شەو دەعوەت کەین. منیش قەبووڵم کرد کە پووتێک برێنج لەگەڵ خۆما بێنم، پاشماوەی خەرجییەکانیش هەردووکمان وەکوو یەک بیدەین. بەو مەرجە کە ئەو ئیزن بدات من مشتێک مەویژ لە بارەکەی ئەو هەڵگرم. پاڵەوانی شاڕوودی لەم پێشنیارە منداڵانەی منە سەری سووڕما و گوتی: هەر چەند مشتێک کە ئەتەوێ هەڵگرە و چۆنکە گرینگ نییە. دوایی منیش سەریەکێک لە جواڵەمەویژەکانیم باز کردو دەسم کردە ناو جواڵەکەو بۆ ناومەویژ بردم و پەنجەکانم بە توندی لێکنا. ئەوەندە مەویژەکانم لە ناو دەستما گووشی کە کاتێ ویستم مشتم دەربێرم دەستم دەرنەدەهات و بە ناچاری جواڵەکەیان دڕاند، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە پاڵەوانی شاڕوودی و ژمارەیێک زۆر لە خەڵکەکە لە دەوری ئێمە کۆ بوونەوە و

چاویان لەم کارەی ئێمە ئەکرد. کاتێ کە مشتێک مەویژم کە زۆرتر لە نیمێک لەمەویژی جوالەکە بوو لەسەر فەرشەکە خالیم کرد. پالەوانی شارۆودی بەسەر سوورمانەوە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: مشتی ئێوەی قووچانی ئاوەهایە؟

وتم: بەلێ، مشتی ئێمە قووچانیەکان ئاوەهایە.

بەم جۆرە ناوبانگی حاج بابا پالەوان ساربان باشی لەسەرانسەری تاراندا بلاو بووەو پالەوانیان بۆ بارەگای ناسرەدین شا برد. پاشا داوای لێ کرد کەلەگەل پالەوانی بارەگایدا زۆرانێک بگرێت. لە ڕۆژێکی دیاری کراو هەزار کەس لەژن و پیاو لە دەوری گۆڕەپانەکەدا کۆ بوونەوە تا زۆران گرتنی پالەوانی کوردی قووچانی لەگەل پالەوانی پێتەخت بە چاوی خۆیان ببینن ماوەی کاتژمێرێک لە دەست پێکردنی زۆرانە کە تێنەپەڕیبوو کە پالەوانی قووچانی پالەوانی پێتەختی لەسەر دەست بەرز کردەوە و لەگەل هاوار و ئاپۆرەی خەلکدا بەزەویدا دا. تارانییەکان و دەست و پێوەندییەکانی پالەوانی پێتەخت بەدارو چەقۆ هێرشیان کردە سەر پالەوانی قووچانی و ویستیان بیکوژن. حاجی بابا لەسەر ناچاری خۆی هاویشتە ناو خەلکەکەو کە زۆربەیان ژن بوون و لە نێو خەلکەکەدا هەلات و خۆی گەیاندە کاروانسەرا.

ئەو شەوە کاروانی حاجی بابا بەرەو ڕێگەی قووچان کەوتنە ڕێیەو جارێکیتر قەت نەگەڕانەوە بۆ تاران لەسەرانسەری خوراساندا تەنانەت یەک ڕەقیبیش بۆ ئەو نەبوو. وتراوە حاجی بابا نەزەر کراوی حەزرەتی عەلی بووە و جێگەی قامکەکانی ئەو حەزرەتە لەسەر شانی راستی دیتراوە. بەم هۆیە بوو کەلەکاتی حەمام ڕۆیشتن لە جیاتی خاولییەک لە دوو خاولی کەلکی وەردەگرت و خاولی دووهەمی لەسەر شانی و ژێر بالی ئەبەست تا چاوی خەلک بەو نیشانە نەکەوێت. ئاغای مەرغزاری دەیگوت: ئەو وەسیەتی کردبوو کە دەبێ مامی من واتە خوالێخۆش بوو سەید عەلی بە دوای مردنیا ئەو بشوات. مێژووی مردنی پالەوان بەدروستی نازانم وای بۆ ئەچم. سالەکانی کۆتایی دەسەلاتداری ئەحمە و شای قاجاڕ بووبێت.

پاڵەوان سەفی نازکچە کوردی خەباتکاری کوردی تورکیە

ڕژیمی ڕەگەزپەرەست و زۆرداری تورکییە کە هاوکات لەگەڵ سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵکی کورد، بەدرێژایی مێژوو خراپتر لە عەرەبە خوێن ڕێژەکان و بەعسییە جنایەت کارەکان بووە. ساڵەهایە تێدەکۆشی، بوونی کوردستان و ئازادیخوازی کورد کە زۆرتر لە پازدەملیۆن کەسن حاشا بکات و ناسناوی تورکی کێوی بەوان بدات!!!

بەڵام خەباتی پڕ لە شانازی شێرەپیاوان وشێرەژنانی کورد ئاگرێک نییە کە بکرێتە ژێر خۆڵەمێش و جارێکی‌تر هەڵنەگیرسێتەوە بەڵام بڵێسەکانی توند و لە بڕانەهاتووی ئەو ئاگرە لە داهاتوویەکی نزیکدا پایەکانی ئەم جۆرە حوکومەتە دیکتاتۆر و خوێن مژو دزە مرۆڤانانە بەلەرزە دەردێنێ و لێکیان دەژێنێ.

هەرچەند کە دادگاکانی نیزامی تورکیە و عێراق کە ڕۆژانە سەدان کەس دەسپێرنە دەس جەللادەکانی مەرگ و نەمان و یان لەژێر ئەشکەنجەو ژوورەکانی تاکە کەسی دەیانکوژن.

ئەوان چاک دەزانن تا ئەو کاتەی دایکانی کورد منداڵانی کورد بە نیا بێنن زۆر زەحمەتە کە ئاوی خۆش لە گەرووی ئەو خوێن مژانە بڕواتە خوارەوە، مەگەر ئەوەی دایکانی کورد نەبنە خاوەنی منداڵ. بەڵام تا ئەو جێگایەی ئێمە بزانین هێشتا دایکانی کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیە منداڵی کورد بە دونیا دێنن و ڕەسەنایەتی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیان لە دەست نەداوە و هێشتا جارێکی‌تر نووری پاشا و سەفی ناز و قەرافاتمەو لەیلا نازدار و خەیری و مەلا موستەفا و عێزەت نامدار بە دنیا دێنن.

سەفی ناز کچێکە ئاگا و ڕۆشنبیر و خەباتکار بە ئەخلاقێکی کوردانەوە هەروەکوو چەپکە گوڵێکی ڕازاوە، شێرە ژنی کورمانج لەگەڵ بێگانە و داگیرکەراندا بە ڕاستی ئازایە. ئەو لەیەکێک لە قوتابخانەکانی تورکیە خوێندکارە.

لە سەرەتاکانی مانگی بانەمەڕدا ١٣٦٨یەکێک لە مامۆستایانی سەر بە ڕێکخراوی

ئاسایشی تورکیە سەرەڕای باس لەسەر شێعر و نووسەرەکانی ئەو وڵاتە لەسەر کلاسی دەرس دەڵێ: بە داخەوە یەکێک لە گەورەترین شاعێرانی تورکیە کورد بووە، هەر چەند کە کوردەکان ناحەزو پیس و بێ بایەخن، بەڵام لە ناو ئەواندا پیاوانی گەورەش دەکەونە بەرچاو. سەفی ناز کچەکوردی بە ئەمەگ و ئازا ناتوانێت گوێی لەم قسانە بێت لە جێگەی خۆی هەڵدەستێت و ناڕەزایەتی خۆی لە دژی مامۆستا دەردەبڕێت و بەهێنانەوەی بەڵگەو قسە کردن بە زمانێکی پاراو مامۆستا بەوقەناعەتە دەگەیەنێت و دەڵێت: کوردەکان خەڵکێکی ئازادیخواز و خەباتگێڕو ڕەسەن و پاکن، هەرچەند کە ئەمڕۆ منداڵانی موغۆل بەسەر ئەواندا زاڵن؛ بەڵام خۆر لە ژێر هەوریشدا گەرمەو تیشکی خۆی دەهاوێژێ. من کچێکی کوردم و بە زمان و نەتەوە و باب و باپیرانم شانازی دەکەم و ئیزن بە ئێوە نادەم قسەی خراپە لە دژی نەتەوەکەم بکەن. مامۆستای ناوبراو کە وڵامێکی دروستی لەبەرانبەر ناڕەزایەتی دەربڕینی بەرحەقی سەفی نازدا نابینی. بە شێوەی هەمیشەیی دیکتاتۆرانی مێژوو و بەکرێ گیراوانی دەزگای ئاسایشی تورکیە بانگی هاوکارەکانی کرد و سەفی‌نازی بە تاوانی جیایی خوازی بەوان سپارد و یەک ڕاست لەکلاسی دەرسەوە بەرەو بەندیخانە بردیان. ڕۆژی دوایی باوکی سەفی ناز دەستی بە گەڕان بەدووی کچەکەیدا کرد و لە کاتی لێپرسینەوە لە لایەن ئەندامانی ئاسایشی تورکیاوە ئەڵێت کە کچی من هیچ تاوانێکی نیە، چونکە ئەو لە کوردستان لەدایک بووە و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەیی خۆی پاراستووە و لە بەرانبەرخراپە وتنی مامۆستاکەی نەیتوانیوە خۆی ڕابگرێت و لەشەرافەت و کەرامەتی نەتەوەیی خۆی بەرگیری کردووە، مامۆستایەک کە هیچ تایبەتمەندیەکی مرۆڤانەی نیە. لە جیاتی ئەوەی خوێندکارانی خۆی بۆ زانکۆ بنێرێت بۆ بەندیخانەیان دەنێرێت.

بەڵێ خۆشک و برایان ئاوەهایە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کە مرۆڤ دەستی گەیشتووەتە ئاسمانەکان هێشتا لە هێندێک جێگەدا دەبینین کە تەنانەت مامۆستای قوتابخانە بچووکترین نیشانەیەک لەوانەی ئەخلاق و کردار و دەروونناسی نازانێ هەواڵی گرتنی سەفی نازو بردنی ئەو بۆ بەندیخانە و بەنرگیری کردنی لە دەرس

خوێندنی ئەو لە لایەن ڕادیۆ بی‌بی‌سـی و دوای هەواڵـێک سـەبارەت جنایەتـەکانی ڕژیمی دژە مرۆڤی سەدام لە کوردستانی عێراق دەرهـەق بەگەڵـی کـورد و خـاپوور کردنی شار و گونـدەکان و ڕاگواسـتنی بـەزۆری خەڵـکەکە بـڵاو کرایـەوە، ڕژیمـی خوێن‌مژی سەدام دوای بوردوما نکردنی شاری حەڵەبجە و شـەهید کـردنی بیـست هەزار کەس لە ژن و پیاو و منـداڵ، ئێـستا دەسـتی داوەتـە خـاپوور کـردنی شـار و گوندەکان و ئەیهەوێت عەرەبەکان لەجیاتی خەڵکی کورد لە کوردستان نیشتە جـێ بکات.

ئێمە بە نۆرەی خۆمان تەواوی ئەو جنایەتکاران و زۆردارانە و هەموو ستەمکارانی مێژوو بە تایبەت ڕژیمە خوێن‌مژەکـانی عێـراق و تورکیـە شـەرمەزار دەکـەین و بـۆ سەفی‌ناز و تەواوی ئازادیخوازانی جیهان سڵاو دەنێرین و شـانازی بـە بـوونی ئـەوان دەکەین. بە بۆنەی ڕێز لێنانی دایکان و ژنانی کورمانج.

هەموو دەزانن کە من شاعێرنیم؛ بەڵام هێندێ جـار وەکـوو پێـشینیان دەڵـێن فیلْم بیری هێندووستان دەکات و هێندێ وشە پێکەوە ئەلکێنم بە تایبەت ئەمشەو ٧١/٢/٢٣کە بارانێکی بەهاری بە خوڕە دەبـارێ تـا کـاتژمێر ١١/٣٠بـۆ دوایـین جـار کتێبەکەم بۆ بردنە چاپخانە ئامادە دەکرد کە چاوم بە بەشی پاڵەوانەکان کـەوت بـە بوونی ئەم هەمووە پاڵەوانە کورمانجە شادی و خۆشی دامی‌گـرت و دوایـی بـۆ ئـەو دایکانەی کە ئەم کوڕە سەربەرزانەیان بـە دونیـا هێنـاوە سـڵاوم نـارد و جـارێکی‌تـر قەڵەمەکەم گرتەوە دەست و دەستم کرد بـە نووسـین و هۆنینـەوەی ئـەم شـێعرانە تاکوو پێشکەشی کەم بـە تـەواوی دایکـان، بـە تایبـەت دایکـانی پاڵـەوانی کـوردی خوراسان کە شارەزایی و دەستڕەنگینی و ئازایی وجەنگاوەری و هونەرمەندی ئەوان بە تایبەت لە مۆسیقا و دروستکردنی فەرش و کەرەستە دەست چنەکان ئەبنە هـۆی سەرسووڕمانی هەر مرۆڤ و لێکۆڵەرێکی ناوخۆ و دەرەوە.

لە جوانی خوراسان چی بڵێم کەزمان لەزاردا توانای وتنی نیە.

باکووری خوراسان بەبچووک و گەورەوە

هـــــەموویان پاڵـــــەوان و کـــــوردن

هـــــەموویان ورزێـــــڕ و باخـــــدار
هــەموویان شــوان و خـــاوەنی مـــێ و
هونەرمەنـــــــــــــــــــــــــــد
هــەموویان ســـەربەرز و بـــەناو بانـــگ
هـــــەموویان مێهرەبـــان و میوانـــدار
هــەموو پــارێزەرانی ســنووری ئێــران
تۆڵـــە ئەســـتێن و دوژمـــن کـــوژ
هـــەموو شەڕڤـــان و بـــەناو بانـــگ
هـــەروەکوو پـــڵێنگ لـــە بێـــشەدا
هەموو هــەر لــەژن و پیـاو وپـیرو گـەنج
ئـــازا و دلێـــر و دڵـــپاک و ســـەربەرز
لــە کــاتی شــەڕدا هــەروەکوو شــێر
لە کاتی شاییدا هەموویان ڕەقیبی یەکن
هـــەموو لـــەژنی کـــوردەوە ئـــەدوێن
کــە نموونــەی هونەرمەنــدی و ئازاییــە
هــەروەکوو شــیرین[۲۲٤] و توحفــەگوڵ و
شـــــــــــــــــــــــاهیار
وەکـــوو گوڵـــشەن و مـــەرجان دوژمـــن
بـــــــــــــــــــــــەزێنن
گولێـــــستان کولمیـــــشی نـــاودار
کلیـــدێر گـــەورەیی ونازنـــاوی خـــۆی
لـــــــــــــــــــەوورگرتووە
لە کاتی شایی دا وەکوو تاووســی جـوان

224- شیرین ژنە قارەمانی ئازا و شەڕڤانی ناوچەی کەلات و لایین بوو.

هــەروەکوو پاڵــەوانی کــاتی شــەڕ
ژنی کــوردە کــە وەکــوو هونەرمەنــدێک
کــە لــە ڕووی جیهانــدا بــێ هاوتایــە
ئــــازاو ســــوار چــــاک و بــــوێرە
زانــــا و بلیمــــــەت و بەناوبانگــــــە
ئەگــــەر دانەدانــــە هونــــەری بژمێــــرم
سەدان شاهنامەی بۆ نووسینی ئــەوێت
ژنی کورد پاڵەوان ولاوی ئــازا بــە دونیــا
دێنێــت
کوڕی ئەو ناوی ئێران ســەربەرز دەکــات
لەوانم جەعفەر قولیەکان لە دایک بــووە
یــەکێک شــادلوو و یــەکیان زەنگــەلی
وەکوو سام خان و جەجووخانی پاڵــەوان
کــــە ئــــازا و پاڵــــەوان و بــــەتوانان
وەفــــــادار و فــــــیلابی و دادڕەس
کەشــــێری‌ئــــازاش لەبەرانبــــەری
ئەواناوەکوومێــــــــــــــــــــــــــــــشە
وەکــوو مــەحموود مــەرگان و خاخیــان
وەکــوو پاڵــەوان بــورجی ئــازاو بــوێر
وەکــوو ســەحرایی عــەلی پاڵــەوان
وەکــوو نــاودارانی‌تــری دڵــپاک و بــوێر
یاوەکووماﻣۆستاجەوزانی کــە ماﻣۆســتای
تــــــــــــــــــــــــــــــــــــــاربوو
یــان ڕەحــیم بەخــشی بــە نــاو بانــگ

یان وەکووسارۆ کە خواوەندی سازی
نەی بوو
کە کۆشکێکی بە ناوی نەی پێکهێنا
یان ڕەمووی گورانیبێژی ناودار
کە مامۆستای زۆر ناو ئامێری قوشمە بوو
ئێستا وەکوو ئەو هەیە و نەهاوتایەک بۆ
ئەو
ئەگەر هونەر و شارەزایی ئەو بژمێرم
پزشکەبەناوبانگەکانی ئاکارجوان و ڕەوش
چاک
مامۆستایانی گەورە و تینووی زانست
هەموویان شیری دایکانی کوردیان خواردوەو
بوونەتە گەورە پیاوی سەردەمی خۆیان
سلاو و ڕێزی تایبەتی ئێمە بۆ ئەوان و
خاکی پاکی ولات و دایکانی کورد
کە ئێمە هەرچیمان هەیە لە ناوی ئەوە
هەروەکووئاوی کانیاوە کە سەرچاوەی
ئەوانن
سوێندبەخوای گەورەکەتا ئەو کاتەی
زیندووم
دلم بە خۆشەویستی ژنی کورد
بەستووە
لە نیا دا ئەوانە کە قسەیان خۆشە
لە شیری ئەم دایکانەیان خواردووە

نامە گەیشتووەکان پاش چاپی بەشی سێهەمی ئەم کتێبە

کاغــــــەزهاتن وەچـــــــە والان
ژەیــــــــارانو ژەهەڤــــــالان
ژەوان یـــاری نــــە کانیمــــان
ژەکــــــالانو، ژەمنـــــــدالان

بـۆ زانـای خۆشەویـست و لێکۆڵـەری دڵـسۆزی کـورد: بـەڕێز کەلیمۆڵـڵای تەوەحودی لە خاکی پیرۆزی کوردستانەوە بـۆ هـەرێمی کـوردانی خوراسـان سـڵاو دەنێرم و بۆ ئێوە کە ڕۆڵەی دڵسۆز و ئەمەگی ئەم نەتەوەیـەن، سـڵاو ڕێـزم هەیـە و سەربەرزی و سەرکەوتوویی ئێوە بۆ خزمەت کردنی زۆرتر بە کورد و کوردسـتان لـە خوای مەزن بە ئاوات دەخوازم لێکۆڵینەوەکانی زۆر دڵسۆزانە و شـارەزایانەی ئێـوەی بەڕێز کەنیشاندەری ڕاستی زمان حاڵی نەتەوەی کوردە جێگـای ڕێـز و سپاسـی لـە ڕادەبەدەرە:

لەهەر خاکێ کـە بـۆنی عەشـق هەڵـسا
بزانەو باوەڕت بێ گۆڕی لەیلایە لـە ویـدا

ئەگەرچی بەو جۆرەی کە شیاوە ئاگاییمان سەبارەت بـە کوردەکـانی خوراسـان نەبوو، بەختەوەرانە بە بڵاو بوونەوەی کتێبە مێژوویی و لێکۆڵینەوە بە نرخەکانی ئێـوە کە نیشاندەری قەڵەمی بە توانای کوردێکی دڵسۆزی وەکوو ئێوەیە لە هەموو بوارێکدا داخوازییەکان جێ بەجێ بووە و هەموو کەم و کۆڕیەک بە ئاسانی چارەسـەر بـووە و ئەوەی کە ئێمە ئەمانەوێ بـە قەڵـەمی ئێـوە نووسـراوە لـە خـوای مـەزن داوا کـارم سەربەرزی زۆرتر و لەش ساغی بە ئێوە بـدات کـە هەمیـشە بەختـەوەر و لەڕێگـەی خزمەت کردن بە نەتەوە و خاکی نیـشتمان شـانازی دەخوڵـقێنن دیـارە نەتـەوەی کورد هیچ کات بیرەوەریەکانی تاڵـی تایفـە و عەشـیرەتە کوردەکـان و کـۆچی بـە

زۆرەمای ئەوان لە خاکی کوردستان بۆ شوێنەکانی‌تر وەکوو خوراسان لە بیرناکـەن و هەمیشە ئەم دووری و کۆچکردنەیان وەکوو بیرەوەریەکی تاڵ زانیوە ئێـستاش ئێمـە خۆمان بە بەختەوەر دەزانین کە ئێوە بە بـڵاو کردنـەوەی کتێبـە مێژوویـەکان ئـەم دووری و جیا بوونەوەیەتان کەم کردووتـەوە و بوونەتـە هـۆی لێـک نزیـک بـوون و پێکەوە بوونی کوردان و لە خوای گەورە داواکارین بەختەوەر و سەرکەوتووتان کات.

هەروەها چونکە لە چاپی دووهەمی کۆچی مێژوویـی کوردەکـان بـۆ خوراسـان ویستووتانە کە قەڵەم بە دەستانی کورد بە سەرهاتی و ژیانی خۆیان و ئاسەوارێک لـە کارەکانی خۆیان بۆتان بنێرن. منیش بـۆ وڵامدانـەوەی ئـەم بانگـەوازەی ئێـوە و بـۆ ئەوەی لە کۆڕی ئەم بەڕێزانەدا بەشدار بم، نووسراوێک لە بەسەرهات و ئاسـەوارەکانی خۆم بۆتان بەڕێ کرد کە هیوادارم وەکوو یادگارێک لەو هەرێمەدا بمێنێت. بە سڵاو و ڕێزەوە.

قەلعەیی بەیگ قەڵابەیگی: ڕاپۆرتە هەواڵێک لە لایـەن بـرای بـەڕێزمان ئاغـای بەبرعـەلی حەسـەن زادەی بیچرانلـووە کەسـەرەڕای دەربـڕینی هەسـتی پـاک و دۆستانەی خۆی و ڕێزلێنان لە کارەکەی من سەبارەت بەزیندووکردنەوەی مێـژوو و فەرهەنگی نەتەوەی کورد بە سەرهاتێک لەبارودۆخی هۆزی خۆیـان کەلـە سـنووری نێوان ئێـران و ڕووسـیەدا هەڵـکەوتوو لـە بـاکووری قووچـان نیـشتەجێن. لـە دوو پەرتووکی چل لاپەڕەییدا بۆم نووسیوە و بەڕێ کردووە.

ئەمنیش وەکوو نووسەر سەرەڕای ڕێزلێنان لەم کارەی بەڕێزیان کورتەیەکی لەو بابەتە لێرە دێنمەسەر کاغەز و لەو جێگایانەدا کە پێویستە لە هێنـدێ بابـەتی‌تـریش کە بەکەڵک بێت کەڵک وەردەگرم. ئەم جۆرە کارانە بەڕاستی بەکەڵـک و جێگـەی شانازین و من لە تەواوی خۆشک و برایانی کورمانج چاوەڕوانی ئـەوەم هەیـە وەکـوو ئەم برا بەڕێزە دەست بە تێکۆشان کەن تا بەیارمەتی ئەوان مێژووی نەنووسـراو و ون بووی ئێمە تا ئەو جێگەیە کە توانامان هەیە جارێکی تر زیندوو بێتەوە.

ئاغای بەبرعەلی لە مامۆستایانی مەزن و باشی ناوچەکە لە ڕێگەی باوک و بـاپیر و دایە گەورەکانی هۆز و وتووێژ لەگەڵ ئەواندا بەم جۆرە ڕووی لەمن کرد و نووسیویە

بۆم: بەڕێزتەوەحودی: گەیشتوومەتە ئەم ڕاستیە کە بەبێ هیچ درۆیەک خزمەتێکی جێگەی ڕێز و شیاوتان بە مێژووی کوردەکانی کورمانجی خوراسان کردووە. ئەگەرپاش چوارسەد ساڵ چاوێک بە شەرەفنامەی بتلیسی دا بخشێنن، تەنیا کتێبەکانی ئێوەیە کە وەکوو نووسراوەیەکی جێگەی باوەڕن و بەرەکانی داهاتوو دەتوانن بۆ لێکۆلینەوەی مێژوویی وەکوو سەرچاوە کەلکی لێ وەرگرن و بەو پێیە کە کتێبەکان وەکوو منداڵی نووسەرن و هەر دایک و باوکێک بۆ ڕاهینان و پەروەردە کردنی منداڵەکانیان چاکترین تێکۆشان دەکەن. ئێوەش لە کۆکردنەوە و نووسین بە ڕاستی تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر هاتوون؛ بەڵام لەبەرانبەردا بوونەتە خاون زانینێکی واتایی و بە بێ پێداهەڵگوتن ناوی ئێوە ناوێکی ئاشنایە بۆ هەموو خەڵکی کورمانج لە خوراسان و زۆربەی لایەنگەرانی مێژووی ئێران و کورد سەبارەت بەوەی کەلە کتێبەکەتان باسی سەر کردەی ناوداری کورد واتە سەلاحەدین و هەوڵەکانی ئەو لەشەڕەکانی دژ بە خاچ پەرەستان نووسیوتانە. ئەم سەرکردە کوردە نەتەنیا لە ئازایی‌دا بەڵکوو لە دەست ئاوەلایی و پیاوەتی لە ڕۆژگاری خۆیدا بە ناو بانگ بووە و ئەمە خوو و ڕەوشتی هەموو کوردانە کە لە کاتی تەنگانەدا بە چەوساوەکان و ئاوارەکان پەنای داوە و هەروەها کە دەزانین کاتێ کە عیمادەددین محەمەد کوڕی سەفیەدین ئێسفەهانی ناسراو بە عێمادی کاتب نووسەر و ئەدیبی بە ناوبانگی سەدەی ٦ کە دەکەوێتە بەرڕەق وقینی مەلەک ساڵەحی ئێسماعیل فەرمانداری دەمشق هەڵدێ بۆ مووسڵ و پاش ماوەیەک سەلاحەدین دەست بەسەر دەمشق دائەگرێت.

عێماد لە لایەن دام و دەزگای حکومەتی سەلاحەدین پلەو پایەی پێدەدرێت و کتێبی «الفتح القسی فی الفتح القدس» کە لە بواری گرتنی وڵاتی شام و فەلەستین باس دەکات دەنووسێ و پاش مەرگی سەلاحەدین گۆشەی تەنیایی هەڵدەبژێرێت و لەئاکامدا لە دەمێشق کۆچی دوایی ئەکا. بەڵام باس لەسەر ئەمەیە کە کوردەکان بەمەیل و خواستی خۆیان یان بە زۆرە کۆچ دراون. چۆنکە هێزی یەکیەتی کوردەکان بە قازانجی پاشا و دەسەلاتدارانی لە دوو بەشی دوور لەیەک جیا

بووەتەوە و گەمارۆی بە سەرداسەپاوە و ئەمە ئەوشتەیە کە دوژمنانی ئێمە بەردەوام بەدرێژایی مێژوودا لەو ترساون و بەردەوام بۆ لاواز کردن و لە نێو بردنی کوردان هەوڵیان داوە و لە هەر هەل و دەرفەتێک کەبۆیان ڕەخساوە کوردەکانیان دوور خستووەتەوە و بەزەبری شمشێر ئەوانیان کوشتووە و هەموو ئەمانە بە قازانجی دەسەلاتدارانی ئەوکات بە ئاکام گەیشتووە. بەلام ئەوەی کە لە لاپەڕەی ١٦٦ی چاپی دووهەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کوردەکان بۆ خوراسان نووسیوتانە کە خەلکی قەرەچێشمەکانی ڕەش لە هۆزی کۆپانلوون و هێندێ بەلگەشتان لەم بارەدا چاپ کردووە دمبێ بلێم جۆری دەربڕینی دروستی ئەو وشەیە گۆپانلوویە کەبەڕا و بۆچوونی باوکانی ئێمە واتە گوێ پانەکان، چونکە لە ڕابردوو دا لە هەموو شوێنێک گافی فارسیان وەکوو کافی عەرەبی دەنووسی؛ بەلام گۆپانلوویان کۆپانلوو نوسیوە کەلە بەلگەکان و نووسراوەکانی ۲۰۰سالەی ئێمە هەر کۆپانلووە.

سەبارەت بەم خالە هاوبەشە ڕەنگە ئێوە بیروڕایەکی زانستیترتان بێت و ئەگەر دەکرێ ئێمەش ئاگادار کەن باوکم سەبارەت بەدابەش کردنی هۆزەکەی ئێمە دەلێت:

١- ئولاشلووەکان هەر کالعەباس واتە عەباس پیرن کە باپیری بەڕێزیان بووە و خەلک پێدەلێن کالەواس.

٢- تورانلووەکان کە دەچنەوە سەر کال ڕەزا واتە ڕەزای پیر کە باپیری ئەوان بووە.

٣- قەرە چێشمەیی واتە کانی ڕەش کە پێدەلێن کال حاج و خەلکەکە پێدەلێن کالاج واتە پیاوی بە سالاچووی حاجی.

٤- زیندنیلووەکان کە پێیان دەلێن کالتەم کە هێندی کەس بە قال تەم یان قالتمەمانلوو ناوی ئەبەن.

ئێستەش بیروڕای ئێوەی بەڕێز هەرچی بێت نازانم بۆچوونم هەر ئەوە بوو کە لە پەراوێزدا نووسیومە تا ئەگەر دەرفەتێک هەبێت ئەو بەلگانە لەداهاتوودا دەست کەوێت و ڕوون بکرێتەوە و ئیتر قسەیەکی ترم نیە. لە لایەکی ترەوە لە لاپەڕەی

٢٥٠تا ٢٥٢چاپی دووهەم لە زمانی بەڕێز حاج دەولـەت نامـانلوو نووسـیوتانە کەلـە قەلاّی شواتەسو وترا نامانلووەکان نیشتەجێ بوون.

بەلاّم باوکم دەلّێت خەلکی ئەم ناوچانە کە بـریتین لـە بیچرانلـوو و سـیوکانلوو کەیکانلوو لە هەر گوند و هۆزێک یەک بنەماڵەیان وەکوو پـارێزەر لـە قـەلاّی شـواتە جێگیر کراون کە پاراستنی سنووریان لەبەرانبەر دوژمنـدا وە ئەسـتۆ گرتـووە دیـارە هەموویان نامانلوونین بەلکوو یەک تا دوو بنەماڵەیان نامانلوویی بوون کەلـە هێرشـی تورکمانەکان کوژراون.

قەلاّی بەیگ کە لە دووبەشـی قـەلاّی بەگـەکان و قەرەچیـشمە و کـانی ڕەش پێکهاتووە، خەلکەکەی لە هۆزی گۆپانلوون بە چوار دەستە دا بەش کراون.

١- تۆپەرێ قەجی منـدالانی قەجـەر ٢- تۆپـەرێ مـبرێ مێهـراو ٣- تۆپـەرێ قاسێ قاسم ٤- تۆپەرێ ئیمێ ئەمامویردی.

نزیک بە ١٢٠ساڵ لەمەو پێش کە شوجاعودەولە کوێـستانە سـنووریەکانی ئـەم ناوچەیەی لە نێوان هۆز و عەشیرەتەکان دابەش کرد کوێـستانی مـەرزی گولیـل درا بە بیچرانلووەکان و شەیخ ئەمیرلووکان، جیرستانیەکان و ناوچـەی هێـلی سـنووری بەردەر درا بە هۆزی گۆپانلوو و ئەمانە زۆربەیان لە قەلاّی بەیگەوە کۆچیان کردبـوو و لەوێ گوندی بەردەریان دروست کردبوو کە دەکەوێتە نزیک باجگیران و هـەر چـوار تۆپەوە کە لەوێدا نیشتە جێن و دوو هۆزی دیکە بە نێوی تایانلوو و شاملووش لەگـەڵ ئەوانن. ناوچەکانی باشوور کەبەسێوکانلوو بەناوبانگەو نالیسێوێکیشی پێدەلـێن هـەر لە گوندی قەرچەغـە هـەتاکوو بـاجگیران و دۆلـی ئۆغـاز و بوانلـوو و کۆمکێلانلـوو و هەموویان بە هۆزی سێوکانلوودا کە ناوەندەکەی ئۆغـازە بـەم پێیـە ئـەم هۆزانـە لـە قەلاّی بەیگ و بەردەرنیشتەجێن.

١- گۆپانلوو کالاجلوو
١- قەجەڕییەکان
٢- مێرابیەکان
٣- قاسمیەکان
٤- ئەمامویردیەکان کەبەلگەکانیان لە بەرگی دووهەم دا چاپکراوە.

قەلاّی بەیگ بیچرانلوو.

٢- شـاملوو یـا شـامالیان کەیەکـەمین خەڵـکانی قـەڵای بـەیگ بـوون و لـە کوردەکانی شامن و هەروەها کە لە چاپی یەکـەم دا وتـراوە خوالێخۆشـبوو دوکتـۆر شاملوو لەوان بووە.

٣- تایانلوو کە بوونەتە دوو تۆپەر: تۆپەری حەقی و حەقی وێردی.

٤- ئال و دۆلان کە هەر دووک مندالانی دووبـرا بـوون بـە نێوەکـانی ئالخـان و دۆلخان کە خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەد بەردەری لەوانە.

شـاملووەکان: شـاملووەکان کەبـە شمامالیـانیش ناویـان دەبـەن دوای بـڵاو بوونەوەیان ئیمڕۆژە بێجگەلە قەڵای بەنیگ و بەردەر لە گوندەکانی قەڵای حەسەن، هۆنامـە، قـەلجووق گـەلجووک قەلاچـە، کەلاتـەی بـالی لۆجـەلی، یـەنگی قـەڵای قۆشخانە: قەڵای نەقدونەقدعەلی و شیروان نیشتەجێن.

تا ئەو جێگەیەی کەباب و باپیرانی ئێمە دێتەوە بیریان شاملووەکان بەپەنج هـۆز دابەش ئەبەن کەبە نێـوی گـەورەی هـۆز و باپیریـان ناسـراون و هـەموویان هـاوڕێ لەگەڵ حەسەن بەگی ناودار لە وڵاتی شامەوە هاتوون. قەڵای حەسـەنیش بـە نـاوی حەسەن بەگی دووهەمەوە ناونراوە.

١-هۆزی ئاقاجان بەگ ٢- هۆزی ڕەمەزان بەگ ٣- هۆزی سـەجاخان شـوجاع خان ٤- هۆزی مامەجان ٥- هۆزی نەقد. عـەلی بـەگ. (منـدالانی مووسـا بـەگ و ئاقاجان پاشماوەی مندالانی ئاقاجان بەگن).

لە ڕەمەزان بەگ مندالانی خوالێخۆشبوو فەرەجوڵلا خان بیچرانلووی ناودار کـە ڕاپەڕینی خەرمانانی ١٣٢٠ی ڕێبـەری دەکـرد مـاون لەسـەجاخان ئاغـای حـەجی قوربان کەلاتەبالی کەلەچاپی دووهەمی کتێبەکەی خۆتاندا ناوتان بـردووە. لـە مامـە جان مندالانی جەعفەرخان فەتحعەلی بەگ و محەممەد ڕەزا بەجێ ماون.

لە نەقد عەلی بـەگ منـدالانی خوالێخۆشـبوو ڕەحمـان قـولی بـەگ و ئاغـای مێرلادقولی بەگ و مندالانی ئەوان بەجێ ماون.

پـەری پزێـشک و جـەڕاح بیچرانلـوو: ئاغـای تـەوەحودی، چیرۆکـی تـەخت کوشتاری ئێوە کە لە لاپەڕەکانی ٢٨٢تـا ٢٨٤چـاپی دووهەمـدا هـاتبوو کـە ژنـان و

پیاوانی کوردی لایین لەشەڕ لەگەڵ دوژمنانی ئێراندا چە ئازایەتی و خوڕاگرییەکیان خولڤاندووە لەسەرمن و باوکم زۆر کاریگەری کرد و ئەمن بۆ خۆم دیتم کە باوکم دەگریا. دوای ئەوەی کە ماوەیەک گریا و تۆزێ هێور بوو و کوڵی دڵی دامرکا، دەم و چاوی شۆرد و فرمێسکەکانی پاک کردەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی: کوڕم تۆ نازانی بەسەرباب و باپیران و ژنان و خۆشکان و برایانی ئێمەدا چی هاتووە و ئەوان چیان چێشتووە کە ئێوە ئیمڕۆ ئاوەها بە ڕاحەتی ئەژین و قەدر و بایەخی هیچ شتێک نازانن و تەنیا ئەوە فێر بوون کە بڵێن باوکانی ئێمە بێ سەواد بوون و هیچ شتێک تێنەدەگەیشتن. ئێوە نازانن کە شەو و ڕۆژ دوژمنانی ئێمە لەم شاخ و دولانەدا و لە سنوورەکان تێدەپەڕین و هێرشیان دەکردەسەد ئێمە و ئەوەی لەسەر ڕێگەی خۆیان دەیاندی لە ناویان دەبرد و ژنان و منداڵانی ئێمەیان بەدیل ئەبردو و بە کۆیلەیی دەیانیا نفرۆشت لەوەها هەل و شەر جێک دا ژنانی کورد کە هەمیشە شان بە شانی پیاوانی ئازا لە شەڕەکاندا بەشداریان دەکرد و تەورو شمشێر و کۆلەکەی خێوەتەکانیان هەڵدەگرت و چالاکانە و بوێرانە هێرشیان دەبردە سەر دوژمن، زۆربەی ئەم ئێسک و پرووسک و گۆڕە بەکۆمەڵانە کە هێشتا لە نێو ئەم شاخ و دۆڵانەدا بە جێ ماون و دەیبینن یادگاری ئەو شەڕانەیە کە هەر دوولا تێدا دەکوژران، تورکمانەکان هەمیشە شکستیان ئەهێنا و هەڵدەهاتن. ئەوان توانا و وڕەی ئەوەیان نەبوو کە لە شەڕی دەستەویەخەدا کوردەکان ببەزێنن بەڵکوو بەسواری ئەسپەکانیان وەکوو چەتە و دز هێرشیان دەکرد و هەرچیان دەدی هەڵیاندەگرت و بەرەو کەویری خارەزم هەڵدەهاتن. ئەوان تریاکیان دەدایە ئەسپەکانیان تا ماندوونەبن و هەروەکوو هەڵۆ لە دەشتە بێ ئاو و گیاکاندا بسووڕێن. بەڵێ ئەوە ئەسپەکانی تورکەمەن بوون کە ئەوانیان لەڕێگری و چەپاوکردن یارمەتی ئەدا دوای کۆتایی هاتنی شەڕ کوژراوەکانیان ئەسپەردەی خاک دەکرد و برینداره‌کانیش کە پێویستیان بەپێڕاگەیشتن بوو چاک دەکرانەوە یەکێک لەم پزیشکە نەخوێندەوارە و بە قەولی ئێوە کە دەڵێن (بێسەواد) شێرەژنێک بوو کە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ شمشێرەکەی لەزەوی دادەنا و دەستی دەکرد بە

پێراگەیشتن و تیماری برینداره‌کان و چاک کردنـه‌وه‌یانی وه ئه‌ستۆ ئـه‌گرت پـه‌ری له‌ژنه‌به‌ناو بانگه‌کانی گۆپانلوو بوو. بێجگه له پزشکی له ناسینی گیاکانـدا زۆر پـسپۆڕو شاره‌زا بوو و هاوکات ده‌وای دروست ئه‌کرد و جه‌راحێکی چاکیش بوو. باوکانی ئێمـه ده‌یانوت: په‌ری به‌سه‌ره‌تاییترین که‌رسـته‌کان وه‌کـوو چـه‌قۆ، مقه‌سـت و ده‌رزی و شریتی هه‌ورێشمی جـه‌ڕاحی ده‌کـرد و زۆربـه‌ی عه‌مه‌ڵه‌کانیـشی سـه‌رکه‌وتووبوون، ئه‌وله‌گۆشتی کوژراوانی دوژمن که‌ورد ورد ده‌یجـنی و لـه نێـو قازانێکـدا ده‌یکولانـد جۆره مه‌ڵهه‌مێکی دروست ئه‌کرد که‌له چاکبوونه‌وه‌ی برینه‌کاندا زۆر به که‌ڵک بـوو و زۆر زوو برینه‌کانی چاک ده‌کرده‌وه. زۆر جار بووه که ئه‌و که‌سانه‌ی که‌لـه گۆڕه‌پـانی شه‌ڕدا بریندار بوون و به تایبه‌ت ئـه‌و که‌سـانه‌ی کـه ورگیـان ده‌دڕا پـه‌ری به‌نـه‌خ و ده‌رزی و شۆردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌میزی منداڵ جارێکی تر برینه‌کانیان ته‌قه‌ڵ ده‌دایـه‌وه و چاک ده‌بوونه‌وه ئه‌و چه‌قۆ و ده‌رزی و خه‌نجه‌ری کاره‌که‌ی به ئاگر خاوێن ده‌کرد که پۆی بڕاو و ده‌ستی قرتاو و ورگی دڕاو هه‌مووی بـه ده‌سـتی پـه‌ری چـاک ده‌بـوو و ده‌یدوورانده‌وه و ئه‌و به ئه‌و مه‌ڵهه‌مانه‌ی که‌به گیاکانی ئه‌و ناوچه‌یه دروسـتی ئـه‌کرد برینه‌کانی سارێژ ئه‌کرد و برینداره‌کانی له‌مه‌رگ ڕزگار ئه‌کرد.

به‌ڵێ کوڕم ئێمه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که چـاره‌نووس ده‌مـانی خـسته سـه‌ر ڕێگـه‌ی شمشێری دوژمنان هێشتا نه‌به‌زیوین و زیندوو ماوین و ته‌نیا تاوانی ئێمه کورد بوونی ئێمه‌یه جا به‌ڕێز ته‌وه‌حودی ئه‌گه‌ر ده‌رفه‌ت هـه‌بوو و هه‌ڵـێک ره‌خـسا سـه‌رێک لـه قه‌ڵای به‌یگ و هۆز و عه‌شـیره‌تی ئێمـه بـه‌ن هێـشتا زۆرن ئـه‌و پیـاوه به‌ته‌مـه‌ن و به‌سالاچووه دڵپاکانه که زۆربه‌ی ئـه‌م ڕووداوه خـوێنین و تالانـه له‌سـه‌رزاری بـاب و باپیرانیانه‌وه ده‌گێڕنه‌وه چیرۆکه‌کان، ئاوازه‌کان، ئاهه‌نگـه‌کان هـه‌موویان لـه مێـژووی خوێنباری ئێمه‌وه بۆمان ئـه‌دوێن بـه هیـوای دیـداری دووبـاره و سـه‌رکه‌وتنتان لـه ڕێگه‌ی به ئاکام گه‌یاندنی کاره فه‌رهه‌نگیه‌کانتان.

براتان به بر عه‌لی گۆپانلوو حه‌ماسه‌ی گولشان و ئه‌ماموێردی که‌یکانلوو.

نامه‌یه‌که له برای گه‌وره و به‌ڕێزمان ئاغای جه‌لیل ئـه‌ماموێردی زاده‌ی گۆپـانلوو که هێنده به‌ڵگه له باپیرانیانه‌وه له لاپه‌ڕه‌کانی ٤٩٤و ٤٩٥ی چاپی دووهه‌ممان بـلاو

کردوەتەوە ئەمان بنیانەری قەڵای بەیگ بوون کە پێش هاتنی کوردەکان بۆ ئەوێ جێگەی تورکەموغولەکانی گرایلی بووە و پێیان وتووە قەرەچێشمە (کانی ڕەش) کەبەسەر هاتی ئەوە لە نامەی پێشوودا هات. ناوبراو دوای دەربڕینی ڕێزو سپاس بەرانبەر بە نووسەر دوای ناردنی دوو چیرۆکی شایانی خوێندن و مێژوویی گوڵشان و ئەمامویردی کەودەخرێتە بەرچاوی ئێوە دەفەرموون:

٠٠٠ بیرەوەری ئازایەتی و بوێری کوردەکانی خوراسان کە خەریک بوو بڕواتە دڵی خاک و بۆ هەمیشە لەبیر بچێتەوە جارێکی تر بە دەستی ئێوە و بەزحمەت و لێکۆڵینەوەکانی شەو و ڕۆژی ئێوە کە ماندوونەناسانە کارتان دەکرد زیندوو بووە و بۆ هەمیشە لەبیر ناچێتەوە.

گومان لەوەدا نیە ئەو کەسەی ڕەگەزو بنەچەی کوردی بێت دەبێ سوپاسی زەحمەتی ئێوە بکات و ماندوونەبوونی تان پێ بڵێت.

لێرەدا بە نۆرەی خۆم ئەمهەوێ لەم هەموو مەیل و خۆشیەکە لە خوێندنەوەی کۆچی مێژوویی کوردەکان بۆ خوراسان نووسراوی ئەم برابەڕێزە بەمن دەستی داوە کە ئاکامی زەحمەتی زۆری ئێوەیە بە دڵ و گیان سپاستان بکەم و سەرکەوتنی ئێوە لەم ڕێگەیە دا لە خوای مەزن داواکارم لێرەدا بە پێویستی دەزانم کەلە چۆنیەتی ڕووداوی قەڵای شواتە قەڵای سووتاو کەلە لاپەڕەی ٢٥٢لە زمانی حاج دەوڵەت نامانلوو نووسیوتانە، هەندێ تێبینی بخەمە ڕوو کە ئەگەر پێویست بێت وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی لە مێژووی باپیرم کە خۆی بە منداڵی لە قەڵای شواتە گەورە بووە دەگێڕایەوە کە کاتێک تورکمانەکان هێرشیان کردەسەر قەڵاکەمان نەیەنتوانی لە دیواری قەڵاکە سەرکەون بەڵام بە داخەوە بەکەڵک وەرگرتن لە دارێکی بەرزکەیەکێک لە گوندنشینەکان لە دەرەوەی قەڵا جێهێشتبوو و بە کوتانی بزمار لەسەر ئەو دارە وەکوو پەیژەیەک کەڵکیان لێ وەرگرت و بە هۆی ئەوە لە دیوارەکە سەرکەوتن. چونکە وەرزی زستانیش بوو و لە نێو ماڵەکان و حەوشەکاندا داری وشک بۆ سووتاندنی زستان کۆ کرابووەوە تورکمانەکان ئاگریان تێبەردا تاکوو خەڵکەکە زۆرتر بترسنن و لە ئاکامدا هەموو گوندەکە یەکسەر بوو بە ئاگر و

هەنبانــەکانی کاوگــەنم و جــۆ یەکــسەر ســووتا و مــەڕومالاتیش هــەمووی لــە نێــو گەوڕەداسووتان. دەنگی هاواری ژنان و منداڵان و پیاوان بەرز بووەوە ئــەمام ویــردی باپیرم دەیوت: ئەو کات من ۷ ساڵە بووم کــە بــاوکم ئێــبراهیم لــەم شــەڕە لەگــەڵ تورکمانەکاندا بەسەختی بریندار بوو و هۆیەکەشی ئەمە بوو کە ئەو تیرەی کە لە ئــەو درابوو بوو بە هۆی لە کار کەوتنی دەستی چەپی. دایکــم ویــستی شــیوەن بگێــڕێ، بەڵام باوکم نەیهێشت و هاواری کرد کە بێدەنگ بێت و وتی ئەگــەر دوژمــن بزانێــت کە پیاوانی گوند کوژراون یان برینداریان داوە ورەیــان زۆرتــر دەبێــت و تــا دوایــین پشوو لە خاپوور کردنی قەڵاو بەدیل گرتنمان تێدەکۆشن. بابم بــە دایکمــی گــوت: بەلەچکەکەت برینەکە ببەستەو دوایی دایکم تفەنگێکی خێرلی بەبارووت پــڕدەکرد و بەرەو دوژمن دایدەنا، بابم بە دەستی ڕاستی کەساغ بوو تەقەی دەکرد.

لەم نێوەدا لاوێکی تورکەمەن کــە زۆر بــە دەســت و بــرد و کەڵــەگەت بــووە و کلاوێکی سپی لە سەردا بوو گەیشتە نزیک تفەنگەکەو بــاوکم دەســتبەجێ ســینگی کردە ئامانجی چەکەکەی و لەگەڵ نەعرەتەیــەکی جــەرگ بڕکەوتــە زەوی و لــەوێ لەسەر دیــواری قەڵاکــە کەوتــە نێــو ئــاگری نێــو قەڵاکــە دوایــی پیاوەکــان توانیــان ژمارەیەک لە ژنان و منداڵان لە پشت قەڵاکــەوە ببەنــە دەرەوە و فێریــان کردبــوون کەچی بکەن و ئەوانیش لە نێو شاخ و تەپۆلکەکاندا هاواریان دەکــرد ئاغاجــان بــەگ، حەسەن بەگ خێراکەن و لە پشتەوە ڕێگەیان لێ بگرن و مەهێڵن هەڵبێن ئــەمانیان مەدەن و مەهێڵن هیچ کامەیان زیندوو بمێنن بێ ئــەوەی کــە ئاغاجــان و حەســەن بەگێک بوونیان هەبێت، ژنان و منداڵان بانگی ئــەوانیان دەکــرد کــە ئاواکــەن و بــەو جۆرە لێیاندەن تورکمەنەکان وایان دەزانی کە ئاغاجان بەگ و جەماوەری بیچرانلــوو لە ڕووداوەکە تێگەیشتوون هەڵبێن و تەنیا توانیان دوومنداڵ و دوو ژن بەدیل ببــەن. ناوی یەکێک لە ژنەکان گۆلشان گولشەن و ئەوی تر پەری بوو. گولشان کــە نزیــک بوو ببێتە خاوەنی منداڵێک و تەنیا چەند مانگێک بە دونیا هێنانی منداڵەکەی مــابوو و نەیدەتوانی بڕواتە ڕێگا و لە نێوان قولهەک و نزیک دۆڵی بــەردەر لــە حاڵــێکدا کــە هەناسەبڕکێ کەوتبوو و تا ئەژنۆ لەبەرف چەقیبوو پاڵی دا بە تاشــەبەردێــک و وتی:

ئیتر ناتوانم بێم بەڕێگادا و چی لەدەستتان دێت بیکەن. تورکمانەکان ڕژانە سەری و بەشمشێر و قامچی لێیان داو برینداریان کرد و ئەویش دارێکی وشکی کەلە نێو بەفرەکە بوو دەرهێنا و کوتایە سەریەکێک لە تورکمانەکان و خوێن لە نێوان چاوانی تورکمەندا هەڵقولا. دوژمن کە ئاوا ئازایەتی و بوێریکی لەم ژنە بینی ڕژانە سەری و بە شمشێر لەت لەتیان کرد.

دوایی خەڵکەکە لە شوێنی کوژرانی گوڵشان بۆ ڕێزگرتن لە یادی ئەو چیلێکیان دروست کرد کە ئێستاش ئاسەوارەکەی ماوە و بە چیل گوڵشان بە ناو بانگە.

بەڵام تورکمەنەکان بە هەر جۆرێک بوو پەرییان لەگەڵ خۆیانا برد پەری کەبیری لەڕزگار کردنی خۆی دەکرد وای نیشان دا کە قاچی دەشەلێت و ناتوانێت بڕواتە ڕێگاو هەر بۆیە یەکێک لە تورکمەنەکان بوو بە مەئمووری پەری و ویستی پەری بەدووی کاروانەکەدا ببات. بۆیە تۆزێک لە باقی سوارەکانی تر بە جێمان تورکمەنەکە بۆ ئەوەی زووتر بگەن پەری لە کوێرە ڕێگەیەکەوە برد و کاتێک کە گەیشتنە نزیک تەختەبەردێکی گەورە تورکمەنەکە دانەوی و پەری بەسەرشانی ئەودا ڕۆیشتە سەر تەختە بەردەکە و تورکمانەکەش چەکەکەی دایە دەستی پەری تاکوو بتوانێت خۆی بگەینێتە سەر بەردەکە و هەر کە دەستی ولاقی لەسەر بەردەکە ناو ویستی بڕواتە سەر پەری لوولەی چەکەکەی بەنێو چاوانیەو ناو و دەستی بۆ پەلەپیتکەی چەک برد و مێشکی تورکمەنەکە یەکسەر بە حەواداپژا بەبیستنی دەنگی گوللەتورکمانەکان بە خێرایی هەڵاتن چوونکە وایان دەزانی کە ئاغاجان بەگ بیچرانلوو هاتووەتە یارمەتی خەڵکی قەڵا. پەری لەو هەلەکەڵک وەردەگرێت و چەکەکە لەگەڵ خۆی دەباتەوە بۆ قەڵا. دووکوڕە منداڵەکەش کە تورکمەنەکان بەدیل گرتبوویان یەکیان ناوی سوڵتان و ئەوی تریان ناوی محەممەدخان بوو دوایی کەس و کاری ئەو منداڵانە چوون و بەدانی پارە سوڵتانیان ڕزگار کردو هێنایانەوە بەڵام دایکی ئەولاوە تورکەمەنە کە کوڕەکەی لە نێو قەڵا و بە گوللەی باوکم کوژرا بوو محەممەدخانی نەدایەوە. کەس و کاری ئەوە چوونکە دەستی منداڵاکەی لە نێو یەقەی خۆی نابوو و ئەمەش لەداب و نەریتی تورکەمەنەکاندا بەمانای مەحرەم بوونە.

دوایی له ساڵـی ١٣٢٤ای هـەتاوی لـه قـەڵای بـاقر لەیـەکێک لـه گونـدەکانی کوردنشینی عەشق ئابادی ڕووسیه من خۆم نەوەکانی ئەومحەممەد خانـەم بـینی و هاتنه خێوەتەکانی ئێمه بۆ سەردانمان و پرسینی حاڵی ئێمه.

بەسەرهاتی ئەمام ویردی:

باپیرم ئێبراهیم که دەوترا لەشەڕی قەڵای شواته دەسـتی چـەپی قرتـابوو و بـه هۆی چلک کردنی برینەکەی گیانی لەدەسدا باپیری ئەویش که ناوی ئەمام ویـردی بوو خوارتر له قەڵای نامـانلوو هـاوڕێ سـێ کـوڕی و کارەکەرێکـدا خـەریکی درەون ناوبراوان شەوانه لەسەردارەکانەوه دەنووستن نەوەک دوژمن بیانبینێ.

شەوێکیان ٢١ کەس تورکمان هێرش دەکەنه سەر ئیمام وێردی و کوڕەکـانی و شەڕێکی گەوره دەست پێ دەکات. ئیمام وێردی و کوڕەکـانی سـەردەکەون یـەک کەس له تورکمانەکان دەکوژێت و باقیەکەیان دەرباز دەبن و ئیمام وێردی به دوایـان دەکەوێ و پاش شەڕێکی قووڵتر و بریندار بوونی هەردوولا تـەنیا تورکمانێـک تـوانی دەرباز بێت و باقیه کەیان کەلەبچه کران بەڵام ئیمام وێردی لەبەر ئەوەی زۆر بریندار بوو بوو کوڕەکانی تا گەیشتنه قەڵاکـه ١٦ تورکمانیـان سـەربڕی و کردیانـه سـاقەی ئیمام وێردی و تەنیا سێ کەسیان لەوان نەکوشتبوو و دایـان بـه دەسـتی شـوجاعود دەوڵەوه و ئەویش بۆ هەر ئەسیرێ ١٠تمەن و بـۆ هـەر سـەرێک ٥تمـەنی خـەڵات کردن و ئیمام وێردی پاش سێ ڕۆژ مرد و ئەم ئاکاره بـۆ تورکمانـەکان زۆر گرینـگ بوو ئیمام وێردی ٢٥٠ساڵ لەمەوبەر کوژراوه

داستانی مەرجان

وەک گوتوومانـه تورکمانـەکان لـه ناوچـەکانی لایـن و دەرەگـەزدا زۆر ئـازاری کوردانیان داوه جارێک هێرش دەهێنن و سێ ژن به ناوی مریەم، مـەرجان و مـەرار که خەریکی کار دەبن تووشیان دەبێ به تووشیانەوه و تورکمانەکان خێـرا مریـەم و مەرار که هێشتا کەنیشکن دەیانخەنه سەر ئەسپەکانیان و دەرباز دەبن و یەکیان کـه

دەبێتە بەرپرسی دزینی مەرجان لەبەر ئـەوەی مـەرجان دووگیـان بـووە نـەیتوانیوە زووسواری بکات و لەو کێش بەکێشەدا مەرجان کابرا لە ئەسپەکەی دەخاتـە خـوارێ و خۆی سواری ئەسپەکەی دەبێت و فیرار دەکات و لەم کاتـەدا پیـاوێکی لایـەنیش حازر دەبێت و تورکمانەکە دەکوژێ و مەرجان ڕزگاری دێت لەو لاوەش مەرار لە ژێر ئەشکەنجەی تورکمانەکاندا دەمرێت و مریەمیش پـاش هێرشـی ئاغـا گـولی بـەیگ ڕزگار دەبێت.

(مەرجان ژنی شاهوێردی خان بووە.)

داستانی مـەلک مـەحموودی مـەرگانی یـەنی پـاش هاتنـە دەرەوەی بـەرگی دووهەمی ئەم کتێبە کە سەبارەت بە مەلـک مـەحموود باسـم کـرد بـوو تێیـدا زۆر کەسان بە نامە ڕێنوێنیان کردمەوە بە تایبەت:

١- **حاج ئەڵلا وێردی** ٩٥ساڵە کە خۆی لە بنەماڵەی شاهوێردی خانە نووسیویە لەو هێرشە نامەردانـەی تورکمانەکانـدا بـۆ سـەر کوردەکـان کـە تریاکیـان دەدا بـە ئەسپەکانیان تا خێراتر بچن، مەحممود مەرگان توانی هـاوڕێ یارەکـانی بـەرنگاریان ببێتەوە بەڵام مەحموود مەرگان پاشان دەکوژرێ و لە تەپۆلکەی مەحموود مەرگاندا بە خاک دەسپێردرێ.

٢- نامەیەک لە **مامۆستا دوکتۆر شەوکەتەوە** کە لە کوردانی دانیـشتووی تارانـە کە سلاوی مامۆستا هەژاریش ڕاگەیاندووە و گوتوویە لـە کـاتی شۆڕشـە مەزنەکـەی بارزانی لە ساڵی ١٩٦١تا ١٩٧٥کە ڕێکەوتنامەی ئەلجـەزایر بـوو کـوردان نەهامـەتی هێنا و ئێستا ئێمە لە تاران ئاوارەین و بۆیە سلاوی ئێمە بگەیەنە هەموو کوردان.

٣- نامەیە کە لە **دوکتۆر موحەممەد سالح ئیبراهیمی (شـەپۆل)** لـە کـوردانی دانیشتووی تاران کە بڕێ بەڵگەشی ئاراستە کردووم.

٤- نامەیـە کـە لەبـەڕێز **عـەلی موقەدەسـیەوە** کەلـە کوردەکـانی سـارمێرانی ئێسفەراینە و ئێستا دانیشتووی ئازادشارە. ناوبراو گوتوویانـە مـن لـە ڕەگـەزی ئیلـی دیرانلووم.

هـەروەها چەنـد تێبینیـشی سـەبارەت بـە گونـدەکانی ئـەردووخان و بیـدواز

نووسیبوو که پاشان باسی دەکرێ.

٥- نامەیەکە لە **مامۆستا موحەممەدی ڕەیبانی** دانیشتووی مێهرشاری کەرەج کەلەوێ مامۆستای قوتابخانەیە کە نووسیوویە کارێکی کریس کۆچێرام بە ناوی بزوتنەوەی کوردان وەرگێراوەتەوە کە داگری شتهایێکە لە دەسەلاتی بەدرخانیەکانەوە (۱۸٤۰تا ۱۹۷٥). ڕەیبانی لەنەبوونی پارە بۆ چاپی ئەو کتێبە باسی کردووە.

٦- نامەیەکە لە برام **عومەری فارۆقیەوە** لەسەقز واتا شاری جلوبەرگە جوانە کوردییەکان.

ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە دوو هەڤالی عیراقیمان کەبە دوای بەرگی یەکەمی کتێبەکەی تۆوەبوون کەچی نەبوو.

هەروەها نووسوویە لەبەرگی دووهەمدا شێعرێکی حاجی قادرت داوەتە ئەمیرشەرەف خان کە هەڵەیە ڕاستی بکەرەوە.

٧- نامەوبەڵگەی پیرۆزباییک بوو لە **مامۆستا عوبەیدوڵلائەیووبییان** و کاک سەیدواحێد کەلەوی لەمەهابادەوە کە لەگەڵ دەربڕینی خۆشەویستی، داواکاری دووپات کردنەوەی چاپی بەرگی یەکەم بوون، ناردم.

٨- نامەی پڕ لە خۆشەویستی کاک **ڕەحمەتوڵلای سەعادەتیش** لە کەلاتی نادرییەوە کە منی بچووکی بەقەلای بە ناو بانگی کەلات کە ماوەیێک زۆر نادرشای ئەفشاری لەژێر دیوارەکانی خۆیدا سەر لێشێواو گێژ کردبوو، بانگ کرد و سپاسی گەورەییان دەکەم و هیوادارم بتوانم هەرچی زووتر بگەمە خزمەتیان و لێکۆلینەوەی کەلات لە نزیکەوە دەس پێکەم و لەبرینجی خۆشی کەلاتیش پلاوێ بخوەین کەوێنەی لە هیچ جێگای دونیادا پەیدا نابێت.

٩- نامەیەکە لە برامان **سەید هاشم کەریمی** لە مەهابادەوە کە هیوا دارم بەرگی یەکەمیان پێگەیشتبێت.

١٠- دەرەگەز **کاک حوسێنعەلی بەبدی** بەوری زینداڵلوویش لەگەڵ دەربڕینی خۆشەویستی داوای ناردنی چەند بەرگ کۆچی مێژوویی کوردی کردبوو کە خەڵکی

دەرەگز نەیانتوانیبوو کاتی خۆی ئەو کتێبە بکڕێن.

۱۱- **بۆکان** نامەیەکە لە بـرای شـاعێرمان کـاک **موسـتەفایلخانیزادە** لـە شـارە جوانەکەی بۆکان کە خودی ئەو گەورەیە لە زانایانی وڵاتی کوردستانن و تا ئێـستاش چەند بەرگ کتێبیش لەم بەڕێزە بە چاپ گەیشتووە.

لەگەڵ دەربڕینی خۆشەویستی داوای دوو ژمارەی لە بەرگی ئەوەڵـیان کردبـوو کە هیوا دارم بە چاپکردنی ئەم کتێبە بە ئاواتیان گەیشتبێتن، ئـەو شـێعرانەش کـە ئەو بەڕێزە ناردبوویان لە کتێبی شاعێرانی کورد چاپ دەبێت.

۱۲- **ئەندیمـشک** نامەیەکـە لـە بـرای کرمـانج **بـەڕێز خـزری** لـە گۆڕەپـانی بەربەرەکانی باشووری وڵات و ئەندێمیـشک لەگـەڵ پـیرۆز بـایی جێـژنی نـەورۆز و لەگـەڵ دەربـڕینی فەرموویانـە ئێمـە لەگـەڵ بـرا کوردەکانمـان کتـێبی ئێـوە لـە نێومەتـەرێزەکانی خۆپـارێزیی ئێـران دەس بـە دەس دەگـەڕێنین و لـە وتـەو نووسراوەکانی سەرانسەری جەستەمان پڕ لە خۆشی و سەرمەستی دەبێت.

وەکوو باوکانی سنووڕپارێزی خۆمان لـە خوراسـان کەیـەکێک لـە گـەورەترین مەتەرێزەکانی وڵاتە، پاراستوویانە و ئێمەش ئەمڕۆ لـە سـنوورەکانی ڕۆژ ئـاوای وڵات لەبەرانبەر داگیر کەرانی سنووربەزێن دەیپارێزین و سڵاو دەنێرین بۆ ئێـوە کـە نـاوی باپیران و مێژووی ئێمەتان زیندوو کردوەتەوە دوایی گوتوویانە خوزگا دەمتـوانی ئـەم نامەیە بەزمانی شیرین کرمانجی بنووسم کە دڵگیرتر بێـت بـەڵام مخـابن کـە بـە ڕێنووسی کرمانجی شارەزاییم نییە، هیوا دارم یارمەتی ئێمە بدەن و فێری مە بکـەن کەلە داهاتوودا نامەکانی خۆم بە کرمانجی بنووسم بۆ تان.

من و هەموو هەڤاڵانی کرمانجم لـە خـاوەن پلـەکان و پلەبانـەکان و سـەربازان بۆتان سڵاو دەنێرین و هیوای سەرکەوتنی ئێوە لە لایەنی ئامانجەکانی کـەلتووریتان دەخوازین. (ئەندیمێشمک ٦٧/١/٧)

۱۳- **هەمەدان** برای بەبەها و زانا و زانادۆستمان **کاک سەید حەسـەن ڕزبـانیش** هیوادارم بەرگی یەکەمیان بە دەست هێناوێ

۱٤- **کرماشان** برای مامۆستاو لایـەقمان **کـاک مێـر ئەحمـەد خوسـرەوی** لـە

گوندی مەسنوور ئاقای جوانڕۆ سەر بەشاری پاوە نامەیێک پڕ لە خۆشەویستی و بەرێنووسی کوردی نووسیبوو کە: برای سەرکەوت و زانای تەوەحودی.

لە داوێن و سەرشاخی کوێستانەکانی هەورامان و جوانڕۆ سلاوی گەرم و بەدڵ پێشکەش دەکەم...

بەزاڵ بوون و پسپۆڕایەتی ئێوە بە کەلتوورو مێژوو و وێژەی کورد ئافەرینم گوت: تۆ وەکوو عیسای مەسێح بە جەستە مردووی. بە مێژووی وێژەی کورد گیانت داوە و زیندووت کردوەتەوە.

١٥- **مەهاباد** لە شاری کەلتوور پەروەر و مێژوو سازی مەهاباد لە ولاتی زەرتوشت و چێلی موکری، نامەی جوانی برامان یووسف ڕەسوولیم سۆران بوو کە هاوڕێ لەگەڵ هەواڵم حاج موەفەقی کە یەکێکە لە کەلتوورپەروەرانی ئەو ولاتە بە دەستم گەیشت.

١٦- **توربەتی حەیدەرییە** نامەیێک بوو لە برایانی کوردی بارزانی عێراقیمان لە توربەتی حەیدەرییە کە پاش لە داییک بوونیان هاتبوون و لەو ولاتە نیشتە جێ بوون.

برایانی چاک و دڵسۆز و تێکۆشەرمان بەڕێزان عسمەت هاشم، بێهزاد، میکائیل، کاک موحەممەد و خوێندکارانی کوردی عێراقی توربەتی حەیدەرییە لەگەڵ دەربڕینی گەورەیی بێ ترس و وەرگێڕانی دەقی پەیماننامەی یاسایی ڕێکخستنی بەرەی کونگرەی نەتەوەیی کوردستان لە عێراق کە هەموو پارتەکان و کۆمەڵەکان لێژنەکانی کوردی ئەو ولاتە پاش چەند ساڵ خەبات توانیویانە لەم سەردەمەدا دژ بە حکوومەتی زاڵمی بەعسی عێراق لەکنی برایانی خۆیان لەگەڵ ئەو داگیرکەران و خوێن مژانە خەبات کەن و بە مافەکانی بەڵگەیی خۆیان بگەن. بەش بە حاڵی خۆمان لە بیستنی ئەم هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بووین. ئەم سەرکەوتنە بە برایان و خوشکانی کوردمان بە تایبەت بە ڕێبەرانی ڕاپەڕین جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی و ئورگانەکانی ڕێکخراو و پارتەکانی دیکە وەکوو لەوانە بە ئورگانی کەلتووری یەکیەتی خوێندکارانی کوردستان لەقی توربەتی حەیدەرییە پیرۆز بایی دەڵێن کە

ژمارەیەک لە سروودی ئاهەنگی نەتەوەیی خۆیان بۆم ناردبوو کەلە جێگای خۆیدا کەڵکی لێوەر دەگیردرێت.

هەروەها لە تاوانبارکردنی سەددامی خوێنمژ کە شاری حەڵەبجەی بوردوومان کرد و بیست هەزار کەس ژن و منداڵی بێگوناهی بە خاک و خوێن کێشا ئەم هەڵبەستە شێعرە جوان و پڕ لە هەستیانە نارد بوو کە:

دوژمن بزانە خەیاڵت خاوە
بنچینەی ڕێگەت لەسەر لێلاوە
هەروەک لەمێژوو دیارە و نووسراوە
بووکی ئازادی بە خوێن ڕازاوە
نەبووە لە مێژووی کوردی قارەمان
سەردانەوێنێ ئەو بۆ دوژمنان
دەیان نموونەی وەکوو حەلەبچە
لەڕابردوومان بووەبەمەرجە

١٧- **بوجنوورد موحەممەد ئاوای مانە** برامان بێهرووز ڕەحمانی بە هاوپێچ لاپەڕەی ١٢٤کتێبی مەتلەعوشەمس ئێعتێمادوسەڵتەنە کە لە پێوەندی بە مێژووی بجنوورد و شادلووە، نووسیبوویان کە ئەم کتێبە لە ئەم گوندا بووە، ئەوەندە دەس بە دەس گەڕا و بێ قەدر بوو، بێ بەها کە هەمووی سڕیاوە و لە ناو چوو، جگە لەم لاپەڕە تەنیا ئەم لاپەڕەیە ماوەتەوە

جگە لەوە دانەیەک لە باپیرانم کتیبێکی سەبارەت بە خێڵەکان و تایفەکان و بنچینەی ڕەسەنی کوردەکانی شادلوو و وڵاتی بجنوورد نووسیبوو کە تا چەند ساڵی ڕابردوویش بوو، بەداخەوە ئەویش گوم بوو و من لەم بابەتەوە زۆر داخوازم.

ئێمەش لەم بێ قەدرکردنە سەرنج نەدانی ڕابردووکانمان بە کتێب و کتێبخوێنی توێژینەوە و پاراستنی زۆر داخوازین ئێمە چێوی بێ سەرنجی و خوێڕی بوونی ئەوان دەخوەین. هیوادارم نەوەی لاومان بە تێکۆشانی خۆیان ئەم

کەم و کۆڕییە قەرەبوو کەنەوە بە بۆنەی ئەوە کە نووسیبووتان سەبارەت بە موحەممەدئاو او ڕازی لێکۆڵینەوەکەم ئەڵبەت ئەمە ئەرکی سەرشانی منە. چەند جار هاتم، بەڵام ئاوی ڕووباری بێ پردی موحەممەد ئاوا ئیزنی بەمن نەدا.

جێگەی داخە کە فەرماندار و نوێنەرانی بجنوورد لە پارلمانی ڕاوێژگەی ئیسلامی بچووکترین سەرنجێک بەئیشی ڕێسازی و پردسازی ڕاناکێشن.

بەرهەمەکانی خەڵکیش لەم بێ سەرنجییەی گەورەکان لە ناودەچێ و لە کاتی خۆیدا ناگەییێتە بازاڕەکان. ئەمن لە نامەیەکدا ئەم کێشەیە بەبرادران حوسێنی و ڕزایی نوینەرانی بجنوورد بە ڕیکەوتی ٧١/٣/١٧ ڕاپورتم کرد و داوام لێیان کرد کە کۆتایی بەم موشکلە بێنن. هەروەها دوکتور ڕەحمانی بە پردسازی دروست کردنی پرد لە سەر ڕووباری قولجۆق شیروان کەبە ماوەی چەند مانگ ڕێگری هات و چووی خەڵک بوو و مرۆڤ بەشارە ئاگادار بن و خەڵکیش لەم کێشە ڕزگار کەن.

هاتوچۆی خەڵک بۆ ناو شار سەرنج بدەن و خەڵک لە دەستی ئەم نەهامەتیە ڕزگار بکەن. خەڵکانی جیهان دەست دەگرن بە سەر سەییارە ئاسمانیەکاندا، ئێمە ناتوانین پردێک ساز بکەین و ئەمە دەبێتە هۆی چارەڕەشی .

٢٠- ئوتریش (نەمسا): بەڕێز ئێشتانسێر لە ڕێکەوتی ٢ی نوامبری ١٩٨٧ نامەیەکی لێکۆڵەرانەیان بەرێ کردووە و فەرموویانە: ماوەی یەک ساڵە کە خەریکی لێکۆڵینەوە دەربارەی فەرشەکان و گلێمەکانی کوردی خوراسانم؟ شەش مانگ لە مەوبەر هاتم بۆ ناوچەکانی ئیسفەراین و بجنوورد و شیروان و قووچان و دەرگەز و لایین و کەلاتی نادری تا لە نزیکەوە پیشە دەستیەکانی خوراسان تاوتوێ بکەم. من لە ڤیەن پێتەختی ئوتریش ٢٥٠ جووتی ئەم پیشە دەستیانەم لەبەر دەستدایە و لە کتێبێکدا چاپیان دەکەم.

بەڵام لە گەڕانەوە بۆ ڤیەن بیستم کە زۆر کاری شیاوتان لەمەڕ مێژوو و فەرهەنگ و پیشە دەستیەکان و موسیقای کوردەکانی ئەو هەرێمە بە ئەنجام گەیاندووە. بیستنی ئەم هەواڵە بوو بە هۆی داخ و کەسەرێکی زۆر کە نەمتوانی لە خوراسان چاوم پێتان بکەوێت. چونکە کتێبەکانی ئێوە لە دەرەوەی وڵات دەست

ناکەوێ، تکایە بۆمی بنێرن، کە بە دڵنیاییەوە لە کتێبەکەی خۆمدا لە نووسینەکانی ئێوە کەڵک وەردەگرم و وەکوو سەرچاوەی جێ باوەڕی ئاسەواری ئێوە لە ئورووپا دەیانناسێنم... نرخەکەشی بە هەر شێوەیەک کە ڕایبگەینن بۆتان بە ڕێ دەکرێت.

بە سپاس لە دەربڕینی ڕێز و پێزانین و زەحمەتەکانی بەڕێز ئێشتانسێر چونکە بەرگی یەکەمم نەبوو، ژمارەیەک لە بەرگی دووهەمم بۆیان نارد و بەرگی سێهەمیش کە لە ژێر چاپ بێتە دەرەوە پێشکەشی بەڕێزیان دەکەم و سەرکەوتنی بەڕێزیان داوا دەکەم.

لێرەدا پێویستە ئەوەش زیاد بکەم کە بەڕێز ئێشتانسێر ئەمساڵیش هات بۆ خوراسان. کتێبی فەرشی کوردەکانی خوراسان لەلایەن بەڕێزیان بە شێوەیەکی زۆر جوان بە دوو زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی چاپ کراوە و لە کتێبە گرینگەکان بە باشی کەڵکیان وەرگرتووە و سپاسی خۆیان دەربڕیوە. ڕۆژی ۷۱/۳/۱۵ پێکەوە ڕۆیشتوون بۆ کوێستانی ئارموتەلی بۆ نێو کۆچنشینەکانی سبوکانلوو، هیزولانلوو و کاویانلوو کە جێگەی ئێوەش زۆر خاڵی بوو کە فەتیری مسکە و دۆیەکی بێوێنەمان خوارد. بە تایبەت لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگی جوانی ژنانی کورمانج لە هیزولانلوو و پیشە دەستیەکان و قاڵیەکانی ژنانی هونەرمەند زۆر وێنە و ئێسلایدمان وە دەست خست و بەڕێزیان لەو سەفەرە زۆر خۆشحاڵ و شادمان بوون. بەڕێزیان لەمەڕ داواکاری وڵاتی ئێران بۆ بەشداری لە پیشانگای نێونەتەوەیی فەرشی ئێران کە لە شاری تاران بەڕێوە دەچێت بەشداریان کردووە. زۆر ستایشی کارەکانی منی کرد و بە تایبەت داوای لە من کرد کە هەرچی زووتر کتێبی «جلوبەرگ و پیشەکانی دەستی و فەرش و خشڵ و زەنبەری ژنانی کورمانجی خوراسان چاپ و بلاو بکەمەوە تا ببێتە ڕێخۆشکەری قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانی ناو و دەرەوە. ئەو بە منی وت: کارەکانت لە ئورووپا و دەرەوەی وڵات کەوتووەتە بەر سەرنجی لێکۆڵەکران و نووسەران و لە زۆر کتێبدا ڕێزیان لە ئێوە گرتووە.

بەڕێز ئێشتانسێر ژمارەیەک لە کتێبی بە نرخی فەرشی کوردەکانی خوراسانیان بەم قەڵەمە پێشکەش کرد کە من سپاسی بەڕێزیان دەکەم، بە بۆنەی ئەو هەنگاوەی

کە لە ڕێگای بڵاو بوونەوە و بەرفرە کردنی فەرهەنگ و هونەری خوراسان هەڵیان گرتووە، دەورەیەک لە کتێبەکانم بە بەڕێزیان پێشکەش کرد.

۲۱- **تاران:** نامەی برای زانامان بەڕێز موحەممەدباقر نەجەفزادەش لە ئیدارەی ڕۆژنامەی ئیتلاعات گۆڤاری حەوتانەی ئیتلاعات گەیشت کە لەگەڵ برووسکەی بەڕێز دوکتۆر فەرەیدوون جونەیدی نووسەری بە ناوبانگی ئەدەبیاتی کەونارای ئێران، کە خوازیاری هێندێک گۆرانی (هەڵبەستی کورت) و فۆلکلۆرەکانی کورمانجی بوون کە لە کاتی خۆیدا پێشکەشی بەرێزیان دەکەم کە لە کتێبەکەی خۆیاندا بە چاپی بگەینن.

۲۲- **توربەت حەیدەریە:** نامەی جوان و خۆش خەتی خۆشکی بەڕێزی بارزانیمان خانمی ڤیان (خێزانی برای زانا و پسپۆڕمان بەڕێز عیسمەت هاشم ناسراو بە دڵ ڕەش) لە توربەت حەیدەریەوە گەیشت کە دوای دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی نووسیبوویان:

من لە موتالای ئاسەواری ئێوە هاتمە سەر ئەم باوەڕە کە سپاس و پێزانینی خۆم سەبارەت بە ئەو چالاکیە بەرفرە و بەرینە کە لە بەستێنی فەرهەنگ و ئەدەبیات کردووتانە و دەیکەن دەربڕم. تا ئەو جێگایەی کە ئاگادارم سالانێکە کە جەنابتان ئەرکی قورسی ئەم بەرپرسیاریەتیە مێژووییەتان وە ئەستۆگرتووە و ئەمە دەبێتە هۆی شانازی و دڵگرمی هەر تاکێکی کورد، چۆنکە هەروا کە مێژوو شایەتی داوە سێبەری ڕەشی دواکەوتوویی فەرهەنگی و نەخوێندەواری لەسەر نەتەوەی ئازای ئێمە کاریگەی نەرێنی لە بە ئاکام گەیشتنی ئازادی بووە.

هیوادارم ڕۆژ بە ڕۆژ قەڵەمتان پێداگرتر و تێکۆشەرتر بێت و لە ڕێگای خزمەتی فەرهەنگی بەم خەڵکە چەوساوەیە سەرکەوتوو بن.

سڵاو و ڕێزی من بە خێزان و منداڵەکانتان و یەک بە یەکی برا و خۆشکانی کوردی خوراسانی ڕابگەینن. (خۆشکی کوردی بارزانیتان ڤیان- ٦٧/٤/٢)

۲۳- **ڕەشت:** برای زانامان بەڕێز عەلیئەکبەر مورادیان گەرووسی کە بە زمانەکانی گیلەک و فارسی. ئاسەوار و هۆنراوەی زۆری هەیە، ڕوو لە من

فەرمووبوویان.

سڵاو کاک کەلیموڵلا تەوەحودی

هیوادارم سەرکەوتوو و سەربەرز بن. بەرگی دووهەمی کتێبی کۆچی مێژووی کورد بۆ خوراسانم خوێندەوە، هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە لە دانان و ڕێکوپێک کردنی ستایش دەکەم...

من کوردێکم کە لە گیلان لە دایک بووم بەڵام هەموو کوردەکانی مادی و ئێرانی لە هەر کوێ کە بن خۆشەویستی منن و خۆشیانم ئەوێ. سپیدڕوود گەرچی لە گیلاندایە بەڵام سەرچاوەکەی لە چاکانی چل چەمەی کوردستاندایە.

باوکم (عەزیز) کوڕی (موراد) خەڵکی گوندی (مەیدان موزەفەرخانی گەڕووس) لە سەرەتای شۆڕشی جەنگەل هات بۆ گیلان و شان بە شانی میرزا کووچەک خان لە ڕێگەی ئازادیدا خەباتی کرد. یەکێک لە براکانی کوژرا و سەرگەردان بوو، تا ئەوەی کە لە گوندی بۆساری ڕەشت نیشتەجێ بوو. من لە ڕەشت لە دایک بووم. بڕوانامەی خوێندنم لیسانسی بازرگانیە و ئێستا خانەنشین کراوم. بەڵام سەربەرز و سەرفەراز وەکوو چیاکانی زاگرۆسم .هەرچەند کە هێندێ کات دەست دەبم بۆ خامە و نمنمەیەک لە شێعری گیلەکی و غەزەلی فارسی دەهۆنمەوە و پێشکەشی دەکەم. لە ساڵی ١٣٥٩ ئیمتیازی حەوتەنامەی (گیلەمەردم) هەبوو کە ٧٢ ژمارەی بڵاو کرایەوە و دوایی داخرا.

ئەمنیش سەرکەوتنی برای زانامان بەڕێز گەڕووسی لە خوای مەزن داواکارم و وێنە و شێعر و نووسراوەکانیانم لە زانستنامە گونجاندووە، هیوادارم بە زوویی چاپ بکرێ و هەموو لایەنگرانی زانایی و هونەر لەگەڵ ئاسەوارەکانیان ئاشنا بن.

٢٤. ئەم جارە نامەی برای کرێکار و زەحمەتکێش و فەرهەنگ دۆستی ئێمە بەڕێز شەعبان سەبری زیندینلوو دەرگەزی لە گورگانەوە گەیشت کە نووسیبووی:

٠٠٠ کوردەکانی عەبدولمەلەکی کە لە پارێزگای مازەندەران لەگەڵیان ئاشنا بووم. کوردەکانی عەبدولمەلەکی مازەندەران دانیشتووی زاغمەرز و بێهشەهر، دەڵێن کە نزیکەی ١٨٣ ساڵ لەوەو پێش [نزیکەی ١٢٢٥ی کۆچی مانگی] بە

فەرمانی فەتحعەلیشای قاجارِ لە قورووەی کوردستانەوە بۆ ئێرە دوور خراونەتەوە تا هەموویان بخەنە ناو دەریا و ڕژیمی شاهەنشاهی قاجارِ بە دەست ئەوانەوە ئاسوودە بێت، بەڵام ئەوان سەرەڕای ئەوەی خەسارێکی زۆریان لێکەوت، لە کەناری زەلکاوەکانی دەریای مازەندەران کە مێشوولەکانی لە ڕۆژگارەدا فیلیان لە پێیان دەخست هەروا خۆڕاگر و بە وره خۆیان پاراست و هێشتا مەتەرێزەکان و تەنانەت بەندیخانەکانی ئەوان کە بۆ دوژمنانیان سازیان کردبوو ئاسەوارەکەی دیارە.

چەندە لەم کوردانە بە هۆی ئازار و ئەشکەنجە و دژواریەکان لە نێو چوون ئەمن نازانم، بەڵام ئەمڕۆژ ئەمانە لەم گوندانە و شارەکانی مازەندەران سەربەرز و سەرفەراز و شادمان دەژین کە بریتین لە:

١- زینوەند ٤٠ بنەماڵە ٢- ئەمیرئاباد ٧٠ بنەماڵە

٣- حوسەین‌ئاباد ٣٥٠ بنەماڵە ٤- زاغمەرز ١٥٠٠ بنەماڵە

٥- یەکەتووت لە کەناری دەریا لە نزیکی بێهشەهر ١٢ بنەماڵە

پەنجا بنەماڵەش بۆ تاران و ٢٠٠ بنەماڵە بەرەو شارەکانی نکا و ساری و بێهشەهر کۆچیان کردووە و ٦٠ بنەماڵەشیان لە ئاڵمانی ڕۆژئاوا دەژین. زۆر چالاک و مێهرەبان و خوێنگەرمن، بەڵام زمانی خۆیان هەتا ڕادەیەک لە دەست داوە و ئێستا لەگەڵ خزم و کەس و کاری خۆیان لە قۆرووەی کوردستان هاتوچوو و پەیوەندیان هەیە. ئەم زانیاریانە لەلایەن بەڕێزان عەلی یاسمی عەبدولمەلەکی و حاج وەلی سەلیمی عەبدولمەلەکی لە زاغمەرز نزیکی بێهشەهر بە منیان دا.

سەرکەوتوو بن بە هیوای دۆزینەوەی کەسانی تر کە دوورخراونەتەوە و هەموو ئاوارەکانی کورد لە سەرتاسەری جیهان. (شەعبان سەبری زیندینلوو)

بە سپاس لە برامان سەبری کە لە سەبری دووهەمیش لەمەڕ عەشیرەتەکان و تایفەکانی کوردی دەرەگەز ئێمەیان یارمەتی دا، سەرکەوتنان دەخوازم و ئەوەش وەبیر دێنمەوە کە سەبارەت بە کوردەکانی ناوبراو لە جێگایەکی تردا دەنووسم کە مێژوویەکی سەرنجڕاکێشیان هەیە.

٢٥- تەورێز: نامەی پڕ لە خۆشەویستی برامان بەڕێز موحەممەد مورتەزایی لە

تەوریێز بوو کە خوازیاری چاپی دووبارەی بەرگی یەکەم بوون.

۲٦- **نەغەدە:** نامەیەکی پسپۆڕانەیە لە براماان بێهزاد بەرواری لە گوندی چیانەی نەغەدەی کوردستان کە فەرموویانە:

۰۰۰ بەڕێز تەوەحودی سلاوی گەرمی من لە کوردستانەوە قەبووڵ بکەن بە شێوەیەک کە لە کتێبی پڕ لە شانازی زەعفەرانلوو هێندێک بیر و بۆچوون هاتبووە ئاراوە، من لەسەر ئەو باوەڕەم کە گوایا بنەمای سەرەکی وشەی زەعفەرانلوو ئێمڕۆژە واتایەکی ڕوونی نیە و ئەمنیش بە هاوڕێیی و یارمەتی هەڤاڵانم بە سەرنجدان بە هۆگرییەکی تایبەت کە بە کتێب و نووسراوەکانی ئێوە هەمانە لەمەڕ ئەم ناوە لێکۆڵینەوەیەکی بەرینی ناوچەییمان ئەنجامداوە و بەم ئاکامە گەیشتووین کە:

نزیکەی زۆرتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا شارێک بە ناوی «زەعفەران» لە پازدە کیلۆمێتری شاری زاخۆ (لە سنووری کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیە) بووە و ئێستاش ئاسەواری ئەو کە تێکەڵاوێکە لە دیوارەکان و هێندێک ئاسەواری‌تر لە کانی‌یەکی ئاوی گەورە بە جێماوە. سەرچاوەی ئاوی ناوبراو لە گوندی دێرەبینە لە ۲ کیلۆمێتری نێوان سنووری تورکیە و سووریە هەیە. بە بڕوای ئێمە وشەی زەعفەرانلوو لە هەمان وێرانەی شاری زەعفەران سەرچاوەی گرتووە و کوردەکانی زەعفەرانلووی خوراسان بەو شێوەیە ناسێنراون. (بێهزاد بەرواری ۱۳٦۷/٦/۵)

بەڵێ برای بەڕێز وا پێدەچێ کە پەیوەندی هەبێت بە شاری زەعفەران یان دەیری زەعفەرانیەکە بە دوای گواستنەوە بۆ دەوروبەری تاران ناوی زەعفەرانلوویان لەوێدا بە یادگار داناوە و دوایی بەرەو خوراسان بە ڕێ کەوتوون و ڕێباتی زەعفەرانی سەبزەواریان ساز کردووە و هەروەها بە زەعفەرانلوو ناسێنرا بن.

۲۷- **مەهاباد:** نامەیەکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستیە لە بەڕێز ئاغای حاج موحەممەد خەلیل مووەفەقی بەرپرسی کتێبفرۆشی و ساڵهایەکە لە ڕێگای پێشخستنی ئامانجەکانی فەرهەنگی کورد تێکۆشان. بێ‌وچانی خۆیان درێژە دەدەن و کتێب فرۆشیەکی ئابروومەندیان هەیە.

بەڕێزیان سەرەڕای وتنی پیرۆزبایی جێژنی نەورۆز بە من و هەموو کوردەکانی

خوراسان فەرموویانە: «هیوادارم دوعاتان سەبارەت بە کوردەکانی پەراکەندە و سەرگەردان و ژێر ستەم بە ئاکام بگات.» ئینشائەللا... ٦٨/١/٦. (منیش دووبارە دڵێم ئینشائەللا.)

٢٨- **خووزستان:** نامەیەکە جوان و پڕ لە خۆشەویستی و لێکلۆلەرانە لە برای کوردمان بەڕێز عەلی مورادی هەزاروەند زەنگەنە لە خوزستان بەڕێزیان لە بەشێک لە نامەکەی خۆیان فەرموویانە:

ئامانج لە نووسینەکەم، هێنانە زمانی هێندێک مەسەلەیە لەمەڕ کتێبی کۆچی مێژوویی بۆ خوراسان و هەروەها پرسیارگەلێک سەبارەت بە عەشیرەتی زەنگەنە. لەوەی‌کە لە کۆکردنەوەی مێژووی کورد بە شێوەیەکی ڕاست و دروست هەوڵی بەرچاوتان داوە، بە ناوی برایەکی هاوعەشیرەت سپاس دەکرێت. بەڵام لەم نێوەدا مەسەلەیەک بۆم نادیارە و ئەویش ئەوەیە هەتاکوو ئێستا نەمتوانیوە کتێبێکی بە بێ‌کەم و کۆڕی لەمەڕ عەشیرەتی خۆم (زەنگەنە) بدۆزمەوە. هەڵبەت کتێبی زۆر هەیە، بەڵام تەواو نین. زۆرتریان زەنگەنەکان لە عەشیرەتەکانی نۆ جۆرەی کورد دەزانن و لەم عەشیرەتە بە ناوی یەکێک لە گەورەترین خێڵەکانی ئێران ناو براوە... لەوانە لە کتێبی خووزستان کۆهگیلوویە و بویرئەحمەد نووسراوەی بەڕێز ئیقتداری لەبارەی زەنگەنەکان قسە کراوە بەڵام کاتێک عەشیرەتەکانی کوردی کرماشان ڕاڤە دەکەن، زەنگەنەکانیان لەم دابەشکردنە جێگە نەداوە، بۆ نموونە لەمەڕ عەشیرەتی کەلهوڕ یان سنجابی زۆرتر قسەیان کردووە، بەڵام لە زەنگەنەکان خەبەرێک نیە.

ئەمەویست ئەی مامۆستای بەڕێز لە ئێوە بپرسم کە عەشیرەتی زەنگەنە لە چەند خێڵی سەرەکی پێکهاتووە و بارودۆخی ئەوان بە درێژایی مێژوو چۆن بووە و ئێستا لە کوێ و لە چ هەلومەرجێک دەژین؟

خۆم لە عەشیرەتی زەنگەنەم، بنەماڵە و خێڵ و ڕەگەزم هۆگرییەکی زۆریان بە زانینی مێژووی نەتەوەیی خۆیان هەیە. دەڵێن: عەشیرەتی زەنگەنە لە باغمەلێکی جانکی خووزستان لە دەورانی نادرشای ئەفشار کاتێک دەیویست موحەممەدخان بەلووچ سەرکوت بکات، حکوومەتی جانکی دەسپێرێتە عەلیرەزا بەیگ زەنگەنە و بە

سێ دەستەی: زەنگەنە، کورد زەنگەنە و کورد دابەش کراون و هەرکام لە ناوچەیەک جێگایان گرتووە. شاخەی زەنگەنە لە دوو ڕەچەڵەکی هەزاروەند و مادیوەند پێکهاتووە.

هەزاروەند بریتیە لە: شەرامەند، کیچوەند، سەلمانوەند و پادراز.

مادیوەند بریتە لە: عەباسوەند، گراوەند، کولابوند، قەدوئی، ئابوندولەر.

ئایا دابەشکردنی ئەم عەشیرەتە لە ناوەندە سەرەکیەکەی واتە کرماشان هەر بەم شێوەیە بووە یان نە؟

هەڵبەت ئێوە لەمەڕ ئەم هەڵە عامیانەیە کە هێندێک کەس کوردەکانی زەنگەنەیان بە عەرەب زانیوە، لە بەرگەکانی دووهەم و سێهەم شی کردنەوەی باشیان کردووە و نووسراوەگەلێکیان لەمەڕ دوعای حەزرەتی ئیمام سەجاد هێناوەتە زمان و باوکانی ئێمەش هەر ئەمەیان بە ئێمە وتووە...

بریا دەتانتوانی کتێبێکی جیا لەمەڕ ئەم عەشیرەتە گەورە و پەراکەندەیە بنووسن کە لە ئێسفەهان و کرماشان و خووزستان و فارس و خوراسان و جێگاکانی تر بلاو کراونەتەوە...

تەوەحۆدی‌گیان! سوێند بە خوای مەزن لاوانی ئێمە نازانن کە کێ بوون و لە مێژووی خۆیان بێ‌خەبەرن. تەنیا دەزانن لە ئێوە ئەوەمان ئەوێ ئێمە زۆرتر لەگەڵ مێژووی ئێران و باپیران ئاشنا بکەن و لە سەرلێ‌شێواوی ڕزگار بکەن...

برای ئێوە عەلی موڕادی هەزاروەند زەنگەنە

لە وڵامی برامان عەلی موڕادی هەزاروەند زەنگەنەی خووزستان عەرز دەکەم کە زەنگەنە لە عەشیرەتەکانی بەناوبانگ و ناوداری کورد و ناوەندی سەرەکیان مەڵبەندی کرماشانە کە لەوێوە بۆ ناوچەکانی‌تری ئێران ڕۆیشتوون. ئەم عەشیرەتە پیاوانی ناودارێک وەکوو شێخ عەلیخان زەنگەنە وەزیری بە توانا و بێ‌هاوتای سەردەمی سەفەوی پێشکەشی کۆمەڵگای ئێران کردووە، لە حاڵی حازریش برامان بیژەن نامدار زەنگەنە وەزیری هێژای وزە لە وەزیرەکانی زۆر چالاکە کە پێشتر وەزیری جەهادی سازەندگی بووە. ئەم قەڵەمە لە کتێبی «خێڵەکان و

عەشیرەتەکانی ئێران کە ئینشائەڵڵا هیوادارم بەم زوانە چاپ و بڵاو بکرێتەوە تا ئەو جێگایە کە توانیومە خۆم سەقاڵی ناساندنی عەشیرەتی ئێوە و عەشیرەتەکانی تری ئێران کردووە. سپاسی هاوکاری بە نرخی ئێوە دەکەم هەروەها نامەی دووهەمی ئێوە کە زۆر تێر و تەسەل بوو لەم کتێبە چاپ دەکرێت».

٢٩- **قووچان:** نامەیەکی پڕ لە هەستە لەلایەن برای بەڕێزمان ئاغای ڕەحمەتوڵڵا ئیبراهیمی لە کارمەندانی چالاکی جەهادی سازەندگی قووچان کە ڕوو لە من فەرموویانە: بەو پێیە کە منیش یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەکانی خوراسانم بەش بە حاڵی خۆم لە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی بەڕێزتان ڕێز دەنێم و سپاستان دەکەم...

هەر سێ بەرگی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان کە ئاکامی هەوڵی بێبڕانەوەی شەو و ڕۆژی ئێوەیە لەبەر دەستمدایە... بە بڕوای من بەرگی سێهەم باشتر و پاراوتر لە بەرگەکانی ترە. هیوادارم لە درێژەی بەرگەکانی دوایی ئاسەواری بە نرخ و تەواوتر و هەرچی پڕ بایەختر بە یادگار دابنێن.

هەروا ئەگەر من لە جیاتی ئێوە بایام سەرەتا کتێبەکانی: «فەرهەنگی وشەی کورمانج»، «ڕێزمانی کورمانجی» و «گەپی مەزنانم». هەرچی زووتر چاپیانم دەکرد و دەیانمکردە یەکەم ئەولەویەت. چونکە هەروا کە دەزانن زمان و فەرهەنگی ئێمە خەریکە لە نێو فەرهەنگی بێگانەی شاریدا دەتوێتەوە و ئەگەر چارەسەرێک نەدۆزرێتەوە هەتا چەند ساڵیتر ئەم زمان و فەرهەنگە لە نێو دەچێت و ئێوە لەم بارەدا بەرپرسن.

هێندێک لە لاوانی کوردی ئێمە بە بێسەرنجدان بە ڕەسەنایەتی فەرهەنگی خۆیان هەرکات دێن بۆ ناو شار وەها لە نێو فەرهەنگ و زمانی نامۆدا غەرق دەبن کە بە یەکجاری ڕەسەنایەتی خۆیان لە بیر دەچێتەوە.

بە شێوەیەک کە گومان دەکەیت قەت کورد نەبوون و هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ فەرهەنگی کورمانجی نەبووە. دڵی من لە بینینی ئەم هەموو ناسپاسیە و هەڵاتن لە فەرهەنگی خۆیان خوێنە.

بەداخەوە ئەویندارى فەرهەنگى نامۆ پەرەى سەندووە و لە سەر هەموو ئاستەکانی ژیان بریتی لە شێوەی پۆشینی جلوبەرگ، شێوەی بەرهەم هێنان، شێوەی ژیان، شێوەی ئاخافتن و داب و نەریتی میوانداری کاریگەری داناوە و سێبەری ڕەشی خۆی خستووەتە سەری. بۆ نموونە لە خۆمەوە بڵێم لەگەڵ ئەوەی باوک و دایکم کوردن و خۆم لەگەڵ هاوتەمەنەکانم کورمانجی قسەم کردووە و ژیاوم. بەوەشەوە هەست دەکەم لە بەرانبەری فەرهەنگی ڕەسەن و پاراوی کورمانجی زۆر ناتوانم و شتێک نازانم، زۆر جار لە وتوویژ لەگەڵ کەسانیتر دەبینم کە چەندە قسەی نەستەق و دەستە واژە و شێعری باش و ناوی جوان لەمەڕ کەسان یان گیا یان دارەکان و شتیتر هەیە کە منیش لەوانە ئاگاییم نیە چە بگات بەو کەسانەی کە لە شار گەورە بوون و لە فەرهەنگی خۆیانیش بێگانە کراون.

لەم ڕووەوە دەڵێم کە باشتر بوو کتێبەکانی فەرهەنگتان لە پێشدا و زووتر لە کتێبە مێژوویەکان چاپ بکردبایت تا ببێتە لەمپەرێک لەبەرانبەر تێکچوونی ئەم فەرهەنگ و زمانە.تا بە خێرایی ڕێگای لە ناوچوون نەپێوێت. چونکە ڕوون نیە کە چەرخی ڕۆژگار دەرفەتی ئەنجامدانی هەر کارێک بە مرۆڤ بدات. هەڵبەت بە فالی خراپی دامەنێین... (١٣٦٧/٩/٩)

... بە سپاس لە برامان بەڕێز ئیراهیمی قووچان کە نەیانفەرمووە لە کامە خێڵ و عەشیرەتی کورمانجن، هیوادارم بتوانم داخوازی بەڕێزمان جێبەجێ بکەم و لەم ڕووەوە دیوانی عیرفانی کورمانجی جەعفەرقولی زووتر لەم کتێبە بە چاپ گەیشت و باقیەکەشی ئینشائەڵلا بە زووترین کات بە چاپ بگەیەنم و هەروەها وەبیری دێنمەوە کە لە کورمانجیدا ئێمە بە ڕوباعی یان دوو بەیتی، چارخشتی یان چارلنگەی (چوارێنە)دەڵێین.

٣٠- ئازەربایجانی ڕۆژئاوا- سەردەشت: نامەیەکە لەلایەن برای خۆشەویستمان بەڕێز لەحافدووز کە نووسیویانە: برای بەڕێزم کاک کەلیموڵڵا تەوەحۆدی.

پاکترین سڵاوی من پێشکەشی ئێوەی بەڕێز بێت. بەر لە هەر شتێک بڵاوبوونەوەی سێهەمین بەرگی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان بە ئێوە

سەرۆکی هێژا و هەموو لایەنگرانی زانست پڕ بە دڵ پیرۆزبایی دەڵێم. خوا سێبەری ئێوە لە سەرمان کۆتا نەکات و سەرکەوتن و سەربەرزیتان پێ بدات کە بە چاپی هەموو ئاسەوارەکانی خۆتان ئێمە بۆ هەمیشە بکاتە قەرزداری هەول و تێکۆشانی بەڕێزتان. بە دیتنی بەرگی سێهەمی کتێبی ئێوە بۆ ماوەیەک مەزنایەتی کاری ئێوە وەکوو پریسکەیەک دڵی منی ڕوون کردەوە. بزەیەک کە نیشانەی خۆشحاڵی دەروونی منی دڵ ماندوو بوو کەوتە سەر لێوانم و هەزاران بار ئافەرینم پێشکەشی ئاسەوارە جوانەکەت کرد... (سەردەشت ٦٧/٩/١٢ برات لەحافدووز)

٣١- مەشهەد: برای زانا و ڕووناکبیر و نووسەری تێکۆشەرمان بەڕێز ئاغای جابانی (کوردجابان) قووچانی کە لە مامۆستایانی خانەنشین کراوە و ناویان لەگەڵ قووچان تێکەڵ بووە. نووسیویانە: بڵاوبوونی سێهەمین بەرگی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بە بەڕێزتان پیرۆزبایی دەڵێم.

هەروا کە دەزانن شانازی کردنی جەماوەری هەر وڵاتێک بە مێژوو و بە سەرهاتی باپیرانیانەوە پەیوەندی هەیە. مێژوو هەموو ئاستەکانی تاریکی گەلان و پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەوانمان پیشان دەدا.

نووسین لەم پەیوەندیەدا یارمەتیەکە بە ڕوون کردنەوەی بە سەرهاتی حەقیقی پێشێنیان و کارێکە یەکجار دژوار.

کۆکردنەوەی زانیاریەکانی مێژوویی و شی‌کردنەوە و شرۆڤەکردنی ئەوان لە هەر ناوچەدا لە ئەرکەکانی خەڵکانی ناوچەیە.

ئەوانەی کە دەستیان داوەتە قەڵەم هەموو سەختیەکان بە دڵوگیان قەبووڵ دەکەن و لەم ڕێگا پڕ لە مەترسیە هەنگاو هەڵدەگرن و لە هیچ ئاستەنگێک ناترسن. هەنگاوتان لەم ڕێگایە پەیوەندی هەیە بە خۆڕاگری و ئیرادەی خەڵکانی هەر ناوچەیەک...

مەشهەد ١٦ی‌سەرماوەزی ١٣٦٧. موحەممەد جابانی.

هیوای سەرکەوتنم بۆ ئەو هاوشاریە بەڕێزە هەیە.

٣٢- تاران: برای زانا و هەڵکەوتوومان بەڕێز سەرهەنگی موهەندیس شارەبانی

بەڕێز قولی ڕاستخەدیو بوانلوو کە بلیمەتی و توانای هۆشییان بە تایبەت لە بیرکاری (حەسێب) بووەتە هۆی سەرسووڕمانی هەموان و لەو کەسانەیە کە جێگـای شـانازی عەشیرەتی کیکانلووە لە زانکۆی ئەفسەری پێکەوە هاودەورە بووین. ڕاستخەدیو لـە سالّی شەشەمی سەرەتایی خوێندنگای ڕوودەکی ئوغاز وەکوو خوێنـدکاری زیـرەک لەو پۆلەدا پلەی یەکەمی بە دەست هێنا. دوایی کە لـە شـارەبانی بجنـوورد دامـەزرا شەش سالّی دەورەی دواناوەنـدیی بـە سـێ سـاڵ تێپەڕانـد و بـوو بـە یـەکێک لـە خوێندکارانی خاوەنی پلەی یەکەم لە زانکوی ئەفسەری پولیس و دوای تەواو کردنی دامەزراوەی پەروەردەی مامۆستایان لە نارمەک بڕوانامـەی ئەنـدازیاری دامـەزراوەیی وەرگرت و ئێستا چەند بڕوانامەی لیـسانس و فـەوق لیسانـسی هەیـە و سـەرهەنگی شارەبانیە و لە نامەیەکدا بۆ من نووسیویانە:

کەلیم گیان! وێڕای سلاو و هیوای سەرکەوتنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی ئێوە لە بردنـە سەری ئاستی فەرهەنگی نەتەوەی ئازای کورد و دانان و نووسین و تۆمارکردن و بلاو کردنەوەی کۆمەڵە کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسـان، بـەرگی سـێهەمیش گەیشتە دەستم. زۆرم پێ خۆش بوو کـە بـەرگی سـێهەم کـە شـاکاری ئێوەیـە لـە نزیکەوە ببینم و موتالای کەم، بە تایبەت بـە سـەرنجدان بـەو ئاسـتەنگانەی کـە لـە بەردەم چاپ کردنی هاتبووە پێش و من لەوە ئاگادار بووم کە بە درێژایی مانگەکان و سالّەکان لە ڕێگای تاران و مەشهەد دووچاری چ کێشەگەلێک هاتوون. چالاکیەکانی هوشیارانەی ئێوە و هاتووچۆی لە دوای یەکی ئێوە بۆ تـاران و سـەرەنجام بـە ئاکـام گەیشتن و لە هەموو گرینگتر هەوڵەکانی چەندین سالّەی ئێـوە لـە کـۆ کردنـەوەی کتێبەکـە زۆرتـر مـنی کردووەتـە ئەوینـداری دیـتنی ئـەم کتێبـە. بـە دوای دەستخستنی کتێبەکە ویستم بە پەلە سپاس و پێزانینی خۆم بەرانبەر بە هەسـتی پاکتان بە نووسراوە یان بە تەلەفۆن ڕابگەینم بەلام بە چەند هۆیەکەوە و لـە هـەموان گرینگتر پێویستی موتالای لاپەڕەکانی زۆرتر لـە کتێبەکـە مـنی هێنایـە سـەر ئـەو باوەڕە کە نەختێک دێرتر نامە بنێرمە خزمەتتان.

ئێستا کە زۆرتر لە نیوەیەک لەوەم موتالا کردووە، دەتوانم تا ئاستێکی باشـتر لـە

سەری بیر و بۆ چوونی خۆم دەربڕم. گەرچی هیچ شی کردنەوە و شرۆڤەیەک ناتوانێت ئەو هەموو تێکۆشان و تاوتوێ کردنی دەقیق و شارەزایی و مامۆستایی قەڵەمی تیژی نووسینی ئێوە لە دانانی کتێبەکە باس بکات، بەڵام بە کورتی دەتوانێ بوترێ: ئەوەی کە مرۆڤانی مەزن هەیانە تۆ بە تەنەیایی هەتە، تێکەڵاوێک لە شێعری حەماسی، دیمەنگەلێک لە پیاوان و ژنانی مەزنی کورد، مەتەڵۆکی باو کە بە یادگار لە سەردەمەکانی لەمەوپێش، گۆرانیەکان و ئاوازەکانی دڵگیر بە نیشانەگەلێک بەرچاو لە بارودۆخی سەردەم، داوەری نووسەرەکانی سەردەمانی جۆربەجۆر سەبارەت بە نەتەوەی ڕەسەنی کورد، گەورەزانایان و بلیمەتانی کورد، زانیاری گەیاندن بە خەڵکێک کە هەمیشە بە هیوای وەدەست خستنی پێناسەی خۆیانن بە چەندین هۆکارەوە دەرفەتی دەست پێ ڕاگەیشتنیان بەوە نەبووە و هەروەها زانیاری لەمەڕ پەرتەوازەیی خێڵە جۆربەجۆرەکانی کورد و مێژوو و جوغرافیای ئەوان و سەدان بواری تر تەنیا لە کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان بەرچاو دەکەوێت و ئەم هۆکارانە بەسە تا هەر خوێنەرێک بە تایبەت ئەگەر کورد بێت دێڕ بە دێڕی ئەو بە ئەو پەڕی ئەویندارییەوە موتاڵا بکات و تام و چێژی لێوەربگرێت. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە ئێوە و هەوڵەکانی ئێوە دەستخۆشی دەکەم و هیوادارم کە ساڵانی ساڵ زیندوو بمێنن تا بە درێژەدانی ئەم بەرپرسیاریەتیە فەرهەنگی نەتەوەی کورمانج بۆ هەمیشە بە کتێبە پڕ بایەخەکانی خۆتان بەهرەمەند بکەن. (دۆستی هەمیشەییتان ڕاستخەدیو. تاران ٦٧/٩/١٨)

٣٣- سنە: برای زانامان بەڕێز ئەحمەد شەریفی سەرەڕای دەربڕینی ڕێز و خۆشەویستی زانیاریەکیان لەمەڕ گۆڤاری کوێستان بە ئێمە داوە کە لە ساڵەکانی ٢٥- ١٣٢٤ لە تاران لەلایەن بەڕێز دوکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان بڵاو دەکرایەوە. و بە زمانەکانی کوردی و فارسی بووە.

بە داخەوە منیش وەکوو بەڕێزیان هێشتا نەمتوانیوە ژمارەیەکی بە دەست بخەم. هیوادارم ئەو هاوڕێیانەی کە ئەم گوڤارەیان لە بایگانی خۆیان هەیە ئێمەش لە نیعمەتی خوێندنەوەی بەهرەمەند بکەن.

٣٤- هەمەدان: هاوڕێ زانا و پسپۆڕمان و نووسەری لێکۆڵەر بەڕێز پەرویز ئەزکایی کە خەریکی نووسینی مێژووی کەونارای گەلانی ئێرانن و لەوانە سەبارەت بە کوردەکانی چیاکان لێکۆڵینەوەگەلێکی بەرفراوانیان هەیە سەبارەت بە من ڕێزی خۆیانیان دەبڕیبوو و لەوەی کە بەرگی یەکەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد نەگەیشتووەتە دەستیان گلەیی و گازندەیان کردبوو کە منیش لە بەرانبەریاندا خۆم بە شەرمەسار دەزانم. چونکە ژمارەی زیادیم لەبەر دەستدا نەبوو کە پێشکەشیان بکەم. هیوادارم چاپی دووهەمی بەرگی یەکەم گەیشتبێتە دەستیان.

٣٥- ئیلام- مێهران: برای خوێندکاری زانکۆ و خۆشەویستمان بەڕێز عەلی ئەسغەر فەریبا کەهرنیپا لە نامەیەکی جوان و پڕ لە هەستی خۆیان کە بە کوردی نووسیبوویان ئا بەو شێوەیە دلۆڤانی خۆیانیان هێناوەتە زمان: بە ناوی خوای گەورە. کەلیم‌گیان! دەمهەوێ بڵێم کە تۆ تەنیا یار و دۆستی ئێمە خەڵکی کوردی. تۆ بۆ کوردان جێگای شانازی و دەسکەوتێکی گرینگی سەربەرز و سەرکەوتوو بیت.

کەلیم‌گیان! بەرگی سێهەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسانم موتالا کرد و خوای مەزن بە شایەت دەگرم کە ئەمە یەکەمجارە کە ئەوەندە خۆشحاڵیم بە خۆمەوە نەدیوە. نازانن چۆن و بە چ ئەوینێکی بێوێنە خوێندمەوە. ئێمە کوردەکانی ئیلام زۆر شانازی بەوە دەکەین کە ئێوە برایانی خۆشەویستی کورمانج لە ڕەگەز و ڕەچەڵەکی ئێمەن. خەڵکی ڕۆژئاوای وڵات خەبات و تێکۆشانی مێرخاسانی ئێوە کوردانی خوراسانیان لە بەرەکانی شەڕی سەپێنراوی عێراق لە دژی ئێران لە نزیکەوە دیوە و بە خولقاندنی قارمانیەتی لەلایەن ئەوانەوە شانازی دەکەن. من لەلایەن مندالانی پارێزگای قارەمان پەروەری ئیلام هاتووم کە بە تەنیا گەیشتوومەتە خزمەت ئێوە تا پیرۆزباییتان پێ بڵێم. بە بۆنەی تێکۆشان و هەوڵی لە ڕادە بەدەرتان بۆ چاپی ئەم کتێبە زۆر جوان و بە نرخە، کتێبێک کە سەمبۆلی قارمانیەتیە. سەمبۆلی ئازایەتی و مێرخاسی و دلۆڤانی و لە خۆ بوردوویی و یەکیەتی و پێکەوە بوونی هەمیشەیی کورد و کورمانج.

سەرکەوتنی هەرچی زۆرتری ئێوە و خەڵکی بە شەرەفی کورمانج لە خوای

ەزن داواکارم. بە سپاسی زۆرەوە لەلایەن خوێندکارانی پارێزگای ئیلام عەلی
ەسغەر فەریبا کەهرنیپ. (٣٠ سەرماوەزی ١٣٦٧)

نامەی ناوبراو لە لایەن برای زۆر هێژا و لێهاتووم عەلی ئەسغەری

بەڕێز کە لەگەڵ خۆیان هێنابوویانە باخی شای نادرشا لە مەشهەد و لەوێ بە
نیان دا و بە هەمان ڕاستبێژی و ڕەسەنایەتی خۆیان فەرموویان کە من هاتووم لە
'یەن خوێندکارانی پارێزگای ئیلام دەستی ماندووی ئێوە ماچ بکەم و ئەو جارە لە
ەڕێزتان داوا بکەم ئیزن بە من بدەن دوای ئەوەی کە زەماوەندم کرد و خوای مەزن
ەکەم کوڕی بە من دا ناوی بنێم (کەلیم).

من مات و حەیران لە بەرانبەر هەستی پاک و بێخەوشی ئەم خوێندکارە
ۆشەویستە کوردە کە هاونیشتمان و هاوڕەگەزم بوو بە دوای کۆتایی هاتنی
سەکانی ئەملاو ئەولایم ڕامووسی کە بە نوێنەرایەتی من دەست و چاوی هەموو
ندالانی چالاک و زەحمەتکێشی ئیلام ماچ بکات. ئەو جار وتم: منیش لە ئێوە
اواکارم و داواکاریەکەشم ئەوەیە ناوی یەکەم کوڕی خۆتان (جەجوو) و
ووهەمینیان (سەردار عەوەز) و سێهەمیان بنێن (کەلیم)...

بەڵێ ئەی هاونیشتمان! من ئەگەر شەو و ڕۆژ و تا کاتی مەرگ بنووسم و کار
کەم ناتوانم وڵامدەری زەڕڕەیەک لە خۆشەویستیەکانی ئەو بەڕێزانە بم. خوای
ەزن خەڵکی ئەم وڵاتە لە هەموو کارەسات و ڕووداوێک بپارێزێت و بەختەوەری
وو جیهان پێشکەشیان بکات. ئینشائەڵلا.

٣٦- قوم ١٩٨٨/٩/١٤: نامەی ڕازاوە و پڕ لە هەست و پڕ لە ئەزموونێکە لەلایەن
ای زانا و پسپۆڕمان و شاعیری ئاوارەی کورد لە شاری مەزهەبی قوم. ئەو
بێکەسی کوردیە» کە زۆربەی زانایان بە تایبەت خەڵکی کورد لەگەڵ شێعرەکانی
ۆربەجۆریان لە ڕۆژنامەی جەهادی کوردی و کتێبەکان و وتارەکانی جۆربەجۆریان
شنان. ئەو کوردێکە ئاوارە و چەوساوە لە ستەمی ڕۆژگار.

دەرکراو لە کوردستانی عێراق وەکوو سەدان و هەزاران بنەماڵەی تری کورد کە
، دەست ستەم و چەوساندن و زەختی حیزبی دژە مرۆڤی بەعس و خوێنمژانێک

وەکوو ئەلبەکر و سەددام دەربەدەر و ئاوارە بووە. بەڵام لە هەوڵ و تێکۆشان و خەبات دژی خوێنمژانی دەسەڵاتداری عێراق وەکوو هاوڕەگەزانی تری ساتێک ئارام و قەراری نەبووە.

بەڵێ، بێکەسی کورد لە نامەیەکدا بە منی نووسیبوو کە نیشتمانی جوان و پڕ پیت و بەرەکەتی عێراق کە لە ڕاستیدا گوڵستانێکی پڕ ڕەنگ و ڕازاوە بووە ئێستا بووەتە گۆڕستانی کوتە ئاسنەکانی تانک و تۆپ و فڕوکە و گۆڕەپانی مین و بومبی کیمیاوی. هەموو شوێنێک تێکدراوە و خاپوور کراوە و شارەکان و گوندەکان وەکوو هیرۆشیما بە فەرمانی سەددام بوردومان کراوە و لە نێو چووە و ئەمە بەڵگەی جەنایەتی دڕندانەی دژی مرۆڤایەتی کەسانی وەکوو سەددام و پشتیوانەکانیە.

بێکەس ئەمەی زیاد کردووە کە: «بەڵێ برای من، بهێڵە ئاشکرا بڵێم کە ئەگەر بەند بەندی ئێسقانەکانم جیا کەنەوە، ئەگەر سەرمان بڕواتە سەر سێدارە، ئەگەر لە نێو بلێسەی ئاگردا بمانسووتێنن. ئەگەر ژن و منداڵەکانمان و هەموو شتێکمان لەبەر چاوانمام بە دیلی ببەن و تالانی بکەن، و ئەگەر لە بەندیخانەکان و چاڵە ڕەشەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ژێر قەمچی و ئاسنی داخ ورد و خاپوورمان بکەن، قەت قەت لە مافی ڕەوا و خەباتی نەتەوەیی خۆمان دەست هەڵناگرین و ئەماننامە لەگەڵ بەعسی بێویژدان و سەددامی کافر واژۆ ناکەین، بەڵکوو خەباتمان درێژەی دەبێت تا دیمەنی سەرکەوتن لە باوەش بگرین و بە سەربەرزی و سەرکەوتوویی بۆ کوردستانی خۆشەویست لەوپەڕی سنووری ئێران بگەڕێینەوە و ئەو وێرانەیە جارێکی تر بکەینەوە گوڵستان... بەڵێ، برای بەرێز، بە دوای کۆمەڵکوژیەکانی شاری هەلەبجە، دەیان کۆمەڵکوژی تر بە سەر ئێمە داهاتووە کە ئەمانە، نە یەکەمین جارە و نە دوایین جار.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ جارێکی تر دەستی چەپەڵی سەددام جەنایەتێکی تری خولقاند و سێ هەزار کەسی تر لە کوردانی هاوڕەگەزی ئێمە لە شاری عێمادیە و دەوروبەری بە بۆمبی کیمیاوی بە خاک و خوێن کێشران و هەزاران برینـدار و کەم ئەندامی لێکەوتەوە. هەروەها لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠ لەیەکێک لە بیابانەکانی مووسڵ

بە ناوی «ئەلحەززە» یازدە هەزار کەسی کوردی بێتاوان و بێپەنا بە یەکجار درانە بەر دەستپڕێژی گوللە. هەروەها لە یەکێک لە ئۆردووگاکانی سەددام کە بە شێوەی ئالمانی نازی بوو لە باشووری عێراق بە ناوی «ئەلبەسییە» ٥٠٠ کەس لە خەباتکارانی کوردی لە بەر چاوی خەڵک لە سێدارە دران. ئێستاش نزیکەی ٢ میلیۆن کەس لە ئۆردووگاکانی هیتلێری عێراق لەگەڵ مەرگدا دەستەویەخەن.

هەروەها کە دەزانن ٨٠ هەزار کورد لەو ١٥٠ هەزار ژن و پیاو و منداڵەی کە مەجبوور کران بچنە تورکیا و بینە پەنابەر لە سنووری نێوان دوو وڵاتی عێراق و تورکیە لە سەرمای ١٥ دەرەجە ژێر سفر بە درێژایی شەوان بە بێجلوبەرگ و خۆراک چاوەڕێ مەرگن. بەڵام ئێمە نە لەم شتانە دەترسین و نە ترسێکمان هەیە. ئێمە درێژە دەدەینە ڕێگای خۆمان و ئەم دروشمە پیرۆزە دووپات دەکەینەوە.

یان کوردستان یان نەمان.»

برای کوردمان بێکەس پارچە هۆنراوەیەکی جوانی بۆ منداڵانی کورد بە ناوی «وەسیەت بۆ منداڵانی کورد» نووسیوە و ناردوویانە کە ئینشائەڵلا لە کتێبی شاعێران چاپی دەکەین.

٣٧- گورگان ٦٧/١٠/٢٧: لەلایەن برای بەڕێز و کرێکاری زەحمەتکەش بەڕێز بەرات سەعادەتزادەی زیندنلوو کە لە دەرگەزەوە بۆ کار و تێکۆشان بۆ گورگان ڕۆیشتووە و بە هێزی باسک و بە ئارەق ڕشتن ژیانێکی بە شەرەف دەگوزەرێنن، نامەیەکی جوان و پڕ ناوەڕۆک بە کورمانجی گەیشتووە کە لە موتالای سێهەمین بەرگی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد هەستی خۆیان دەربڕیوە و پارچە شێعرێکی دلڕفێنیان بە شێوەی ژێر کردووەتە تام و چێژی نامەکەی خۆی:

کورمانجم دی خۆشحاڵ، منیش خۆشحاڵ بووم و پێکەنیم
لە شەوقی شادمانی، باڵم دەرهێنا و بۆ ئەملا و ئەولا فڕیمتا
چاوی من کەوتە مێژوویی کورمانج
تاقەتم نەما و حەیران بووم، چاوم لەملا و لەولا کرد
ئەی خەڵکینە، مێژووی کورمانج دڵی ئێمەی ڕوون کردەوە

حالّی ئێمە باش بووەوە وەکوو نەخۆشێک کە چاک بووە
ئازایان و مێرخاسان جارێکی تر هەستاون و گیانێکی تازەیان وەبەرهات
ئێسقانەکانیان جارێکی تر لە گۆڕدا زیندوو بوونەوە[225]
ئەگەر ئێمە لە بیر چوو بووینەوە جارێکی تر هاتینەوە یادەکان
سپاست دەکەم ئەی خوای مەزن و بەخشەندە
«بەرات» دەڵێت قەڵەم تۆ مێژووت نووسیوە
تۆ کوردی
کورمانجت سەربەرز کرد، خوایارمەتیت بدات ئەی «کەلیم»

٣٨- باختەران (کرماشان): نامەی زۆر دڵ بزوێن و پڕ لە هەستی برای خۆشەویستمان بەڕێز شێخ عەلی ئەکبەر باچوانلوو کە لە فەقیکانی زانای گوندی سەنگلی قووچانن و هەموو ساڵەکانی شەڕیماڵوێرانکەری داسەپاوی عێراق لە ژێر ناوی بەسیجیەکی موئمێن و موخلیس لە بەرەکانی گشتی رۆژئاوای وڵات بەشداری کردووە.

بەڕێز شێخ عەلی ئەکبەر خزمەتێکی شایانی تریان کردووە و ئەویش ئەوەیە کە دوو بەڵگەی قەدیمی لە عەشیرەتی ئوستاجلویان بۆم هێنا کە تا ئەو کاتە نەمزانیبوو ئوستاجلوەکان لە کام شوێنی خوراسان نیشتەجێ کراون. ئوستاجلوکان لە سەردەمی شاعەباس لە بەرانبەری ئوزبەکەکان بە توندی بەرگریان کرد و تا دوایین هەناسە خۆڕاگرییان کرد کە لە بەرگی یەکەم لاپەڕەی ٤٣ لە ناساندنی ئوممەت خان ئوستاجلوو باسی کرا. لەو ڕۆژگارە بە دواوە ئیتر هیچ هەواڵێک لەوان بە دەست نەهاتووە. ئەم برا زانایە، سەرەڕای ناردنی بەڵگەکان لەمەڕ ئوستاجلووکان کە لە بەرگی پێنجەم چاپ دەبێت نووسیویانە «ئاغای تەوەحودی من عەلی ئەکبەر چووپانی (ڕزوانی) بەش بە حاڵی خۆم لە ئاسەوارە بە نرخەی ئێوە (بەرگی سێهەم) کە لە ڕاستیدا بۆ کوردەکانی خوراسان ناسنامەیەکە، سپاس دەکەم. متمانەم هەیە

225- ئاماژە بە ئایەی ٧٦ سوورەنی یاسین.

که خەڵکی کورد هیچ کات زەحمەتەکانی شەو و ڕۆژی ئێوە بۆ چاپی ئـەم ئاسـەواره بە نرخە لە بیر ناکەن... هیوادارم خوای مەزن تەمـەن درێـژی بـە ئێـوە پێـشکەش بکات تا ئەوەیکە لە زیندوو کردنەوەی مێژوو و فەرهەنگی زمـانی کورمـانج دەسـت بکەن بە تێکۆشان و لێکۆڵینەوە و چالاکی زۆرتر. چونکە ترسام مەرگ مەودا نـەدات ئەم هەلەم بە باش زانی و لە جبهەوە نامەیەکی ڕێز لێنان پێشکەشتان دەکەم. و لـە کاتی دوعا و نوێژ، ساغی و سەلامەتی ئێوە لە خوای گەورە داوا دەکەم کـە ئێـوە بـۆ ئێمەی کـورد زینـدوو ڕابگرێـت. (ئاواتـەخوازی دیـدارتان عـەلی ئەکبـەر چووپـانی (باچیانلوو).)

منیش لـە جێگـای خـۆم لـە خـوا داواکـارم ئـەم برامانـە و هـەموو سـەربازانی تێکۆشەرمان ساغ و تەندروست و سەرکەوتوو بن و دوژمـن سـەرکوت بکـەن. بـەڕێز چووپانی پارچە هۆنراوەیەکی جوانیان بە کوردی بـە ڕێ کـردووە کـە بـە هـۆی زۆر بوونی نووسراوەکە لە جێگایەکیتردا چاپی دەکەین.

۳۹- قووچان ۶۷/۹/۱۴: هاوڕێ و مامۆستا و ڕێ پیشاندەری باشم بەڕێز ئاغـای حوسەین حاجیزادە ئووغازی و برایان چیپر حـاجیزادە پێکـەوە نامەیـەکی پـڕ لـە دڵسۆزیان نووسیبوو و فەرموویان:

لە لاپەڕەی ۱۵۷ی بەرگی سێهەم لەمەڕ قەباڵـەی کوێـستان وشـەی «کەلـەم» هـاتووە کـە «شاهگولـدی» لـە تایفـەی ئولکانلووەکـان بـوون، لـە حالـێکدا کـە «شاهگولدی» عەشیرەتی ئێمەیە. هیـوادارم لـە بـەرگی داهـاتوو لێکۆڵـینەوەیەکی زۆرتر بکرێ و بەم هەڵە چاپیە ئاماژە بکرێت.

سـەرۆکی بـەڕێزم ئاغـای حـاجیزادە: شاهگولـدیەکان لـە بنەڕەتـدا هـەمان عەشیرەتی ئولکانلوون کە بەو جۆرەی کە باس کـرا لـە کـاتی هـاتنی شاتەهماسب سەفەوی (کوڕی شاسولـتان حوسـەین) بـۆ چیـای (ئارمووتـەلی) ئـەوان بـەم نـاوە ناوبانگیان دەکـرد، بـەڵام عەشـیرەتی ئێـوە کـە ئێـستا هەشـت پـشتە لـە ئووغـاز نیشتەجێن و لە بـەرگی دووهـەم لاپـەڕەی ۱۵۵ هـاتووە بـە «منـداڵانی حوسـەین ئووغان» دەناسرێن کە ئووغـان بـوونی ئـەوان هەڵـەیەک بەڵـکوو خورافیـە چونکـە

تایبەتمەندیەکانی زمانی و جەستەیی عەشیرەتی ئێوە هیچ پەیوەندیەکی لە بواری ڕۆخسارناسی لەگەڵ ئەفغانەکان نیە.

هەرچەند کە ئەفغانەکانیش لقێکن لە نەتەوەی کەونارای ئێرانی مەزن. بەڵام بۆچی لەم دواییانە عەشیرەتی ئێوە بە شاگولدیەکان ناسێنرا و بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نیە، بەڵام بەو لێکۆڵینەوە زۆرانەی کە بەدیهات دەرکەوت کە ئەو برە پارەیە کە لە لاپەڕەی ١٥٧ی بەرگی سێهەم ئاماژەتان پێ کرد پەیوەندی بە شاهگوڵدیەکانی ئێوەوە هەیە، نە شاهگوڵدیەکانی ئولکانلوو.

٤٠- **ئاشخانە (بجنوورد)** ٦٧/١٠/٣: برامان ڕۆستەم عەلی شەعبانی قەهرەمانلوو نووسیویانە کە هەر سێ بەرگی کتێبی ئێوەم خوێندەوە و سپاسی زەحمەتەکانی ئێوە دەکەم کە خەڵکی کوردی خوراسانتان شاد کرد. ئێمە لە عەشیرەتی گەورەی قەهرەمانلووین و گەورە پیاوانی ئێمە حاج ڕەزاقولی و حاج جەعفەرقولی شەعبانی قەهرەمانلوون. و ئێمە لە بنەڕەتدا لە گوندی دوین شیروان هاتووین بۆ ئاشخانە. ئامۆزای من مەهدی شەعبانی لە ڕێکەوتی ٦١/٣/٢٠ لە عەمەلیاتی بەیتولموقەددەس لە خوڕرمشەهر شەهید کرا و برام سوهراب شەعبانی لە ڕێکەوتی ٦٧/٦/١ لە نەورۆزدا بە دوای ئاگربەست بە دەستی عێراق بە دیل گیرا. هەروەها کوڕی حاج ئێبراهیم شەعبانی قەهرهەمانلوو لە عەمەلیاتی موسلیم ئێبنی عەقیل بێسەر و شوێن کراوە.

خۆمیش بە ناوی سەربازی ئەرتەشی ئێران ٢٦ مانگ لە بەرەکانی شەڕ بەشداریم کردووە و تا ڕادەیەک ئازایەتیم لە خۆمەوە نیشاندا و بەعسیەکانم سەرکوت کرد کە لەلایەن ئەرتەشەوە بڕوانامەی ئازایەتیم وەرگرت... ئێمە قەهرەمانلووی ئاشخانە بە دڵ ئاوەلاییەوە چاوەڕێی ئێوەین کە بێن بۆ ئاشخانە و ئێمە سەربەرز بکەن. وێنەی لاپەڕە ٤٥٧ی بەرگی سێهەم کە لە کوردەکانی قەهرەمانلوو هەڵتانگرتووە و دوو ژن و سێ پیاو لە تەنیشت یەکەوە نیشان ئەدات (لە بەینەی حوسەین خاکشوور ناسراو بە حوسەین قەمی) نەفەری لای ڕاست کچە ئامۆزای خۆمە کە چەند ساڵ نەیانم دیبوو، بە بینینی وێنەی ئەو خۆشحاڵ بووم و

جارێکی تر سپاستان دەکەم.

٤١- تاران ٦٧/١٠/١٥- لە تارانەوە بەڕێز سەید عەبدولکەریم هاشمی مەرغزاری قووچانی کە هاوشاری زانا و پسپۆڕی خۆمە و زانایی و لێهاتوویی لە باوکیەوە بە میرات بردووە، نامەیەکی تێر و تەسەل بە خەتێکی خۆش بۆ من ناردووە کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانم کورتی بکەمەوە، بەڕێزیان فەرموویانە: نازانم بە چ شێوەیەک هەستی دەروونی خۆم دەربڕم. ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە هەوڵ و تێکۆشانی ئێوە هەر کوردێک وەها دوچاری شانازی کردن دەکات کە ناتوانێت هەست و شەوقی خۆی ڕابگرێ، و لەم پەیوەندیەدا هەر ئەم هەستی شانازی کردنە هانی منی دا کە هەرچەندە خاوەنی قەڵەم و زانایی و بیرمەندی نیم بەڵام تا ڕادەیەک کە بتوانم هەستی تێکەڵاو لەگەڵ سەربەرزیم بە خامەی دەستم بێنمە سەر کاغەز و پێشکەشتانی دەکەم.

لەم دواییانە کە سەفەرێکم کرد بۆ قووچان و مەشهەد، یەکێک لە هاوڕێیانم ئەو چاکەیەی دەرحەق من کرد و بەرگی دووهەم و سێهەمی کتێبی بە نرخ و لێکۆڵەرانەی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسانی گەیاندە دەستم. هەر ئەو شەوە لە ماڵی خۆشکم زۆربەی لاپەڕەکانیم چاو لێ کرد و خوێندمەوە و بە شەوقێکی زۆرەوە دیم کە ئێوە بەم هەموو زەحمەت و قەبوولکردنی ئەو هەموو ئاستەنگ و دژواریەکی سەفەر کردن و زۆرێک کەم و کوڕی مادی و مەعنەوی تر وەها زەحمەتێکیان قەبووڵ کردووە و وەها مێهرەبانیەکتان نەک تەنیا دەرحەق بە کوردەکانی خوراسان بەڵکوو دەرحەق بە هەموو ئێران ئەنجامداوە و ئەوانتان بە خۆیان ناساندووە، زور شانازیم پێوە کرد، بە شەوقێکی زۆرەوە دوو بەرگی ناوبرام موتاڵا کرد. ئەوەم دی کە ئێوە ئەوەی کە هەر کوردێک لە دڵیدایە ئاشکراتان کردووە. ئێوە ئەو هێزەی کە بتوانێت دەماری بەستوو باز بکات و خوێنی کورد بوون لە ناویدا وەگەڕ بخات بە لێکۆڵینەوەکانی خۆتان وەگەڕتان خستووە. نامهەوێ قەڵەم لە ڕێگایەکی نابەجێ بوورێنم و ناتوانم ڕاستیەکان لەبەر چاو نەگرم. چونکە ئەوەی لەمەڕ هەوڵەکانتان بنووسرێت و بگووترێت هەر کەمە و بۆ منیش جێگەی شانازیە کە یەکێک لەو چەند

میلیۆن کوردەم کە لە ناو لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوە بە نرخەکانتان خـۆم دەبیـنم و لـە فیداکاری و گیانبازییـەکان و لـە خـۆ بوردووییـەکانی قارامانـەکانتان بەشـدارم. ئـەو کاتەی کە منداڵێکی کـەم تەمـەن بـووم دایکـم چـیرۆکـگـەلێکی لـە کوردەکـانی هاوڕەگەز و جێگـەی ژیانیـان و عەشـیرەتە جۆربـەجۆرەکان بـە تایبـەت چیرۆکـی (توحفەگوڵ)[226] و تورکان خاتوون، عەوەزخان، ئاراز موحەممـەد و جـەجووخان بـۆم دەگێڕایەوە[227] و لە هەمان سەرەتاکانی منداڵیەوە لەگەڵ ئەم ناوانە ئاشنا بووم، بـەڵام تێپەڕ بوونی ڕۆژگاری و... ئەو خوێنە کوردیەی لە دەمارەکاندا بەست و ئەو ئازادی و ورەبەرزی و هەوڵدانەی ڕەنگە لە مندا نەکەسانیتر گەیاندە کەمترین ئاستی خـۆی. بەڵام گەوهەرە بە نرخەکانتان بە تیشک هاویشتنی لە ڕادەبەدەری خۆیان سـەرەڕای ئەوەی زۆر جار فرمێسکی شادی لە چاومدا هێنایە خوارەوە خـوێنی بەسـتووی نێـو دەمارەکانمی لە ناخمدا وەگەڕ خست.

هیوادارم لەو ڕێگایـە کـە هـەنگاوتان هەڵـگرتووە تـا ئـەو ڕادەیـە لـێ بڕاوانـە و سەرکەوتوانە بڕۆنە پێشەوە کە کوردەکانی سەرانسەری جیهان لە ئاوێنەی بـاڵانوێنی جیهانی کتێبەکەتان خۆیان ببیننەوە و بناسنەوە. لە کۆتایی بە هەر شـێوەیەک کـە بە باشی دەزانن لە قووچان بە ڕێگای تەلـەفۆنی ٢٨٥٢ لەگـەڵ بـاوکم ئاغـەی حـاج سەید حوسەین هاشمی مەرغزاری کـە دڵـیان لێوانلێـوی هەسـت و خۆشەویـستی نەتەوەی کوردە پەیوەندی بگرن تا بەڵکوو هێندێک لـە هـەواڵ و بیرەوەریـەکان لـە بەرگەکانی داهاتوودا کاریگەر بێت.سەبەرز و سـەرکەوتوو بـن، دەسـتان بـە گـەرمی دەگوشم. (عەبدولکەریم هاشمی مەرغزاری ١٥ی بەفرانباری ٦٧.)

ئەمنیش لە سەرنجدان و ورد بوونەوەی زۆری بەڕێز ئاغەی هاشمی ڕێز دەنێم و

---

[226]- لە بەرگی سێهەم لاپەڕەی ٢٤٢ی چیرۆکی هاتنی توحفە گوڵم بۆ ناو چیمەنزار نووسـیبوو کـە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو بەشە. چیمەنزاری خاخیانلوو زێدی باوکی بەڕێز هاشمیە.

[227]- ئێـستا لـە جیـاتی ئـەو چیرۆکانـە و ئەفـسانەکانی قارەمـانی ئێمـە ئێرانیـەکان داسـتانگەلی جۆربەجۆری نارەسەنی نامۆ شەو و ڕۆژ بۆ منداڵانی ئێمە لە ڕادیۆ تەلەویزیۆنەوە بڵاو دەکرێتـەوە کـە دەبێتە هۆی سرینەوەی فەرهەنگی رەسەنی ئێمە.

سپاسیان دەکەم و ئەوەش زیاد دەکەم من لە ڕابردوودا لە قووچان تا ئەو ڕادەیە کە بەختەوەری ئەوەم ببوایە هەمیشە لە پێشگای بە نرخ و جێ بایەخی ئاسەواری باوکی زانا و شاعێر و بیرمەندیان کەڵکم وەردەگرت و قسەی بەڕێزیان وەکوو بڵێسەی ئاگر دەروونمی دائەگیرساند. قەت لە بیرم ناچێتەوە کە ڕۆژێک لە خزمەتیان بووم و گوێم دەدایە قسەکانیان و هەروەها خوالێخۆشبوان وەکیل ئوغازی و حەبیبوڵلاخان ناسر لەشکەر هیوەدانلوو دانیشتبووم و بە وردی گوێم دەگرت... بەڵێ برای بەڕێز ئەو وتە پڕ ناوەڕۆک و شیرینانە بوو کە منی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە خامە شکاوەکەم هەڵگرم و لە سەر لاپەڕەکانی کاغەز بخشێنم، هەرچەند کە لێهاتوویی پێوستم بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە نەبوو و ناشبێتم. بەڵام من لە هەژاری خۆم نەترسام، چونکە دەمدی ئەوانەی کە سەرمایە و توانایی زانستی زۆریان هەیە بە چاوی سووکەوە سەیری ئەم شتانە دەکەن.

نامەی جوان و ڕازاوەی برامان هاشمی منی هێنایە سەر ئەو بڕوایە هەرچی زووتر لە مەشهەدەوە بەرەو قووچان بکەومە ڕێ و بە ئیزن گرتن لە باوکی زانا و بلیمەتیان، بەختەوەری دیداری ئەو بەڕێزە کە لەم کاتەدا خانەنشین کرابوون ببێتە نەسیبم، ئەو بەڕێزە منیان بە باوەشی ئاوەڵا و خۆشەویستی تەواو قەبووڵ کرد و قسە هاتە سەر ئەوەی مێژوو و فەرهەنگ و فولکلۆری نیشتمان و خەڵکی قووچان و ئازایەتیەکان و میوانڕۆستی ئەوان و...

زۆر تەوەر بوو کە نووسیانم تا هەر کام لە جێگای خۆی چاپ بکرێت ئێستاش پارچە هۆنراوەیەکی جوان کە نیشاندەری هەستی پاکی جەنابیانە و لە ساڵی ١٣٤٢ کە شەڕی ساردی ڕادیۆی و پڕوپاگەندەیی نێوان ئێران و سۆڤیەت لە ئارادا بوو، و ڕووسەکان لە ڕادیۆکانیان قسەی ناشایستیان دەدایە پاڵ نەتەوەی ڕەسەنی ئێران، چونکە سەربەرزی کوردی و هەستی بەڕێزیان بیستن و وەڵامنەدانی ئەم قسە هیچ و پووچانەی بە باش نەدەزانی. قەسیدەیێکی جوانیان هۆنیوەتەوە و خستیانە سەر زمانەکان کەوا دێتە پێش چاو کە پارچە شێعرێک کە لە ساڵی ١٣٤٢ لە وەڵامی درۆزنانی ڕادیۆمسکۆ (کە دەیگووت بەشی هەرە زۆری نەتەوەی ئێران لە برسان بە

خواردنی ڕیشەی گیاکان دەژین) لە زمانی عەشیرەتی زەعفەرانلوو وترابێت.

٤٢- مەهاباد- ٦٧/٩/٢٥- نامەیەکە لەلایەن برای زانا و ڕووناکبیر و وەرگێڕمان و نووسەری پایەبەرز، بەڕێز **سەید موحەممەد سەمەدی** کە تا ئێستا ئاسەواری جۆربەجۆر لەلایەن بەڕێزیان چاپ کراوە و هەر وەک ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی فەرموویانە: «شک لەوەدا نیە کە بەشێک لە مێژووی هەر نەتەوەیەک بە دەست پیاوان و ژنانی بە ناوبانگ بە هەڵدانی ئالای زانست و فەرهەنگ پێک دێت، بەلام بە داخەوە لەم بارەوە بە ڕادەی پێویست نووسەری توانامان نەبووە و لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەتەوەکانی تر دەبێ دان بەودا بنێین کە لاوازی سیاسی و فەرهەنگیمان بووە و هەر لەم ڕووەوە زیانی زۆرمان لێکەوتووە. چۆنکە زۆربەی ڕاستیەکان نەنووسراون و یان لەو پەڕی ناپیاوی و خەیانەتدا بە بێڕەحمی بە دەست بە کرێگیراوانی زەمانەوە چەواشە کراون و یان زۆر بەڵگەنامەی گرینگ کە بە هۆی سەرنجنەدان لە گۆشەی ماڵەکان یان دڕاوەیان سووتێنراوە یان بە شێوەیەک ڕۆخساریان تێکچووە کە ئیتر شیاوی بەهرە هەڵگرتن نین. هەر لەم ڕووەوەیە کە بایەخی کاری ئێوە زۆرتر لە هەر شتێک بەرچاوە و ئێوە توانیووتانە بە هەوڵ و تێکۆشانی زۆر هێندێک لەم بەڵگانە کۆکەنەوە و لە نەمان ڕزگاریان بکەن.

بە بێ هیچ جۆرە تەعارف و پێدا هەڵگوتنێک دەڵێم: کارەکەتان وەکوو زیندوو کردنەوەی مودوویەک وایە. چونکە بنەمای ژیانی نەتەوەیەکتان زیندوو کردووەتەوە و بەردی بناغەکەتان داناوە، ئێستاش وێڕای سپاس لە هەوڵدانی بێهاوتای ئێوە نامەکەم بە پاڕانەوەیەک لە شاعیری توانای کوردی هاوچەرخ بەڕێز مەلاکەریم هونەرمەند (فەدایی) کە لە کۆتایی چیرۆکی لاس و خەزاڵ هونیوویانەتەوە کۆتایی پێدێنم و ئێوە بە خوا دەسپێرم کە سەرکەوتووتان بکات. دەبێ وەبیر بێنمەوە کە بەڕێز فەدایی کە لە نێو کوردەکانی ڕۆژئاوای وڵات بە فێردەوسی سەردەم ناوبانگیان دەرکردووە هۆنراوە زۆریان لە بەستێنەکانی جۆربەجۆر هۆنیوەتەوە کە هۆنراوەکان و بەسەرهاتێک لە بەڕێزیان لە کتێبی «گوڵستان کوردستان» لە بەشی شاعیرانی

کورد چاپ دەبێت. ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٠ی کۆچی لە گوندی سی‌سەر لە دەوروبەری سەردەشت لە دایک بووە. شانازی ئاشنایی لەگەڵ بەڕێزیان لە کۆنفرانسی فەرهەنگی کورد لە مەهاباد لە ڕەزبەری ١٣٦٥ بووە نەسیبی من.

٤٣- **بیجنوورد- ١٨/١٠/٦٧-** لە دامەزراوەی پەروەردەی مامۆستایان بەڕێز ڕەسوول موحەممەدیان وێڕای دەربڕینی هەستی خۆیان ویستبوویان کە چۆن دەتوانرێ دەورەی کاملی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان دەست دەخرێت.

لە وڵامی ئەم برامانەوە دەڵێم کە بە هۆی نەبوونی یارمەتی و دەرفەتی ماڵی بە داخەوە نەمتوانی هەموو بەرگەکانی ئەم کتێبە بە جارێک چاپ بکەم و بڵاوی بکەمەوە بۆیە هەر کاتێک دەرفەت و ئیمکانی ساڵی دابین بکرێت بەرگەکانی تریش بە پێ ڕێزبەندی مێژوویی لە چاپ دەدرێن.

٤٤- **تاران-** بونیادی فەرهەنگی نەیشابوور- مامۆستا فەرەیدوون جونەیدی نەیشابووری کە لە خوای مەزن داواکارم هەمیشە بیانپارێزێت و زانست و زانایی و تێکۆشان بۆ پەرە پێدانی فەرهەنگی ئێران زەوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆرتر بکات، وەکوو ڕابردوو مێهرەبانی خۆیانیان دەربڕیوە نامەیەکی شیرینن و پاراویان لەوبەری بەرزایی دەماوەند بۆ داوێنەکانی کوێستانی شایجان و بینالوود بۆم ناردووە کە بۆ ئێوە سەروەران دەیڵێمەوە:

سڵاو بۆ دەنگی بەرزی کورمانجی ئێران، بۆ بانگەوازی هەستانە سەر پێ کوردانی خوراسان، کەلیمولڵا تەوەحۆدی.

سڵاو بۆ تاقە کوڕی کورد کە لە هەموو ناخ و دەماری خۆی خۆشەویستی کوردان و ئەوینی ئێران هەیە و بە گرتنە ئەستۆی ئەرکێکی ئاوەها گرینگ لەم سەردەمە پڕ لە ئاڵو گۆڕە ساتێک لە ژیانی خۆی بێ‌بەهرە و ئاکام تێناپەڕنێت و هەموو دڵ و گیانی لێوانلێوی لێکۆڵینەوە و زانستە و دڵی پڕ لە هەستی لە سینگی نەسرەوتووی بووەتە کوانووی ئاگر کە گیانی ماندووی کورد و کورمانج بە تین دەکات و وزەی پێدەبەخشێت، تا هەستن و پێگەی خۆیان لە فەهەرنگ و مێژوو

ئێرانی مەزن جارێکی تر پیدا بکەن و بۆ گەیشتن بە ئاواتە گەورەکانیان هەمیشە لە پانتای فەرهەنگ و مێژوو و شانازییەکانی ئێران حازر بن و ئاگاداری گیان و دەروونی ئێران بن... سلاو بۆ کوڕی لێهاتووی کوردە کەلیمولّلای خۆشەویست و نازدار.

دەفتەری سێهەمی «کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان» کە لەگەڵ ڕێزت بۆ منت ناردبوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەبەر چاوانی نیگەرانم دانا و یەک بە یەکی لاپەڕەکانیم بۆن دەکرد، بۆنی گەلای تازەی پوونگەی لێواری کانیاوەکان و ڕووبارەکانی دەدا. هەر ڕستەیەکی کە دەمخوێند نیشانەیەک لە ئازایەتی و پیاوەتی و خۆڕاگری پیاوان و ژنانی کوردی پێوە دیار بوو.

لە هەر دیمەنێکیدا شەپۆلی نیگای کوردەکان قسەی لە بڕیاری پاک و لێبڕاوانەیان لە ڕێگای پاراستنی ئایینەکانی ئازادیخوازی و قارەمانیەتی دەکات... بەڵام هەر کاتێک دەڕوانمە لاپەڕەکان و لە پڕ چاوم بە دیمەنی شوخێکی نازداری کورمانج دەکەوێت کە لە نێو چیمەنزارەکانی کوێستان خەرمانەیەک گوڵی بە داوێن هەیە و پەردەیەک لە شەرم بە سەر چاوانیدا کشاوە و بە ئەسپانی و مەزنایەتی دەڕوانێتە سووچێک ڕەنگە دەڕوانێتە منداڵەکانی ڕەنگە بە گوڵ و شەونم ڕەنگە بە مێگەلە مەڕەکانی، ڕەنگە بە هیواکان و ئاواتە دوورەکانی... ڕەنگە خەریکە دەنگی کەلیم دەبیست کە لە کوێستانەکانی خوراسان پەنگ دەخوات کە «   ».

فرمێسک لە چاوانم قەتیس دەمێنێت و نیگام دەکەوێتە سەر ئەم وێنەیە و دەنگی تۆ دەبیسم کە ئامۆژگاری ئاسکەکانی کورمانج دەکەی کە فریوی زەرق و بەرق و ڕواڵەتی ڕۆژئاوا نەخۆن و بە داب و نەریتەکانی ئێرانی و ئایینەکان، شێوەکان و بابەخەکانی کورد دڵ ببەستن و بزانن کە تاقە گەوهەری فەرهەنگ و مێژوو و ڕەگەز و زمانی ئێرانی هەزاران جار جوانتر و مەزن‌تر و پڕ بایەخ لە نامۆ بوون و لە خۆ نامۆ بوونە.

نەریتەکان، ئایینەکان، چێژن و بۆنەکان، زمان، جلوبەرگ، ئازادیخوازی، بیرکردنەوە چاک و تیکۆشان دەبێ بپارێزرێن و شانازییان پێوە بکرێت و لە گەڵیاندا ژیان بکرێت و بسپێردرێنە منداڵان و نەوەکانی داهاتوو...

کەلیمگیان، بەڵام ئایا پاراستنی هەموو ئەمانە ناکەوێتە ئەستۆی هێندێک لە پیاوانی کوردی نیشتەجێ شارەکان؟

ئایا باشتر نیە ئێمەش خۆمان ئامادە بکەین تا کۆمەڵگای کوردی بگەیننە نێو شەقامەکان و ئیدارەکان. ئایا باشتر نیە کە لەم ڕێگایەدا ئێمەش یارمەتیدەری ژنەکان بین کە هەمیشە پارێزەر و نگابانی هەموو داب و نەریتەکان و بایەخەکانی هونەری و فەرهەنگی ئێمە بوون؟ چاوت ماچ دەکەم فەرەیدوون.

هیوادارم قسە بە نرخ و دڵنشینەکانی زانای پسپۆڕمان فەرەیدوون جونەیدی لەسەر ئێمەی هەڵاتوو لە فەرهەنگی خۆمان کاریگەر بێت.

٤٥- **دیواندەرە**- کوردستان ٦٧/١١/٧- برای زانامان بەڕێز عەبدوڵلا مێعماری لە ئیدارەی موخابەراتی دیواندەرەی ڕازاوە و جوانی کوردستان وەها نووسیویانە: مامۆستای هێژاو بەڕێزم ئاغەی تەوەحۆدی سلاوێک بە بایەخی قەڵەم و بە گەورەیی مێژوو و بە سەرکەشی جیای زاگرۆس پێشکەش بە ئێوە... و هیوادارم هەمیشە قەڵەمتان هەوراز پێو بێت و ڕوو نەکاتە نشیو و لە ناوچوون.

بەرگی سێهەمی کتێبی ئێوە رۆحێکی تازەی خستە جەستەی منەوە و منی چەندین ساڵ بردەوە سەردەمی لاوی و توانایەکی تازەی بە من بەخشی. بە ڕاستی دەستان خۆش بێت کە هەوڵەکانی ئێوە شیاوی ڕێز لێنانە. چۆنکە نووسراوەکانتان مرۆڤ لەگەڵ خۆی بۆ ناو هەموو عەشیرەتەکان و خێڵەکان و پاڵەوانان و ناوداران و زانایان و داب و نەریتەکانیان دەبات، بە ڕاستی دەستان نەیشێت کە ئاسەوارێکی پڕ بایەختان پێشکەش خوێنەرانی خۆتان کردووە. دیواندەرە- براتان میعماری

٤٦- **پاوە**- کوردستان- ٦٧/١١/٨- نامەیەکە لەلایەن برای زانامان کە چەند کتێبیش بە دەستی بەڕێزیان بە چاپ گەیشتووە. وێنەیەک لە خۆیان و وێنەیەکی دڵڕفێن و جوانیان لە شارە جوانەکەی پاوە بۆمان ناردووە و نووسیویانە:

٠٠٠ بۆ زانای بلیمەت و لێکۆڵەر بەڕێز مامۆستا کەلیمولڵلا تەوەحۆدی سلاو و ڕێز لە بەرزایی چیا سەرکەشەکانی هەورامان سلاوێک پێشکەشتان دەکەم کتێبەکانی پڕ بایەخ و بە نرخی بەڕێزتان جێگای سەربەرزی و شانازی هەر کوردێکی

موسوڵمانە لە هەموو جیهان.

ڕاستە کە ئێمە بە شێوەی چیرۆک و ئەفسانە لە باپیرانی خۆمان بیستوومان کە کۆمەڵێک لە کوردەکانی زۆر لێکراوی کوردستان، بوونەتە قوربانی ئامانجی چەپەڵی شاکان و بۆ ناوچەکانی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دوور خراونەتەوە بەڵام هیچ کات بیرمان لەوە ناکردەوە کە نەوەیەکی پاک لەم ڕەچەڵە کە خەباتگێڕە هەستێت و خامەی خۆی بخاتە گەڕ و ئەدیبانە و لێکۆڵەرانە بایەخەکانی لە بیر کراوی نەتەوەیەکی قارەمان لە مێژوو زیندوو بکاتەوە و پێشکەشی نەتەوەی شۆڕشگێڕی ئێمە بکات، بەڵام ئەم ڕاستیە گرینگە بە دەستی کەلیمی خەباتگێڕ هاتە دی. نەتەوەی موسوڵمانی کورد و بیرمەندان و لێکۆڵەران لەم جووڵانەوە فەرهەنگیە پێشکەوتووە لە خوراسان ڕێز دەنێن و بە ناوی بەڵگەیەکی پڕ بایەخ و مێژوویی و پرشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوو سەیری دەکەن و بە لێکۆڵینەوەیەکی بە کەڵک و تۆمارکردنی مێژووی بۆ خۆیان دەزانن. ئەوپەڕی پێشکەوتن و سەرکەوتنی بیر کردنەوە کە لە بیر و بڕوای پاکی ئێوە سەرچاوە دەگرێت لە بەرانبەر ئیسلام و کوردستان لە کتێبەکانتانا بە ڕوونی دیارە و ئەمە هەر ئەو شتەیە کە نەتەوەی خەباتگێڕی کورد ساڵهایە تینووی ئەم جۆرە بیرۆکانەیە لە تۆمارکردنی مێژووی خۆی، و هەروەها ئەم زانایییە و پرشنگداربوونە لەوبەری سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران هیچ کات لە بیر نەکراوە و ئەم هەنگاو هەڵگرتنەیان کردووەتە نموونەیەکی بە نرخ بۆ هەموو بیرمەندانی کورد لەسەرتاسەری جیهان لە ناساندنی ئەم نەتەوە و زۆر لێکراوە. ڕێزم هەیە بۆ قەڵەمی. هەمیشە زیندووت و دەستانی ماندوو نەناست. من بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە بەم چەند ڕستە کەم بایەخە لە بەرچاو گرتنی حەدیسی پیرۆزی پێغەمبەر سپاسی خزمەتەکانی ئێوە بکەم و خۆشحاڵی خۆم سەبارەت بە بەردەوامی بایەخەکانی فەرهەنگی شۆڕشی ئیسلامی لە ناو کوردانی موسوڵمان و بە غیرەتی خوراسان دەر ببڕم. ئەم بابەتە کە کوردانێکی قارەمان لە خوراسانەوە لە خەبات دژی زۆرداری و داگیرکەری لە شەڕی داسەپاو دژی گەورەترین دوژمنی خۆیان لە مێژوودا «سەددامی بەعسی ئەفلەقی شەڕفرۆش»

بەشداریان کردووە و زۆر گوڵی پەرپەریان لە ناو گوڵە ئاڵەکانی شەهیدانی شۆڕشی خوێنینی ئیسلامی پێشکەش کردووە، هیچ کات لە بیر نابەینەوە، یادیان بەڕێز و پیرۆز بێت. خوای مەزن ئێوە بۆ خزمەتی هەرچی زیاتر بە کوردانی موسوڵمانی ئەو نیشتمانە سەرکەوتوو و سلامەت بکات، وێنەیەک لە شاری قارەمانپەروەری پاوە بە ناوی خەڵات پێشکەشتان دەکەم، هیوادارم جێگای ڕەزامەندی ئێوە بێت، لەگەڵ ڕێزم. (جێگری فەرهەنگی بونیادی شەهیدی شارستانی پاوە- بەهرام وەلەدبەیگی)

٤٧- **تاران**- ٦٧/١١/١٠- بەڕێز دوکتۆر **ئیرەج ئەفشار** یەزدی بەرپرسی بەڕێزی گۆڤاری پڕ بایەخی ئایەندە و نووسەری تێکۆشەر و ماندوو نەناس کە حەقی گەورە و زۆریان بە سەر هەموو ئێرانیەکان هەیە، هەروەها لەگەڵ نامەکەیان خوازیاری ژمارەیەک لە بەرگی سێهەم بوون کە پێشکەشیان کرا.

٤٨- **شنۆ**- **٦٧/١٢/٢٩**- برای زانا و هێژامان بەڕێز **ئەحمەد ئەحمەدپوور** بەرپرسی کتێبفرۆشی نالووسی لە شارستانی شنۆی کوردستان فەرموویانە کە وێڕای پیرۆزبایی گەیشتنی ساڵی نوێ: (بە ئاگاداری ئێوە دەگەینم کە لە سەفەرێک کە لەم دواییانە بۆ تاران کردم سەرنجم ڕاکێشرا بۆ کتێبی بە نرخی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان) خەڵکی شنۆ لە ڕووی هۆکری زۆر ڕۆژانە چەندین جار بۆ وەرگرتنی ئەم کتێبە دێن بۆ کتێبفرۆشی و...

٤٩- **مەشهەد**- ٦٨/١/١- برای کوردی ئێراقی بەڕێز **ئەیوب هاشم میرۆزی** جەنایەتەکانی سەددام لە کوردستانی عێراق: نامەیەکی دڵتەزێنە لە لایەن یەکێک لە براکانی کوردی بارزانیمان کە دانیشتووی خوراسانی ئەم برایە کە هاشم میرۆزیە لەگەڵ زۆربەی برایانی تر وەکوو بەڕێزان تەحسین و جەمیل و عەبدولقادر و ئیبراهیم و عسمەت هاشم و... کە لە شارەکانی مەشهەد و توربەت حەیدەریە و شیروان و قووچان و شوێنەکانی تر پەرتەوازەن و بە ژیانی دوور لە نیشتمان درێژە دەدەن. ئەم خۆشەویستانە و زۆربەی بنەماڵەکانی تری کوردی عێراق ساڵهایە کە لەگەڵ هاتنە سەر کاری رژیمی ئەفلەقی و دژە مرۆڤانەی عێراق، لە سەردەمی حەسەن ئەلبەکر بە تایبەت سەددامی جەنایەتکار لە ماڵ و نیشتمانی خۆیان ئاوارە

کراون. بەڵام ئێمڕۆژە بارودۆخی ئەم ئاوارانە زۆرتر لە هەر سەردەمێکی تر دڵتەزێن‌تر و جێگەی داخە چونکە بەو جۆرەی کە دەزانین، سەددامی جەنایەتکار بە شێوەی بەردەوام شارەکان و گوندەکانی کوردستانی عێراق بوردومانی کیمیاوی دەکات تا ئیتر هیچ ئاسەوارێک لە کورد و کوردستان لە عێراق نەمێنێت و ئەو نیشتمانە بکاتە ناوچەیەکی عەرەب‌نشین.

بەڵام ئەو لە هەڵەدایە چونکە هەتا کوردێک زیندوو بێت ئەو ئەم پڕ هەوراز و نشێوی خۆیان، هەزاران دیکتاتۆری خوێنمژی وەکوو ڕەزاشا و ئاتاتورک و تەیمووری لەنگیان ناردووە بۆ ناو گۆڕستان ئەمە نە یەکەم کەسیانە و نە دوایین کەس. ئەم جەنایەتکارەش کە وەکوو سەگێکی هار کەوتوەتە گیانی خەڵک بە زویی بە هۆی ئەو هەموو کۆ مەڵکوژیە سزا دەدرێت و خوێنی شەهیدانی لە خوێن شەلاڵی هەڵەبجە ئەویش تووشیاری چارەنووسی هیتلەر و ئێستالین دەکات.

ئێمە کوردەکانی خوراسان لە کۆڕی پرسە و ڕێزلێنانی ڕێو ڕەسمی ساڵیادی نەمر مەلا موستەفا بارزانی مەزن و هەڵەبجە بەشداریمان کرد، نە تەنیا ئێمەی کورد، بەڵکوو زۆربەی خەڵکی دڵپاکی خوراسانیش لەم ڕێوڕەسمانە بەشداریان دەکرد و مەرگ و نەمانیان بۆ سەددام و ئەفلەقیەکان داوا دەکرد کە بوونەتە هۆی ئەم هەموو جەنایەتە. لەم ڕووەوە برامان ئەیوب هاشم بە نوێنەرایەتی لەلایەن کوردەکانی عێراقی دانیشتووی خوراسان، نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستیان بۆ من نووسیوە کە لەم ڕێوڕەسمانە بەشداریمان کردووە، لە حاڵێکدا کە ئێمە کوردەکانی خوراسان بە پێی چەند هۆکارێک بە ڕاستی شەرمەندەین و نەمانتوانیوە ئەم قەرزە بەم بەڕێزانە بدەینەوە هەرچەند ئەو زەبر و زەنگەی کە لەوان دەکرێت و ئەم قامچیانە کە لەوان دەدرێت ئێمە بە جەستە هەستی پێدەکەین و هەروەها فەرموویانە: لەم ڕووەوە ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە لە هەر کوێ لە جیهان بەرانبەر بە ئێوە کە لە چاپ و بڵاو بوونەوەی ئەم سێ بەرگە کتێبە بایەخدارەی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان یارمەتییان بدات کە خزمەتێکی گەورەی هونەریە بۆ ئەوان کە ئاوارەکانی نێو مێژوون. منیش بە ناوی کوردێکی ئاوارە بە ئەرکی سەرشانی خۆم زانی سپاس و

پێزانینی خۆم و براکانی تری کوردی خوراسان پێشکەشتان بکەم و لە هاتنی بەڕێزتان و براکانی تری کوردی خوراسان بۆ دەهەمین سالیاری ڕێبەری گەورەی کورد مەلا موستەفا بارزانی و دووهەمین سالیادی نەمر ئیدریس بارزانی کوڕی گەورەی ئەو ڕێبەرە و هەروەها لە یەکەمین سالیادی کارەساتی دلتەزێنی هەلەبجە کە لە ڕێکەوتی ١٣٦٧/١٢/٢٩ لە مەشهەد لە مزگەوتی ئیمام حوسەین(ەخ) بەڕێوە چوو و بەشداریتان کردبوو و بە هۆنراوەکانی دلنشین و وتار خوێندنەوەی هەست بزوێنی خۆتان دلی زامداری ئێمەتان ئارام کردەوە سپاس دەکەم.

برای کوردم قوولایی و بەرفرەیی جنایەتەکانی سەددام لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/١٦ی زایینی (بەرانبەر بە ڕەشەمەی ١٣٦٧) کە لە شاری هەلەبجە (هیرۆشیمای کوردستان) ڕوویداوە شتێک نیە کە قەلەم بتوانێت نەخشی بکات یان زمان توانای وتنەوەی بارودۆمخی نالەباری ئەو بوردومانە وەحشیانەی نیە کە ژنان و پیاوان و مندالان و گیانلەبەرانی بێتاوان و گیاکان و دارەکان لە چرکە ساتێکدا وونە خوێن و خۆلەمێش و دووکەل و هەموو شتێک کۆتایی پێهات. ١٦ فرۆکەس شەڕکەری عێراق لە ئاسمانی هەلەبجە بە دەرکەوتن و نەعرەتەیان کێشا و هەموو شتێکیان کاول کرد. پێنج هەزار کوردی بێتاوان و بێپەنا کوژران، ١٠ هەزار بریندار کە زۆربەیان نە دەستیان هەبوو نە لاق و یەک لە دوای یەک گیانیان لە دەست دا بە شێوەیەک کە دەیزانن ٤٤ کەس لەو بریندارانەیان گواستەوە بۆ مەشهەد و لە نەخۆشخانەکانی ئیمام ڕەزا و قائم لە ژێر چاوەدێری بوون.

ماکەکانی کیمیاوی ناسراو لەم بوردومانە بریتی بوون لە:

١. گازەکانی خەردەل ٢. سیانۆر ٣. گازی تێکدەری ئەعساب کە هەر سێ جۆری ئەم گازانە لە بوردومانی هەلەبجە لە مەترسیدارترین بومبەکانی کیمیاوین کە هەتاکوو ئێستا دژی مرۆڤایەتی بە کار هاتوون. برام کەلیم، نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نە مافی مرۆڤ، نە ویژدانی مرۆڤایەتی هیچ کام لەم جەنایەتەی سەددام تەنیا بۆ جارێکیش خەمناک نەبوون و ولاتانی بێویژدانی عەرەبیش بوونە یەکدەنگ کە ئەم کارەساتە درۆیە و قەت کوردستان بوردومان نەکراوە. برای بەڕێز

ئـەم قـسە و شـایەتی دانی بـە درۆوە و ناپیاوەتیـەکانی عەرەبـەکانی بـە ڕواڵـەت موسوڵمان و موسڵمانەکانی تری جیهـان ئێمـە دەکوژێـت و ئێشەکەی لـە ئێشی بوردومانی سەددام جەرگ بڕترە. هەموویان یان بێدەنگ بوون یـان حاشـایان کـرد. چەند ژن و منداڵ لە نەخۆشخانەی مەشهەد گیانیـان لـە دەسـت دا، ئەوانـەش کـە مابوون بە تەواوەتی کەم ئەندام و بێدەست و لاق بوون. دووکەسیان کە لاو بـوون و خوێندکاری فەوق لیسانس و دوکتۆرا بوون کە لە ئورووپا دەیاخوێند و بۆ تێپەڕانـدنی پشتوودانی چەند ڕۆژە گەڕابوونەوە بۆ عێراق کە دوچاری وەها چارەنووسـێک بـوون. بەڵێ ئەمە بوو نامەی برای کوردمان بەڕێز مـیرۆزی، بـەڵام ئـەوەی کـە خۆمـان لـە نەخۆشخانەی مەشهەد و لە کاتی چاو پێکەوتن دیمان زۆر دڵتەزێن بـوو و ئەوەیکـە زۆرتر لە هەموو شتێک دڵتەزێنتر و جەرگێڕتر بوو و فرمێسکی لە چاوی من هێنایـە خوارەوە، منداڵێکی پەنج شەش ساڵان بوو کە لە سەر تەختی نەخۆشـخانە کـەوتبوو و سۆرۆمێک بە جەستەیەوە بوو، بە دژواری نەفەسی دەکێشا و ئیتر هیچ.

١- من و چەند کەس لە برایانی کوردی خوراسـان کـە بـۆ چاوپێکـەوتنی ئـەم خۆشەویستە لە خوێن شـەلالانە بـۆ سـەردانیان ڕۆیـشتبووین و ئـەوانمان لـە سـەر تەختەکانی نەخۆشخانەی قائمبینی دوچاری وەها داخ و کەسـەرێک بـووین کـە بـە سەختی توانیمان لە سەر پێ ڕاوەستین.

پرسیارم کرد کە دایکی و باوکی ئەم منداڵە لە کوێن. یەکێک لە برینـداران کـە لاوێکی تەمەن ٢٦ ساڵە بوو بە من ناسێنرا کە باومی منداڵەکە بـوو بـەوم وت، بـەڕێز گیان تۆ کە بارودۆخت باشتر دەتوانی بڕۆی، و دایکی ئەم منداڵە بهێنی بۆ دێرە تـا بۆ دوایین جار ڕوومەتی خوێنینی جگەرگۆشەکەی ببینێ وماڵئاوایی لەگـەڵ بکـات ئەو بە چاوی پڕ لـە گریانـەوە وتی: دایکـی لـە چ شـوێنێک بدۆزمـەوە. ئەگـەر لـە بوردوومانەکەدا نەکوژرابێت لە کامە ئوردووگا و نەخۆشخانە بیدۆزمەوە، تۆ نـازانی کـە چی بە سەر ئێمە داهات و بە چ شێوەیەک مالوێران کراین...

ئێمە لە حاڵێکدا کە دەگریان نەخۆشخانەمان بـە جـێ هێـشت. ئێـستەش کـە ساڵێک لەو ڕۆژە تێدەپەڕێت و خـەریکم ئـەو بیرەوەریانـە دەنووسـم فرمێـسک لـە

چاوانم دێته خوارەوە و لاپەڕەکانی کاغەز تەڕ دەکات. من تا کاتێک کە زیندووم هیچ کاتێک یاد و بیرەوەری ئەو منداڵە بریندار و بێتاوانە کە نەتوانی دایکی ببینێت و نە دایکی توانی لە ئاخرین ساتەکاندا دەست و لاقەکانی ئەو هەست بکات و لەگەڵیدا ماڵئاوایی بکات لە بیر نابەمەوە ئەم داخ و کەسەرە لە داخی لە دەستدانی ئەبولفەزلی کوڕم گرانتر بوو کە لە خەرمانانی ١٣٥٨ گیانی لە دەست دا. ئەم دوو کارەساتە جەرگبڕە لەگەڵ مندا دەنێژرین چونکە لە سەر ئێسقانەکانم هەڵکەندراون. ئەو منداڵە سەرەنجام گیانی لە دەست دا و تەرمەکەیان بۆ گۆڕستانی کوردەکان لە تاران بە ڕێ کرد. من هیچ دەوا و دەرمانێکم بۆ سارێژی ئەم زامە لەبەر دەست نیە، مەگەر ئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێمەوە و بڵێم کە سەددامیش وەها دەرد و ڕەنجێک ببێت کە دەرمانی نەبێت و ڕۆژەکان و ساڵەکان هەر بەم شێوەیە چاوەڕوانی مەرگ بکات. بەڵێ برامان میرۆزی لە درێژەی نامەکەیان نووسیبوویان:

تەنیا وڵاتێک کە لەگەڵ ئێمەدا و هاوکاری کرد دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە مافی پەنابەری و جێگە و ماڵی بە ئێمە دا و بریندارەکانی ئێمەی خستە ژێر چاوەدێری و دەرمان کردن و ئاوارەکان و پەنابەرە کوردەکانی بە باوەشی ئاوەڵاوە قەبووڵ کرد و ئیزنی بە ئێمە داریوڕەسمی پرسەی خۆشەویستەکانمان لە مزگەوتەکانی ئێران بەڕێوە ببەین هێندێک بە کوردەکان کە هەڵاتبوون بۆ تورکیە کەوتنە بەر پیلانگێڕی سەددام و دەوڵەتی فاشیستی تورکیە کە ئاوی ڕووبارەکانیان بە مادە کیمیاویەکان ئاڵاندبوو و لەم ڕێگەیەوە زۆربەی ئەوانەی کە هەڵاتبوون لە ڕێگەی ئەو ئاوەوە ژەهراوی کران و گیانیان لە دەست دا. جەنابەتی تورکیەش لە جەنایەتی سەددام کەمتر نەبوو ڕووسەکانیش کە لافی مافی مرۆڤ و کرێکارانیان لێدەدا بێدەنگ بوون و چونکە قسەیەکیان نەکرد. ئامریکاش کە بە هەموو هێزەوە سەددامی ڕاگرتبوو بە بۆنەی پارە و دۆلارەکانی عەرەبستانی سعوودی و باجێک کە لە وڵاتانی عەرەبی دەیگرت لە مەسەلەی «بەرگیری لە مافی مرۆڤ»ی دەستکردی خۆی قەت ئەم کارەساتەی نەخستە ڕۆژەڤەوە. تا ئەم ڕژیمانە پێکهێنەری

ڕێکخراوی نەتەوە بەکگرتووەکان بن...

برای بەڕێزم کەلیم. داوای ئەوەت لێدەکەم لە قەڵەمت و زمانت و بە هەر شێوەیەک کە دەیزانی سڵاو و پەیامی ئێمە بگەینیتە چیاکانی کوردستانی عێراق و بڵێن کە ئەی چیاکان خۆڕاگر و سەربەرز بن کە ئێستا ئێمە لە ڕێگای دوورەو خۆمان دەگەینین. ئێمە چەک لە دەست و بە ڕق و قین لە سەددامەکان بەرەو لای تۆ دێین و تۆڵەی خۆشەویستانمان دەستێنینەوە. سەددامیەکان بە حاڵی خۆیان ناهێلینت و لەت لەتیان دەکەین. ژنانی ئێمە کوڕانێکی تریان بۆ قوربانی کردن لە ڕێگای تۆ ئەی نیشتمانی خۆشەویست بە دنیا هێناوە و پەروەردەیان کردوون، ئەمانە پێشکەش بە تۆ دەکەین و دوژمنت سەرشۆڕ دەکەین و ئازادی دەگەڕێنینەوە بۆ باوەشت. ئەیووب هاشمی و کوردە پەنابەرەکانی تری خوراسان ئەمنیش لە ساڵیادی خەڵکی لە خوێ گەوزاوی هەڵەبجە پارچە شێعرێکم بە زمانی کورمانجی هۆنیوەتەوە کە لە جێگایەکی تر چاپ دەکرێت. ئەو پارچە شێعرەش کە شاعیری کوردی نیشتمانمان بەڕێز کیان ڕەبانی دیرانلوو لە شاری بجنووردەوە نووسیبوویان خوێنرایەوە. (ئەسڵی نووسراوەی بەڕێز دیرانلوو لە لاپەڕەی ٤٤۳ کۆ کراوەتەوە.)

٥۰- ئێسفەراین- مەنووچێهر فەڕووخی- ٦٨/١/٢۰

برامان بەڕێز فەڕووخی لە شارستانی جوانی ئێسبفەراین بە خەتی بەڕێز کەلیموڵلای تەوەحۆدی وێڕای سڵاو و ڕێز و دوعای خەیر ئاسەواری بەڕێزتان لە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئێران بە تایبەت هەرێمی قارەمانپەروەری خوراسان لە کتێبخانەی کشتی ئەسفەراین کەوتە بەر دەستم و خوێندمەوە. بێ‌هیچ پێدا هەڵاگووتنێک هەوڵ و تێکۆشانی تۆ برای هێژای کورمانجی شیاوی ڕێزلێنان و جێگەی سپاسە. لە خوای مەزن داواکارم کە خزمەتەکانی ئێوە کە هەتا هەتایی و نەمرن بۆ هەمیشە و سینە بە سینە ببێتە نموونە بۆ کەسانی نیشتمان پەرەست و ئەوانەی کە ئێرانی بوونیان بۆ ئەوان جێگەی شانازیە. بە هیوای ئەو ڕۆژە.

٥١- جارێکی تر هاوارێک لە کوردستان، لە هەڵەبجە، لە نیشتمانی سوور خەڵاتی خۆشەویستان بێ‌تاوانان.

سەقز- ٦٨/١/٢٦- برای شاعیر و نووسەرمان بەڕێز **عومەری فارۆقی** لە دووهەمین نامەی خۆیدا نووسیویە: مامۆستای لێکۆڵەر و زانا و برای مێهرەبان بەڕێز ئاغای تەوەحۆدی.

بە سلاوی دووبارە لە کوردستانی چەوساوە و لە خوێن گەوزاو و لانکی شەهیدانی هەڵەبجە و سەید سادق و سیروان و خورماڵ و بیارە و ئەم هەرێمە کەنارا و کوێستانیە کە ئێستا کۆمەڵێک لە عەرەبەکانی نەان و بیرتەسکبە ڕێبەرایەتی هیتلێری سەردەم واتە سەددامی دڕندە ئەیانهەوێ دەست بکەن بە عەرەب کردنی و بە زوویی دەنگی ترسێنەری تەقینەوەی لە شاری جوانی قەلادزێ هەروەکوو تەقینەوەی هەڵەبجە دەبیسن وێ کولەخۆرانی بیابانی مسری و سوودانی لەوێدا دەبینن کە نیشتمانی کوردستان پێشێل دەکەن. چی بڵێم، بە قسەی فێردەوسی بە ناوبانگ:

لە خواردنی شیری وشتر و سووسمار عەرەب بەو جێگایە گەیشتووە... بەرگی سێهەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسانم موتالا کرد. بە داخەوە لە جیاتی ئەوەی نامەکەم بە سپاس و پیرۆزبایی دەست پێ بکەم بە بۆنە خولقاندنی ئاسەورێکی وەها لە مێژووی کورد نامەکەم بە ئاه و نالە و ڕۆژڕەشی براکانمان لە کوردستانی عێراق دەست پێ دەکەم و بیر و زەینتان داخدار دەکەم، بەلام چ بکەم تا بووە و هەیە بەشی کورد هەر مەینەت بووە و دەبێ. ئێستاش بە شایەتی ئەو بەڵگە جێ باوەڕانەی کە دیاریتان کردووە هەمووکەس دەزانن کە زنجیرە حکوومەتەکانی سەفەویە و ئەفشار و تەنانەت برایانی هاو زمان و هاوڕەگەزی زەند و دواتریش نیشتمانفرۆشانی سەرشۆڕی قاجارچییان بە سەر ئێمەدا هێناوە. نازانم ئایا لە گۆڤاری سروە وتارەکەی منتان لە ژێر ناوی «حەسەن سوڵتان هەورام و فەرهاد میرزای موعتەمێدولدە وڵە» مامی ناسرەددین شا خوێندوەتەوە یان نا؟

لە وتارەدا بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی مێژوویی هاتووە کە ناسرەددین شا کەسێکی نیشتمانفرۆش و بە کرێگیراوی ئێستێعماری بریتانیا بووە کە بە بەڕێوە بردنی پیلانی بریتانیایەکان بە سەردەمی دەسەلاتەکانی کۆنی عەشیرەتەکان کە

پشتیوانیکی خۆڕاگر بۆ پاراستن و سەر بە خۆیی ئێران لەوێدا خەریکی عیش و نۆش بن و لە ژێر سایەی گەرم و نەرمی شۆخ و شەنگەکانی ئۆرووپا ئێران بە دوو دەستەوە پێشکەشی بریتانیای مەزن و ڕێوی فێڵبازی جیهان بکەن.

هەر لەم پەیوەندیەدا بوو کە لە سنەش کە لە ژێر دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵان بوو و پێشینەی هەزار ساڵ میرنشینیان بوو کۆتایی هات و بە دانانی مامی خۆی فەرهاد میرزا بە ناوی حکوومەتی کوردستان دەستی کرد بە تاڵان کردنی ئەو هەرێمە. هەر بەو شێوەیە عەشیرەتی کوردی گەڵواخی کە لە نێوان دیواندەرە و سنە نیشتەجێ بوون بە یارمەتی فرۆکەکانی شەڕکەری بریتانیا و بە یارمەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاخرەکانی سەردەمی قاجار سەرکوت کران. پەیوەندی دەوڵەتی قاجار و تورکەکانی عوسمانی بووە هۆی ڕووخانی پاشای ڕەواندز کە حکوومەتەکانی کوردی باکووری خوراسان لەوانە قووچان و بیجنووردیش لەم پیلانەی بریتانیا ڕزگاریان نەبوو و لە ناو چوون. بە هەر حاڵ هەر ڕۆژە ئیستێعمار بۆ ئێمە پیلانێکی نوێ بۆ ئێمە دادەڕێژێت و بە ڕێوەی دەبات ئەم ڕۆژانەش نۆرەی هەڵەبجە بوو کە کرایە قوربانی و تا بزانین سبەی نۆرەی کێیە؟ ئێستاش لە یادی کارەساتی تاڵی هەڵەبجە و تورکیە و کۆمەڵکوژی خەڵک و کاولکاری گوندە کوردنشینەکان و لە ناو بردنی نەتەوەی کورد لە سەر ڕووی جیهان پارچە شێعرێکم هۆنیوەتەوە کە هیوادارم لە جێگای خۆیدا کە بەرگی چوارەمی کتێبەکەی ئێوەیە چاپ و بڵاو بکرێتەوە تا ئەم کارەساتە مێژووییانە لە بیر نەچنەوە و بگاتە منداڵانی داهاتووی کورد و ئەوان لەگەڵ کێشەکانی باپیرانیان ئاشنا بکات و... ئیرادەتمەندی ئێوە عومەر فارۆقی.

بەڕێز فارۆقی نامەیەکی تێر و تەسەل و پڕ لە دەردە دڵ لە ڕێکەوتی ٧٠/١/١٥ بۆم ناردووە و بسی ئاوارە بوونەکان و ڕۆژە ڕەشەکانی خۆشکان و برایانی کوردی عێراقیمانیان کردووە کە چۆن لە نێو بەرف و بۆران و سەرما بە دەست زوڵم و زۆری سەددام کە هەموو شارەکان و گوندەکانیانی بۆردوومان کردبوو و ئەوانی ئاوارەی ئێران و تورکیە کردبوو و لە تورکیەدا بە چ شێوەیەکی نامرۆڤانە لەگەڵیان

هەڵسوکەوت کرابوو، ئەم نامەیە زور دڵتەزێن و خەمناک بوو و من بە بۆنەی ئەو بەرپرسیاریە نیە کە لەم پەیوەندیەدا هەمە وێڕای داوای لیبووردن لە ئێوە خۆشەویستان ئەو نامەیە لێرە بە تەواوی دەگێڕمەوە کە نووسیویانە: بە ناوی خوا- ۱۳۷۰/۱/۱۵ نامەیەکی ئاوەلا بۆ شاعیران، نووسەران، ڕۆژنامەنووسان و ئەدیبەکانی ئێرانی. بە سلاوێک وەکوو بۆنی خۆشی ئاشنایی، ئەگەر ئەوەی کە بۆ ئێوە دەیلێم بهێنیمە سەر کاغەز نە تەنیا دەبێتە مەسنەوی هەفتاد مەن بەڵکوو دەبێتە سەد مەن. بەلام لە وتار و دەرفەتە دەرفەتی ئەوە نیە. کەوا بوو بە ئاماژەیەکی بچووک ویژدانی بەرپرسان دەکەمە داوەر و لە قەڵەمی مەزنتان یارمەتی دەخوازم و هاوار دەکەم:

ئەی مرۆڤەکان، ئەی مرۆڤەکانی سەروەری گیانداران، ئەی هاونیشتمانانی دەروونپاک. من کوردم و هاونیشتمان و هاوڕەگەزی ئێوە. سەردەمانێک دیاکۆی ماد بووم. ڕۆژگارێک مۆوەبدی مۆوەبدان و سنوورپارێزی ساسان. ئەو کات بوومە ئەبوو موسلیم لە خوراسان و سەلاحەددینی ئەیووبی لە بەیتولموقەددەس و گرتنی فەلەستین. سەرەنجام لە .مامەڵەکانی سیاسی بە دەستی ئیمپریالیسمی جیهانی لەت لەت کرام و هەر بەشێک لە جەستەک کەوتە شوێنێک. ئەگەرچی من جەستەی ئێران بووم و هەم بەلامی بە هۆی بەدشانسی و پیلانگێڕی ئەمپریالیسم و تەنانەت خەیانەت یان نەزانی ڕێبەرەکان بوومە دیلی دەست عەرەبەکان و تورکەکان بەلام بە من بلێن ئێوە بۆ من کە کوردستان و بەشێک لە ئێرانم چیتان کردووە؟ سەردەمێک ئاتاتورک لە تورکیە زمانی لە دەمم دەرهێنا و مندالانی لە زکی دایکان بە نووکە ڕمبی سەربازان ڕژاندە سەرزەمی و مالمی ئاگر تێبەر دا و ئاوارەی شاخ و بیابانمی کرد و برای ئەو ڕەزاخانی قەزاق لە ئێران جلوبەرگی منی دەرهێنا و کلاوی نویخوازی کردە سەرم و لە هەموو شوێنێک منی دایە بەر قامچی حکوومەتی نیزامی و جەستەی خۆشەویستانمی بە سێدارەوە هەڵواسی لە عێراقدا، بریتانیای مەزن و داگیرکەری پیر، ڕێبەرم شێخ مەحموودی بەرزنجی بە دیل گرت و بۆ هێندووستان دووری خستەوە و بەندیخانەکانی عێراقی پڕ کرد لە ئازادیخوازانم

و خەیریەکان و لەیلاکانی لە من سەند و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لێیان ئەستاند و...

بەڵام ئێستا کە سەددام حوسەینی خوێنمژ دەستی هەموو جەنایەتکارانی مێژووی لە پشتەوە بەستووە ڕۆحی چەنگیز و تەیموور و شمر و یەزیدی لە خۆی شادمان کردووە و ئێوە بە چاوی بازەوە کارەساتی مەینەتباری من دەبینن و بۆردوومانەکانی هەڵەبجە و بیارە و سیروان و شوێنەکانی تر دەبینن و جەستەی نیوە سووتاوی منداڵانم لە کوردستانی عێراق دەبینن بۆ من چیتان کردووە و چی دەکەن؟ ئێستا مە لە نێو بەف و سەرما و بۆران لە چیاکانی سنووری ئێران و عێراق ئاوارە ماوم و منداڵانم ڕەق هەڵدەگەڕێن و هەر ڕۆژ سەدان کەسیان لە ژێر قوڕ و بەرف دەنێژم و ئێوەش لە تەلەڤیزیۆنەوە مەینەتیەکانی من دەبینن و تەنانەت ڕۆژئاواییەکان کە چەکی کیمیاویەن بە سەددام داوە بۆم دەگرین ئێوە بۆ من چیتان کردووە؟ ئایا من مافی ئەوەم نیە لە ئێوە پرسیار بکەم کە بە چ هۆیەک زۆرتر لە نیو سەدەیە کە منتان لە بیر چووەتەوە و تەنانەت پارچە هۆنراوەیەکتان بۆ ڕۆژڕەشی و چەوساوەیی من نەهۆنیوەتەوە و قەڵەمێک و هەنگاوێکتان بو دەربڕینی ڕەنجەکانم هەڵنەگرتووە؟ ئێوە کە بە بۆنەی سووتانی پەپوولەیەک لە دەور مۆمێک یانناڵەی بولبولێم لەسەر چڵی گوڵێک سەدان دیوان و شێعر و وتارتان نووسیوە و سەدان خاروار کاغەزتان ڕەش کردووەتەوە بۆچی تەنیا لاپەڕەکتان بۆ من و بۆ خۆشەویستانی لە دەست چووم نەنووسیوە و تاقە دێڕێکتان لە شین‌گێڕان و ڕۆژڕەشیم نەهۆنیوەتەوە و نەنووسیوە؟

ئێستا ئێوە ئەی شاعیران و بێژەران و ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و ئەدیبانی ئێرانی هاونیشتمانم، ئەگەر ئێوە لە دادگای مێژوو دادگایی بکرێن، چی وڵام ئەدەنەوە؟

ئێوە دیتان ئەو ژنە لاوەی کە دوای بە دونیا هاتنی منداڵەکەی لاقی منداڵەکەی گرت و هاویشتیە نێو ڕووباری بە گرمە و لرفە و وتی: بڕۆ ئەی خۆشەویستی من، بڕۆ ئەی جگەرگۆشەم لە ئاوەکانی سەرد و پڕ جۆش و خرۆش

بێدەنگ و سەرد بە تا وەکوو منی بەدبەخت و ئاوارە سەر لێشواو و پەرێشان نەبی!!

بەڵێ خۆشەویستان منیش وەکوو ئێوە بۆ کوردستانی خۆشەویست کارێکم ئەنجام نەداوە، بەڵام ئێستا کە ئەژنۆی خەمباریم بە سینگەوە ناوە و شین‌گێڕی خۆشەویستانم دەکەم، چاوەڕوانیم لە ئێوە ئەوەیە بە قەڵەمتان، بە هۆنراوەتان، بە سروودتان سەرەخۆشی لە من و لە خۆشەویستانی لە دەست چووم بکەن و بینە مەرهەمێک بۆ سارێژ بوونەوەی برینەکانم. سەقز. برتان فارۆقی

٥٢- فەرانسە- پاریس- بەڕێز دوکتۆر عەبدوللا مەردۆخ ١٩٨٨/١٢/٣٠-

بەڕێیز دوکتۆر مەردۆخ کە یەکێک لە لێکۆڵەرانی کورد لە دەرەوەی وڵاتە نامەیەکیان بە خەتی جوانی خۆیان لە فەرانسەوە بۆ من لە دوو نۆرە نووسیوە و ناردوویانە کە بە جێگەی داخم زانی کە خوێنەرانی نامە جوانەکەیان خرایە بەرچاو. بەڵام بە داخەوە کە بەڕێزیان بەڵێنی خۆیانی بە جێ نەهێنا و ئەو کتێبانە کە فەرموووبوویان بە زەحمەتێکی زۆر بۆیانم دابین کرد و ناردم و چەند نامەشم نووسی کە لانی کەم ڕابگەینن کە گەشتووەتە دەستیان بەڵام هیچ خەبەرێک نەبوو. بەڵام بەڕێز دوکتۆر پاپۆلی کە لە فەرانسەوە هاتبوون فەرموویان کە کتێبەکان گەیشتووەتە دەستیان. ئەم هەڵسوکەوتەی بەڕێزیان دڵی منی ئێشاند. بەڕێزیان لە نامەی یەکەم لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٨/١٢ فەرموویانە: «زانای بەڕێز جەنابی ئاغای تەوەحۆدی ئۆغازی... ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ نووسراوە پڕ بایەخەکانی ئێوەدا ئاشنام. ئێستاش بۆ کۆکردنەوەی کتێبێکی گرینگ دەربارەی «مێژووناسی کوردی» پێویستیەکی خێزرام بە ئاسەواری ئێوە لەمەڕ مێژووی کوردانی خوراسان هەیە، مخابن هەموو پشکنین و گەڕانێکی من بۆ دۆزینەوەی ئەو کتێبانە لە ئورووپا ئاکامێکی نەبوو. تکایە ئەگەر بۆتان دەکرێ هەر دوو بەرگی ئاسەواری خۆتان بۆم بنێرن...» و لە نامەی دووهەم کە دەقی ئەوەتان بینی لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/١٢/٣٠ نووسیویانە: «ئێوە وەکوو مێژوونووسێک لە کوردەکانی خوراسان بۆ خوێنەرانی کورد خاوەنی گرینگیەکی زۆرن، بە تایبەت ئاسەواری ئێوە لە مێژووی کوردەکانی خوراسان جێگای خۆی هەیە.

هەروەها ناونیشانی یەکەمی ئێوەم لە [بەڕێز دوکتۆر پاپۆلی یەزدی] یەکێک لە

ماموٚستایانی زانکوٚی مەشهەد وەرگرت... دووهەمین ناونیشانی ئێوەشم لە هاوڕێ هێژام بەڕێز سەید موحەممەد سەمەدی وەرگرت. بوٚ زانیاریتان ڕادەگەینم کە لەم دوایانەدا لەلایەن بەڕێز تیوٚکرمان کە زمانناسی ناوداری ڕووسە کتێبێک دەربارەی زمانی کوردەکانی خوراسان لە ژێر ناوی... [بڕوانتە دەقی لاتین] بلاو کراوەتەوە. ئەوەی کە گرینگە ناوڕوٚکی ڕووداوەکان و چیروٚکەکانی ئەم کتێبەیە کە ئێوەیان هاوڕێیانتان دەتوانن وەریانبگێڕنەوە، ئەم دەقانە بە خەتی لاتینی نووسراون.»

بە هەر حالّ منیش چاوەڕێ بووم کە بەرگی سێهەم لە کتێبی کوٚچی مێژوویی کورد بوٚ خوراسان لە ژێر چاپ بێتە دەرەوە تا بوٚیان بنێرم.

سەرەنجام ئەم ئەرکە گرینگە کوٚتایی هات و دەورەیەک لە کتێبەکانی خوٚم و دەورەیەک لە کتێبەکانی بەڕێز میرینام بوٚیان لە ڕێکەوتی ٦٧/١٢/٣ بە ڕێگەی پوٚست بوٚ پاریس نارد. بەلاّم ئێستا هەرچی من و بەڕێز سەید موحەممەد سەمەدی نامە دەنووسین کە ئاغای دوکتوٚر لانی کەم ئەگەر کتێبەکان گەیشتووتە دەستتان بە ئێمەی ڕابگەینن ولاّم نادەنەوە. ئەم بێڕێزیەی جەنابیان بووە هوٚی ئەوەی کە بوٚ یەکێک لە زانایانی کوردی خەلّکی ئوکراین کە یەکێک لە کوٚمارەکانی پێشووی سوٚڤیەتە و کتێبەکەمیان بە مەبەستی لێکوٚلّینەوە داوا کردبوو کتێبەکەم نەنێرم. چونکە وتم مەگەر من مەلا نەسرەدینم کە هەم کتێب بکڕم و هەم خەرجی پوٚست کردنەکەی بدەم. بەڕێزیان پێ زوٚرە ڕابگەینێت کە گەیشتووەتە دەستم؟

٥٣- قووچان- نامەیەک بێڕێکەوت لەلایەن برای پڕ لە هەستمان بەڕێز مەهدی شوجاع دەروونگەری. ئەم برامانە بە دوای هەوالّپرسی نووسیویانە، داواکارم دەقی سەرەکی نامەکەم بخوێننەوە. هەلّبەت من دوو جار نامەکەم خوێندەوە، بەلاّم نامەکە لە چوار لاپەڕەدا بە کاغەزی گەورە نووسرابوو کە زوٚربەی مەسەلەی شەخسی و پەیوەندی بە خوٚیانەوە بوو. ئەو شتەی کە بووە هوٚی گلەیی بەڕێزیان ئەمە بوو کە بوٚچی لە شەڕی دەروونگەر کە لە نێوان جەجوو و ئەو یاخیانە کە لەلایەن ڕووسەکان پشتیوانی دەکران و لەودا عەلی ئەکبەر پەهلەوان موجریگی کوژرا نووسیومە دەروونگەریەکان ساویلکە بوون... باسێکی تر ئەوەیە کە خوالێخوٚشبوو سارم

دەرگەزی کە هەر ئەو میرزا مەحموود خانە لە سەیدەکانی ئەو مەڵبەندەیە، بە هۆی ئەوەیکە ویستوویەتی بەشێک لە زەوینەکانی دەروونگەریەکان بە زۆر داگیر بکات و خوالێخۆشبوو قوربان نادری کە کەسایەتیەکی بە وتەی بەڕێزیان چالاک و خەڵکی و باش بووە لە بەرانبەریان ڕاوەستاوە و لە ئاکامدا بە دەستی پیاوانی سارم بە تەوەر کوژراوە و هەتا ئەو ڕۆژەی خوالێخۆشبوو قوربان موحەممەد نادری زیندوو بوو هیچ کەس نەیدەوێرا تەریاک یان تەنانەت جگەرە بکێشێت و...

ئەمنیش دەڵێم، خوا باومی ئەم کەسانە بخاتە بەر دلۆڤانی خۆی کە ڕۆیشتن و نەیاندی کە دەروونگهر کەوتۆتە چ حاڵ و ڕۆژێک. من خۆم لە ساڵی ۱۳٦٦ ڕۆیشتم بۆ گوندی موحەممەد تەقی بەگ کە بەڕێزیان ئاماژەیان پێ کرد و شەوم لە ماڵی بەڕێز موحەممەد موحەممەدزادە ڕابوارد بە داخەوە بەڕێزیان لە کاتی شەودا دەرگای ماڵەکەیان قفڵ کرد و کاتێک من هۆکاری ئەم کارەم پرسی وتیان کە هەر هەموو ۳۵۰ بنەماڵەی دوچاری چارەنووسی ئەوان نەبین دەرگای حەوشەکە قفڵ دەکەم و...

ئەمە بووە هۆی خەمباری من و هاوڕێیانم. هیوادارم بە دوای هەوڵ و تێکۆشانی برایانی سپای پاسداران و هیزی ئینتیزامی کە لە گەلاڵەی وەلعادیات بە کاری دەهێنن. ئەم گوند نشینانە بەڕێزانەمان کە ژیانیان کەوتووە تە مەترسی لە ناوچوون ئەم عادەتە تەرک بکە و بگەڕێنەوە بۆ تێکۆشان و کار و چالاکی و داهێنانی خۆیان.

هەروەها بەڕێز شوجاع نووسیبوویان کە براکەی بە ناوی کیانووش لە بەرەکانی شەڕی داسەپا و دژی عێراق شەهید کراوە کە ئێمە و هەموو خوێنەران سلاو دەنێرین بۆ ڕۆحی شەهیدانی خۆشەویستمان کە لە بەرەکانی شەڕی داسەپاو شەهید کران و هیواداریـن خوای مەزن ئەوان غەرقی دەریای ڕەحمەتی خۆی بکات و سەبر و خۆڕاگری بداتە کەس و کار و بنەماڵەکانیان.

٥٤- **تاران ٢٨/١٠/٦٧**- برای زانا و نووسەری کورد بەڕێز **سەدیق سەفیزادەی بۆرکەیی** کە زۆر ئاسەواری بە نرخیان چاپ و بلاو کردووەتەوە ڕوو لە من فەرموویانە:

شتێک کە دەبێ بیڵێم ئەوەیە کە جێگای سەرسووڕمانە کە لەم سێ بەرگ کتێبەی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان یادێکتان لە ئەبوو موسلیم خوراسانی نەکردووە نازانم بۆچی؟

ئەبوو موسلیم خوراسانی ناوی بێهزادان کوڕی وەنداد هورمۆز لە تۆرمەی گوودەرزی کوردە. لە ساڵی ٩٨ی کۆچی مانگی لە گوندی فەندین سەر بە مەڵبەندی مەرڤ [لە خوراسانی گەورە] لە دایکبوو و لە سەردەمی لاوەتی سەرەتا لە خزمەتی ئیمام عەبباس کاری پێ سپێردراو لەلایەن ئەوەوە کرایە بەڕێوەبەری بڵاوکردنەوەی ئەرکی سەرشانی خۆی و لەوێدا لەشکەرێکی کۆکردەوە و لە ساڵی ١٣١ی کۆچی مانگی دەستی بە سەر خوراساندا گرت و سەرەنجام زنجیرەی بەنی ئومەییەی لە ناو برد و خۆی لە ساڵی ١٣٧ی کۆچی مانگی بە دەست دەوانیقی خەلیفەی عەبباسی بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوژرا و تەرمەکەی خرایە ناو ڕووباری دیجلە کە هەموو دەیزانین و...

ئەبوو دەلامە شاعیری عەرەب کە لە دەرباری مەنسوور خزمەتی دەکرد سەبارەت بەو هۆنراوەیەکی وتووە و بە هۆی ئەوەیکە ئەبوو موسلیم کورد بووە گاڵتەی پێ کردووە: واتە ئەی ئەبوو موجریم (ئەبوو موسلیم ئایا خوای گەورە ئەو شتەی کە بە بەندە خۆی بەخشیوە و مەنسووری کردووەتە ڕێبەر و گەورەیی پێداوە دەتوانی لە ناوی ببەی؟ تۆ لە سەردەمی مەنسوور ویستت خەیانەت بکەی و باوکانی کوردی تۆش هەر بەو شێوەیە ناپاک بوون بە پێ وتەی ئەبوو دەلامە و نووسراوەکانی مێژوونووسان ئەبوو موسلیمی خوراسانی کورد بووە و وەها دەردەکەوێت کە کوردەکان لە سەرەتاکانی ئیسلام و پێش ئیسلام لە خوراسان ژیاون.

١. هەڵبەت ڕوانگەی بەڕێز حاج شێخ عەزیروڵڵا حەمزەکانلوو قووچانی کە لە گەورەترین زانایان و خوراسان ناسانە و بە حەق ناسر خەسرەوی سەردەمی خۆیە ئەم بۆ چوونە بە هێنانەوەی بەڵگە دەسەلمێنێت. هیوادارم کتێبی خوراسانی گەورەی ئەوان هەرچی زووتر چاپ و بڵاو بکرێتەوە تا ئێمە لە توێژینەوەکانی بەرین و بە نرخیان کە بەڵگەی باوەڕ پێکراویان لە گەڵە بەهرەمەند بین، ئەو کات ڕوون

دەبێتەوە کە چی بە سەر کوردەکانی سەردەمی ساسانی کە سنوورەکانی خوراسانیان دوای بەهرامی چووبین دەپاراست هات؟ هەروا کە مێژووناسان نووسیویانە عەشیرەتەکانی شوانکارە بازرنگی کە [بەختیاریەکانی ئێستا لە نەوەکانی ئەوانن] لە مەڵبەندی فارس خەریکی ئاژەڵداری و شوانی بوون و ئەردەشیری بابەکان کە زنجیرەی دەسەڵاتی ساسانی بە دیهێنا. لە عەشیرەتی کوردی بازرنگی بووە[٢٢٨] و شک لەوەدا نیە کە کوردەکانیش لە مێژە لە خوراسان ژیاون و ئەبوو موسلیم لە نێو ئەواندا گەشەی کردووە، بەو هیوایە کە لەم پەیوەندیە لێکۆڵینەوەی زۆرتر بکەن.

تەوەری دووهەم کە شیاوی گوتنە ئەوەیە یەکێک لە شاعیرانی سەدەی دوازدەهەم بە ناوی ئەلماس خان کورد کەندوولەای (١١٨- ١٩١ کۆچی) هەلبەستێکی هەیە بە ناوی نادرنامە کە سەرکەوتنەکان و شەڕەکانی نادرشای لەودا هۆنیوەتەوە. ئەڵماس خان خۆی یەکێک لە سەردارانی نادر بووە و لە شەڕی نادر لەگەڵ تۆپاڵ شا ڕێبەرایەتی چەند لەشکەری لە ئەستۆ بووە. کاتێک هەواڵی کوژرانی نادری لە شەڕ لەگەڵ عوسمانی بیست ئەویش بە ناچار گۆڕەپانی شەڕی بە جێ هێشت و بەرەو ئێران پاشەکشەی کرد. نادریش کە بۆ یارمەتیدانی ئەڵماس خان هاتبوو چونکە زانی کە ئەڵماس خان پاشەکشەی کردووە ڕێگەی بەغدای گرتە بەر و ئەو شارەی داگیر کرد کاتێک هەواڵی سەرکەوتنی نادر گەیشتە ئەڵماس خان جارێکی تر گەڕایەوە بۆ لای نادرشا و داوای لێ کرد بیبەخشێ و دەست لە کارکێشانی خۆی ڕاگەیاند. نادریش ئەو داواکاریەی ئەوی قەبووڵ کرد و ئەم گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی کەندوولە لە نزیکی کرماشان و چەند ئاسەواری بە نرخی کۆ کردەوە کە یەکێک لەوانە نادرنامەیە ئەڵماس خان لەم ئاسەوارەی خۆی لە بەشداری چالاک و بەرینی کوردەکانی خوراسان لە شەڕ لەگەڵ تۆپاڵ پاشا قسە دەکات و دەڵێت:

---

[228]- ڕوانگەی خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەشید یاسمی لە کتێبی مێژووی ڕیشەی ڕەگەزی کورد ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت.

لە قسەکانی ئەو وا دەردەکەوێت که لەشکەرەکانی قووچان و کەلاتی نادری لەم شەڕانە بەشداری چالاکسان هەبووە.

هەرچەند کە تەنیا ناوی عەشیرەتی عەمادلووی هێناوە، بەڵام لە شوێنەکانی تر لە عەشیرەتەکانی تری کوردی خوراسانیش ناو دەبات و باسی ئەوانیش دەکات. حوسەین حوزنی موکریانی مێژوونووسی بە ناوبانگی کوردیش لە کتێبی «کورد و نادرشا»ی خۆی هێناویە کە ئەگەر کوردەکانی خوراسان نەبوون نادر هیچ کات ناگەیشتە سەرکەوتن و دەسەڵاتداری و...»

بەڕێز بۆرەکەیی فەرموویانە: ئەم کتێبەم لە سەردەمی مێر منداڵی کاتێک کە لە عێراق خەریکی خوێندن بووم خوێندووەتەوە ئەگەر ئەو کتێبەتان نیە بۆتانی بنێرم. منیش وتم: چاکە و پرسیار؟ لە کار خێر پێویستی بە فاڵ گرتنەوە نیە. بەخشین دەبێ بە تەواوی بکرێت.

٥٥- شیروان- هۆنراوەی سەرەوە لەلایەن برای هەست ناسکمان بەڕێز ڕەمەزان سەییاح جەلالی لە مامۆستایانی پەروەردە و فێر کردنی شیروان و مامۆستای وانەکانی جوگرافی و مێژوو بۆ تام و چێژی نامە جوانەکەیان نووسیویانە کە وەرگێڕانەکەی بەم شێوەیە:

مەرزێ گازێ[229]، مەرزێ گازێ دەنویسم لە کار غازێ
دەشینمە سەر ئەغازێ[230] مینێ «کەلیم» چی دەخازێ

229- گاز: بەرزایی. هەوراز. دوندی چیا کە پێچەوانەکەی دەبێتە «نال» واتە ژێردەستە. خوار. ئەم وشانە لە نێو خەڵکی لاین و جەلالی بەم واتایانە دەگوترێت. لە شوێنەکانی تری کورمانجنشین نەختێک جیاوازی لە واتاکان هەیە.

230- ئوغاز کە هەمان ئەبقاز، ئابقاز دێتە ئەژمار گوندی شوێنی لە دایک بوونی نووسەری کتێبەکەیە و دەبێتە ناوەندی عەشیرەتی کیکانلوو شارەدێ سیوکانلووە. من لە بەرگی یەکەمدا نووسیبووم کە ڕەنگە وشەی «ئوغاز» لە «ئوغوز» ناوی سەرۆک خێڵی تورکانی «غوز» گیراوە کە هێشتا لە قسە

ئـەی بـەرزایی چیـا، بـەرزایی چیـا   ئەوەی لەدڵم دێتەدەر لەسەر کاغەزدەینووسم

ئـەو دەنێـرم بـۆ مەڵـبەندی ئۆغـاز   تـا بـزانم و ببیـنم کـەلیم چـی دەوێـت

بەڕێزیان نووسیویانە کە بە دوای موتـاڵای بـەرگی دووهـەم کـە کارەسـاتەکانی مێژوویی جیابوونەوەی مەڵبەندی جوانی فیرووزەی لە خوراسان لە خۆ گرتبوو شـەو و ڕۆژ چاوەڕوانی گەیشتنی بـەرگی سـێهەم بـووم کـە ببیـنم کۆتـایی ئـەم کایـە و چارەنووسە ڕەشە مێژووییە بە کوێ گەیشتووە. بەختەوەرانـە ئـاواتم بـە دی هـات و هەر ئەمڕۆ بەرگی سێهەمی کتێبەکەی ئێـوەم کـڕی، نـازانی چ خۆشـی و هەسـتی خۆشحاڵی بە من دەستی دابوو. لـە خۆشـیان ئـەو شـەوە تـا کـاتژمێر یـەکی دوای نیوەشەو بە خەبەر بوو و هەتا لاپەڕەی ٢٠٠ موتاڵام کرد کە ئیتر چاوم مانـدوو بـوو و من ناچار بووم موتاڵای باقی کتێبە کە بخەمـە ڕۆژی داهـاتوو بـە ڕاسـتی دەسـتان خۆش بێت بۆ نووسینی ئەم کتێبە کـە فەرهـەنگ و هونـەر و مێـژوو و جوغرافیـای ئێمەی لە خۆ گرتووە و زیندووکەرەوەی داب و نـەریتی کورمانجـە. بـەڵام چەنـدێ دێڕێکیش لە پەیوەندی لەگەڵ خێڵ و عەشیرەتی خۆم بۆتان بنووسـم تـا ڕوانگـەی ئێوە چی بێت؟ بە دوای موتاڵای کتێبەکـەی ئێـوە حـەزم کـرد بـزانم کـە لـە کـام عەشیرەتم و کاتێک لەگەڵ دایە گەورەم و بە ساڵاچووانی تر قسەم کـرد دەرکـەوت کە من لە عەشیرەتی کووران لە عەشیرەتی جەلالیم کە لـە فـیرووزە دەرکـراوین و ئێوە لە بەرگی دووهەم و سێهەمی کتێبەکەتان لـە سـەری قسەتان کـردووە. دایـە

نەستەقەکان خەڵک دەڵێن «ئوغوز گووتیە» واتە ئوغوز وتوویە. بەڵام بـە هـۆی بەڵـگەکان و قەباڵـە کۆنەکان کە دوای بلاو کردنەوەی بەرگی یەکەم بە دەست هات دەرکەوت کە ئێرە بە هۆی ئولەنگزار بوون و هەبوونی رووبارەکان و کانیەکان و گۆمەکانی زۆری ئاو جێگەی ژیانی قـاز و سـۆنە و مـراوی بووە، و هەر بەم هۆیەوە بە ئابقاز کە هەمان ئابغـازە ناوبـانگی دەرکـردووە و ئیمـرۆژ خەڵـکی ئۆغـاز دەڵێن. لە دەفتەرەکان و دیوانە حوکمیەکان لەم سالانەی دواییدا «ئوغاز» نووسراوە. کە وشەی «او» هەمان ئاو لە شێوەزاری خوراسانیەکانە، سەرەڕای وشەی «غاز». ئاف غاز= ئابخاز.

گەورەم کە لە دایک بووی فیرووزەیە دەڵێت:

ئێمە بە دوای شۆڕشی کۆمۆنیستی ڕووسیە لە ساڵی ١٩١٧ی زایینی دڕ دونگ بووین کە لە ڕووسیە بمێنین یان بگەڕێینەوە بۆ ئێران زۆربەی خەڵکی فیرووزە (هەروەها کە لە زمانی خوالێخۆشبوو نووسیوتانە) هەر لەم خەیاڵەدا بوون تا ئەوەی کە دیمان ڕۆژێک ڕووسیەکان سێ مریشکیان سەر بڕیوە و لە سەر دەروازەی شاری فیرووزە هەڵیانواسیوە. یەکێک لە مریشکەکان پەڕەکانی پێوە بوو، دووهەمیان نیوەیەک لە پەڕەکانی لێوە کرابوو، سێهەمیان بە تەواوەتی ڕووت کرابوو و پەڕی پێوە نەمابوو. ڕووسەکان خەڵکیان لە گۆڕەپانی فیرووزە کۆ کردەوە و وتیان: هەرکەس دەیهەوێ بڕواتەوە بۆ ئێران وەکوو مریشکی پەڕدار وایە یانی دەتوانێت هەموو سەرمایەی خۆی کە شیاوی ڕاگواستنە لەگەڵ خۆی بیبات و بڕوات. هەرکەس مانگێکی تر بڕوات دەتوانێت وەکوو مریشکی دووهەم نیوەیەک لە دارایی خۆی ببات و ئەوانەی کە شەش مانگی داهاتوو کۆچ بکەن دەبێ وەکوو مریشکی سێهەم ڕووت و قووت هەموو شتێکی خۆیان بە جێ بهێڵن و بڕۆن.

ئەم کارەی ڕووسەکان کە مەترسیەکی سەرەکی بۆ داگیرکردن و تالانکردنی دارایی خەڵک بوو ئێمەی دوچاری ترس و پشلەژان کرد و ناچار بووین دوای ماوەیەک وەکوو مریشکی دووهەم نیوەیەک لە دارایی خۆمان هەڵبگرین و لە فیرووزە کۆچ بکەین و بە ڕێنوێنی بەڕێز حاج دەوڵەت نامانلوویی لە ڕێگای باجگیرانەوە بڕۆین بۆ شیروان و لە کەناری عەشیرەتی کووران کە پێشتر لە فیرووزە دەرکرابوون و لە قوڵجووق (گولجووک) دەژیان نیشتەجێ بووین. هەروەها دایە گەورەم یادێک دەکات لە داری چناری گەورەی فیرووزە کە ئێوە لە لاپەڕەی بەرگی سێهەم ناوتان هێناوە و وێنەی ئەو دارەتان لەگەڵ کچانی جوانی کورمانجی فیرووزە لە بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٤٨٠ چاپتان کردووە و من دەبینم کە هەر کاتێک ناوی ئەم چنارە و سروشتی جوانی فیرووزە دەبات فرمێسک لە چاویدا قەتیس دەمێنێت. ئەو دەڵێت ئەگەر حەوت نەفەر پیاو باوەشیان ئاوەڵا بکردایت و دەستیان بدایە دەستی یەکتر بە سەختی دەستیان دەگەیشتە ناوقەدی ئەم دارە. کەلیمگیان ئێمە

ئێستا لە شیروان لە شارۆچکەی تاڵەقانی دەژین. ئەگەر سەردانێکی ئێمە بکەن زۆر سپاستان دەکەین و دایە گەورەم دەتوانێت لە بیرەوەریەکانی جوانی فیرووزە زۆر چیرۆکی دڵڕفێنتان بۆ بگێڕێتەوە. ئەمنیش وێڕای سپاس لە برای کوردی جەلالیم و دایە گەورەیان هیوادارم بتوانم سەردانیان بکەم و بیرەوەریەکانی دڵڕفێنی فیرووزە لە زمانی بەڕێزیانەوە ببیسم. (بە ئاواتی ئەو ڕۆژە.)

٥٦- تاران- ٦٧/١٢/٦- برای زانا و ئەیب و بیرمەند و نووسەری تێکۆشەری کورد بەڕێز ڕەئووف تەوەکۆلی کە بە هۆی سەفەری زۆر بۆ ناوچە کوردنشینەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و موتلای زۆریان دەربارەی مێژوو لە مێژووی ئێمەدا خاوەنڕا و ئاگادارن و ئەمن هەمیشە لە مێهرەبانی بێکۆتایی بەڕێزیان و مامۆستایانی تری کوردمان بەهرەمەند بووم و دەبم، لە نامەیەکدا بەم شێوەیە مێهرەبانی خۆیان بەرانبەر بە شاگردانیان دەربڕیوە سەر نامەی نامە بە ناوی «الله»

بادی سەبا دەخیلەک واسڵ کە ئەم پەیامە
دەمێکە لێک بڕاوین وەعدەی دوعا و سەلامە

واتە: ئەی بادی سەبا دەستم بە دامانت، ئەم پەیامەم ڕابگەیەنە؛ چۆن ماوەیەکە لە یەکتردا بڕاوین و ئێستا کاتی دوعا و سلاو گەیشتووە.

برای زانا، کاک کەلیموڵڵا تەوەحۆدی! جارێکی تر سلاو. دووبارە بای سەبا لە هەرێمی خوراسان و لە نیشتمانی ئەبوو موسلیمی کوردی خوراسانی و ئەمیر حوسەین خان شوجاعولدەولە و ئازار موحەممەد و جەجووخانەکان و توحفە گوڵەکان، مزگێنیەکەی ئێوە واتە بەرگی سێهەمی کتێبی «کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان»ی بۆ ئێمە هێنا. ماچم کرد و لە سەر سەرم دامنا. جارێکی تر ئافەرین و هەزار ئافەرین بۆ ئێوە، کە ماندوویەتی و بێهیوایی و بێهێزیتان بە کایە گرتووە و هەروەها بەردەوام لە سەمەرەی بیرمەندی و نووسین کە وەکوو بەری داری خوێنی شەهیدانەیە زاری لایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیتان شیرین کردووە و

مێژووی پڕ لە شانازی باپیرانمـان لـە ڕێگـای پارێزگـاری لـە سـنوورەکانی ئێـران و خەباتی ماندوونەناسانە و بەردەوامیان دژی بێداری و داگیرکـەریتان لەسـەر تەوێـڵی مێژوو نەخشاندووە. لە بەرگی سێهەم لە تـالان کـردنی و ڕاو و ڕووتی ئاسەفولدەولـە والی خوراسان و گزیر و نۆکەرەلکانی پەردەتان لاداوە و ئەم حاکمە مەحکوومەتان لە بـەردەم مێـژووی خوراسـان بـە خەڵـک ناسـاندووە و زوڵـم و چەوسـاندنی دژی کوردەکانی تێکۆشەری قووچان و دەرگەزی لە لاپەڕەی ٢٦٥ و بەدیل گـرتنی بـاس کردووە. بە خوێندنەوە لاپەڕی ٢٧٨ و وڵامدانەوەی لاوازی دەسەڵاتدارانی بێعـەقڵ و چاونەکراوەی سەردەمی قاجاڕ لە بەرانبەر وەها کارەسـاتێک زۆرتـر ئاگـادار بـووم. بەشێک لە ئاوازی «بولبولی بەیانی» هۆنراوەی خوالێخۆشبوو مەلەکولشوعەرای بەهار کوردی دوبنەلی کە لە سەردەمی ڕەزاخانی پەهلەوی هۆنیویەتەوە وە بیرم هات لـەو جێگایەدا کەوتوویەتی:

بولبولی بەیانی دەست بە خاڵە داخ و کەسەری من نویٚ کـەرەوە زوڵـمی زاڵـم زەختی ڕاوچی، هێلانەتی کردە وێران

تۆ برای بەڕێزم کەلیمولڵا، بولبولی بەیانی ئێمـە، بـە وتـنی ڕاسـتیەکانی تـاڵ و ستەمێک کە لەلایەن ناجوامێران بـە دژی کوردەکـانی هـەرێمی خوراسـان کـراوە، کوڵی دڵمت تازە کردەوە و بـە هـۆی ڕووداوی بەخـشینی شـارەدیٚ کوردنـشین و جوانی فیرووزە بە دەستی ناسرەددین شای قاجاڕ بە ڕووسـەکان (لاپـەڕەی ١٠٦) و کوژرانی سەردار ئەرەس موحەممەد (ئاراز موحەممەد) جەلالی (لاپـەڕەی ٢٣٩)، لـە سێدارە درانی حەسەن و بەگ موحەممەد (لاپـەڕەی ٢٤٥)، کـوژرانی جـەجووخان (لاپەڕەی ٤١٧) و گوللەباران کردنی کوڕەکەی (قەدەم یار) لاپەڕەی ٤٢٩ کە هـەموو ئامانە بە دەستی ڕووسەکان ئەنجام دا، داخی منت تـازە کـردەوە و تـازەترت کـرد و ڕق و قینت بەرانبەر بە چەوسێنەران و داگیرکەران زۆرتر کرد لە لایـەکی تـرەوە بـە هۆی گیانبازی و حەماسە خولقانـدنی شـەهیدانی نـاوبراو و شـەڕەکانی شـێرەژنێک وەکوو توحفە گوڵ لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووسەکانی داگیرکەر (لاپەڕەی ٢٤٣) کە بە پێشکەش کردنی خوێنی پاکیان جیهانێکی پڕ لە شانازییان بۆ مێژوویی پـڕ لـە

کارەساتی کوردستان خولقاند. زامی دڵم نەختێک سارێژ بوو.

شتێکی تر ئەوە کە هاواری لاوێکی کورد کە دەزگیرانەکەیان بە دیلی بردبوو (لاپەڕەی ٢٨١) و ناڵەی و هەڵاتنی و ڕوو لە شاخ و بیابان کردنی چیرۆکی خامباری فەرهاد و لە ئەوینی شیرین، وامێق لە دووری عوزرا و مەجنوون لە دووری لەیلی و مەمە لە غەمی زین لە شاکاری کوردی ئەحمەدی خانی و بیرم هێنایەوە. بە کورتی دەبێ بڵێم، کەلیمگیان کتێبی ئێوە کاتێک خوێنەر وەگریان دەخات، کاتێک دەیخاتە پێکەنین و هێندێ کات هەستی دەبزوێنێت و تووڕەی دەکات. تۆ بە خولقاندنی ئەم شاکارە فەرهەنگیەت ڕابردووی پڕ لە شانازی هەزاران کوردی خوراسان، گیلان، مازەندەران، سیستان و بەلووچێستان و پاکستان و هیندووستانت لە نەمان و لە نێو چوون ڕزگار کردووە و بە هەموو کەس ناساندووە.

ئامۆژگاری زانایانەت بۆ کچێکی کورد لە ژێر ناوی خانگێ من کورمانج لە لاپەڕەی ٤٦٥ بۆ پاراستنی جلوبەرگ و داب و نەریت و ڕێوڕەسمی فەرهەنگی چەندین هەزار ساڵەی بە جێماو لە باپیران و پارێزگاری لەو ئامۆژگاریەکە کە هەرکەس بە پێ پابەند بوونی خۆی بە ئاریایی بوون و شەرافەتی نەتەوەیی خۆی بە هەر کوێ جیهان کە هەیە دەبێ بە کاری ببات و بیکاتە گۆوارە لە گوێ خۆیدا.

تەوەحۆدی عەزیز، سەبارەت بە ئەم کارە گەورەیەت هەرچی بڵێم کەمم وتووە و نەمتوانیوە مافی شیاوی خۆت پێشکەش بکەم. دەستت خۆش بێت و خوای مەزن هەمیشە یار و هاوڕێت بێت ئامین. هاوڕێتان موحەممەد ڕەئووف تەوەکولی بانەیی. لە کۆتاییدا یەک دوو هەڵەی چاپیتان پێ ڕادەگەینم. لاپەڕەی ٤٢. چوار دێڕ بە ئاخر «١٣٠٨» دروستە. لاپەڕەی ٥٢١. سێ دێڕ بە ئاخر شێخ مەحموود ڕێبەری شۆڕشی نەتەوەیی کوردەکان دژی ئیستێعماری بریتانیا خەڵکی بارزان و بارزانی نەبووە و بەرزنجیە.

٥٧- **کرماشان- ٦٧/١٢/١٨-** ستار نیازی. برای پاسدارمان لە هێزی هەوایی سپای پاسداران کە ناوی ستاری نیازیە و لە کوردەکانی شاملوو دانیشتووی کەلاتەی بالی (باری) وێڕای نامەیەکی پڕ لە هەست و خۆشەویستی نووسیویە: لە سروشتدا با

چاوی پڕ لە گریان وەکوو دڵۆپەکانی باران کە فریشتەکان لە ئاسمانەوە پێشکەشمانی دەکەن، وشەیەکم شیاوی ئێوە پەیدا نەکرد لە ئاکامدا دڵی خۆم بە چەقۆی خۆشەویستی شەق دەکەم و دڵۆپە خوێنێک کە دێتە خوارەوە وەکوو سڵاوێک پێشکەشتانی دەکەم بەڵێ برای من تەوەحۆدی مـن پێشتر نامەیەکم لە بەرەکانی شەڕی داسەپاوی عێراق لە کوردستان بۆتان نارد، بەڵام لە بەرگی سێهەم ناوێکی نەبوو. بە داخەوە بەرگی یەکەمی کتێبی ئێوەم لە خوراسان و کوردستان و باختەران و تاران و لە هیچ شوێنێکی تر دەست نەکەوت من ئێستا لە کرماشان لە هێزی هەوایی سپاس پاسداران خەریکی خزمەت کردنی نیشتمانم شیاوی وەبیر هێنانەوەیە، باپیرم ئاقاخان سەردار کەلاتەی باڵی بوو. ئێوە بە خوای گەورە دەسپێرم.

لە وڵامی هاوشاری خۆشەویستم نیازی ڕادەگەینم کە نامەی پێشتری بەڕێزم نەگەیشتووەتە دەستم. ولە وڵامدانەوەی بەڕێزیان و بۆ قەرەبوو کردنەوە وێنەیەک بە باپیریان ئاقاخان کە لە یەکێک لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شا چاپ کرابوو و بە ئاقاخان سمێڵ دەناسرا لە بەرگی حەوتەم چاپ دەکەم.

٥٨- **عیشقئاباد (مانە)- ٦٧/١٢/٢٥**- برای بەڕێزمان موحەممەدڕەزا نەزەری دیرقانلوو. دانیشتووی عیشقئاباد سەر بە مەڵبەندی بجنوورد بە کوردی نووسیویانە: برام کەلیم سڵاوی خوای گەورەت لێ بێ تەندوستیت بە ئاوات دەخوازم و هیوادارم هەمیشە خۆش و سەربەرز بیت بەو هیوایە، ئەم برامانە سەرەڕای بانگهێشتی ئێمە بۆ گوندەکانی خۆیان دیرقانلوو و هەروەها عیشقئاباد فەرموویانە، مـن یەکێک لە خوێنەرانی ئاسەواری بە نرخی ئێوە و لایەنگرانی پێداگری کتێبەکانی ئێوەم. چونکە ئەمە ئێوە بوون کە وەکوو پیاوێکی ئازا هەستان و کوردی کورمانجی خوراسنتان بەو جۆرەی کە شیاوە بە براکانی تری هاونیشتمانی تورک و فارس ناساند. من بە خۆم شانازی دەکەم کاتێک دەخوێنمەوە کە باوکام و باپیرانمان بەو شێوەیە ئازا و نەترس بوون و لە بەرانبەر داگیرکەران و زۆر بێژان ڕاوەستاون...

ماوەیەک لەمەوبەر لە خزمەتی شاعیری کورد زمان و برای خۆشەویستمان

بەڕێزکیان ڕەبانی دیرانلوو بووم، بەڕێزیان فەرموویان کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر ماموستای پایەبەرز، تەوەحۆدی بە بجنوورد بوون، نازانن چەندە ئاە و حەسرەتم هەلکێشا کە نەمتوانی بگەیمە خزمەتیان و...

هەروا کە وترا گوندی ئێمە بە ناوی دراقانلوو یان دیرقانلوو ناسراوە و لە باکووری گوندی بەدرانلووی بجنوورد لە شیعرێکی قووڵدا هەڵکەوتووە و باخی زۆری هەیە کە لە کانیاوەکانی جوان و گەوارای چیاکانی ئاخور داغ ئاو دەخۆنەوە و لە تایبەتمەندیەکانی ئەم گوێندە ئەوەیە کە لە نێوان چەند گوندی تورک‌نشین هەڵکەوتووە، ... گوندی تورکمان‌نشینی گوودری سەلاخ لە باشوور و گوندی تورک زمانی فەخرەددین لە باکوورە، بەلام دراقانلوو لەم نێوەدا کورد زمانە لە دراقانلوو پیرە پیاوێکی بە سالا چوومان هەیە کە لە هاتنی ئەمیرجان موحەممەدخان قاجار دولو قسە دەکات و دەڵێت ئەو کاتەبەو ئەمیر قەسابیان دەوت کە لە نێو گوندی قەجەر و دیرقانلوو و حەوت کەس لە کوردەکانی گوللەباران کرد و دوایی ڕۆیشت بۆ ئاشخانە و تورکمەن سەحرا...

ئێوە لە بەرگی دووهەم لاپەڕەی ٣٢٠ فەرمووتانە: کە دیرقانلوو لە عەشیرەتەکانی خێلی شادلووە و بە سالاچووانی ئێمە دەڵێن ناوی ئێرە لە بنەڕەتدا شیوی قانلوو واتە دۆڵی خوێنین بووە، چونکە هەمیش تورکمانەکان هێرشیان دەکردە ئێرە و شەڕ ڕووی ئەدا و زۆریەک لە هەر دوولا بە خاک و خوێن دەکێشران، داواکارم بیروڕاتان لەم بارەیەوە بفەرموون.

(ئەمن لە ولامی ئەم برایە عەرز دەکەم لەمەڕ هاوناو بوونی زۆربەی گوندەکان یان عەشیرەتەکان و خێلەکان بە ڕاشکاوی ناتوانرێ بۆ چوونێک بوترێت، ئیمکانی هەیە ئەو بۆ چوونەی بە سالا چووان دروست بێت و مومکینە ئەو بیر و بۆچوونە کە دەرم بڕیبوو کە دیرانلووکان و دیرقانلوو پەیوەندی هەیە بە هەمان دیران و دیرکان لە قەفقازیە کە دوای ئەوەی هاتوون بۆ خوراسان ئەم ناوانەیان لە سەر گوندەکانی خۆیان پاراستبێت) برای بەڕێزم نەزەری ئەوەشیای زیاد کردووە: تیرەکانی ژێرەوە لە دانیشتوانی دیرقانلووی ئێمەدا نیشتەجێن:

١. **قەرەباشلوو** (کە دانیشتوانی سەرەکی دیرقانلوون و لە عەشیرەتەکانی شادیلوون).

٢. **وری** (ورانلوو) کە ئەمانە لە عەشیرەتی زەعفەرانلوون و ناوەندی ئەوان لە نێوان قووچان و ڕادکان و چنارانە.

٣. **ئێسفەهانی**- کە دەڵێن باپیرانیان لە ئێسفەهانەوە هاتوون.

٤. **ئۆزبەکی** (کە وادیارە لە عەشیرەتەکانی شکست خواردووی ئۆزبەک بە دەست کوردەکان بن).

٥. **بەحری**- کە دەڵێن باپیرانی ئەوان لە بەحرەینەوە هاتوون.

٦. **تەمانلوویان تەمەیی.** (ئەمانەش لە عەشیرەتی ڕەشوانلوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بجنوورد و سەر بە مەڵبەندی شیروان زەعفەرانبوون) بە سپاس لە برامان نەزەری ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوەی ١٣٧٠ ڕۆیشتم بۆ عیشقئاباد کە بگەیمە خزمەتیان بەڵام لە بەختی بەد بۆ سەفەر چووبوون بۆ گونبەد قابووس.

٥٩- **ئێسفەهان**- ٦٧/١٢/٢٦- نامەیەکە لە برایەکی کورد زمان کە لە ئێسفەهانەوە پۆست کراوە و وێڕای دەربڕینی هۆگری و خۆشەویستی فەرموویانە، من بەرگی سێهەم لە کتێبی ئێوەم بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە تاوتۆی کردووە. واژۆی ئەم نامەیە وا دیارە ئەمە بێت: حەکیم هیتۆکی.

بەڵام ئەم برا بەڕێزە هێندێ وتەیان لە نامە چوار لاپەڕەییەکەی خۆی هێناوە کە چونکە زۆرتر لایەنی سیاسی لە خۆ دەگرێت و بە پێچەوانەی ڕەوتی کارەکەی منە، بۆیە ناتوانم لێرەدا بیهێنم و دەتوانن قسەکانی دڵی خۆیان لە یەکێک لە چاپەمەنیەکانی ناوەوە یان دەرەوەی ئێران بە چاپ بگەینن.

٦٠- **کارت پۆستاڵێکی** جوانە بە واژۆی یەکێک لە خۆشکان یان برایانی کورد کە پیرۆزبایی نەورۆزی ساڵی ٦٨ یان لە من کردووە. واژۆی نامەکە بەم جۆرەیە. کوردێک واتە یەک نەفەر کورد. نەورۆزی ١٣٦٨ و ٢٦٨٨ی مێژوویی کوردی»

جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە مێژووی کوردی کە لە مێژووی زایینی و کۆچی موسڵمانان کۆنترە پەیوەندی هەیە بە گرتنی وڵاتی لیدی و داگیر کردنی ئەو وڵاتە

بە دەستی مادەکان (کوردەکان). کە لە نێوان دوو ئاودا (مزبوپۆتامیا) هەڵکەوتبوو و بە دوای ئەوەدا سەر بە خۆیی و مانەوەی وڵاتی لیدی بۆ هەمیشە لە گەردوونەی مێژوودا کۆتایی پێ هێنرا. کوردەکان مێژووی خۆیان لەم ڕۆژەوە دەست پێ کردووە. بەڵام موحەممەدڕەزا شای پەهلەوی بە بۆنەی ڕق و قینێک کە لە کوردی هەبوو، نە تەنیا ویستی ناوی کوردستان لە پارێزگای ئێستای کوردستان کە ناوەندەکەی شاری سنەیە بڕێتەوە بەڵکوو چیژنە دەسکردەکانی ٢٥٠٠ ساڵەی خۆی لە زنجیرە دەسەڵاتی نیوە کوردی هەخامەنەشی دەسپێکرد و پادشاکانی ماد کە یەکەمین دامەزرێنەرانی شاهەنشاهی ئێران بوون، پشت گوێ خران و لە مێژووی ئێران پاکتاویانی کرد و لەبەرانبەر گۆڕی کورۆش کە دایکی ئەو ماندانای ناو بوو وتی: کورۆش منم شای شاکان!! بە ئاسوودەیی بخەوە کە ئێمە بە خەرین و نەخەوتووین.

دوایی دیمان کە چۆن بە خەبەر بوو و هەڵات و کورۆشی بێچارەی لە خەودا بە جێ هێشت و پۆستەکەی بە جێ هێشت. کورۆش کاتێک لە خەو هەستا کە پاسدارەکان دەورەیان دابوو، سەریکی لەقاند و وتی: هەی، هەی شاهەنشای ئاریامێهر!!

٦١- **تاران**- برای زانا و ڕووناکبیرمان بەڕێز نەبەرد جاف کە خۆی خێزانی زانایان لە ڕووناکبیرانی ئێمەن، وێڕای ناردنی کارت پۆستاڵێکی جوان بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی کەونارای ٦٨ ئارەزووویان کردووە کە کتێبەکانی ترم لەم ساڵەدا چاپ و بلاو بکەمەوە.

٦٢- **کەرەج**- کارتی جوانی خۆشکی هێژا و زانا و شاعیرمان ناز ناز لاجانی بارزانی لە شارستانی کەرەج- عەزیمیە- کۆڵانی بارزانیەکان- گەیشت.

بەڵام ئەم کارتی پیرۆزبایی خۆشکی بەڕێزمان، ئەمساڵ ڕەنگێکی تری هەیە، ڕەنگی خوێن. ڕەنگی جەنایەتی سەددام لە هەڵەبجە، ڕەنگی بێدەنگ بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرانبەر زۆر و ستەمی ئێستێعمارگەرانی جیهان لە سەنەتەوە زۆر لێکراوە بندەستەکان. کارت پۆستاڵەکە وێنەیەکە لە بوردوومانی شاری هەڵەبجە کە بە هۆی جەنایەتی سەددام زۆرتر لە پێنج هەزار ژن و منداڵ و

پیر و لاوی لە خوێندا گەوزان و دەیان هەزار کەس بریندار و کەم ئەندام بوون.

خۆشکی بەڕێزمانت نازناز کە بە ڕێکەوت لە بەهاری ٦٨ بەختەوەری دیتنیان وێڕای بنەماڵەی هێژا و خۆشەویستیان بە نەسیبی من بوو، پێشتریش شێعرێکی جوانی بە بۆنەی چلەمین ڕۆژی گیان لە دەستدانی قارەمانی گەورەی کورد مەلا موستەفا بارزانی بۆم ناردبوو کە لە بەرگی سێهەم لاپەڕەی ٥٢٠ چاپ کرا ئێمەش لەبەرانبەردا بۆ ئەو خۆشکە ئاوارەیە و زۆر لێ کراوانی تری مێژوو بە تایبەت کوردەکان لە عێراق هیوای سەرکەوتنمان هەیە و لە خوای گەورە داواکارین کە دوژمنی خوێنمژی ئەوان سەددامی یەزید لە ناو ببات و لە زیڵدانی مێژوو بنێژێت.

٦٣- **کەرەج- ١٩٨٨/١٢/٢٦- نێچیروان بارزانی**- نامەیەکی جوانە بە خەتی کوردی کە لەلایەن برای خەباتگێرمان کە هێندی کەس بە هەڵە ناوەکەیان بە نەو شیروان بە کار دێنن. نێچیروان بە مانای ڕاوچیە. نێچیروان کوڕی نەمر ئیدریس بارزانی کوڕی مەلا موستەفا بارزانی قارەمانی مەزنی کوردی و برازای بەڕێز مەسعوود بارزانی ڕێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی عێراقە، چونکە نامەکە بە کورمانجی نووسراوە پێویست بە وەرگێڕان ناکات و دەقی سەرەکی نامەکە چاپ دەکرێت.

٦٤- **قووچان- ١٣٦٨/١/١٢**- برامان بەڕێز **سوهراب فەرهادی تۆپکانلوو** نووسیویانە: ڕۆحی جەجوو شاد بێت- هەر بژی کەلیمی حەماسە خولقێن (ئەم نامەیەمان پێشتر لە بەشی بە سەرهاتی جەجووخان هێنا).

٦٥- **کەرەج- ٦٨/١/٣١**- زانای پایەبەرزی کورد **بەڕێز ڕەشید کەیخۆسرەوی** وێڕای سەرنج و خۆشەویستیان لە نامەیەکی لێکۆڵەرانە و ١٠ لاپەڕەیی وتەی زۆریان لە پەیوەندی لەگەڵ شوێنی لە دایک بوونی ڕۆستەم پاڵەوانی ناوداری ئێران و چای شوغاد نووسیوە کە بۆ کورتبوونەوەی وتەکەیان تەنیا ناویانی هێناوە و هیواداریین هەر چی زۆرتر لێکۆڵینەوەکانیان کە بەڵێنیان دابوو تەواوی بکەن و خوێنەرانی ئاسەوارە بە نرخەکانیان بەهرەمەند بکەن. بەڕێزیان بەڵێنی دا لێکۆڵینەوەی خۆی تا گەیشتن بە ئاکامی باش لە زیویەی کوردستان کە پێدەچێ

شوێنی پەروەردە بوونی رۆستەم بێت درێژە بدات.

چونکە توانیویانە شانامەیەکی کۆنی کوردی لەو مەڵبەندە بدۆزنـەوە شـیاوی وە بیر هێنانەوەیە کە بەڕێز کەیخۆسرەوی بە نووسینی کتێبی بە نرخی خۆی بـە نـاوی «سەردەمی بێخەبەری» زۆر ڕاگەیندراوی توێژینەرانە و بە نرخیان لە هەرێمی زێویە خستوەتە بەردەست خوێنەرانی مێژووی کـەنارای ئێـران و ئێـستا مـزگێنی چـاپ کردنی لە ناکاوی دووهەمین کتێبی خۆی لەم پەیوەندیەدا داوە کـە بـە تایبـەت بـۆ مێژووی کوردستان بە کەڵکە، چونکە سەرخستن و تەواوکەری مێـژووی کوردسـتان بە دەستانی بە کرێگیراوی دەرباری لە هـیچ کردەوەیـەکی ناجوامێرانـە و نامرۆڤـانە کۆتاییان نەکردووە و...

بەڕێز کەیخۆسرەویش کە دڵی پڕ لە کوڵی لە کـردەوەی مێـژوو نووسـانی بـەو شێوەیە هەیە ڕوو لە من فەرموویانە: تەوەحۆدی بەڕێز: لە دەست کێ نەناڵێم، و مـن لەم بارەوە سفرەی دڵی خـۆم بـۆ ئێـوە دەکەمـەوە و قـسەی دڵـی خـۆم بـۆ ئێـوە دەگێڕمەوە کە ئێوە بە ڕاستی بوونەتە یەکێک لە مەتەرێزەکانی بەرگیری لـە مـاف و ڕاستی و سەلماندنی ڕۆڵی کوردان لە بەرگیری لە نیشتمان و هـەبوونی ئێـران و بـە چاپکردنی ئەم سێ بەرگە کتێبـەی خـۆت ئـەرک و بـەر پرسـیاریەتی نەتـەوەیی و نیشتمانی خۆت بە ئەنجام گەیاندووە، نازانن کاتێک کە یەکێک لە سـێ منداڵـەکەم بەرگی سێهەمی گەیاندووە، نازانن کاتێک کە یـەکێک لـە سـێ منداڵـەکەم بـەرگی سێهەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسانی ئێـوەی بـۆ جێـژنی لـە دایـک بوونی من وەکوو خەڵات هێنابووی لە دیتنی ئەو کتێبـە چەنـدە خۆشـحاڵ بـووم و چەند شاگەشکە بووم[۲۳۱]...

شانازیەک وەکوو بوون لە کەناری ڕووبـاری هیرمەنـد و لـە خزمـەت بـەڕێز دوکتۆر ئیرەج ئەفشار سیستانی نووسەری هێـژای ئێمـە کـە مـن هەمیـشە لـە خوشەویستی و دڵ ئاوەڵایی بـەڕێزیان و هـەموو و سـەروەران و خۆشەویـستانی سیستان و بە لووچێـستان سـپاس دەکـەم و هەرێمـەدا بـوو، لـە کـەناری ئـەم

[231]– نامەی پێشووی بەڕێز کەیخۆسرەوی لەم پەیوەندیەدا لە بەرگی سێهەم چاپ کراوە.

خۆشەویستانە ببوو بە گوڵستان و...

ئێمەش هیوادارین بەڕێز کەیخۆسرەوی و ئەفشار و هاوڕێیانی تر لە هەر کوێ کە هەن هەمیشە لە گوڵستان و لە کەناری گوڵ و بولبول و شاد و کامەران بن.

٦٦- تاران- ٦٨/٢/١١- برامان عەبدولسەعید ئەماموویردیرزادەی تایانلوو کە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی بەیگ لە شارەدێ بیچیرانلوون نووسیویانە: برای بەڕێز کەلیم، بە کار بردنی نازناوی زانا و ڕووناکبیر و لێکۆڵەر و مامۆستا و هتد، لە بەرانبەر کاری جوان و بە نرخی ئێوە شتێکی تازە نین، لەم ڕووەوە بۆ ئەوەیکە ئەم نازناوانە کەلێم مەحەنە نێوانمان من بە هەمان ناوی برایانەی عەشیرەتی خۆمان لەگەڵتان دەدوێم.

کەلیم گیان! بە بۆنەی ئەو هەموو زەحمەتانە کە دەیکێشن و ئەو ئاسەوارە بە نرخانەی کە دەیانخولقێنن سپاستان دەکەم و ماندوو نەبوونیتان پێدەڵێم و هیوادارم خوای مەزن یارمەتیتان بدات لە خوای گەورە داواکارم یارمەتیتان بدات بۆ ئەوەی شەو و ڕۆژ درێژە بدەنە تێکۆشانی فەرهەنگیتان و ئێمە لاوانی کورمانج زۆرتر لە جاران لە ئاسەواری بە نرخی پیاوی مەزن و شانازی خولقێنی کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت خوراسان بەهرەمەند بین...

بە بڕوای من کارێ کە ئێوە کردووتانە و دەیکەن بایەخەکەی زۆرترە لە کتێبخانەی ٢٧ هەزار بەرگی خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەمیر تەوەکۆل کامبووزیای زەعفەرانلوو کە مامۆستای باستانی پاریزی فەرموویانە: بە ڕاستی ئەو کەسانەی کە ئەم پیاوە گوندنشینە سەرسووڕ هێنەرەیان نەدیوە زەرەریان کردووە... بەڵگەم بۆ سەلماندنی قسەکانم ئەوەیە کە ئەو خوالێخۆشبووە سەرەڕای ئەوە کە کورد بوو و هاونیشتمانی، بەڵام نەیتوانی بچووکترین هەنگاو بۆ فەرهەنگی خەڵکی ئێمە بە تایبەت عەشیرەتی کورمانج هەڵبگرێ... ئیتر ئەوەیکە لە پەیوەندی لەگەڵ چاپ و بڵاو کردنەوە ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی هەوڵ بدەن کە خەڵکی بەڕێز و هۆگری فەرهەنگی کورمانج لە نووسینی دەقی کوردی دوچاری هەڵە و سەر لێشێواوی نەبن.

ئەمنیش وێڕای سپاس و ڕێز لە برامـان تایـانلوو و خۆشەویـستانی تـر مـزگێنی دەدەم کە بە زوویی داواکاریەکانیان جـێبـەجێ دەکرێـت و جـارێکی تـر بەڵـێنیان پێدەدەم کە تەنیا ساتێک لە تێکۆشان و هەوڵدان ڕاناوەستم، تا بەر پرسیاریەتی خۆم لەبەرانبەر ئەو خۆشەویستانە بە ئاکام بگەینم و لەگەڵ ئەوەیکە ئێستا کـاتژمێر یـەکی دوای نیوەشەوە کە ئەم نامەگەلە دەخوێنمەوە و وڵامیان دەدەمەوە.

٦٧- **بیجنوورد- گوندی تۆپچنار-** ٦٨/٢/٢١- برای بەڕێزمان بیـژەن ڕەیحـانی شـادلوو لـە گونـدی توپچنـاری بجنـوورد نامەیـەکی سـاکار و پـڕ لـە هەسـت و خۆشەویستی کە تایبەت بە خەڵکی ئازا و عەشیرەتی ئێمە بە فارسـی و کورمـانجی لە ژێر ناوی سپاس و ڕێز لێنان بۆم نووسیوە کە بە سپاس لە بەرێزیان چەند بەشـێک لەم نامە جوانە و پاراوەیان بـڵاو دەبێتـە کـە نووسـیویانە: سـڵاو و ڕێـز پێـشکەشیان دەکرێ قەبووڵ بکەن، ماوەیەک بوو کە هەواڵی بـە چـاپ گەیـشتنی کتێبێـک لـە پەیوەندی لەگەڵ مێژووی کوردم بیستبوو، بـەڵام هـەرچی لـە شـاری بجنـوورد بـە دوایدا گەڕام نەمدۆزیەوە. ڕۆژێک لە شەقام تێدەپەڕیم کە دیم ڕێزێکی درێـژ دیـارە، وامزانی کۆپێنی هێلکە یان نوقل و شیرینی ڕاگەیندراوە کە خەڵک ئـا بـەو شـێوەیە ئاپۆرەیان داوە، چوومە بەرەوە و پرسیم چی بووە؟ وتیان: چاوەڕوانی کڕینی کتـێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان دەکەین. من کـە وامـدەزانی خـەو دەبیـنم، بـە خێرایی خۆم گەیاندە ئاخری ڕیزەکە و نۆرەم گرت و سەرەنجام توانیم ژمارەیەک لـە بەرگی سێهەمی کتێبە بە نرخەکەتان بە دەست بخەم...

من لە دوو لەیەنەوە خۆشحاڵ بووم، یەکێک ئەوەیکـە وەهـا کتێبێکـی گرینـگ سەبارەت بە نەتەوەی ئێمە نووسراوە و دووهەم ئەوەیکە ئاسـتی ئاگـاهی و گەشـەی فیکری خەڵکی ئێمە و هۆگری بە فەرهەنگ و مێژوو ئەوانی مەجبوور کـردووە، ڕێـز بەستن کە درێژترە لە ڕێزی کەلوپەلی کوپێنی و...

برام کەلیم، نازانم بۆچی بەرنامەکانی فەرهەنگی و هونەری و مێژوویـی کورمـانج ناگەیننە نێو تێلێڤیزیۆن، لە حاڵێکدا لە شارەکانی باکووری خوراسان لە سەدا هەشـتا و نەوەدی کوردن، بەڵام هیچ بەرنامەیەک بۆ ئەوان لە تێلـڤیزیۆنەوە بـڵاو نابێتـەوە و

سەرنجیان نادەن و... ئەی کەلیم، ئەی خۆشەویستی کورمانج ئێمە ناتوانین سپاسی هەوڵەکانی تۆ بکەین. بەڵام لە تۆ داوا دەکەن حیزبێکی کورمانجی پێک بێنی، کە هەبوونی حیزبێک بۆ ئیمە لە هەر شتێک پێویستترە[٢٣٢] چونکە بە پێکهێنانی حیزب ئاستی فەرهەنگی خەڵک دەڕواتە سەر و لە هێزەکانی نووستوو و پرژ و بڵاو لە ڕێگای باشتر کردنی بارودۆخی سیاسی و فەرهەنگی و ئابووری وڵاتەکەمان باشتر دەتوانرێ کەڵک وەربگیرێت. یەکێک لە برایانی چادرنشینی کاوانلوو کە لە گوندی ئێمە نیشتەجێن لە ڕووداوەکانی مراوەتەپپەی تورکمەن سەحرا لە سەرەتاکانی شۆڕش زۆر بە سەرهاتی دەگێڕایەوە کە ئەگەر کوردەکانی ئێمە لەوێدا بەشداری چالاکیان نەبوایە، بارودۆخی سیاسی شارستانی گونبەد کاووس و تورکمەن سەحرا زۆر خراپتر لەوەی دەبوو کە بوو، و کوردەکان وەکوو باسکی بە هێزی شۆڕش لە پێشەوەی جووڵانەوەکانی دژی شۆڕش لەو هەرێمەدا هاتنە دەر و دوژمنیان بە چۆکداهێنا...

برای بەڕێز تەوەحۆدی، جارێکی تر ئامۆژگاری ئەم کەسانە کە فریویان خواردووە بکەن کە تا دێن بۆ شار زمان و فەرهەنگ و جلوبەرگی نەتەوەیی باپیرانی خۆیان لە بیر نەبەنەوە و بە فارسی قسە کردن بە شێوەی دەست و پا شکاو وای بۆ نەچن کە ئێستا کە بوونەتە فتارس و لە خۆبایی بن. بەم جۆرە کەسانە بڵێن کە ئێوە دەبێ لە دوکتۆر ئەمانولـلاخان شادلوو فێر بن کە ١٦ ساڵ لە وڵاتی ئاڵمان دەرسیان

232- لە وڵامی ئەم برایە دەڵێم کە حەتمەن بیستووتانە کە حیزبی ئیسلامی کورمانج بە دوای سەرکەوتنی شوڕشی ٥٧ لە قووچان بە دەستی ئێمە دامەزرا، بەڵام ئەوانەی کە هەستی لە خۆبایی بوون بوون پاوە نخوازییان هەمیشە کاریگەری لە سەر هەستی فەرهەنگی و بەرپرسیاریەتی نەتەوەییان هەیە نەیانتوانی ئێکە تەحەمول بکەن و دیارە بیستووتانە کە چۆن لە گەڵ ئێمەدا هەڵسوکەوتیان کرد؟ ئێمە ئێستا چاوەڕوانین ئاستی گەشەی فیکری خەڵکی ئێمە تا ڕادەیەک برواتە سەر کە بتوانن خۆیان لە مافەکانیان و فەرهەنگەکەیانم بەرگیری بکەن. بێجگە لەمە بە وتەی خوایخۆشبوو ڕەحیمیان هیچ کات ئێزنی ئەوە بە ئێمە نادەن کە حیزبی یەک میلیۆنی دابکەزرێنن، چۆن لە هیچ جێگەیەک لە ئامریکا و ئورووپا و وڵاتانی تری جیهان وەها جەماوەرێک لە ژێر ناوی حێزبێک کۆ نابنەوە.

خوێندووه، باوکانی ئەوانیش هەموویان ئیلخانەکانی خوراسان بوون، بەلام کاتێک چاوی بە نەخۆشەکانی دەکەوێت لەگەڵ کوردەکان بە کوردی، تورکەکان بە تورکی، تورکمانەکان بە تورکمانی و فارسەکان بە فارسی قسە دەکات و قەت لە خۆبایی نیە. ئاخر خۆ مرۆڤ بوون و شەرافەت بە گۆڕینی زمان بە دەست نایە. مەگەر زمانەکانی تر چییان لە زمانی کوردی زۆرترە کە هێندێ کەسێ فریوخواردوو ئێدەکۆشن منداڵەکانیان بە کوردی قسە نەکەن؟ کەلیمگیان! تۆ بولبولی ئێمەی، دەنگی ئێمە بە گوێ خۆشکان و برایانی تری ئێمە بگەینە. بجنوورد- تۆپچنار- بیژەن ڕەیحانی

٦٨- تاران- ٦٨/٢/٢٩- **سوهراب وەحدانی بجنووردی** دراقانلوو (درّە قانلوو)- نامەیەکە دوور و درێژ و لە ٨ لاپەڕەدا پڕ لە هەست و هاودەردی لە برامان بەڕێز سوهراب وەحدانی بجنوورد کە دانیشتووی تارانن. بەڕێزیان بۆ تەواوکەری خۆشەویستی خۆیان بەرانبەر بە من ژمارەیەک لە کتێبی «خوراسان و ماوراءالنهر» نووسراوەی ئا. بلینیتسکی وەرگێراوی دوکتۆر وەرجاروەندیان بە من پێشکەش کرد کە سپاسیان دەکەم. نامەی بەرڕێزیان زۆرتر لە بەستێنی نامەی هاوشاریەکەیان و هاوعەشیرەتەکەیان بەڕێز بیژەن ڕەیحانی بوو کە چۆن خەڵکی کوردی خوراسان بەرانبەر بە پاراستنی زمان و فرهەنگەکەیان لە هێندی بواردا کۆتایی دەکەن.

بەڕێزیان فەرموویانە: من بە ئەرکی خۆم دەزانم کە لەم کارە مەزنەی ئێوە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و مێژووی بە نرخ و بە بیر کراوی ئێمە سپاس بکەم. چونکە من تا کاتێک کە کتێبەکانی ئێوەم نەخوێندبوو، نەمدەزانی باوکانی ئێمە چەندە بەدبەختی و چارەڕەشییان کێشاوە و چەندە خۆشەویستانی خۆیانیان لە دەست داوە تا ئێران ئەمرۆژە بەو شێوەیە ماوە. سلاوتان لێ بێت کە چاوی ئێمەتان زۆرتر کردەوە. ئەمە تەنیا هەستی ئێمە کوردەکانی خوراسان بەرانبەر بە ئێوە نیە بەڵکوو لە تاران هاوڕێ زۆرمان هەیە کە خەڵکی ڕۆژئاوای وڵات و هەروەها برایانی لوڕ و بەختیاری کە بە ئاگاداریەوە لە کاری ئێوە و بایەخی داهاتووی ئەو کارە ڕێز دەنێن...

من لە ئێوە وەکوو کوردێک داوا دەکەم خۆتان لە خزمەت فەرهەنگ و زمان و مێژووی نەتەوەی لە بیر کراوی ئێمە بنێن و لەوەیکە ئەبولفەزلی خۆشەویستت لە

دەستداوە نیگەران مەبە هەر دێر لە کتێبی ئێوە بۆ نەتەوەی ئێمە ئەبولفەزلێکە...

٦٩- تاران- ٦٨/٣/٥- بەڕێز **باقر باقرزادەی** سیوکانلوو (ئوغازی) برامان بەڕێز باقرزادە کە خوێندکاری بەشی کارزانی پاراستن و بووژاندنی لەوڕگاکانە. بە بۆنەی دەربڕینی هەستی پڕ لە خۆشەویستی خۆیان و برای بەڕێزیان ئاغای خەلیل باقرزادە دەکە هەمیشە یار و یارمەتیدەرم بوون. (سپاس دەکەم)

٧٠- خوڕڕەمئاباد لوڕستان- بەڕێز ئیرەج موحەڕیر- ٦٨/٣/٦

برای زانا و نووسەری پسپۆڕمان بەڕێز موحەڕێز لە لوڕستان نامەیەکی تێر و تەسەل و ١١ لاپەڕەییان نووسیوە و ناردوویانە کە ئەم زەحمەتی نامەنووسینەیان تەنیا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لایەنگری لە ڕادە بەدەر بە کەلەپووری فەرهەنگی و ئیتر هیچ.

وڵامێکم دایەوە بە نامەکەیان کە پڕ بوو لە هەست و خۆشەویستی و عەرزم کرد کە لە بەهاری ئەمساڵدا سەفەرێکم کرد بۆ ناوچەکانی قەزوین و ئەمووت و عەمارلووی گیلان و سەبارەت بە کوردەکان و لوڕەکانی ئەو هەرێمە دەستم بە لێکۆڵینەوەیەکی گرینگ کرد.

بەڕێزیان فەرموویانە کە چەگنیەکان لە تیرەی لوڕن نە کورد. و ئەمە کە خوالێخۆشبوو شەرەف خان بدلیسی لە شەرەفنامەدا لوڕەکانی وەکوو تیرەیەک لە چوار هۆزی سەرەکی کورد ناودێر کردووە، کە پەیوەندی بە ڕەچەڵەکی سەرەتای ئەوانەوە هەیە ئەگینا لوڕەکان کە چەگنیەکانیش بەشێکن لەوان، مێژووی پڕ لە ەوراز و نشیوی خۆیانیان هەیە و...

ئەمنیش لە وڵامی ئەم برایە دەڵێم کە تبلیسی لە شەرەفنامەدا تیرەکانی لوڕی جیا لە چەگنیەکان کە کوردن لە قەڵەم داوە. هەروەها کە وتم وشەی مێژوویی کورد ناوڕوکێکی کۆنتر و بەرفرەتری هەیە. کورد، هەمان مادی کەونارایە. واتە کوردەکانی ئەمڕۆژی سەرتاسەری جیهان+ لوڕ+ بەختیاری+ بەلووچ.

بەلووچەکان زۆر زووتر لە ڕۆژئاوا بەرەو ڕۆژهەڵات هاتوون. ئێمڕۆژە کە دەڕوانینە شێوەزار و ڕۆخسار و ئاهەنگی قسە کردن و ئاخافتنی ئەوان، ئەم ڕاستیە زۆرتر

هەستی پێدەکرێت و پێویستیەکی زۆرتری بە لێکۆڵینەوە هەیە. من لوڕەکان لە کوردەکان زۆر جیاواز نازانم. مەودای جوغرافیایی بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە زمانی سەرەتایی ئەوان، لوڕەکان بۆ پێویستی ڕۆژانەیان زۆر وشەیان داناوە. بەختیاریەکان کە لەولاترەوە دەژین هێندێ وشەی تر و... هەروەها کە کوردەکانی خوراسان کە نزیکەی ٥٠٠ ساڵە جیا بوونەتەوە زۆر وشەی تریان داناوە. کوردەکانی عێمادلوو کە نادرشا نزیکەی ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە خوراسان بردوویانیە بۆ گیلان، ئێستا هێندێ وشەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە کە جوغرافیا هۆکاری سەرەنکی ئەوەیە.

کەوابوو لە ڕیشەی ڕەگەزی کورد و لوڕ و بەختیاری و بەلووچ کە لە سەردەمی کەونارا یەکێک بوون جێگای قسە نامێنێت و ئەمە کە هەرکامەیان ڕۆڵ و مێژوویەکی جیاوازیان لە بارودۆخێکی جوغرافیایی جیاواز هەبووە جێگای شک و گومان نیە.

بەڵام سەبارەت بە چەگنیەکان کە لە تیرەی لوڕن یان کورد وترا کە لوڕستان لە ناوەندەکانی سەرەکی کورد و لوڕ بووە و نووسەرانی قەدیم بە تایبەت لە سەردەمی سەفەوی هەموویان چەگنیەکانیان کورد داناوە و نووسیویانە.

ئەمنیش شانازی دەکەم کە لە چەگنیەکانی خوراسانم چ لوڕ بن چ کورد. چ گوڵی سوور بن چ گوڵی سپی. دەستمان بگاتە کاری لێکۆڵینەوە دەکەین، هەوڵ ئەدەین دەستمان بگاتە بەڵگە و نووسراوی جێ باوەڕی مێژوویی و لە ڕێگای ناسینی خەڵک کە بۆ خۆی لقێکە لە زانست، سەرکەوتنی زۆرتر بە دەست بهێنین.

ئەمن کتێبەکەی بەڕێز دوکتۆر ئەفشاری سیستانیم کە فەرمووتانە موتالام کردووە[٢٣٣]. بەڕێزیان لە هاوڕێیانی زانا و جێگەی شانازی منن. ئەمن کتێبێکم لەبەر دەستدایە لە سێ بەرگ لە ژێر ناوی (فێڵەکان و عەشیرەتەکان و جەماوەرناسی ئێران) کە ئەگەر بتوانم چاپی بکەم وڵامی زۆر لە داخوازیەکانی خوێنەرانی هێژا دەداتەوە. بۆیە دەقی سەرەکی نامە تێر و تەسەلەکەی بەڕێزتان لەگەڵ ئەو

233- پێشەکیەک لە سەر ناسینی خێڵەکان و کۆچەرەکان و تیرەی عەشیرەتەکانی ئێران- ئێرەج ئەفشار سیستانی. تاران ١٣٦٦.

نەخشانەی کە ناردبووتان چاپ دەکرێت. نووسراوەکانی تریش لەو کتێبەدا کە باسم کرد چاپ دەکرێت.

هەروا دەمهەوێ بە یارمەتی خوای گەورە لە بەهاری ساڵی ١٣٦٩ بۆ درێـژەدانی لێکۆڵینەوەی هەرچی زیاتر سەردانێکی چەکنیەکانی قەزوین و کوردەکانی عەمارلوو و لوڕەکانی ئەو هەرێمە بکەم و دواییش ئەگـەر هـەلێک ڕەخـسا، حەتمـەن دێم بـۆ لوڕستان مەڵبەندی قارمانانی شـانازی خـولقێن و دەسـتی خۆشەویـستانی کـورد و لوڕی ئەو هەرێمە ماچ دەکەم.[٢٣٤]

ئێستاش نامەی برای بەڕێزمان لە لوڕستان:

بەڕێز ئاغای تەوەحۆدی خۆشەویست سلاوتان لێ بێت.

وێڕای ڕێز و سلاو و بـە خزمـەتتان ڕادەگـەینم کـە لـە بانەمـەڕی ٦٨ لەلایـەن یەکێک لە هاوڕێیانی لایەنگرێ ئەدەبیات لە لوڕسـتان بـەرگی دووهـەم و سـێهەمی کتێبی بە نرخی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان بـە شـێوەی ئەمانـەت گەیـشتە دەستم ناوەرۆکی کتێبی ئێوە بۆ خەڵک بە گشتی بە نـرخ و شـیاوی خوێندنەوەیـە. بیری بەرز و هەستی پاکی ئێوە بەرانبەر بە ئێرانی خۆشەویست بە تایبـەت ڕەگـەزی کورد منی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کـە گـەرمترین پیرۆزبـایی خـۆم ئاراسـتەی ئێـوە بکەم.

[234]- بە داخەوە پێش لە بەرنامەی کەوتنە ڕێ من بۆ ناوچە نـاو براوەکـان ز ەوی لـەرزەی ئـاخری گەلاوێژی ساڵی ٦٩ ڕوویدا و گیلان و ڕوودبـاری عـەمارلوو و مـەنجیل و لووشـان و تـا ئاسـتێکیش نزیکەی قەزوینی وێران کرد و ئەو هەموو جوانیەی ئەو گوندانە و ئاسـەوار و کەلـەپووری فەرهـەنگی خەڵکی لە ناو برد. شارە جوانەکانی لووشان و مـەنجیل هـەموویان لـوڕ و کـوردی چـەگنی بـوون. عەمارلووی ڕوودبار کوردەکانی عەمارلووی خوراسان بوون. لە نێوان زەنجان تا بەنـداوی سـفیدڕوود هەموویان کوردی کرماشانی بوون. بە هەر حاڵ هەرچی لەو ناوچەدا کوژرا و هەبوو هەشتا لە سەدی ئەوان کورد و لوڕ بوون و منی زۆرتر لە هەر کات خەمبار کرد. چونکە ساڵێک لەمەوبەر میـوانی ئـەو خەڵکەر باش و میوانداره بووم کە جلوبەرگەکانیان زۆر جوان بـوون، بـە داخـەوە فیلمێـک کـە لـە جلوبەرگ و پیشە دەستیەمان و شێوەی ژیان و گوندەکانیان و بـە تایبـەت لـە ڕوودبـار و جیرنـدە گرتبووم لە کاتی چاپ کردنی لە ناو چوو و منی زۆر خەمبار کرد.

بێشک ناوەڕۆکی ئەم کتێبە زۆر لایەنی تاریکی مێژوو ڕوون دەکاتەوە. و ئەمە خۆی شیاوی ورد بوونەوەیە. بەڵام وەکوو هاوڕییەکی دێرین و نزیک بۆ نەهێشتنی بڕێک لەو بەشانەی کو گوماناوین بە تایبەت لە بەرگی دووهەمی کتێب هێندێ تەوەرتان بە شێوەی ڕاستبینانە عەرز دەکەم. لە لاپەڕەی ٦٣ بەرگی دووهەمی کتێبی ناوبراو چەگنیەکانی دانیشتووی قەزوینتان وەکوو ڕەگەزی کورد لە قەڵەم دابوو و هەر لەم کتێبەدا زۆر جار چەگنیەکانی دانیشتووی خوراسان وەکوو کوردنشینان دراون. ڕەنگە زانیاری باشتان لەبەر دەستدا نەبێت کە لە ناوەڕاستی شارستانی خوڕڕەمئاباد ناوچەیەکی بەرین شوێنی ژیانی عەشیرەتی گەورەی چەگنیەکانە. بە شێوەیەک کە ئەمە یەکێک لە بەشەکانی گرینگی شارستانی خوڕڕەمئاباد دێتە ئەژمار و هەر بە ناوی (چەگنی) ناسراوە. عەشیرەتی چەگنی هەر لە کۆنەوە لە لوڕستان ژیاون و نیشتەجێن و بە زاراوەی ڕەسەنی لوڕی قسە دەکەن.

بە پێ وتەی بە سالاچووانی چەگنی: هێندێک لە چەگنیەکانی لوڕستان لەسەردەمی شاتەهماسبی سەفەوی بۆ ناوچەکانی خوراسان کۆچ دراوەن (کە لە لاپەڕەی ١٠٥ی بەرگی دووهەم بە لەبەر چاو گرتنی کتێبی شەرەفنامەی هۆکاری نیشتەجێ بوونی ئەوانتان لە خوراسان ناو بردووە) هێندێک تریش لە سەردەمی ئاقا موحەممەدخان قاجاڕ لە خوڕڕەمئابادەوە بۆ هەرێمی قەزوین کۆچیان کردووە. هەروا کە لە لاپەڕەی ١٠٥ی بەرگی دووهەمی کتێبەکەتان لە بوداغ (بوداق خان چەگنی) کە خۆی و کوڕەکانی هەموویان لە سەرتاسەری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران عەمارەت و دەسەڵاتدارییان بووە یادتان کردووە. ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ کتێبی «جوغرافیای نیزامی لوڕستان» لە نووسینی ڕەزمئازا و لاپەڕەی ١٥٧ بخوێنیتەوە، دەبینین کە یەکێک لە تیرەکانی گرینگی دانیشتوانی سەرەکی ناوچەی چەگنی خوڕڕەمئاباد بە ناوی بوداق ناوبانگیان دەرکردووە. شیاوی وتنە کە هێندێک کەس لەسەر ئەم باوەڕەن کە چەگنیەکانی خوڕڕەمئاباد لە سەدەی ١٠ی کۆچی لە ناوچەی «دڕڕەشەهر» هاتوون بۆ ئەم ناوچەیە. «دڕڕەشەهر» لە ڕابردوودا یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی لوڕستان بووە و خەڵکەکەشی لە کۆنەوە بە زاراوەی لوڕی

قسەیان کردووە ئەگەر ئەم بۆچوونە دروست بێت وا دیارە هێندێک لەوانە بە کۆچ کردنی خۆیان درێژەیان داوە لە سەردەمی‌شا...

٧١- تاران ١٣٦٨/٤/١٥: داراب بەیگ ئەسەدوڵڵاهی (لەک)

نامەیەکی ڕازاوەیە و بە من نازناوی «خان» دراوە.

ناو براو لە شاعیران و نووسەرانی ناوداری ناوچەکە و هاو شاری بەڕێز ئیرج موحەرەرە.

٠٠٠ برای بەڕێزم کەلیم!

ماندوونەبیت، ئاسەوارەکانتم لە پیشانگای کتێبی تاران بینی لە بەشی مەشهەد ئەوەش بەرگی دووهەم و سێهەمی کۆچی مێژووی کتێبەکە.

منیش‌بەرەگەز کوردی لەکی ئەلشتەرم (نێوان کرماشان و خوڕڕەم‌ئاوا)

زۆر سەربەرزم بە سەر بەرزیتان.

چەند پارچە شێعری خۆی و شاعیرانێک وەک: خوالێخۆش بوان، مەنووچێهر کوولیوەند، مەلا مەحەممەد حەسەن کوولیوەند.

بە قوربانی ئێوە بم: داراب بەیگ، تاران، حێشمەتوددەولە

برای شاعیر و نووسەرمان داراب بەیگ کە ١٠٠ تمەن پارەی بۆ کڕینی بەرگی یەکەم ناردووە لە بەر نەبوونی کتێبەکە دوایی کە چاپ بووە بۆیان بنێرم.

٧٢- کەرەج ١٩٨٩/٤/٢٢: مامۆستای زانا و بلیمەت مەلا قادر لاجانی کە لە کەرەج بە خزمەیتان گەیشتم. دوو منداڵی هەیە بە ناوی کوردگوونە و ناز ناز لاجی و شێعرەکانیان لە بەرگی سێهەم چاپ کراوە.

بەڕێز لاجانی ئیستا کە وەزیری ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٧٣- بجنوورد ١٣٧٦/٦/١٥: حەیدەر حەیدرەیان کۆنە ئووغاز (سیوکانلوو)

ناو براو لە چالانی سەرزەوینی خوراسانە و نووسیوویانە:

٠٠٠ برای من، ئەمن وەکوو سیوکانلوویەک شانازی بە تۆوەدەکەم کە وەکوو کەسێک لە عەشیرەتی سیووکانلوو توانیووتانە خزمەتێکی هەرە گەورە بکەن بە مێژوو و کولتووری کورد. خزمەتەکەتان دەست کەمێکی لە خزمەتەکانی فیردەوسی

نیە. («حەیدەر حەیدەریان سیووکانلوو»)

٧٤- تاران ١٣٦٨/٦/١٦: برای زانامان بەڕێز تەوەکولی بانەیی لە نامەی دووهەمی خۆیاندا.

پسمامی خۆشەویست کاک کەلیم:

... لێکۆڵینەوەکانتان لە مەڕ کوردستان جوانە، کەسانیتر بە چاوێکیترەوە بۆ کوردستان دەڕوانن، کەسانی وەک تۆمان دەوێ تا ڕاستیەکان ڕوون ببێتەوە. لەم ڕۆژانە لە پارکێک پیرە پیاوێکی کوردی خەڵخاڵی ئازەربایجانی نی ڕۆژئاوام بینی، گوتیان ئێمە ١٧ گوندی کرمانجین لە بەشی سنجیدی خەڵخاڵ، باپیرانمان دەڵێن نادر ئێمەی دوورخستووتەوە بۆ ئەم ناوچەیە.

گوندەکانمان بریتین لە: لمبوو، گوڵستان، موورستان، دوودەخانە، کەلار ئاغ بولاغ، موستەفالودە، خالقانی، بەلگوکانی، میرغەردان، حاجی لوو، دێی لوڕ، پیران و بە عەشیرەتەکەی ئێمە دەڵێن شاترانلوو ... .

برای خۆم پاش لێکۆڵینەوە زانیم کە تەنیا خواڵخیۆشبوو ڕەزم ئارا لە بارەیانەوە نووسیوویانە و بە داخەوە بە تورک ناساندوویانی و تەنیا سێ گوندیانی بە کورد ناساندووە.

١- لەمبەر Lombar: لە گوندەکانی سەر بە کێوی بەشی هەر و ئاباد، کوێستانی، سەرد. دانیشتوانی ٥١٣ کەسن و کورد و شیعەن.

٢- ئاغ بولاغ: ٢٨٧ دانیشتووی هەیە و کوردی شیعەن.

٣- داوود خانە: ١٣٧ دانیشتووی هەیە و مەکۆی ئێلی شاتراناوویە[٢٣٥] و شیعەن ئێستا ئەو جوگرافیاناسانەی ئێران لە ناساندی ئێمە وا دەڵێن با منیش شتێکی

---

[235]- برای بەڕێزم! من بەهاری ئەمساڵ (٦٨) کە بۆ لێکۆڵینەوە چووم بۆ نێوان کوردەکانی عەممالوو لە دەڤەری ڕوودبار و ئەلەمووت لە نێوان قەزوین و گیلان و وسیتملەوێیشەوە بڕۆمە خزمەتی براوخوشکانی شاترانلووی خەڵخاڵ؛ بەڵام نەمتوانی بڕۆم، وائەزانم نادرشا ئەم کوردانەی لە خوراسانەوە ڕاگوێزابێت. باسی ئەمیری عەشایری خەڵخاڵ هاوچەرخی میرازا کووچەک خانی جەنگەڵی و بارودۆخی کوردەکانی خەڵخاڵ لە کتێبەکانی بیرەوری و بەڵگەکانی ناسر ڕەوایی. بە یارمەتی ئیرج ئەفشار یەزدی داهاتووە. دوایی لە کتێبی عەشایری ئێران چاپی دەکەم.

کەنینی بۆ تۆ بنووسم:

مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی مێژوناسی ناوداری کورد کە پێش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران (پەنایان بە من هێنابوو) و پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستانی عێراق (زێدی خۆی) جارێک لە بەغداد لە دووکانەکەی بەشیرموشیر دانیشتبووین کە دوکتۆر خەزنەدار گوتیان:

ئەمشەو ڕادیۆ گوتی: جەماوەری چین لە ٦٠٠ میلیۆن تێپەڕی (٣٠ ساڵی ڕابردوو)

بەشیر موشیر گوتی: ڕاستی دۆکتور، نەیگوت چەندیان کوردن.

دوکتۆر گوتی: بەشیرگیان کورد لەوێ چی دەکات.

ببورە زۆرقسەم کرد کاک کەلیم

سەرکەوتوو بی

ڕەووف تەوەکولی بانەیی

٧٥- ئازەربایجان ڕۆژئاوا سەردەشت ١٣٦٨/٥/١٤: برامان وەهاب مەحموودی کە گوتوویانە تکایە بەشێک لە کتێبەکانتان بۆمان بنێرن.

٧٦- تاران، سەرۆک وەزیری ١٣٦٨/٥/٢٠: برای زانا و نووسەری زانامان بەڕێز کیانووش کیانی حەفت لنگ (کورد بەختیاری) مودیری ناو خۆی وەرزنامەی عەشایری ئێران، پاش سپاس نووسیوویانە:

دەبێ ڕابگەیەندرێ ئه و وتارەتان «زەوینی کوردەکان خوراسان لە ٤٠٠ ساڵی ڕابوردوو» لە وەرزنامەی ژمارە ٦ چاپ کراوە و ژمارەیەکی ئاراستەی ئێوە دەکرێ، هیوا دارم جێی ڕەزامەندی ئێوە بێت.

هەر وەها دەبێ ڕای بگەیەنم لە بەر ئەوەی خەریکی کۆ کردنەوەی وتەی مندالانی عەشایری ئێرانم. تکا کارم یارمەتیم بدەن.

چاوەڕێ یارمەتیتان، کیانووش کیانی حەفت لنگ

٧٧- دەرەگەز زیندیلوو ١٣٦٨/٦/١٣: کاک شەعبان سەبری کومبلانلوو لە نامەی دووهەمی خۆی نووسیوویانە:

چەند ڕۆژێکە کارێکم پەیدا کردووە و خەریکی کارم، ئێمە کرمانجی بلووکین، تکایە بۆمانی ڕوون بکەنەوە ئێمە لە کام ئیلین[236].

قەلخانیەکان دەڵێن ئێمە کوردین و زووتر لە یەکیەتی سۆڤیەتدا بووین کە هاتووینە دەرەگەز و زمانمان بووەتە تورکی و باوکانمان گوتوویانە لە بنەڕەتدا کرماشانین.

بەرگێ لە شێعرەکانی عەید موحەممەد زیندنلوو ئاراستەتان دەکرێ.

شاوان کومکیلانی ژەدەرەگەزێ

٧٨- دەماوەند ١٣٨٦/٦/١٥: برای کوردی جابانی دوکتۆر عەلی ئەکبەر قەدیمی کە نووسیوویانە، پرژ و بڵاوی کوردەکان لە دەوروبەری دەماوەند و خوار و وەرامین و گەرمسار و ڕوودەهێن هەتا دامغان بەم شێوەی خوارەوەیە:

کوردەکانی کورد بەچە، لە ڕوودەهێن و تاران و چەند بنەماڵەیەک لە دامغان‌دان کوردەکانی پازووکی لە گەرمسار و ئەیوانەکی و وەرامین، حاتەم پازووکی لە نێوان کەویر و لە ٥٠ کیلۆمەتری گەرمساردا دەژین و زۆر ڕێژی هەیە لە نێوان خەڵکدا کوردەکانی جابان لە دەماوەند و چوارسەد بنەماڵەن و لە چەند گونددا دەژین و تایفەکانیان بریتی لە: سفکانلوو، تووشکانلوو، شادلوو، زەعفەرانلوو. ناو براوان لە دەماوەند و گەرمسار و وەرامین و تا نزیکی سورخەی سمنان‌دا دەژین.

٧٩- کاشان ١٣٦٨/٧/١٢: برای کوردی عیراقیمان بەڕێز عەبدولجەبار کە نامەیەکی تریان لە بەرگی سێهەم لە چاپ درا. ناوتان لە دڵی هیچ کوردێکدا پاک ناکرێتەوە.

٨٠- تاران ١٣٦٨/٧/١٨: نامەی مامۆستای گەورە و نووسەری ناوداری کورد، بەڕێز دوکتۆر موحەممەد تەقی ئیبراهیم‌پوور کە زۆر ڕێزیان بۆ کارەکەی من داناوە.

٨١- شیروان: برای خوێندکارمان پژمان ئیبراهیمی سیووکانلوو کۆنە ئۆغاز لە

---

[236]- برای خۆم بلوولیەکان هەر ئەو پەلوولیانە یان پەهلەوانلووانەیەکە لە بەرگی دووهەمی بەڵگەکاندا چاپ کراون کە لە تەنشتی کێوی هەزار مەسور دەوربادام و ئیمامقولی و باشووری ڕۆژئاوای شیروان دان.

نامە شێعرییەکەیاندا منیان خەجاڵەت کردووە و لەم نامەیـەدا باسـی کـۆچی دوایـی خوالێخۆشبوو قادر قولی خانی قوماریان کردووە کە باوەگەورەیانە، نـاوبراو سـەرۆکـی عەشیرەتی سیووکانلوو بوو.

٨٢- تاران ١٣٦٨/٧/٣٠: نامەیەک کە لە بە ڕێز دوکتۆر عەزیز موحەممەد پـوور و گلەی کردووە کە هاتووتە مەشهەد و سەردانی ماڵی ئێمەی کردووە و من لـە مـاڵ نەبووم.

٨٣- شیراز ١٣٦٨/٨/٢٤: بەڕێز دوکتۆر سەداقەت کیش مامۆسـتای زانـستگای شیراز کە کتێبی زۆریان نووسیوە و بۆ وەرگرتنی کتێبی بەرگی سێهەم ڕەزامەنـدیان دەربڕیوە. لەم کارە نوێیەمدا لە کارەکانتان کەڵکم وەرگرتووە و دەمەوێ لە کارەکـانی ئێوە خوێندکارەکانم کەڵک وەربگرن. (دەست و چاوتان ماچ دەکەم)

٨٤- تاران: گوڵان ٦٨، گۆڤاری سەیر و سیاحەت.

لە گۆڤاری سەیر و سیاحەت، ساڵی دووهەم –ژمـارەی ٦ –گـوڵانی ١٣٦٨ بـە سەر پەرشتیاری بەڕێزدا و ودبەهرامی و لە لاپەڕەی ٣٢ سەبارەت بە بەرگـی سـێهەم وەها نووسراوە:

«... لەم کتێبەدا نووسەر بنەمای کارەکەی خۆی لە سەر کۆکردنەوەی مێـژوو و فەرهەنگی و جوگرافیا و فولکلۆری کوردانی خوراسان داناوە و بەڵگەکانی بە جوانی لێک داوەتەوە»

٨٥- ئازاد شار: نووسینگەی ڕاگواستنی موسافری ٢ی مازەندەران.

بەڕێز ئەحمەد ڕەزاتاجی لە کوردانی شادلووی ئێسفەراین و کە لـە دایکـەوە لـە کوردانی ئیزانلوویە، لە لاپەڕەی ٥٥١ی بەرگـی سـێهەمدا چـاوم بـە وەکـەوەت کـە قوربانقولی کەریمی شـەرانلـوو پاڵـەدانی قووچـان، فـەرهـاد شـەعبـانی میلانلـووی ئێسفەراینی شکست داوە.

دەبێ بڵێم کـە فـەرهـاد میلانلـوویی نیـە و دیرانلوویـە و خـەڵـکی سـارمێرانی ئێسفەرانیە و کوڕی خوالێخۆش بوو بـەهـادور پـەهلـەوانی کـوڕی بـەرات پاڵـەوانی دیرانلوو. عەلی پاڵەوانیش لە عەشیرەتی بادلوو و خەڵکی گوندی حەسار باغییە.

تا قمێک لە دانیشتوانی ئێسفەراین لە عەشیرەتی زەنبیل بافەکان بوون... .
کە بەڕێز دەوڵەت ئابادی لە کتێبی کەلیدەردا ئاماژەی پێی کردووە.
٨٦- پاریس: دوکتۆر پاپلی یەزدی مامۆستای زانکۆی مەشهەد لە بەرواری ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٦٨ دانووسیوویانە:

برای زانام کەلیموڵلا تەوەحودی!

پاش سلاو و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە.

کتێبە بە نرخەکانتانم بینی و گەشامەوە.

من لە گەلاڕێزانی پارەوە لە پاریسم و کارو بارم زۆر خراپە و تاڕادەی کارەگەرێک مووچە وەرناگرم. دووریتان ئازارم دەدا. چەند جار کتێبەکە نانم خوێندەوە بە تایبەت بەرگی سێهەمی، بەڵگەی زۆرم سەبارەت بە غەدری دژ بە کوردەکان لە سەدەی ١٥ی زایینەوە کۆ کردووتەوە وەک زلمی شاعەبباس لە کوردانی موکری و دەمەوێ لە کتێبێکدا کوێ بکەمەوە و لە چاپی بدەم.

هیوادارم فەرهەنگی گوندەکان و شوێنەوارە ئایینەکانی وڵات کە من نووسیوومە گەیشتبێتە دەستتان. هەر بەڵگەیەکتان بوێ لە پاریسەوە ڕەوانەی ئێوەی دەکەم.

لە کونفەرانسێکدا سەبارەت بە مێژووی سەفەویە بەڕێز دوکتۆر عەبدوڵلا مەردوخ سلاوی بۆتان دەنارد تا نەورۆزی ١٣٦٩ لە پاریس دەمێنمەوە. وابزانم ساڵی داهاتوو بۆ ژاپۆن دەچم.

بۆ گۆڤارەکەم و کورانی خوراسان دڵم دەسووتێ. بە سپاسەوە پاپلی یەزدی.

لە پەراوێزی نامەکەیاندا نووسیوویانە:

لەو بەرگی سێهەمەتان چەند ڕەخنەدشم هەیە کە دوایی پێتانی دەڵێم بە تایبەت باسەکانی ل ٤٧٢ دەبوای وانەنووسرێت و ڕەخنەی توند لە ها و ولاتیانی دانیشتووی ئورووپانەگیردرێ و وانەزانین هەموویان خراپن و خۆش گوزەران ڕیازیزانی گەورەی فەرانسە بەڕێز ڕەشتیە و ١٦ کەس لە ئێرانیەکان لە پیاوانی لێزانی مووشەکی ساتەرنن.

سپاس بۆ دوکتۆر پاپلی لەو نووسراوە مەبەست خزمەتەکانی دوکتۆر شادلوو بوو

کە قەت خزم و نەتەوەکەی خۆی بە جێ نەهێشت.

٨٧- **زاهیدان:** خاتوو سادقە زەعفەرانلووی کتێبخانەی کامبووزیا و فیلسووفی کەویرە پاش ئاراستە کردنی بەرگەیەک لە بەرگی سێهەم بۆ کتێبخانەی کامبووزیا و سەبارەت بە ئەوان چەند لاپەڕەیەکم نووسیووە. خاتوو سادقە بەرگێکی لە کتێبی «هۆی ویرانی بەلووجستان» نووسراوەی مامۆستا کامبووزیا هاوڕێ وێنەیەکی ئەوان کە سپاسیان دەکەم.

٨٨- **شەهرڕەزا ١٣٦٨/١٠/٦:** بەڕێز ڕەحمانیان حەقیقی کە لە نووسەران و شاعیرانی هاوچەرخ و لە بەرگی سێهەمدا ناساندوومانە و گلەیان لەوە بووە کە بەرگی سێهەمیان تا ئیستا وەرنەگرتووە.

٨٩- **تاران:** ڕێکخراوەی پەرەی فەرهەنگی ئێران

بەڕێز دوکتۆر تەوەسوتی مودیری گشتی ئەو ڕێکخراوەیە پاش ڕێزیان، گلەیان لە نەبوونی بەرگی سێهەم هەبووە.

٩٠- **شیروان:** موحەممەد ڕەزامەنسووری لە عەشیرەتی خدری سیووکانلوو کە باوکیان بە هۆی هاتنە خواری دەوری شاری باجگیران لە ساڵی ١٣٤٩ هاتوونەتە شیروان و موحەممەد ڕەزا لەوێ پێگەییشتووە و ئێستا لە خەت خۆشان و شاعێرانی گەورەی ئەوێیە.

٩١- **شیروان ١٣٦٨/١٠/٢:** خوشکمان فەهیمەی عەلایی قەهرەمانلوو لە نامەکەیاندا شەرمەزاریان کردووم و بە تەواوی هەر ئافەرینیان بۆ گوتووم، منیان بە شانازی کوردان داناوە.

خانگی من! فەهیمە، خانگی کورمانج، تۆ نزانی کوکاغازێ تەچیجوور من شادکر ساکو، هوون نکاوسەودا بوونە، هوون ئامۆزگارێ خرەدمەند و ئاگایی خەڵکی مەنە هوونن کۆ گەرێ ژەنکاها داهینا چرێ شەوتن و ساخزانێ نەمە پەرتو ئەفشانی بکەن تا ئەوانا لە ئایدندە وە مێژوو فەرهەنگێ پڕ بار خا ئاشنە بوون.

برانگی قچک وە: کەڵیچێ کورمانج دیسا ئومیدوارم دیوانێ کورمانجی «جەعفەر قولی زەنگەلی» ژی، وە خاندی وی.

٩٢- ئەهواز: زانستگای چەمران، بەڕێز دوکتۆر ڕۆحانی کە سپاسیان کردووم.

٩٣- بجنوورد ١٣٦٨/١٠/١٤: خوشکی عەزیزم! سوغرا ئەحمەدی کە هیوای سەر کەوتنی بۆ خواستووم.

٩٤- ئێسفەهان: زانای بەڕێز، گەورەم ڕەجایی زەفرەیی کە ڕیزی زۆریان گرتووم.

زانای خۆشەویستە بەڕێز کەلیموللا تەوەحودی!

لە چەند گۆڤاردا سەبارەت بە کتێبەکەتان کەسانێک نووسیبوویان کە زۆر گەشامەوە.

منیش زۆر سپاسی ئەو بەڕێز دەکەم.

لە چە ند یادداشتی زانستیانەی ئەوانیش کە سەبارەت بە ردەکانی قووچان و خوالێخۆش بوو مولا موحەممەد زەفرەیی کە هاوکات لە سەردەمی دەرباز بوونی سام خان زەعفەرانلوو لە بەندیخانەی قەجەری لە قووچان بووە و چەند کتێبی باشیشی نووسیوە.

هەروەها تاقمێک وێنەی ئێران کاری خوالێخۆش بوو حوسێن مەحبووبی ئەردەکانی چەند وێنە لە قووچان و خەڵکی ئەو دەڤەرە.

چەند وتار لە دوکتۆر موحەممەد حەسەن گەنجی و بەهاریکاری دوکتۆر جەواد سەفینژاد بە سەر دێڕی.

١- لە ئێلی زافەرانلوو، شیروانی کچ سەری پڵنگە، ئیتلاعات حەوتەیی، ژمارە ٥١٥/١٣٣١/٣/٣١

٢- لە بجنوورد لاوان لە شەوی زەماوەنددالەگەڵ گای مەست شەڕدەکەن.

٣- لە عێشق ئابادەوە تا قووچان – لورد کەرزەن – گۆڤاری خوێندنیەکان، ژمارە ٣٩ساڵی چوارەم ١٣٢٣

٩٥- مراوەتەپە: برای ئاژەڵدار و چادرنشینمان بەڕێز موحەممەد موحەممەدی لە عەشیرەتی ئالخاس لە مراوەتەپە. کە سپاس خۆیان ئاراستە کردووم.

٩٦- شیروان: مەعسوومە موحەممەدزادە بوولەغانی:

برانگێ کەلیم! سڵاو دەوێژم. ژەخادێ دەخازم کومەختەیی فاش و تەندروست بویی ئومیدوارم کۆزمان و فەرهەنگێ کۆرمانجی لە گشتێ دەزێ بەلابکیی.

ناو براو لە ڕادیو خوراسان گلەی کردووە کە بایەخ بە کوردانی ئەو دەڤەرە نادا من خوشم چەند بار نامەم بۆ ڕادیۆ نووسیووە؛ بەڵام بێوڵام ماوەتەوە.

٩٧- زانستگای تاران ١٣٦٨/١٢/٥: برای بەڕێزمان قەدیرئەفروند خوێندکاری مێژووی هونەر کە لە نامەیەکدا کە بە کرمانجی نووسیوویانە ڕێزی زۆریان گرتووم.

٩٨- زانستگای ئازادی ئیسلامی شیراز: سەرۆکی زانستگا بەڕێز عەلی موەحید لە نەبوونی کتێب لەو زانستگایە گلەیان کردووە.

٩٩- سنە: نامەیەک لە ڕێکخراوەی ڕێنوێنی پێداویستەکانی پارێزگای کوردستان کە برامان نژادیان خستوویانە ڕێ پاش سڵاو لە داخرانی ڕێکخراوەکەیان ترساون.

١٠٠- مەشهەد ١٣٦٨/١٠/١٠: برای زانامان موحەممەد حەسەن زەینەل زادەی قووچانی کە گاڵتە و گەپەکانیان زۆر جوانە و بەم بۆنەشەوە چەندین ڕەخنەیان بۆم ناردووە.

یەکێ لەوانە ئەویە کە دەڵێ لەو سێ بەرگەدا من تەنزم نەبینی و زۆر جیددی بوون. منیش سپاسی ئەوان دەکەم و شوکور کە نەبوومە گاڵتە جاڕیان.

١٠١- سنە: ١٣٦٨/١٠/١٠: برای بەڕێزم کاک سابر مەحموودی کوڕ شاعێری گەورە مامۆستا تەوفیق مەحموودی«وەستا»

٠٠٠ سڵاوێک لە کانگای دڵمەوە و لە گوڵەباخەکانی کوردستان بۆ کرمانج لە خوراسان بۆ دایکی مامۆستا بۆ دایکی کەلیم،

دایکی کوردی خۆشەویستم هەر بژی بۆ ڕۆڵەت

زۆر شانازیی بە ئەو کتێبەوە «کوچی مێژوویی کورد بۆ خراسان» دەکەم.

بە خوێندەوەی بەرگی دووهەم فرمێسکی چاوانم دادەبارێن.

بە خوێندنەوەی ل ٦٠٢ (نووسەرانی کورد) و یستم ناوی چەند شاعیری کورد بنووسم و بەڕێ بکەم بۆتان، بە داخەوە بەرگی یەکەمم نەبینی ... .

لە نامەکانی‌تردا سەر گورشتەی دوو شاعیری کورد بە ناوەکانی میرزا ئـەحمـەد موحەممەدی و وەستا تەوفیق مەحمـوودی (بـاوکی خـۆی) بـۆم نـارد کـە کتـێبی «گوڵستان کوردستان» چاپ دەکرێ.

هاوکات دوو وێنەی لە دووشێرە ژن واتا مەستووری ئەردڵان و قـەدەم خـەیـری سورِ و چەند تاری باوکیانی ناردووم سەبارەت بە نەورۆزی ١٣٦٩.

١٠٢- ڕەشت: هەڤالم، بەڕێز غولامڕەزا والی زادە و ژنەکەیان میترا عـەممـارلوو کە لە بەرگی پێنجەمدا باسیان دەکرێ.

١٠٣- کرماشان: نامەی مامۆستای هێـژا مـەحیـەددیـن سالـحی کـە پـڕە لـە خۆشەویستی و هاوڕێ ناميلکەيەک لە شێعر و سەرگورشتەی خۆیان.

١٠٤- بجنوورد: نامەیەکی هاوبەش لە بەڕێزان دێپـەنـاو ژنی دلۆڤـانیان فاتحـە قەراچوربوو.

١٠٥- نامەی حەسەن بەبری: لە ئاشخانەوە کە نووسیوویانە گوندەکانی باڵاکێو، چەمگەردان و ئەحمەدئاوا و عەباس ئاوای ئاخاڵ بە گشتی کورمانجن.

١٠٦- نامەی خەلیلی ڕۆستەمی کە سپاسی منیان کردووە.

١٠٧- تاران: نامەی ڕەحمەتوڵڵای ئاغاجانی لـە کـوردانی ئامـارلوو و داوای ٢٠ بەرگ لە بەشی یەکەمیان کردووە و بەڕێم کرد.

١٠٨- شـیروان: بـرای خۆشـەویـستمان بـەهمـەن هووشمـەنـد کـە کتـێبی «جیوگرافیای مێژوویی شیروان» نووسراوەی موحـەممـەد ئیـسماعیل مـوقیمی‌یـان خوێندەوە و زۆر دڵگەیر بوون لە نووسەرەکەی هەر وەک خەڵکانی دی.

دەبێ بۆنزێ ترمێ چون نووسەری ئەو کتێبە تورکن بەو بۆنەوە وایان نووسیوە. بە تاقمێکی ئاماژە دەکەم:

١- ناوبراو لە ل ١١٠ گوندەکانی جریستانی وەک پالکانوو کـە دوانـزە گونـدن و هەموویان کرمانجن و ناوبراو گوتوویە کورد و تورکن

٢- لە خشتەی ل ١١٢ گوندی ئەوڵلا ئاوای ژووورووی بە تورک ناو بردووە.

٣- لە خشتەی ل ١١٣ گوندەکانی بوزئاوا و حسێن ئاوای بە تورک ناساندووە.

٤- لە خشتەی ل ١١٤ گوندی ئەمان ئاوای بە تورک ناساندووە و ئەم گوندە یادگاری ئەمانوڵلاخانی زافەرانلووی باوەگەورەی خانەکانی شیروانە و کەچی قەت تورکیان تێی دانیە.

٥- لە خشتەی ١١٨ گوندی ئیستەخری بە تورک ناساندووە.

٦- لە لاپەڕەی ١٣٥ دانووسەر گوتوویە خەڵکی شیروان بە گشتی تورک زمانن «من دەڵێم نووسەر باش وا بوو دەینووسی شیروان، تەورێزی دووەمە و بەس.

٧- ناو براو، عەشایر و پێخۆر و کایەی کورمانجیش داوەتە پاڵ تورکەوە.

بە سپاسەوە برای بچووکتان بەهمەن هووشمەند

چاو خشاندنێک بە سەر کتێبی بێبایەخی «جیوگرافیای مێژووی شیروان» پاش نامەی بەڕێز هووشمەند خێرا چووم ئەو کتێبەم کڕی و ڕاستەو ڕاست هووشمەند زۆر کەس نووسیووە، ناوبراو بە یارمەتی دوکتۆر پاپلی ئەو کتێبەی نووسیوە و من بڕوام نەدەکرا پاپلی پاڵپشتی لێوە بکات.

من بە بەڕێز پال دەڵێم.

نووسەر لە لاپەڕەی ١٥ نووسیوویە هەموو شتێکم بە پێی بەڵگەداناوە و هێناومە، من دەپرسم کام بەڵگەو لە گوێیە.

من ٥٠٠ بەرگ بەڵگەی شیروانم هەیە ئێوە چتیان لایە ناوبراو دەڵێنی شیروان پێش زایین بنیات نراوە بەچ بلگەیەکەوە دەیسە لمێنی.

لە ٢٠٥ سە بارەت بە ناوی شیروان دەڵێن شیروان واتە شێرێکی دڕندە کە لە دواێنی باکووری کێوی ئەغزقاپووقلی دایە.

گرتمان تۆ ڕاست دەکەی ئەم شیروانە کورد دروستی نەکردووە.

ئەی شیروانەکانی لوڕستان، کردستان، باشوور و باکوور و ئەو بەری چۆمی ئەرەس چی لێ دەکەی؟ ئەگەر شیروان تورک بوون، سەردار و خانەکانی کێ بوون.

هەروەها دەڵێ شیروان لە نێوان ساڵەکانی ٣١ و ٣٢ی کۆچی کەوتە دەستی موسڵمانەکان.

لە لاپەڕەی ٣٧ هەوڵتان داوە ئیمامزادەیەک بخەنە شیروان و بۆ ئەم مەبەستە

دەڵێن سوڵتان مەحموودی غەزنەوی لە خەودا بینی کە ئیمام زادەی هەیە و پاشان ساز کرا بۆی.

بەڕێزمان حەبیبوسیەریشی بە درۆزن ناسیوە.

باش وایە خەڵکی خۆیان دادوەری بکەن.

کتێبی جوگرافیای مێژووی شیروان بۆچی چاپ کرا

نووسەری ئەم کتێبە کە لە لایان بەڕێزان دوکتۆر عەباس سەعیدی ڕزوانی و دوکتۆر پاپلی و دوکتۆر ڕەزا ڕەحمانی فەزلی ... ساپۆرت کراوە. لە کتێبنامەکەی سپاسیانی کردووە و لە جێگری بەڕێزی فەرهەنگی ئاستانیش سپاس کردووە.

من خۆم (نووسەر) چوومە خزمەت دوکتۆر سەعیدی و باسی چاپی کتێبی سەرەخسی خۆمم کرد کە دەستی ڕەدیان نایە سەر سینگم و ئێستا پاڵپشتی ئەم کارە بێ بەڵگەیە دەکەن.

دوکتۆر سەعیدی کە زۆر حەزرەت ڕەزای خۆش دەوێ، کتێبەکەی من بە ناو نیشانی «ئیمام ڕەزالەفەرهەنگی کرمانجی‌دا» چاپ ناکا.

یان بۆچی ئیزن بە بڵاو بوونەوەی کتێبی کۆچەکەم نادەن.

لە ئاکامدا گویتان بەو مەرجەی ئیزن بە بڵاو کردنەوەی دەدرێ کە ٣٧ لە سەدی کتێبەکە بدرێتە بارگای ئیمام ڕەزا.

بە ڕاستی ئەم خزمەتەیان زۆر گەورە بوو (!!!)

هەڵەکانی بەڕێز موقیمی

هولاکووی مەغول کاتێ کە تەورێزی گرت پەیامی‌دا دەبێ هەمووی ئێران بە تورکی بدوێ، وەک ئەوەی کە ئێستا کوردەکانی دەنبەلی و شوقاقی بە کوردی ناتوانن قسە بکەن، ئەم موقیمیەش وەک باوەگەورەی خۆی (هولاکووی) کردووە بۆ شیروان.

من لە خشتەیەکدا هەڵەکانی ڕاست دەکەمەوە، وڵامی هەموانیش دەوەمەوە.

ژمارە	گوند	ڕێژەی بنەماڵە	بڕوای موقیمی	ڕاست کردنەوەی هەڵەکان
١	ئالخاس	٩٣	کورد – تورک	کورد
٢	پالووکانلووی ژوور	٤٦	کورد – تورک	کورد
٣	پالووکانلووی خوار	٦٩	کورد – تورک	کورد
٤	ژاندارمری گەلیل	–	کورد – تورک	کەسی لێ نیە
٥	تەخت	٢٦	کورد – تورک	کورد
٦	چیورمە	١٩	کورد – تورک	کورد
٧	کالتمانلوو	٢٩	کورد – تورک	کورد
٨	دووڵەدانلوو	٤٦	کورد – تورک	کورد
٩	زیندینلوو	٢	کورد – تورک	کورد
١٠	سیل سیرانلووی ژوور	٤٣	کورد – تورک	کورد
١١	سیل سیرانلووی خوار	٣٨	کورد – تورک	کورد
١٢	کورکانلووی ژوور	٤٤	کورد – تورک	کورد
١٣	کۆسە	١٥٨	تورک	کورد – تورک
١٤	میلانلووی ژوور	٧٤	تورک	کورد

هەروەها سەبارەت بە دەوروبەری شیروان بە ناوەندی ئەڵلائاوا کە ٦٠ گوندە و ٣٦ گوندی جەماوەری نیە و ٢٤ گوندی دیکەش نووسەر ٨ گوندیانی بە کورد و ١٦ گوندیانی بە تورک و فارس ناساندووە.

بۆ ناوچەی زوارم دەڵێ ٧ گوندی کورد و ٣ گوندی تورکن و دەبێ بڵێم ٧ گوندی کورد و گوندێک تورک و ٢ گوند کورد – تورکن. ناوچەی زیارەت کە داگری ١٧ گوندە و نووسەر ٩ گوندیانی داوە کورد و پاشماوەکەیانی بە تورک و فارس ناساندووە.

کە دەبێ بڵێم کورد ١٢ گوند و تورک ٢ گوندە.

فارس (بەربەری) گوندێک.

بەربەر و تورک گوندێک.

بەربەر و تورک و کورد گوندێک.

ناوچەی قۆشخانە:

کە هەر دوو گوندی بورزانلووی خوار و ژوور کوردن و ناوبرا دەڵێ: کورد – تورکن.

ناوچەی سیووکانلوو (سیبکانلوو)

گوندی ئۆغازی کە ١٨٤ گوندە و تەنیا ٨ گوندی تورکە کە ناوبراو دەڵێ: کورد – تورکن.

خەڵکی ئەو ناوچە بەم ڕێژەیە.

گوندی کوردنشین ٢٧	گوندی تورکنشین ٢

خشتەی گوندەکانی شیروان بەم شێوەی خوارە داڕێژراوە.

ژمارە	ناوچە	ژمارەی گوندی	کورد	تورک	فارس	کورد تورک	کورد فارس	ترک فارس	لە هەر سێ گرۆپ
١	تەگمەدان	٢٨	٢٨	–	–	–	–	–	–
٢	جریستان	١٨	١٧	–	–	١	–	–	–
٣	ئەڵڵائاوا	٢٤	١٠	٤	٢	٥	١	١	١
٤	زوارم	١٠	٧	١	–	٢	–	–	–
٥	زیارەت	١٧	١٢	٢	١	–	–	١	١
٦	سیووکانلو	٢٩	٢٧	–	–	٢	–	–	–
٧	قۆشخانە	٣٠	١٣	١١	–	٦	–	–	–
٨	گلیان	٢١	١١	–	٥	٣	٢	–	–
گشتی گوند		١٧٧	١٢٥	١٨	٨	١٩	٣	٢	٢

نووسەر دەڵێ شیروان بە سێ زمانی کوردی و تورکی و فارسی دەدوێن.

کە ٤٩/٣ لە سەدی تورک.

٣٦/٦ لە سەدی کورد.

١٤/٢ لە سەدی فارس.

کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیەولەو خشتەیەکدا ڕوون دەبێتەوە لە بەر ئەوەی شاری شیروان هەر لەو گوندانەی کە ناوبراون پێک هاتوون.

موقەدسی سەبارەت بە دوەین دەڵێ:

دوەینیەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی شیروانیخوراسان لە عەشیرەتی شادلوون.دەی ئەو نووسەرە چی بوو بە سەر کورد و تورکەوە.

جەناب موقیمی لە زۆر شوێندا لە کۆچی مێژوویی کەڵکی وەرگرتووە و بە بێ ئەوەی سەرچاوەکە ناو ببات.

خەڵکی خۆتان بینە دادوەر

بەشی وێنەکان
و
دەستنووسەکان



ئەمەش وێنەکەی بەڕێز موقیمی

اصلاح أحیاء مراتع



شجاع‌الدوله عکس از دوست فاضل و ادیبم آقای فلاح مدیر عکاسی بانک قوچان



عکسی از سواران درگز



این عکس را به یاد مرحوم سعیدی چاپ می‌کنم که پس از صفحه‌بندی کتاب به رحمت ایزدی پیوست یادگاری از گردش علمی و تحقیقی در مورد جاده ابریشم در رباط شرف سرخس- اردیبهشت ۱۳۶۹ از چپ آقایان: دکتر سعیدی، پاپلی، ابریشمی، روشنی زعفرانلو، توحدی، تکمیل همایون

شجاع‌الدوله آخرین ایلخانی زعفرانلو - از کتاب جغرافیای تاریخی قوچان - شاکری ص ۶۷



فرمانفرما

خانلرخان

عزت‌الله خان سرهنگ مرز ایران‌افغانی گرد شده‌اند بجنورد با سران ایلات کرد و ترکمن.

قوچان: خبرنگار روزنامه خراسان

احمد شکفته کشتی گیر وزن ۸۲ کیلوگرم تیم منتخب خراسان که چندی قبل همراه این تیم جهت شرکت در مسابقات بین المللی تیام سیلوتره به ایتالیا رفته بود مدال طلای این وزنه را در مسابقات مذکور بدست آورد.

شکفته در بازگشت به موطنش مورد استقبال پرشکوه ورزشدوستان و حضور مسئولان [illegible] قرار گرفت. در مسیر اتومبیل وی [illegible] با پرتاب گل و شیرینی [illegible] زحمات این ورزشکار با اهدای [illegible] تقدیر [illegible]

مراسمی که جهت تقدیر از وی در ورزشگاه تختی قوچان برگزار شد مسئولین شهرداری قوچان ضمن برشمردن اهمیت پیروزی احمد شکفته در ایتالیا که موجب گردیده است سرود جمهوری اسلامی ایران در کشوری بیگانه نواخته شود این پیروزی را به وی تبریک گفتند. آنگاه هدایایی که از سوی شهرداری و شهربانی [illegible] تهیه شده بود به شکفته اهدا گردید. - روزنامه خراسان ۷۲/۳/۱۳

شادروان دکتر [illegible]

[illegible]

در این زمان که از ثانیه فرهنگی ما قطع شده‌اند، چند تن از دوستان فاضل و فرهنگی که کمک دستیارم بوده‌اند و [illegible] در تذکره‌شناسی و ایلشناسی و اسناد و مدارک‌شناسی بسیار برایم مفید بوده‌اند، درگذشتند که خدایشان بیامرزد. مرحوم خسروخان شادلو، قادرقلی‌خان قیادی، [illegible] جلوزیان، [illegible] از جمله درگذشت دکتر حسن علیزاده اوغازی جوان ناکام و رئیس بهداشت و درمان سرخس که در روز عاشورا متولد شد و روز عاشورای ۱۳۷۲ هم در سانحه کوهنوردی در کوههای [illegible] درگذشت.

از جمله غم‌انگیز درگذشت مرحوم حاج سلیمان‌خان [illegible] فاضل و دانشمند و تاریخ‌شناس خراسان بود که روز ۱۴ خرداد ۷۲ در [illegible] درگذشت که مرگ او ضایعه بزرگی برای کارهای فرهنگی‌ام بود. دیگر کسی نمی‌تواند مانند او برایم اسناد و مدارک را شناسایی و معرفی کند. روحشان شاد باد.












Modele 43

از ... به ... (اداره تلگرافی دولت علیه ایران)

نمره

اطلاعات

روز | ساعت | دقیقه

تاریخ ۲۵ برج ... ساعت ... دقیقه ... نمره ... امضای نویسنده


Modele 16
ادارهٔ تلگرافی دولت علیه ایران
جواب


Modele 46
اداره تلگرافی دولت علیه ایران
عدد کلمات
تاریخ اصل مخابره
اطلاعات


وزارت داخله

بقیهٔ اخبار دو فقره

شیروان ۱۹

از سوار دولتی هنوز خبری نرسیده طاولوی و سوار ... انتظار

آنها را دارند دیروز ماشه و سوار کس و هزار تومان ... بجنورد

حرکت نموده از قصبه مذکور تا ده روز دیگر مراجعت خواهند کرد)

بواسطه آمدن طاولوی به شیروان اشرار از املاک شیروان

متفرق گردیده‌اند (دیروز غروب زمانشاهان صاحب‌منصب باشی نظمیه

سرور نظام وارد شده‌اند) چون سوار مامور باید در خارج خاک شیروان

اشرار را تعاقب و دستگیر نماید حرکت بشرح ... ذیل

از قوچان اجازه خواسته است ۱۸ ... ۱۳

ھمکار محترم جناب آقای دکتر روشنی

[illegible] ش ۸۱۸۶

دکتر تقی نیا- دکتر کاشف- دکتر مهاجری

دکتر حیدری نژاد و پرسنل آزمایشگاه تخصصی پاستور

انا لله و انا الیه راجعون

با کمال تاسف و تاثر جناب آقای سلیمان روشنی زعفرانلو [illegible]

[illegible]

اسلام ابتهای علوم مشهد

انا لله و انا الیه راجعون

با تاسف و اندوه درگذشت حاج سلیمان روشنی زعفرانلو بزرگ خاندان روشنی در اثر سکته قلبی [illegible]

[illegible]

خانواده های محبت جو - روشنی - باقرالف- لاهوتی- رئیسی- بهزادیان- ابراهیمی- میرجلالی- باقرزاده- ملک زاده- مسلم- حکیمی- حاتمی- مهدوی- سرهنگ حمیدی- طلوعی- فارسیان- شفقی- شریفیان- اخوت- نوروززاده- ملک آبادی- ازقلو- امیری- انصاری مود- افشار- دکتر عبیری- بهشتی- نوری- رضوی- سرهنگ آقالر- رستگار- طلایی- صباغ زاده ش ۸۸۶۴

خانواده محترم روشنی زعفرانلو

[illegible] ش ۸۶۵۸

بجنورد: خانواده های انصاری مود- امیاری- مشکینی

با کمال تاسف و تاثر درگذشت [illegible]

حاج آقا سلیمان خان روشنی زعفرانلو

والد گرامی همکار عزیزمان آقای دکتر عبدالرضا روشنی زعفرانلو [illegible]

[illegible] ش ۸۱۱۰

جامعه متخصصین آزمایشگاههای مشهد

خاندان معظم روشنی

[illegible] ش ۸۱۷۰

سید جلال الدین آشتیانی- فریده و حسن لاهوتی

انا لله و انا الیه راجعون

با اندوه و تاسف فراوان [illegible]

جناب آقای سلیمان روشنی زعفرانلو

بزرگ خاندان روشنی در اثر سکته قلبی [illegible]

[illegible]

حاج محمد روشنی . دکتر نصرت الله روشنی . [illegible]

۲۰ خرداد ۶۳

مراتب

جناب آقای حاج محمد خان روشنی زعفرانلو

جناب آقای قدرت ا . . . خان روشنی نویسنده و مترجم

[illegible] ش ۸۲۵۰

مشهد: ولی قهرمانلو- حسین کهندل زعفرانلو- جمشید حاجی قربانی کیکانلو- حمید محمدی- کلیم ا . . . توحدی سوکانلو

استاد گرامی سرکار خانم دکتر روشنی مدیر محترم گروه شیمی دانشگاه آزاد اسلامی

[illegible]

گروهی از فارغ التحصیلان شیمی

[illegible]

جناب آقای مهندس محمدعلی روشنی زعفرانلو

[illegible]

شرکت رادیو گرافی صنعتی نور



۱۰۹

دولت علیه ایران

وزارت داخله

نمره کتاب ثبت

ارسال در ساعت




گۆڤاری مێژووی کوردستان
Journal of Kurdish History

بسم الله الرحمن الرحیم

حضور دانشمند محبوب محترم و محقق دلسوز کرد، حضرت آقای کلیم الله توحدی وفقه الله علی ما یحبه و یرضا

از سرزمین مقدس کردستان، بدیار کردان خراسان درود میفرستم و بر شما که سلاله پاک و دلسوز این قوم نجیب هستی سلام و احترامات زائد الوصف را تقدیم میدارم و توفیق سعادت بیشتر تان را در راه خدمت بکرد و کردستان از خداوند تبارک تعالی خواستارم.

نوع تحقیقات بسیار دلسوزانه محققانه آنحضرت که حاکی از کمال صداقت و حقیقت گوئی و انجام شرائط صله رحم بلکه حقایق که زبان حال همه ملت کرد است مورد ستایش و تحسین و تشکر فوق العاده میباشد. آری:

ز هر خاکی که بوی عشق بر خاست یقین دان تربت لیلی در آنجاست.

گرچه آنطور که شاید و باید در باره کردهای خراسان با اطلاع نبودم، خوشبختانه با انتشار کتابهای تاریخی و تحقیقی شما که از قلم توانای یک کرد خالص و مخلص تراوش کرده، با همه ابعادش، همه خواسته‌ها برآورده شد و همه نقیصه‌ها برطرف گردیده است و آنچه را میخواستیم شما همه را نوشته‌اید. خداوند به جنابعالی توفیق بیشتر و سلامتی و عافیت فرماید که همواره سعادتمند و برای قوم خود افتخار آفرین باشید.

البته مردم کرد هیچوقت خاطرات تاثر آور اقوام و زبده طوایف اصیل کرد و کوچانیدن آنها را از کردستان بخراسان از یاد نبرده و نمیبرند. این دوری [illegible] و اختلافات را با تاثر خاطرشان ساخته‌اند. و اکنون ما خوشحالیم که شما با انتشار کتابهای تاریخی این گسستگی و دوری راه را به [illegible] باز پیوند [illegible] و موفق شده‌اید.

و چون در جلد دوم تاریخ: حرکت تاریخی کرد به خراسان خواسته‌اید که اهل قلم کرد شرح حال و نمونه آثارشان را برایتان بفرستند، منهم برای اینکه دعوت شما را لبیک گفته و در جمع این دعوت شدگان باشم، اینک نسخه‌ای از شرح حال و نمونه آثار خود را ارسال خدمت نمودم. که در آن دیار از من یادگار باشد. والسلام علیکم و رحمة الله و برکاته

نشانی: بجنوردان، [illegible] ۱۱۲ [illegible] پلاک ۳۱ [illegible]

«بمناسبت نخستین سالگرد فاجعه حلبچه»

چه کنم؟

بغض گرفته گلوی قلم را چه کنم؟ — هم نژادم شده آواره صحرا چه کنم؟

قوم مظلوم من، ای کرد ستمدیده دگر — مانده ام از تو جدا زین غم گویا چه کنم؟

خنجر خشم برون کن ز نیام و برخیز — تو که آب گذشته ز سر ما چه کنم؟

مبتلا گشته به رنجی که ترا درمان نیست — شده است همدم تو درد و بلاها چه کنم؟

در حلبچه تن تا دل زده ظلمات — کرده است خون جگر و دیده دل اعمی چه کنم؟

بی گنه کشته شهید پیر و جوانان قوم — بدتر از شمر و یزید ند در آنجا چه کنم؟

من بدرگاه خدا جز تو نالم همه دم — تو بگو من ز خدا غیر تمنا چه کنم؟

آه بر آمد ز نهاد همگان همچو کیان

یا بدین دل مگر از غصه تسلا چه کنم؟

گیان ... دیرانلو بجنورد ۶۷،۱۲،۲۶





وزارت عدلیه اعظم



نمره کتاب

اداره تلگرافی دولت علیه ایران

سنه ۱۳۳۶

به طهران	نمره تلگراف ۴	نمره قبض ۳۳	عدد کلمات ۱۸۴	تاریخ اصل ۱	توضیحات	تاریخ وصول ۲۴ جوزا	اسم گیرنده



Modele 43

نمرهٔ نمره ۹۳

(ادارهٔ تلگرافی دولت علیه ایران)

صفحه ......

اطلاعات	تاریخ اصل مطلب			عدد کلمات	نمره
	دقیقه	ساعت	روز		

بتاریخ ۱۹ برج ... ساعت ... دقیقه ... ئیل سنه ۱۳۳۴ امضای نویسنده


١٣٢١
ولایت قوچان

انجمن تحقیق سبز و ...

تاریخ سیم شهریور ۱۳۲۵

نمره

Bureau
№ 69 دفتر مالیه بجنورد
(٦٩) نمره
Tresorerie Générale
خزانه داری کل
Service
Kr. [redacted] 1000
شعبه
QUITTANCE DE PAIEMENT EN ESPECES
قبض پرداخت نقدی
Nom et adresse de la partie versante
اسم و آدرس ادا کننده ... آقای ... بابت ...
(١٠٠٠٠)
Somme perçue
وجه ماخوذ ... مبلغ یکهزار تومان ...
Objet de la recette
نوع عایدات بابت ...
رئیس مالیه دفتر بجنورد
Le caissier
تحویلدار
تاریخ ٣٠ ... ١٣٣٢

Bureau
№ 70. دفتر مالیه بجنورد
(٧٠) نمره
Tresorerie Générale
خزانه داری کل
Service
Kr. [redacted] 200
شعبه
QUITTANCE DE PAIEMENT EN ESPECES
قبض پرداخت نقدی
Nom et adresse de la partie versante:
اسم و آدرس ادا کننده ... آقای ... بابت ...
(٢٠٠٠)
Somme perçue
وجه ماخوذی مبلغ دویست تومان ...
Objet de la recette
نوع عایدات بابت ...
رئیس مالیه دفتر بجنورد
Le caissier
Le
تاریخ ٣٠ ... ١٣٣٢
تحویلدار



پاکتهایی که در مورد خدو سردار و برادرش الله وردی به مهر و خط عزیزالملک قوچانی به محمد ابراهیم خان مظفرالسلطنه رسیده و او برای بایگانی روی پاکت نوشته است مربوط به جرائم خدو سردار



بقیه اخبار دخله — شیروان

از سواران ولیخان هنوز خبری نرسیده خداویردی اسقفار آنها را وارد
دیروز ماژور روانس و ماژور رسم بطرف بجنورد حرکت کردند
از قطار مذکور تا دو روز دیگر مراجعت نمایند بواسطه آمدن
اشرار از خاک شیروان متفرق گردیدند دیروز غروب
صاحب منصب و سی نفر سوار نظام وارد شدند حرکت سوار باید
خاک شیروان اشرار را تعاقب و دستگیر نماید حکومت
بشرح تلگراف قبل از قوچان حاجزده خواسته است

۱۸ حمل غلامرضا

دولت علیه ایران

وزارت داخله

نمره کتاب ثبت	
کارتن	
ذکر نمرهای قبل	
شعبه	ضمیمه

وصول در ساعت

۱۹۹

طهران بتاریخ ۱۳ ... ۱۳۳۹

۳۵۸

اسم نویسنده ... صادره ...

[illegible]



وزارت داخله

اداره کابینه وزارت

سواد تلگراف رمز شجاع الدوله [illegible]

مورخه غره رجب ۱۳۳۰

نمره ۱۱۰

مقام منیع وزارت جلیله داخله [illegible]

بعد از [illegible] دولت به [illegible] قطاع الطریق معروف حرکت کرده [illegible]

با کمال [illegible] [illegible] هم وقت [illegible]

از [illegible] که در [illegible] [illegible]

شد چنانچه [illegible] صفحات کردستان [illegible]

و اسباب زحمت اولیای دولت را فراهم خواهد کرد [illegible] خارج

[illegible] از طرف دولت باید حرکت شود والا [illegible]

[illegible] و اسباب [illegible]

[illegible] شجاع الدوله

[illegible]

اخبار تلگراف داخله ممالک محروسه

مشهد

بحمدالله شهر در کمال انتظام است خداویردی زعفرانلو معروف
که سابقه اعمالش حاجت بشرح ندارد و در [illegible] از ایالت [illegible]
سرکشی و اطاعت پیشه نیاورده بود بر حسب امر ایالت [illegible]
و استعداد رشید گردید صفحه خراسان از وجود اشرار پاک و در اطراف
یاغی و قطاع الطریق باقی نمانده است ۲۷ عقرب [illegible]

بقیه اخبار روز [illegible]

شیروان مورخه ۲۸ شنبه از قرار مذکور خداویردی و ولیخان با [illegible]
[illegible] شیروان رفته شصت نفر از [illegible] آنجا را دستگیر [illegible]
مجتهد [illegible] فرار [illegible] میرزا [illegible]







اداره تلگرافی دولت علیه ایران

اسم گیرنده	تاریخ وصول	توضیحات	نمره اصل	عدد کلمات	نمره قبض / نمره تلگراف
	١٩			١٣٠	



کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان



کۆچی میژوویی کورد بۆ خوراسان

نووسینی: کەلیمولڵا تەوەححودی

وەرگێڕانی: عەدنان بەرزنجی

بابەت: مێژوویی

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

نرخ: ۵۰۰۰دینار

ژمارەی سپاردن: ۱۹٤۹ ی ۲۰۰۹

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ۲۰۰۹

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە: kteb@serdam.org

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

سەرچاوە/ حرکت تاریخی کرد به خراسان

مؤلف: کلیم الله توحدی (کانیمال)، چاپ: سازمان چاپ مشهد، ناشر: مؤلف ، مشهد ۱۳۷۱ ایران

٥١٢- یادو ئاوات و دەردە کورد	مەحمود زامدار	
٥١٣ - مایا	یۆستاین گاردەر	بەهرۆز حەسەن
٥١٤-زانست و فەلسەفە ڤیداییەکان	هاوبیر کامەران	
٥١٥- جیهانبینیی شۆپنهاوەر	میهرداد میهرین	هونەر عەبدوڵڵا
٥١٦- کۆماری ترس	کەنعان مەکییە	حەمە رەشید
٥١٧-فەرهەنگی پۆلەتیکس		هاوکار حسێن
٥١٨- ئەلمونجید بە کوردی		جەلال مەحمود عەلی سوبحان
٥١٩-ناسیۆنالیزمی عەرەبی	د.ئەلبێرت عیسا	
٥٢٠- کورد لە سوریا	کەریم یەڵدز	شاهۆ قادر خانزاد
٥٢١-نیتشە و پاش تازەگەری	د. محەمەد کەمال	
٥٢٢- سووکەڵەیی لە تاقەت بەدەری بوون	میلان کۆندێرا	عەتا نەهایی
٥٢٣- فەلسەفەی هیگڵ	د. محەمەد کەمال	
٥٢٤- عەتر	پاتریک سویسکیند	کەریم پەرەنگ
٥٢٥- مێتافیزیک	ئەریستۆ	د. محەمەد کەمال
٥٢٦-کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان (بەرگی سێهەم)	کەلیموڵڵا تەوەححودی	عەدنان بەرزنجی
٥٢٧-کاتیگۆرییەکان	ئەریستۆ	د.محەمەد کەمال
٥٢٨-خوێنەرەوەکە	بێرنارد شلینك	پێشەوا فەتاح

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٩

ناوی کتێب	نووسینی	وەرگێڕانی
٤٧٣-کامێرای چاوەکانم	عومەر عەلی ئەمین	
٤٧٤- وڵاتێکی نوێ لە دەرەوەی پەنجەرەکەمدا	تیۆدۆر کەلیفەتیدس	بەیان ناسیح
٤٧٥-کەرکوك بەرەو دوارۆژێکی نادیار	د.نوری تاڵەبانی	
٤٧٦-خوێندنەوەی چەند شاکارێکی جیهانی	چنوور نامیق حەسەن	
٤٧٧-سڵاو لە کێ بکەم؟	کۆمەڵێ نووسەر	مەجید عەزیزی
٤٧٨-مشتومڕ لەگەڵ مێژوودا	هاری کریسلەر	عەزیز رەئووف
٤٧٩-فەلسەفە لە مێژوودا	ئانفین ستیگن	فەروخ نێعمەتپوور
٤٨٠-ماناو دەلالەتە شاراوەکانی دەق	دانا عەسکەر	
٤٨١-بیرەوەرییەکانی مارشاڵ ژۆکۆف	مارشاڵ ژۆکۆف	شێخ عەلی شێخ محەمەد بەنا
٤٨٢- خۆشی پیشەی من نییە	محەمەد ئەلماغوت	حسێن لەتیف کارزان عەلی
٤٨٣-پەیوەندی	ئۆشۆ	محەمەد ئەحمەد
٤٨٤- تەون	شێرکۆ بێکەس	
٤٨٥-بۆ سیاسەت، بە سیاسەت	د.محەمەد سەبیلا	هەڵکەوت عبدوڵلا
٤٨٦-سەرهەڵدانی ڕۆمانی ئینگلیزی	ئەیان وات	ڕەووف بێگەرد
٤٨٧-کۆماری ئەفلاتون	ئەفلاتون	د.محەمەد کەمال
٤٨٨-بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا	هاوژین صلیوە عیسا	
٤٨٩-ئیلیادە	هۆمیرۆس	حەمە کەریم عارف

٤٩٠–ڕاپرسی چییە؟	فریتز شورن	مەجید ساڵح
٤٩١–ناودارانی میوزیکی جیهانی	زۆزك قەرەداغی	
٤٩٢–کورسی و بەها درامییەکان	ئەحمەد سالار	
٤٩٣– جۆناسانی ئەورەس	ڕیتچارد باخ	ئازاد بەرزنجی
٤٩٤–گەنجینەیەك لە داستان	کۆمەڵێ نووسەر	م. ئارام
٤٩٥–مرۆڤ بە چی دەژی؟	تۆلستۆی	ئاوات عەبدوڵڵا بابان
٤٩٦–سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا	کۆمەڵێ نووسەر	شوان ئەحمەد
٤٩٧–وەرزەکانی بەرزەخ	کۆمەڵێ نووسەر	سەعید سلێمانی
٤٩٨–مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی	فاروق حەفید	
٤٩٩–مۆدێرنەکان	ڕامین جیهانبگلو	ئازاد بەرزنجی
٥٠٠– ژیان کورتە	یۆستین گۆردەر	ڕێبوار سیوەیلی
٥٠١– ڕێبازی سەرۆکەکانی ئەمریکا	سەردار عەزیز	سەردار محەمەد
	سەلیم حوسنی	
٥٠٢– زایەڵەی شێخێکی دیکەی ڕاپەڕیو		حەکیم مەلا ساڵح
٥٠٣–ئینسایکلۆپیدیای گشتی	یاسین سابیر ساڵح	
٥٠٤–پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی	سەلاح ڕەووف	
٥٠٥– پەندی پێشینان و هەندێ زاراوەی کوردی و ئینگلیزی	شەوکەت مەلائیسماعیل حەسەن	
٥٠٦– پەپوولەکان	کاکەی فەلاح	
٥٠٧– بەرەو کەناری شپرزەیی	ڕەووف بێگەرد	
٥٠٨–نواندن لە سینەمادا	ماری ئالن ئۆبراین	عەلی کەریم
٥٠٩–پیرەمێرد و زەریا	ئێرنست هێمنگوای	شێرکۆ بێکەس
٥١٠–عەشقی سەر شۆستە	مستەفا مەستور	جەبار سابیر
٥١١–پەردە _ چاو	ڕەزا عەلی پوور	
	شاهۆ مەحموودی	